# گوتاری ناسیونالیزمی کوردی

بەرگی دووەم

عەتا قەرەداخی

سلێمانی 2013

# پێشەكی

سەرەتا:

لە بەرگی یەكەمی ئەم كتێبەدا كە پێشتر كەوتە بەردیدەی خوێنەران لە بارەی گوتارو گوتاری ناسیونالیزمەوە دواین. هەروەك لەسەر ئەوە راوەستاین كە گوتار لە بوونی دەقێكی بارگاوی كراودا بە فیكرو مەعریفە پێناسە دەكرێت. بە گوێرەی گوتاری ناسیونالیزمیش دەبێ ئەو دەقە بە فیكرو مەعریفەی نەتەوەیی بارگاوی كرابێت. پاش پێناسەكردنی گوتارو گوتاری ناسیونالیزم لە بارەی گوتاری ناسیونالیزمی كوردیو پایەكانی ئەو گوتارەوە ئاخاوتنمان كردووە. دوای ئەوەش باسمان لە سەرەتای دەركەوتنی هەستو هوشیاری نەتەوەیی كوردی سەرهەڵدانی گوتاری ناسیونالیزمی كوردیو خاڵە لاوازەكانی ئەو گوتارە كردووە. دواتر لە بارەی گوتاری میرنشینو گوتاری تەسەوفو گوتاری راپەڕینو بزووتنەوەكانی كوردەوە دواوین تا درووستبوونی كۆماری كوردستان لە مهاباد. كە بەگشتی لەو رووەوە شیكاری گوتاری كوردیمان كردووەو لەوەش دواوین كە تا چ ئاستێك گوتاری ناسیونالیزمی كوردی وەكو گوتارێكی خاوەن شووناس فۆرمەلە بووە. هەروەك بە وردی لەوە دواوین كە هەر لەسەرەتاوە تا ئەو قۆناغەی كە ئەو بەرگەی كتێبەكە گرتویەتیەوە گوتاری ناسیونالیزمی كوردی نەبووەتە گوتارێكی ئەوتۆ كە بە گوتاری ناسیونالیزمی خاوەن شووناس ناوببرێت ئەویش لەسەر ئەو بنەمایەی كە گوتاری ناوسیونالیزم كاتێك دەبێتە گوتارێكی خاوەن شووناس كە بارگاوی كرابێت بە توخمو رەگەزەكانی پرۆژەی دەوڵەت.

لەم بەرگەی کتێبەکەدا کە بەرگی دووەمە لە بارەی گوتاری حیزبو ڕێکخراوو بزووتنەوەکانی کوردەوە ئاخاوتن کراوە ئەویش لە بزووتنەوەکانی بارزانی سالآنی سیو چلەکانی سەدەی رابردووەوە تا قۆناغی راپەڕین لە باشووری کوردستاندا. بە ئومێدی ئەوەی لە بەرگی سێیەمی ئەم کتێبەدا لە بارەی گوتاری کەسایەتیو رەمزو سیمبڵە دیارەکانی نێو مێژووی کورد بدوێین بە تایبەتی لە رووی شوێنو پێگەیانەوە لە مێژووی ناسیونالیزمی کوردیدا.

دیارە ناسیونالیزم وەکو بەرنامەو ئایدیۆلۆجیای بزووتنەوەیەکی کۆمەلآیەتی جەماوەریی پەیوەندییەکی پتەوو بەهێزی هەیە بە سرووشتی پێکهاتەی کۆمەڵگەو ئاستی پەرەسەندنو بەرهەمهێنان لە لایەكو لەلایەکی تریشەوە بۆ نەتەوەیەکی وەکو کورد باسکردن لە چەمکێکی تر لە ناسیونالیزم دێتە ئاراوە ئەویش ناسیونالیزمی دژە داگیرکەرە کە مەبەست لەمەش ئەو ناسیونالیزمەیە کە ئەرکی یەکەمی خەباتی رزگاری نیشتیمانییە کە ئەمەش جیاوازە لە ناسیونالیزمی ئەو نەتەوانەی کە خاوەنی سەروەری خۆیانن و ئەرکی ناسیونالیزم لەو کۆمەڵگەیانەدا بیناکردنی دەوڵەتی نەتەوەیەو ئەرکی ئەو دەوڵەتەش بیناکردنی نەتەوەیە لە کاتێکدا لە کۆمەڵگەی کوردیو هاوشێوەکانیدا ئەرکەکە دوو قۆناغە یەکەمیان رزگارکردنی نیشتیمانو دووەمیشیان درووستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیە.

وەك ئاشکرایە سەرباری ئەوەی کە ناسیونالیزم وەکو تێزێکی فەلسەفی سەیر ناکرێتو باسی ئەوەش دەکرێت کە بیرمەندو فەیلەسوفی تایبەت بەو بابەتە نییە، بەلآم دوو جۆر تێڕوانین سەبارەت بە ناسیونالیزم هەیە. پێش ئەوەی لەبارەی ئەو دوو تێڕوانینە جیاوازەوە بۆ ناسیونالیزم بدوێین، ئەو پرسیارە سەر هەڵدەدات کە دەپرسێت: ناسیونالیزم چییە؟ لە راستیدا چەندین پێناسە بۆ ئەم چەمکە هەیە، بەلآم بە گشتی پێناسەکان لێکتر نزیکن. بۆ نموونە ئەم پێناسانە لێرەدا دەخەینە روو: ناسیونالیزم بریتییە لە دڵسۆزیو خۆتەرخان کردن بۆ نەتەوە یان نیشتیمان. یان ناسیونالیزم بریتییە: لە هەستی هاوبەشی شووناسو دڵسۆزی کە پشت دەبەستێت بە کەلتوورو دابونەریتی گشتی و مێژوو، هەروەك بنەمای ئایینی گشتیو دڵسۆزی ناوچەییشی تێدایە. یان ناسیونالیزم بریتییە لە چەمكێك کە لە سەدەی نۆزدەیەمدا لە نێو ئەو گەلانەدا سەری هەڵدا کە هوشیارییان پەیدا کرد

سەبارەت بە شووناسی نەتەوەیی خۆیان، بە بێ ئەوەی دەوڵەتی نەتەوەییشیان هەبێت. یان ناسیونالیزم ئەو ئامرازە یان هۆکارە ئایدیۆلۆجیەیە کە بەهۆیەوە هاووڵاتیانو دەوڵەتی نەتەوە دەگەنە ئاستی دڵسۆزیی گشتی لەگەڵ پەیوەستبوونو یەکخستندا. یان ناسیونالیزم بریتییە لە سیستێمێکی بڕوا ( سیستێمێکی فیکری )، یان عەقیدەیەك یان ئایدیۆلۆجیای سیاسی کە پێکەوەبەستنێکی بەهێزی دەستەیەك لە تاکەکەس لەگەڵ نەتەوەدا فەراهەم دەکات. ئەگەر سەیری کۆی ئەم پێناسانە بکەین لەوەدا کۆدەبنەوە کە بریتیە لە پەیوەستبوونو دڵسۆزیو خۆشەویستیو خۆتەرخان کردن بۆ نەتەوەو نیشتیمان.

ئێستا پرسیار ئەوەیە ئایا ئەم هەستو دڵسۆزیو خۆشەویستیە بۆ نەتەوەو نیشتیمان شتێکی خۆڕسکیەو لەگەڵ بوونی مرۆڤدا هەیە، یان بەرهەمی قۆناغێکی دیاریکراوە لە ژیانی مرۆڤ یان کۆمەڵگە؟ پێشتر ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد کە دوو تێڕوانینی سەرەکی بۆ سەرهەڵدانو دەرکەوتنی ناسیونالیزم یان بۆ رەگو ریشەو بنەمای ناسیونالیزم هەیە. یەکەمیان تێڕوانینی پێش مۆدێرنێتەیە، دووەمیان تێڕوانینی پاش مۆدێرنێتەیە. ئاراستە بۆچوونی بڕوابوو بە بوونی ناسیونالیزم لە پێش مۆدێرنێتەدا وەها باسی ناسیونالیزم دەکات کە بریتی بێت لە رەنگدانەوەی پەرەسەندنی کۆنو زانراوو پەی پێبراوی مرۆڤایەتی کە لەو پرۆسەیەدا دەستەو گروپە جیاوازەکان پێکهاتوون کە ئەویش وەستاوەتە سەر رەچەڵەكو ئەو سەرچاوەی لە لەدایکبوونەی لێوەی هاتوون. ئەم تێڕوانینینە زیاتر بەندە لەسەر ئەسڵی جۆرەکان وەکو ئەوەی لە تیۆری پەرەسەندنی داروینداا سەبارەت بە زیندەوەران هاتووە. هەروەك لە رووی کۆمەڵناسیشەوە پەیوەست دەبێتەوە بە تێڕوانینی ئیبن خەلدوونەوە بۆ رۆڵی رەچەڵەك یان خوێنو دەمار لە درووستبوونی دامەزراوەو گروپە داخراوەکانی وەکو خێزان و خێڵو عەشیرەتدا. ئەم تێڕوانینە وەها سەیری مرۆڤ دەکات کە بە سرووشتی مرۆڤ بوویەکی ناسیونالیستەو ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە لە مێژووی زانراوی مرۆڤدا دەستەو گروپو پێکهاتە جیاوازەکان هەریەکەیان جۆرێك لە یەکێتیو یەکبوونیان هەبووەو لە بەرامبەر ئەوانی تردا وەکو یەکەیەکی یەکگرتوو دەرکەوتوونو ئەم پێکهاتانە پارێزگارییان لە یەکتر کردووەو هەستو دابونەریتو بەرژەوەندیو زمانو فەرهەنگو زۆربەی کات بیروڕای ئایینی و مێژوویی هاوبەشیشیان

هەبووە لە فۆرمەلە کردنیدا. ئەم ئاراستە تێڕوانینە ئەو یەکێتیو یەکبوونەی لە هەریەك لەم پێکهاتانەدا هەبووە وەکو جۆرێك لە ناسیونالیزم سەیر دەکات.

ئەم جۆرە بۆچوونە لە مێژووی کوردیشدا بە ئاشکرا دیار بووە چونکە کوردیش وەکو پێکهاتەیەکی ئیتنیکی دێرین لە مێژە ئەو جۆرە یەکێتییە ناوخۆییەی هەبووەو بەوەش لەوانی تر خۆی جیاکردۆتەوە کە ئەو خۆجیاکردنەوەیەش وەکو جۆرێك لە شووناس پێدان یان شووناس بەدەستهێنان دەردەکەوێت کە ئەوەش لە بنەماو خاسێتەکانی ناسیونالیزم دادەنرێت. تەنات لە مێژووی نوێو نووسراوی کوردیشدا باسی قۆناغێك لە ناسیونالیزمی کوردی دەکرێت کە ئەو قۆناغە مێژووییە نەك بۆ کوردستان بەڵکو بۆ هەموو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی قۆناغی پێش دەرکەوتنی ناسیونالیزمە بە چەمکی نوێو لەو روانگەیەوە کە ناسیونالیزم بەرهەمی مۆدێرنێتەیە. بۆ نموونە باسی ناسیونالیزم لە بەرهەمی شیعری ئەحمەدی خانیدا دەکرێت کە دەکەوێتە سەدەی حەڤدەهەمەوە، لە کاتێکدا باس لەوە دەکرێت کە ناسیونالیزم بەرهەمی سەدەی نۆزدەهەمە. یان باسی ناسیونالیزمی کوردی بۆ سەردەمی میرنشینەکان دەکرێت بە تایبەتی میرنشینی سۆرانو ئەردەڵانو بابان کە بە گوێرەی کوردستان لەو قۆناغەدا ئەو بنەمایانەی مۆدێرنێتە بوونیان نەبووە کە ناسیونالیزم بەرهەم دەهێنن، بۆیە لێرەوە سەرچاوەی قسەکردن لەسەر بوونی ناسیونالیزم لەو قۆناغەدا بەرهەمی ئەو لێکدانەوەیە کە ناسیونالیزم بە بەرهەمی پەرەسەندنی بایۆلۆجیانەی مرۆڤ دەزانێت کە لە تیۆری پەرەسەندنی ئەسڵی جۆرەکانی داروینەوە هاتووە.

روانینی دووەم بۆ ناسیونالیزم ئەو روانینەیە کە ناسیوانلیزم پەیوەست دەکات بە مۆدێرنێتەوەو وەها لە ناسیونالیزم دەڕوانێت کە دیاردەیەکی نوێیە پێویستی بە چەند مەرجێکی بنیادی هەیە بۆ دەرکەوتنو بوونی کە ئەوانیش بە گشتی ئەو مەرجو بنەمایانەن کە دەبنە هۆی بوونی کۆمەڵگەی مۆدێرن. دیارە لێرەدا دەشێ پرسیاری ئەوە بکرێت کە مەبەست لە کۆمەڵگەی مۆدێرن چییە؟ کۆمەڵگەی مۆدێرن مەبەست لەو کۆمەڵگەیەیە کە ئابوورییەکی پیشەسازی پەرەسەندووی هەبێت بە جۆرێك کە توانای پڕکردنەوەی هەموو پێداویستییەکانی کۆمەڵگەی هەبێتو دەسەڵاتو توانایەکی ناوەندی

وەها بەرز بەرهەم بهێنێت کە توانای پارێزگاریکردنی لە دەسەلاتو یەکێتیو یەکبوونی کۆمەلگەکە هەبێتو بازاڕی هاوبەشی ناوخۆو زمانێکی گشتی یان ستاندەر پێکبهێنێت کە کۆی نەتەوە سەرباری جیاوازییە ناوچەییەکان بکاتە بەکارهێنەری ئەو بازاڕە هاوبەشە ناوخۆییەو ئەو زمانەی کە بە زمانی ستاندەری نەتەوە پێناسە دەکرێت. لەم قۆناغەدا چینی بۆرژوای سەرمایەدار یان بۆرژوای نیشتیمانی پێکدێتو لەم بارەشدا ئابووری لە ولاتدا کۆدەبێـەوەو دەبێتە ئابووری نەتەوە یان کۆمەلگە. لە پێکهاتنی زەمینەیەکی لەم جۆرەشدا ئابووری رۆلی راستەقینەی خۆی وەکو بزوێنەری مێژوو دەبینێت بۆ ئاراستە کردنی کۆمەلگە بەرەو ئایندە، کە ناسیونالیزم وەکو ئایدیۆلۆجیا رۆحی رێکخستنو ئامادەکردنی ئەو بزاوتە بەرەو پێکهێنانی دەولەتی نەتەوەیی. ئەم قۆناغەش بە بۆچوونی مارکس ئەو قۆناغەیە کە تیایدا شۆڕشی بۆرژوازیو شۆڕشی ئابووری پیشەسازی دەکرێت. لێرەوە دەولەتی نەتەوەیی پێکدێت کە خالی سەرەکی لە گوتاری ناسیونالیزمدا پێکهێنانی ئەو دەولەتەیە. ئەم شێوازە کە لە سەدەی نۆزدەوە دەست پێدەکات خاسێتی دیاری ئەو جۆرە کۆمەلگەیانە بووە کە پەرەسەندنێکی ئاساییان هەبووەو بەر پرۆسەی کۆلۆنیالیکردنو دابەشکردن نەکەوتوون. یان لەوەش زیاتر دووچاری لەبەررۆیشتنی ئابووری نەبوونو ئابوورییەکەیان لە چوارچێوەی دەسەلاتو لە سنووری جوگرافیای خۆیاندا ماوەتەوە.

لەسەروە ئاماژەمان بۆ ناسیونالیزمی دژە کۆلۆنیالیزم کرد کە ئەمەش ئەو ولاتانە دەگرێتەوە کە لە لایەن دەولەتانی کۆلۆنیالییەوە داگیر کراون. دیارە ئەوە ئاشکرایە دوو قۆناغ لە داگیرکردن هەیە. یەکەمیان ئەو جۆرە داگیرکردنەیە کە دەولەتانی ئیمپراتۆر یان دەولەتە فرە ئیتنیکەکان پێکهاتە ئیتنیکیو نەتەوەییە جیاوازەکانیان خستۆتە ژێر سایەی دەسەلاتی خۆیانەوەو ئەم ئیمپرالتۆرێتانە لەیەك کاتدا خۆیان وەکو دەولەتی فرە ئیتنیکی نمایش کردووە یان بە شێوەیەکی تر خۆیان بە دەولەتی هەمووان زانیووە، هەرچەندە زۆربەی کات ئەم ئیمپرتۆرێتانەش ناوێکیان هەلگرتووە کە گوزارشتی لە ئیتنیکێکی تایبەتی کردووە وەکو بابلی ، ئەکەدی، ئاشووری، میدی، ئەخمینی، ساسانی، گریکی، رۆمی، قەیسەری.. تەنانەت ئیسلامی ، ئەمەوی، عەباسی، سەفەوی، عوسمانی، قاجاری... هەریەکە

لەم دەوڵەتانە، دەوڵەتی زیاتر لە ئیتنیکێك بوون، هەرچەندە تەسەوری ئەوە ناکرێت کە بە یەکسانی مامەڵە لەگەڵ ئیتنیکی خاوەن دەسەڵاتو ئەوانی تردا وەکو یەك کرابێت. بەهەرحاڵ لە رووی زانستییەوە ناتوانرێت ئیتنیکانی جیاوازی ژێر سایەی دەسەڵاتی ئەو ئیمپراتۆرێتانە وەکو ئەوەی لەسەردەمی کۆلۆنیالیزمدا هەبووە بە ئیتنیك یان نەتەوەی کۆلۆنی کراو سەیر بکرێن. لێرەشەوە ئەوە ئاشکرا دەبێت کە ئەو روانینەی بۆ ناسیونالیزم کە ناسیونالیزم دەبەستێتەوە بە پەرەسەندنی بایۆلۆجیانەی مرۆڤەوە بەوەی کە لە قۆناغێکی پەرەسەندندا دەگاتە ئەو ئاستەی کە پەیوەستبوونە خزمایەتیو بایۆلۆجییەکان دەبنە بنەمای پێکەوەبەستنی ئەندامانی دەستە یان گروپێکی ئیتنیکیو ئەوەش دەبێتە بنەمای گرنگ بۆ پێکهێنانی ناسنامەی نەتەوەیی، روانینێکی تا ئەندازەیەك رۆمانسیانەیە، یان بە لایەنی کەمەوە روانینێکە لە سنووری غەریزە تێپەڕ ناکات، هەر بۆیە ناتوانێت بە جۆرێك خۆی رێکبخات کە جیابوونەوەی خۆی لە ئیتنیکی دەسەڵاتدار رابگەیەنێت. بۆیە لێرەوە دەشێ وەها لێکبدرێتەوە کە روانینی لەم جۆرە بۆ مەسەلەی ناسیونالیزمو شووناس بنەمایەکی مادی بەهێزی نییە.

بەلاّم ناسیونالیزمی دژە کۆلۆنیالیزم روویەکی تری هەیەو لە مێژووی دوو سەدەی رابردووشدا رووبەرێکی فراوانی داگیرکردووە. بە تایبەتی لە هەردوو کیشوەری ئاسیاو ئەفەریقادا کە لەگەڵ دەرکەوتنی کۆلۆنیالیزمدا بەر پرۆسەی سەختی کۆلۆنی کردن کەوتوون. ئەمیش دەبێتە دوو جۆر. جۆری یەکەمی ناسیونالیزمی دژە کۆلۆنیالیزم ئەو ناسیونالیزمەیە کە بەرامبەر بە کۆلۆنیالیزمی دەرەوە یان رۆژئاوا پێکهاتووەو ئامانجی سەرەکی رزگارکردنی ولاّت بووە لە چنگی داگیرکەرانی رۆژئاوا یان دەوڵەتانی دەرەکی بەهێز. جۆری دووەمی ناسیونالیزمی دژە کۆلۆنیالیزم ئەو ناسیونالیزمەیە کە وڵاتەکانیان بە یارمەتی یان بە بڕیاری دەوڵەتانی کۆلۆنیالیزمی رۆژئاوا لە لایەن دەوڵەتانی ناوچەکەوە داگیرکراوە کە ئەم ناسیونالیزمە دەشێ بە ناسیونالیزمی نەتەوەی بێ دەوڵەت ناوببرێت کە ئەرکەکەی لە یەك کاتدا خەباتی رزگاری نیشتیمانیو درووستکردنی دەوڵەتە کە ناسیونالیزمی کوردی لەم جۆرەیانە.

ئەوە ئاشکرایە لەو وڵاتانەدا کە راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە لایەن کۆلۆنیالیزمی ڕۆژئاواوە کۆلۆنی کراون، ناسیونالیزم بە شێوە سرووشتییەکەی پێنەگەیشتووەو نەبووەتە خاوەنی گوتاری خۆی. هۆکەشی ئەوەیە کە ئەم وڵاتانە لە ژێر سایەی کۆلۆنیالیزمی ڕۆژئاواداو بە کاریگەری بوونی سامانی زۆر تیایاندا بە تایبەتی نەوتو مادە خاوەکانی تر بەبێ ئەوەی زەمینەی ئابووریو کۆمەڵایەتی رەخسابێت کراونەتە بازاڕ بۆ بەرهەمی ئابووری پیشەسازی وڵاتانی کۆلۆنیالیزم. لە بارێکی وەهاشدا ناهاوتاییەك لە نێوان ئاستی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیو پەرەسەندنی ئابووریدا درووست بووەو ئەم وڵاتانە بە بێ بوونی بنەمای عەقڵی لەبارو بەبێ بوونی عەقڵی بەڕێوەبردنی گونجاو بۆ بەرهەمەکانی پیشەسازیو تەکنۆلۆجیا بوونەتە بازاڕی ئەو بەرهەمانەو لە بارێکی وەهاشدا بەبێ پێگەیشتنی چینی بۆرژوای پیشەسازیو عەقڵو کەلتووری ئەو چینە کۆمەڵایەتیە نوخبەیەك لە سیاسی دەرکەوتووە کە زیاتر بە پشتگیری دەوڵەتی کۆلۆنیالیزم چوونەتە لوتکەی هەرەمی سیاسیو ئیداری وڵاتەوە. لە بارێکی وەهاشدا چینی بۆرژوای نیشتیمانی غائیب بووەو ئەم نوخبەیە نەیتوانیووە ببێت بە بەدیلی ئەو چینە کۆمەڵایەتیەو ئەرکە دیموکراتییەکانی جێبەجێ بکات بە تایبەتی کاتێك کە دەوڵەتی کۆلۆنیال ناچار بووە ئەو وڵاتە بەجێبهێڵێت. تەنانەت زۆرجار وڵات بووەتە دامەزراوەیەکی بەکاربەری بەرهەمەکانی دەوڵەتە پیشەسازییە کۆلۆنیالیستەکان. نوخبەی فەرمانڕەوایش لەبەر ئەوەی پێگەیەکی لاوازی هەبووە، بۆ پاراستنی خۆی، لەبری ئەوەی ئەرکە دیموکراسیەکان جێبەجێ بکات، بووەتە نوخبەیەکی فەرمانڕەوای تووندو تیژو زیاتریش وەکو نوخبەیەکی ناسیونالیستی شۆڤێنیست دەرکەوتووە. بە تایبەتیش زۆرجار لاوازی پێگەی ئەو نوخبە مەدەنیە ناسیونالیستە تووندڕەوە لەم وڵاتانەدا بووەتە پاڵنەرو ڕێگاخۆشکەر بۆ ئەوەی کە نوخبەیەکی تر لە ئەفسەرانی سووپا لە ڕێگای کودەتای سەربازییەوە لەم وڵاتانەدا کە هێشتا بەتەواوەتی لە دەستی کۆلۆنیالیزم رزگاریان نەبووە بێنە سەر کورسی فەرماڕوایی‌و خۆیان وەکو نوێنەری گەلو نیشتیمان پێشکەش بکەن. یان هەندێجار گروپێك بە ناوی حیزبو ڕێکخراوی نەتەوەییو نیشتیمانییەوە لە ڕێگای کودەتاوە لەم وڵاتانەدا هاتوونەتە سەر کورسی فەرمانو خۆیان وەکو نوێنەری ناسیونالیزمی ئەو وڵاتە یان نەتەوەیە

پێشکەش کردووە. ئەم حاڵەتانەش لە زۆرینەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕستدا ڕوویانداوە. لەم وڵاتانەشدا ئەوانەیان کە زیاتر لە ئیتنیکێکیان تێدا بووە، نوخبەی باڵادەست سەرئەنجام جڵەوی فەرمانڕەوایی گرتۆتە دەست، هەرچەندە لە جەنگی دژی دەوڵەتی کۆڵۆنیالیستدا هەموو پێکهاتەکانی وڵات هاوخەبات بوون. واتە ئەگەر ئەو ڕاپەڕینەیان وەکو شۆڕشی ڕزگاری نیشتیمانی سەیر بکرێت ئەوا بێجگە لەو ئیتنیکەی کە دەوڵەتی کۆڵۆنیالیست، دەوڵەتی ئەڵقە لە گوێی خۆی لەوان درووستکردووە، ئیتنیکەکانی تر کەوتوونەتە دەرەوەی دەسەڵاتو لە سەردەمی دەسەڵاتی هاوبەشی کۆڵۆنیالیستو دەوڵەتی درووستکراوی دەستی ئەودا، ئیتنیکەکانی دەرەوەی دەسەڵات دووجار چەوسێندراونەتەوە. جارێك لەلایەن دەسەڵاتی کۆڵۆنیالیستەوە، جارێکیش لەلایەن دەسەڵاتی نەتەوەی سەردەستەوە دەچەوسێنرێنەوە. لەراستیدا دەسەڵاتی نەتەوەی سەردەست کە هێشتا وڵات ڕزگاری نەبووە، هەمان سیاسەتەکانی کۆڵۆنیالیست بەسەر ئیتنیکەکانی غەیری خۆیدا جێبەجێ دەکات. لەم بارەدا دەوڵەتی نەتەوەی سەردەست لەبەر پێنەگەیشتنی ناسیونالیزمی نەتەوەی سەردەستو لە هەمان کاتدا بە هۆی لاوازی ئەو نوخبەی کە فەرمانڕەوایی وڵاتیان کەوتۆتە دەستو بوونەتە خاوەنی بەرهەمەکانی تەکنۆلۆجیای پێشکەوتوو، لە ئەنجامی بوون بە بازاڕی وڵاتەکەیان بۆ ئەو بەرهەمانەی مۆدێرنێتە بەبێ پێگەیشتنی عەقڵی ئەو قۆناغەو، لە ترسی لە ناوچوون لەگەڵ هاتنیاندا ئەو نوخبە ناسیونالیستە سیاسیە بوونەتە ناشیرینترین نموونەی دەسەڵاتی شۆڤێنی لەبەرامبەر نەتەوەو پێکهاتەکانی بندەستیانداو تەنانەت نەیانتوانیووە ئازادیو دیموکراسیو ماف بۆ ئیتنیکەکەی خۆیشیان دەستەبەر بکەن. سەرئەنجام لەبری بەکارهێنانی بەرهەمەکانی ئابووری پیشەسازی یان بەرهەمەکانی مۆدێرنێتە لە پێناوی ئاسوودەی و جوانکردنی ژیانی هاووڵاتیاندا چ هاووڵاتیانی هاورەگەزی خۆیان یان هاووڵاتیانی ئەو نەتەوە یان ئیتنیکانەی کە جیاوازن، ئەمان لە بەرهەمەکانی مۆدێرنێتە چەكو تەکنۆلۆجیای جەنگیان لە هەموو شتێکی تر زیاتر هێناوەتە وڵاتەکانیانەوەو ئەوەشیان بۆ سەرکوت کردنی هاووڵاتیانی وڵاتەکەی خۆیان بەکارهێناوە، بە تایبەتی هاووڵاتیانی ئەو پێکهاتە ئیتنیکیانەی کە لە

ڕەگەزی خۆیان نەبوون‌و بە دوای ماف‌و ئازادییەکانی خۆیانەوە بوون. نموونەی ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە سەلمێنەری ئەم بۆچوونەن.

جۆرێکی تر لە ناسیونالیزم بریتیە لە ناسیونالیزمی ئەو نەتەوانەی کە دەوڵەتیان نییە یان کراونەتە ژێردەستەی دەوڵەتێکی کۆلۆنی کراو. کە کورد دیارترین نموونەی ئەو نەتەوانەیە. لە راستیدا ئەگەر لە روانگەی مۆدێرنێتەوە سەیر بکەین ئەوە ناتوانین کورد وەکو نەتەوە باس بکەین مادەم دەوڵەتی نییە چونکە لەو روانگەیەوە دەوڵەت نەتەوە درووست دەکات. بەلاَم بە پشتبەستن بەو بۆچوونەی ئەنتۆنی سمیس سەبارەت بە کوردو باسك‌و تامیل کە دەڵێت ئەم سێ پێکهاتەیە بەبێ ئەوەی دەوڵەتی تایبەتی خۆیانیان هەبێت شووناسی ئاشکرای نەتەوەیی خۆیانیان پێکهێناوە. ( ئەنتۆنیۆ سمیس، جۆلیا کریستیڤا: شووناسی نەتەوەیی، نەتەوە بێناسیونالیزمەکان). بەلاَم ئەوە ئاشکرایە کە بارودۆخی کوردو باسك‌و تامیل جیاوازە لە بارودۆخی ئەو پێکهاتە ئیتنیکیانەی تر کە دەوڵەتیان نییەو تەنانەت نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستەی کە شووناسی نەتەوەیی پێکبهێنن. بە گوێرەی نەتەوەیەکی وەکو کورد کە پێکهاتەکەی دابەشکراوەو لەو رووەشەوە هەوڵی شکاندنی پێکهاتە ئیتنیکییەکەی دراوە، ئەمە جگە لەوەی کە لە دابەشکردن‌و کۆلۆنیالیکردنی وڵاتەکەی لە لایەن چەند دەوڵەتێکەوە کە بەشێکیان خۆیشیان کۆلۆنیکراو بوون‌و بەشێکی تریشیان کە تورکیایە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی بە بێئامادەبوونی ناسیونالیزم دەوڵەتێکی ناسیونالیستی تێدا درووستبوو لە رێگای تاکەکەسی ناسیونالیستەوە، ئەو دەوڵەتەش بە یەکێك لە دیارترین نموونەکانی دەوڵەتی ناسیونالیستی شۆڤێنی دادەنرێت کە هەموو هەوڵێکی داوە ئیتنیکی کوردی‌و ئەوانی تریش لە نێو ڕەگەزی تورکدا بتوێنیـەوە. لە عێراق‌و سووریادا کە دوو دەوڵەتی کۆلۆنیکراو بوون کە هەریەکەیان بەشێك لە کوردستانیان کۆلۆنی کردووە. وەك ئاشکراشە لە سەروبەندی کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمدا نوخبەی ناسیونالیست لەم وڵاتانەدا کەوتووەتە جوڵەو حیزبی ناسیونالیستی بەعسی درووست کردووەو پاشتریش ئەو حیزبە لە رێگای کودەتاوە لە هەردوو وڵاتدا هاتۆتە سەر کورسی دەسەلاَت کە دەسەلاَتی نوخبەی ناسیونالیست بووە لە غیابی ناسیونالیزمدا. ئەو نوخبە ناسیونالیستەش لە هەرلادوو وڵاتی عێراق‌و سووریا

جۆرە دەسەڵاتێکی پێکهێناوە کە زۆرینەی بەرهەمەکانی مۆدێرنێتەی سەربازی لە لایەن ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵاتەوە خراوەتە بەردەست ئەویش بە کاریگەری ئەو سامانە ئابوورییەی لە وڵاتەکاندا هەبووە. ئەم دەسەڵاتانەش لەبەر پێگەی لاوازی خۆیان ئەو تەکنۆلۆجیا سەربازییەیان بۆ پاراستنی خۆیان بەکارهێناوەو هەوڵی بەردەوامیان داوە بۆ سەرکوتکردنی هەموو نەیارەکانیان. لەو ڕووەشەوە ئەو نوخبە ناسیونالیستەی عەرەب هەموو هەوڵێکی خستۆتە گەڕ بۆلە ڕەگو ڕیشە هەڵکەندی ئیتنیکی کوردیو سڕینەوەس شووناسی نەتەوەیی کوردی. لە ئێرانیشدا کە هەرچەندە لە مێژوویەکی کۆنەوە بەردەوام دەوڵەت هەبووەو لە ڕابردووشدا ئەو دەوڵەتە خاسێتی دەوڵەتی فرە ئیتنیکی هەبووە، بەلام لەگەڵ دەرکەوتنی بنەماکانی ناسیونالیزمی فارسیدا کە ئەو نسیونالیزمەش بە ڕەگەزەکانی تەشەیوع بارگاوی کراوەو زیاتر بەهێزبووە، دیسان هەوڵی سڕینەوەی شووناسی کوردی داوە. دیارە لەم وڵاتانەدا کە کوردستانیان کردۆتە کۆلۆنییەکی نێودەوڵەتی، لە تورکیاو ئێران بارودۆخەکە تا ئەندازەیەك جیاواز بووە بە تایبەتی لەبەر ئەوەی ئەو دوو وڵاتە خۆیان کۆلۆنی نەکراون، هەتا خەباتی ڕزگاری نیشتیمانی بکەن بە دژی دەوڵەتی کۆلۆنیال. بە پێچەوانەی عێراقو سوریایەوە کە ئەم دوانەیان دوو دەوڵەتی کۆلۆنیکراو بوونو لە بارێکی وەهاشدا لە ئاستی یەکەمدا ناسیونالیزمی کوردی لەم دوو وڵاتانەدا وەکو بەشێك لە ناسیونالیزمی وڵات هاوشانی ناسیونالیزمی عەرەبی بووەتە بەشێك لە ناسیونالیزمی دژە کۆلۆنیالیزم کە ئەرکی ئەم ناسیونالیزمەش خەباتی ڕزگاری نیشتیمانییە واتە ڕزگارکردنی ئەو وڵاتەی کە ناوی عێراق یان سووریایەو بەزۆردارەکی کورد کراوەتە پاشکۆی ئەو وڵاتانە.

دیارە بەشداری کورد لە شۆڕشی بیستی عێراقو خەباتی شێخ مەحمودو زۆرێك لە خێڵو عەشیرەتەکانی کوردو تەنانەت نوخبەی خوێندەواری کوردیش لەژێر درووشمی خەبات لە دژی ئیمپریالیزمی داگیرکەر، کوردی لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە تاوەکو ڕوخاندنی ڕژێمی پاشایەتی وەکو بەشێك لە خەباتی گەلی عێراق دژی داگیرکەرو ئەڵقە لە گوێکانی نیشانداوە. لە سەرەوەختی گەیشتنی بیرو ئایدیای چەپیش بە عێراق، زیاتر لایەنگریی بۆ ئەو بۆچوونە کراوەو هەوڵێك لە ئارادا بووە بۆ ئەوەی ناسیونالیستی سادەو تازە

دەرکەوتووی کوردی لە نێو خەباتی عێراقیدا بە دژی داگیرکەری ئینگلیزو حکومەتی پاشایەتی ئاراستە بکرێت. بارودۆخەکە لە سووریاشدا تا ئەندازەیەکی ئاشکرا هەمان شێوە بووە. دیسان لە ئێرانیشدا سەرباری خۆجیاکردنەوەی ناسیونالیستی کوردی لە ناسیونالیستی ئێرانی لە کاتی جەنگی دووەمداو پێکهێنانی کۆماری کوردستان لە مهاباد، بەلاّم هێشتا مەیلێك بۆ خەباتی پان ئێرانیزمی هەبووە بە دژی ئیمپریالیزم کە وەکو دوژمنی گەلان پێناسە کراوە.

بەلاّم ئەوەش ئاشکرایە کە سەرباری کارکردنی ناسیونالیستی تازە دەرکەوتووی کورد شانبەشانی ناسیونالیستی نەتەوە سەردەستەکانی ئەو ولاّتانەی کە کوردستانیان داگیر کردبوو بە دژی ئیمپریالیستی داگیرکەر، ناسیونالیستی کورد خەباتێکی تریشی کردووە کە ئەویش خەبات بووە لە پێناوی مافەکانی کورددا. بۆ نموونە لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە بزووتنەوەی شێخ مەحمودی حەفیدو شێخ سەعیدی پیران‌و سمکۆی شەکاك‌و بزووتنەوەی بارزانییەکانی لە سالاّنی سی‌و چلەکانداو بزووتنەوەی سەید رەزای دەرسیم‌و بزووتنەوەی ژێکاف‌و درووستکردنی کۆماری کوردستان نموونەی دیاری ئەو خەباتەن کە دەشێ بە خەباتی ناسیونالیستی بێ دەوڵەتی دژە کۆلۆنیالیستی ناوچەیی ناوببرێت. کە ئەم جۆرە خەباتەش بە گوێرەی کورد خەباتی ناسیونالیستی کوردیە لە پێناوی رزگاری نیشتیمانیدا. ئەم ناسیونالیستەش زیاتر وەکو ناسیونالیستی ئاراستە چەپ یان نزیك لە چەپ خۆی نمایش کردووە. بە تایبەتی لەو رووەوە کە خەباتی کورد بە گشتی لە سەروبەندی جەنگی دووەمی جیهانی بە دواوەوە لە لایەك کاریگەری جەمسەری سۆڤێتی لەسەر بووە، لەلایەکی ترەوە، هێزی جوڵێنەری ئەو خەباتە جوتیاران‌و بۆرژوای بجووکی تازە دەرکەوتوو بووە لە نوخبەی خوێندەوار. لە راستیدا هەر ئەم ئاراستەیە لە بزووتنەوەی ناسیونالیستی کوردیدا بووەتە خاوەنی پێگەی فراوانی جەماوەریی. تەنانەت باڵی راست لە ناسیونالیستی کوردیدا لە رووبەرێکی تەسکدا ماوەتەوەو نەیتوانیووە رۆڵی دیارو لەبەرچاوی هەبێت‌و پێگەی جەماوەری فراوانی هەبێت.

لە کاتێکدا کە ئێمە باسی ناسیونالیزم دەکەین وەکو ئایدیۆلۆجیاو بەرنامەی بزووتنەوەیەکی کۆمەلاّیەتی جەماوەریی کە رابەرایەتی نەتەوە یان کۆمەڵگە

دەكات بەرەو بيناكردنی دەوڵەتی نەتەوەيی، دەبێ لە لايـەكی تريشـەوە ئاگاداری ئــەوە بــين كــە زاتــر لــە ئاســتی سرووشــتی خــۆی، چــڕكردنەوەی هەســتی ناسيوناليستانە دەگۆڕێت بۆ جۆرێك لە شۆڤينيزم يان رەيسيزم كە ئەوەش هەڵويستی دانانی رەگەز يان ئيتنيك يان نەتەوەی خۆيە لە پێش هەموو ئەوانی ترەوەو تەنانەت تا ئەندازەی داننەنان بە بوونو شووناسی ئەوانی تردا پەل دەهاوێت، كە ئەوەش لە لای ناسيوناليستی ئەو نەتەوانە زياتر دەركەوتووە كە تەنيا ناسيوناليست بوونی هەبووەو هەيە بە بێ بوونی ناسيوناليزم، يان لە لای ئەو نەتـەوەو ئيتنيكانـەی كـە ناسيوناليستی دژە كۆلۆنيـاليزم بـەبێ پێگەيشتنی ناسيوناليزم گەيشتووەتە كورسی دەسەڵات كە ئەوەش زياتر لە غيابی چينی ناوەنـدو ئـابووری پيشەسازی يـان ئـابووری سـەرمايەداريدا روويـداوە. واتـە لـەو وڵاتانەدا كە تەكنۆلۆجياو بەرهەمـەكانی مۆدێرنێتـە بازاڕەكانی داگيركـردون لـە نــەبوونی چــينی ناوەنــدو ناســيوناليزمدا كــە لــەبارێكی وەهاشــدا نوخبــەی ناسيوناليستی مەدەنی يان سەربازی بەهەر رێگايەك بێت گەيشتوونەتە كورسی دەسەڵات.

## بەشی یەکەم:

# گوتاری ڕاپەڕینی بارزانی ساڵی 1932-1936:

**سەرەتا:**

**دیـارە مێـژووی بنەماڵـەی بـارزان بەشـێکی ئامـادەو لەبەرچـاوە لـە مێـژووی هاوچەرخی کورددا. ئەگـەر زۆریـش نەگەڕێینـە دواوە بـۆ سـەرەتای دەرکـەوتنی ئەم بنەماڵەیەو تەنانەت بۆ سەردەمی شێخ عەبدولسەلامی یەکەم، ئـەوا جێگـای خۆیەتی ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کـە مێـژووی ئـەم بنەماڵەیـە لـە سـەردەمی شـێخ عەبدولسەلامی دووەمەوە کـە لـە سـاڵی 1914دا تورکـەکان لـە سـێدارەیان دا لـە پـای هەڵویسـتی شۆڕشـگێڕانەی و لەسـەر ئـەو داواکارییـە نەتەوەییانـەی کـە بەرامبەر بە تورکەکان بەرزی کردبووەوە، ئەوا دەبینین مێژوویەك ئامـادەبوونی هەیە لە روانگەی هەڵوێستی نەتەوەییـەوە مێژوویـەکی گـەش و پرشـنگدارە. لـە دوای شـێخ عەبدولسـەلامی دووەمـیش شـوێن و پێگـەی شـێخ ئەحمـەد دیـارو لـە بەرچـاوە. لـە سـاڵی 1927دا بـاس و خواسـی ئـەوە لـە لایـەن کاربەدەسـتانی بەغـداوە هاتـە ئـاراوە کـە گوایـە شـێخ ئەحمـەدی بـارزان دەسـتی داوەتـە کـاری بیدعەچێتی و دەڵێن: شـێخ ئەحمـەد ئیـدیعای خوایـەتی دەکـات(1) دواتـر شـێخ ئەحمەد لە ساڵی 1931دا چەند سەد چەکدارێك بۆ یارمەتیـدانی کوردەکـان لـە راپـەڕینی ئاراراتـدا دەنێرێـت. هەرچـەندە ئـەو کاتـە کۆمـەڵێك لـە خێـڵ و عەشیرەتەکانی دەورو بەری بـارزان لەوانـەش عەشـیرەتی رێکـانی و فـارس ئاغـای زێباری و شێخ رەشیدی لۆلان ئامادەیی خۆیان نیشان دەدەن بۆ هاوکـاری کردنـی حکومەتی عێراق بۆ هێرش کردنە سەر بارزان(2). مـەحمود دوڕە دەڵێـت: شـێخ ئەحمەدی بارزانی بە دژی حکومەتی عێراقی راپەڕی هاوکاتێ حکومەت لـە سـاڵی 1931دا هەوڵیـدا مەخفـەری پـۆلیس لـە ناوچـەی بـارزان دابمـەزرێنێت(3). بێگومان لە دوای هێرشی حکومەت بۆ سەرناوچەی بارزان و بەکارهێنانی هێـزی پیـادەو ئاسمـانی شـێخ ئەحمـەد ناچـار بـوو لـە ناوەڕاسـتی مـانگی حـوزەیرانی**

1932دا بپەڕێتــەوە بــۆ نــاو ســنووری تورکیــا. بەمــەش تــا ئەندازەیــەك ڕاپەڕینەکەی بۆ ماوەیەکی کورت کپ بووەوە، بـەڵام بـەزوویی خـەلیل خۆشـەوی کە لە لایەنگرە دڵسۆزەکانی بارزانی بـوو درێـژەی بـە دژایـەتی کردنـی حکومـەت داو نەیهێشـت حکومـەت لـە ناوچـەی بـارزان بحەوێتـەوە. ئەمـەش هـەتا سـاڵی 1935 بەردەوام بوو تا ئەو کاتەی کـە مـەلا مستەفای بـارزانی لەسـەر مەیـدانی ڕووداوەکان دەرکەوت. هەرچەندە لە ڕاپەڕینی شێخ ئەحمـەددا هـەردوو براکـەی واتە شێخ محەمەد سدیق و مەلا مستەفا دەوری لە بەرچاوییان هەبوو، بـەڵام لـە دوای هەڵهاتنی شێخ ئەحمەد بۆ تورکیا مـەلا مسـتەفا وەکـو سـەرۆکی عەشـیرەتی بارزان دەرکەوت و ئەرکی بەڕێوەبردنی عەشیرەتەکەی لـەو بارودۆخـە سـەختەدا کەوتە ئەستۆ کە لە لایەك حکومەتی عێراقی بـە چاوی نـەیارو دوژمـن سـەیری عەشیرەتی بارزانی دەکردو لە لایەکی تریشەوە خێڵ و عەشـیرەتەکانی دەوروبـەر لەگـەڵ عەشـیرەتی بارزانـدا نـاکۆك بـوون و تەنانـەت بـە ئاشـکراش هاوکـاری حکومــەتی عێراقیــان دەکــرد بــۆ لێــدانی عەشــیرەتی بــارزان. ئــەم بارودۆخــە ناهـەموارەش وایکردبـوو کـە ئـەرکی بـارزانی ئـەرکێکی سـووك نـەبێت. لـەو سـەروبەندەدا کـە حکومـەتی عێراقـی هـەموو هـەوڵێکی دەدا بـۆ ئـەوەی بنکـەو مەخفەرەکانی لە ناوچەی بارزاندا بەهێز بکات بە مەبەستی ڕێگا گرتن لـە هـەر ئەگەرێکی سەرهەڵدانەوەی ڕاپەڕین لە لایـەن بارزانییەکانـەوە. لـەو کاتـەدا مـەلا مستەفا توانی قایمقامی ڕەواندوز بکوژێت. حکومەت هێزێکی گـەورەی سـەربازی ناردە سەر بارزان و جارێکی تر داگیری کردەوە. مەلا مستەفا بۆ ماوەیـەك ناچـار پەنای بردە بەر چیاکان. دواترو لە ساڵی 1936دا لەگەڵ حکومەت ڕێـك کـەوتن کە واز لە ڕاپەڕین دەهێن بە دوو مەرج کە یەکەمیان گەڕانەوەیان بوو بۆ بارزان و دووەمیش ڕێگادان بەگەڕانـەوەی شـێخ ئەحمـەدو ئەوانـەی کـە لەگـەڵی بـوون،

بەلاَم مەلا مستەفاو شێخ ئەحمەدی برای لە دوای ئەوەی کە شێخ ئەمحەد لە لایەن تورکەکانەوە درایەوە دەستی حکومەتی عێراقی رەوانەی شاری ناسریە کران لە ژێر چاودێری توندی حکومەتدا بوون. پاشانیش گواسترانەوە بۆ سلێمانی و هەمان شێوەی پێشتری ناسریە لە ژێر چاودێریدا بوون تا ساڵی 1943 بارزانی لەوێ مایەوە تا ئەو کاتەی توانی بە یارمەتی شێخ لەتیفی شێخ مەحمود لە سلێمانیەوە رابکات و بە رێگای ئێراندا بگاتەوە بارزان. ئەوەی جێگای باسە ئەوەیە کە خەلیل خۆشەوی لە بەرگری کردنداو لە رووبەرووبوونەوەی هێزەکانی سوپای داگیر کەری ئەو کاتەی عێراقدا شەهید بوو.

ئێستا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات ئایا راپەرینی یەکەمی بارزان لە ساڵی 1932تاساڵی 1936 چ پەیوەندییەکی بە مەسەلەی نەتەوایەتی کوردییەوە هەبووە؟ یان بە شێوەیەکی تر ئایا دەتوانین بیسەلمێنین کە راپەرینی یەکەمی بارزان رەگ و ریشەی نەتەوایەتی هەبووە؟ ئەگەر ئەم راپەرینە رەگ و ریشەی نەتەوایەتی هەبووە، ئایا شوێنی ئەم راپەرینە پەیوەست بە گوتاری ناسیونالیزمی کوردی لە کوێدایە؟ ئایا دەشێ پەیوەستبوونی شێخ ئەحمەدی بارزان بە رێبازی نەقشبەندییەوە هیچ دەورێکی هەبوو بێت لە سەرهەڵدانی راپەرینەکەدا؟ ئایا گوتاری ئاسووریەکان و پەیوەندی ئاسوورییەکان بە شێخ ئەحمەدەوە هیچ دەورێکی هەبووە لە سەرهەڵدانی راپەرینەکەدا؟ ئایا ئەو قسانەی لە بارەی شێخ ئەحمەدەوە دەکرێت بەوەی کە گۆشتی بەرازی حەلاڵ کردبێت و ئیدیعای خوایەتی کردبێت هیچ دەورو رۆڵێکیان لە سەرهەڵدانی راپەرینەکەدا هەبووە؟ ئایا پەیوەندی خێلایەتی و عەشیرەتایەتی چ دەورێکی هەبووە لە راپەرینەکەدا؟ ئایا راپەرینەکە راپەرینێکی خێلایەتی بووە یان

راپـــەڕینێکی نەتـــەوەیی؟ ئایـــا ئـــەو بارودۆخـــە کۆمەڵایـــەتی و ئـــابووری و ڕۆشـنبیرییەی لـەو کاتـەدا هـەبووە لـەو ئاسـتەدا بـووە کـە زەمینـە بـۆ راپـەڕینی نەتەوەیی بسازێنێت؟ ئایا دەشێ تەسەوری ئەوە بکەین کە لـە چارەکی دووەمـی سەدەی بیستدا لە ناوچەیەکی گۆشەگیرو دوورە دەستی کوردستانی لکێنـدراو بـە عێراقەوە بزووتنەوەی نەتەوایەتی بگاتە ئەو ئاستەی کە شۆڕش بـەرپا بکات؟ ئەی ئەگەر بزووتنەوەیەکی لەو جۆرەو لە زەمینەیەکی وەهدا سەری هەڵدا بێت، ئایـــا پەیوەنـــدی راســـتەقینەو سروشـــتی ئـــەو راپەڕینـــە بـــە بزووتنـــەوەی ناسـیونالیزمی کوردیـەوە چییەو شـوێن و پێگـەی ئـەو راپەڕینـە لـە گوتـاری ناسیونالیزمی کوردیدا لە کوێدایە؟

بێگومان هەوڵدان بۆ وەڵامدانـەوەی ئـەم پرسیارانەی سـەرەوە روونـاکی دەخاتـە سەر گەوهەرو ماهیەتی راپەڕینی یەکەمی بارزان. دایڤد ماکدۆواڵ دەڵێت: شەڕی شـێخ ئەحمـەد بـریتی بـوو لـە نـاکۆی نێـوان خێـڵ و حکومـەت(4). هەنـدێ بۆچوونی لـەو جـۆرە هەیـە کـە حکومـەتی بـەریتانیا سـەرباری تێگەیشتنی لـە پەیوەنـدی ئـاڵۆزی خێڵایـەتی عێـراق بەگشتی و کوردسـتان بـە تایبـەتی هـەوڵی دەسـتکاری کردنـی ئـەو بنیـادە کۆمەڵایەتیـەی نـەداوەو هـەروەکو خـۆی بـەجێی هێشتووە، کە ئەوەش دواتر بۆ حکومەتی عێراقی مایەی ناسەقامگیری و گێرمەو کێشەی زۆر بووە. دێرك کینانە دەڵێت: پـێش گواسـتنەوەی دەسـەڵاتی تـەواوەتی لە بەریتانیەکانەوە بۆ دەستی عێراقیەکان، رژێمی نـوێی عێـراق دەسـتی کردبـوو بــە چەسـپاندنی ئامــادەبوونی خـۆی لــە کوردســتانی عێراقـدا. بەریتانیــەکان سیسـتەمی خێڵایـەتیان سـەرباری بـوونی چـەندین گرفـت لەگەڵیـدا وەکـو خـۆی بەجێهێشـتبوو، لـە بنەڕەتـدا نەشـێوێندرا. هەنـدێ لـە سـەرخێڵەکان بـۆ مـاوەی چەند ساڵێك باجیان نەدابوو، حکومەتی نوێی عێـراقییش ئێسـتا دەسـتی دابـووە

سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی. یەکێك لەو سەرخێڵانە شێخ ئەحمەدی بارزان بوو، کە دیسان کێشەی ئایینیشی هەبوو(5).لە بارەی هۆکاری سەرهەڵدانی راپەڕینی شێخ ئەحمەدی بارزانەوە ئیدمۆنز دەڵێت: هۆیەکانی راپەڕینی شێخ ئەحمەدی بارزانی هۆکاری سیاسین، بەڵام دەسەڵاتدارانی عێراق و ئینگلیز پەردە پۆشی ئەو رووداوو پرکێشەیە دەکەن(6). هەروەك لەو راپۆرتەی کە سجینگی موفەتیشی بەریتانی لە هەولێر لە 12ی شوباتی 1930دا بۆ راوێژکاری وەزارەتی ناوخۆی نووسیووە هاتووە: لە راستیدا من زۆر لە راستی دوور نەکەوتوومەتەوە کە بڵێم لیواکانی باکوور هەمان شێوەی لیواکانی باشوور لە هەموو ساڵێکدا زەمینەیەکی بە پیتن بۆ ئاژاوەگێڕەکان. شەڕی گەورە لەم رۆژانەدا لە بارزانەوە هەڕەشەمان لێدەکات(7). بێگومان ئەم راپۆرتە دوای ئەوە نووسراوە کە بڕیاری ئەوە دراوە جەمیل مەدفەعی کە ئەفسەرێکی کۆن و شۆڤێنییەکی عەرەبی دژ بەکورد بووە، بکرێت بە پارێزگاری موسڵ. دیارە پێشتر مەدفەعی دەوری نێگەتیفی بینیووە لە سەرکوت کردنی سەرۆك خێڵەکانی باشوورو ناوەڕاستی عێراقداو دەشێ بە هەمان مەبەستیش هێنرابێت بۆ موسڵ واتە بە ئومێدی ئەوەی سەرۆك خێڵ و شێخ و بەگەکانی کوردیش سەرکوت بکات. لە راپۆرتەکەدا هاتووە: دامەزراندی جەمیل مەدفەعی کە بە هەڵوێستە دوژمنکارییەکانی وەکو دژە کوردێك ناسراوە، لەوانەیە نیگەرانی ناوەندە کوردییەکانی هەولێر بووروژێنێت بە تایبەتیش ئەگەر فەرمانی دەسەڵاتکردنی بەسەر بارزاندا پێبدرێت(8). نادر ئینتیسار دەڵێت: ترووسکەیەکی تری بەرگری و ئۆپۆزسیۆن لە نێو سەرکردەکانی عەشیرەتی بارزاندا دەرکەوت و سەرئەنجام شێخ ئەحمەدی بارزانی بوو بە درووشم هەڵگرێکی تری نوێی ئۆتۆنۆمی کوردی(9). لازاریفیش بە ئاشکرا لەوە دەدوێت کە شێخ ئەحمەد لە راپەڕینی

ئاگری داخ و دواتریش بۆ پشگیری کوردەکانی تورکیا چەند جارێك چەكداری ناردووە ئەوەتا دەڵێت: شێخ ئەحمەد دووجار، هەر جارەی سەد جەنگاوەری نارد بۆ یارمەتیدانی کوردەکانی (تورکیا)(10).

ئەگەر بە وردی سەیری ئەم رستانە بکەین کە لەسەرەوە لە بارەی راپەڕینەکەی شێخ ئەحمەدی بارزانەوە هێنامانەوە، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە جیاوازی ئاشکرا هەیە لە بۆچوونی ئەو کەسانەدا کە لە بارەی ئەم راپەڕینەوە نووسیوویانە. هەندێکیان پێیان وایە بزووتنەوەیەکی نەتەوایەتی یان راپەڕینێکی نەتەوایەتی تەواو بووە. هەندێکی تریشیان وەکو کێشەی عەشیرەتێك و حکومەت سەیری دەکەن. هەندێکی تریشیان ئاماژە ئەوە دەکەن کە شێخ ئەحمەد پیاوێکی ئەوتۆ بووە کە وەکو تاکە کەس و بە پشتی هێزی عەشیرەتەکەی پیاوێکی توونەدو رەق بووەو لە بەردەمی دەسەڵاتدا نەچەمیووەتەوەو ئەمەو کێشەی ئاینییش پێکەوە بوونەتە بنەما بۆ ئەوەی کە پەیوەندی لەگەڵ خێڵ و عەشیرەتەکانی تردا لە بارێکی خراپدا بوو بێت و ئەوەش سەرئەنجام بوو بێتە مایەی یاخی بوونی ئەم شێخە لە دەسەڵاتی دەوڵەت و دەوڵەت نەیتوانیبێت بە ئاسانی دەسەڵاتی بەسەردا بکات. بۆ پاراستنی کەسێتی خۆیی و پێگەو پایەو شوێنی کۆمەڵایەتی و ئایینی و تەریقەت و خێڵایەتی و لەهەمان کاتدا ئەو ناوبانگە نەتەوایەتیەی کە لە شێخ عەبولسەلامی دووەمەوە دوای شەهیدکردنی بۆیان مابووەوە بپارێزێت. بەهەرحاڵ ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە ئەوەیە کە لە رووی زانستیەوە بتوانین لێکدانەوەی شوێنی راپەڕینی شێخ ئەحمەد بکەین و بەپێی لێکدانەوەی زانستی و بابەتی خودی راپەڕینەکەو کەسێتی شێخ ئەحمەد خۆیی و ئەو قۆناغە

مێژووییەشی کە راپەڕینەکەی تیادا دەرکەوتووە یان تیایدا سەری هەڵداوە ئاخاوتن بکەین.

ئەوە ئاشکرایە شێخ ئەحمەد لە خێزان و بنەماڵەیەکی نیشتیمان پەروەرو خوێنەواردا پەروەردە بووەو مێژووی بنەماڵەکەیان مێژوویەکی گەشی ئەوتۆیە کە دەشێ رۆڵی ئاشکرای نەك هەر لەسەر شێخ ئەحمەد هەبوو بێت بەڵکو کاریگەری دیارو ئاشکرای لەسەر مەلا مستەفای بارزانی و کوڕو کوڕەزاکانیشی هەبووەو ئەو کاریگەریە بۆ نەوەکانی دواتریشیان دەمێنێتەوە، چونکە کەم کەس و کەم بنەماڵە لە مێژوودا بۆیان هەڵدەکەوێت بەوجۆرەی بنەماڵەی بارزانی مێژوویان بۆ درووستبووبێتو بوونی خۆیان سەلماندبێت. ئەوان هەلی ئەوەیان بۆ هەڵکەوتووە کە ئامادەبوونی ئەوان لە مێژوودا بەشێکی دیار لە کۆنەستی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی بە پۆزەتیفانە داگیر بکات و زۆرینەی کۆمەڵگەکەیان بە چاوی رێزێکی لە رادەبەدەرو هەندێ جاریش بە پیرۆز سەیریان بکات کە دیارە ئەوەش لە خۆوەو بێ بنەما بەدی نایەت بەڵکو پەیوەندی بەو کارانەوە هەیە کە ئەندامانی ئەو بنەماڵەیە لە مێژوودا کردوویانە. بەهەرحاڵ رۆڵ و پێگەی ئەو بنەماڵەیە لە رابردوودا بەگشتی و پێگەو شوێنیان لە رێبازی نەقشبەندی و دواتریش شەهیدکردنی شێخ عەبدولسەلام سامانێکی مەعنەوی گەورەیە بۆ سەرجەمی ئەندامانی ئەو بنەماڵەیەو بووەتە مایەی شانازی بۆیان و لەهەمان کاتیشدا ئەو ئامادەبوونەی رابردوو خستوونێتیە بەردەم هەستکردن بەبەرپرسیارێتی کردنێکی دیارەوە. ئەم پاشخانە کۆمەڵایەتی و تەسەوفی و سیاسیە بە ئاشکرا کاریگەریی ئاشکرایان لەسەر شێخ ئەحمەد هەبووە.

بێگومان سەرباری زانینی ئەم راستیانەی سەرەوە سەبارەت بە شێخ ئەحمەد و بنەماڵەکەیان، ناتوانرێت هەروا بە ئاسانی راپەڕینی شێخ ئەحمەد بە راپەڕینی ناسیونالیزمی کوردی دابنرێت چونکە ئەوەی ئاشکرایە، یەکەم شێخ ئەحمەد زیاتر وەکو شێخێکی عەشیرەت و رابەرێکی رێبازی نەقشبەندی هەڵس و کەوتی کردووەو سەرباری ناردنی چەکداریش بۆ یارمەتیدانی کوردەکانی باکوور بە دژی دەوڵەتی تورك، راپەڕینەکانی ئەم بەرامبەر بە دەوڵەتی داگیرکەری بەغدا سیمای راپەڕینی نەتەوەیی نەبووە بەو ئەندازەی کە سیمای راپەڕینی خێڵاْیەتی هەبووە. لەو وتانەشدا کە لەسەرەوە هێناومانەتەوە بەئاشکرا پشگیری ئەم لێکدانەوەیە دەکرێت، ئەمە جگە لەوەی کە ئەو رووبەرە جوگرافییەی کە راپەڕینی شێخ ئەحمەدی بارزان تیایدا سەری هەڵداوە ناوچەیەکی لادێی دواکەوتووی دوورەدەستی چیایی بووەو خوێندەواری تیایدا لە ئاستێکی لاوازدا بووەو ژیانی خەڵك لەسەر کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بووەو هیچ زەمینەیەکی سەرهەڵدان و دەرکەوتنی ناسیونالیزم لە ئارادا نەبووە. دەشێ لە لای خودی شێخ ئەحمەد و نوخبەیەکی کەمی خەڵك هەستێکی سادەی کوردایەتی بوونی هەبوو بێت بە تایبەتیش شەهید کردنی شێخ عەبدولسەلام لە ساڵی 1914دا لە موسڵ لەلایەن تورکەکانەوە ئەو هەستەی درووست کردبێت لە کۆنەستی بارزانیەکاندا بە شێخ ئەحمەدیشەوە کە هۆکاری کوردبوون و بەرگری کردن لە مەسەلەی نەتەوایەتی کورد بوونەتە هۆی لە سێدارەدانی شێخ عەبدولسەلام و ئەوەش لە کۆنەستی بارزانیەکاندا جۆرێك لە ئینتیمای بۆ کوردو نیشتیمانەکەی درووست کردبێت. بەلاْم بێگومان تەنیا ئەوە بەس نییە بۆ ئەوەی راپەڕینەکەی شێخ ئەحمەد بکاتە راپەڕینێکی نەتەوەییو وەکو بزووتنەوەیەکی ناسیونالیزمی سەیری بکرێت.

هەروەك ئاشكرایە یەكێك لە هۆكارەكانی ئەو راپەڕینە هەوڵدانی ئینگلیزەكان بووە بۆ نیشتەجێ كردنی مەسیحیەكان لە بارزان و دەورو بەریدا كە شێخ ئەحمەد و هەموو بارزانیەكان هەستیان كردووە كە ئەوە دەبێتە رێگاخۆش كردن بۆ داگیركردنی زێدو نیشتیمانە بچووكەكەی ئەوان كە نیشتیمانی بارزانەو بریتیە لە جوگرافیای عەشیرەتی بارزان. هەروەك قسەكردن لەبارەی حەلاڵ كردنی گۆشتی بەراز لەلایەن شێخ ئەحمەدەوە رۆڵی ئاشكرای هەبووە بۆ ورۆژاندنی شێخ و سەرۆك خێڵەكانی تر بەدژی شێخ ئەحمەدو بارزانیەكان. باشترین نموونەش شێخ رەشیدی لۆلانە كە سەرباری ناكۆی خێڵایەتی لەگەڵ شێخ ئەحمەدو بارزانیەكاندا، ئەو هەلەشی قۆستۆتەوەو بەپاڵپشتی حكومەتی بەغدا دژی بارزانیەكان راوەستا، كە لەوەشدا ناكۆكی و ململانێی شێخ  ئەحمەد و شێخ رەشید زیاتر گەوهەرو ماهیەتی راپەڕینی یان ناكۆكی نێوان دوو خێڵی هەبووە. بەهەرحاڵ تێبینی ئەوەش دەكرێت كە شێخ ئەحمەد هەوڵی دابێت سیمایەكی نەتەوەییانە بە راپەڕینەكەی ببەخشێت. خۆ ئەگەر ئەو گریمانەشمان بەهێند وەرگرت، ئایا هیچ بەڵگەیەكی نووسراو یان دەماو دەم هەیە كە راستی ئەو بۆچوونە بسەلمێنێت كە راپەڕینەكەی شێخ ئەحمەد بنەمای نەتەوایەتی هەبوو بێت؟ بێگومان ناتوانین هەروا بە ئاسانی راپەڕینەكەی شێخ ئەحمەدی بارزان و چەندین راپەڕینی تری شێخ و سەرخێڵە كوردەكان بە راپەڕینی نەتەوایەتی دابنێین، چونكە نە خاوەنی بەرنامەی نەتەوایەتی بوون‌و نە هەست و هوشیاری نەتەوایەتی كوردی لەو سەروەختەو لەو جوگرافیای راپەڕینەكان تیایاندا سەریان هەڵداوە لەو ئاستەدا بووە كە ببێتە مۆتیف و جوڵێنەری كۆمەڵ، یان خەڵك بۆ راپەڕینێك كە ئامانجی نەتەوایەتی هەبێت.

سەبارەت بە راپەڕینی شێخ ئەحمەد دەتوانین بڵێین هۆکاری سەرەکی هەوڵی شێخ ئەحمەد و بارزانیەکان بووە بۆ پاراستنی دەسەڵاتی ناوچەیی خۆیان و تەنانەت فراوانکردنی دەسەڵاتیان بەسەر خێڵ و عەشیرەتەکانی تری دەوروبەریاندا، کە ئەوەش بووەتە مایەی بێزاری و ناڕازی بوونی ئەو خێڵ و عەشیرەتانە بە تایبەتی زێباری و برادۆستی و ئەوانی تریش کە ئەم خێڵ عەشیرەتانەش لە پێناوی پاراستنی دەسەڵاتی خۆیاندا پەنایان بردۆتە بەر دەسەلاتی دەوڵەتی ناوەندی عێراق و هەوڵیانداوە بەهەر شێوەیەك بێت رێگری لە ویستی فراوانخوازی و دەسەڵاتخوازی بارزانیەکان بکەن و لەو پێناوەشدا ئامادەی ئەوە بوون کە ببنە یارمەتی دەرو هاوکاری رژێمی داگیرکەری عێراقی. ئەمەش زیاتر بێگەوهەری‌و لاوازی ئینتیمای نەتەوەیی زۆرێك لە خێڵ و عەشیرەتەکانی کۆمەڵگەی کوردی دەردەخات کە بە هیچ شێوەیەك رازی نەبوون بکەونە ژێر سایەی دەسەلاتی عەشیرەت یان خێڵێکی تری کوردەوە بەلاَم ئامادەبوون بۆ پاراستنی دەسەڵاتی ناوچەیی خۆیان ببنە نۆکەری داگیرکەری وڵاتەکەیان. ئەمەش لە ئاستێکی تردا دەبێتە سەلمێنەری ئەو راستیەی کە لەو قۆناغەدا هەست و هوشیاری نەتەوەیی کوردی چەند لاواز بووە. باشە لە کاتێکدا هەست و هوشیباری نەتەوەیی لە کۆمەڵگەیەکدا ئەوەندە لاواز بێت کە سادەترین دەوری نەبێت لە نزیك کردنەوەی خێڵ و عەشیرەتەکان لە یەکترو خۆشکردنی زەمینە بۆ پێکهێنانی فیدراسیۆنی خێڵایەتی. کەواتە چۆن دەشێ تەسەوری ئەوە بکەین لەو کۆمەڵگەیەدا راپەڕینی نەتەوەیی سەرهەڵبدات یان بزووتنەوەی نەتەوەیی دەست پێ بکات؟ هەر لێرەوە بەئاشکرا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت لە سالآنی سیەکانی سەدەی رابردوودا، واتە لەو مێژووەدا کە راپەڕینی شێخ ئەحمەدی بارزان سەری هەڵداوە، ناشێت تەسەوری بوونی

ناسیونالیزمی کوردی لەو جوگرافیایەدا بکرێت کە راپەڕینەکە تیایدا دوستی پێکردووە. رەنگە ئەو پرسیارە خۆی بسەپێنێت کە چۆن پێشتر راپەڕینی شێخ عوبەیدوڵای نەهری و شێخ عەبدولسەلامی بارزانی و شێخ مەحمودی حەفیدو شێخ سەعیدی پیران سەریان هەڵداوە؟ لە راستیداو سەرباری بوونی کۆمەڵێك جیاوازیش لە نێوان ئەو راپەڕینانەو راپەڕینەکەی شێخ ئەحمەددا، هێشتا ئێمە بە پێی بنەماکانی ناسیونالیزم و پرۆژەی ناسیونالیزم ناتوانین ئەو راپەڕینانەش وەکو راپەڕینی نەتەوەیی خاوەن بەرنامەو پرۆژە سەیر بکەین بەڵکو هەریەکە لەو راپەڕینانەش بریتی بوون لە جۆرێك لە کاردانەوە بەرامبەر بە سیاسەتی تووندو تیژی داگیرکەرانی کوردستان و زیاتر سیماو خاسێتی خێڵایەتی و هەرێمایەتیان هەبووەو نەبوونەتە راپەڕین لەسەر ئاستی نەتەوەو هەموو جوگرافیای نەتەوەیان گرتبێتەوە.

بێگومان دەشێت تەسەوری ئەوە بکەین کە پرینسیپ و بنەماکانی رێبازی نەقشبەندی کەم تا زۆر لە جولاندنی شێخ ئەحمەددا بۆ راپەڕین دەوری هەبوو بێت، هەر هیچ نەبێت لەو ئاستەدا کە پرینسیپی ئەم رێبازە لەگەوهەردا جۆرێك لە خۆنەویستی و زوهدو هەست بە خۆکردن لەنەست و کەسێتی رابەرو شێخ و سۆفیەکانی ئەم رێبازەدا درووست دەکات و، وایان لێدەکات بە ئاسانی بۆ دەسەڵاتی دنیایی و بۆ ویست و ئارەزووە دنیاییەکان مل کەچ نەبن. دەشێ ئەم جۆرە هەست کردنەش لەکەسێتی شێخ ئەحمەددا ئامادە بوونی هەبوو بێت. هەروەك هەست کردن بە پیرۆزی خوێن و دەماری شێخایەتی شان بەشانی ئامادەبوونی رابردووی ئەم عەشیرەتە لەلای شێخ ئەحمەد ئەو بۆچوونەی لە بوونی ئەودا درووست کردبێت کە نابێت لەبەردەمی هیچ دەسەڵات و هیچ کەسێکدا بچەمێتەوەو ئەم روانینەش وای لە شێخ ئەحمەد کردووە کە هەمیشە

بە چاوی ڕەخنەوە سەیری هەموو جۆرە دەسەڵاتەکانی نێو عێراق و دەوڵەتانی دەروبەریش بکات و پێی وا بێت هیچیان لەو ئاستەدا نین کە ئەم لە ئاستیاندا مل کەچ بکات، یان بچەمێتەوە کە دەشێ هۆیەکی سەرەکی راپەڕینەکە ئەو روانینە تایبەتیەی شێخ ئەحمەد بیبێت بەرامبەر بە خۆیی و عەشیرەتەکەی لە لایەك و بەرامبەر بە خێڵ و عەشیرەتەکانی ترو دەوڵەتی عێراقیش لە لایەکی ترەوە.

سەرئەنجام: لێرەدا دەگەینە ئەو بۆچوونەی کە بڵێین راپەڕینی شێخ ئەحمەدی بارزان زیاتر لەوەی کە راپەڕینێکی نەتەوەیی بوو بێت راپەڕینی عەشیرەتێکی دیاری کورد بووە بە رابەرایەتی شێخەکەیان کە ئەویش زیاتر لەوەی کە دیدو بۆچوونی سیاسی هەبوو بێت خاوەنی پێگەو دیدی سەرۆك عەشیرەتی و لە هەمان کاتیشدا شێخایەتیو رابەری تەریقەت بووەو لە پێناوی پاراستنی دەسەلاتی خۆیی و پێگەی مادی و مەعنەوی عەشیرەتەکەیدا راپەڕینی بەرپا کردووەو ئامادە نەبووە هەروا بە ئاسانی مل بە دەسەلاتی دەوڵەت بدات و یاساو رێساکانی دەوڵەت لە سنووری دەسەلات و قەڵەمڕەوی خۆیدا پەیڕەو بکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەوڵیداوە پارێزگاری لە دەسەلاتی خۆی بەسەر عەشیرەتەکەیدا بکات و لە هەمان کاتیشدا دەسەلاتی عەشیرەتەکەی لە سنووری جوگرافیای خۆیدا بپارێزێت و رێگا نەدات حکومەت دەسەلات بەسەر دەسەلاتی خۆی و عەشیرەتەکەیدا بکات. کەواتە لێرەدا ئەگەر لە روانگەی گوتاری ناسیونالیزم و گوتاری خێڵەوە سەیری راپەڕینەکەی شێخ ئەحمەد بکەین ئەوا گوتاری خێڵ بالاَ دەستەو ئامادەبوونی تەواوی هەیە لە کاتێکدا هیچ سیماو روخسارێکی گوتاری نەتەوەیی کوردی یان ناسیونالیزمی کوردی ئامادەبوونی نییە.

**سەرچاوەکان:**

1- لازاریف ، کورد لە سەدەی نۆزدەو بیستدا، وەرگێڕانی حەمە کەریم عارف، هەولێر، 2006،ل 142. نووسراوی 18ی نیسانی 1923ی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئینگلیستان،.

2- ایوب بارزانی، المقاومە الکوردیە للاحتلال، 1914 الی 1958، دار نشر حقائق المشرق، 2002،ص109.

3- محمود الدرە، القچیە الکوردیە، الگبعە الاولی، بیروت دارالگیعە، 1963، ص90.

4- David MacDowall, A Modern History of the Kurds: London, 2000, p.180

5- Derk Kinnane , The Kurds and Kurdistan, London, 1964, p: 40

6- لازاریف، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل 144. لە ئیدمۆنز ، گۆڤاری میدل ئیست ئینتەرناسیونال ساڵی 1959،وەرگیراوە.

7- الدکتور علی عپمان، الکورد فی الوائق البریگانیە، اربیل، 2008، ص190.

8- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل 188.

9- نادر ئینتیسار، ئیتنۆنەتەوایەتی کوردی، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە عەتا قەرەداخی، چاپی دووەم سلێمانی، 2004، ل121.

10- م س لازاریف، النچال والاخفاق- المساله الکوردیه فی سنوات 1923-1945، ترجمه صادق الجلاد ، السلیمانیه،2006،ص245.

## بەشی دووەم:

# گوتاری حیزبی هیوا

## پێشەکی:

ئەگەر سەیری ئەو بارو دۆخە سیاسی و مێژوویە بکەین کە کوردستان و ناوچەکەیشی لە سەروبەندی دامەزراندنی حیزبی هیوادا پیادا تێپەڕیوە، ئەوا دەشێ ڕاستەوخۆ بە لای ئەو لێکدانەوەیەدا بچین کە ئەو بارودۆخە ڕۆڵی کاریگەری هەبووە لە درووستبوونی حیزبی هیواو ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی تریشدا کە پێش هیوا یان دوای هیوا درووست بوون. حیزبی هیوا لە گەرمەی جەنگی جیهانی دووەمدا درووست بوو، لە سەروبەندێکدا کە هێزەکانی سوپای سوور نزیکی سنوری کوردستان بوون و دروشمی ئازادی بۆ گەلانی ژێر دەستە کە ئەو دەمە یەکێتی سۆڤێت بەرزی کردبووەوە دەوری کاریگەری بینیووە لە بزواندنی نوخبەی خوێندەواری ئەو کاتەی کورددا بۆ بیرکردنەوە لە ئازادی و سەربەستی و دەشێ ئامادەباشی تەواویشیان هەبوو بێت بۆ چاوەڕوانکردنی پشتگیری سۆڤێتی، کە ئەو کاتەش سەروەختی دەسەڵاتی ستالین بوو. بە هۆی کاریگەری ئایدیۆلۆجیای چەپەوە زۆرینەی نوخبەی خوێندەواری ئەو سەردەمە لە کوردستانو دەشێ لای گەلانی تری ژێردەستەش وەکو ڕزگارکەر سەیری سۆڤێتیان کردبێت، بە تایبەتی لە کاتێکدا سیاسەتی خراپ و نادادپەروەرانەی ئینگلیزو ڕژێمی پاشایەتی دروستکراوی دەستی داگیرکەری ئینگلیزو فەرنساو دەوڵەتە داگیرکەرەکانی تری وەکو تورکو ئێرانیش لەو بوارەدا دەوری کاریگەری هەبوو بۆ بەهێزکردنی سۆزی خەڵك بەلای سۆڤیەتدا. بۆیە بەرزکردنەوەی دروشمی ڕزگارکردنی گەلانی ژێردەستە دەوری ئاشکرای هەبووە کە ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ لە کوردستانی ئەو سەردەمەشدا لایەنگرانی سیاسەتی سۆڤێتی کەم نەبن. لە هەمان کاتدا

ئەوەش گرنگە کە بزانین ئایا لەو سەروەختەدا بارودۆخی کۆمەلأیەتی و ئابووری و سیاسی و مێژوویی کوردستان چۆن بووەو پەیوەندییە کۆمەلأیەتیەکان لە چ ئاستێکدا بوون. لە کاتێکدا کە لە لایەك حیزبی شیوعی لە ناو کۆمەلگەی کوردیدا جۆرە نفوزێکی هەبووەو ئەو حیزب و رێکخراوانەی تریش کە دروست بوون زیاتر مەیلداری سۆڤێت بوون. لە لایەکی تریشەوە هیچ تروسکەیەکی ئازادی و گەیشتن بە مافە رەوا نەتەواییەکانی کورد لە بەرنامەو پرۆژەی ئینگلیزدا لە دوای هەرەس پێهێنانی بزووتنەوەکەی شێخ مەحمودەوە لە ئارادا نەماوەو متانەی خەلکی کوردستان بە ئینگلیزو رۆژئاوا بە گشتی زۆر لاواز بووە.

ئاشکرایە لەسەرەتای سالأنی سیەکانەوە کە لە باشووری کوردستان بزووتنەوەکەی شێخ مەحمود و بزووتنەوەی بارزان کپ کرانەوە تاکو سەروەختی درووستبوونی حیزبی هیواش شتێکی دیاری ئەوتۆ سەری هەلنەدا، کە جێگای باس کردن بێت تەنیا دروستبوونی رێکخراوی دارکەر نەبێت کە ئەویش دواتر وەکو خانەی سەرەتایی دروسبوونی حیزبی هیوای لێهات. لە پێش دروستبوونی حیزبی هیوادا راپەڕینەکەی سەید رەزای دەرسیمیش لە باکووری کوردستان دووچاری شکست هاتبوو. واتە لەسەرو بەندی دەست پێکردنی جەنگی جیهانی دووەمدا تا ئەندازەیەك راپەڕینەکانی کورد بە تایبەتی راپەڕینی چەکداری کپ کرابووەوەو جۆرێك لە خامۆشی کوردستانی گرتبووەوە. دەشێ لەو ساتی خامۆشی و کپبوونەدا نوخبەی خوێندەوار گەڕابێتەوە بۆ ناخی خۆیی و لە بری راپەڕینی چەکداری و تا ئەندازەیەکی ئاشکراش راپەڕینی بێ بەرنامە، بیری لە دروستکردنی رێکخراوو حیزب کردبێتەوەو، دروستبوونی رێکخراوی دارکەرو پاشانیش حیزبی هیوا سەرباری کاریگەری دەرەوەو سۆڤێت بە تایبەتی بەرهەمی ئەو بیرکردنەوەو گەڕانەوە بووبێت بۆ جوگرافیای بیرکردنەوەو لێکدانەوە لە لایەن نوخبەی خوێندەواری ئەو کاتەی کوردەوە.

پێش ئەوەی لە بارەی حیزبی هیواو گوتاری حیزبی هیواوە بدوێم، پێمباشە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە پێش درووسبوونی حیزبی هیوا. رێکخراوی برایەتی لە ساڵی 1937 دا درووسبووە کە کۆمەڵێ لە نەتەوە پەروەرانی ئەو سەردەمەی کورد بەشدارییان تێدا کردووەو وەکو کریس کۆچێرا دەڵێت: شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحموود دایمەزراندووە(1). دیارە ئەم کۆمەڵەیە لە سلێمانی دامەزراوەو هەر پاش ساڵێك لە دامەزراندنی ئەم کۆمەڵەیە کۆمەڵێك لە لاوانی سلێمانی رێکخراوێکیان درووست کرد بە ناوی (دارکەر). دامەزرێنەرانی ئەم رێکخراوەیەش بریتی بوون لە نووری شاوەیس کە پێشتر باوکی و مامی ئەندامی کۆمەڵەی برایەتی بوون، هەروەها دڵداری شاعیرو عەبدولا جەوهەری نووسەرو دواتریش چەندین لاوی تری خوێنەوارو رۆشنبیری ئەو سەردەمەی لەخۆگرت. کۆچێرا دەڵێت: پەیڕەوو بەرنامەی ئەم رێکخراوە شەقڵێکی نەتەوەیی بێغەل وغەشی هەبوو کە بریتی بوو لە خەبات لە رێی ئۆتۆنۆمی کوردستانی عێراق وسەربەخۆیی هەموو کوردستاندا(2).دیارە ئەم وتەیەی کە لێرەدا لە بەردەستماندایە جێگای قسە لەسەر کردنە. حیزبی هیوا لە ساڵی 1941دا درووست بوو." رێکخراوی دارکەر فراوان بوو گۆڕا بۆ حیزبی هیوا." ئەم رێکخراوە تازەیە هەموو تێکۆشەرە نەتەوەییەکانی کورد لە دەوری یەك خڕ دەکاتەوە(3). حیزبی هیوا لە ماوەیەکی کورتدا 1500 ئەندامی پەیدا کرد کە کەسانی پیشەیی کۆلێژە نوێیەکانی بەغداو ئەفسەرەکانی ناو سوپای عێراق و هەندێ خاوەن موڵك و شێخ و سەرخێڵ بوون بەلاّم بە ئاشکرا جووتیاریان تێدا نەبوو(4).سەرۆکی حیزبی هیوا رەفیق حیلمی بوو کە ئەوەش بایەخێکی گرنگی هەیە پەیوەست بە گەوهەری باسەکەی ئێمە چونکە رەفیق حیلمی پیاوێکی منەوەرو بە ئەزموون و ژیاو لەگەڵ راپەڕینەکانی شێخ مەحموودو تێگەیشتوو لە هەڵەو کەموکورتیەکانی راپەڕینەکانی شێخ مەحموود دەبێ بزانێت چی دەکات و چۆن کاری سیاسی دەکات. مستەفا نەریمان

دەڵێت: حیزبی هیوا نـەیتوانی بچێتە نـاو ریـزی جوتیارانـەوەو چالاکیەکانی سنوور درابوو لە نێو سـەرۆك خێـڵ و ئاغـاو بـەگ و شـێخەکاندا(5). ئـەیوب بـارزانی دەڵێـت: حیزبی هیـوا کـە سـاڵی 1941 دروسـت بـوو حیزبێکـی نەتـەوەیی بـوو ئەنـدامانی لـە هەموو چینەکانی کۆمەڵگەی کوردییـەوە پەیوەنـدیان پێـوە کـرد(6). دکتـۆر عـەزیزی شـەمزینی دەڵێـت: لـە سـاڵی 1939دا حیزبێکـی سیاسـی بـە نـاوی حیزبـی هیـوا کـە ئامانجەکەی خەباتی دژی فاشستی و بـەدیهێنانی سـەربەخۆیی نەتـەوەیی گـەلی کـورد بوو بە شێوەیەکی نهێنی دامەزرا (7). لازاریف دەڵێت: حیزبی هیـوا داوای ئۆتۆنـۆمی رۆشنبیری دەکردو نەیتوانی رۆڵێکی ئەو تۆی هەبێت،(8).

بێگومان ئەوەش ئاشکرایە کە بە پێی بارودۆخی سیاسی ئەو سـەردەمەی کوردسـتان و ناوچەکەو رۆڵی هەریەکە لە ئینگلیزو سۆڤێت، لە ناو حیزبـی هیواشـدا دوو ئاراسـتەی جیاوازی لە بیرکردنـەوە هـەبووە. ئاراسـتەیەکی راسـتڕەوانە کـە سـەرۆکی حیـزب واتـە رەفیق حیلمی و ژمارەیەك لە ئەندامان نوێنەرایەتیان دەکرد و پێیان وابوو کە دەشـێ لە لایەن ئینگلیزەکانەوە پشتگیری بکرێن لە پێناوی ئازادی کوردسـتاندا. لـە بەرامبـەر ئەم ئاراستە بۆچوونەدا جۆرە بیرکردنەوەیەکی تریش هەبوو کە زۆرینـەی ئەنـدامانی حیزب پشتگیریان دەکرد، کە ئەویش ئەو ئاراسـتەیە بـوو کـە بـڕوای بـە خـەباتی دژی فاشـیزم هـەبوو. ئـەم ئاراسـتەیە لـە روانگـەی سـۆڤێت و شـیوعیەتەوە سـەیری دنیـاو چارەنووسی کوردیان دەکردو پێیان وابوو کە خەباتی کورد پێویستە لە پێناوی ئازادی و دیموکراسـیدا بێـت. دیـارە ئـەم ئاراسـتەی نـاو حیزبـی هیـوا ئومێـدی بـە یارمـەتی هێزەکانی سۆڤێت هەبوو، کە هاتبوونە رۆژهـەڵاتی کوردسـتانەوە. ئـەم ئاراسـتەیە وای بۆ دەچوون کە دەشـێ ئـەو هێـزە پشـتگیری ئـەم دیـدو تێڕوانینـە بکـات. بـە هـەرحاڵ ئەگەر سەرنجی ئەو بارودۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتیە بدەین کـە حیزبـی هیـوای تیـادا دروست بوو ئەوا دەشێ بە ئاشکرا هەست بەوە بکەین کە سەرباری بوونی زەمینەیەك

بۆ درووست بوونی ئەم حیزبە کە ئەویش بوونی رێکخراوی دارکەر بوو لە پێش درووست بوونی حیزبی هیوادا. دیسان دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە حیزبی هیوا لە بارودۆخی جەنگی جیهانی یەکەمدا درووست بوو بە تایبەتیش لە کاتێکدا کە هێزەکانی سوپای سوور لە سنوورەکانی کوردستاندا بوون و مەسەلەی ئازادی گەلان و بانگەشە کردنی سۆڤێتی ئەو سەردەمەو دروست بوونی حیزبە کۆمۆنیستەکانیش لەو ولأتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکرابوو هەریەکە بە جۆرێك دەوری خۆیی هەبوو لە زەمینە خۆش کردن بۆ دروست بوون و گەشە کردنی حیزبی هیوا. هەر لەو بارەیەوە بالْوێزی بەریتانیا لە عێراق لە سەروبەندی دامەزراندنی حیزبی هیوادا تێبینی ئەوەی کردووە کە هەرچەندە بەلْگەی ئاشکرا لە بەردەستدا نییە بەوەی کە حکومەتی عێراقی راستەوخۆ جیاکاری بەرامبەر بە کوردەکان بەکار دەهێنێت، بەلأم ئاشکرایە کە حکومەتی عێراقی بە بەردەوامی هەلْویستی خراپی بەرامبەر بە کوردەکان و ئێش و ئازارەکانیان لەبەر گرتووە(9).

یەکێك لە هۆکارە سەرەکیەکانی سەرجەمی راپەڕینەکانی کوردو درووست بوونی حیزب و رێکخراوەکانی کورد ئەو فشارە سەختە بووە کە داگیر کەران لە سەر کوردیان داناوە. چ راپەڕینەکان و چ دەرکەوتنی حیزبەکانیش زیاتر لەوەی وەکو پرۆژە دەربکەون یان سەرهەلْبدەن یان دروست بکرێن، وەکو کاردانەوە دەرکەوتوون. دیارە نکولْی ئەوە ناکرێت کە جۆرێك لە هەستی ناسیونالیستانە هەبووەو ئەو هەستەش توانیوویەتی خەلْکانێك کۆبکاتەوەو، دیارە دەوری تاکە کەسی هوشیار یان تاکی ناسیونالیستیش لەو هەلومەرجەدا بە دیار دەکەوێت و ئاشکرا دەبێت لەوەیدا کە چۆن کاریگەریی لەسەر خەلْکی تر دادەنێت و چۆنیش خەلْك لە دەوری بۆچوونەکانی خۆی کۆدەکاتەوە. بەلأم پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا گوتاری حیزبی هیوا گوتارێکی ناسینالیزمیە؟ ئایا حیزبی هیوا لەسەر بنەمای گوتارەکەی دەبێتە حیزبێکی

**ناسیونالیستی کوردی؟ ئایا ئەگەر حیزبی هیوا حیزبێکی ناسیونالیستی کوردی بوو بێت، تا چ ئاستێك توانیوویێتی گوتارەکەی خۆی بکاتە گوتارێکی جەماوەری و وەکو حیزبیش ببێتە رێکخەرو رابەرایەتیکەری بزووتنەوەیەکی کۆمەلأیەتی کە بزووتنەوەی کوردایەتیە لە پێناوی ئازادی و سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەییدا؟**

**بێگومان بۆ وەلأمدانەوەی ئەم پرسیارانە پێویستمان بە دوو شت هەیە: یەکەمیان ئەوەی لە پەیڕەوو پرۆگرامی ئەم حیزبەدا هەیە، دووەمیان ئەوەیە ئایا ئەم حیزبە سەرباری وادەرخستنی خۆی کە حیزبێکی ناسینالیستی کوردیە تا چ ئاستێك توانیوویێتی لەسەر زەمیەنەی واقیع حیزبێکی ناسیونالیست بێت؟ وەدیع جویدە دەڵێت: باسی ئەوە دەکرێت کە حیزبی هیوا کۆبوونەوەی خۆی لە بارزان ئەنجامداوەو تێیدا رێبەرەکانی هەلبژاردووەو ئەندامانی ناو نووس کردووە، دەنگی بە پەیڕەوو ئەساسنامەی خۆی داوە، ناوی (هیوا)شی بە فەرمی راگەیاندووە. لەم کۆبوونەوەیەدا دوو بڕیاری گرنگ درا، یەکەم ئەوە بوو حیزب ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان رابگەیەنێت، دووەمیش حیزب بە خۆبەستنەوە بە هیچ یەك لە هێزە بیانییەکان باری شانی خۆی گران نەکات.( 10). لێرەداو لەم چەند وتەیەی سەرەوەدا دەبینین کە حیزبی هیوا لە لایەك کەسانی نەتەوەیی کۆکردۆتەوە، لە لایەکی تریشەوە مەسەلەی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان یەکێکە لەو مەسەلە گرنگانەی کە حیزبی هیوا پێی لەسەر داگرتووە. لێرەدا ئەگەر لە رووکەشدا سەیر بکەین ئەوا دێتە پێش چاومان کە حیزبی هیوا حیزبێکی ناسینالیزم بوو بێت. بەلأم لێرەدا جارێکی تر ئەو پرسیارە خۆی دەسەپێنێت ئایا تەنیا بوونی ویستی ئۆتۆنۆمی و بوونی کەسانی نەتەوەیی لە ناو حیزبی هیوادا بەسە بۆ ئەوەی کە شووناسی ناسیونالیستی بەو حیزبە ببەخشێت و بیکاتە خاوەنی گوتاری نەتەوەیی؟ " نەتەوایەتی بزووتنەوەیەکە بە مانای**

ڕێکخستنێکی سیاسی کە پرۆژەیەکی گشتی و ڕاکێشانێکی کۆمەڵایەتی هەیە(11). دیسان ئەوە ئاشکرایە کە" یەکێك لە لایەنەکانی مەسەلەی نەتەوایەتی لە ئارەزوودا بۆ ڕزگاربوون لە دەستی بێگانە بەرجەستە دەبێت،(12).

لە کۆی ئەم بۆچوونانەی سەرەوەدا سەبارەت بە حیزبی هیواو شوێنی ئەو حیزبە لە مەسەلەی نەتەوایەتی کورددا، ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە حیزبی هیوا حیزبی نوخبەی خوێندەوار و ئاغاو بەگ و شێخەکان بووەو ئەم حیزبە لە هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی و مێژوویی ئەو تۆدا درووست بووە کە کۆمەڵگەی کوردی لە بارودۆخێکی دواکەوتووی ژیانی خێڵایەتی و فیودیالیدا بووە، بەبێ ئەوەی سیستەمی ئابووری فیودیالی و پەیوەندییەکانی ئابووری فیودیالی وەکو بوونێکی خاوەن شووناس بوونیان هەبووبێت. هەر لەم بارودۆخە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەی کوردستاندا زەمینەی بەشداریکردن یان ڕێگا پێدانی جوتیاران بۆ بەشداریکردن لەم حیزبەدا زۆر ئالۆزو نەگونجاو بووەو دەتوانین بڵێین بواری ئەو بەشداریکردنەیان نەبووە کە ئەوەش شوناسی ئەم حیزبە دەخاتە بەردەم پرسیارەوە، یان بەردەم گومانەوە لەو ڕووەوە کە ئایا دەشێ حیزبێك خۆی وەکو حیزبێکی ناسینالیست پێشکەش بکات بەلاَم تەنیا حیزبی ئاغاو بەگ و شێخ و گوڵبژێرێك لە خوێندەواران بێت و زۆرینەی کۆمەڵگەش کە لە جوتیارو زەحمەتکێش پێکهاتبێت، واتە ئەوانەی کە بە هێزی بازووی خۆیان دەژین لەو حیزبەدا جێگایان نەبێتەوە.

لە لایەکی ترەوە درووشمی سەرەکی ئەم حیزبە ئۆتۆنۆمی بووە، ئەوەش ئاشکرایە کە ئۆتۆنۆمی بریتی نییە لە مافی بڕیاردانی چارەنووس. هەروەك لە ڕوانگەی چەمکی ناسیونالیزمەوە حیزبی ناسیونالیستی دەبێ هەڵگری پرۆژەی سەربەخۆیی و درووستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی بێت. هەروەها گوتاری ناسیونالیزمیش کاتێك پێناسەی تەواوی خۆیی هەیە کە پرۆژەی سەربەخۆیی و درووستکردنی دەوڵەتی

نەتـەوەیی بوونیـان هـەبێت. واتـە هـەروا بـە ئاسـانی ناتوانرێـت حیزبـی هیـوا وەکـو حیزبێکی ناسیونالیستی کوردی سەیر بکرێت لە کاتێکدا پرۆژەی ناسینالیزم لە بوونی ئەو حیزبەدا هیچ ئامادەبوونێکی نەبێت.

بێگومـان نـاکۆکی و جیـاوازی زۆر هەیـە لـە نێـو ئـەو راو بۆچـوونانەی سـەبارەت بـە حیزبـی هیـوا، کـە لـە سـەرەوە هێنامانـەوە. یـەکێك پێـی وایـە ئـەم حیزبـە هـەڵگری داواکاری ئۆتۆنۆمی بـووە، یـەکێکی تـر پێـی وایـە داواکـاری ئۆتۆنـۆمی بـۆ کوردسـتانی عێراق و سـەربەخۆیی بـۆ هـەموو کوردسـتان بـووە. ئـەیوب بـارزانیش کـە روانینێکـی ناسیونالیستانەی هەیە، سوورە لەسـەر ئـەوەی کـە حیزبـی هیـوا حیزبێکـی نەتـەوەیی بووە. بەڵام بە بۆچوونی من ناکرێت هەروەها لەسەر بنەمای درووشم و قسەو لێـدوان شووناسی ناسیونالیستی بدرێت بە حیزبی هیوا یان هەر حیزب و رێکخراوێکی تر، لـە کاتێکـدا کـە لـە رووی راسـتیەوە سـەرباری بـوونی بەرنامـەو پـرۆژەی کـارکردن، دەبـێ بـزانین هـەر بڕیاردانێـك لەسـەر بنـەمای کـارکردن دەبێـت. کەواتـە جێگـای خۆیـەتی لێرەدا بپرسین ئایا شوێنی حیزبی هیـوا لـە رووی کارکردنـەوە پەیوەسـت بـە پـرۆژەی ناسیونالیزم لە کوێدا بووەو لە رووی بنیادنانی گوتاری ناسیونالیزمی کوردییـەوە چـی کردووەو لەسەر زەمینەی واقیع ئەوەی کاری بۆ کردووەو ئـەوەی بەدەسـتی هێنـاوە لـە رووی مادی و مەعنەوییەوە چییە؟

ئەوەی ئاشکرایەو وەکـو پێشـتریش ئاماژەمـان بـۆ کـرد هـیچ حیزبێـك نابێتـە خـاوەنی شووناسی حیزبێکی ناسیونالیستی ئەگەر نـەتوانێت ببێتـە رێکخـەری بزووتنەوەیـەکی کۆمەڵایەتی و کۆکەرەوەی جەماوەرو رێکخستنیان لە رووی ئایدیۆلۆجی، یان لـە رووی کۆنەستی سیاسیەوەو جوڵاندنیان لە پێنـاوی بـە دەسـتهێنانی مافـەکانی نەتـەوەدا، کـە بێ هیچ دوو دڵیەك ئەو مافانە لە سەربەخۆیی و درووستکردنی دەوڵەتی سـەربەخۆی نەتەوەدا دەگاتە ئەنجام. هەر دەربڕین و تەنانەت پرۆژەیەکی کـەمتر لـە سـەربەخۆیی

و درووستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی نابێتە پرۆژەی ناسیونالیزم و هەڵگری ئەو پرۆژەیەش نابێتە ناسیونالیستی خاوەن پرۆژە چ لەسەر ئاستی تاکە کەس بێت، یان لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی. لێرەوە دەتوانین ئەو پرسیارە بکەین ئایا حیزبی هیوا توانیویتی ببێتە حیزبێکی جەماوەری لەو روانگەیەوە کە کۆنەستی کۆمەڵایەتی کوردی سەبارەت بە ئایندەی خۆی یەکخستبێت و لە ئەنجامی ئەوەشدا بزووتنەوەیەکی جەماوەری پێداگرتوو خەباتکەر لە پێناوی خواستو ویستە ناسینالستیەکانی کورددا درووست بووبێت؟ ئایا حیزبی هیوا توانیویتی یەکەم لەسەر ئاستی باشووری کوردستانو دووەمیش لە سەر ئاستی کوردستانی گەورە بوونی خۆی بسەلمێنێت؟ ئایا حیزبی هیوا توانیویتی رایەڵەکانی خێڵ و عەشیرەت لە کۆمەڵگەی کوریدا هەڵبوەشێنێتەوەو لە جیاتی رایەڵەی خوێن و دەمار(13) کە بنەمای مادی و مەعنەوی پێکەوەبەستن و کۆمەڵایەتی بوونن لە کۆمەڵگەی خێڵایەتیدا ، رایەڵێکی تر بەرهەم بهێنێت کە رایەڵی هاونەتەوەیی و ئیتنیکی و ناسیونالیزمە کە رایەڵێکی بەهێزترەو رووبەرێکی فراوانتر دەگرێتەوەو خاسێت و سیمای ئەو قۆناغەشە کە تیایدا ناسیونالیست بەرەو ئەوە دەچێت، ببێتە خاوەنی شووناس و بوونی خۆی وەکو تاکە پێکهاتەیەك لەسەر جوگرافیای نەتەوە بسەلمێنێت.

ئەگەر ئەو بارو دۆخە کۆمەڵایەتی و سیاسی و مێژووییەی کە حیزبی هیوای تیا دروستبوو لەبەرچاو بگرین و لەسەر بنەمای خودی حیزبەکەو بەرنامەو شێوەی کارکردنی و ئاستی پەرەسەندن و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی کوردی لەو ساتەوەختەدا ئاخاوتن بکەین و بمانەوێت لەلایەك لە ئاستی ناسیونالیستی بوونی حیزبی هیوا بدوێین و لە لایەکی تریشەوە باس لە گوتاری ئەم حیزبە بکەین و لە روانگەی گوتاری ناسیونالیزمەوە شوێنی گوتارەکەی دیاری بکەین، ئەوا دەشێ هاوکات مەسەلەی ئاخاوتن لە رێنیسانسی نەتەوەیی بێتە ئاراوە. واتە دەشێ ئەو پرسیارە سەرهەڵبدات:

**ئایـا دەشـێ لـە نـەبوون و غیـابی بنــەماکانی ڕێنیسانسـی نەتەوەیـدا باسـی گوتـاری ناسیونالیزم بکرێت؟(14) یان ئەگەر باسێکی لەو جۆرەش کرا، ئایا دەشـێ تەسـەوری ئـەوە بکـەین بـە بـێ بـوونی هـیچ پرۆژەیـەکی ڕێنیسانسی نەتـەوەیی، ناسـیونالیزمی خاوەن شـووناس و بـەو پێیـەش خـاوەن گوتـاری ناسـیونالیزمی بـوونی هـەبێت؟ ئـەوە ئاشکرایە بەرهەمهاتنی فیکر چ لەسەر ئاستی تاکە کـەس چ لەسـەر ئاسـتی نوخبـە، کـە دەشێ پێی بگوترێت ڕێنیسانسی فیکری ڕۆڵی کاریگەری دەبێـت. لـەم بارەیـەوە دکتـۆر محەمـەد عابـد جابری دەڵێت: ڕێنیسانسـی فیکـری بـە کـردەوە وەکـو یەکـەمین پایـە سـەرەکیەکان لـە پـرۆژەی ڕێنیسانسـدا خـۆی دەخاتـە ڕوو.(15). ئـەنجا پرسـیارەکە ئەوەیـە ئایـا لـەو بـارو دۆخـەدا کـە حیزبـی هیـوا دروسـت بـووە هـیچ بنەمایـەکی ڕێنیسانسی فیکـری لـە ناوەنـدی ڕۆشـنبیری و کـەلتوری کوردیـدا بـوونی هـەبووە؟ کـە مەبەست لـەوەش جـۆرە بیرکردنەوەیەکە کـە لـە ڕێگـای زمانـەوە گوزارشـتی لـە خـۆی کردبێت بەوەی کە ئەو زمانە بارگاوی کرابێت بە بیرکردنەوەو تێڕامـان و مەعریفـەو جیهانبینی نەتەوەیی یان ناسیونالیستی. دەشـێ تەسـەوری ئـەوە بکرێـت کـە لـە پشـتی دروست بوونی حیزبی هیواوە لە سەر ئاسـتی تاکـە کـەس بیرکردنـەوەی ناسیونالیسـتی هەبوو بێت، بەڵام گومانمان لەوە نییە کە ئەو بیرکردنەوەیە نەبۆتە بیرکردنەوەیـەکی گشـتی یـان جـەماوەریی، بـەڵکو بـەو ئەندازەیـەش پـەرەی نەسـەندووە کـە وەکـو بیرکردنەوەی نوخبە خۆی نمایش کردبێت.**

**ئەوەی بۆ گوتاری ناسیونالیستی کـوردی هەمیشـە وەکـو ڕۆح یـان گەوهـەرو ماهیـەتی جوڵـەو کـارکردن دەردەکـەوێت دوو خاڵـە: یەکـەمیان ڕزگـارکردن و سـەربەخۆیی کوردسـتان و دروسـت کردنـی دەوڵـەتی کوردیـە. دووەمیـان سـەر لـەنوێ بنیادنانـەوەی شووناسی کوردبوونە کە بـە جۆرێـك تیایـدا ئینتیمـا بـۆ کوردسـتانیبوون و کوردبـوون بگاتە ئەنجام و شووناسی بە زۆر سـەپێندراوی عێراقیبـوون، ئێرانیبـوون، تورکیبـوون،**

سووریبوون هەڵبوەشێندرێتەوە. بارودۆخی ناهەمواری دوای دابەشکردنی کوردستان و بە چەمکی ئیسماعیل بێشکچی بوونی کوردستان بە کۆلۆنییەکی نێودەوڵەتی بووەتە هۆی ئەوەی کە پرۆژەی گەڕانەوەی کوردی بۆ ناو جەستەی نەتەوەیی خۆی هێجگار گران بێت. بە جۆرێك ئەو پرۆسەیە کوردی لە هەر بەشێکدا ناچار کردووە بەرنامەو پرۆژەی خەبات لە سەر ئاستی ئەو بەشەی خۆی دابنێت و بەوەش جۆرێك لە پەرتبوون لە جەستەو قەوارەی ناسیونالیستی کوردیدا دروست بکات و سەرئەنجامیش لە بری تاکە گوتاری ناسیونالیزمی کوردی، گوتاری هەرێمایەتی یان ناوچەیی کوردی بەرهەم بێت واتە گوتاری ناسیونالیزمی پەرتبوو یان ناسیونالیزمی ئاراستە پەرتکراو کە ئەویش لە باشترین حاڵەتیدا دەبێتە گوتاری سەربەخۆیی و درووستکردنی دەوڵەت بۆ ئەو بەشەی کوردستان کە تیایدا درووست بووە کە لە راستیدا ئەمەش تاکو ئێستا نەبۆتە گوتاری هیچ حیزبێکی جەماوەرداری هیچ بەشێکی کوردستان. تەنانەت بە گوێرەی حیزبێکی وەکو پارتی کرێکارانیش کە وەکو حیزبێکی ناسیونالیستی خاوەن پرۆژەی دەوڵەت باسی لە خۆی دەکردو لە بارەی کوردستانی گەورەوە دەدوا، ئێستا پاشەکشێی لەو بەرنامەیەی کردووە. ئاشکراتر بڵێین بەرنامەی حیزبە جەماوەردارەکان لە هەموو کوردستاندا، هەریەك بۆ کوردستانی بەشی خۆی پرۆژەی ئۆتۆنۆمی یان لە باشترین حاڵەتدا ئێستا پرۆژەی فیدراڵی هەیە کە ئەوەش ناتوانرێت لە سیاقی گوتاری ناسیونالیزمدا پێناسەی تەواوەتی بکرێت. ئەگەر لەم روانگەیەوە سەیری حیزبی هیوا بکەین: ئایا ئەم حیزبە لە ئاستی یەکەمدا دەتوانرێت بە حیزبێکی ناسیونالیستی دابنرێت؟ ئایا ئەگەر هاتوو بە حیزبێکی ناسیونالییستی دانرا، ناسیونالیستێکی ناوچەیی واتە هەرێمییە، یان ناسیونالبستێکی گشتییە لەسەر ئاستی نەتەوە؟ بێگومان دەبێ ئەوە بزانین بە پێی بەرنامەی ئەم حیزبە خۆی واتە حیزبی هیوا کە هەڵگری بەرنامەی ئۆتۆنۆمیە نابێتە حیزبێکی ناسیونالیستی. لە

لایەکی تریشەوە بە پێی بەرنامەکەی، ئەو ئۆتۆنۆمیی تەنیا بۆ کوردستانی عێراق دەوێت و پێکهاتن و رێکخستن و ئەندامانو شێوازی کارکردنیشی تەنیا لە رووبەرێکی دیاری کراوی ئەو بەشەی کوردستاندایە کە لکێندراوە بە عێراقەوە. بەو پێیە حیزبی هیوا نابێتە خاوەنی گوتاری ناسیونالیزم و هەر بەو پێیەش ناتوانرێت وەکو حیزبێکی ناسیونالیستی کوردی سەیر بکرێت، هەرچەندە ئێمە ئەوە دەزانین کە ئەم حیزبە هەڵگری بەرنامەو خوازیاری جێبەجێکردنی بەشێکی دیاریکراوو سنوورداری هەندێ رەگەزی سادەی ویستی ناسیونالیستانە بووە، بەلاّم لە پاڵ ئەوەشدا بەرجەستەکەری بەشێکی دیاری ویست و داواکانی ئاغاو بەگ و شێخو نوخبەی نێو کۆمەڵگەی کوردیی ساڵانی کۆتایی سییەکان و نیوەی یەکەمی چلەکانی سەدەی بیستەم بووەو نەیتوانیووە ببێتە حیزبێکی جەماوەری کە جوتیارو زەحمەتکێش و چین و توێژە کۆمەڵایەتیە جۆراوجۆرەکان خۆیانی تێدا رێکبخەن. ئەمە سەرباری ئەوەی کە دەزانین مەسەلەی ناسیونالیزم زیاتر پەیوەندی بە چینی ناوەندەوە هەیەو لەو قۆناغە مێژووییەی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردیدا چینی ناوەند بوون و ئامادەبوونی نەبووە(16).

**ئەنجام:**

دیارە بە کاریگەری داگیر کردن و دابەشکردنی کوردستان گوتاری ناسیونالیزمی کوردی بە هەموو کەموو کورتیەکانیەوە، هەر لە پێکهاتنییەوە بەو شێوە ناتەواوەی کە هەیە، تاکو ئێستاش گوتارێکی خاوەن شووناس نییە، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا بارگاوی کراوە بە بەشێك لە ویست و خواستی ئازادی و رزگاربوون لە دەستی داگیرکەرانی کوردستان ئامانجی بووە بەلاّم سنوورو رەهەندی ئەو ئازادیو رزگاربوونە نەگەیشتووەتە سەرەبەخۆیو پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی. دیارە ئەم گوتارە نەیتوانیووە ببێتە گوتارێکی بارگاوی کراو بە بیرو روانین و جیهانبینی و مەعریفەی جۆراو جۆرو

ناکۆك و جیاواز یان هاوشێوەو لێکچوو بە قەد ئەوەی کە گوتارێکی تاك ئاراستەو تاك ڕەهەند بووەو، یەك ئاسۆی هەبوو کە ئەویش ئاسۆی خەبات بووە لە پێناوی ڕزگار بوون و بە دەستهێنانی ئاستێك لە مافە نەتەوەیەیکان. بە واتایەکی تر ئەگەر پێمان وابێت شتێك هەیە بە ناوی گوتاری ناسیونالیزمی کوردی، ئەوا لە گەوهەردا ئەو گوتارە بریتیە لە پرۆژەیەکی گشتگرو هەمە لایەن بۆ سەلماندنی شوناسی کوردی. بەلاّم ئاشکرایە نە لە رووی فیکری و جیهانبینیەوە نە لە رووی جەماوەرییەوە، ئەو گوتارە لە سەر زەمینەی واقیع نەبۆتە گوتاریکی بالاّدەست و چالاك و کارا. گومانی ئەوەش ناکرێت کە لە دەرەوەی مۆدێرنێتە هەر ئاخاوتنێك لە بارەی ناسیونالیزم و هەر بەو پێیەش لە بارەی شوناسی ناسیونالیزمی کوردی یان شوناسی نەتەوایەتی کوردیەوە هیچ مانایەکی نییە لە کاتێکدا ناسیونالیزم بەرهەمی مۆدێنێتەیە. هەر لێرەوەیە کە بە جۆرێك لە جۆرەکان شوناسی ناسیونالیستیبوون ڕاپەڕین و حیزب و ڕێکخراوەکانی کورد لە رابردوودا دەکەونە بەردەم پرسیارەوە، پرسیاری ئەوەی ئایا دەشێ لە کوردستانێکی لە هەموو روویەکەوە دواکەوتوودا، کە پێکهاتەی کۆمەڵگە پێکهاتەیەکی خێلاّیەتی بێت و ئابووری دواکەوتووی خێڵ وئابووری شوانکارەیی بالاّدەست بێت و پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان، پەیوەندی بەرهەمهێنانی فیودیالییەکی تێکشکاوی ناسرووشتی بێ پێناسە بێت و زۆرینەی هەرە زۆری دانیشتوان نەخوێندەوار بێت، واتە لە کاتێکدا هێشتا کۆمەڵگە بە گشتی لە قۆناغی پێش نووسیندا بژی و ولاّتەکەش لە رووی سیاسی و ئیدارییەوە دابەشکرابێت بەسەر کۆمەڵێ دەوڵەتی خێلاّیەتی ئایینیداو، بنەما سادەکانی مۆدێرنێتەش هیچ ئامادەبوونێکیان نەبێت لەو کۆمەڵگەیەدا، کەچی بزووتنەوەی ناسیونالیستی و حیزبی ناسیونالیست ئامادەبوونیان هەبێت؟ بێگومان ئەمە مەسەلەیەکە لە رووی زانستیەوە لەسەر راوەستانی دەوێت و لە رووی واقیعیشەوە ئەو بارەی کە تاکو ئێستا کوردی تێدا

دەژی وەڵامی ئاشکرای ئەو پرسیارانە دەداتەوەو شوناسی ناسیونالیزمی کوردیش چ بۆ سەردەمی حیزبی هیواو چ بۆ دواترو تەنانەت بۆ ئێستاش ئاشکرا دەکات. ئەمەش ئەو بارودۆخەیە کە ناسیونالیزمی کوردی و گوتاری ئەو ناسیونالیزمەش دەخاتە بەردەم پرسیارەوەو هەر بەو پێیەش ناتوانین وای دابنێین کە حیزبی هیوا حیزبێکی ناسیونالیست بوو بێت و بەو پێیەش نابێتە خاوەنی گوتاری ناسیونالیزم.

سەرچاوەکان:


1- کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدەو بیستەمدا، وەرگێڕانی حەمەکەریم عارف، هەولێر، 2006، ل:170

2- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل:171

3- هەمان سەرچاوەی پێشووتر، ل:171

5-David Macdowall, A Modern History of The Kurds. London, 2000, pp:289-290.

5- الدکتور عبدالستار گاهر شریف، الجمعیات والمنظمات و الاحزاب  الکوردیە، السلیمانیە، 2007،ص: 140.

6-ایوب بارزانی، المقاومە الکردیە للاحتلال، دار نشر حقائق المشرق 1914-1958،ص198

7- دکتۆر عەزیزی شەمزینی، جولانەوەی رزگاریی نیشتیمانی کوردستان،وەرگێڕانی فەرید ئەسەسەرد، سەنتەری ستراتیجی کوردستان، 2006 ، ل263 .

8- لازاریف ، المسالە الکردیە فی سنوات 1923-1945،ص 311.

9-Borhanedin A. Yassin, Vision or Reality, Lund University PressK1995Kp:122.

10- وەدیع جویدە، جولأنەوەی نەتەوەیی کورد بنەماو پەرەسەندنی، وەرگێڕانی دکتۆر یاسین سەردەشتی، سلێمانی 2008، ل508.

11- بندکت اندرسون والاخرون، القومیه مرص ام خلاصه، ص 138.

12- نفس المصدر السابق، ص: 140.

13- ابن خلدون، المقدمه، دار الجیل، ص:289.

14-عەتا قەرەداخی، کاریگەری کەلتوری ئەوان لەسەر کورد، سلێمانی ، چاپی دووەم،2007،ل:327.

15- الدکتورمحمد عابد الجابری، خگاب العربی المعاصر، ص:6.

16- عەتا قەرەداخی، پەرەسەندنی ناسروشتی کۆمەڵگای کوردی، سلێمانی،2001،ل163.

## بەشی سێیەم:

# گوتاری حیزبی رزگاری  کورد

**سەرەتا:**

**ئەوە ئاشكرایە كە حیزبی هیوا دووچاری جۆرێك لە دابەشبوون هات. سەرۆكی حیزب كە رەفیق حیلمی بوو لەگەڵ ژمارەیەك لە ئەندامانـدا لایەنگری بەریتانیا بوون. بەشێك لە سەركردایەتی و زۆرینەی ئەنـدامانی حیـزبیش لایەنگری سۆڤێت بوون و پێیان وابوو سۆڤێتی ئەو كاتە كە سەردەمی دەسەڵاتداریێتی ستالین بوو تاكە هێزە كە دەشێ پاڵپشتی كورد بكات بۆ بەدەستهێنانی مافەكانی. دیارە ئەوەش ئاشكرایە كە حیزبی هیوا پەیوەنـدی باشی لەگەڵ بارزانیـدا هەبووەو تەنانـەت لە دەربازكردنی بارزانیدا لە سلێمانیەوە بۆ بارزان ئەم حیزبە دەوری گرنگی هەبووە. لە بارودۆخی بەرەو شكست چوونی حیزبی هیوادا چەپە كوردەكان لە رێكخراوی شۆڕشدا كۆبوونەوە، كە رێكخراوێكی كۆمۆنیستی بوو. نوخبەی خوێندەواری نەتەوەیی بە تایبەتی ئەوانەی كە پێشتر لە حیزبی هیوادا كاریان كردبوو، یان لایەنگری مەسەلەی نەتەوایەتی بوون بە بۆچوونی مەسعود بارزانی لە دەوری بارزانی و لە رێكخراوی رزگاریدا كۆبوونەوە.لەم بارەیەوە مەسعود بارزانی دەڵێت: لە 15ی‌كانوونی دووەمی ساڵی 1945داو دوای زنجیرەیەك كۆبوونەوەی چڕو پڕ كە تیایدا بارودۆخەكە لە هەموو لایەكیەوە هەڵسەنگێنرا، بارزانی لەگەڵ هاورێكانیدا لە ئەفسەرانی ئازاد بڕیاریاندا ( لیژنەی رزگاری ) درووست بكەن (1). دایڤد ماكدۆواڵ دەڵێت: رزگاری كورد لە ساڵی 1945دا درووست بوو، مەبەستی بوو ببێتە بەرەیەكی جەماوەری ، هەمان شێوەی رێكخراوەكانی پێش خۆی رزگاریش ماوەیەكی كورت ژیا، بەڵام لەوانی تر سەركەوتووتر بوو لە راكێشانی لایەنگران بەلای خۆیدا كە نزیكەی شەش هەزار**

کەسی هەبوو. بە خێرایی لە ناو کۆلێژەکانی بەغداو لە نێو قوتابیانی کورددا لە شارە کوردەکان جێ پێی خۆیی کردەوەو پەیوەندی خۆی لەگەڵ بارزانیەکان لە مهاباد گرێد(2).

وەدیع جوەیدە دەڵێت: لەسەروبەندی دامەزراندنی حیزبی رزگاری کورددا، شۆڕش ( رێکخراوی شۆڕش) داوانامەیەکی سەرنجڕاکێشی ئاراستەی گەلی کورد کردبوو، تیایدا هانیدابوون لە دەوری ئەو حیزبە نوێیە واتە رزگاری کۆببنەوەو پشتگیری تەواوی خۆیانی پێشکەش بکەن( 3). دکتۆر عەبدولستار تاهیر شەریف دەڵێت: لە دایکبوونی حیزبی رزگاری کورد بە هۆی هەوڵی حیزبی شۆڕشەوە بوو، ئەویش وەکو پێویستی بۆ درووست بوونی حیزبێکی نەتەوەیی پێشکەوتن خواز کە نوێنەرایەتی بەرەیەکی یەکگرتووی نیشتمانپەروەرە کوردەکان لە کوردستانی عێراقدا بکات،(4). ئێستا بە ئاشکرا دەردەکەوێت کە لە دوای هەڵوەشاندنەوەی حیزبی هیوا، حیزبی شۆڕش بەهێزترین حیزب بووە لە کوردستاندا کە هەموو چەپەکانی تێدا کۆبووبوونەوە. بەڵام هەر لەو کاتەدا حیزبی رزگاری کورد پێکهات کە لە سەرەوتاوە ژمارەیەکی زۆر لە چەپە کوردکان لە ناو حیزبی ئازادی کورددا خۆیان رێکخستبوو. هەرچەندە ئەم چەپە کوردانە کەوتبوونە بەر رەخنەی کۆمۆنیستەکانی عێراق، بەڵام لە پشتگیری و یارمەتیدانی حیزبی رزگاری کورد وازیان نەهێنا، هەرچەندە دواتر کە حیزبی رزگاری کورد پەرەی سەندو، بوو بە حیزبی دیموکراتی کورد واتە پارتی دواتر، لەو کاتەدا چەپەکان لە حیزبی رزگاری کورد چوونە دەرەوە بەڵام بە جیدی پشتگیری ئەم حیزبەیان دەکرد.

ئێستا جێگای خۆیەتی بپرسین ئایا حیزبی رزگاری کورد هیچ پەیڕەوو بەرنامەیەکی دیاریکراوی هەبووە؟ ئایا شوێنی ئەم حیزبە لە سەرجوگرافیای ناسیونالیزم لە کوێدایە؟ ئایا ئەم حیزبە خاوەنی گوتاری ناسیونالیزمی کوردی بووە؟ ئەگەر خاوەنی

گوتـارێکی لـەو جـۆرە بـووە تـا چ ئاسـتێك توانیـوێتی بـۆ جێبـەجیکردنی ئـەو گوتـارە لەسەر زەمینەی واقیع کار بکات؟ جارێکی تر دایڤد ماکدۆواڵ دەڵێت: حیزبـی رزگـاری کورد جیاواز لە حیزبی هیوا کە هەرگیز پرۆگرامێکی رەسمی حیزبـی نـەبوو، رزگـاری بـە شـێوەیەکی هێمنانـە دوای ئـازدی و یەکگرتنـەوەی کوردسـتان کـەوتبوو، ئامانجـە کاتییەکانی بەرێوەبرنی سەربەخۆی کورد بوو لە چوارچێوەی عێراقدا و پەیوەنـدی هاریکـاری و هاوکـاری لەگــەڵ پارتــە کوردییــەکانی کــورد لــە دەرەوەی عێــراق دادەمەزرانـد(5). وەدیـع جوەیـدە دەڵێـت: حیزبـی رزگـاری کـورد بەیاننامەیـەکی بڵاوکردەوە کـە مەبەسـت و ئامانجـەکانی خـۆی تێـدا ئاشـکرا کـرد: یەکـەم: بـەرزترین ئامانجمان یەکخستنەوەو رزگارکردنی کوردستانی گەورەیە، لەبەر ئەوەی حیزبەکەمان لە کوردستانی عێراقدایە، خەبات دەکەین لە پێناو پاراستنی عێراق لـە هاتنـە نـاوەیی ئیمپریالیزم و حکومەتە کۆنەپەرستەکان، ئەوانەی تا ئێستاش گەورەترین لەمپـەر لـە بەردەم دیـاریکردنی چارەنووسـی نەتـەوەییمان پێکـدەهێنن(6). ئەگـەر سـەرنجی ئـەم بۆچـوونانەی سـەرەوە بـدەین ئـەوا بـە ئاشـکرا بۆمـان دەردەکـەوێت کـە لـە بنەڕەتـدا حیزبـی رزگـاری وەکـو حیزبێـك تـەنیا بـۆ کوردسـتانی عێـراق درووسـتبووە وەکـو لـە دەربڕینـەکانی خۆیـدا هـاتووە بـەڵام ئامـانجی سـەربەخۆبوونی کوردسـتانی گەورەشـی هەبووە.

سەرەتا دەبێ ئەوە بزانین ئەگەر تاکە کەسێك یان گروپێـك یـان حیزبێـك بـڕوای بـە کوردستانی گەورەو سەربەخۆیی هەموو کوردستان هەبێت لـە نووسـین یـان پەرنامـەو پەیڕەوی خۆیدا هیچ بەشێکی کوردستان بە ناوی ئەو دەوڵەتە داگیرکەرەوە نـاو نابـات کە پێوەی لکێندراوە چونکە کوردستان هی هیـچ کـام لـەو دەوڵەتانـە نییـە کـە پێـوەی لکێندراوە هەتا بگوترێت کوردستانی فلانە دەوڵـەت، بـەڵام لـە دەربڕینـەکانی حیزبـی رزگاریدا باشووری کوردستان بە کوردستان عێراق نـاوبراوە. ئـەم جـۆرە ناوهێنانـە لـە

لایەن خەڵك و حیزبی کوردیشەوە تەنیا یەك لێکدانەوەی بۆ دەکرێت کە ئەویش بڕوا نەبوونە بە یەك کوردستانی یان دەشێ بەرهەمی لاوازی هوشیاری نەتەوەیی بێت یان لە ئەنجامی پەروەردەی داگیرکەرانی کوردستاندا ئەم جۆرە دەربڕینانە لە نەستی مرۆڤی کوردا جێگیر بووە. ئەمەش ئەو قسەیەی بێشکچیمان بیر دەخاتەوە کە دەڵێت: هەموو داگیر کەرەکانی کوردستان کوردستانی خۆیان هەیە بەلاّم کورد کوردستانی خۆیی نییە. لێرەدا حیزبی رزگاری هەرچەندە باسی کوردستانی گەورە دەکات بەلاّم لە بەرنامەکەیدا پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە ئەم لەو بەشەی کوردستاندا درووست بووە کە لکێندراوە بە عێراقەوە، بۆیە لە پێناوی ئەو بەشەو عێراقدا خەبات دەکات. جگە لەوە ئەم حیزبە لە بەرنامەکەی خۆیدا باسی بەرگری کردن لە عێراق دەکات و دژایەتی خۆی بۆ هەموو ئەو دەوڵەت و لایەنە کۆنەپەرست و ئیمپریالیانە رادەگەیەنێت کە چاویان بڕیوەتە عێراق. هەروەك لە راوبۆچوونی هەموو ئەوانەی کە لەسەر حیزبی رزگارییان نووسیووە، یان لەبارەیەوە دواون ئەوە ئاشکرا دەبێت کە ئەم حیزبە لە سنووری ئەو بەشەی کوردستاندا بووە کە لکێندراوە بە عێراقەوەو بەرنامەی کارکردنیشی خەبات بووە لە پێناوی بە دەستهێنانی ماف لە سنووری ئەو بەشەدا کە ئەویش بە هیچ شێوەیەك مەبەست مافی جیابوونەوە نەبووە، بەڵکو زیاتر بە دەستهێنانی مافی ئۆتۆنۆمی یان ئیداری کوردی بووە لە سایەی دەوڵەتی عێراقیدا.

لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات: ئایا رزگاری حیزبێکی ناسیونالیست بووە؟ ئایا گوتاری حیزبی رزگاری گوتاری ناسیونالیزم بووە؟ ئایا حیزبی رزگاری بە راستی بەرنامەی سەربەخۆیی کوردستان و درووست کردنی دەوڵەتی کوردی هەبووە؟ ئایا حیزبی رزگاری وەکو حیزبێکی نەتەوەیی بە سرووشتی و لە ئەنجامی پەرەسەندنی ناسیونالیزمی کوردیدا درووست بووە؟ ئایا لە رووی پەرەسەندی کۆمەلاّیەتی و ئابوورییەوە زەمینەی درووستبوونی حیزبێکی ناسیونالیستی هەبووە بە جۆرێك ئەو

حیزبە ببێتـە حیزبێکـی جـەماوەری و رابەرایـەتی بزووتنەوەیـەکی جـەماوەری بکـات لەو قۆناغە مێژووییەدا؟ ئایا کاریگەری ئایدیۆلۆژیای کۆمۆنیستی چ دەورێکـی هـەبووە لەسەر درووسـتبوونی حیزبـی رزگـاری؟ ئایـا کۆمۆنیسـت و چـەپەکانی کوردسـتان لـەو قۆناغەدا چ دەورێکیان لە سەر درووستبوونی حیزبی رزگاری هەبووە؟ ئایـا رێکخـراوی شۆڕش  لەو رووەوە چ دەورێکی بینیووە؟

بێگومان هەوڵدان بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسـیارانە دەشـێ روونـاکی زیـاتر بخاتـە سـەر چۆنێتی درووسـتبوونی حیزبـی رزگـاری و پـەیڕەوو بەرنامـەو گوتـاری ئـەو حیزبـە. دیـارە ئـەوە ئاشـکرایە نـاتوانین دان بـەوەدا بنـێین کـە حیزبـی رزگـاری حیزبێکـی ناسیونالیسـتی بـوو بێـت، هەرچـەندە لـەوە دڵنیـاین کـە بەرنامـەی ئـەم حیزبـە لـە کۆمەڵێك توخم و رەگەزی ناسیونالیستی خاڵی نەبووە. بەڵام ئایا ئەو رەگـەزو توخمـە نەتەوەیی، یان ناسیونالیستیانە بەرهەمی پەرەسەندی ناسینالیزمی کوردی بوون، یـان بەرهەمی هەستی خۆڕسکی نەتەوایەتی بوون؟ یان کاریگەری دەرەوەو هاوشـێوەکردنی خۆ واتە کورد لەگەڵ ئەوانی تردا ئەو رەگەزانەی بەرهەم هێناوە؟

ئـەوە ئاشـکرایە کـە حیزبـی رزگـاری لـە سـەرەتای سـاڵانی چـلی سـەدەی بیسـتدا درووست بـووەو ئـەوەش ئاشـکرایە لـەو قۆناغـەدا کۆمەڵگەی کـوردی لـە بـارێکی دواکـەوتوودا بـووە کـە مەبەسـت لـەوەش ئەوەیـە هێشـتا دامـەزراوەی خێـڵ و پەیوەنـدی بەرهـەمهێنانی خێـڵ و تەنانـەت گـەرمیان و کوێسـتانیش هێشـتا لـە کۆمەڵگـەی کوردیـدا بـەردەوام بـووە. کۆمەڵگـەی کـوردی لـەو قۆناغـەدا هێشـتا کۆمەڵگەی لادێ یان کۆمەڵگـەی کشـتوکاڵی و شـوانکاری بـووە. هـەر بـەو پێیـەش پەیوەندییـــەکانی بەرهـــەمهێنان پەیوەنـــدی بەرهـــەمهێنانی لادێ بـــووە. تـــا ئەندازەیەکی زۆریش کۆمەڵگە نەخوێندەوار بووە. دەرکەوتنی سەرەتا سـادەکانی بە پیشەسازی بوونی وڵات یان کۆمەڵگە هێشتا جێگای سەرنج نەبووە. هـەر بـەو

پێیـەش پێکهاتـەی کۆمەڵایـەتی کۆمەڵگـەی کـوردی پێکهاتەیـەکی جووتیـاری و شـوانکارەیی بـووەو تـەنیا نوخبەیـەکی کـەم خوێنـدەوار لـە کۆمەڵگـەدا هـەبووە بەدەگمەن کۆمەڵگەی کـوردی ئـەو کاتـە خاسـێتی شـاری هـەبووە. دیـارە ئـەوەش ئاشکرایە کە ناسیونالیزم بەرهەمی کۆمەڵگەی شار یان بەرهـەمی مۆدێرنێتەیـە، کە لەو قۆناغەدا کۆمەڵگەی کوردی نە کۆمەڵگیەك بووە کـە سـادەترین خاسـێتی کۆمەڵگـەی شـاری هـەبوو بێـت، نـە شۆڕشـی پیشـە سـازی کـراوە هـەتا بـۆرژوای پیشەسازی و بـۆرژوای نیشـتیمانی درووسـت بـوو بێـت. دەرکـەوتنی تاکـە کەسـی ناسیوناليستیش لەو ساتە وەختە مێژووییەدا دیاردەیەکی تاکە کەسی بـووەو بـە هیچ شێوەیەکیش ناتوانرێت تاکە کەس یان دەستەو گروپ بکرێت بـە بنـەما بـۆ دیـاریکردنی چـینێکی کۆمەڵایـەتی یـان بزووتنەوەیـەکی کۆمەڵایـەتی، یـان بـۆ دیاریکردنی قۆناغێکی مێژوویی. هـەر بۆیـە ناشـێت تەسـەوری ئـەوە بکـەین کـە لـەو مێـژووەدا کـە حیزبـی رزگـاری درووسـت بـووە ناسـیونالیزمی کـوردی وەکـو ئایدیۆلۆجیایەکی کۆمەڵایەتی، یان وەکو بەرنامەی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایـەتی جەماوەری بوونی هەبووبێت. بەڵکو تەنیا دەتـوانین لایـەنگری ئـەوە بکـەین کـە لەو قۆناغەدا تاکی ناسیونالیست یان دەسـتەو گروپـی بچووکی ناسیونالیسـت لـە کۆمەڵگەی کوردیدا هەبووە کە توانیوویانە تا ئەندازەیەك خەڵکانێك لـە خۆیـان کۆبکەنـەوەو هەنـدێ جـار بـۆ خـەبات و راپـەڕینیش ئاراسـتەیان بکـەن. دیـارە سـەرهەڵدانی بزووتنـەوەی بەدرخانیـەکان و شـێخ عوبەیـدولای نـەهری‌و شـێخ عەبدولسەلامی بارزانی و شێخ مەحمود و شـێخ سـەعیدی پـیران و دروسـتبوونی رێکخراوەکانی وەکو خۆیبوون و هیـواو کۆمەڵـەی ژیانـەوەو رزگـاری و دواتـریش پارتی هەر لەسەر دەستی ئەو تاکە کـەس و دەسـتەو گروپـە بچووکانە درووسـت بوون.

هـەر بۆیــە بــە ئاشــکرا دەتــوانین بڵــێین حیزبــی رزگــاری وەکــو حیزبێکــی ناسینالیستی کوردی درووست نەبووە کە هەڵگری پرۆژەی نەتەوەیی کوردی بـوو بێت و پێگەیشتن و دەرکەوتنی ناسینالیزمی کوردی درووستی کردبێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە یەکێك لە بنەما سەرەکیەکانی ئەو حیزبـە دەرکـەوتنی ئـەو نوخبـە ناسینالیستە بە ژمارە کەمـە بـووە کـە دەتـوانین بڵێین ئـەو نوخبەیـە لـە نێـوان چەپ و ناسیونالیستیدا دابەش بوون کە ئەمەش زیاتر دەبێتە سەلمێنەری ئەوەی کە ئەم نوخبەیە زیاتر لـە ژێـر کاریگـەری دەرەوەو رێکخـراوی شۆڕشـدا سـەریان هەڵداوەو دەرکەوتوون و زیاتریش نوێنەرایەتی نوخبەیەکی کەمی خوێنـدەواری شـارییان کـردووە، لـە بـری ئـەوەی رێکخـراوی بیرێکـی سیاسـی کۆمەڵایـەتی یـا بزووتنــەوەی چــین یــان جــەماوەرێکی کۆمەڵایــەتی بووبێــت. هــەر ئــەم شــێوە درووســتبوونەش بــووە کــە وایکــردووە بەرنامــەی ئــەم حیزبــە بەرنامەیــەکی ناوچەیی یان هەرێمی بێت لەسەر ئاستی ئەو بەشەی کوردستان کە لکێندراوە بە عێراقەوە، لە بری ئەوەی کە خاوەنی بەرنامـەو پـرۆژەی نەتـەوەیی بووبێـت بـۆ هەموو کوردستان. هەروەك لە راسـتیدا نـاتوانین تەسـەوری بـوونی هـیچ حیـزب یـان رێکخراوێکـی ناسینالیسـتی بکـەین بـە بـێ بـوونی بەرنامـەی درووسـتکردنی دەوڵەت، چونکە ئەگـەر بـە چـەمکی هیگڵی دەوڵـەت بـەرزترین ئاسـت بێـت کـە رۆحی رەهای کۆمەڵگە تیایدا گوزارشت لە خۆی بکات ئەوا ناسیونالیزم هـەڵگری ئەو رۆحەیە بە ئاراستەی گەیاندنی بە چرکەساتی گەیشتن بە ئاسـتی گوزارشـت لە خۆکردن. لێرەوە تێدەگەین نەك بۆ حیزبی رزگاری بەڵکو بـۆ ئێسـتاش کـورد حیزبی لەو جۆرەی نییە کە وکو حیزبێکی جەماوەری هەڵگری ئەو رۆحـە بێـت بــۆ گەیانــدنی بــە ئاســتی رەهــاو بــۆ ڤوزارشــت کردنــی راســتەقینەی ویســتە ناسیونالیسـتیەکان یـان بەرنامـەی ناسـیونالیزم کـە خـۆی لـە بەرجەسـتەکردنی

دەوڵەتــدا دەبینێتــەوە. بــەڵكو حیزبــی كــوردی لــە ئاســتی بەرنامــەو پرۆژەشــدا درووستكردنی دەوڵەتی كوردی نەكردۆتە ئامـانج كەواتـە لەسـەر چ بنەمایـەك و بەپێی چ پێوەرێك حیزبی كوردی نەك بۆ ساتەوەختی حیزبی رزگاری بەڵكو بـۆ ئێستاش بە حیزبی ناسینالیست دابنرێت؟

هەر لێرەوە دەتوانین بڵێین ئەو توخم و رەگەزە نەتەوەیی و ناسینالیستانەی كە لەبەرنامەی حیزبی رزگاریدا هـەبوون زیـاتر لـە ژێـر كاریگـەری هاوشـێوەكردنی كۆمەڵگـەی كـوردی بــە كۆمەڵگـەكانی تــرو بــە كاریگــەری و رۆڵــی تاكــە كەســە ناسیونالیستە كانی ناو ئەو حیزبە بووە، كە ئەوانیش بە كاریگەری خوێندنەوەو بــە ئاگابوونیــان لــە ئــەزموونی گــەلان و نەتــەوەكانی تــر و تێگەیشــتنیان لــەو راســتیەی كــە تاكــە رێگــای رزگــار بــوون دروســتكردنی دەوڵــەتی نەتــەوەیی و سەربەخۆیە. بێگومان حیزبی رزگاری لە بەرئەوەی لە چەپەكانی كوردستـانەوە نزیك بووەو تەنانەت هەندێ جار وەكو بەشێك لە رێكخراوی شۆڕش یـان جـۆرە حیزبێكی چەپ یان كۆمۆنیستی كوردستانی دەركەوتووە، ناڕاستەوخۆ كاریگـەری سـۆڤێت و ئایـدیۆلۆجیای چـەپیان لەســەر بــووەو پــرۆژەی سـۆڤێتی ســەردەمی ستالینیش بۆ رزگاری گەلان دەوری دیاری هـەبووە لەسـەر ئـەو نوخبـە كـادیرەی كە ئەم حیزبەیان دروست كردووە. ئێستا دەبینین حیزبی رزگـاری لـە واقیـع و قۆناغێكی مێژوویدا دروست بووە كە ئەو بنەمایانـەی كـە پێویسـتن بـۆ بـوونی بزووتنەوەیەكی ناسیونالییزمی یان بۆ دروست بوونی حیزبێكـی ناسیونالیسـتی بوونیان نەبووە. لەم بارەیەوە هۆبسباوم پێی وایـە: ئـابووری نەتـەوەیی و چـینە كۆمەلأیەتیەكان بنـەمای دروسـتبوونی نەتەوایـەتین ( ناسـیونالیزمن)(7). كـە بێگومـان مەبەسـت لـە چـینە كۆمەڵایەتیـەكان بـۆ خەملآنـدنی نەتەوایـەتی یـان

ناسیونالیزم چینی بۆرژوای نیستیمانی و بۆرژوای پیشەسازییە، بە وتەیەکی گشتیتر چینی ناوەندە.

ئەوەش ئاشکرایە لە ساتەوەختی درووست بوونی حیزبی رزگاریدا بۆرژوای کوردی وەکو چینێکی کۆمەڵایەتی خاوەن خاسێتەکانی ئەو چینە بوونی نەبووە. هەروەك ئابووری کوردستانیش لەو سەروەختەدا ئابووری خێڵایەتی یان ئابووریەکی ناتەواوو بێ شووناسی فیودیالی بووە، لەو روانگەیەوە کە پەیوەندی ئابووری فیودیالی لە کوردستاندا بە شێوەیەکی سرووشتی بوونی نەبووە. کەواتە بە پێی ئەو بۆچوونەی هۆبسباوم لەو کاتەدا زەمینەی دەرکەوتنی ناسیونالیزم نەرسکاوەو ئامادە نەبووە، هەتا پێمان وابێت کە حیزبی رزگاری وەکو حیزبێکی ناسیونالیستی جەماوەریی درووست بوو بێت.

سەرهەڵدانی ناسیونالیزم مەگەر لەسەر ئاستی تاکە کەسی ناسیونالیست ئەگینا وەکو بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بەرهەمی قۆناغی فیودیالی یان جوتیاری نییە. دەشێ لەو قۆناغەدا تاکە کەسی ناسیونالیست دەربکەوێت و رەنگە بتوانێت لە شێوەی دەستەو گروپدا خەڵك لە دەوری بۆچوونەکانی خۆی کۆبکاتەوە، بەڵام هەرگیز ناتوانێت گوتارێکی ناسیونالیزمی گشتگر لەسەر ئاستی کۆمەڵگەکەی یان نەتەوەکەی بەرهەم بهێنێت چونکە ئەوە ئاشکرایە کە کریس هارمن دەڵێت: بە شێوەیەکی گشتی ئەوانەی کە گەشەو بزاوتیان بە ناسیونالیزم بەخشیووە، چەند بەشێکن لە چینی ناوەندی تازە پێکهاتوو کە بەدەست دواکەوتوویی و لە جێگای خۆدا راوەستانی کۆمەڵگەکەیانەوە رەنج و ئازارێکی زۆریان چەشتووە(8). لە راستیدا ئەوەی لە بنەڕەتەوە هۆکارە بۆ لاوازی و پشێوی و بێ شوناسی و بێ بەرنامەیی ناسیونالیزمی کوردی ئەگەر بتوانین بە ناسیونالیزم ناوی ببیەن، نەبوون یان دەرنەکەوتنی چینی ناوەندە کە ئەو

هەلگرو خاوەنی راستەقینەی ئەم بزاوتە کۆمەلأیەتیەیە. راستە حیزبی رزگاری کورد نوخبەیەك لە خوێندەوارو رۆشنبیری شار درووستیان کردووە کە وەکو پێشتر گوتمان، یان بە کاریگەری نوخبە بوونیان هەستی ناسیونالیستانەیان لەلا دروست بووە، یان بە کاریگەری دەرەوەو دەوروبەر، یان بە هاوشێوەکردنی کۆمەلگەی کوردی لەگەلْ کۆمەلگە پەرەسەندووەکاندا ئەمانیش واتە ئەم نوخبەیە هەولْیانداوە حیزبێك بۆ داکۆکی کردن لە مافە نەتەوەییەکانی نەتەوەکەیان درووست بکەن.

بیگومان ئەوەی دەتوانین پێداگری لەسەر بکەین ئەوەیە کە حیزبی رزگاری سەرباری هەلگرتنی هەندی داواو ویستی نەتەوەییانە لە سەر ئاستی ئەو بەشەی کوردستان کەلکێندراوە بە عێراقەوە، هیشتا ناتوانرێت وەکو حیزبێکی ناسینالیستی بدرێتە قەلّەم. هەر بەو پێیەو لەسەر بنەمای بەرنامەو پەیڕەوی کارکردنیشی کە بریتیە لە خەبات کردن وەکو خۆی دەلّێت لە پێناوی کوردستانی عێراق و لە رووداوەستانی ئەو داگیرکەرو کۆنەپەرستانەی کە چاوییان بڕیووەتە عێراق، نابێتە خاوەنی گوتاری ناسیونالیزمی کوردی، بەلّکو بە پێچەوانەوە گوتارەکەی پێش ئەوەی گوتاری ناسیونالیزمی کوردی بێت گوتاری نیشتیمانی عێراقیەو ئەوەی لە گەوهەری خۆیدا هەلگرتووە کە چارەنووسی کورد لەم بەشەی کوردستاندا کە لکێندراوە بە عێراقەوە بەندە بە چارەنووسی عێراقەوە. ئەمەش نەك گوتارێکی کوردی نییە بەلّکو گوتارێکە لە ئاستی زماندا بارگاوی کراوە بە بیرو ئەندێشەو تێڕامان و رۆح و شووناسی عێراقیانەو لەپالْ ئەو عێراقی بوونەشدا رووبەرێکی تەسکی ئەم گوتارو بۆ مافی کورد لە چوارچێوەی عێراقدا دەبینرێت. بەلأم ئەوەش واتە جێبەجێکردنی ئەو گوتارە بەندە بە رزگاری عێراقەوە لە دەستی داگیرکەرو کۆنەپەرستان. دیارە

**ئەگەر بە وردی سەیری ناوەرۆك و گەوهەری ئەم گوتارە بکەین ئەوا جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لەگەڵ گوتاری حیزبە کۆمۆنیستەکانی هەموو ئەو وڵاتانەدا کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوەو دەوڵەتەکانیان وەکو دەوڵەتی داگیرکەر لە کوردستاندا پێناسە دەکرێن و بە هیچ شێوەیەك دەوڵەتی نیشتیمانی نین چونکە کورد هیچ بەشدارییەکی نییە لە بەڕێوەبردن و دیاریکردنی سیاسەت و بەرنامەی ئەو دەوڵەتانەداو ناشتوانین ئەم دەوڵەتە نوێیانەی کە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی درووست بوون و کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە وەکو دەوڵەتی ئایینی فیودیالی یان ئیمپراتۆری ئایینی فرە ئیتنیکی لە نموونەی دەوڵەتی عوسمانی دابینێن و بڵێین گوتاری ئەم دەوڵەتانەش گوتارێکی گشتییە بۆ هەموو ئەو نەتەوەو ئیتنیکە جیاوازو جۆراوجۆرانەی کە لە سایەی دەسەڵاتی ئەو دەوڵەتەدا دەژین. هەر لێرەوە بە ئاشکرا دەردەکەوێت کە گوتاری حیزبی رزگاری هاوشێوەی گوتاری حیزبی کۆمۆنیستی عێراقییەو تەنیا هەندێ جیاوازی کەمی هەیە ئەویش زیاتر لە رووکەش و شێوەی دارشتن و لە ئاستی زماندا.**

**لە لایەکی ترەوە ئەگەر سەیری گوتاری حیزبی رزگاری بکەین جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لە گوتاری کۆمەڵەی ژیانەوەو تەنانەت لە گوتاری پارتی دیموکراتی کورد کە دواتر درووست بوو. رەنگە بە هەڵەدا نەچووبین ئەگەر بڵێین گوتاری حیزبی رزگاری وەکو سەرچاوەی گوتاری زۆربەی حیزبو رێکخراوە کوردییەکانی دوای خۆی سەیر دەکرێتو بگرە گوتاری حیزبە دیارو باڵادەست و جەماوەردارەکانی کوردستان چ لە باشوور و چ لە رۆژهەڵات تا ئەندازەیەکی ئاشکرا هاوشێوەی گوتاری حیزبی رزگارین. ئەمەش سەرنجمان بە لای ئەو راستیەدا رادەکێشێت کە حیزبی رزگاری وەکو دیارترین حیزبی کوردی دادەنرێت**

کـە لـە لایـەك خـاوەنی بەرنامـە بـووە لـە لایـەکی تریشـەوە زۆرینـەی حیـزب و ڕێکخراوەکانی دوای ئەو کە لە کوردستاندا درووست بوون بە تایبەتی ئەوانـەیان کە توانیوویانە بوونی خۆیـان لـە سـەر ئاسـتی جـەماوەری بسـەلمێنن بەرنامـەیان سـەبارەت بـە مەسـەلەی نەتەوایـەتی لـە بەرنامـەی حیزبـی ڕزگـاری تێپـەڕی نـەکردووە. واتـە بەرنامـەی حیزبـی ڕزگـاری بـە زینـدوویی لـە بەرنامـەی حیزبـەکانی دوای خۆیـدا ماوەتـەوە. ئەمـەش سـەرنجمان بـە لای ئـەو پرسـیارەدا ڕادەکێشـێت ئایـا ئـەو هۆکارانـە چـین کـە وایـان کـردووە گەوهـەری بەرنامـەی حیزبی ڕزگاری پەیوەسـت بـە مەسـەلەی نەتەوایـەتی کـوردی تـاکو ئێسـتاش لـە بەرنامەی حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردسـتاندا بـە زینـدووی بمێنێتـەوەو توانـای تێپەڕاندنی ئەو بەرنامەیە لە ئارادا نەبێت؟

وەکـو پێشـتریش ئامـاژەم بـۆ کـرد بـە بۆچـوونی مـن پـرۆژەی سـتالینیزم بـۆ ڕزگارکردنی گەلان و پاڵپشتی سۆڤیەت بۆ درووستبوونی حیزبە شیوعیەکان لەو وڵاتانــەدا کــە کوردســتانیان بەســەردا دابەشــکراوەو، دەوڵەتــەکانیان بوونەتــە داگیرکەری کوردستان جێگایەکی دیاری هەبووە لەسەر تێڕوانینی گشتی خـەڵكو لەسـەر یەرنامـەو سـتراتیژی ئـەو حیـزبو ڕێکخراوانـەی لـەو وڵاتانـەدا درووسـت بوون. ئەم کاریگەرییانەش سەر ڕزگاری ئاشکرایە چ لە ئاستی درکێنـدراودا چ لـە ئاستی نەدرکێنـدراودا بووبێـت. بـە تایبـەتیش نزیکبوونـەوەی سـوپای سـوور لـە سـنوورەکانی کوردسـتان لەسـەرو بەنـدی درووسـت بـوونی حیزبـی ڕزگـاری دا و تەسەورکردنی دەوری ناڕاستەوخۆی سۆڤێتیش بۆ درووست کردنـی ئـەم حیزبـە لـە ڕێگـای دۆسـتایەتی و پشـتگیری کردنـی ئاشـکرای ڕێکخـراوی شۆڕشـەوە زیـاتر بەلای ئەو بۆچوونەدا دەمانبات کە بەرنامەی حیزبی ڕزگـاری هـەمان بەرنامـەی سـۆڤێتی سـەردەمی سـتالینیزم بـووە بـۆ ڕزگـارکردنی گـەلان و وڵاتـان لـە

کۆنەپەرستان و ئیمپریالیزم کە مەبەست لەوەش دەسەلاتی بەریتانی و پاشایەتی کۆنەپەرستی عێراقی بووە. خودی بەرنامەی حیزبی رزگاری بەرنامەیەکە بۆ خەبات کردن لە پێناوی رزگاری عێراقدا کە ئەوەش بەرنامەی حیزبی شیوعی عێراقی بووە کە ئەو بەرنامەش لە بنەڕەتدا دروستکراو و داڕێژراوی سۆڤێتی ئەوسا بووە بە ناوی دیموکراتی بۆ ولات و ئۆتۆنۆمی بۆ نەتەوەی ژمارە دوو، کە بە پێی ئەم بۆچوونەش کورد لە هەموو ئەو ولاتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە نەتەوەن یان گەلی ژمارە دوو بووە. گوتاری حیزبی رزگاری هەمان گوتارە کە رزگار کردنی عێراق دەخاتە پێش رزگار کردنی کوردستانەوە، ئەویش نەك کوردستانی گەورە بەلکو ئەو بەشەی کوردستان کە لە ژێر دەسەلاتی دەولەتی داگیرکەری عەرەبی عێراقیدا بووە. لێرەوە بە ئاشکرا دەتوانین بلێین گوتاری حیزبی رزگاری گوتاری ناسیونالیزم نەبووە بەو ئەندازەی کە گوتارێکی هەرێمایەتی بووە کە بارگاوی کراوە بە رەگەزەکانی گوتاری نیشتیمانی عێراقی.

ئەوە ئاشکرایە کە حیزبی رزگاری بە شێوەیەکی باش پەرەی سەندو ژمارەیەکی زۆر لە رۆشنبیران و ئەفسەران و خەلکی تریشی کۆکردۆتەوەو بەردەوام بووە لە چالاکیەکانی خۆی و پەیوەندیەکی باشیشی هەبوو لەگەل کۆمەلەو رێکخراوەکانی تری وەکو شۆڕش و دواتریش حیزبی شیوعی و هەولێشی داوە زۆرینەی کوردەکان کۆبکاتەوەو لەو رووەشەوە حیزبی شیوعی کوردستانی عێراق رۆلی دیاری هەبوو بۆ نموونە لە بەیانێکی حیزبی شیوعیدا داوا لەهەموو رۆلەکانی کورد کراوە کە پشتگیری حیزبی رزگاری بکەن." ئێمەی پارتی کۆمۆنیست لە کۆمەلانی خەلکی کوردی عێراق داواکارین بۆ پێشخستنی حیزبی رزگاری کورد کارو هاریکاری بکەن، داوا لە هەموو نیشتیمانپەروەران

**دەکەین لە مەسەلەی پتەوکردنی حیزبی رزگاریدا هیچ جۆرە کەمتەرخەمییەك پیشان نەدەن، شەمزینیل(9). بێگومان ئەو پشتگیریکردنەی شیوعیەکانی کوردستان لە حیزبی رزگاری دەوری کاریگەری خۆیی هەبووە لە پەرەسەندنی ئەو حیزبەدا لە رووی ژمارەو جەماوەردارێتیەوە، بەلاَم دیارە بە جۆرێکی تریش کاریگەری هەبوو لەسەر گوتاری سیاسی حیزبی رزگاریو بووەتە هۆی ئەوەی کە گوتاری ئەم حیزبە تا ئەندازەیەکی ئاشکرا نزیك و تەنانەت هاوشێوە بێت لەگەڵ گوتاری حیزبی شیوعیدا بە جۆرێك دەتوانین بڵێین گوتاری حیزبی رزگاری هەرچەندە وەکو ئامانجی دوور باسی کوردستانی گەورە دەکات، بەلاَم بە تەواوەتی بە توخم ئەندێشەو بیرکردنەوەو جیهانبینی عێراقییانە بارگاوی کراوەو ئامانجی ئێستایی و ئامانجی سەرەکی کارکردنیشی خەباتە لە دژی کۆنەپەرستان و ئیمپریالیزم و بە دەستهێنانی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق. واتە گوتاری حیزبی رزگاری گوتاری ناتەواوی ناسیونالیزمە بەو مانایەی کە هەڵگری پرۆژەی راستەقینەو تەواوی ناسینالیزم نییە کە ئەو پرۆژەیە خۆی لە سەربەخۆیی و درووستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیدا دەبینێتەوە.**

12-2008

**سەرچاوەکان:**


1- **مسعود البارزانی، الحرکە التحرریە الکردیە،** 1943- 1945، **ص**53

2-David Macdowell. A Modern History of Kurds, London, p. 294.

3- Wadie Jwaideh, The Kurdish National Movement, Syracuse University press. p.241.

4- عبدالستار گاهر شريف، الاحزاب والمنقمات الكرديه. الگبعه الپانيه، ص 162.

5- David Macdwall, A Modren History of the Kurds, p. 294.

6- Wadie Jwaideh, The Kurdish National Movement, 241.

7- فالح عبدالجبار، الاپنيه و الدوله، 1990، ص 13.

8- كريس هارڤى، سـەرهەڵدانى پرسـى نەتـەوەيى، وەرگێڕانـى عوسمـان حەسـەن شاكير، ل. 23.

9- دكتـۆر عــەزيزى شــەمزينى، جولاٌنــەوەى رزگــارى نيشــتيمانى كوردســتان، وەرگێڕانى فەريد ئەسەسەرد، چاپى چوارەم، سلێمانى، 2006، ل. 271- 272.

## بەشی چوارەم:

# گوتاری پارتی دیموکراتی کورد

## سەرەتا:

**چالاكی حیزبی رزگاری كورد تا ناوەراستی مانگی ئابی 1946 درێژەی كێشا. لە سـەرەتای مـانگی ئابـدا كـۆنگرەی بەسـت و بـە كـۆی دەنـگ بڕیـاری خـۆ هەڵوەشاندنەوەو پێكەوەنانی پارتی دیموكراتی كوردی دا (1). لە مانگی كانوونی یەكەمی 1946دا، نۆ كوردی عێراقی لە مهاباد كە بـارزانی و هـەمزە عـەبولاَ لـە پێسەنگی ئەو نۆ كەسە بوون" كۆمیتەی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێرانیان بـۆ سەرپەرشـتی و فریاكـەوتنی بارزانیـانی دانیشـتوانی ئێـران دامەزرانـد.. دامەزرێنەرانی ئەم كۆمیتەیە دەیانویست ناسنامەی عێراقیەتی خۆیان بپارێزن( 2). دوای ماوەیـەك قـازی محەمـەدد بـە بـارزانی و هـەمزە عەبـدولاَی گـوت: هەریەك حیزب هەیە ئێوەش دەتوانن لـە نێـو حیزبـی ئێمـەدا كاربكـەن، بـەلاَم نەك بە جیـا(3)، ئـەم وتەیـە بـە هـەمان شـێوە لـە كتـێبی مێـژووی هاوچـەرخی كـورددا دووبـارە كراوەتـە(4). پـاش ماوەیـەك هـەمزە عەبـدولاَ بـە نامەیـەكی بارزانییەوە گەڕایەوە بۆ عێراق. بـارزانی داوای لـە خـەباتگێرانی كـوردی عێـراق كردبوو كە یارمەتی هەمزە عەبدولاَ بـدەن بـۆ دامەزرانـدنی حیزبـی دیمـوكراتی كوردسـتانی عێـراق( 5). دیـارە لـەو كاتـەدا بـرایم ئەحمـەد بەرپرسـی لقـی رێكخسـتنی سـلێمانی پـارتی دیمـوكراتی كوردسـتانی ئێـران بـوو، ئـەو بـە هـیچ شـێوەیەك حـەزی لـەوە نـەدەكرد كـە ئـەو پـرۆژەی بـارزانی بـیری لێكردبـووەوە سەربگرێت، هەرچەندە برایم ئەحمەدو هـەمزە عەبـدولاَ پەیوەنـدی زۆر نزیكـی ژن و ژنخوازیان پێكەوە هەبوو. رەنگە بەشێكی ناكۆكیـەكانی دواتـری بـارزانی و**

برایم ئەحمەد پەیوەندی بەم هەڵوێستەی سەرەتاو پێش دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردەوە هەبوو بێت.

لەسەرەتای مانگی ئابی 1946دا کۆنگرەی حیزبی رزگاری بەستراو حیزب خۆی هەڵوەشاندەوەو لە 16ی ئابی 1946دا پارتی دیموکراتی کورد دامەزرا( 6). پارتی دیموکراتی کوردی تازە دامەزراو لە 16ی ئابدا لە بەغدا یەکەم کۆنگرەی خۆیی بە ئامادەبوونی سی و دوو نوێنەر بەست و کۆمیتەی ناوەندیی خۆیی هەڵبژارد کە هەمزە عەبدوڵا بە سکرتێری گشتی هەڵبژێردراو مەلا مستەفا ( کە لەوێ نەبوو) بە سەرۆك و شێخ لەتیفی شێخ مەحمودو کاکە زیاد بە جێگرانی سەرۆك هەڵبژێردران،( 7).

کاتێ هەمزە عەبدوڵا لە لایەن بارزانییەوە نێردرایەوە بۆ عێراق بە مەبەستی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد لە کوردستانی عێراق، دیارە هەمزە عەبدوڵا بە بەرنامەیەکی ئامادەکراوەوە گەڕایەوە کە بە پێی قسەی ساڵح حەیدەری ئەو بەرنامەیە سۆڤێت رەزامەندی لەسەر دەربڕیبوو، ئەویش هاوشێوەی بەرنامەی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوو.ساڵح حەیدەری دەڵێت: هەمزە عەبدوڵا پەیوەندی بە ئێمەوە کردو مەسەلەکەی خستە بەردەممان، ئێمە دژی دامەزراندنی ئەو حیزبە نەبووین بە مەرجێ پەیوەست بێت بە ئامانج و پرینسیپەکانی حیزبی رزگاری کوردەوە،(8). بەڵام دیارە هەمزە عەبدوڵا بە پێی ئەو ئەرکەی خراوەتە ئەستۆی سوور بووە لەسەر ئەو بەرنامەیەی کە لەگەڵ خۆی هێناویەتی و هەروەك ساڵح حەیدەری دەڵێت هەمزە عەبدوڵا رازی نەبوو کە چەند خاڵێك لە بەرنامەکەیدا رەت بکرێنەوە یان تەنانەت گۆڕانکاریشیان تێدا بکرێت.لەو خاڵانەشی کە مایەی سەوداگەری لەسەرکردن نەبوون بریتی بوون لە: بوونی شێخ لەتیفی شێخ مەحمود و کاکە زیاد لە سەرکردایەتی

حیزبداو هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو ڕێکخراوانەی کە لە کوردستاندا کاریان دەکردو دامەزراندنی حیزبە نوێیەکە لەسەر بەرنامەیەك کە لەگەڵ خۆیدا هێنابووی و گوتبووی کە ئەو بەرنامەیە ڕەزامەندی بەرپرسانی سۆڤێتی لە مهاباد لەسەر وەرگیراوە(9). کە ئەم خاڵەش بۆ ئاخاوتن لەسەر گوتاری پارتی دیموکراتی کورد جێگای قسە لەسەر کردنە لەو ڕوانگەیەوە کە ئایا گوتاری ئەم حیزبە بەرهەمی عەقڵ و بیرکردنەوەی ناوەوەو دامەزرێنەرانی حیزبەکەیە یان بەرنامەیەکە لە دەرەوە خواستراوە؟

ئێستا ئەوە ئاشکرایە کە بیرۆکەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد لە لایەن بارزانی و هەمزە عەبدوڵاو حەوت کەسێتی تری کوردی دیارەوە بووەکە ئەوانیش لەو کەسانە بوون کە لەگەڵ بارزانیدا چووبوونە مهاباد. بیرۆکەی دامەزراندی ئەم حیزبەش پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە هەڵوێستی قازی محەمەدەوە هەبوو سەبارەت بەوەی کە کوردەکانی کوردستانی عێراق تەنیا دەتوانن لە سنووری پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا کار بکەن و ڕێگایان نادرێت حیزبێکی تر درووست بکەن لە کاتێکدا حیزبەکەی قازی محەمەد ناوی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوو. خۆ ئەگەر ناوی ئێران بەو حیزبەوە نەبوایە، ئەوا دەشیا وەها لێکبدرایەتەوە کە ئەو حیزبە بۆ کوردستانی گەورە درووست بووە. ئەمە بێجگە لەوەی کە ئەم حیزبە لە بری خەباتی کوردستانی، واتە خەبات لە پێناوی ڕزگار کردنی هەموو کوردستاندا، خەباتی خۆیی نەك لە هەموو کوردستانی گەورەدا بەرپا نەکردبوو، بەڵکو نەیتوانیبوو لەسەر جوگرافیای کوردستانی ئێرانیش بەتەواوەتی بوونی خۆی بسەلمێنێت. بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەم حیزبە بە یارمەتی سۆڤێت لە رووبەرێکی تەسکی ئەو بەشەی کوردستاندا کە لە ژێر سایەی دەسەڵاتی داگیرکەری فارسدا بوو حکومەتێکی

دروووســت كردبــوو ئــەويش لــە رووبــەرێكی تەســكی مهابــادو دەوروبەریــدا. هەرچەندە لە سلێمانیش لقێكی هەبوو بە سـەركردايەتی بـرايم ئەحمـەد، بـەلاّم پێ ناچێت بە فیعلی ئامـادەبوونێكی ئـەوتۆی هـەبووبێت. هـەر بۆیـە دەشێ لـەو كاتەدا ئەو بیركردنەوەیە لای بارزانی و هـاوەلاّنی دروووسـت بـوو بێـت كـە پـارتی دیمـوكراتی كوردســتانی ئێــران تــەنیا بــۆ كوردســتانی ئێــران درووســت بــووەو پێویسـتە ئـەمانیش پـارتێكی هاوشـێوەی ئـەو بـۆ كوردسـتانی عێـراق درووسـت بكـەن. ئەمـە جگـە لـەوەی كـە هەرچـۆن قـازی محەمـەد تمـوحی ئـەوەی هـەبوو سەركردايەتی حكومەتێكی كوردی بكات، بەهـەمان شـێوە بـارزانیش كـە خـۆی و بنەماڵەكـەی لـە رووی خـەبات و تێكۆشـانەوە لـە ریـزی پێشـەوەی خـەباتگێڕانی كورددا بینیووەو لە راستیشدا هەروا بووە. بۆیە دەشێ بارزانی خۆی بـە شـایەنی ئەوە زانیبێت كە پارتێك بۆ كوردستانی لكێندراو بە عێراقـەوە درووسـت بكـاتو ئومێدی ئەوەشی هەبێت كە سەركردايەتی حكومەتێكی كوردی بكات لەم بەشەی كوردســتاندا. لــە كاتێكــدا كــە ئــەم و بنەماڵەكــەیان پێشــتر خــەباتێكی زۆریــان كردبوو دژی دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی نوێی عێراق و پێشتریش فەرمانی لـە سێدارەدان لەلایەن توركەكانەوە بەسەر شێخ عەبدولسەلامی دووەمـدا جێبـەجێ كرابوو ئەویش لە پای بەرزكردنەوەی بەشێك لە داواكانی نەتەوەكـەی. هـەروەك شێخ ئەحمەدی بارزانیو مـەلا مستەفای بـارزانی خۆیشـی لـە لاوێتیـەوە تـا ئـەو كاتە لە خەباتو تێكۆشاندا بوو لەو پێناوەشدا زەحمەتی زۆریان كێشابوو.

دیارە ئەوەش ئاشكرایە كە دامەزراندی پارتی دیموكراتی كورد كە لە راستیدا بـە پێشـنیاری سـەرەكی بـارزانی و هاوەڵـەكانی بـوو لـە مهابـاد، بـۆ ئـەو بارودۆخـەی كوردستان كە بارودۆخی دوای جەنگو تـا ئەندازەیـەك باڵادەسـتبوونی سـۆڤیەت بــوو لــە ناوچــەكەدا، پێویســتی بــە لەســەر راوەســتان هەیــە. بــە مەبەســتی

دامەزرانـدنی ئـەو  حیزبـە وەکـو پێشـتریش ئاماژەمـان بـۆ کـرد یەکـەم  هـەمزە عەبـدولاَ بـە بەرنامەیەکـە گەڕاوەتـەوە بـۆ عێـراق، دووەمـیش لـە هـاتنی ئـەودا حیزبی رزگاری بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی خۆی دەدات. ئەوەش ڕێگای بـۆ هـەمزە عەبدولاَ خۆش کردووە بتوانێت ئەو ئەرکەی کە لـە پێناویـدا هاتبوو جێبـەجێ بکـات. دیـارە لـە کـۆنگرەی یەکەمـدا بـارزانی بـە سـەرۆکی حیـزب هەڵبـژێردرا هەرچەندە خۆیشی لە کۆنگرەی دامەزرانـدنی حیزبـدا ئامـادە نـەبوو. ئەمـەش ئــەوە دەســەلمێنێت کــە لــە لایــەك بــارزانی خــۆی دەوری ســەرەکی هــەبووە لــە دامەزرانـدنی ئـەو حیزبـەدا، لـە لایـەکی تریشـەوە ئەوانـەی لـە گـەڵی بـوون و ئەوانەشی کە لە حیزبی رزگارییەوە یان تەنانەت لە حیزبی شۆڕشـەوە هاتبوون بـە سـەرکردایەتی بـارزانی رازی بـوون و تەنانـەت ئەوانەشـی کـە نارازیبوونیـان هەبوو وەکو سا ڵح حەیدەری و جەمال حەیدەری و نـافیع یونس..ناڕازیبوونیـان لەسـەر کەسـێتی بـارزانی خـۆی نـەبوو، بـەڵکو  نارازیبوونەکـەیان لەسـەر دانـانی شێخ لەتیفی شێخ مەحمودو کاکە زیادی کۆیی بوو بە جێگرانی بارزانی.

لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکـەوێت کـە کۆدەنگیـەکی تـەواو هـەبووە لەسـەر ئـەوەی هەر لەسەرەتاوە کە بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کورد بێت. دیارە ئـەوەش ئاشکرایە کە بـارزانی خـۆی یەکێکـە لـەو نـۆ کەسـەی کـە لـە مهابـادەوە گەلاڵـەی بیرۆکەی دامەزراندنی ئەو حیزبەیان کردووەو دیسان ئەوەش ئاشـکرایە کـە ئـەو کەسـانەی کـە لەگـەڵ بارزانیـدا بـوون هەمیشـە وەکـو سـەرۆك و رابـەر سـەیری بارزانییـان کـردووەو زیـاتر لـە دەوری ئـەو کۆبوونەتـەوەو ئـەو هەمیشـە هێـزی کۆکردنەوەو لێکتر نزیك کردنـەوەی ئـەوانی تـری هـەبووە کـە ئـەوەش لـە پـێش هەموو شتێکەوە پەیوەندی بە کەسێتی کاریزمی بارزانیەوە هەبووە.

ئێمە ئێستا ئەوەمان لەلا ئاشکرایە کە چۆن پارتی دیموکراتی کورد دامەزراوە. رۆڵی سەرەکی بارزانیش لەو بوارەدا ئاشکرایە کە دەوری یەکەمینەو ئەمەش ئەو بۆچوونانە رەت دەکاتەوە کە هەندێ پێیان وایە بارزانی دوورو نزیك پەیوەندی بە دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردەوە نەبووەو بەڵکو لە دوای گەڕانەوەی لە سۆڤێت بووەتە سەرۆکی ئەو حیزبە. ئەو بۆچوون و بەڵگانەی کە هێنامانەوە دەری دەخەن کە بارزانی رۆڵی یەکەمین و راستەوخۆی هەبووە لە دامەزراندنی ئەو حیزبەدا. دیارە پێشتریش بارزانی وەکو ئاشکرایە پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ حیزبی هیودا هەبووە. ئەمەش تا رادەیەکی دیار ئەو بۆچوونە رەت دەکاتەوە کە گوایە بارزانی بە هیچ جۆرێك بڕوای بە کاری حیزبایەتی و مەسەلەی حیزبایەتی نەبوو بێت. هەرچەندە دەشێ وەهای لێکبدەینەوە کە بارزانی وەکو سەرکردەیەك کە زۆرێك لە خاسێتەکانی کەسێتیەکی کاریزمی هەبووە، دەشێ وەکو سەرکۆکی هەموو نەتەوە سەیری خۆیی کردبێت و پێی وابووبێت ئەرکی ئەو لە ئەرکی سەرۆکی حیزبێك گەورەترە کە دەشێ بەشێك لە کۆمەڵگە یان نەتەوە لەگەڵ ئەو حیزبە بن، بەڵام ئەم وەکو سەرکردە توانیوویێتی لایەنگری رووبەرێکی فراوانتر لە کۆمەڵ بەدەست بهێنێت. باشترین بەڵگەش لە کاتی راپەڕینی چەکداری ئەیلولدا دەردەکەوێت و بە تایبەتیش لە دەستپێکردنەوەی شەڕدا لە ساڵی 1974دا کە بەگشتی کورد لە باشووری کوردستاندا دوای سەرکردایەتی بارزانی کەوت، کە بێگومان بەشێکی دیار لەوانەی لەگەڵ شۆڕش بوون نەئەندامی پارتی بوون و نە لایەنگری پارتی، تەنانەت دژە پارتیشیان تێدا بوو کە لە ئاستی یەکەمدا دوای سەرکردایەتی و کەسێتی بارزانی کەتبوون. لە ئاستی دووەمیشدا پێیان وابوو کە مەسەلەی نەتەوایەتی کوردو بارزانی لێکتر جیاناکرێنەوە، بەڵکو بارزانی ئەو کەسێتەیە

که رۆحی کوردایەتی لە خۆیدا کۆکردۆتـەوە، واتـە لـە روانـینی گشـتی خەڵکەوە کەسێتی بارزانی هاوشێوەو هاوتابووە لەگەڵ رۆحی هەڵچووی کۆمەڵگەدا بـەرەو گەیشتن بە ئاستی رەها.

کەواتە لێرەوە ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات ئایا جیاوازییەك هەبووە لە نێوان گوتاری بارزانی وەکو سەرکردەو گوتاری پارتی دیموکراتی کورد لەسەرەتاوەو پارتی دیموکراتی کوردستان لە دوای گۆڕینی ناوەکەی، یان گوتاری پارتی و گوتاری بارزانی وەکو سەرۆکی ئەو پارتە هەر هەمان گوتار بووە؟ سەرەتا پێش ئەوەی لێکۆڵینەوەی ئەم باسە بکەین دەبێ ئەوە بزانین کە سەرباری پەیڕەو و پرۆگرامی حیزبی و سەرباری بوونی نوخبەیەکی باش لە خوێندەواری دیار لەسەرکردایەتی پارتیدا هەر لەسەرەتاوە تاکو نسکۆی ساڵی 1975 گوتەو راوبۆچوون و لێکدانەوەو بیرکردنەوەی بارزانی ئەگەرچی کۆی ئەمانە لە هەڵوێستەکانی بارزانیدا دەردەکەون لەبری ئەوەی لە گوتارو نووسین دا دەربکەون. ئەو رەفتارو هەڵسوکەوتو هەڵوێستانە دەریدەخەن کە داینەمۆو سەرچاوەی هەموو بڕیارو هەڵوێستێك لە ناو حیزبەکەدا خودی بارزانی خۆی بووە.

دایڤد ماکدۆواڵ دەڵێت: پارتی دیموکراتی کـورد بەرنامەیـەکی نەتـەوەیی هـەبوو (بـۆ کـورد) لـە عێراقێکـی یـەکگرتوودا، بـەڵام هـیچ بەرنامـە، یـان ئامـانجێکی کۆمەڵایەتی یان ئابووری نەخستە روو( 10). ئەمـە بەیاننامەیەکـە کـە بـارزانی لە ساڵی 1946دا دەریکردووەو یتایدا دەڵێت: هەوڵدەن کۆمەك بکەن بۆ حیزبی دیموکراتی خۆتان تاکو بە ئامانجی خۆتان بگەن کە دیموکرhتییە بۆ هەموو بـرا کوردەکانی عێـراق و بـۆ گشـت بـرا کـوردی دڵسۆزو بـە شـەرەف و نەجابـەت کـە لەسەر وەتەنی خۆیان ماونەوە...بۆ خۆشەویستـەکانم لـە هەوڵـدان و تێکۆشـین و

یەکبوون لەسەر نیزامی دیموکراتی راست. خێرابن تاکو بە ئامانجی مەرامی خۆتان بگەن کە ئازادی و سەربەستییە، لە شارو دێهاتان و لە ناو گەلتان و کۆمەڵتان باسی دیموکراتی بڵاو بکەنەوە. تێبگەینن کە هەدەفی بەرزی دیموکراتی ئەوەیەکە زوڵم و غەدر نەمێنێ و هەموو بەشەرێك بە سەربەستی و دڵپاك لەگەڵ یەك بژین وە تا ئێستا ئیستیعمار نەیهێشتووە لە عەبدایەتی دەربچین و عەقڵ و هۆشی پێ نەهێڵاوین تا فەرقی بەینی چاکەو خراپە بکەین.

تاکو ئازادیخواهان هۆشیاریان کردین و لە سایەی ئەوانەش هەموومان ئازاد دەبین و زاڵم و مەزلۆم نامێنێت ئێمە براو هاوکاری هەموو ئازادیخواهی دونیاینە چی عەرەب بێت و چی عەجەم بێت وە یا تورك بێت و یا ئینگلیز بێت وە یا ئەمەریکی یا رووس بێت. وە دوژمنی ئێمە و هەموو ئازادیخواهی دونیا ئیستیعمارە. جا هەرکەس بۆ چاکەو ئینسانیەت و شەرەف بڕوات ئێمە بە برای خۆمانی دەزانین.. ئیتر هەرکەس بۆ رێگای شەرەف و رەوشتی پاك بڕوات رەحمەتی لێ بێت و هەرچی ئیستیعمارو نۆکەری ئیستیعمارەو پەسەندی بکات لەعنەتی خواو هەموو ئازادیخواهانی لێ بێت.(ئیمزا بارزانی)(11). دیسان بارزانی لە نەورۆزی ساڵی 1946دا گوتوویەتی: ئامانجی من ئازادی کوردستانی عێراقەو سەربەخۆیی، لە دواییدا ئازادکردنی ئەو کوردانەی کە لە ژێر دەستی بێگانەدان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیتیحادی کورد.( 12). دواتر لە ئەو تێڕوانینانەی سەرەوە لە پەیماننامەکەی پارتی دیموکراتی کورددا لە 16ی ئابی 1946دا بە زۆر شێوە تۆمار کراوە بۆ نموونە: بۆ بە دەستهێنانی دەوڵەتێکی یەکەتی دیموکراسی لە کوردستانی عێراقدا کە عیبارەت بێت لە لیواکانی موسڵ و کەرکوك و هەولێرو سلێمانی و خانەقین بە رێگای سیاسی و هەموو وەسیلەیەکی دی مومکین بێ، کۆشش دەکەین بەشەرتێك قانون و رەئیسی ئەو

دەوڵەتــە لــە لایــەن مەجلیسی دامەزرانــدنی میللیــەوە کــە لــە لایــەن میللــەتی کــوردەوە بــە ئسـوڵی هەڵبــژاردنی راسـتەوخۆو دەنگـی نهێنیــەوە هەڵبــژێردراوە دابنــێن. دەوڵــەتی یەکــەتی دیموکراســی کوردســتان هێــزی خــۆی لــە میللەتــەوە وەردەگرێ بە هۆی ئەو مەجلیسە شوورایە کـە لـە لایـەن میللەتـەوە راسـتەوخۆ هەڵبــژێردراوە، هێــزی ئیجرائــی ســەربەخۆبن. دەوڵــەتی یەکــەتی کوردســتان لــە تەسدیق کردنی پــەیمانی سوێندخۆری و برایــەتی لەگــەڵ دەوڵــەتی کوردســتانی ئێرانداو دەوڵەتی ئازەربایجان سەربەستە، هەروەها لە تەسـدیق کردنـی پـەیمانی سیاســی و یەکــەتی تیجــاری و ســەقافی لەگــەڵ تــەواوی دەوڵەتەدیموکراســەکانی سەربەستە( 13).

پــێش ئــەوەی کــە هــیچ لــە بــارەی بەرنامــەو پێکهاتــەو پــەیڕەوو گوتــاری پــارتی دیموکراتی کوردەوە بڵێین و لە بارەی شوێنی ئەم حیزبەو پێکهاتەکەیی و شوێنی گوتــاری ئــەم حیزبــەوە ئاخــاوتن بکــەین، پــێم باشــە ئاوڕێــك لــە بــارودۆخی کۆمەلآیــەتی و سیاســی و ئــابووری و کــەلتوریی کۆمەڵگــەی کــوردی بدەینــەوە لــە سەروەختی دروست بوونی پارتی دیموکراتی کورددا. ئەمەش لەسەر بنەمای بڕوا بوونمان بەو راستیەی کە ناکرێت بێ لەبەر چاو گـرتنی ئـەو مێـژووە لـە هـەموو روویەکەوە باس لـەو حیزبـە بکرێـت کـە هـەر لەساتەوەخی درووسـت بوونیــەوە پێگەیەکی دیـاری هـەبووەو لـە دوای گەڕاندەنـەوەی بـارزانیش لـە دوای شۆڕشـی چواردەی تەموز، ئـەم حیزبـە لەسـەر ئاسـتی کوردسـتانی گـەورەو ولآتـانی دەورو بەرو تەنانەت دنیـای سیاسـی دەرەوەش ناسـراوە. هـەر بۆیـە قسـە کـردن لەسـەر حیزبێکی وەکو پارتی ناکرێت بـە چـەند رسـتەیەك کۆتـای پـێ بهێنرێـت. دیـارە تاکو ئێستاش پـارتی دیـارترین حیزبـی کوردییـە کـە توانیـوێتی بـە رووبـەرێکی فــراوان و بــە جــەماوەرێکی فراوانــەوە بــۆ ماوەیــەکی مێــژوویی هێنــدە درێــژ

پارێزگاری لە خۆی بکات، کە دەشێ جێگای خۆی بێت لە دوای هۆکارەکانی مانەوەو زیاتر پەرەسەندنی بەردەوامی ئەم حیزبە بگەڕێین.

پارتی دیموکراتی کورد لە 16ی ئابی 1946دا درووست بووە، لە رووی سیاسیەوە لەو مێژووەدا جەنگی دووەمی جیهانی کۆتای پێهاتبوو. هەروەها لە ساتەوەختی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورددا نزیکەی حەوت مانگ بەسەر دامەزراندنی کۆماری مهاباددا تێپەڕیبوو. بارزانی وەکو دامەزرێنەری ئەم حیزبە لە کۆماری مهاباددا بەرپرسیارێتی هەبووەو بەشێك لە دامەزرێنەرانی پارتی کە لەگەڵ بارزانیدا کە لە سنووری کۆماری مهابادا بوون بەشدارییان لە بەڕێوەبردنی کارباری کۆماردا هەبووە.

پێشدرووستبوونی پارتی دیموکراتی کوردی ئێران، کۆمەڵەی ژیانەوە لە سنووری مهابادو دەوروبەریدا درووست بوو بوو، پاشتریش کۆمەڵە بە پێشنیاری سۆڤێت و لە رێگای هاندانی قازی محەمەدەوە گۆڕا بۆ پاتی دیموکراتی کوردستانی ئێران و هەر بە یارمەتی سۆڤێتیش قازی محەمەد هەم کرایە سەرۆکی ئەو حیزبەو هەم کرایشە سەرۆکی ئەو کۆمارە نوێیەی کە درووست کرا. هەر چەندە قازی محەمەد پێشتر لەبەر کەسێتی دیاری خۆی و بنەماڵەکەی و پێگەی کۆمەڵایەتی و جەماوەرییان هێنرایە ناو سەرکردایەتی کۆمەڵەوە. بەلاّم ئەوەی ئاشکرایە یەکێك لە هۆکارە سەرەکیەکانی بیرکردنەوەی بارزانی لە دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد بۆ کوردستانی لکێندراو بە عێراقەوە هەڵوێستس قازی محەمەد بووە بەرامبەر بە بارزانی. لەو رووەوە کە ویستوویەتی بارزانی و ئەو کوردانەی کوردستانی عێراقیش کە چوونەتە سنووری کۆمارەوە لە ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا کار بکەن کە بەرنامەی ئەو حیزبەش زیاتر بەرنامەیەك بووە بۆ خودموختاری بۆ

کوردستانی ئێران. دەشێ لێرەدا هەڵوێستی قازی محەمەد وەها لێکبدەینـەوە کـە لە پێگەی بەهێزو کەسێتی بـەهێزو بـە توانـاو ئـەزموونی دەوڵەمەنـدی بـارزانی ترسا بێت، هەر بۆیە وریای کردۆتەوە کە تەنیا دەتوانێت لە سنووری ڕێکخستنی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا حیزبایەتی بکات.دەشـێ ئـەم هۆکارانـەو لـە هەمان کاتدا جـێگیر کردنـی بەرنامـەی خودموختـاری بـۆ کوردسـتانی ئێـران لـە بەرنامەی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێرانداو تێگەیشتنی بارزانیش لەوەی کە دەشێ بەرنامەی سیاسەتی جیهانی کـە ئـەو بەرنامەیـەش لـەو کاتـەدا گاریگـەری ئاشکرای یەکێتی سۆڤێتی پێوە دیار بوو، بـریتی بـوو بێـت لـە خـەباتکردنی هـەر پارچەیەکی کوردستان لە سنووری خۆیداو هەوڵدان بۆ بە دەستهێنانی مافـەکانی لە سنووری ئەو بەشەد. ئەمەش دەورێکی لە بەرچاوی هەبوو بێت لە جوڵانـدنی بـارزانی بـۆ ئیشـکردن بـۆ درووسـتکردنی حیزبـی دیمـوکراتی کـورد، کـە دەشـێ ئەوەش بۆ ئەو قۆناغە جۆرێك لە واقیعیبوونی تێدا بوو بێت. هەروەکو ئـەوەش خاڵێکی ئاشکرایە لە کەسێتی بارزانیدا کە سەرکردەیەکی واقیعی بووەو بە وەهم نە ژیاوەو زیاتر لەگەڵ واقیعدا مامەڵەی کردووە.

وەکو پێشتر گوتمان پارتی دیموکراتی کـورد لـە بـارودۆخی دوای کۆتـایی جـەنگی یەکەمی جیهاندا درووست بوو کە هێزەکانی رووسـیا لـە سـنوورەکانی کوردسـتان نزیك بوون. شەپۆلی بانگەشە کردنیش بۆ ئازادی گـەلانی ژێردەسـتەو مـافخوراو لە لایەن کـەمپی رۆژهەڵاتـەوە کـە سـۆڤێت نوێنەرایـەتی دەکـرد دەوری تایبـەتی هـەبووە لـە درووسـتبوونی تێکـڕای حیزبـەکانی ئـەو سـەردەمەی ناوچـەکە بـە کوردستانیشـەوە. لـە بـاری کۆمەڵایەتیـەوە کوردسـتان هێشـتا کۆمەڵگەیـەکی خێڵایـەتی بـوو. ئـابووری باڵادەسـت و پەیوەندییـەکانی بەرهـەمهێنان هێشـتا پەیوەنـدی بەرهـەم هێنـانی خێڵایـەتی و فیودیـالی بـوو. مەسـەلەی گـەرمیان و

کوێستان هێشتا له کوردستاندا مابوو. سەرهەڵدانی پیشەسازی و ئابووری شارو پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی ئابووری سەرمایەداری هێشتا لە ئاستی نەبوو نادیاردا بوو. لە شارێکی وەکو کەرکوکیشدا کە نزیکەی بیست ساڵ لە پێش دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد نەوتی تێدا دۆزرابووەو دەردەهێنرابوو، هێشتا پەیوەندی بەرهەمهێنانی ئابووری بۆرژوازی لە ئاستی نەبوودا بوو، سیمای دروستبوونی چینی ناوەند دیار نەبوو. هەرچەندە دکتۆر کەمال مەزهەر لە کتێبەکەیدا کاتێ باسی مێژووی چینی کرێکاری عێراق دەکات وای نیشان دەدات کە ئەو چینە کۆمەڵایەتیە مێژوویەکی کۆنی هەیەو لە مێژە بووەتە خاوەنی شووناسی چینایەتی خۆی. هەرچەندە هیچ بەڵگەیەکی زانستی پشت بەستوو بەواقیعی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی لە کوردستان و تەنانەت لە عێراقیشدا ناتوانێت بیسەلمێنێت کە نەك بۆ ساڵی چلەکانی سەدەی بیست، بەڵکو بۆ ئێستاش ناتوانرێن بسولمێنرێت کە چینی کرێکاری عێراقی چینێکی خاوەن شووناسە. واتە دەتواین بڵێن بە چەمکی مارکسیانە تاکو ئێستاش لە عێراقدا کرێکار نەبۆتە چینێك بۆ خۆی، هەرچەندە من پێم وایە لە خۆیشیدا هێشتا چین نییە. ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە لەو مێژووەدا کە پارتی دیموکراتی کورد دروستبووە کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی پیشەسازی نەبووە. واتە مەسەلەی تەکتۆلۆجیاو پیشەسازی لە ئاستی نەبوودا بووە. مەبەستمان لەم لێکدانەوەیەش ئەوەیە کە بڵێین لەو قۆناغەدا لە هیچ ئاستێکدا کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن نەبووەو مۆدێرنێتە نەك وەکو عەقڵ و بەرهەم هێنان و کەلتوور لە سەر ئاستی مرۆیی و لەسەر ئاستی مادیش ئامادەبوونی نەبووە. تەنانەت لە ئاستی خواستن و وەرگرتنیشدا واتە هێنانی بەرهەمەکانی مۆدێرنێتە لە دەرەوە هێشتا ئامادەبوونێکی ئەوتۆی نەبووە کە

لەئاستی پێناسەکردندا بوو بێت. ئەوەش ئاشکرایە کە ناسیونالیزم بەرهەمی مۆدێرنێتەیە کەواتە لە کاتێکدا کە مۆدێرنێتە لە واقیعی کۆمەڵایەتی کوردیدا لە ئاستی نەبوودا بێت ئایا دەشێ ناسیونالیزم کە بەرهەمی مۆدێرنێتیە وەکو دیاردە یان ئایدیۆلۆجیایەکی کۆمەڵایەتی بوونی هەبوو بێت؟ بێگومان ئەوە مەسەلەیەکە ناتوانرێت پشتگیری لێبکرێت. دیارە مەبەست لەم قسەیە ئەوە نیە کە تاکە کەسی ناسیونالیست دەرنەکەوتوون، یان ئامادە بوونیان نەبووە. نەخێر دەشێ ئێمە نەك بۆ ساڵانی چلەکانی سەدەی رابردوو بەڵکو باس لەوەش بکەین کە ئەحمەدی خانی وەکو تاکە کەس خاوەنی هەستێکی ناسیونالیستانە بووە بەڵام دیارە بە گوێرەی ناسینالیزم وەکو ئایدیۆلۆجیایەکی کۆمەڵایەتی کە بگاتە ئەو ئاستەی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی رێکبخات و بیخاتە جوڵەو بەرنامە رێژیی بۆ درووستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی بکات ناشێت لە روانگەی بوونی تاکە کەسی ناسینالیستەوە سەیر بکرێت.

هەر بۆیە لە رووی زانستیەوە دەشێ بتوانین پێ لەسەر ئەوە دابگرین کەبێجگە لە تاکە کەسی زۆر لە نێو نوخبەدا کە کەسانی ناسیونالیست بوون، رابەرانی بزووتنەوەکانی کورد بەگشتی هەڵگری دیدو بۆچوونی ناسیونالیستانە بوونو لەو پێناوەشدا خەباتیان کردووەو هەریەکەش بە جۆرێك لە بیرو خەیاڵی بە دەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی کورددا بووە. بۆیە لە واقیع دوور نەکەوتووینەتەوە ئەگەر کەسانی وەکو شێخ عوبەیدوڵای نەهری و شێخ عەبدولسەلامی بارزانی و شێخ مەحمود حەفیدو شێخ سەعیدی پیران و سەید رەزای دەرسیم و قازی محەمەدو بارزانی و چەندانی تریش بە ناسیونالیست دابنێین، بەڵام ئەوە ئاشکرایە کە سەرباری گرنگی دەوری تاکە کەس هێشتا ناتوانین دان بەوەدا بنێین کە مێژوو تاکە کەس درووستی دەکات. نەخێر بەڵکو

به پێچەوانەوە ئێمە پێمان وایە کۆمەڵ مێژوو درووست دەکات. مارکس باشی بۆچووە کاتێ پێی وابوو مێژوو بریتیە لە مێژووی ململانێی چینەکان، چونکە لەو قسەیەدا ئەوە ئاشکرا دەبێت کە مارکس بڕوای بەوە بووە کە تەنیا کۆمەڵگا یان بەشێکی دیار لە کۆمەڵگە کە ئەو بە چینی کۆمەڵایەتی ناوی دەبات دەتوانێت مێژوو درووست بکات. دەشێ بە پشت بەستن بەو بۆچوونەی مارکس بڵێین خەڵك یان جەماوەر یان گەل مێژوو درووست دەکات. هەر بە وەرگرتنی هەمان ئەو بۆچوون ئێمە پێمان وایە مێژوو مێژووی نەتەوەو گەلانە، شارستانێتیەکان نەتەوەو گەلانی جۆراو جۆر بەرهەمیان هێناون. ئەو شووناسانەی ون نابنو لەناو ناچن شووناسی نەتەوەو گەلانن. لە سەردەمی مۆدێرنێتەشدا ئەوەی شووناس بە نەتەوە دەبەخشێت ناسیونالیزمەو تەنانەت لە بنەڕەتدا ئەوەی نەتەوە درووست دەکات ناسیونالیزمە. نەتەوەش تەنیا لە بوونی دەوڵەتدا پێناسە دەکرێت کە ئەو دەوڵەتەش ناسیونالیزم درووستی دەکات. گریمان وامان دانا کە ناسیونالیزمی کوردی لەسەر وەختی دامەزراندی پارتی دیموکراتی کورددا دەرکەوتووە. کەواتە کوا پرۆژەو بەرنامەو کاری ئەو ناسیونالیزمە؟ کوا ئەو دەوڵەتەی کە ئەم ناسیونالیزمە درووستی کردووە، یان کوا ئەو بزووتنەوە نەتەوەییە گشتکرەی کە ئەم ناسیونالیزمە درووستی کردووەو، کوا ئەو شارستانێتیەی کە ئەو دەوڵەتە نەتەوەییە کە بەرهەمی هێناوە؟ بەهەرحاڵ دەتوانین بە ئاشکرا بڵێین لە رووی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتییەوە لە سەروەختی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورددا، کۆمەڵگەی کوردی لە ئاستێکی دواکەوتوودا بووەو مەسەلەی ناسیونالیزم وەکو بیرو ئایدیۆلۆجیاو وەکو پرۆژە بوونی نەبووە. بەڵکو ئەوەی کە دەشێ ئاماژەی بۆ

بکرێت تـەنیا بـوونی تـاکی ناسیونالیست بـووە کـە ناتوانرێت ئـەوەش بکرێتـە پێوانە بۆ بوونی ناسیونالیزم.

لـە وتەکـەی ماکدۆواڵـدا هـاتووە کـە پـارتی دیمـوکرات بەرنامەیـەکی نەتـەوەیی هـەبوو لـە عێراقێکـی یـەکگرتوودا. لـە راسـتیدا ئـەم وتەیـە جێگـای لەسـەر راوەستانە. ئەگەر بە شێوەیەکی واقیعیانـە سـەیری بەرنامـەی نەتـەوەیی بکـەین ئەوا بێ هیچ دوو دڵیەك دەبێ پێ لەسەر ئەوە دابگرین کە بەرنامەی نەتـەوەیی تەنیاو بەس تەنیا لە سـەربەخۆیی و درووسـتکردنی دەوڵـەتی نەتەوەییـدا خـۆی دەبینێتەوە. دەشێ لێرەدا بە گوێرەی کـورد قسـە لەسـەر دوو ئاسـت بکرێـت، کـە یەکـەمیان سـەربەخۆیی هـەموو کوردسـتان و درووسـتکردنی یـەك دەوڵـەتی نەتەوەییە بۆ کـورد، کـە ئەمـەش لـە راسـتیدا گەوهـەری خـاوێنی ناسـیونالیزمی کوردییە. دەشێ ئاخاوتن لە ئاستی تیۆریدا لەسەر مەسەلەی درووستکردنی تاکـە دەوڵەتێکی نەتەوەی لەسەر جوگرافیای کوردستان کارێکی ئاسایی بێت، هەرچۆن زۆرێك لە ناسیونالیستە عەرەبەکان باس لە درووستکردنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی عەرەبی دەکەن لە سەر هەموو خاکی نیشتیمانی عەرەبی وەکو خۆیان دەیڵێن لە ئۆقیانووسـەوە بـۆ کەنـداو. بێگومـان ئـەوەش لـە رووی هیواخواسـتن و ئارەزووبوونەوە شتێکی ئاسانەو لە رووی رەوایەتیشەوە هیچ رێگرییەك نییە بـۆ ئەوەی بگوترێت ئەوە رەوا نییە. بەڵام واقیعی عەرەبی نەیتوانیووە ئەو خەونـە بکاتـە واقیـع بـەڵکو لەبەرامبـەردا دەبیـنین نزیکـەی بیسـت دەوڵـەتی عـەرەبی درووسـت بـووە کـە جوگرافیـای نیشـتیمانی عـەرەبیان لـە نێـوان خۆیانـدا دابەشکردووە یان سیاسەتی نێودەوڵەتی بۆی دابەش کردوون. ئەو دەوڵەتانەیشی کە درووست بوون یان بە یارمەتی دەوڵـەتانی بڕیـار بـە دەسـت درووسـت کـراون یان راستەخۆ دەوڵەتانی بڕیار بەدەست درووستیان کردوون. ئەم دەوڵەتانەش لە

جیاتی ئەوەی بە دەوڵەتی نەتەوە ناو ببرێن بە دەوڵەتی نیشتیمانی یان ( الدولە القگریە ) ناو دەبرێن.

وەکو لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد هەمان لێکدانەوە بەسەر کوردستانیشدا جێبەجێ دەبێت لە روانگەی بەرنامەو پەیڕەوو پرۆگرامی حیزب و بزووتنەوەکانی کوردەوە. راستە لە بەرنامەی پارتی دیموکراتی کورددا مەسەلەی ئازادی هەموو کوردستان باسی لێوەکراوە هەرچۆن پێشتر لە بەرنامەی حیزبی رزگاریدا باسی لێوە کرابوو. بەلاٚم ئەوە تەنیا ناو هێنان و جۆرێك لە ئاوات خواستنە، ئەگینا بە ئاشکرا پارتی دیموکراتی کورد لەبەرنامەکەیدا باسی مافی کورد دەکات لە عێراقێکی یەکگرتوودا. لێرەدا دوو پرسیار سەرهەڵدەدەن. یەکەمیان ئەوەیە ئایا ئەو مافەی کە لە بەرنامەی پارتی دیموکراتی کورددا هاتووە چییە؟ ئایا مافی درووستکردنی دەوڵەتە یان فیدراڵییە یان ئۆتۆنۆمییە یان مافی رۆشنبیری و کەلتوورییە؟ ئایا مەبەست لە عێراقی یەکگرتوو چییە؟ ئایا مەبەست ئەوەیە کە عێراق دابەش نەبێت یان مەبەست ئەوەیە لە عێراقدا دەوڵەتێکی هاوبش و هاوسەنگ لە هەموو پێکهاتەکانی ئەو وڵاتە پێك بێت کە پێی دەگوترێت عێراق. لە راستیدا ئەم وڵاتە بە زۆرەملێ و بە ناهاوسەنگی درووستکراوەو ناشێت ببێتە دەوڵەتێکی چەند ئیتنیکی یان چەند نەتەوەیی بە جۆرێکی ئەوتۆ کە هەموو ئەو پێکهاتانە تیایدا بەپێ قەوارەی بوونیان ئامادەبوونیان هەبێت لە دەوڵەتەکەداو کەس پێ لی مافو کەرامەتی نەنرێت.

بەهەرحاڵ نەك هەر پارتی دیموکراتی کورد بەڵکو کۆمەڵەی ژیانەوەش کە پێش درووستبوونی پارتی دیموکراتی کورددرووستبوو پاشان بوو بە پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران، راستە لە بەرنامەکەیدا ناوی کوردستانی گەورەی تێدا هاتبوو، بەلاٚم بە کردار حیزبی ئەو بەشەی کوردستان بوو کە لە ژێر رکێفی

داگیرکەری ئێرانیدا بوو، بەهەمان شێوە پارتی دیموکرتی کوردیش بەهەمان بەرنامەو تێڕوانینەوە هاتە مەیدان و دامەزرا. کە دەتوانین بڵێین زۆربەی ئەو حیزبانەی کە لە ناوچەکەدا لەو مێژووەدا دامەزراون لەسەر ئاستی نەتەوەیی بەرنامەکانیان نزیك بووە لە یەکترەوە. ئەگەرچی ئەوە بەراوردێکی خۆش نییە بەلاَم تەنانەت حیزبی بەعسیش بەرنامەکەی هاوشێوەیە لەگەڵ بەرنامەی حیزبەکانی تری ناوچەکەدا بە حیزبە کوردیەکانیشەوە. ئەوەتا حیزبی بەعس لەلایەك باسی نەتەوەی گەورەی عەرەب دەکات و بە خەیاڵ لە ئۆقیانووسەوە بۆ کەنداو رزگار دەکات و یەك دەوڵەتی گەورە بۆ هەموو نەتەوەی عەرەب درووست دەکات. کەچی هەموو قورسایی ئیشکردنیشی بۆ بیناکردنی دەوڵەتێکی بەهێزو شموولی بوو لە چوارچیوەی نیشتیمانی عێراقدا. لەو بارەیەوە زوهێر ئەلجەزائیری دەڵێت: راپۆرتی ناوەندی نیشتیمانی کۆنگرەی هەشتەمی حیزبی بەعس کە لە 237 لاپەرە پێکهاتووە تەنیا 15 لاپەڕەی تەرخان کردووە بۆ مەسەلە نەتەوەییەکانی وەکو فەلەستین و کەنداو و پەیوەندییە عەرەبیەکان و بەشەکەی تری کتێبەکە کە زۆرینەی کتێبەکەیە تەرخان کراوە بۆ مەسەلە ناوخۆییەکان(14). ئەمەش ئەوە دەردەخات کە سەرباری ئەو هەموو راگەیاندن و بانگەشە کردنەی بەعس بە ناوی ناسیونالیزمی عەرەبیەوە بەلاَم بەتەواوەتی دانی ناوەبە بوونی چەند دەوڵەتێکی عەرەبیدا کە دەشێ لە ئاستی نەگوتراودا داننان بێت بە بوونی چەند نیشتیمانێکی عەرەبیدا. هەر لێرەوە شووناسی ئەو ناسیونالیزمەی کە بەعس نوێنەرایەتی دەکات دەکەوێت بەردەم پرسیارەوە. ئەگەر بەهەمان پێودانگ سەیری ئەو حیزبە کوردیانە بکەین کە بەناوی حیزبی ناسیونالیستی یان نەتەوەییەوە درووست بوون بە پارتی دیموکراتی کوردیشەوە ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە ئەمانیش هەڵگری گوتارێکی ناوچەیی

بوون كە پەيوەست بووە بە رووبەرێكی دیاری كراوی كوردستانەوە. بێگومان هەموو حیزبە كوردییەكان جیاوازییەكی ئاشكرایشیان لەگەڵ حیزبی بەعسدا هەبووە، لەوەیدا كە بەعس هەڵگری درووستكردنی پرۆژەی دەوڵەت بووە لە سەر بەشێك لە نیشتیمانی عەرەب كە پێش بەعسیش دەوڵەتی هەبووە، بەلاّم بە گوێرەی حیزبە كوردییەكان بۆ ئەو بەشەی كوردستانیش كە تیایدا درووست بوون و بە ناوی ئەویشەوە درووست بوون وەكو كوردستانی ئێران، كوردستانی عێراق..تاد نەبوونەتە خاوەنی پرۆژەی دەوڵەت بەڵكو پرۆژەی ئۆتۆنۆمی و پێكەوە ژیانیان لەگەڵ نەتەوەی سەردەستدا هەبووە لە چوار چێوەی ولاّتێكی یەكگرتوودا. ئەمەش دەبێتە پرسیار لەسەر گەوهەرو ماهیەتی گوتاری ئەم حیزب و رێكخراوانەی ئێمەوە بە گشتی. دیارە جیاوازییەكی تری زەقی حیزبە كوردییەكان لەگەڵ بەعسدا ئەوەیە كە بەعس حیزبێكی شۆڤێنی داخراو بووەو بە گوێرەی كورد لە عێراقو سووریادا حیزبی نەتەوەی سەردەستو داگیركەری دووبەشی كوردستان بووە، لە كاتێكدا هەموو حیزبو رێكخراوە كوردییەكان حیزبو رێكخراوی نەتەوەیەكی بن دەستو نیشتیمان داگیركراوو دابەشكراو بوونو لە پێناوی رزگاركردنی نیشتیمانەكەیاندا درووستبوونو هەریەكەش بەپێی تێڕوانینی خۆی بۆ ئەو ئامانجە خەباتی كردووەو هەرگیز بەرنامەی داگیركردنی خاكی كەسی تریان نەبووە.

ئێستا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ قسەكەی ماكدۆواڵ سەبارەت بە بەرنامەیەكی نەتەوەیی لە عێراقێكی یەكگرتوودا، ئەوا ئەو پرسیارەمان لەلا درووست دەبێت: ئایا دەشێ لە ولاّتێكدا كە نەتەوەی سەردەست خاوەنی دەوڵەت بێت و ناسیونالیزمی ئەو نەتەوەیەش لە لوتكەی دەسەلاّتدا بێت، ئایا شوێن و پێگەی ناسیونالیستی نەتەوەی بن دەست لە كوێدا دەبێت؟ بێگومان ناكرێ دوو گوتار

کە هەریەکەیان گوتاری ناسیونالیستێکی سەربەخۆ بێت لە یەك ولاّتداو لەیەك ئاستدا بن. ئەوەش ئاشکرایە کە ناسیونالیزم ئەو ئایدیۆلۆجیا یان بەرنامەو پرۆژەیەیە کە لە رووبەری جوگرافیای دەسەلاّتی خۆیدا بوار بۆ ئەوانی تر ناهێلّێتەوە کە بوونی خۆیان بسەلمێنن. هەر بۆیە قسەکردن لە بوونی بەرنامەیەکی نەتەوەیی و گوتارێکی نەتەوەیی لە ولاّتێکدا کە ناسیونالیستێکی تر لە لوتکەی دەسەلاّتدا بێت جگە لە وەهم هیچ شتێکی تر نییە. هەر بۆیە ناشێت تەسەوری ئەوە بکەین لە عێراقێکی یەکگرتوودا کە تیایدا عەرەب خاوەنی دەولّەت بێت، کورد خاوەنی بەرنامەیەکی نەتەوەیی بێت، مەگەر کورد وەکو ئۆپۆزسیۆن بتوانێت بەرنامەیەکی نەتەوەیی هەبێت ئەویش لەبەر ئەوەی کە ئۆپۆزسیۆن لە دەرەوەی دەسەلاّتەو دەشێ لە قۆناغی خەبات کردندا بێت لە پێناوی بەدەست هێنانی دەسەلاّتدا. دیارە بە گوێرەی کوردیش تەنیا کاتێك ئەو بەرنامەیە دەبێتە بەرنامەیەکی ناسیونالیستی کە خەبات کردن لە پێناوی جیابوونەوەو سەربەخۆیی و درووستکردنی دولّەتی نەتەوەیدا بێت کە ئەوەش بە هیچ شێوەیەك لە چوارچێوەی عێراقی یەکگرتودا درووست نابێت و نایەتە دی.

هەروەك بارزانی لەو بەیانەی کە بۆ درووستکردنی پارتی دیموکراتی کورد دەریکردووە دەلّێت: هەولّدەن کۆمەك بکەن بۆ حیزبی دیموکراتی خۆتان تاکو بە ئامانجی خۆتان بگەن کە دیموکراتیە بۆ هەموو برا کوردەکانی عێراق و بۆ گشت برا کوردی دلّسۆزو بەشەرف و نەجابەت کە لەسەر وەتەنی خۆیان ماونەوە.. تاکو ئێستا ئیستیعمار نەیهێشتووە لە عەبدایەتی دەربچین .. دوژمنی ئێمەو هەموو ئازادیخواهی دونیا ئیستیعمارە(15). ئەگەر بە وردی سەیری ئەم وتەیەی بارزانی بکەین ئەوا سێ خالّی سەرەکیمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە

یەکەمیان ( هەموو برا کوردەکانی عێراق و گشت برای کوردی دڵسۆز. دووەمیان داواکردن لە خەڵکی کە خەبات بکەن تا دەگەن بە ئامانجی خۆیان کە دیموکراتیە. سێیەم هۆکاری رزگارنەبوونی ئێمە ئیستیعمارە).

بەیاننامەکەی بارزانی کە لە شێوەی گوتارێکدایە بۆ ئەو جەماوەرە ئاراستەکراوە کە دەخوازێت ببنە ئەندام یان لایەنگری ئەو حیزبەی کە دەیەوێت درووستی بکات، یان بۆ کۆی هاووڵاتیانی کوردە. لەم وتەیەدا، روانین و تێگەیشتن و بڕوابوونی بارزانی تێدا ئاشکرا دەبێت. ئەو وتارە راستەوخۆ ئاراستەی کوردی عێراق دەکرێت چونکە حیزبەکە بۆ کوردستانی عێراق دادەمەزرێت و راستەوخۆ پەیوەندی بە ئەوانەوە هەیەو لە پێناوی رێکخستن و ئاراستەکردنی ئەواندا درووست دەبێت بۆ گەیاندنیان بە ئاوات و مافەکانیان بە پێی روانینی بارزانی. کەواتە بە ئاشکرا لێرەدا سنووردارکردنی گوتاری ئەم حیزبە دەردەکەوێت کە لە چوار چێوەی کوردستانی عێراقدا بەرجەستە دەبێت. بەلاّم عێراقیێکی یەکگرتوو، واتە لە بنەڕەتدا لە گوتارەکەی بارزانیدا هیچ ئاماژەیەکی جیاکردنەوەی ئەم بەشەی کوردستان لە عێراقی عەرەبی هەست پێناکرێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە بانگەشەکردنێکی ئاشکرا بۆ جیاکردنەوەی خەباتی هەربەشێکی کوردستان لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتەدا کە پێوەی لکاوە دەردەکەوێت. بەلاّم ئەو خەبات کردنەش بۆ جیاکردنەوەی ئەو بەشەو درووستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ نییە لە سەر جوگرافیای ئەو بەشەی کوردستان. بەڵکو مانەوەیە لە سنووری دەسەلاّتی ئەو دەوڵەتەدا کە ئەو بەشەی پێوە لکێندراوە. لە وتەکەی بارزانیدا زیاتر دانپێدانانێکی ناراستوخۆ بە دابەشکردنی کوردستاندا دەبینرێت هەرچەندە پێش بارزانی سەرجەمی بزووتنەوەکانی کورد هەمان کاریان کردووەو هەریکە لە سنووری کوردستانەکەی

خۆیدا خەباتی کردووەو دژی دەوڵەتی داگیرکەری بەشەکەی خۆیان راپەڕیون، بێجگە لە بزووتنەوەکەی شێخ عوبەیدولاّ کە ئەویش دەشێ هەندێ هۆکاری شاراوە لە پشتی گواستنەوەی راپەڕینەکەوە هەبوو بێت لە سنووری دەوڵەتی عوسمانییەوە بۆ سنووری دەسەلاّتی فارسەکان. بەهەر حاڵ لە روانگەی مەسەلەی نەتەوایەتی و گوتاری نەتەوایەتییەوە لە وتارەکەی بارزانیدا چوارچێوەیەکی ئاشکرا بۆ بوونی بەرنامەیەکی نەتەوەیی یان بوونی گوتاری نەتەوەیی دیار نییەو دەتوانین بڵێین ئاراستەی خەباتکردنەکە زیاتر بەلای خەباتی گەلێکی ولاّت داگیرکراو لە لایەن ئیمپریالیزمی بەریتانیاوە خۆی دەنوێنێت. واتە خەبات بۆ رزگالرکردنی عێراق بەکوردستانیشەوە لە چنگی ئیمپریالیزم کە لەو ئاقارەشدا هەموو ئازادیخوازانی عێراق بەشدار دەبن. ئەم بۆچوون تێڕوانینەش جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لە بەشداریکردنی شێخ مەحموود لە شەڕی شوعێبەدا دژی داگیرکەری ئینگلیز. هەرچەندە ئەم وتانەی بارزانی وتەی کەسێکە کە بڕوایەکی تەواوی بە عێراقیبوونی خۆیی و کوردستانیش هەبوو بێت، بەلاّم لە راستیدا لە هەڵوێستس عەمەلی بارزانیدا ئەو ئینتیما بەهێزە بۆ عێراق نابینرێت و لەوەش ناچێت بڕوای بەخەبات کردن لە پێناوی رزگارکردنی عێراق لە چنگی ئیمپریالیزم هەبوو بێت. بەڵکو لە خەباتی دوورودرێژی بارزانیدا رەهەندی ئامانجو داواکارییەکانی هەرچەند بووبێت، سیمای کوردستانی بوونو خەبات لە پێناوی کوردو کوردستاندا بینراوەو هەست بەوە نەکراوە کە بارزانی عێراقی پێش کوردستان خستبێت. رەنگە باسکردنی عێراقو رزگارکردنی لە دەستی ئیستیعمار وەکو ئەو دەڵێت لەو روانگەیەوە بووبێت کە تەنیا لە عێراقێکی ئازاددا کوردستانێکی ئازاد بوونی دەبێت یان کورد دەتوانێت بگات بە مافە رەواکانی خۆی.

بـارزانی لـه وتەکەیـدا داوا لـه خـەڵکی دەکات کـه بـەردەوامبن لـه خەباتـدا تـاکو دەگەن به ئاواتی خۆیان که دیموکراتیه. ئەو وتەیەی بارزانی لـه ساڵی( 1946) دا پێشکەش کراوه. ئایا دەبێ به تێگەیشتنی ئـەو کاتـەی بـارزانی و خـەڵکیش لـه کوردستان دیموکراتی چ مانایەکی هەبوو بێت؟. بەهەرحاڵ بارزانی لـه وتەکەیـدا ئامـانجی ئەوپـەڕینی خـەباتکردنی گـەلی کـوردی دیـاری کـردووه کـه بریتیـه دیموکراتی. بێگومـان باسـکردنی دیمـوکراتی بـۆ ئـەو مێـژووه بایـەخێکی گرنگی هەیـه لـه کاتێکـدا لـەو سـەردەمەدا بێچگه لـه تورکیـا کـۆی سیسـتێمی سیاسـی دەوڵـەتانی ناوچـەکه سیسـتێمی پاشـایەتی داخـروو نادیموکراسـی بـوون. ئایـا دیمـوکراتی بـۆ ئـەو کاتـەی خـەباتی کوردایـەتی خـاڵی سـەرەکی و ئامـانجی سەرەکییه؟ ئایا هەر به راستی لەو قۆناغـەدا مەسـەلەی دیموکراسـی بـه گـوێرەی کورد کەوتۆته پێش مەسەلەی نەتەوایەتی و ئامانجی نەتەوایەتییـەوه؟ یـان ئایـا دەشێ تەسەوری ئەوه بکەین که بارزانی لەو روانگەیەوه باسی دیموکراسـی بکـات کـه مەسـەلەی نەتەوایـەتی لـه رونگـەی مارکسـیزمەوه یەکێکـه لـەو مەسـەلانەی چارەسـەرکردنی لـه ئەسـتۆی دەرکـەوتنی بـۆرژوای نیشـتیمانی و شۆڕشـی دیموکراسـیه یـان بـه وتەیـەکی تـر یەکێکـه لـەو ئەرکانـەی کـه دەبـێ بـۆرژوای نیشـتیمانی جێبـەجێی بکـات؟ بێگومـان ئاشـکرا نییـه مەبەسـتی بـارزانی لـه دیموکراسیو خەبات له پێناوی دیموکراسیدا چییه. کەواتـه ئایـا بۆچـی بـارزانی باسی مەسەلەی نەتەوایەتی ناخاته پێش مەسەلەی دیموکراسیەوه؟ رەنگه تاکـه وەڵامێکی راست بۆ ئەم پرسیاره ئەوه بێت که بارزانی ئەو کاتەیەی ئەم بەیانەی دەرکـردووه لـه کۆمـاری مهابـاد بـووه کـه وەکـو دەیـزانین سـۆڤێت لـه پشـتی درووسـتکردنی ئـەو کۆمـارەوه بـووەو تـا ئـەو کاتەیشـی ویسـتوویەتی پشـتگیری کـردووەو یارمـەتی داوه. مەسـەلەی دیموکراسـیش لـه راگەیانـدنی سـۆڤێتیەکاندا

شتێکی باوی ڕۆژانە بووەو بێگومـان لـە لایـەك دەشـێ ئـەوەش کاریگـەری لەسـەر بـارزانی هـەبوو بێـت لـە لایـەکی تـرەوە دەشـێ ئـەو وتـارە جۆرێـك لـە ئومێـدی بەدەستهێنای پشتگیری سۆڤێتی لە پشتەوە بوو بێت. هـەروەك ئـەوش ئاشـکرایە کـە هـەمزە عەبـدوڵا کـاتێ بـە نوێنەرایـەتی بـارزانی گەڕایـەوە بـۆ عێـراق بـۆ دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد، لە بارەی ئەو پەیڕەوو بەرنامەیەوە کە بـۆ پارتی دیموکراتی کورد دانرا بوو رایگەیاندووە کـە سـۆڤێتیەکانیش ڕەزامەنـدیان لەسەر ئەو بەرنامەیە هەیە.

بەهەرحاڵ سەرباری بڕوابوونی ئێمـە بـە مەسـەلەی دیموکراسـی بـەڵام نـاتوانین دان بەوەدا بنێین کە بارزانی لە قۆناغێکی وەهادا بەتـەواوەتی بـڕوای وابووبێـت کە کێشەی کورد کێشەی نەبوونی دیموکراتییەو چارەسەری کێشـەکەی تـەنیا بـە دیمـوکراتی دەکرێـت. ئـەم بۆچـوونە بـۆ وڵاتێـك راسـتە کـە خـاوەنی دەسـەڵاتو دامەزراوەی دەوڵەتیی خۆی بێت، بەڵام ئەو دەسـەڵاتە دەسـەڵاتێکی نـادیموکراتی بێـت. لـە بـارێکی وەهـادا ئـەرکی خـەڵك یـان جـەماوەر خەباتکردنـە لـە پێنـاوی گۆڕینی سیستەمی دەسەڵاتدا لـەو بـارەوە کـە هەیـە بـۆ سیسـتێمێکی دیمـوکراتی. یان وەکو لە تیۆری مارکسیزمدا باوە کاتێ شۆڕشی پیشەسازی دەکرێـت و چـینی بۆرژوا دێتە سەر کورسی فەرمانڕەوایەتی و کۆتایی بە سیستێمی فـەرمانڕەوایی فیودیالی یان ئیمپراتۆرێتی فرە ئیتنیکی ئایینی دێنێت، چینی بۆرژوای نوێ یـان چینی ناوەنـد کـە هێشـتا لـە بـاری شۆڕشـگێڕیدایە، هـەڵگری بەرنامـەو پـرۆژەی دیموکراسـیە. دیـارە وەکـو لـە کـەلتووری مارکسـیزمدا بـاس دەکرێـت، مەسـەلەی نەتەوایـەتی یەکێکـە لـەو مەسـەلانەی کـە چارەسـەری لـە ئەرکـەکانی سیسـتێمی دیموکراسـیە. واتـە مەسـەلەی نەتەوایـەتی لـە پـرۆژەی دیموکراسـی چـینی

بۆرژوادایەو تەنانەت ئەرکی سەرشانیشێتی کە جێبەجێی بکات، کە ئەویش لە درووستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیدا خۆی دەبینێتەوە.

دیارە نە لەسەردەمی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورددا و نە دوای ئەوەش سیستێمێکی سیاسی ئیداری ئەوتۆ درووست نەبووە کە سیستێمی فیودیالی کوردی بووبێت و پارتی دیموکراتی کوردیش وەکو پارتی بۆرژوای نیشتیمانی هەڵگری پرۆژەی شۆڕش بووبێت بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو سیستێمە فیودیالیەو دامەزراندنی سیستێمێکی بۆرژوای دیموکراتی واتە درووستکردنی دەوڵەتێکی بۆرژوای دیموکراتی. هەر بۆیە بە ئاشکرا دەتوانین بڵێین دانانی دیموکراسی وەکو ئامانجی سەرەکی خەباتی خەڵکی کوردستانی لە عێراقدا، لەو قۆناغەدا کە لە راستیدا ئەم بەشەی کوردستان بەشێکی داگیرکراو و بە زۆر لکێندراو بووە بە دەوڵەتێکی داتاشراوەوە کە سیستەمی فەرمانڕەوایەتی تیایدا سیستێمی پاشایەتی بووە، تا ئەندازەیەکی ئاشکرا جۆرێك لە ناجۆری‌و شوێن گۆڕکێی لە ریزبەندی خواستە سەرەکییەکانی کورددا پێوە دیارە. لەم رووەوە دەشیا لە بەیانەکەی بارزانیدا پێداگیری لەسەر خەباتی رزگاری نیشتیمانی بکرایەو ئامانجی سەرەکی حیزبی دیموکراتی کورد بە خەباتکردن بۆ رزگارکردنی کوردستانی گەورە دابنرایە ئەگەر حیزبەکە خۆی بە حیزبی هەموو کوردستانی گەورە بزانیایە، واتە ئەگەر خاوەنی گوتارێکی گشتی نەتەوەیی بوایە، خۆ ئەگەر وەکو ئەوەشی کە لە درووسکردنەکەیدا راگەیەندرا مادەم حیزبی کوردستانی عێراق بوو دەبوا ئامانجی سەرەکی رزگار کردنی کوردستانی لکێندراو بە عێراقەوە بوایە، لەگەڵ درووستکردنی دەوڵەتێکی کوردی لە سەر جوگرافیای ئەم بەشەی کوردستان کە ئەمەشیان دەیکردە هەڵگری گوتارێکی هەرێمایەتی کوردی کە لە چاو گوتاری ناسیونالیزمدا بە گوتارێکی ناتەواو دادەنرێت. بەلام

وەك دەبیـنین هـیچ کـام لـەم دوو خاڵـە نەبوونەتـە ئامـانجی دیـاری حیزبـی دیموکراتی کورد بەو پێیەی کە لە وتەکەی بارزانیـدا دەردەکـەوێت. کەواتـە ئایـا ئەو بەرنامەیەی کە لـە وتەکـەی بارزانیـدا لـە ئاسـتی نـەگوتراودا بانگەشـەی بـۆ کراوە چییە؟

بـە ئاشـکرا ئـەوەمان بـۆ دەردەکـەوێت گەوهـەری وتەکـەی بـارزانی بەرجەسـتەی خەباتکردنی دیموکراتی دەکات لە عێراقێکدا کە بە بۆچوونی ئەو لە لایـەن ئیمپریالیزمەوە داگیر کراوە. هەر بۆیە ئەرکی هەموو عێراقیەکانـە کـە خـەبات بکـەن لـە پێنـاوی رزگـارکردنی وڵاتـدا، کـە مەبەسـت لـە وڵاتـیش لێـرەدا هـەموو عێراقە بە کوردستانیشەوە. کەواتە لێرەدا تێدەگەین ئـەو خەباتـە دیموکراتیـەی کە بارزانی باسی دەکات خـەباتی رزگـاری نیشـتیمانی عێراقیـە زیـاتر لـەوەی کـە خەباتی رزگاری نیشتیمانی کوردی بێت. دیارە لە ئاستی نەگوتراودا لـە وتەکـەی بارزانیدا ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە رزگاربوونی ئەم بەشەی کوردستان بەندە بە رزگـاربوونی عێراقـەوە. هـەروەك دواتـریش لـە بەرنامـەی پـارتی دیمـوکراتی کوردو پارتی دیموکراتی کوردستاندا دروشمی دیموکراتی بـۆ عێـراق و ئۆتۆنـۆمی بۆ کوردستان بووەتە دروشمی سەرەکی. ئێستا جێگای خۆیەتی بپرسین ئایـا ئـەم دروشمـە بەرهـەمی عـەقڵی سیاسـی کـوردی و دەرئـەنجامی ئاسـتی پەرەسـەندنی ناسیونالیستی کوردییە، یان لـە راسـتیدا ئەمـە بەشـێك بـووە لـەو پرۆژەیـەی کـە سـۆڤێت راسـتەوخۆ بانگەشـەی بـۆ کـردووە بـە مەبەسـتی هانـدانی نەتـەوە جیاوازەکان لە یـەك وڵاتـدا بـۆ لـە رووداوەسـتانی دەوڵـەتانی داگیرکـەری رۆژئـاوا لەسەر خاكو نیشتیمانەکانیان. هەرووەك بۆ درووستکردنی ئـەو بۆچوونەی کـە ئـەم نەتەوانـە مـادەم لـە یـەك وڵاتـدا دەژیـن بـرای یـەکترینو ئـەوەی مایـەی نەهامـەتیو بەدبەختییـە بۆیـان ئیمپریالیزمـە. لـە پشـتی ئـەم پرۆژەیـەوە ئـەو

بۆچـوونە هەیـە کـە نەتـەوە بنەدەسـتەکان  رابهێنـرێن بـۆ ئـەوەی لـە سـایەی دەسـەلأتی نەتـەوەی سەردەسـتدا بمێننـەوەو خودموختـاری یـان دەسـەلأتێکی سنووورداری ناوچـەییان پێبـدرێت وەکـو ئـەو بەرنامانـەی کـە دواتـر بینیوومـانن دیموکراتی بۆ هەموو ولأتو ئۆتۆنۆمی یان خودموختاری بۆ کوردستان. ئەمـەش بە مانای نەتەوەی ژمارە یەكو نەتەوەی ژمارە دوو یان نەتەوەی سەردەست کـە حکومـەتو دەوڵـەت هـی ئـەوەو نەتـەوەی بندەسـت کـە بـە حیسـاب ئۆتۆنـۆمی دەبێت. بێگومان ئەگەر گوتاری ناسیونالیزم لە سـەرەبخۆیی‌و دەوڵـەتی نەتـەوەدا بەرجەستە ببێت ئەوا خودموختاری یان ئۆتۆنۆمی گـوترێکی ناتـەواوە لـە رووی پرۆژەو گوتاری ناسیونالیزمەوە؟

بە بۆچوونی من دروشمی دیمـوکراتی بـۆ ولأت و ئۆتۆنـۆمی بـۆ گـەلی ژمـارە دوو بەرهـەمی پـرۆژەی سـۆڤێتیە کـە بـە گـوێرەی کوردسـتان لـە کۆمـاری مهابـادەوە دەست پێـدەکات و پاشـان بەشـەکانی تـری کوردسـتانیش دەکرێتـەوە. دیـارە لـەو قۆناغەدا واتە پێش درووستبوونی کۆماری کوردستان لـە مهابـاد کـە سـەروەختی جـەنگی دووەمـی جیهـانی بـوو، حیزبـە شـیوعیەکانیش لـەو ولأتەنـەدا کـە کوردستانیان بەسەردا دابەش کرابـوو، بـە گـوێرەی سـۆڤێت دەشـێ وەهـا سـەیری کردبێت کە ئەو حیزبانە لە ئاینـدەی نزیکـدا بێنـە سەرکورسـی دەسـەلأت. بۆیـە هەر لەو کاتەوە سۆڤێت هەوڵیداوە رێگا بۆ بەرگری کردن لە یەکپارچـەیی خـاك و گەلانی ئەو ولأتانە خـۆش بکـات و بـۆ زەمینـە خۆشـکردن بـۆ جێبـەجێکردنی ئەو ئامانجە لە داهاتوودا ئەوەی بە گـوێی خـەڵكو تەنانـەت حیـزبو رێکخـراوی نەتـەوە بندەسـتەکاندا دەچـرپاند کـە دیموکراسـی تاکـە زەمانەتـە بـۆ ئـەوەی هەمووان لە چوارچێوەی دەوڵەتێکدا پێکەوە بژین. کەواتە دەتوانین بە ئاشـکراو بێ هیچ شاردنەوەیەك ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە پرۆژەی دیموکراتی بۆ دەوڵـەتی

ناوەنـدو ئۆتۆنـۆمی بـۆ کـورد بەرهـەمی عـەقڵی سیاسـی کـوردیو پەرەسـەندنی کۆمەلأیەتی کۆمەڵگەی کوردی و ناسیونالیستی کـوردی نییـە بـەو ئەنـدازەی کـە بەرنامەیـەکی خواسـتراوە لـە دەرەوە بـە مەبەسـتی ڕێگـا خۆشـکردن بـۆ حیزبـی شیوعی کە ئەگەر هاتە سەر کورسی دەسەڵات ئەوا دەبێ بە پێوانەی دیموکراسـی بـۆ هـەموو گـەل و ئۆتۆنـۆمی بـۆ نەتـەوەی بندەسـت کـار بکـات، ئـەویش بـۆ هێشـتنەوەی گـەلانی بندەسـت لـە ژێـر رکێفـی دەسـەلأتی دەوڵـەتی نەتـەوەی سەردەستدا.

ئەنجام:

سـەبارەت بـە گوتـاری پـارتی دیمـوکراتی کـورد، لەبـەر ڕوونـاکی ئـەو وتانـەی بارزانیـدا ئـەوەمان بـۆ ئاشـکرا دەبێـت کـە یەکـەم بەرنامـەو خواسـتی پـارتی دیمـوکراتی کـورد کـە دواتـر دەبێتـە پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان بریتیـە لـە خودموختـاری، یـان ئۆتۆنـۆمی، یـان لـە باشـترین حاڵەتـدا درووسـت کردنـی دەسەلأتێکی کوردی لەو بەشەی کوردستان کە لکێندراوە بە عێراقەوە. هەرچۆن بەرنامـەو خواسـتی حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتانی ئێـران بـریتی بـوو لـە خودموختاری بـۆ کوردسـتانی ئێـران کـە دەتـوانین بڵێین ئـەم گوتـارە دەیـەوێت بەرجەستەی ویستەکانی کـورد لـە هـەر بەشـێکی کوردسـتاندا بـە تـەنیا بـۆ ئـەو بەشـە بکـات کـە تیایـدا درووسـت بـووە. ئەمـەش لـە چوارچێوەی ئـەو گوتـارەدا بەرجەستە دەبێت کەپێی دەگوترێت گوتـاری هەرێمایـەتی کـە ئـەوەش لـە خـوار ئاستی گوتاری نەتەوایەتییەوەیە. هەروەك بەرنامەو خواسـتی پـارتی دیمـوکراتی کـورد نەگەیشـتۆتە ئاسـتی درووسـت کردنـی دەوڵـەت بـۆ ئـەو بەشـەی کـە پێـی دەگوترێت کوردستانی عێراق. دیارە بوونی بەرنامەی درووستکردنی دەوڵەت بـۆ هەریەکە لەو بەشانەی کوردستان لە خوار گوتـاری ناسـیونالیزمی کوردییەوەیـە.

بەلاّم بە لەبەرچاوگرتنی ئەو بارودۆخە سیاسیە نێودەوڵەتی و جیوپۆلەتیکیەی کە کوردستانی تێدایە لە روونگەی مەسەلەی نەتەوایەتی ئێمەوە، یان لە روانگەی ناسیونالیزم و گوتاری ناسیونالیزمەوە دەشیا جۆرێك لە پاساوی بۆ بهێنرێتەوە بەوەی کە سەرباری پێویسبوونی پرۆژەی بالآی نەتەوایەتی کوردی بۆ هەموو کوردستانی گەورە، بەلاّم بارودۆخی سیاسی نێودەوڵەتی و پێگەی جیۆپۆلەتیکی کوردستان لە ئێستادا بواری ئەوە نادات بۆیە لە قۆناغی یەکەمدا سەربەخۆیی هەر پارچەیەکی کوردستانو درووستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆ تیایدا قۆناغی یەکەمی لە ویستە نەتەوەییەکانی کوردو دەسپێکی پرۆژەی ناسیونالیزمی کوردیو جێبەجێکردنی سەرەتایی گوتاری ناسیونالیزمی کوردییە. بەلاّم دیارە بەرنامەی پارتی دیموکراتی کورد خالّرێژی بۆ پرۆژەیەکی لەو جۆرە نەکردووە. بێگومان ئەگەر لە سنووری یەك پارچەی کوردستانەوە بەرنامەی سەرەبەخۆیو درووستکردنی دەوڵەت بۆ ئەو پارچەیە گەوهەری گوتاری حیزب یان رێکخراوەکانی ئێمە بوایە ئەوا هەنگاوی دووەم بە ئاراستەی هەموو جەستەی نەتەوەو هەموو رووبەری نیشتیمان دەبوو. بەهەرحالّ گوتاری حیزبو رێکخراوەکانی ئێمە ئۆتۆنۆمی یان خودموختاری یان فیدرالّی یان کۆنفیدرالّی بێت، هیچ لەو راستیە ناگۆڕێت کە گوتارو پرۆژەی راستەقینەی ناسیونالیزمی کوردی درووستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆو یەکگرتووی کوردییە.

سەرچاوەکان:


1- دکتۆر عەزیزی شەمزینی، بزووتنەوەی رزگاری نیشتیمانی، وەرگێرانی فەرید ئەسەسەرد، سلێمانی، 2006، ل.279.

2- كريس كۆچێرا، كورد لـه سـەدەی نـۆزدەو بیستدا، وەرگێڕانـی: حەحەكـەریم عارف، ل. 242.

3- كريس كۆچێرا، هەمان سەرچاوە، ل. 243.

4- David MacDowall, A Modern History of the Kurds, London, p. 296.

5- كرێس كۆچێرا، هەمان سەرچاوەی پێشووتر، ل. 243.

6- دكتۆر عەزيزی شەمزينی، بزووتنەوەی رزگاری نيشتيمانی، ل. 279-280.

7- David MacDowall, A Modern History of the Kurds, p. 296.

8- الدكتور عبدالستار گاهر شريف، المنقمات و الاحزاب الكرديه، ص213.

9- نفس المصدر السابق، ص 213.

10-David MacDowall, A Modern History, p.296.

11- كۆنگرەی يادەوەری سەدساڵەی بارزانی نەمر، بەشی يەكەم، ل 253.

12- هەمان سەرچاوە، ل. 260.

13- هەمان سەرچاوەی پێشووتر، ل. 260-261.

14- القوميه مرج العصر ام خلاصه ، ص 174.

15- كۆنگرەی يادەوەری سەد ساڵەی بارزانی نەمر، بەشی يەكەم. ل. 253.

.

## بەشی پێنجەم:

# حیزبی کوردی لە نێوان ناسیونالیزم و خێڵدا

**سەرەتا:**

**پرسی حیزبایەتی لە کوردستاندا پرسێکی گرنگەو مێژووی درووست بوونی حیزبیش لە کوردستان نزیکەی سێ چارەکە سەدەیەك دەبێت. بۆیە جێگای خۆیەتی ئەو پرسیارە بەرز بکەینەوە ئایا حیزب لە کوردستاندا وەکو دامەزراوەیەکی کۆمەڵگای شار درووست بووەو دامەزراوەیەکە بەرهەمی پەرەسەندنی کۆمەلایەتی کۆمەڵگای کوردییە، یان بە کاریگەری بارودۆخی سیاسی نێو دەوڵەتی و دەوروبەر درووست بووە؟ یان حیزبی کوردی نموونەیەکی گواستراوەیەو بە لاسایی کردنەوە درووستکراوە؟ ئایا حیزبی کوردی لە سەرەوەختی رێکخراوی (ئازادی و خۆیبوونەوە) تاکو ئێستاشی لەگەڵدا بێت دامەزراوەیەکە لەسەر بوونی بنەما سرووشتیەکانی حیزب درووست بووەو لە هەناوی خۆیدا کۆرپەلەی دەوڵەتی هەلگرتووە؟ یان ئەم دامەزراوە لە کۆمەڵگای کوردیدا ئەلتەرنایتیڤی خێڵ و عەشیرەتە؟ ئایا پەیوەندی نێوان حیزبی کوردی و ناسیونالیزمی کوردی چ جۆرە پەیوەندییەکە؟ ئایا حیزبی کوردی چۆن مامەڵەی لەگەڵ نفوزی جەماوەری شێخ و ئاغاو بەگ و سەرخێڵی کوردیدا کردووە؟**

**هەروەك پرسیار دەربارەی گەوهەرو ماهیەتی ناسیونالیزمی کوردی پەیوەست بە دامەزراوەی حیزبی کوردی بابەتێکە ئاخاوتنی زۆر هەڵدەگرێت و لێرەدا ئەوەندەی پەیوەندی بەم ناونیشانەی سەرەوە هەبێت لەو بارەیەوە دەدوێین. زۆرێك لەوانەی لەسەر ناسیونالیزمی کوردی ئاخاوتنیان کردووە چی نووسەرانی کوردو چی نووسرانی غەیری کوردیش "تەنیا بە هاوشێوە کردنی کورد لەگەڵ نەتەوەکانی تردا(1) لەو بابەتە دواون و لەو روانگەیەشەوە نەیانتوانیووە لە سەر بنەمای شیکردنەوەو توێژینەوەی پێکهاتەی کۆمەڵگای کوردی و ئاستی**

پێشکەوتن و پەرەسەندنی ئەم کۆمەڵگایە لەسەر ئەو بابەتە بدوێن و ئاخاوتن بکەن و هەر لەوێشەوە شووناسی ناسیونالیزمی کوردی دیاری بکەن. بۆ ئەوەی بتوانین لەسەر پەیوەندی حیزبی کوردی و ناسیونالیزمی کوردی و بنیادی پێکهێنەرانەی کۆمەڵگای کوردی کە بنیادێکی خێڵایەتیە ئاخاوتن بکەین باشتر وایە سەرەتا لە بارەی ناسیونالیزمی کوردیەوە بدوێین و پاشان هەوڵبدەین پەیوەندی نێوان ئەم رەگەزانە ئاشکرا بکەین.

ئەوەی ئاشکرایەو جێگای گفتوگۆ نییە ئەوەیە کە ناسیونالیزم بەرهەمی مۆدێرنێتەیە و لە هەمان کاتدا تەنیا کاتێك ناسیونالیزم دەبێتە خاوەنی شووناس کە ببێتە بەرنامەو پرۆژەیەکی جەماوەری و ئاستی ئاسایی بەرنامەکەی درووست کردنی دەوڵەتی نەتەوەیی بێت. هەر پرۆژەو بەرنامەیەکی تر لەخوار ئاستی درووست کردنی دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەییەوە بەڵگەی لاوازی و بێ شوناسی ناسیونالیزمە. بێگومان ئێمە لە واقیعی کوردستاندا لە مێژووی دروستبوونی دەوڵەتی عێراقیەوە ئەوە دەبینین کە پەیوەستبوون و ئینتیما بەو دەوڵەتەوە رووبەرێکی فراوانی لە کۆنەستی کۆمەڵایەتی کوردی ئەم بەشەدا درووست کردووە بە جۆرێکی ئەوتۆ کە ئینتیما بۆ عێراق ئامادەبوونێکی لەبەرچاوو کاریگەری هەیە. دیارە ئەم دیاردەیەش تەنیا پەیوەست نییە بەو بەشەی کوردستانەوە کە کەوتۆتە ژێر دەستی دەوڵەتی داگیرکەری عێراق بەڵکو بۆ بەشەکانی تری کوردستانیش کە هەریەکەیان لە ژێر سایەی دەوڵەتێکی داگیرکەری تردایە هەمان لێکدانەوە راستە. ئەم حاڵەتەش تەنیا لە سەر ئاستی جەماوەر نەماوەتەوە یان تەنیا لەسەر ئاستی جەماوەر ئامادەبوونی نەبووە بەڵکو بەشێوەیەکی ئاشکراو لە بەرچاو بووەتە بەشێك لە بەرنامەی بزووتنەوەو حیزبی کوردیش .

هەڵبەت دەبێ لێرەدا ئەوە بڵێم کە مەبەستی ئەم نووسینە ئەوەندەی هەوڵدانە بۆ گەڕان بە دوای ئەو هۆکارانەدا کە ئەم حاڵەتەیان لە مێژووی سیۆسیۆلۆژی ئێمەدا درووست کردووە، ئەوەندە بە مەبەستی رەخنەگرتن لەسەر بزووتنەوەو حیزبی کوردی و نوخبەی کوردی نییە چونکە هەموو ئەمانەش کە لە واقیعی کۆمەلأیەتی ئەم کۆمەڵگایەدا لە دایك بوون و دەرکەوتوون هەڵگری عەقڵ و رۆشنبیری و روانینی کۆمەڵگان بە تایبەتیش لە کاتێکدا لەم کۆمەڵگایەدا ئەو نوخبەیەی کە توانای گۆڕانکاری و کارکردنی نوخبەویانەی هەبێت درووست نەبووە یان دەرنەکەوتووە .

لە روانینی تەقلیدیانەوە مەسەلەی نەتەوایەتی یان بە زاراوەی نوێ ناسیونالیزم بەرهەمی دەرکەوتنی بۆرژوای نیشتمانی و بۆرژوای پیشەسازییە کە ئەمەش هیچ جیاواز نییە لەوەی کە بڵێین ناسیونالیزم بەرهەمی مۆدێرنێتەیە. بۆ ئەو مەبەستەش دەبێ نەتەوە ئامادەبوونی هەبێت، هەرچەندە بەشێك لە نووسەرانی نوێی بواری ناسیونالیزم پێیان وایە ناسیونالیزم نەتەوە درووست دەکات. هەر بەوپێیەش بە پێی روانینی کۆن بۆ نەتەوە کۆمەڵێ بنەمای دیاری کراو هەن وەکو پایەکانی نەتەوە دەناسرێن کە بریتین لە زمانی هاوبەش و خاکی هاوبەش و مێژووی هاوبەش و ئایینی هاوبەش و داب و نەریتی هاوبەش. بە واتا ئەو پێکهاتەیەی کە ئەم بنەما هاوبەشانەی هەبوایە بە نەتەوە دادەنرا. بێگومان لە رووی راستییەوە ئەم رەگەزانە وەکو مادەی خاوی نەتەوە سەیر دەکرێن و لە ئێستادا بە تەنیا بەس نین بۆ ئەوەی پێکهاتەیەك بکەن بە خاوەنی شوناسێك کە شوناسی نەتەوایەتیە، ئەگەر ئەو پێکهاتەیە خاوەنی کۆمەڵێ خاسێت و تایبەتمەندی تر نەبێت کە بیگەیەننە ئەو ئاستەی کە بوونی راستەقینەی لە رووی ئامادەبوون و بەشداریکردنەوە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بۆ

فەراهەم بکەن و لە هەمان کاتیشدا سنووری جیاکردنەوەی ئەو پێکهاتەیە لە نەتەوەکانی تر دەستەبەر بکەن کە بێگومان ئەو جیاکردنەوەیەش لە ئاستی یەکەمدا لە میانەی درووستکردنی دەوڵەتی نەتەوەییەوە فەراهەم دەبێت. گەیشتن بە ئاستی خۆ جیاکردنەوەی هەر نەتەوەیەك لەوانی تر لە ڕێگای درووستکردنی دەوڵەتەوە سەلماندنی بوونی ناسیونالیزمێکی خاوەن شووناسە.

لە لایەکی ترەوە کاتێ باس لە بوونی ناسیونالیزمێکی خاوەن شووناس بکەین دەبێ ئەو ڕاستیەش لەبەر چاو بگرین بەرنامەو پرۆژەی ئەو ناسیونالیزمە چییەو چۆن کار دەکات؟ ئایا ئەم ناسیونالیزمە توانیوویێتی دامەزراوە تەقلیدییەکانی خێڵ و عەشیرەت هەڵوەشێنێتەوەو هەموو کۆمەڵگا لە یەکەیەکی گەورەترو فراوانتردا کۆ بکاتەوەو بشێ بە گەل یان بە نەتەوە ناو ببرێت ؟ ئایا ئەم ناسیونالیزمە توانیوویێتی ڕۆڵی ئاغاو شێخ و بەگ لە گۆمەڵگادا پاسیڤ بکات و لە کاری بخات و نوخبەی خوێندەوار یان ئەرستۆکراتی شار یان بۆرژوای خاوەن سەرمایە، یان باشتر بڵێین چینی ناوەند شوێنی ئەو پنتانەی پێشتری دەسەلاَت بگرنەوە ؟ ئایا ناسیونالیستی کوردی توانیوویێتی ئەو هەنگاوانە هەڵبنێت و لەو سەروبەندەشدا ببێتە بزووتنەوەیەکی جەماوەری کە وەلائی ڕاستەقینەی ئەو بزووتنەوەیە بۆ نەتەوەو نیشتمان بێت لە بری وەلائ بۆ ئاغاو بەگ و شێخ و خێڵ عەشیرەت و جوگرافیای خێڵ و عەشیرەت و ناوچەو هەرێمی جوگرافی حیزبی ؟

لە ڕاستیدا ئەمانە گۆمەڵە پرسیارێکن کە وەلاَمدانەوەیان ڕووناکی دەخاتە سەر گەوهەرو ماهیەتی ناسیونالیزمی کوردی و شووناسی ئەم ناسیونالیزمەش بەبێ وەلاَمدانەوەی ئەم پرسیارنەو چەندین پرسیاری تریش دیاری ناکرێت. بۆ وەلاَمدانەوەی ئەم پرسیارانەش پێویستمان بەوەیە لە ئاستی یەکەمدا لە بارەی

چۆنێتی سەرهەڵدان و دەرکەوتنی ناسیونالیزمی کوردی یان ئەوەی کە بە ناسیونالیزمی کوردی ناو دەبرێت ئاخاوتن بکەین و ئەو دەرکەوتنەش لە رووی زانستی و مێژووی دەرکەوتنی ناسیونالیزمەوە لە کۆمەڵگا ئاسایی و پەرەسەندووەکاندا بەراورد بکەین و خۆیشمان لەو هاوشێوەکردنە نازانستییە بە دوور بگرین کە تاکو ئێستا لە زۆر رووەوە مێژووی کوردی پێخوێندراوەتەوە کە مەبەست لە چەمکی هاوشێوەکردنیش بۆ خوێندنەوەی مێژووی کورد ئەوەیە کە هەوڵدراوە لە بری ئەوەی لەسەر بنەمای تایبەتمەندییەکانی خودی کۆمەڵگای کوردی خۆی خوێندنەوەی ئەم کۆمەڵگایە بکرێت هەوڵدراوە چوارچێوەیەکی جێگیرو ئامادە کراوی دەرەوە بهێنرێت و کۆمەڵگای کوردی بخرێتە ئەو چوار چێوەیەوە کە لەو سەرو بەندەشدا مێژوویەك بۆ کورد نووسراوەتەوە جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لە مێژووی زۆرێك لە نەتەوەکانی تر کە دیارە مەبەستمان لەم قسەیەش ئەو مێژووەیە کە پەیوەندی بە پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و دەرکەوتنی هەست و هوشیاری نەتەوەیی و ناسیونالیزم و دامەزراوەی حیزب و زۆر لایەنی تری ژیانی کەلتووری و سیاسی ئێمەوە هەیە. بۆ نموونە هەر کەس بەشێکی دیاری ئەو مێژووە بخوێنێتەوە کە دکتۆر کەمال مەزهەر سەبارەت بە چینی کرێکاری عێراق و ئەو پەراوێزانەی کە بۆ کتێبی( دەرەبەگایەتی ) نووسیوێتی وا تێدەگات کە ئەمە مێژووی ولاتێکی پەرەسەندوی ئەوروپایە و ئەو باسانە هاوشێوەن لەگەل باسکردنی چینی کرێکار لە سەدەی نۆزدەی هەندێ ولاتی ئەوروپادا. یان ئەو پەراوێزانەی کە بۆ کتێبی دەرەبەگایەتی نووسیووە هاوشێوەن لەگەڵ زۆرێ لەو رایانەی کە لەبارەی دەرەبەگایەتی روسیاوە لە سەردەمی پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەردا باسکراون. بەواتا بەبێ لەبەرچاو گرتنی تایبەتمەندی کۆمەڵگای کوردی ناتوانرێت رووی

راستەقینەی ئەم کۆمەڵگایە دەربخرێت. ئەمە جگە لەوەی کە زۆرینەی ئەو مێژووەی مێژوونووسانی کورد نووسیویانە مێژووی وەسفیە کە ئەوەش لە نەخشەی مێژوونووسیدا ئاسانترین جۆری نووسینە. دیارە ئەوەش هەژاری مێژوونووس و توێژەری کۆمەڵایەتی کوردی دەردەخات و نیشانیشی دەدات کە خاوەنی میتۆدی کارکردنی زانستی نییە بۆ کۆمەڵگاکەی خۆی و ناتوانێت لە تایبەتمەندییەکانی ئەم کۆمەڵگایە تێبگات بۆیە بە هاوشێوەکردنی مێژووی کورد لەگەڵ مێژووی نەتەوەکانی تردا مێژووی کورد دەنووسێتەوە.

زۆربەی ئەوانەی کە لەبارەی ناسیونالیزمی کوردیەوە دواون و وەکو ناسیونالیزم لە هەر شوێنێکی تری جیهان سەیری دەکەن چ لە رووی مێژووییەوە چ لە رووی درووستبوونییەوە چ لە رووی ئەرك و کارەکانییەوە. بێگومان جیاوازییەکی زۆری هەیە لە سرووشتی ناسیونالیزمدا بە پێی کۆمەڵگاو ئاستی پەرەسەندنی کۆمەڵگا جیاوازەکان، ئەو جیاوازییانەش ئاست و شێوازی ئینتیمای ئەم ناسیونالیزمە دیاری دەکەن. لە رووی درووستبوون و دەرکەوتنەوە وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد ناسیونالیزم بەرهەمی مۆدێرنێتەیەو زۆرێك لە نووسەرانی بواری ناسیونالیزم پێیان وایە ناسیونالیزم نەتەوە درووست دەکات. ئەگەر بڕوامان بەم تێزە هێنا ئەوا مانای وایە قسە کردن لە سەر بەنەتەوە بوونی کورد دەکەوێتە بەردەم گومانەوە. بەهەر حاڵ ئێمە لێرەدا قسەکردن لەسەر ئەم باسە بەجێدەهێڵین و دەگەڕێینەوە بۆ قسە کردن لە بارەی سەرهەڵدان و دەرکەوتنی ناسیونالیزم کوردیەوە و لەوێشەوە لە شێوازی ئەو پەیوەندییە دەدوێین کە لە نێوان ناسیولیزمی کوردی و حیزبی کوردی و خێڵ و عەشیرەتی کوردیدا هەیە.

لە کاتێکدا کە ناسیونالیزم بەرهەمی مۆدێرنێتەیە و مێژووی ناسینالیزمی ڕۆژاواش ڕاستەوخۆ لە گەڵ مێژووی سەرهەڵدان و دەرکەوتنی مۆدێرنێتەدا دەست پێدەکات و یەکەمین وێنەی بەرجەستەی ئەو دەرکەوتنەش لە شۆڕشی فەرەنسیدا خۆی دەبینێتەوە. تەنانەت هەتا ئەو مێژووەش زۆربەی نەتەوەکانی ئەوروپا پەیوەست و وابەستە بوون بە زمان و عەقڵ کەلتووری گریکی و ڕۆمانەوەو ئاراستەی گەڕانەوە بۆ نێو جوگرافیای نەتەوایەتی خۆیان هێشتا لە ئاستێکی لاوازدا بوو، بەڵام سەرهەڵدان و دەرکەوتنی ناسیونالیزم لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدە بۆ دواوە ئینتیمایەکی بە هێزی نەتەوەیی لای گەلانی ڕۆژاوا درووست کردو پەیوەستبوونی بە نەتەوەو نیشتیمانەوە خستە پێش هەموو پەیوەستبوون و ئینتیمایەکی ترەوە. بە تایبەتیش درووست بوونی دەوڵەتە نەتەوەییەکان کە بەرهەمی دەرکەوتنی ناسیونالیزم بوون، نەتەوەکانی ڕۆژاوای بە جۆرێك فۆرمەلە کرد کە هەریەکە ببێتە خاوەنی شووناسی تایبەتی خۆی و لە زووترین کاتدا هەر نەتەوەیە بگەڕێتەوە بۆ نێو جوگرافیای بوونی خۆی لە هەموو ڕوویەکەوە. لەو گەڕانەوەیەدا بەهێزترین ئینتیما بۆ خاك و نیشتمان و سەروەری نیشتمانی درووست بوو بە جۆرێك تاکەکانی هەرنەتەوەیەك پەیوەستبوونیان بە ئەندامانی نەتەوەی خۆیانەوە لە هەموو پەیوەستبوونێکی تر زیاترو بەهێزتر بوو. ڕاستە ئینتیمای ڕۆژاوایبوون فەزایەکی گشتییە لە ڕۆژاوادا بەڵام لە نێو ئەو فەزا گشتییەدا هەر نەتەوەیەکیش پارێزگاری لە تایبەتمەندییەکانی خۆی دەکات. دەشێ ئێمە لە یارییەکانی جامی ئەوروپادا بە ئاشکرا ئەوە ببینین کە چۆن هەر نەتەوەیەك یان وڵاتێك جەماوەری بەهێزی تیپی وڵاتەکەی خۆیەتی و بە بردنەوەی هەر یارییەك ئەو جەماوەرە سەربەرزو ئاسوودە دەبێت. کە دەشێ بە ئاشکرا ئەوەش

بزانین کە زۆرینەی ئەو جەماوەرەی کە بە بردنەوەی یاری لە لایەن تیپی وڵاتەکەیانەوە خەنی و ئاسوودە دەبن هیچ پەیوەندیەکیان بە سیاسەتەوە نەبێت و ئەوەی کە دەیان جوڵێنێت پاڵنەری سیاسی نەبێت بەو ئەندازەی کە پاڵنەری ئینتیمای نەتەوەیی و نیشتیمانی لە پشتی ئەو هەڵوێست وەرگرتنەوەوە بێت. بە داخەوە کورد هەتاکو ئێستا لەبەر ئەوەی خاوەنی جوگرافیای سیاسی خۆی نییەو ناسیونالیزمی کوردی نەیتوانیووە شووناسی سیاسی کوردی لە شووناسی ئەوانی تر جیابکاتەوە و ئێمە نەبووینەتە خاوەنی تەنانەت تیپی وەرزشی ئەوتۆ کە بتوانێت بە ناوی کوردەوە یاری بکات و هەتا بەلایەنی کەمەوە ئاستی ئینتیمای نەتەوەیی و نیشتمانی ئێمە لە تاقیگەی یاری کردندا تاقی بکرێتەتەوە .

بەهەرحاڵ ناسیونالیزمی کوردی بەرهەمی سرووشتی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردی نییە چونکە ئەم کۆمەڵگایە نەك بۆ ئەو قۆناغانەی کە هەندێ لە نووسەرانی کورد تیایدا باسی دەرکەوتن و سەرهەڵدانی ناسیونالیزمی کوردی دەکەن نەبۆتە کۆمەڵگایەکی مۆدێرن و نەبۆتە زەمینەی پیشەسازی و بەرهەمهێنانی تەکنۆلۆژیا بەڵکو لە ئێستاشدا ناتوانێت بە جۆرێکی ئەوتۆ لەگەڵ بەرهەمە گواستراوەکانی مۆدێرنێتەدا کە لە دەرەوە بۆ ئێرە دەگوازرێنەوە بە جۆرێك خۆی بگونجێنێت کە سوودی هەبێت بۆ درووست کردنی گۆڕانکاری لە بنیادی پێکهێنەزانەی کۆمەڵگاداو لە بەرهەمهێنانی پیشەسازی نیشتمانی و لە پێکهێنانی ئابووری نیشتمانی و لە بەرهەمهێنانی عەقڵ و رۆشنبیری قۆناغی مۆدێرنێتەدا کە رۆشنگەری و دیموکراسی و چەمکی هاووڵاتی بوون و مافی تاك و عەدالەتی کۆمەڵایەتی و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و تەنانەت جیاکردنەوەی پسپۆڕییەکانیش بە گشتی بەرهەمی مۆدێرنێتەن. لە کۆمەڵگای ئێمەدا

گواستنەوەی بەرهەمەکانی مۆدێرنێتە بە شێوەیەکی ناسرووشتی روویداوە چونکە نە زەمینەی کۆمەڵایەتی و کەلتووری و عەقڵی ئێمە ئامادەباشی بۆ ئەو وەرگرتنە هەبووە، نە لەگەڵ ئەو گواستنەوەیەی بەرهەمەکانی مۆدێرنێتەدا توانیوومانە عەقڵی مۆدێرنیش وەربگرین. هەر ئەوەشە کە وایکردووە ئێمە وەکو کۆمەڵگایەکی ونبووی بێ شووناس دەربکەوین و نە خۆمان خۆمان بناسین نە بەو حاڵەشەوە بتوانین خۆمان بۆ دەرەوەی خۆمان نمایش بکەین ..

کاتێ کۆمەڵگایەك توانای خۆناسینی نەبێت مانای وایە ئەو پێکهاتەیە هێشتا ناتوانرێت وەکو کۆمەڵگا سەیر بکرێت یان بە مانایەکی تر بە پێی هیچ رێبازو قوتابخانەیەکی سیۆسیۆلۆجی بە کۆمەڵگا دانانرێت. لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئایا کورد لە پرۆسەی کۆمەڵایەتی بووندا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی پێناسەی کۆمەڵگای بەسەردا جێبەجێ بکرێت، یان هێشتا لە ئاستێکدایە کە لە روانگەی کۆمەڵایەتی بوون و گەیشتن بە ئاستی کۆمەڵگایەکی خاوەن شووناس دەبێ بە گومانەوە سەیر بکرێت؟ ئەنجا ئەگەر ئێمە لە بەرامبەر شووناسی کۆمەڵایەتی کورددا لە گوماندا بین دەبێ بە چ شێوەیەك باس لە قۆناغەکانی پەرەسەندنی ئەم کۆمەڵگایە بکەین و بە چ پێوانەیەك لە هەر قۆناغێکدا شێوازی بەرهەمهێنان و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ململانێی چین و توێژە کۆمەڵایەتیە لەگەڵ یەکتر ناکۆکەکان و سیستەمی ئابووری ئەم پێکهاتەیە لێکبدەینەوە.

بێگومان بەبێ زانینی ئەم سەرەتا بنەڕەتیانە و ئاستی فۆرمەلە بوون و پەرەسەندنیان و پەیوەندی و ناکۆکی نێوانیان و ململانێ و پێکدادانیان ناشێت ئێمە بتوانین هەروا بە رووکەش قۆناغی ژیانی کۆمەڵایەتی ئەم پێکهاتەیە دیاری بکەین و بەو پێیەش لەسەر خاسێت و سیفات و پەیوەندی و بەرهەمی

کۆمەڵایەتی ئەو پەیوەندیانەو ئاستی پەرەسەندنی کەلتووری و رۆشنبیری و فیکری ئەو پێکهاتەیە بە پێی ئەو قۆناغەی تیایدا دەژی ئاخاوتن بکەین. لێرەداو بە پشت بەستن بەم پێشەکیە کە دەبێ بکرێت بە بنەما بۆ قسەکردن لەسەر مێژووی کۆمەڵایەتی هەر کۆمەڵگایەك دەتوانرێت ئەو سەرئەنجامە بە دەست بهێنرێت کە قۆناغی ژیانی کۆمەڵایەتی ئەو پێکهاتەیە دیاری بکرێت . هەر لەسەر بنەمای ئەو دیاری کردنەش دەتوانرێت باس لەوە بکرێت کە فلاٌنە قۆناغی ژیانی کۆمەڵایەتی ئەم پێکهاتەیە لە کەیەوە دەست پێدەکات و کەی لە هەناویدا خاسێتەکانی قۆناغێکی تر پێکدێن و لە رەوتی پەرسەندندا قۆناغی نوێ بە هەموو خاسێتەکانییەوە جێگای قۆناغی پێشتر دەگرێتەوەو دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی قۆناغی پێش خۆی هەڵدەوەشێنێتەوەو لە شوێنیاندا دامەزراوەکانی قۆناغی نوێ فۆرمەلە دەبن و ئەم دامەزراوە نوێیانەش لەگەڵ خۆیاندا عەقڵ و کەلتوورو روانین و رۆشنبیری و فیکری قۆناغی نوێ دەهێنن. بەم پێیە ناسیونالیزم بەرهەمی قۆناغێکی دیاری کراوی ژیانی کۆمەڵایتی کۆمەڵگایە کە بۆ بەرهەمهاتن و دەرکەوتنی ناسیونالیزم کۆمەڵێ بنەمای مادی پێویستن کە بەبێ بوونیان ناکرێت تەسەوری دەرکەوتن و سەرهەڵدانی ناسیونالیزم بکرێت .

ئەگەر پێمان وابێت کە مۆدێرنێتە بنەما مادییەکانی پێکهێنان و درووست بوون و دەرکەوتنی ناسیونالیزم دێنێتە ئاراوە ئەوا دەبێ دان بەو راستیەدا بنێین کە مۆدێرنێتە نەك بە سرووشتی لە کۆمەڵی کوردیدا دەرنەکەوتووە بەڵکو گواستنەوەی بەرهەمەکانی بۆ ئەم زەمینەیە بە شێوەیەکی ئیفلیج و ناتەواو بووە بە تایبەتی لەبەر ئەوەی خودی زەمینەی کۆمەڵایەتی ئێمە بۆ ئەو مەبەستە ئامادە نەبووە، هەر ئەوەش وایکردووە کە بەرهەمەکانی مۆدێرنێتە

به بێ هاتنی عەقڵی مۆدێرن کۆمەڵگایەکی شێواو یان دوو فاق درووست بکات. کۆمەڵگایەك کە بەرهەمەکانی مۆدێرنێتە کۆنترۆڵی کردووە بەڵام ئاستی عەقڵی و فیکری و رۆشنبیری و سیاسی و ئەخلاقی کۆمەڵگا هێشتا ئاستێکە نەك هاوشانی بەرهەمەکانی مۆدێرنێتە نییە بەڵکو تێکەڵاوێکە لە خاسێت و رووخساری کۆمەڵگای سەرەتایی و کۆمەڵگای پێش نووسین و کۆمەڵگای خێڵایەتی پەرت و بڵاو. بۆ نموونە لەم کۆمەڵگایەدا دوا دۆزینەوەی بواری ئامێرو ئامرازە ئەلەکترۆنی و کارەبایی و راگەیاندنیی و پەیوەندیەکان کە لە دەرەوە هاتوون دەبینرێت، بەڵام لە کاتێکدا سەرچاوەی کارپێکردنی هەموو ئەم تەکنۆلۆجیە وزەی کارەبایە کەچی سەرچاوەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا لەم کۆمەڵگایەدا لە سادەترین ئاستیدایە، بە دەیان ئاپارتمانی چەند نهۆمی چووە بە ئاسماندا بەڵام کارەبا نییە هەتا ئامێری سەرکەوتن و دابەزینی کارەبایی تیایاندا بە کار بهێنرێت. حیزب کە نموونەو مۆدێلی کۆمەڵگای مۆدێرنە، مێژووی درووستبوونی لە کوردستاندا نزیکەی سێ چارەکە سەدەیە بەڵام تاکو ئێستا بە ئاشکرا حیزب نەبۆتە دامەزراوی کۆمەڵگای مۆدێرن بەڵکو تاکو ئێستا حیزب لە کوردستاندا ئەڵتەرنایتیڤی خێڵە. رەنگە کەسانێکی زۆر لە ناو حیزب و لە دەرەوەی حیزب بڕوا بەم قسەیە نەکەن، لە راستیشدا من مەبەستم ئەوە نییە ئەو بڕوایە لای خەڵکی درووست بێت بەو ئەندازەی کە مەبەستمە ئەم قسەیە بکەمە بنەما بۆ ئاخاوتن لەسەر دامەزراوەی حیزب و پەرلەمان و حکومەت و ئەوەی ناویان لێنراوە رێکخراوی دیموکراتی و جەماوەری و رێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی.

حیزب کە دامەزراوەی کۆمەڵگای مۆدێرنە کۆبوونەوەو رێکخستنی خەڵکە لەسەر بنەمای بیروباوەڕو ئایدۆلۆژیاو بەرنامەو پرۆژەی کار و لە راستیشدا حیزب

بێجگە لە حیزبە شمولیەکان درووستکراوی نوخبەیەو هەر نوخبەش بەڕێوەی دەبات و بەرنامەو پرۆژەکانی جێبەجێ دەکات. لە هەمان کاتدا بەرنامەی حیزب بەگشتی بارگاوی کراون بە زاراوەکانی دیموکراتی و ئازادی و مافی مرۆڤ و عەدالەتی کۆمەلأیەتی، بەلأم لە بواری پیادەکردندا دەشێ شتێکی تربن، هەرچەندە نموونەی حیزبی مۆدێرن و بەراستی دیموکرات هەمیشە لە خۆ نوێ کردنەوەدان لە رێگای بەرنامەو کارو گۆڕانکارییەوە کە ئەوەش لە شێوەی کۆنگرەو کۆنفرانسدا دەبێت کە ئالۆ گۆڕی گرنگ لە سەرکردایەتی و سەرۆك و سکرتێرو ئەندامانی بالأیدا دەکات. هەروەك جیاوازی حیزبایەتی و ئەوەی پێی دەگوترێت فرە دەنگی و فرە رەنگی بۆ درووست بوونی حیزبی جۆراو جۆر راستەوخۆ پەیوەندی بە جیاوازی بیرو ئایدیۆلۆژیاو بەرنامەو ستراتیژەوە هەیە کە مەبەست لەمەی دوایش شێوازی روانین و مامەڵە کردنە لەگەلْ مەسەلە گرنگ و چارنووس سازەکاندا .

ئەگەر لەم روانگەیەوەو لەسەر ئەم بنەمایە سەیری حیزبی کوردی بکەین ئەوا روو بە رووی چەند خالْێك دەبینەوەو بۆمان دەردەکەوێت هەر چۆن ناسیونالیزمی کوردی بەشێوەیەکی سرووشتی درووست نەبووە و بەرهەمی پەرەسەندنی کۆمەلأیەتی کۆمەلگای کوردی نییە بە هەمان شێوە دەتوانین بلێین حیزبی کوردیش بەرهەمی سرووشتی کۆمەلگای کوردی نییە بەو ئەندازەی لە ژێر کاریگەری دەرەوەدا یان بە چاو لێکەری یان لە ئەنجامی زەبرو فشاری داگیرکەرانی کوردستاندا یان لە ئەنجامی پرۆژەی ناردنە دەرەوەی شۆڕش لە سەردەمی ستالیندا درووست بووە. لە هەموویشی سەیرتر ئەوەیە کە لە کوردستاندا ئەو حیزبەی کە توانیوویێتی ببێت بە خاوەنی جەماوەر تەنیا ئەو حیزبانە بوون کە کەسێکی خاوەن نفوزی کۆمەلأیەتی سەرۆك یان سکرتێریان

بووه. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ قسە کردن لەسەرئەو حیزب و ڕێکخراوانەی کە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانیەوە بە شێوەی سەرەتایی لە کوردستاندا پێکهاتن ئەوا دەبێ لە (کورد تەعالی و تەعاون جەمعیەتی)ەوە دەست پێ بکەین کە راستەوخۆ لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی لە باکوری کوردستان درووست بووەو سەرۆکی ئەم کۆمەڵە یان ئەم ڕێکخراوە شێخ عەبدولقادری شەمزینی بووەو ئەمین عالی بەدرخانیش جێگری بووە(2)، لە دوای ئەم کۆمەڵەیەش پێدەچێت چەند کۆمەڵەیەکی تر درووست بووبن بەلاّم لە رووی ئامادەبوونەوە خاوەنی تواناو هێزێکی ئەوتۆ نەبوون کە بە جۆرێکی ئەوتۆ دەرکەوتبن کە جێگای باس و لێدوان بن. ڕێکخراوی ئازادی هەرچەندە ڕێکەوتنێکی تەواو لەسەر مێژووی درووستبوونی نییە بەلاّم جیوازی مێژووەکان ئەوەندە گەورە نییە. مارتن ڤان برۆنسین دەڵێ: ئازادی لە ساڵی 1923دا دامەزرا(3) هەرچەندە رۆبێرت ئۆلسن دەڵێت: ئازادی لە ساڵی 1921دا درووست بووە(4). دیارە ئەم ڕێکخراوە خالید بەگ جبران کە سەرۆکی عەشیرەتی جبران بوو، نەخشەکێش و دامەزرێنەری ئەم بووە. دامەزرێنەرو ئەندامانی تری ئەم ڕێکخراوە هەوڵیانداوە شێخ سەعید لێیان نزیك بێت و لە راستیشدا ئەوە بەدیهاتووەو دواتر لە راپەڕینی ساڵی 1925دا بە سەرکردایەتی شێخ سەعید، ڕێکخراوی ئازادی رۆڵی دیاری بینیووەو شێخ سەعید وەکو رابەری ڕێکخراوەکە دەرکەوتووە.

خۆیبوون کە لە دوای ڕێکخراوی ئازادی بە دیارترین ڕێکخراوی کوردی دوای هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی عوسمانی دادەنرێت. ئەم ڕێکخراوە"لە ساڵی 1927دا لە سووریا دامەزرا، ئەم ڕێکخراوە ئامانجی بنەڕەتی زەقکردنەوەی کێشەی نەتەوایەتی کوردو ئاراستە کردنی چالاکیەکانی کوردی دژی تورکیا بوو(5). لە

ئابی 1927دا دوای یەك دوو ساڵ بەرنامە دانان، ژمارەیەك لە هەڵسووڕاوە سیاسیەکانی کورد بۆ پێکهێنانی رێکخراوێکی نەتەوەیی، لە (بحمدوون)))ی لوبنان کۆبوونەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی هەموو رێکخراوە نەتەوەییەکان بە مەبەستی دامەزراندنی رێکخراوێکی سەرانسەری و درێژەدان بە خەبات تا وەدەرنانی دوا سەربازی تورك لە سنوورەکانی کوردستان(6) ماکدۆواڵ دەڵێت: هەندێ لە ئاوارە کوردەکان لە بحەمدوونی لوبنان لە ئۆکتۆبەری ساڵی 1927دا کۆبوونەوە بۆ درووستکردنی حیزبێکی نوێ بە ناوی خوییبوون لە ژێر سەرکردایەتی جەلادەت بەدرخاندا(7) هەرچەندە ئەوە لە بارەی خۆییبوونەوە دەگوترێت کە هێزی بزوێنەری راپەڕینەکەی ئاگری داغ بوو بێت و" پێگەیەکی تایبەتی لە مێژووی خەباتی کورداندا هەبوو بێت، بەڵام کاریگەرییە پراکتیکیەکەی لە کاتی یاخی بوونی ئاراراتددا بابەتێکی هێندە روون نییە(8). دیارە ئەوەش ئاشکرایە کە خۆیبوون لەو راپەڕینەدا کە بە راپەڕینی ئاگری داغ بە ناوبانگە پشتی بە کەسایەتی ئیحسان نوری پاشا بەستووە. ئیحسان نوری پاشا لە ساڵی 1892دا لە شاری بەدلیس لە دایك بووەو ئەکادیمیای جەنگی لە ئەستەمبوڵ تەواو کردووەو بووەتە ئەفسەر لە سوپای تورکدا. رۆبێرت ئۆلسن دەڵێت: ئیحسان نوری پاشا سەرکردەی سوپای شەشەمی دەوڵەتی عوسمانی بووەو لە دوای تەواوبوونی جەنگی جیهانی یەکەم یەکێك بووە لە نوێنەرانی دەوڵەتی عوسمانی لە مۆرکردنی پەیمانی مۆدراسدا(9) هەروەك سەلاح بەرواری لە پێشەکی کتێبی " بیرەوەرییەکانی جەنەراڵ ئیحسان نوری پاشادا کە ئەم کردویەتی بەعەرەبی، دەڵێت: سەرکردەکانی ئەو هێزە ( کە مەبەست هێزی راپەڕینی ئاگری داغە) لە ژێر سەرکردایەتی ئیحسان نووریدا بوون و زۆربەیان بریتی بوون لە دەرەبەگ و سەرۆك عەشیرەت و پیاوە ئاینیەکان(10).

بێگومان لە کاتێکدا ئێمە باسی رێکخراو ئازادی و خۆییبوون دەکەین ئەوەش دەزانین کە چەندین کۆمەڵەو رێکخراوی تری بچووك لەو سەروەختەدا دامەزراوون بەلاَم دەورو کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نەبووە کە جێگای باس و خواسی گەورە بێت. ئەم دوو رێکخراوەی کە زیاتر لە سەریان رادەوەستین هەریەکەیان تا ئەندازەیەك دەوری بینیووە لە دوو راپەڕینی بە دوای یەکدا هاتوودا. رێکخراوی ئازادی دەوری لە راپەڕینەکەی شێخ سەعیدی پیراندا بینیووەو خۆییبوونیش لە پشتی راپەڕینی ئاگری داغ یان راپەڕینی ئیحسان نوری پاشاوە بووە. بێگومان ئەوە ئاشکرایە کە لەو قۆناغە مێژووییەدا کە ئەم دوو رێکخراوەی تیادا درووست بوون، کۆمەڵگای کوردی لە بارێکی ناهەمواری سیاسی و کۆمەلاَیەتیدا بووە. لە رووی سیاسیەوە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم بووە کە چارەنووسی کورد چارەنووسێکی نادیارو تەمومژاوی بووە. لە رووی کۆمەلاَیەتی و ئابوورییەوە کوردستان لە بارێکی هێجگار دوا کەوتوودا بووەو رێژەی خوێندەواری لە ئاستێکی زۆر نزمدا بووە. باری ئابووری زۆر دواکەوتوو بووەو سەرچاوەی سەرەکی دارایی خەڵك ئاژەڵداری و کشتوکاڵ بووە کە ئەویش بەشێوەیەکی هێجگار سەرتایی بەڕێوە چووە بە جۆرێکی ئەوتۆ کە ئابووری لەو ئاستەدا نەبووە کە ببێتە هێزی بزوێنەری مێژوو بە چەمکی مارکسیانە، بەڵکو ژیانی خەڵك بە کوێرەوەری و نەداری بووە، ئەوەی توانیوێتی بژی ئاغاو بەگ و شێخەکان بوون کە خاوەنی ملْك و جوگرافیای خێڵ و عەشیرەت و سامانی مەعنەوی خێڵ و عەشیرەتەکانیشیان بوون و ئەوانەشی کە توانای ئەوەیان هەبووە ببنە خوێندەوار زیاتر کوڕو نەوەکانی ئەوان بوون. هەر بۆیەش دەبینین کە ئەوەی لە راپەڕین و بزووتنەوەو رێکخراوەکانیشدا دیارو لەبەرچاو بوون و دەوریان هەبووە بریتی بوون لە شێخەکان و ئاغاو بەگ و

سەرخێڵەکان و هەندێ نوخبەی خوێندەوار لە ئەفسەرانی پێشتری ناو ریزەکانی سوپای دەوڵەتی تورك و کوڕی خانەدانەکان.

ئێستا ئەگەر بە وردی سەیری ئەو بارو دۆخە بکەین کە رێکخراوی ئازادی و خۆیبوونی تیادا درووست بوون ئەوا دەتونین بڵێن راستە ئەم رێکخراوانە وەکو رێکخراوی نوخبەیەك لە خوێندەوارو ئەفسەرانی کورد دروست بوون، بەلاَم ئایا ئەم رێکخراوانە خاوەنی گوتاری ناسیونایزمی بوون؟ ئایا مەسەلەی ناسیونالیزم لەو سەروەختەدا لەو ئاستەدا بووە کە بووبێتە بزووتنەوەیەکی جەماوەی و، حیزب بوو بێتە ئامراز بۆ رێکخستن و جولاَندنی ئەو بزووتنەوە جەماوەرییە؟ ئایا ئەگەر مەسەلەی ناسیونالیزم لە ئاستێکی  بەهیزی پێگەیشتندا بوایە بەو مانایەی کە ببوایەتە بزووتنەوەیەکی جەماوەری بۆچی سەرکردایەتی هەردوو راپەڕینی شێخ سەعیدو ئیحسان نوری پاشا شێخێك و کوڕە ئەرستۆکراتێکی پێشتر ئەفسەری نێو ریزەکانی دەوڵەتی تورك دەیانکرد؟ یان بۆچی راپەڕینەکان بە ناوی شێخ سەعید و ئیحسان نوری پاشاوە بوون، بۆچی بە ناوی کوردەوە نەبوون؟ یان هەر هیچ نەبێ بۆچی بە ناوی ئەو دوو رێکخراوەوە نەبوون ئەگەر ئەو دوو رێکخراوە دەورێکی وا گرنگیان هەبووە لە سەرهەڵدانی ئەو دوو راپەڕینەدا؟  ئەی شوێن و پێگەی جەماورو ئەو دوو رێکخراوەش لە کوێدا بوو کە وانیشان دەدرێت هەریەکەیان لە پشتی یەکێك لەو دوو راپەڕینەوە بووە؟ بێگومان لە بەر نەبوونی شتێك بە ناوی ناسیونالیزمی کوردی لەو قۆناغەداو تەنیا بوونی کەسانی ناسیونالیست، ئاغاو شێخ و سەرۆك خێلەکان دەوری سەرکردایەتی راپەڕین و بزووتنەوەکانیان بینیووەو ئەوان جەماوەری خێڵ و عەشیرەت و تەریقەتیان کۆکردۆتەوە نەك هەستی ناسیونالیستی و ناسیونالیزم.

دەبینین دەورو کاریگەری و پێگەی ئەم دوو رێکخراوە لە چاو دەورو کاریگەری و پێگەی شێخ سەعید و ئیحان نوری پاشادا زۆر بچووك و نادیار بووە. راستە هەریەکە لەم دوو رێکخراوەیە ژمارەیەك لە نوخبەی خوێندەوار درووستیان کردوون بەلاّم پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەم دوو رێکخراوە تا چ ئاستێ لە ناو جەماوەدا رەگ و ریشەیان داکوتاوەو تا چەندێ خاوەنی بەرنامەو ئایدیۆلۆژیاو بیری تایبەت بە خۆیان بوون؟ ئایا تا چ ئەندازەیەك توانیوویانە کار بکەن و پەیوەندی ئۆرگانی حیزبایەتی بەسەر پەیوەندی خوێن و دەمارگیری(11) خێلاّیەتی و عەشیرەتایەتیدا زالّ بکەن. بە مانایەکی تر ئایا ئەم دوو رێکخراوە کە راستەوخۆ لە دوای درووستبوونی دەوڵەتی نوێی تورکی درووست بوون تا چ ئاستێك خاسێتی حیزبیان هەبووە بەو مانایەی کە حیزب دامەزراوی کۆمەڵگای مۆدێرنە؟ هەروەها گوتاری ئەم دوو رێکخراوە لە کوێی گوتاری ناسیونالیزمدا بووە؟ ئەی شوێن و پێگەی ئەم دوو رێکخراوە لە نێوان چەمکی خێلاّیەتی و ناسیونالیزمدا چۆن بووە؟

بێگومان ناشێت تەسەوری ئەوە بکەین کە لە سالاّنی بیستەکانی سەدەی رابردوودا کوردستان هیچ سیمایەکی کۆمەڵگای مۆدێرنی هەبوو بێت، بەڵگەشمان ئەوەیە کە جگە لە نوخبەیەکی خوێندەواری بە ژمارە کەمی نێو پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی پێشترو ژمارەیەك ئەفسەری کوردی نێو سوپای تورك و شێخ و سەرۆك عەشیرەتەکان ئیتر کەسانێکی تری ئەوتۆ نابینرێت کە لە رووداوەکانی ئەو سەردەمەدا دەوریان هەبوو بێت، بەواتا ئەوەی کە پێی دەگوترێت جەماوەرو بە مانی چەمکی جەماوەر بوونی نەبووە بەڵکو ئەوی کە کۆبووەتەوە لە دەوری شێخی عەشیرەت و رابەری تەریقەت و سەرخێڵ کۆبوونەتەوە. لە کاتێکدا کە لە سەردەمی مۆدێرنێتەدا هەرچۆن تاکە کەسی خاوەن شووناس درووست دەبێت

دیسان جەماوەری هوشیاریش درووست دەبێت، واتە جەماوەرێك كە لەسەر بنەمای بڕوابوون دوای شتەكان دەكەوێت. بە واتا مۆدێرنێتە هەروەك چۆن نوخبە بەرهەم دەهێنێت لە هەمان كاتیشدا جەماوەر یان هاوولاّتی درووست دەكات كە لە بری ئینتیما بۆ خێڵ و عەشیرەت، ئەو جەماوەرە دەبێ ئینتیمای بۆ نیشتیمان و نەتەوەو حیزب و رێكخراوو سەندیكا هەبێت. ئایا لە كاتێكدا كە رێكخراوی ئازادی و خۆیبوون لە پشتی راپەڕینی شێخ سەعیدی پیران و ئیحسان نوری پاشاوە بوون ئایا ئەوەی لە راپەڕینەكەدا بەشدارییان كردووە جەماوەری ئەو دوو رێكخراوە بوون یان كوڕانی خێڵ و عەشیرەتەكان و لایەنگرانی شێخ سەعید خۆی و تەریقەتەكەیو ئیحسان نوری خۆی بوون؟ بێگومان سەرانی رێكخراوی ئازادی خۆیشیان هەستیان بەوە كردوە كە ناشێت ئەوان ئەو جەماوەرەیان هەبێت كە بتوانێت ببێتە هێزێكی ئەوتۆ كە رۆڵ و كاریگەری هەبێت. رۆبێرت ئۆلسن دەڵێت "ئەفسەرانی كورد دڵنیا بوون كە تەواوی هۆزەكانی كورد بە هۆی هەستی نەتەوەیی و ئایینیانەوە پشتیوانی لە ئازادی دەكەن (12). بەلاّم لە راستیدا ئەم قسەیە هەروا بە ئاسانی بڕوای پێناكرێت، هەرچەندە ئێمە نازانین بەراستی ئەوە بۆچوونی ئەفسەرە كوردەكان بووە یان بۆچوونی رۆبیرت ئۆلسن خۆیەتی. بە هەرحاڵ بۆچوونی هەر كامیان بێت تەنیا لەوەوە سەرچاوە دەگرێت كە هیواخواستنی ئەوە هەبووە كە خێڵ و عەشیرەتە كوردەكان خاوەنی هەستی نەتەوایەتی بوونایە، بەلاّم ئەوە ئاشكرایە كە دووانەی خێڵ و ناسیونالیزم پێكەوە كۆناكرێنەوە، دەشێ جۆرە هەستێكی لاوازی نەتەوایەتی بوونی هەبێت لە سەردەمی خێڵایەتیدا بەلاّم ئەو هەستە سادەیە بەس نییە بۆ ئەوەی جەماوەری خێڵ و عەشیرەت بكاتە جەماوەری بزووتنەوەی ناسیونالیزم.

لێرەدا  ئەوەمان بۆ ئاشكرا دەبێت كە لە سەرەتای بیستەكانی سەدەی رابردوودا ئەو نوخبەیەی كە لە رێكخراوی ئازادی دا كاریان كردووە ئومێدی تەواوەتیان بە خێڵ و عەشیرەتەكانی كورد هەبووە بۆ ئەوەی كە پشتگیری ریكخراوەكەیان بكەن. ئەمەش ئەوەمان بۆ بەرهەم دێنێت كە حیزب هەر لە سەرەتای درووست بوونیدا لە كوردستان لە بری ئەوەی پرۆژەی درووستكردنی گۆڕانكاری لە بنیادی كۆمەڵایەتی كۆمەڵگای كوردیدای هەبێت و هەوڵبدات بۆ هەڵتەكاندنی ئەو عەقڵە تەقلیدییە چەقبەستووەی خێڵایەتی كوردی كە بەربەستی سەرەكیە لە بەردەم بەرەو پێشەوە چوون و گۆڕانكاری گرنگدا كەچی هەوڵدەدات لەگەڵ ئەو پێكهاتە داخراوە خۆپارێزەدا یەكبگرێتەوەو تەنانەت ئومێدی گەورەی حیزب لە كوردستاندا هێزی خێڵ و عەشیرەتەكانە بۆ ئەوەی پارێزگاری لێ بكەن. لێرەوە بۆمان دەردەكەوێت كە حیزبی كوردی هەر لەسەرەتای درووست بوونیەوە وەكو ئەڵتەرنایتیڤی خێڵ و عەشیرەت درووست بووە و بەرهەمی هەمان وافیعی حێڵایەتی و عەشیرەتایەتی كوردیە نەك بەرهەمی مۆدێرنێتە بێت و بە ئایدیاو بیرو بەرنامەو ئەخلاقی سەردەمی مۆدێرنێتە بارگاوی كرابێت. هەر لێرەشەوەیە كە گوتاری حیزبی كوردی لە بری گوتاری ناسیونالیزم گوتارێكی سنووورداری ناوچەیی داخراوە كە هاوشیوەی گوتاری خێڵە.

لە لایەكی تریشەوە ئەفسەرانی كورد دڵنیا بوون كە ( تەواوی هۆزەكانی كورد بە هۆی هەستی نەتەوەیی و ئایینیەوە  پشتیوانی لە ئازادی ئەكەن (13). لێرەدا لەبەردەم ئەو لێكدانەوەیەدا رادەوەستین كە لەو قۆناغەدا ناسیونالیزمی كوردی نەك بە شێوەیەكی ئاشكرا دەرنەكەوتووەو نەبۆتە هێزێكی جەماوەری، بەڵكو لە ئاستی نوخبەشدا لاواز بووە هەر بۆیە باسی هەستی نەتەوایەتی هۆزەكان

دەکرێت. لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت ئایا لە کاتێکدا کە هێشتا دامەزراوی سەرەکی و باوی کۆمەڵگا بریتی بێت لە دامەزراوی خێڵ و عەشیرەت و حیزب پشت بە خێڵ و عەشیرەت ببەستێت بۆ پاراستن و پشتگیری لێکردنی ئەبێ خودی حیزب چی بێت و چ ئامادەبوونێکی هەبێت؟ ئەی ئەگەر پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و سیستەمی ئابووری و کەلتووری باوی کۆمەڵگا هەموویان بە ئاشکرا خێلاًیەتی بن ئایا شوێنی ناسیونالیزم و شوێنی حیزب وەکو دامەزراوی قۆناغی مۆدێرنێتە لە کوێدایە؟ ئایا لە کۆمەلگایەکی خێلاًیەتی و دواکەوتووی داگیرکراوی دابەشکراودا کە لەسەر بنەمای ئابووری کشتوکاڵی تەنیا (بەشی خۆکردندا ) دەژی و رێژەی خوێندەواری لە ئاستی نەبوودا بێت، دەشێ ناسیونالیزم بەشێوەیەکی تەواو دەرکەوتبێت و لە پاڵ ئەویشدا حیزبی ناسیونالیست درووست بووبێت ؟ بێگومان ئەوەی دەشێ لە کۆمەلگایەکی لەم جۆرەدا تەسەوری بکرێت تەنیا بوونی تاکی بە ژمارە کەمی ناسیونالیستە بە بێ بوونی ناسیونالیزم. حیزبیش بەهەمان شێوە بریتتە لە کاری نوخبەیەکی کەمی خوێندەوار کە توانای جەماوەری بوونی نییە تەنیا لە رێگای پشت بەستن بە خێڵ و عەشیرەتەوە نەبێت کە تەنانەت زۆربەی کاتیش ئەو نوخبەیەی کە حیزبیان درووست کردووە لە کۆمەلگای کوردیدا زانیوویانە ناتوانن بە بێ بوونی کەسێکی خاوەن نفوزی کۆمەلاًیەتی برەو بە حیزب یان رێکخراوەکەیان بدەن، بۆیە خۆیان ناچار بوون هەوڵبدەن کە حیزب یان رێکخراوەکەیان بدەنە دەستی کەسانی خاوەن نفوزی کۆمەلاًیەتی لە شێخ و سەرخێڵە دیارەکان. ئەمەش لە واقیعی کوردستاندا دەوری هەبووە لەوەدا کە حیزب و خێڵ یان حیزب و عەشیرەت وەکو یەك دامەزراوی تێکەلاًو دەربکەون و زۆربەی کاتیش حیزب بووەتە هۆکارێك بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خێل و عەشیرەت و لە

**هەمان کاتدا بووەتە ئامرازێك کە خێڵ و عەشیرەت بە هۆیەوە رووی خۆیان نوێ و هاوچەرخ بکەنەوە. لەوەشدا گوتاری حیزب و گوتاری خێل بوونەتە گوتارێکی هاوبەش و لە ئەنجامی ئەم تێکەلاو بوونەدا ئەو نوخبەیەی کە حیزبی درووست کردووە بووەتە پاشکۆی سەرۆك عەشیرەت و سەرخێڵ و رۆڵی خۆیی وەکو نوخبە لە ناو حیزبدا لە دەست داوە.**

**وەکو لە سەرەوە باسمان کرد، خۆیبوون کە لە دوای شکستی راپەڕینەکەی شێخ سەعیدی پیران و لە ساڵ1927داو لە دەرەوەی کوردستان لە (بحەمدوون)ی لوبنان لە لایەن ژمارەیەك خوێندەواری کوردی هەڵهاتووەوە درووست کرا، خۆییبوون باسی لە هەڵوەشاندنەوەی هەموو حیزب و رێکخراوەکانی پێشتر دەکرد بەو ئومێدەی لە شێوەیەکی یکگرتوودا کورد نیشان بدات. ئەم رێکخراوەیە لە پشتی راپەڕینی ئاگری داخەوە بوو کە ئیحسان نووری پاشای ئەفسەری هەلاتووی سووپای تورك سەرکردایەتی کرد. دیسان لە کارەکانیدا وا دەردەکەوێت ئەم رێکخراوەش پێی وابووبێت دەبێ لایەنگری و هاریکاری هێزی خێڵ و عەشیرەتەکانی کورد بە دەست بهێنێت. لە راستیشدا لە راپەڕینەکەدا خێڵ و عەشیرەتەکانی کورد بەشداریی کردنی سەرەکیان هەبوو. راپەڕینەکە سیمای راپەڕینێکی خێلایەتی هەبوو نەك راپەڕینێکی رێکخراو کە حیزبێك لە پشتییەوە بێت یان راپەڕینێك بێت کە ئەفسەرێکی خاوەن خیبرەی نێو سوپا سەرکردایەتی بکات. "ئیحسان نوری پاشا کۆمەڵەیەکی بچووکی لە کەسانی مەشق پێکراو و شارەزای چەکی مۆدێرن و تاکتیکی شەڕی کۆکردەوەو بردنییە ئارارات تا پەیوەندی بەو خێلانەوە بکەن کە پێشتر لەوێ سەنگەریان گرتبوو(14).**

لەو وتەیەی سەرەوەدا بۆمان دەردەکەوێت کە لە راپەڕینی ئاگری داخدا ژمارەیەکی کەم لە کەسانی مەشق پێکراو لەگەڵ ئیحسان نوری پاشادا بوون و هەموو ئومێدی ئەم دەستەیەو خودی ئیحسان نوریش پشت و پەنای خێڵ و عەشیرەتەکانی ئەو دەڤەرە بوون. دیارە لێرەدا مەبەستی ئێمە ئەوە نییە کە نابێت هێزی خێڵ و عەشیرەت لە بەرگری کردن لە خاك و نیشتمان بەشداری بکەن، نەخێر بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە بەراوردی دەوری حیزب یان رێکخراو بکەین بە دەوری خێڵ و عەشیرەت، ئەمە لە لایەك لە لایەکی تریشەوە لەوە بدوێین ئایا ئەو هێزە جەماوەرییەی کە پاڵنەری ناسیونالیزم لە پشتیەوە بووە کامەیە؟ ئەگەر بە قسەی ئەوانە بوایە کە لەبارەی مەسەلەی نەتەوایەتی کوردی و ناسیونالیزمی کوردییەوە دواون هەر لە رۆبیرت ئۆڵسن و مارتن ڤان برۆنسین و وەدیع جویدەو کریس کۆچێراو لازارێف و ئیگلتن و نادری ئینتیسارو جەیمس سیمینت و زۆرێکی تر لەو غەیرە کوردانەی کە لەسەر کوردیان نووسیووەو، زۆرینەی ئەو کوردانەش کە لە بارەی مەسەلەی نەتەوایەتی کوردیەوە نووسیوویانە و قسەیان کردووە، ئەوا دەبوو نەك لەو راپەڕینانەی کورددا کە لە دوای هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی عوسمانی سەریان هەڵدا، یان لەو کاتەی کە لە کوردستاندا رێکخراوو حیزبی سیاسی درووست بوو بەڵکو دەبوو لە مێژوویەکی زۆر کۆنترەوە بزووتنەوەی ناسینالیزمی کوردی ببوایەتە بزووتنەوەیەکی جەماوەری بەرفراوان و دامەزراوەکانی خێڵ و عەشیرەتی هەڵبووەشاندایەتەوەو هەموو کوردی لە یەکەیەکی یەکگرتووی فراواندا کۆ بکردایەتەوەو دەوڵەتی کوردی لەسەر جوگرافیای کوردستان درووست بکردایەو بەو پێیەو لە ئەنجامی ئەوەشدا نەتەوە یان نەتەوەی کورد پێکبهاتایە، ئەگەر بڕوامان بەوە هەبێت کە دەوڵەت نەتەوە درووست دەکات. بەڵام وەك دەبینین نەك بۆ ئەو قۆناغەی کە

هەردوو ڕێکخراوی ئازادی و خۆییبوون لە پشتی دوو راپەڕینی دیاری دوای درووست بوونی دەوڵەتی نوێی تورکەوە بوون کە دیارە دەوری ئەو دوو ڕێکخراوەش لە ئاستی بینراودا بایەخ و کاریگەریەکی دیاری ئەو تۆیان نەبووە کە جێگای لەسەر راوەستان و بایەخی زۆر گرنگ بێت بە پشت بەستن بە ئاستی ئامادەبوونیان لە ڕێکخستنی راپەڕینەکان و ئاراستە کردنیان و رابەرایەتی و سەرکردایەتی کردنیاندا. لە راستیدا ئەوەی کە جێگای سەرنجە ئەوەیە کە ئەم دوو ڕێکخراوە لەو قۆناغەدا لە چاو دەوری تاکە کەسی دیاری  خودی شێخ سەعید و ئیحسان نوری پاشادا دەورێکی وادیاریان نەبووە و لە رووی هێزی جەماوەریشەوە بەو ئەندازەی کە خێڵ و عەشیرەتە بەشدار بووەکانی ئەو دوو راپەڕینە جەماوەریان هەبووە ئەم دوو ڕێکخراوە بێ جەماوەر بوون. ئەمەش دەبێتە بەڵگە بۆ سەلماندنی ئەوەی کە لەو قۆناغەدا نە حیزب بووەتە دامەزراوێکی جەماوەری و نە ناسیونالیزمی کوردیش لەو ئاستەدا بووە کە بووبێتە بزووتنەوەیەکی جەماوەری و کۆمەڵایەتی. ئەمەش جارێکی تر ئەو راستیەمان بۆ دووپات دەکاتەوە کە ناسیونالیزم بەرهەمی قۆناغی فیودیالی یان خێڵایەتی نییە و ئەگەر لەو قۆناغەشدا تاکە کەسی ناسیونالیست دەرکەوتبێت ئەوە دەبێ بزانین ئەوە ناسیونالیستی دەرەوەی ناسیونالیزمە یان ناسیونالیستە بەبێ بوونی ناسیونالیزم کە ئەوەش لە بری ئەوەی بەرهەمی سرووشتی کۆمەڵگای مۆدێرنی کوردی بێت، لە ژێر کاریگەری ناسیونالیزمی دەرەوەی واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کەلتووری کوردیدا درووستبووە .

لە باشووری کوردستان هەرچەندە لە پاش کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانیەوە، راپەڕینەکانی شێخ مەحمود ناو بەناو تا سەرەتای سییەکان بەردەوام بوون، بەڵام لەو قۆناغەداو تا ماوەیەکیش دوای ئەوە حیزب یان ڕێکخراوێکی

دیار درووست نەبووە. لە نیوەی دووەمی سییەکاندا ڕێکخراوی (برایەتی) درووست بووە کە شێخ لەتیفی حەفید سەرۆکی بووە و هەر لەو سەروبەندەدا چەن قوتابیەکی سلێمانی و کۆیە لە دواناوەندی کەرکوك ڕێکخراوی ( دارکەر ) یان درووست کردووە، کە ئەم ناوە سەرچاوەکەی ریسێرجیمینتۆی ئیتالی بووە کە (15) ئەم ڕێکخراوەش تا ئەندازەیەك لە ژێر کاریگەری ئاراستەی چەپدا بوو، نزیکیەکی ئاشکرای لەگەڵ حیزبی شیوعی عێراقیدا هەبوو. هەر لەو سەروبەندەدا حیزبی هیوا درووست بوو کە ئەمەیان لە چاو دوانەکەی پێشتردا زیاتر گەشەی کرد. ماکدۆواڵ دەڵێت ؛ هیوا لە ماوەیەکی کورتدا بووە بە حیزبێك کە هەزارو پێنج سەد ئەندامی هەبوو کە لە کەسانی گەنجی خوێندکاری کۆلێژی نوێی بەغداو ئەفسەرانی ناو سووپاو ژمارەیەك خاوەن موڵك و شێخ و ئاغای سەرخێڵ پێکهاتبوون (16).

لێرەوە دەردەکەوێت کە یەکەم حیزبی دیاری کوردی لە باشووری کوردستان کە حیزبی برایەتییە لە لایەن شێخ لەتیفەوە درووستکراوە کە کوڕی گەورەترین شێخی عەشیرەت بووەو خۆیشی پێگەی شێخایەتی هەبووەو لە رووی پێگەی جەماوەری و ملکداریتی و نفوزی تەریقەتی قادرییەوە کە شێخ مارفی نۆدێی باپیرەگەورەیان رابەری ئەو تەریقەتە بووە لەکوردستاندا وەکویەکێك لە گەورەترین خاوەن موڵك و شێخەکان سەیر کراوە. دوای برایەتی و ڕێکخراوی دارکەر هیوا وەکو دیارترین حیزب لە باشووری کوردستاندا درووست بووە. راستە حیزبی هیوا لە لایەن نوخبەیکی خوێندەوارەوە درووست کراوە بەڵام دواتر نەبۆتە حیزبی نوخبە بەڵکو خاوەن موڵك و شێخ و کەسانی چینی سەرەوەی کۆمەڵگای کوردی ئەو کاتە جێگای خۆیان لە ریزەکانی ئەم حیزبەدا گرتووە. ئەوەش ئاشکرایە کە لە کۆمەڵگا خێڵایەتی و دواکەوتووەکاندا ئەوەی

نفوزی کۆمەلاّیەتی هەیە ئاغاو شێخ و بەگەکانن بۆیە ناشێت هەروا بە ئاسانی بچنە ژێر بڕیارو فەرمانی نوخبەی خوێندەواری بونیاد لاوازو بە ژمارە کەم و بێ نفوزەوە. لە کۆی ئەم قسانەش ئەوە تێدەگەین کە لە حیزبی هیواشدا ئەگەر ئەو حیزبە دەورێکی بینیبێت ئەوا شوێن و رۆڵی خێڵ و عەشیرەت لەو بوارەدا دیارو لە بەرچاو بووە. راستە بە شێك لە نوخبەی خوێندەوار لە سەرکردایەتی حیزبەکەدا بوون بەلاّم ئەو حیزبەش نەیتوانیووە وەکو حیزبێکی نوخبەوی پارێزگاری لە خۆی بکات و لە هەمان کاتیشدا پەرە بە خۆی بدات. سەرباری بوونی نوخبەیەکی خوێندەوار لە سەرکردایەتی هیوادا، بەلاّم لە راستیدا لە رووی بەرنامەو پەیڕەوو پرۆگرامەوە هیوا شتێکی ئەوتۆی نەبوو زیاتر لە کۆبوونەوەیەك دەچوو کە سۆزی کوردایەتی درووستی کردبێت و پێناچێت نەمەسەلەی فیکری و نەناسیونالیزمێکی خاوەن شوناس و ئامادە لە رووی دەرکەوتن و پێکهاتنەوە لە پشتییەوە بووبێت. نەجاتی عەبدولاّ دەڵێت ؛ حیزبی هیوا خەباتی دەکرد بۆ سەربەخۆیی نەتەوەیی و دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی و خەبات دژی فاشیزم (17). سەرەتا ئەم وتەیەی کاك نەجات سەرچاوەیەکی دیاری نییە، جگە لەوەش ئەم قسەیە شتێکی گشتیەو دەتوانرێت بخرێتە پاڵ هەموو ئەو حیزب و رێکخراوانەی کە لە کۆمەڵگای کوردیدا درووست بوون چونکە لەگەڵ جیاوازی لە شێوازی درووست بوون و چۆنێتی کارکردندا بە گشتی حیزب و رێکخراوە کوردییەکان لە کۆنترینیانەوە تاکو نوێترینیان یان خوازیاری سەربەخۆیی و درووست کردنی دەوڵەتی کوردی بوون، یان خوازیاری ئۆتۆنۆمی بوون لە ژێر سایەی دەسەلاّتی نەتەوەی سەردەستدا، بۆیە ئەم قسەیە بۆ حیزبی هیواش وەکو ئەوانی تر راستە بەلاّم ئایا تا چەندێ لە رووی پراکتیکەوە توانراوە کار بۆ ئەو ئامانجە بکرێت ؟

ئەگەر ئەو خاڵەی کە کاك نەجات هێناوێتی بە مەبەستی ئەوە بێت کە نیشانی بدات حیزبی هیوا خاوەنی بەرنامەیەکی درووست و شایەن بە مەسەلەی نەتەوایەتی بووە. ئەوە دەبێ بزانین تەسەور کردنی بەرنامەیەکی لەوجۆرە رەنگە کارێکی ئاسان نەبێت. دیسان ئەگەر بەرنامەیەکی لەو جۆرەش هەبوو بێت ئایا تا چ ئاستێ توانراوە لە بواری پراکتیکدا بەو ئاراستەیە کار بکرێت؟ بێگومان زۆرێك لەو رستانەی لە بارەی ناسیونالیزمەوە لە ناوەندی رۆشنبیری سیاسی کوردیدا دەگوترێن، جۆرێك لە نەشارەزایی لە بارەی زاراوەو چەمکە سیاسیەکانەوە نیشان دەدەن چونکە کاتێ باسی سەربەخۆیی دەکرێت مەسەلەی دەوڵەتی سەربەخۆ دێتە ئاراوە نەك حکومەتی سەربەخۆ چونکە حکومەت دامەزراوی بەڕێوەبردن و جێبەجێکردنەو دەوڵەت هەموو دامەزراوەکانی دەستووری و جێبەجێکردن و دادوەری و متمانەی نێو دەوڵەتی دەگرێتەوەو دەشێ لە وڵاتدا حکومەتت هەبێت و سەربەخۆش نەبیت واتە لە هەرشێوەیەکی تردا لە سیستەمی فیدراڵی یان کۆنفیدراڵی ببەسترێیت بە حکومەتی ناوەندەوەو لە ژێر سایەی سەروەرێتی یەك دەوڵەتدا چەند حکومەتێکی ناوچەیی یان هەرێمایەتی هەبێت. واتە کاتێ باسی بوونی حکومەتێکی سەربەخۆ دەکرێت لە بەرنامەی حیزبی هیوادا واتە حیزبی هیوا بڕوای بە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی نییە بەڵکو ئەو دەیەوێت کورد حکومەتێکی سەربەخۆی هەبێت لەسایەی دەوڵەتێکی تردا.نەك خۆی پرۆژەی درووستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی هەبێت. لەلایەکی ترەوە حیزبی هیوا باسی خەبات بە دژی فاشیزم دەکات، ئەمەش زیاتر رووناکی دەخاتە سەر شێوازو چۆنێتی درووست بوون و پێکهاتنی هیواو لەو ئاقارەشدا رۆڵ و کاریگەری دەرەوە لە سەر درووست بوونی ئەو حیزبە ئاشکرا دبێت. بە واتایەکی تر دەتوانین بڵێین حیزبی هیوا بە

بێ ئەوەی بوون و قەوارەی خۆی و ئەرك وكاری سەرەكی خۆی بناسێت کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەو مۆدێلەی بۆچوون و هەڵوێست وەرگرتنەوە کە لەو کاتەدا باو بووە کە هەڵوێست و مۆدێلی لایەنگری سۆڤێتی و دژایەتی کردنی ئیمپریالیزم و فاشیزم بووە، هەرچەندە دواتر سەرۆکی ئەم حیزبە رەفیق حیلمی مەیلی بەلای بەریتانیادا هەبووە. مەبەست لەم قسەیە ئەوە نییە کە لە حیزبی هیوا یان هەر حیزب و رێکخراوێکی تر بخوازین کە لایەنگری فاشیزم یان ئیمپریالیزم بێت، نەخێر بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە بەبێ لێکدانەوەو بەبێ توانینی کارکردنی جدی لە پێناوی ئامانجی سەرەکیدا کە مەسەلەی نەتەوایەتی کوردە چۆن حیزب و رێکخراوە کوردییەکان هەندێ دروشم بەرز دەکەنەوە کە دوورو نزیك پەیوەندی بەوانەوە نییە، یان ناتوانن لەو بوارەدا هیچ دەورێکیان هەبێت.

کریس کۆچێرا دەڵێت ؛ رۆڵی بنەڕەتی حیزبی هیوا پاشان دەبێ بەوەی کە یارمەتی و هاوکاری مەلا مستەفای بارزانی بکات کە لە ساڵی 1943 دا لە سلێمانییەوە رادەکات(18). ئەگەر بە وردی سەیری ئەم وتەیە بکەین ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە حیزبی هیوا لە کاتی ئەو پەڕی بەهێزیدا لە بری ئەوەی کە بەرنامەی خەبات و راپەڕین دابنێت کەچی رۆڵی بنەڕەتی بووە بەوەی کە یارمەتی بارزانی بدات بۆ ئەوەی کە لە سلێمانیەوە رابکات. راستیەکەشی ئەوەیە کە ئەو کارە لە شێوەیەکی تردا جێبەجێ کراوەو وەك دەردەکەوێت زیاتر لە حیزب و هەر کەسێکی تر شێخ لەتیفی شێخ مەحموود دەوری هەبووە لە دەربازکردنی بارزانیدا. لەو بارەیەوە کۆچێرا دەڵێت ؛ جەنەراڵ بارزانی ئایندە( مەبەست لەوەیە بارزانی کە لە دواتر بوو بە جەنەراڵ) لە 13ی مانگی تەموزی ساڵی 1943دا بە یارمەتی شێخ لەتیف کە بەخۆی دە رۆژ لەوەو دوا لە شار هەڵهات، لە سلێمانی وەدەرکەوت و بۆ ئەوەی تووشی هێزی ئاسایشی نێوخۆیی

عێراق نەبێت، خۆی بە ئێراندا کردو سەرئەنجام گەیشتەوە دەڤەری بارزان (19) .

سەرئەنجامی ئەم قسانەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە حیزبی هیوا لە سەردەمی پەرەسەندن و هێزی خۆیدا بڕوای وابوو یان وای بۆچووە کە ناشێت ئەو وەکو حیزبێك بەبێ بوونی کەسایەتییەکی بەهێزو خاوەن پلەو پایەی کۆمەلآیەتی و خێلآیەتی و شێخایەتی و خەباتگێڕی و مێژوویی وەکو بارزانی بچێتە مەیدانی خەباتەوە. بۆیە دەشێ هەر بەو ئومێدەوە رۆڵی بنەڕەتی ئەم حیزبەیە بووبێتە یارمەتیدان و هاوکاری کردنی بارزانی کە لە پەنای کەسێتی بارزانیدا خەباتی خۆی دەست پێ بکات. هەرچۆن لەو سەرو بەندەدا کۆمەڵەی ژیانەوە پەنایان بردە بەر قازی محەمەد بۆ ئەوەی سوود لە کەسایەتی دیارو خاوەن پلەو پایەی کۆمەلآیەتی ئەو وەربگرن. لێرەدا ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە حیزبی هیوا سەرباری ئەوەی کە نوخبەیەکی دیاری ئەو سەردەمەی کۆمەڵی کوردەواری لە خوێندەوارو ئەفسەری سوپاو خاوەن موڵك و کرێکاری کۆمپانیای نەوتی کەرکوکی تێدا بوو بەلآم ئەم بەشانەی کۆمەڵگای کوردی لەو سەردەمەدا پێگەیەکی کۆمەلآیەتی ئەوتۆیان نەبوو کە بتوانن سەرکردایەتی و رابرایەتی بزووتنەوەیەکی نەتەوایەتی بکەن بۆیە دەشێ وەکو ئەمری واقیع لەوە تێگەیشتبن کە ناشێت بەبێ بوونی کەسێتییەکی وەکو بارزانی بتوانن دەست بدەنە راپەڕین. ئەم هەڵوێستەش ئەوە دەردەخات کە حیزبی هیوا پێویستی بەوە بووە کە بگەڕێتەوە بۆ نێو پێکهاتەی خێلآیەتی و عەشیرەتایەتی کوردی ئەو کاتەی کۆمەڵگای کوردی و پشت بەو پێکهاتەیەو بەو بەو عەقڵیەتە ببەستێت کە لە پشتی ئەو پێکهاتەیەوە ئامادەیەو کاردەکات. کەواتە هەرچەندە ئەم حیزبە لە سەرەتاوە وەکو حیزبی نوخبە درووست دەبێت بەلآم ناتوانێت

بەبێ گەڕانەوەو پشت بەستن بە واقیعی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردی هەنگاوێکی ئەوتۆ بنێت. سەرئەنجامی ئەمەش ئەوەیە کە لە واقیعی خێڵایەتی کوردیدا حیزب ناتوانێت وەکو حیزبی کۆمەڵگایەکی مۆدێرن دامەزراوەکانی خۆی درووست بکات و بەرنامەو ستراتیژی خۆیی هەبێت و خاوەنی پرۆژە بێت و لە پێناوی جێبەجێ کردنی ئەو پرۆژەیەدا کار بکات، بەڵکو دەبێ مل کەچی ئەو واقیعە بێت کە تیایدا لە دایك بووە. ئەویش واقیعێکی دواکەوتووە لە دەرەوەی مێژوو، لە دەرەوەی عەقڵ و خاسێت و سیفاتەکانی کۆمەڵگای مۆدێرن کە حیزب لە راستیدا بریتییە لە بەرهەمی کۆمەڵگای مۆدێرن کە تاك تیایدا بووبێتە خاوەنی شوناسی تایبەتی خۆیی و بە ئەندازەی ژمارەی تاکەکانی کۆمەڵ عەقڵ بەرهەم هاتبێت و لەو ئاقارەشدا تاك بە پێی بیرو باوەڕو روانینی تایبەتی خۆی ئەو حیزب یان رێکخراو یان ئەو ئاراستە فیکرییە هەڵبژێرێت کە کاری تێدا دەکات نەك لەسەر شێوازی ئینتیمای خێڵایەتی و ناوچەگەری ببێتە ئەندامی حیزب. ئەم لێکدانەوەیە نەك تەنیا بۆ سەردەمی حیزبی هیواو پیش حیزبی هیوا راستە، بەڵکو ئێستاش ئەگەر بەوردی سەیری کاری حیزبی و پێکهاتەی حیزبی لە کوردستاندا بکەین ئەوا بە ئاشکرا بۆمان دەردەکەوێت کە حیزبەکانی ئێمە تا ئەندازەیەکی زۆر حیزبی ناوچەیی و رووبەری جوگرافی دیاری کراون لە کوردستاندا و هیچ حیزبێك نابینیت کە توانیبێتی نەك لە سەر ئاستی کوردستانی گەورە بەڵکو لەسەر ئاستی بەشێکی کوردستانیش دەسەڵاتی جەماوەری و نفوزی تەواوەتی هەبێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەر حیزبەو لە رووبەرێکی جوگرافی دیاری کراودا بوونی هەیە کەجوگرافیاکەی هاوشێوەی جوگرافیای خێڵ و عەشیرەتە. ئەمەش شوناسی ناسیونالیستی بوونی ئەو حیزبانە دەخاتە بەردەم پرسیارەوە چونکە حیزبی ناسیونالیستی هەموو

سنوورەكانی نێوان دامەزراوە ناوچەیی و هەرێمایەتییەكان دەڕوخێنێت و نەتەوە وەكو تاكە یەكەیەك دەبینێت.

راستە ئەوانەی كە لەسەر حیزبی هیوا قسەیان كردووە باسی ئەوە دەكەن كە ئەو حیزبە لە زۆربەی ناوچەو جێگاكانی كوردستانی لكێندراو بە عێراقەوە لقیان هەبووەو تەنانەت دەوریشی هەبووە لە دامەزراندنی كۆمەڵەی ژیانەوەی كوردستاندا(ژك)(20). بەڵام یەكەم مەڵبەندی سەرەكی حیزبەكە لە دەرەوەی كوردستان بووە كە ئەوەش مایەی پرسیارە. لە لایەكی تریشەوە دەشێ ئەو لقانەی حیزبی هیوا لە شارو ناوچەكانی كوردستان تەنیا ناو بوو بن ئەگینا رێگای تێناچێت ئەو حیزبە خاوەنی جەماوەرێكی بەرفراوانی ئەوتۆ بوو بێت لە شارو ناوچەكانی كوردستاندا كە پێویستی بەوە كردبێت لە هەموو شارو شارۆچكەیەك لقی هەبێت. بەواتا ناتوانین بگەین بەو سەرئەنجامەی كە حیزبی هیوا حیزبێكی سەرانسەری ئەم بەشەی كوردستان بوو بێت. بەڵكو زیاتر حیزبی كۆمەڵێك خوێندەوارو نوخبەی ناسیارو دۆستی یەكتر بووە لە رووبەرێكی جوگرافیای دیاری كراودا كە ئەو نوخبەیە تیایدا ژیاون یان مەسەلەی خوێندن لەو جێگایە كۆی كردونەتەوە ، هەر وەك لە پاڵ ئەو نوخبە خوێندەوارەدا ژمارەیەك شێخ و سەرخێڵ و كەسانی خاوەن نفوزی كۆمەڵایەتی ئەو كاتەی كۆمەڵگای كوردی چوونەتە ریزی حیزبی هیواوە.

حیزبی هیوا هەتا هاوینی ساڵی 1945 ماوەتەوە سەرباری ناكۆكی لە نێوان ریزەكانیدا كە بەشێك لە ئەندامان لایەنگری رەفیق حیلمی بوون وەكو سەرۆكی حیزب و بەشێكی تریش دژی سەركردایەتی رەفیق حیلمی بوون. سەر ئەنجام ئەم حیزبە هەڵوەشاوەتەوەو دوو بەشی دیاری لێ پەیدا بوو. ئەوانەی چەپ بوون گروپی (شۆرش) یا پێكهێنا. گروپی دووەمیش كە زۆرینەی حیزبی هیوا

بوو، حیزبی (رزگاری) یان پێگهێنا. بەهەرحاڵ لە پێش درووست بوونی پارتی دیموکراتی کورددا ئەم حیزبە شتێکی ئەوتۆی نەمابووەوە کە توانای درێژە دانی پێ ببەخشێت، بۆیە لە کاتی درووست بوونی پارتی دیموکراتی کورددا لە ساڵی 1946دا بەشێکی دیار لە کادیرەکانی ئەم حیزبە چوونە ریزی ئەو پارتە نوێیەوە کە بارزانی و چەند کەسێکی نزیکی لە کۆماری مهاباد بیریان لە دامەزراندنی کردەوە. پاشان بارزانی لە رێگای نامەیەکەوە کە بە هەمزە عەبدولاّدا ناردبووی بۆ سەرکردایەتی حیزبی رزگاری مەبەستی پێویستبوونی دامەزراندنی حیزبێکی لەو جۆرەی بۆ کوردستانی عێراق خستبووە روو، پێشنیاری دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردی کردبوو. بەم جۆرە پارتی دیموکراتی کورد پێکهات. هەر لە سەرەتاوە زۆربەی ئەندامە سەرەکیەکانی پیشتری حیزبی هیواو زۆرینەی سەرکردایەتی حیزبی رزگاری کە بە پێشنیارەکەی بارزانی رازیبوون چوونە ریزی ئەو حیزبە نوێیەوە، واتە زۆرینەی کادیرانی هیواو رزگاری رەزامەندی خۆیان نیشان داوە بۆ ئەوەی لە ریزی ئەو پارتە نوێیەدا کار بکەن کە بارزانی بەرنامەی درووستکردنی دانابوو. لێرەدا دەتوانین ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە حیزبی هیوا لە ماوەی نزیکەی چوار ساڵی تەمەنیدا تەنیا وەکو کۆمەڵەیەك مایەوە کە لە سەر مەیدانی سیاسی نەیتوانی رۆڵێکی ئەوتۆ ببینێت. تەنانەت ئەم حیزبە خاوەنی بەرنامەو پەیڕەو پرۆگرامێکی ئەوتۆش نەبوو کە شووناسی حیزبێکی خاوەن بەرنامەو ستراتیژی پێ ببەخشێت. کەواتە دەشێ وەکو کۆمەڵەیەك سەیری ئەم حیزبە بکەین کە لە بارودۆخی ئاڵۆزی جەنگی دووەمی جیهانیدا درووست بوو. لەگەڵ کۆتای جەنگی دووەمیشدا ئەم حیزبە بەرەو هەڵوەشاندنەوە چووە کە هەموو ئەمانە جێگای پرسیارن بەلاّم ئەوەی کە جێگیرە ئەوەیە کە ئەم حیزبەش زیاتر لە ژێر

کاریگەری دەرەوەدا درووست بووەو بەو ئەندازەی کە کاری نوخبەیەکی دیار لە خوێندەوارو ئەفسەرانی سوپاو قوتابیانی بوارەکانی خوێندن بووبێت لە بەغداو کەرکوك ئەوەندە بەرهەمی پەرەسەندنی واقیعی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردی نەبووە. هەروەك گرنگترین کاری ئەم حیزبەش ئەوە بوو کە ببێتە پاڵپشتی بارزانی بۆ ئەوەی لەبەرامبەردا پشتگیری بارزانی بۆ خۆی بەدەست بهێنێت چونکە سەرکردایەتی ئەم حیزبە لەوە تێگەیشتووە کە پێویستی بە کەسێتیەکی خاوەن نفوزی وەکو بارزانیە تا بتوانێ بەهۆی ئەوەوە لە ناو کۆمەڵگای کوردی ئەو کاتەدا جێگای خۆی بکاتەوە.

دوای قسەکردن لەسەر حیزبی هیواو چۆنێتی گەڕانی بەدوای باوکدا، دێینە سەر قسە کردن لەسەر کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (ژ.ك ) هەرچەندە پێش دامەزراندنی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان وەکو هەژار دەڵێت: عەزیز زەندی کۆمەڵێ خەڵك لە ماڵی خۆی کۆدەکاتەوە کە(من و زەبیحیشی لەگەڵ بووین( هەژار دەڵێت)، بانگەشەی ئەوە دەکات کە بەسەرۆکایەتی خۆی حیزبی ئازادیخوای کورد درووست دەکات(21). بەڵام دیارە ئەو حیزبەی کە بەم ناوەوە درووست بووە هیچ دەورو کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبووە کە جێگای باس و خواست بێت بۆیە ئەگەر باسی سەرەتای ژیانی حیزبایەتی لە رۆژهەلاتی کوردستان بکرێت دەبێ لە درووست بوونی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستانەوە دەست پێ بکرێت.

جەیمس سیمنت دەڵێت: لە رۆژی 16ی ئابی 1943دا دەستەیەك لە بازرگانی بچووك و کارمەندی بچووك لە شاری مهاباد کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردیان بە نهێنی دامەزراند(22). بێگومان ئەو ساڵەی سیمینت دیاری کردووە راست نییەو یەك ساڵ دوای مێژووی راستەقینەی دامەزراندنی ژێکافە. نادر ئینتیسار دەڵێت

؛له رۆژی 16 ی ئەیلوولی ساڵی 1942 هەندێ لە کوردەکانی مهاباد کۆبوونەوەیەکیان کرد بە مەبەستی پێکهێنانی لیژنەیەك بە ناوی (کۆمەڵەی کورد ) بۆ نەخشە دانانی کارکردن بۆ پشتگیریکردنی مافی بڕیاردانی چارەنووس لە لایەن کوردەوە . ئەم لیژنەیە ناوی خۆی نا ( کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد )(23) .دکتۆر کەمال کەزهەر دەڵێت: کۆمەڵەی ژیانەوە لەسەر ئاسەواری حیزبی ئازادیخوای کورد دامەزرا(24). بەڵام حوسێنی مەدەنی ئەم قسەیەی دکتۆر کەمال ناسەلمێنێت و پێی وایە حیزبی ئازادیخوا دوای پاشەکشێی ئەڵمانەکان لە ئێران لە کار کەوتووەو نەماوە و لە بنەڕەتیشدا ئەم حیزبە ئەوەندە بە نفوز نەبووە هەتای دوای رووخاندنی حیزبی تر لەسەر ئاسەواری ئەو درووست ببێت. حوسێنی مەدەنی دەڵێت: لە مەڕ دامەزراندنی کۆمەڵی ژ.ك دوو بۆچوونی جیاواز هەن. تاقمێك پێیان وایە رۆژی 26ی گەلاوێژ و هێندێکیش دەڵێن لە 26ی خەرمانانی ساڵی 1320 ی هەتاویدا، دەستەیەك رووناکبیری شاری مهاباد کۆمەڵەی ژێکافیان دامەزراندووە (25 ). حەسەنی ئەرفەع دەڵێت: لە ئەیلولی ساڵی 1942دا ژمارەیەك لە رۆشنبیرانی خەڵکی مهاباد رێکخراوی کۆمەڵەیان دامەزراند. ئەم رێکخراوە تەنیا پەیوەست بوو بەو مەڵبەندەو هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ حیزب و رێکخراوە کوردییەکانی دیکەی وەکو خۆیبوون و هیوادا نەبوو. بەرنامەو ئامانج لە دامەزراندنی ئەم رێکخراوە بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردنشینی ئێران و پاشان دامەزراندنی کوردستانی گەورە بوو(26).

بەهەرحاڵ هەرکام لەو مێژووانە راست بێت بۆ دامەزراندنی ژێکاف، هیچ لەو راستیە ناگۆڕێت کە ئەم رێکخراوە چۆن درووست بووەو سرووشتی درووست بوونی چۆن بووە و بەرنامەو شێوازی کارکردنی چۆن بووە. بەڵام لێرەدا لەسەر

**دوو خاڵ رادەوەستین کە یەکەمیان ئەوەیە ژمارەیەك لە نوخبەی خوێندەواری شاری مهاباد ژێکافیان درووست کرد. دووەمیان ئەوەیە کە ئەو دەستە خوێندەوارە خۆیان ئەگەر هەمووشیان نەبوو بێت داوایان لە قازی محەمەد کرد کە بێتە ناو ئەو رێکخراوەوە. سەرباری ئەوەی کە کۆمەڵە لە گۆڤاری نیشتماندا هێرشی زۆری کردبووە سەر ئاغاو بەگ و شێخەکان بەڵام دواتر زۆرێك لەوانە لە ناو ریزەکانی کۆمەڵەدا جێگای خۆیان گرت. لە ژمارە یەکی گۆڤاری نیشتماندا هاتووە: ئێوە ئەی ئاغاو سەرخێڵەکانی کورد، بیر لە خۆتان بکەنەوەو ئەوە هەڵبسەنگێنن کە بۆچی دوژمن ئەو هەموو پارەیەتان دەداتێ. دوژمن بۆیە ئەو هەموو پارەیەتان دەداتێ چونکە دەزانێت سەر ئەنجام دەبێ بە بنەمای دواخستنی رزگار بوونی کورد(27). ئەم بۆچوونەش کاریگەری بیری چەپ بەگشتی و سۆڤێتی بە تایبەتی پێوە دیارە. هەمان شێوەی ئەو رێکخراوو ئەڵقە مارکسیانەی کە تاکو ئێستاش لە کوردستاندا هەن یان درووست دەبن کە پێیان وایە جگە لە چینی کرێکار هەموو پێکهاتەکانی تری کۆمەڵگا بەربەستن لە بەردەم پێشکەوتن و گۆڕانکاریدا. بەڵام سەرباری ئەم بۆچوونەش سەرانی کۆمەڵە دەشێ زوو لەوە تێگەیشتبن کە ئەو جۆرە بۆچوونە لە کۆمەڵگای کوردیدا لەوانەیە ببێتە هۆی ئاڵۆزی و پەشێویی. سەرباری ئەم جۆرە بۆچوونەش هێشتا بەشێك لە سەرخێڵ و ئاغاو شێخەکانی کورد هاتنە ریزەکانی کۆمەڵەوە. لەم بارەیەوە ئیگڵتن دەڵێت ؛ زۆربەی ئاغاکانی دەورو بەری مهاباد بەرەو ریزەکانی کۆمەڵە هاتن سەرباری گوتاری چینایەتی خۆیان، کە لەوانەیە لەبەر ئەوە بوو بێت کۆمەڵە هێمای سەربەخۆیی لە حکومەتی ناوەندی بەرجەستە دەکرد(28 ) .**

بەهەرحاڵ راوبۆچوونی لەو جۆرەش لە ئارادایە کە سەرانی کۆمەڵە بە ترسەوە سەیری قازی محەمەدیان کردبێت و لەوە ترسابن ئەگەر بێتە نێو رێکخراوەکەیانەوە ئەوا دەشێ کۆنترۆڵی بکات و هەموو بنەمایەکی دیموکراسی تێدا بکوژێت. بەلأم لەگەڵ ئەوەشدا قازی محەمەد پاشی دووساڵ لە دامەزراندنی کۆمەڵە هاتە نێو ریزکانی کۆمەڵەوەو بەبێ ئەوەی بۆ کۆمیتەی ناوەندیش هەڵبژێردرێت لە کورترین ماوەدا دەسەلأتی بەسەر کۆمەڵەدا کردو رۆڵ و دەسەلأتی ئەو کەوتە پێش رۆڵ و دەسەلأتی ئەورەحمانی زەبیحیەوە کە سکرتێری کۆمەڵە بوو. لە راستیدا قازی لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی 1944 دا پەیوەندی بە ریزەکانی کۆمەڵەوە دەکات (29). بەلأم ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە قازی محەمەد پێش ئەوەی بێتە ریزەکانی کۆمەڵەوەو دەسەلأت بەسەر کۆمەڵەدا بکات و تەنانەت پێش درووست بوونی کۆمەڵەش چالاکی سیاسی هەبوو. هەم ئینگلیزەکان و هەم رووسەکانیش کەسێتی قازیان لەبەر چاو بوو." بۆ یەکەم جار دەوڵەتی سۆڤێتی لە ساڵی 1941 دا قازی محەمەدو تاقمێك لە سەرۆك عەشیرەت و پیاوماقولأنی کوردستانیان بۆ باکۆ دەعوەت کرد (30) .هەروەك بە ماوەیەکی کورت پێش ئەو سەردانەی قازی و پیاوماقولأنی کوردستان بۆ باکۆ ..یەکەمین جار لە 25ی ئەیلولی 1941 دا واتا رێك دوای مانگێك لە گرتنی ئێران لە لایەن هێزەکانی بەریتانیاو سۆڤێتەوە دوو ئەفسەری ئینگلیزی و ئەمەریکایی لە مهاباد دیداریان لەگەڵ قازی محەمەددا کرد. لەم دیدارەدا قازی محەمەد نەخشەی یەکێتی کوردستانی بۆ دوو ئەفسەرەکە باس کرد و لێی پرسین چۆن دەتوانێ پەیوەندی بە سەرکردایەتی گشتی هێزی بەریتانیاوە بکات(31) .

لە کۆی ئەم قسانە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە قازی محەمەد پێش هاتنە نێو ریزەکانی کۆمەڵەوە خاوەنی نفوز بووەو هەردوو لایەنی سۆڤێتی و بەریتانیش ویستوویانە پەیوەندی پێوە بکەن. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە قازی بەتەنیا لە دەرەوەی حیزب و رێکخستنی حیزبی، وەکو تاکە کەس یان تاکە سەرکردە نفوزی لە کۆمەڵە زیاتر بووە، چونکە کوڕی خێزانێکی دیارو بە ناوبانگی مهاباد بووەو هەم قازی بووەو هەم وەکو دیارترین کەسایەتی شارەکە ناسراوە. هەرچۆن کۆمیتەی سەرکردایەتی کۆمەڵە ئەوەیان بە ئاشکرا دەرك پێکردووە کە پێگەی قازی محەمەد چەند گرنگە لە ناو خەڵکدا، دەوڵەتانی خاوەن دەسەلآت و نفوزی ئەو سەردەمەش پەیان بەو راستیە بردووە هەر بۆیە لەو کاتەدا بە دوای ئەوەدا نەگەڕاون کە چۆن پەیوەندی بکەن بە کۆمەڵەوە، بەڵکو گرنگ ئەوە بووە کە پەیوەندی بکەن بە پیاوێکی خاوەن پلەو پایەی کۆمەلآیەتی وەکو قازییەوە. واتە ویستوویانە کەسێتیەکی وەها  بدۆزنەوە کە بتوانێت لە نێو کۆمەڵگادا رۆڵ و کاریگەری دیاری هەبێت. دیارە قازی محەمەد ئەو نموونەیە بووە کە ئەوان بە دوایدا گەڕاون و پێیان وابووە ئەم پیاوە قورسایی هەیە لە نێو کۆمەڵگای کوردیدا بە تایبەتی لە مهاباد و دەورو بەریدا، هەر بۆیە لە لایەك سۆڤێتیەکان و لە لایەکی تریشەوە ئینگلیزەکان لە پێش ئەوەی کە قازی محەمەد بچێتە نێو کۆمەڵەوە پەیوەندیان پێوە کردووە. کەواتە لێرەدا دەتوانین بڵێین لە روانینی دەوڵەتە خاوەن نفوزەکانی ئەو کاتەوە لە کۆمەڵگای کوردیدا شوێن و پێگەی تاکە کەسی وەکو سەرۆکی خێڵ یان شێخی عەشیرەت و تەریقەت یان ئاغاو بەگ زۆر گرنگتر بووە لە شوێن و پێگەی حیزب و رێکخراو دەستەو گرۆپی خوێندەوار و نوخبە.

دیاره سەرباری مەترسی بەرامبەر بە کەسێتی قازی و تەسەورکردنی پەیڕەو کردنی دەسەلاٚت و نفوزی تاکە کەسی خۆی هێشتا کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە هەستیان بە پێویستبوونی کەسێتیەکی وەکو قازی کردووە لە سەرکردایەتی ئەو رێکخراوەدا بێت. بەهەر حاڵ قازی کاتێ دێتە ناو کۆمەڵەوە بە تەواوی دەسەلاٚتی بەسەردا دەکات بە جۆرێك کە رێکخراوەکە دەبێتە ئامرازێك بە دەستی ئەوەوە. ئەمەش دەریدەخات کە لە لایەك قازی کەسێکی بەهێزو بە توانا بووە لە رووی خۆ سەپاندن و خۆ سەلماندنەوە و لە لایەکی تریشەوە لاوازی سەرکردایەتی و رێکخستنی ژێکاف وەکو حیزب دەردەخات کە نەیتوانیووە شوێنی قازی محەمەد و بەو پێیەش شوێن و دەوری ئەو لە بڕیارداندا دیاری بکات. دیارە هۆکاری ئەمەش ئاشکرایە کە ئەویش لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە سەرکردایەتی ژێکاف زیاتر وەکو نوخبەی خوێندەوارو کاسبی شار بوون کە لەو قۆناغە مێژوویەشدا ئەو نوخبەو توێژە کۆمەلاٚیەتیە بنیادێکی لاوازیان هەبووە چ لە رووی پلەو پایەی کۆمەلاٚیەتییەوە چ لە رووی ئاستی جەماوەری بوونەوە لەو ئاستەیەدا نەبوون کە بتوانن سەرکردایەتی حیزب یان رێکخراو یان سەرکردایەتی بزووتنەوەی نەتەوەیی بکەن، بەڵکو پێویستیان بەوە بووە کە پیاوێکی دیاری خاوەن نفوزی کۆمەلاٚیەتی و جەماوەری جڵەوی کاروباری ریکخراوەکەیان بگرێتە دەست بۆ ئەوەی ببێتە رێکخراوێکی جەماوەری بەربلاٚو. دیارە مۆدێلێکی لەو جۆرەش لە نێو نوخبەی خوێندەواردا دەست ناکەوێت بەڵکو دەبێ لە نێو ئاغا و بەگ و شێخی سەرۆك عەشیرەت یان رابەری تەریقەت یان سەرخێڵدا ئەو نموونەیە بدۆزرێتەوە. کە دیارترین نموونەش لەو قۆناغەی مهابادو دەورویەریدا قازی محەمەد بووە کە خاوەنی نفوزی کۆمەلاٚیەتی و بنەماڵەو ئایینی بووە، ئەمە سەرباری شێخایەتی و نەقشبەندی بوونیشی.

کەواتە لێرەوە بە ئاشکرا دەبینین ئەو ڕێکخراوەشی کە نوخبەی خوێندەوار دروستیان کرد چووە ژێر سایەی سەرکردایەتی پیاوێکی ئایینی خاوەن نفوزی ئایینی و خێلاٚیەتییەوەو لە کورترین ماوەشدا وەکو سەرخێلێکی بەتواناو دەست ڕۆیشتوو دەسەلاٚتی بەسەر هەموو ئاستەکانی ڕێکخراوەکەدا کرد و تەنانەت بڕیاری گۆڕینی ناوەکەشی دا و لە ڕاستیشدا بە ناوی دامەزراندنی حیزبێکی ترەوە ئەو پلەو پایەی کە سەرکردایەتی ڕێکخراوەکە هەیان بوو هەرچەندە دەوریان لە بڕیار دانددا نەمابوو ئەوەشی لێسەندنەوەو قازی بە جۆرێك کاری دەکرد کە ڕۆڵی تاکە کەسی خۆی زۆر لە پێش ڕۆڵی حیزب و ڕێکخستنەوە بوو، بە جۆرێك دەتوانین بڵێین قازی محەمەد لە مێژووی سەرکردایەتی کوردیدا دیارترین نموونەی سەرکردەی ئیگۆسێنتریزمیە. دەشێ وەهایشی لێکبدەینەوە کە شکستی بەپەلەو بێ بەرگری کردنی کۆماری مهاباد پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەو تاك سەرکردایەتی و تاك بڕیارییەی قازی محەمەدەوە هەبێت کە تیایدا دەوری حیزب بە تەواوی ون و نادیار یان پەراوێز خراوەو دەوری تاکە سەرکردە شوێنی حیزبی گرتۆتەوە. کەواتە جێگای خۆیەتی لێرەدا بپرسین ئایا ژێکاف کە وەکو حیزب دروست بوو توانی وەکو حیزبی کۆمەڵگایەکی مۆدێرن گەشە بکات؟ ئایا تا چ ئاستێ ئەم حیزبە توانی نوێنەرایەتی ناسیونالیزمی کوردی بکات و بەو پێیەش دامەزراوەی خێڵ و عەشیرەت هەڵبوەشێنێتەوەو هەموو کۆمەڵگا بەهۆی پرۆژەو بەرنامەی ناسیونالیزمەوە کە دروستکردنی یەکێتی نەتەوەییە یەك بخات و هەموو دامەزراوەکانی خێڵ و عەشیرەت هەلوەشێنێتەوەو تێکڕای پێکهاتەکانی کۆمەڵگا لە بزووتنەوەیەکی جەماوەریدا کۆ باتەوە کە بزووتنەوەی ناسیونالیزمەو هەڵگری پرۆژەی ڕزگارکردنی هەموو کوردستان و دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردییە؟

قازی محەمەد دوای گەڕانەوەی لە سەفەری باکۆ، کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ ئەندامانی بە ناوبانگی کۆمەڵەی ژێکاف ڕێکخست و لەو کۆبوونەوەیەدا مەسەلەی دوایی هێنان بە تێکۆشانی کۆمەڵەی هێنایە گۆڕی و پێشنیاری کرد لە جێگای ئەو ڕێکخراوە( واتە لە جێگای ژێکاف)، لەسەر ئەساسی ڕێز لێنان لە ئازادییە دیموکراتیەکان و دابین کردنی مافی چارەنووس بۆ گەلی کورد بناغەی حیزبێك بە ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستان دابڕێژن(32). لە ڕۆژی 16ی‌ئابی 1945 دا لە کۆبوونەوەیەکی کۆمەڵەدا، قازی محەمەد پێشنیاری کرد ئەم بزووتنەوە نهێنییە بکرێ بە حیزبێکی ئاشکرا بە نێوی حیزبی دیموکراتی کوردستان(33). بەهەرحاڵ ئەوەی لێرەدا ئاشکرا دەبێت ئەوەیە کە قازی محەمەد خۆی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵە دەدات و هەرخۆیشی بڕیاری دروستکردنی حیزبێکی نوێ دەدات. هەچەندە دەشێ گومانی ئەوەش بکەین کە سۆڤێتیەکان دەوری دیاریان هەبوو بێت لە درووست کردنی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا. بە تایبەتیش کە دوای گەڕانەوە لە باکۆ قازی محەمەد باسی هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەو دامەزراندنی حیزبی نوێ دەکات. دەشێ سۆڤێتیەکان بە هوشیارییەوە مەبەستیان بوو بێت کە کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد هەڵوەشێتەوە چونکە ئەو ناوە دەشێ گوزارشت لە هەموو کوردستانی گەورە بکات لە کاتێکدا کە نە بەرژەوەندی سۆڤێت و نە بەرژەوەندی هیچ کام لە دەوڵەتانی بڕیار بەدەستی ئەو کاتە لەگەڵ ناوهێنانی کوردستانی گەورەدا نەبوون هەربۆیە دەشێ لایەنگری درووستکرنی حیزب بووبن بۆ هەر بەشێکی کوردستان بە جیا. ئەگەر بتوانرێت ئەم ئەگەرە بسەلمێنرێت ئەوا بۆمان روون دەبێتەوە بۆچی ناوی کوردستانی ئێران دەخرێتە پاڵ وشەی (حیزب)وە.

**بێگومان له درووستكردنی حیزبی دیموكراتی كوردستاندا به تەواوەتی رۆڵی قازی محەمەد دەردەكەوێت كه چۆن به شێوەیەكی یەك لایەنەو بەبێ بوونی بەڵگەو بیانووی ئاشكرا پێشنیاری هەڵوەشاندنەوەی ژێكاف و بڕیاری درووست كردنی حیزبێكی نوێ له جێگاكەیدا دەدات. سەرباری ئەوەی كه له كاتی درووستكردنی ئەم حیزبه نوێیەدا ئیمزا كۆدەكرێتەوەو له ماوەیەكی كورتیشدا كۆنگرەی دامەزراندن دەبەسترێت و ئەم جارەیان بێ هیچ دوو دڵی و بێ بوونی هیچ ركابەرێك قازی محەمەد دەبێته سەرۆكی حیزب و بەتەواوەتی فەرمان و بڕیاری حیزب له هەموو روویەكەوه دەكەوێته دەستی قازی خۆیەوه. بێگومان ناشتوانرێت تەسەوری ئەوه بكرێت كه قازی محەمەد سەرۆكێك بوو بێت بڕوای به بڕیاری به كۆمەڵ و پرس و رای جدی به ئەندامانی كۆمیتەی ناوەندی حیزبەكەی هەبوو بێت ئەویش به هۆی ئەو پاشخانه كۆمەلآیەتی و ئایینی و خێلآیەتی و ئابووری و جەماوەرییەوه كه له مهاباد و دەورو بەریدا خۆی و خێزانەكەی هەیان بووه. لێرەوه به ئاشكرا دەردەكەوێت كه سەرباری بوونی بەرنامەو پەیڕەوو پرۆگرام حیزبی دیموكرات هەم بنیادێكی خێڵایەتی هەبووه، هەم نفوزی سەركردایەتییەكەی نفوزێكی خێلآیەتی بووەو له هەمان كاتیشدا سەركردایەتییەكی تاك رەهەندو ئاراسته هەرەمی بووه واته ئاراستەی فەرمان له تاكه كەسی لوتكەی هەرەمەكەوه شۆڕ بۆتەوه بۆ خوارەوه كه ئەوەش هاوشێوەی پێكهاتەی هەرەمی خێل و هەرەمی فەرمانه له دامەزراوی ئایینیدا. حوسێنی مەدەنی دەڵێت ؛ یەكەم كۆنگرەی حیزبی دیموكراتی كوردستان به بەشداری سەرۆك عەشایری ماكۆو ئارارات و سۆما و برادۆست و دەشت ومەرگەوڕ و شنۆو سندووس و لاجان وپیران و مەنگوڕو نوێنەرانی مهابادو بۆكان و میاندواو بەسترا(34).**

ئەگەر بە وردی سەرنج بدەین لێرەدا لە بری بەشداریکردنی ئەندامانی حیزب لەو کۆنگرەیەدا کە کۆنگرەی دامەزراندن بووە، باسی بەشداری و ئامادەبوونی خێڵ و عەشیرەتەکانی چەند ناوچەیەکی کوردستان دەکرێت. ئەمەش بە ئاشکرا دەری دەخات حیزبی دیموکرات هەر لە درووست بوونیەوە پێکهاتەیەکی تێکەلاو بووە لە نوخبەی بە ژمارە کەمی خوێندەوار کە ئەوانیش زیاتر ئەندامانی پێشتری ژێکاف بوون، لەگەڵ ئەندامانی خێڵ و عەشیرەتەکانی مهابادو دەورو بەری. بێگومان پێگەی کۆمەلایەتی و خێلایەتی و ئایینی قازی لەو پێکهاتنەدا رۆڵی لەبەر چاوی هەبووە. هەروەك ئەو شێوە پێکهاتنەش بە ئاشکرا دەوری هەبووە لەسەر ئەوەی کە عەقڵ و ستراتیژو کەلتورو داب و نەریتی خێلایەتی کوردی ئەو قۆناغە دەسەلات بەسەر عەقلی نوخبەی خوێندەواردا بکات و دەوری ئەوان تا ئەندازەیەکی دیار پاسیڤ بکات. بەوەش حیزب لە دامەزراوەیەکی کۆمەڵگای هاوچەرخەوە کە مەبەست کۆمەڵگای مۆدێرنە بکاتە دامەزراوەی کۆمەڵگای خێلایەتی و بە تێکڕایی توخم و رەگەزو جبهانبینی و ستراتیژو تاکتیکی خێلایەتی بارگاوی بکرێت کە لە بارێکی وەهاشدا بێگومان ئاستی ئینتیما زۆر لاواز دەبێت و لەبری ئینتیما بۆ نەتەوەو نیشتیمان ئینتیما بۆ خێڵ و عەشیرەت و جوگرافیای خێڵ و عەشیرەت و بۆ سەرخێڵ و شێخی عەشیرەت دەبێت. کە ئەوەش لە ئاستێکی تردا نەبوون یان لاوازی بنەماکانی کۆمەڵگای مەدەنی و لە هەمان کاتدا لاوازی و ئامادەنەبوونی ناسیونالیزمی کوردی دەسەلمێنێت لە کۆمەڵگای کوردی ئەو سەردەمەدا.

بەهەرحاڵ ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە لێی بدوێین ئەوە نییە کە دواتر قازی محەمەدو حیزبی دیموکرات توانیوویانە چی بکەن و چی بەرهەم بهێنن، هەروەك مەبەست ئەوەش نییە کە رەخنە لە کەسێتی قازی محەمەد یان

سەرکردایەتی ژێکاف و حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەو کاتە بگیرێت. بەڵکو ئەوەی مەبەستی ئەم لێکۆلینەوەیە ئەوەیە کە چۆن قازی محەمەد توانیوویێتی دەسەلآت بەسەر ژێکافدا بکات و چۆنیش بە پێشنیاری ئەو ژێکاف هەلۆەشێتەوەو لە جێگاکەیدا حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران درووست بکات کە خۆی وەکو پیاوێکی ئایینی خاوەن پلەو پایەی خێلآیەتی و عەشیرەتایەتی  دەست بەسەر حیزبەکەدا بگرێت و چۆنیش بە کاریگەری راستەوخۆو ناراستەوخۆی ئەو، خێلّ و عەشیرەتەکانی مهابادو موکریانیش بە شێوەیەکی بەربلآو بێنە ناو حیزبەکەوەو چۆنیش نوخبەی خوێندەواری ناو سەرکردایەتی پێشتری ژێکاف ئەو دەورو کاریگەرییەیان نەبێت کە شایانی باس بێت.

دیارە بەراود بە حیزب و رێکخراوەکانی ئەو سەردەمە بە گشتی و ژێکاف بە تایبەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران جۆرێك لە سەرکەوتنی بە دەست هێنا. دوو هۆکار بە گرنگ وەردەگیرێن لە سەرکەوتنی حیزبی دیموکراتدا. یەکەمیان بەراورد بە پێکهاتەی سەرکردایەتی کۆمەڵە، حیزبی دیموکرات گۆڕانکاری بەسەردا هێنرا بۆ لە خۆگرتنی سەرخێڵەکان و خاوەن موڵکەکان. دووەمیان پشتگیری سۆڤێتی بە دەستهات (35).ئەمەش زیاتر راستی ئەو قسەیە دەسەلمێنێت کە حیزبی دیموکرات لە سەرەتای درووست بوونیەوە حیزبێك بووە هەم لە ئاستی سەرکردایەتیدا و هەم لە ئاستی پێکهاتەی حیزبیدا خێلّ و عەشیرەت و کاسبکارو بەشێك لە خەڵکی شاری تێدا بەشدار بوون. بێگومان ئەوەش دەوری دیاری هەبووە لەسەر بەرنامەو ستراتیژی ئەو حیزبە کە زیاتر لەوەی وەکو حیزبێکی کۆمەڵگای هاوچەرخ دەربکەوێت لە سەروەختی درووست بوونیەوە، حیزبێکی نێو کۆمەڵگایەکی خێلآیەتی دواکەوتووی داخراو بووە،

دیاره لەو بارەشدا بە خاسیەت و عەقڵ و روانین و جیهانبینی و بەرنامەو ستراتیژی خێڵایەتی بارگاوی کراوە. ئەوەش ئەو راستیەمان بۆ دەسەلمێنیێت کە ناشیێت لە کۆمەڵگای خێڵایەتی دا حیزبی نوخبەوی درووست ببیێت لە کاتێکدا حیزبی نوخبە بەرهەمی کۆمەڵگای مۆدێرنە. بێگومان ئەگەر باسی بەرنامەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بکەین ئەوا زیاتر خاسیەتی خێڵایەتی ئەو حیزبە ئاشکرا دەبیێت لەوەیدا کە هەڵگری بەرنامەی ئۆتۆنۆمی بووە بۆ کوردستان کە ئەوەش لاوازی ئەم حیزبە لە رووی رەگەزەکانی ناسیونالیزمەوە دەسەلمێنیێت. بە گویرەی مەسەلەی نەتەوایەتی کورد ئەو حیزب و رێکخراوەی بەرنامەی سەربەخۆیی و دەوڵەتی نەبیێت مانای وایە حیزبیێکی ناوچەگەری سنوور تەسکە کە ئەوەش هاوشیوەی عەقڵ و ستراتیژی خێڵایەتیە .

بێگومان لە ساڵی چلەکانی سەدەی رابردوو بە دواوە حیزب و رێکخراو درووست بوون بەڵام بەشێکیان هیچ دەورێکیان نەبووە لە سەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان. بۆیە ئێمە خۆمان بە باسی ئەو جۆرە حیزب و رێکخراوانەوە خەریك ناکەین ئەویش لەسەر بنەمای بڕوا بوونمان بەوەی کە حیزب کاتێ بوونی دەبیێت کە بووبیێتە خاوەنی رووبەرێك لە جەماوەر. بێگومان لە کوردستان هەندێ حیزب و رێکخراویش درووست بوون کە چەپ یان کۆمۆنیست بوون. ئەمانەش لە بەرئەوەی کە پەیوەندییەکی راستەوخۆیان بە کوردو دۆزی کوردەوە نەبووەو هەر بەو پێیەش ناتوانرێت لە چوارچێوەی گوتاری ناسیونالیزمی کوردیدا شوێنیان بۆ بکرێتەوە، نابنە بابەتی ئەم باسەیەی ئێمە. بۆیە لە دوای ئاخاوتن کردنمان لەسەر ژێکاف و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دێینە سەر قسە کردن لەسەر پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق، کاژێك

**و پاسۆك، كۆمەڵەی رەنجدەرانی كوردستانی عێراق و یەكێتی نیشتیمانی كوردستان و ...تاد.**

**سەرچاوەکان:**


1- **عەتا قەرەداخی، ستراتیژو کەسێتی نەتەوەیی کورد، سلێمانی،** 1998**،ل** 60.

2- **ئیسماعیل حەقی شاوەیس ،گۆڤاری رۆژی نوێ، ساڵی** 1960**، وەرگیراو لە محەمەد رەسوڵ هاوار، کوردو باکوری کوردستان، بەرگی دووەم،** 2006**، ل** 64.

3- Martin Van Brinssen, Aga, Shaikh and State. Zed Books, London, new Gersey,1992,p280.

4- **محەمەد رەسوڵ هاوار، کوردو باکوری کوردستان، بەرگی دووەم،** 2006**، ل** 260.

5- **وەدیع جوەیدە، جولأنەوەی نەتوەیی کورد، وەرگێڕانی دکتۆر یاسین سەردەشتی، سلێمانی ،** 2008**، ل** 318 .

**کاوە بەیات، شۆڕشی ئاگری داخ، وەرگێڕانی ئەبوبەکر خۆشناو، سلێمانی،** 2000**، ل**24.

6- **کاوە بەیات، شۆڕشی ئاگری داخ، وەرگێڕانی ئەبوبەکر خۆشناو، سلێمانی،** 2000**، ل**24.

7- David MacDowall, A Modern History of The Kurds, london,2000,203.

8- **کاوە بەیات، هەمان سەرچاوە، ل** 26.

9- Robert Olson, The Emergence of Kurdish nationalism and Shaikh Said Rebellion(1925), university press,1989, p107.

10- مدكرات الجنرال احسان نورى پاشا، صلاح بروارى، بيروت، 1990،ص

11- چەمکی خوێن و دەمار چەمکێکی خەلدونیە کە تیۆری دەوڵەتی خەلدوونی لەسەر بنیاد نراوە. بۆ ئەو مەبەستە بڕوانە موقەدیمەی ئیبن خەلدوون. هەروەها نامەی دکتۆرای محەمەد عابد جابری بە ناوی دەمارگیری و دەوڵەت، پێشکەشی زانکۆی سۆربۆن کراوە.

12- رۆبێرت ئۆلسن، راپەڕینی شێخ سەعیدی پیران، وەرگێڕانی ئەبوبەکر خۆشناو، سلێمانی، 1999،ل 85.

13- هەمان سەرچاوە، ل85.

14- David MacDowall, A Modern History of the Kurds, p 305.

15- کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدەو بیستەمدا ، وەرگێڕانی حەمە کەریم عارف، هەولێر ، 2006، ل170.

16- David MacDowall, A Modern History, p,238. -

17نەجاتی عەبدولاّ، حیزبی هیوا، رابوون، ژمارە( 26) ی ساڵی 1999،ل61.

18کریس کۆچێرا، هەمان سەرچاوەی پیشوو، ل 172.

19هەمان سەرچاوەی پێشووتر، ل 173.

20- هەمان سەرچاوەی پێشووتر، ل 172.

21- هەژار چێشتی مجێور، ل 57.

22-James Ciment, The Kurds: State and Minority, 1996,p 65.

23- نادر ئینتیسار، ئیتنۆنەتەوایەتی کوردی، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە عەتا قەرەداخی، چاپی دووەم، سلێمانی، 2004،ل 44-45.

24 - الدكتور كمال مظهر احمد، دراسات في تاريخ ايران الحديث والمعاصر، بغداد، 1985،ص257.

25- حوسێنی مەدەنی ، کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان، هەولێر، بەرگی یەکەم، ساڵی، 2000،ل195.

26- عەتا قەرەداخی، گوتاری ناسیونالیزمی کوردی، بەرگی یەکەم، سلێمانی ، 2007، ل420.

27- David MacDowall, A Modern History of the Kurds, p. 238.

28- William Eagleton, The Kurdish Republic of 1946, London, 1963, p36.

29- کریس کۆچێرا، هەمان سەرچاوەی پێووتر ، ل 210.

30- حوسێنی مەدەنی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل 189.

31-کریس کۆچێرا، هەمان سەرچاوەی پێشووتر ، ل200.

32- حوسێنی مەدەنی، هەمان سەرچاوەی پێشووتر،ل 237-238.

33 - کۆچێرا ، ل 211. 34- حوسێنی مەدەنی، ل238.

35- Borhanedin A Yassin, Vision or Reality, London, 1995, p151.

# بەشی شەشەم:

# ڕاپەڕینی بارزانی ساڵی 1943-1945

**سەرەتا:**

**لە دوای راپەڕینی شێخ ئەحمەدی بارزان، حکومەتی عێراق بە ترسەوە سەیری دەورو هەڵوێستی بنەماڵەی بارزانی دەکرد، هەر بۆیە لێنەگەڕا لە زێدو شوێنی باوباپیرانی خۆیان لە بارزان بمێننەوە. بەڵکو یەکەم جار دووری خستنەوە بۆ باشووری عێراق بۆ ئەوەی دەنگیان بە کوردستان نەگات. دواتریش گواستنیەوە بۆ سلێمانی، کە بێگومان مەبەست لەو جێگۆڕکێ پێکردنەش تەنیا بۆ ئەوە بووە کە لە هیچ شوێنیك ئارام نەگرن و نەتوانن پەیوەندیەکانی خۆیان بە کەس و کارو ناوچەی خۆیانەوە رێك بخەنەوە. ئەو قۆناغەی کە بارزانی لە سلێمانی لە ژێر چاودێریدا بوو، بارودۆخی سیاسی سلێمانی و ناوچەکەش بەگشتی بارودۆخێکی ناجێگیرو ئاڵۆز بوو بە هۆی جەنگی دووەمی جیهانی و کاریگەریەکانیەوە. لە هەمان کاتدا سلێمانی بووەبووە جێگای سەرەکی چالاکی سیاسی ئەو کاتەی کوردستان. هەرچەندە ئەو چالاکیانە بە پێوانەی ئێستا رەنگە ئەو قورسیەیان نەبێت، بەلاَم بۆ ئەو کاتەو بە گوێرەی ئەو قۆناغە مێژووییەی ئەو کاتە بایەخی تایبەتی خۆیی هەبووە.**

**لە لایەك حیزبی هیوا لە نێو نوخبەی ئەو کاتەی کوردستان بە گشتی و سلێمانی بە تایبەتی لە برەودا بوو. لە لایەکی ترەوە ئاراستەی چەپ لە سلێمانی و کوردستاندا بە گشتی روو لە پەرەسەندن بوو. هەروەك چالاکی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستانیش کە مەڵبەندی سەرەکی مهاباد بوو، لە سلێمانیدا چالاکی هەبوو بە تایبەتیش کە لقێکی ئەو رێکخراوە لە سلێمانی بوو کە برایم ئەحمەد بەرپرسی بوو. بوونی مەلا مستەفای بارزانی لەو بارودۆخەدا لە سلێمانی هەم بۆ خودی بارزانی خۆی گرنگ بوو، هەم بۆ سلێمانیش بایەخی تایبەتی هەبوو بە تایبەتی پەیوەندی حیزبی هیوا و بارزانی لە لایەك مایەی سەرنج لێدان و**

لەسەر راوەستانە. لە لایەکی تریشەوە پەیوەندی بارزانی و نوخبەی بە ئاگا لە مەسەلەی سیاسەت و کوردو کوردایەتی بە گشتی رۆڵی دیاریان هەبووە لەسەر زیاتر بەهێز کردنی هەستی نەتەوایەتی لەلای بارزانی. لە لایەکی تریشەوە هێشتا خەڵك لە سلێمانی دەسەڵاتداریو راپەڕینەکانی شێخ مەحموودیان لە بیر نەچووبووەوەو تەنانەت جۆرێك پەیوەندیش لە نێوان ئەم دوو بنەماڵە دیارەی کوردستاندا هەبووە. ئەمە سەرباری ئەوەی کە بارزانی مێژووی گەشی شێخ عەبدولسەلامی دووەم لە بیرەوەریدا جێگیر بوو کە تورکەکان لە ساڵی 1914دا لە موسڵ لەسەر مەسەلەی کورد و پێداگرتنی لەسەر داخوازییەکانی کورد لەسێدارەیان دا. بێجگە لە پەیوەندی بارزانی بە نوخبەی رۆشنبیری سلێمانیەوە پەیوەندی بارزانی و شێخ لەتیفی حەفیدیش دیسان جێگای باس و خواستەو، شایەنی لەسەر راوەستانە لەو روانگەیەوە داخۆ ئەو پەیوەندییە لە چ ئاستێکدا بووە. ئەمە سەرباری ئەوەی کە پێدەچێت شێخ مەحمود خۆیش دەوری هەبوو بێت لەوەدا کە شێخ لەتیف پەیوەندی باشی هەبێت لەگەڵ بارزانیدا. دیسان هاوخەمی و هاوهەستی نێوان بنەما ڵەی شێخ مەحمودو بنەماڵەی بارزان سەرباری ئەوەی کە هەریەکەیان سەربە رێبازێکی تەسەوف بوون بەلام لە هەڵوێستی کوردایەتی و خەبات لە پێناوی مەسەلەی کورددا هاوهەڵوێست بوون و دواتریش دەردەکەوێت کە بارزانی زۆر بە رێزەوە سەیری شێخ مەحمودو بنەماڵەکەیانی کردووەو یارمەتی شێخ لەتیفیش بۆ دەربازکردنی بارزانی پەیوەندی بەهەموو ئەم لێك نزیکیانەوە هەبووە.

هەروەك لە لایەکی تریشەوە ئەو بارودۆخە گشتیەی کە جەنگی دووەم لە ناوچەکەدا دروستی کردبوو کاریگەری خۆیی هەبووەو ناشێت بە دابڕاو لەو بارودۆخە باسی هیچ رووداوێکی ئەو سەردەمە بکرێت کە دەربازبوونی بارزانی

**له سلێمانی و گەڕانەوەی بۆ بارزان له ڕێگای ئێرانـەوە هـەمووی پەیوەنـدی بـەو بارودۆخەوە هەیە کە شەڕ درووستی کرد بوو. ئەمە سەرباری سیاسـەتی خراپـی حکومەتی عێراقی و ئیدارەی ئەو کاتەی سلێمانی بەرامبـەر بـە بـارزانی و شـێخ ئەحمـەدی براگـەورەی و هـەموو کـەس و کاریـان هۆکـاری یاریـدەدەر بـوون بـۆ ئەوەی بارزانی بیر له هەڵهاتن بکاتەوەو هەوڵیش بدات ئەو بیرکردنەوەیە لەسەر زەمینەی واقیع بـە راسـتی جێبـەجێ بکـات. لـە لایـەکی تریشـەوە کـە هێزەکـانی سـوپای سـوور نزیکـی سـنوورەکانی کوردسـتان بـوو بوونـەوە، ئـەوەش جـۆرە ئومێدێکی بەگشتی لەلای کورد درووست کردووە کە سۆڤێتیەکان وەکو ئیدیعایان دەکرد رزگار کەری گەلانن، بەڵکو ئەوە له کوردستانیشدا جێبـەجێ بکـەن و لـەو بوارەشـدا یارمـەتی کـورد بـدەن. لـە لایـەکی تریشـەوە جـەنگی دووەم جۆرێـك کاریگەری لەسەر زیاتر زەفکردنەوەی مەسەلەی نەتەوایەتیو جولاٌندنی نەتـەوە ژێردەسـتەکانی وەکـو کـورد هـەبوو. هـەروەك لاوازیو کـەم دەسـەلاٌتی رژێمـە داگیرکەرەکانی کوردستان بە تایبەتی رژێمی ئێرانی ئەو کاتەو رژێمـی پاشـایەتی عێراق کە بەجۆرێك لاواز بوون نەیان دەتوانی بەباشی دەسەلاٌتی خۆیـان بەسـەر هـەموو ولاٌتـدا بسـەپێنن. ئـەوەش هۆیـەکی ئاشـکرابوو بـۆ ئـەوەی کـە خـەڵکی بتوانێـت خـۆی بپارێزێـت یـان ئەگـەر هەلومـەرج بگونجێـت راپـەڕین بکـات، کـە دەشێ ئەمە وەها لێکبدەینەوە کە جۆرێك له بۆشایی سیاسـی کـە لـەو قۆنـاغـەدا لــەم ناوچــەیەدا درووســت بــوو، دەوری دیــارو کاریگــەری هــەبووە لەســەر ســەرهەڵدانی راپەڕینــەکان و درووســتبوونی بەشــێکی دیــار لــە حیــزب و رێکخراوەکانی ئەو قۆناغە.**

**بێگومان ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دواتر، واتـە بـۆ دوای راپـەڕینی 1932ی بـارزان، کە دوای ناچارکردنی بارزانییەکان بۆ بە جێهێشتنی ناوچـەکەی خۆیـان، خـەلیل**

خۆشەوی تا ئەندازەیەك درێژەی بەو راپەڕینـە دا تـا لـە سـاڵی 1936دا شـەهید کرا. وەکو ئاشکرایە دوای شەهید کردنی خەلیل خۆشەوی لە ساڵی 1936دا ئیتر هـیچ بەرگرییـەکی ئـەوتۆ لـەو ناوچـەیە نـەماو حکومـەتی عێراقـی زیـاترین مەخفـەری پۆلیسـی لـەو ناوچـەیە کـردەوەو، لەهـەمان کاتـدا یارمـەتی ئـەو عەشیرەتانەشی دەدا کە نەیاری عەشیرەتی بارزانی بوون بە تایبەتی زێبارییەکان و برادۆستیو لە سەرووی هەمووشیانەوە حکومەت پاڵپشتی زۆری شـێخ رەشـیدی لۆلانی کرد. ئەمەش فشارێکی زۆری لەسەر خەڵکی بارزان درووست کردبوو بۆیە زەمینـەی راپـەڕین و دەسـت دانـە چـەك دژی رژێـم رۆژ لـە دوای رۆژ لـەبارترو ئامـادەتر دەبـوو. ئـەم هەلومەرجـە لـەباربوو بـۆ ئـەوەی کـە کەسـێك بتوانێـت رابەرایەتی رق و کینەی هەڵچووی خەڵك بکات. دەشێ بارزانی لەو بارودۆخە بـە ئاگـا بووبێـت، بۆیـە راسـتەوخۆ لـەو کاتـەدا بڕیـاری هـەڵهاتن دەدات و خـۆی دەگەیەنێتـەوە بـارزان. سـەرباری بەشـداریکردنی بـارزانی لـە راپـەڕینی سـالآنی سەرتای سیەکاندا، بەشێکی دیاری دەرکەوتنی  بارزانی وەکو سـەرکردەیەکی دیـار لەو کاتەوە دەست پێدەکات کە توانی لە سلێمانییەوە لـە ژێرچاودێری حکومـەت خـۆی دەربـاز بکـات و لــە پێویسـتترین کاتـدا بگاتــەوە نــاو کــەس و کــارو عەشیرەتەکەی خۆی و رابەرایەتیان بکات بۆ راپەڕین بە دژی ئەو رژێمەی کە لە ماوەی پانزەساڵی پێشتردا بە شێوەیەکی دڕندانـەو دوژمنکارانـە رەفتـاری لەگـەڵ بارزانیەکان بە تایبەتی و کورد بە گشتی کردبوو.

بارزانی لە رۆژی 12ی تەموزی ساڵی 1943دا بە یارمەتی شێخ لەتیفی حەفیـد لـە سـلێمانی هـەڵهات و بـە رێگـای ئێرانـدا خـۆی گەیانـدەوە بـارزان(1). ئـەیوب بـارزانی دەڵێت:لـە رۆژی 13ی تـەموزی سـاڵی 1943دا و بـە یارمـەتی حیزبـی هیوا، مەلا مستەفا بە نهێنی شاری سلێمانی بەجێهێشت و بە کوردستانی ئێرانـدا

تێپەڕی و پاشان گەڕایەوە بارزان، دەرکەوتنی لە ناکاوی کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو لەسەر باری مەعنەوی گەل و راستەوخۆ دەیان کەسی هەڵهاتوو خۆحەشاردەر پەیوەندییان پێوە کرد(2). مەسعود بارزانی دەڵێت: دوای زنجیرەیەك لە پەیوەندی کە هەتا ساڵی 1943 بەردەوام بوو، بارزانی بینی کە بارودۆخەکە زۆر لەبارە بۆ شۆڕش(3). بارزانی دوای ئەوەی کە گەیشتەوە ناوچەی بارزان و بۆ ماوەی مانگێك بە ناوچەکەدا گەڕاو تاوتوێی بارودۆخەکەی کرد" بەرنامەی نوێی خۆیی و ئەو گۆڕانکاریە گەورەیەی کە بەسەر بزووتنەوە نوێیەکەدا هاتبوو تاوتوێ کرد کە لەلایەن ناوەندی بەربلاوی جەماوەری خەڵکی کوردستان و رێکخراوە نیشتیمانیەکانیەوە پشتگیری دەکرا(4). دوای راکردنی بارزانی لە سلێمانی و گەیشتنی بە بارزان هێزێکی بچووکی شەڕکەری پێکەوەناو دەستی کرد بە هێرش کردنە سەر بنکەکانی پۆلیس و رەمزەکانی تری دەسەڵاتی حکومەت. لە کۆتایی ساڵی 1943دا هێزە بچووکەکەی مەلا مستەفا تەواو گەورە بوو کە توانای سەرکەوتنی بەسەر هێزەکانی عێراقدا لە ناوچەکەدا هەبوو، بەڵکو بەشی ئەوە گەورە بوو بوو کە کۆنترۆڵی هێزەکانی عێراق بکات لەو دەڤەرەدا(5). بێگومان بارزانی چەند هێرشێکی بۆ سەر بنکەو مەخفەرەکانی هێزەکانی عێراق کرد، ئەوەش تا ئەندازەیەك باری مەعنەوی هێزەکانی عێراقی رووخاند، بە جۆرێك نوری سەعید ناچار بوو داوا لە شێخ ئەحمەد بکات کە هێشتا لە سلێمانی لە ژێر چاودێریدا بوو، کە داوا لە مەلا مستەفای برا بچووکی بکات دەستبەرداری هێرش و شەڕی چەکداری بێت. بە پێی ئەو سەرچاوانەی کە باسی ئەو راپەڕینە دەکەن شێخ ئەحمەد نامەیەك بۆ مەلا مستەفا دەنووسێت بەڵام مەلا مستەفا گوێ بە نامەکەی شێخ ئەحمەدی براگەورەی نادات. دیارە ئەمەش لەبەر ئەوە نەبووە کە مەلا مستەفا رێزی شێخ ئەحمەدی نەگرتبێت،

نەخێر دەشێ وای لێکبدەینەوە کە مەلا مستەفا باش زانیویّتی کە شێخ ئەحمەد ئەو نامەی بە ناچاری نووسیووەو لە بنەڕەتیشدا شێخ ئەحمەد خۆی لایەنگری مەلا مستەفاو راپەڕینەکەی بووە. بە پێی قسەی ئەیوب بارزانی کە خۆی ئەندامێکی بنەماڵەی بارزانیە: لە سەرەتادا داواکاری بارزانی رێگادان بوو بە شێخ ئەحمەدی بارزان و هەموو دوور خراوە بارزانیەکان کە بگەڕێنەوە بۆ زێدی خۆیان و، هەموو ئەو بارزانیانەی کە لە زیندانەکانی عێراقدا بوون رزگار بکرێن، هەروەها کێشانەوەی یەکە سەربازییەکان لە ناوچەکانی نزیك بارزان و پێدانی مادەی خۆراك بە خەڵکی(6). ئەم قسەیەش لە راپۆرتێکی وەزارەتی بەریتانیاوە وەرگیراوە.

لەسەرەوە باسی ئەوە هاتووە کە بارزانی باسی بەرنامەی خۆیی بۆ خەڵك کردووە، دیارە ئەوە ئاشکرایە کە ناشێت لەو قۆناغە سەرەتاییەدا مەلا مستەفا خاوەنی بەرنامەیەکی دیاری ئەو تۆ بوو بێت کە بە ئاشکرا بانگەشەی بۆ کردبێت یان کردبێتی بە بنەمای کارکردن و لەو پێناوەدا کەوتبێتە سەر رێگای خەبات و تێکۆشان. دیارە ئەمەش هیچ لە پلەو پایەی بەرزی بارزانی کەم ناکاتەوە چونکە مێژووی دواتری بارزانی مێژوویەکە بێ نکوڵی کردن بارزانی دەکات بە مەزنترین ناو لە مێژووی کۆن و نوێی کورددا. لێرەدا دەشێ بپرسین ئەو بەرنامەی کە بارزانی بۆ جەماوەری ناوچەکەی باس دەکرد چی بوو بێت؟ لە راستیدا قسەکردن لەوەی کە بارزانی باسی بەرنامەی خۆیی بۆ جەماوەر کردبێت لە کتێبەکەی مەسعود بارزانیدا هاتووەو دەشێ ئەو پرسیارە بەرامیەر بەم بۆچوونە خۆی بسەپێنێت کە ئایا ئەو بەرنامەیە چی بووە؟ ئایا بەرنامەی فشار خستنە سەر حکومەتی بەغدا بووە، بۆ ئەوەی حکومەت ناچار بێت شێخ ئەحمەدو هەموو بارزانیە دوورخراوەکانی تر لە زێدو ناوچەی خۆیان

بگێڕێتـەوەو لـە دەردەسـەری سـەختی ژیـانی مـەنفاو چـاودێریکردنو زینـدان رزگاریان ببێت. یان دەشێ مەبەست لەو بەرنامەیـە هەوڵـدان بـوو بێـت بـۆ رێگـا گـرتن لـە سـەپاندنی دەسـەلاتی حکومـەتی بەغـدا بەسـەر بـارزان و ناوچـەکانی دەورو بەریدا. یان ئایا دەشێ تەسـەوری ئـەوە بکـەین کـە بـارزانی بەرنامەیـەکی دیـاریکراوی لـەو سـەروەختەدا بـۆ رزگـارکردنی کـورد و ئـەو بەشـەی کوردسـتان هەبوو بێت کـە لکێنـدراوە بـە عێراقـی عەرەبیـەوە؟ دیـارە ئـەو خاڵانـەی کـە لـە کتێبەکـەی مەسـعود بارزانیـدا هـاتووە سـەبارەت بـە مەرجـەکانی بـارزانی بـۆ رێککەوتن لەگەڵ حکومەتدا، کاتێ لەگـەڵ ماجیـد مسـتەفای وەزیـری حکومـەتی عێراقیدا دادەنیشێت، پشگیری ئەم بۆچوونەی دوایی دەکات کە بـارزانی ویسـت و داواکاری نەتەوەیی هەبوو بێت. دیارە هەمان ئەو خالانە مارف چیاوك و وەدیـع جوەیـدەو کـریس کۆچـێراو نووسـەرانی تـریش بلاویـان کردۆتـەوە ئەگـەر چـی ئەمانـەی دواییـان لـە بـری ماجیـد مسـتەفا بـاس لـەوە دەکـەن کـە بـارزانی ئـەو داوایانەی خستۆتە بەردەم ئەفسەری پەیوەندیـەکان. دیـارە ئـەوەش بۆچـوونێکە کە رێی تێناچێت چونکە ئەرکی سەرەکی ماجیـد مسـتەفا وەکـو وەزیـر لـە کـاتی راپــەڕینی دووەمــی بارزانــدا بــۆ دانووســانو رێکــەوتن بــووە لەگــەڵ بارزانیــدا. بەهەرحاڵ مەسـەلەکە بـە هـەر بارێکیانـدا بێـت هـیچ لـەو راسـتیە ناگۆڕێـت کـە تەسـەورکردنی بـەرز کردنـەوەی کۆمـەڵێ داواکـاری لـەو جـۆرە لـەو بارودۆخـەدا جێگای پرسیارو لەسەر راوەستانەو سەرچاوەی راسـتەقینەی ئـەو داواکارییانـەش وەکو دۆکیومێنتێکی مێژووی گرنـگ دیار نییەو دۆکیومێنتی بلاوکردنـەوەی یـان تۆمــارکراوی ئــەو داواکارییانــە دیــار نییــە بــەڵکو تــاکو ئێســتا لەبارەیانــەوە بیستوومانە.

بێگومان ئەگەر بە خێرایی سەیری داواکارییەکانی بارزانی لە سەرەتادا بکرێت، ئەوا وەکو کۆمەڵێ داواکاری ناوچەیی دێنە بەرچاو بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وردەکاری و بەسەلیقەیی بە داواکارییەکانەوە دیارەو وەکو جۆرێك لە بەرنامەرێژی بۆ داوای زیاتر دەردەکەون. دیارە حکومەتی ئەو کاتەی عێراق کە نوری سەعید سەرۆك وەزیرانی بوو، گوێی بە داواکانی بارزانی نەداو بەڵکو لە بەرامبەردا بارزانیەکانی لە سلێمانیەوە گواستەوە بۆ شاری حیلە. ئەوەش بوو بە هاندەرێك کە بارزانی بکەوێتە هێرش کردنە سەر بنکەو مەخفەرەکانی عێراق لە دەڤەری بارزان و لە ماوەیەکی کورتدا توانی ژمارەیەکی زۆری ئەو بنکەو مەخفەرانە بگرێت و بەوەش ژمارەیەکی باش چەك و فیشەکی دەست بکەوێت. ئەو چالاکیانەی بارزانی حکومەتی نیگەران کردو بە هێزی ساربازی هێرشی کردە سەرناوچەکە. لەو سەروبەندەدا کە دەسەلآت و توانای بارزانی لە پەرەسەندندا بوو، کورنوالیسی باڵوێزی بەریتانیا بە ترسەوە سەیری بارودۆخەکەی دەکردو زۆر جاریش حکومەتی عێراقی بە هۆکاری راپەڕینی بارزانی دەزانی لەو رووەوە کە حکومەت نەیتوانیووە بە جۆرێك رەفتار لەگەڵ مەلا مستەفاو شێخ ئەحمەدی برا گەورەیدا بکات کە بتوانن بە دڵنیایی و بە شێوەیەك کە بۆ ئەوان شیاوو شایان بێت ژیان ببەنە سەر. بێگومان کورنوالیس کە رەخنەی لە هەڵوێستەکانی حکومەتی عێراقی گرتووە سەبارەت بە مەلا مستەفاو شێخ ئەحمەدی برای لەبەر ئەوە نەبووە کە کوردی خۆشویستبێت و دڵی بە دوو برا بارزانیەکە سووتا بێت، نەخێر بەڵکو لەوە ترساوە کە بەردەوامبوونی بارزانی لەسەر راپەڕین، بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا بخاتە مەترسیەوە. لەم بارەیەوە کرێس کۆچێرا دەڵێت: کورنوالیس لە راستیدا ترسی لەوەیە کە بزووتنەوەی بارزانی گەندەڵی وەزع و حاڵی لە سەراسەری کوردستاندا

بـه دوودا بێـو ئـەو گەندەڵیـە بـۆ چـەكدارانی لیـوی سـرایەت بكـات و پاراسـتنی ناوچـە نەوتییـەكان زەحمـەت و ئەسـتەم بـبێ(7). كەواتـە لێـرەدا بـە ئاشـكرا دەردەكـەوێت كـە بـاڵوێزی بـەریتانیا لـەوە ترسـاوە كـە بـەهێزبوونی بـارزانی و راپەڕینەكــەی ســەرئەنجام بــە مەترســی بشــكێتەوە بــۆ ســەر بــەریتانیاو بەرژەوەندییــەكانی لــە عێــراق و تەنانــەت لــە كوردستانیشــدا. كــە زیــاتریش مەترسی ئابوورییانە دێتە ئاراوەو ترس بەرامبەر بە مەسەلەی پاراستنی ناوچـە نەوتیەكانـە كـە لـەو سـەروەختەدا رێژەیـەكی گـەورەی ئـەو نەوتـە واتـە نـەوتی عێراق لە ژێر دەسەڵاتی بەریتانیاو كۆمپانیا نەوتیەكانی وڵاتانی تردا بووە.

بێگومان كاتێ راپەڕینی بارزانی لە رووی ژمارەو لە رووی مەعنەویشەوە لە بەرز بوونـەوەدا بـوو، ئینگلیزەكـان بـە باشـی لـە ئاكـامی ئـەو راپەڕینـەو تەنانـەت لـە راپەڕینەكانی تری كوردیش تێدەگەیشـتن و تـا ئەندازەیـەكی زۆر ئاشـكراش ئـەم راپەڕینانــە بەرنامــەو ئامــانجێكی نەتــەوەیی ئاشــكرایان نــەبووە. هەرچــەندە لازاریف بە بێ ئەوەی ئامـاژە بـۆ هـیچ سەرچـاوەیەك بكـات لـە بـارەی رێكـەوتنی نێوان بارزانیو حكومەتی بەغداوە كە لە رێگای ئەفسـەری پەیوەنـدی عێراقـەوە ئـەو رێككەوتنـە لـە مێرگەسـوور لـە كۆتـایی كـانوونی یەكـەمی سـاڵی 1943دا كراوە، بـارزانی كۆمـەڵێك خـاڵی داوا كـردووە كـە بەشـێك لـە بنـەماكانی گوتـاری نەتەوایــەتی كــوردی لــە خــۆدەگرن. لەوانەش:دامەزرانــدی هــەرێمێكی ئیــداری كوردی كە شارە كوردەكـانی كـەركوك و هـەولێرو سلێمانی و دهـۆك و خانـەقین بگرێتــەوەو دامەزرانــدنی كوردێـك لـە هـەر وەزارەتێـك بـۆ بـەڕێوەبردنی ناوچـە كوردییەكان و دامەزراندنی جێگرێكی كورد بـۆ هـەموو وەزیرەكـان و بـە رەسمـی كردنی زمانی كوردی و ئەنجامدانی چاكسازی ئابووری لـە كوردسـتاندا(8). وەكـو گووتمان سەبارەت بە وەرگرتنی ئەو داواكارییانە ئامـاژە بـۆ هـیچ سەرچـاوەیەك

نەکراوەو ناشزانرێت ئایا بەراستی ئەو داواکارییانە بوونیان هەبووە یان نا، یان ئەگەر بوونیشیان هەبوو بێت تەنیا بە سەرزاری داوا کراون یان بە رەسمی و چووەتە بواری نووسینەوە؟ ئەنجا ئایا ئەو ئەفسەرەی پەیوەندی کردنی سوپای عێراقی لەو ئاستەدا بووە کە بتوانێت بڕیار بدات یان گفتوگۆی ئەو داواکارییانە بکات؟ ئایا ئەگەر داواکاری لەو جۆرەش لەو کاتەدا بەرزکرابێتەوە، دەرئەنجامی بەرنامەی راپەڕینەکەو بەرهەمی پەرەسەندنی عەقڵی سیاسی کوردی ئەو کاتە بووە یان راستەوخۆ بەرهەمی عەقڵی تاکە کەسی بارزانی خۆی بووە؟ لە کاتێکدا ئێمە دەزانین کە بزووتنەوەی سیاسی کوردی لەو سەروەختەدا بە گشتی لەو ئاستەدا نەبووە کە ببێتە خاوەنی بەرنامەیەکی نەتەوەیی و تەنانەت حیزبی هیواش کە بەپێی سەرچاوەکان پشتگیری بارزانیان کردووە بەرنامەیەکی ئاشکرای ئەوتۆی ئامادەیان لەو کاتەدا نەبووە کە داواکانیانی بۆ کورد تیادا بەرجەستە کرابێت. بە ڵکو بە پێچەوانەوە وەکو پێشتریش ئاماژەمان بۆ کردووە حیزبی هیوا پێویستیان بەوە بووە کە کەسێتیەکی خاوەن پایەو پێگەی کۆمەلآیەتی و سیاسی و مێژوویی لێهاتووی وەکو بارزانییان لەگەڵ بێت چونکە نوخبەی خوێندەواری نێو ئەو سەرکردایەتیە بە باشی لەوە تێگەیشتوون کە لە کۆمەڵگەی کوردیدا نوخبە بە بێ رەمزێکی کۆمەلآیەتی و سیاسی و مێژوویی وەکو بارزانی ئەستەمە بتوانێت لە نێو کۆمەڵدا جێگای خۆی بکاتەوە.

ئەگەر سەیری خاڵی یەکەمی ئەو داواکارییانە بکەین کە لازاریف و وەدیع جویدە بە ناوی بارزانیەوە بلآویان کردوونەتەوەو گوایە لە مەعروف چیاوك و ئەردەلآن وەریان گرتووەو مەسعود بارزانیش هەمان ئەو خالآنەی بلآو کردۆتەوە(9)، بەلآم ئەمیش هەمان شێوەی ئەوانەی پێش خۆی ئاماژەی بۆ سەرچاوەی وەرگرتنی ئەو خالآنە نەکردووە کە وایان باس دەکات ئەوە داواکانی

بـــارزانی بـــووه کـــه لەگـــەڵ ماجیـــد مســـتەفای وەزیـــری حکومـــەتی عێراقـــی دانیشـتووە.ئەم خاڵانـە وەکـو داواکـاری کـورد لـەو قۆناغـەدا هـەروا بـە ئاسـانی ناسەلمێنرێن بە تایبەتیش بـۆ ئـەو بارودۆخـەی ئـەو کاتـە کـە کـوردو بارزانیشـی تێدا بووە. خۆ ئەگەر دان بەوەدا بنێین کە بارزانی لەو کاتەدا ئەو داواکارییانەی بەرز کردۆتەوە ئەوا بە ئاشکرا دەبینین کە داواکارییـەکانی سـەجەم جوگرافیـای باشووری کوردسـتان یـان ئـەو بەشـەی کوردسـتان دەگرێتـەوە کـە لکێنـدراوە بـە عێراقـی عەرەبـەوە. ئەمـەش لـە خۆیـدا بەرنامـەی جیاکردنـەوەی ئـەم بەشـەی کوردسـتانە لـەو دەوڵەتـەی کـە بـە زۆرەملـێ ئـەم بەشـەی کوردسـتانی پێـوەی لکێندراوە. بێگومـان لەگەوهـەردا داوایـەکی لـەم جـۆرە بایـەخی تایبـەتی هەیـەو بریتیە لـە بانگەشـە کـردن بـۆ بینـاکردنی گوتـاری هەرێمایـەتی نەتـەوەیی واتـە بەرزکردنەوەی داواکارییە نەتەوەییـەکان لەسـەر ئاسـتی ئـەو دەوڵەتـەی کـە ئـەم بەشـــەی کوردســـتانی پێـــوە لکێنـــدراوە. ئـــەم بۆچـــوونەش لەگـــەڵ بۆچـــوون و تێـــڕوانینی بارزانیـــدا یـــەك دەگرێتـــەوە لـــە ســـەروبەندی دامەزرانـــدنی پـــارتی دیموکراتی کورددا کە ئـەو دەم بـارزانی وەکـو کاردانەوەیـەك بـۆ قـازی محەمـەدو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران رای وابوو کە دەبێ کوردستانی لکێندراو بە عێراقـەوە خـاوەنی حیزبـی تایبـەتی خـۆی بێـت لـە پێنـاوی رزگـارکردنی ئـەم بەشەی کوردستاندا. دیارە ئەم روانین و لێکدانەوەیـەی بـارزانی ئەگـەر بـڕوا بـە بۆچوونەکەی لازاریف و وەدیع جوەیدەو مەسعود بـارزانی بکـەین ئـەوا لـە پـێش دروستبوونی پـارتی دیمـوکراتی کـورددا بەرجەسـتە بـووە. بـەڵام دیسـان ئـەو پرسیارە سەرهەڵدەدات کە ئایا ئاستی ئەم داواکارییانەی کە بارزانی بە پێـی ئـەو بۆچوونانە بەرزی کردونەتەوە لـە کـوێی گوتـاری نەتەوەیـدان، یـان بـە پێوانـەی گوتاری ناسیونالیزم ئەو داوایانە لە چ ئاستێکدان‌و دەکەونە کوێی ئەو گوتارەوە؟

یەکێك لەو خاڵە گرنگانەی کە ئەم نووسەرانە لە بابەتەکانی خۆیاندا وەکو داواکاری ئەو کاتەی بارزانی بەرزیان کردۆتەوە بریتیە لە: کردنی زمانی کوردی بە زمانێکی رەسمی(10). بێگومان ئەوە ئاشکرایە کە یەکێك لە پایە سەرەکیەکانی گوتاری نەتەوەیی بریتیە لە زمان. هەروەك بە بێ بوون و ئامادەبوونی زمانی نەتەوەیی، قسەکردن لە گوتاری نەتەوەیی هیچ مانایەکی نییە. چونکە لە سادەترین پێناسەیدا گوتاری نەتەوەیی بریتیە لەو دەقە نووسراوەی کە بە زمانی نەتەوەیی نووسراوەو بارگاوی کراوە بە بیرو زانین و روانین و جیهانبینی نەتەوەیی، یان بیرو زانینو مەعریفەیەك کە بەو زمانە بەرهەمهاتووە. کاتێ باسی ئەوە دەکرێت کە داواکاری بارزانی لە راپەڕینی 1943-1945دا، واتە لە پێش درووستبوونی پارتی دیموکراتی کورددا بە رەسمی ناساندنی زمانی کوردی بووبێت لەو بەشەی کوردستاندا کە بە عێراقەوە لکێندراوە، مانای وایە بارزانی ئاسۆیەکی فراوان و تێڕوانینێکی ئاشکرای هەبووە بەرامبەر بە مەسەلەی نەتەوایەتی کوردی و باشیش لەوە تێگەیشتووە کە زمان چ رۆڵێکی گرنگ و کاریگەری هەیە، نەك هەر لە بیناکردنی گوتاری نەتەوەیدا، بەڵکو لە ناساندنی نەتەوەو فۆرمەلەکردنی شوناشی نەتەوەیشداو، ناکرێت بێ بوونی زمانی نەتەوەیی نەتەوە بتوانێت گوزارشت لە خۆی بکات. ئەو پێکهاتە ئیتنیکیەی کە خاوەنی زمانی زیندوو یان بە لایەنی کەمەوە زمانی نەتەوەیی خۆی نییە بۆ گوزارشت کردن لە خۆی وەکو ئەو مرۆڤە وایە کە ئامرازی گوزارشت لە خۆکردنی نییە، یان بە لایەنی کەمەوە ئەو هۆکارەی نییە کە بە هۆیەوە پەیوەندی درووست دەکات، کە لە بنەڕەتیشدا کۆمەڵایەتی بوون لەو پەیوەندی کردنەوەوە درووست دەبێت. کاتێ پێهاتەیەك ئەو ئامرازەی نەبێت مانای وایە یەکێك لە پایەکانی نەتەوەیی بوونی نییە بە چەمکی کلاس.

نەبوونی زمان بۆ پێکهاتەیەکی ئیتنیکی ئەوە نیشان دەدات کە ئەو پێکهاتەیە هێشتا نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە بدوێت. دیارە پێکهاتەیەکیش کە نەگەیشتبێتە ئاستی دواندن واتە لەو ئاستەدا نییە بتوانێت گوزارشت لە بوونی خۆی بکاتو داواکانی بەرز بکاتەوە، چونکە لە ڕێگای زمانەوە مرۆڤ دەتوانێت نمایشی بوونی خۆی بکات. کاتێ کە ئەو ئامرازە ئامادەبوونی نەبێت کەواتە بوونی ئەو پێکهاتەیەش لە خۆیدا لەبەردەم گوماندایە چونکە ئەگەر پێکهاتەیەك لە پرۆسەی کۆمەڵایەتیبوونی خۆیی و لە ڕەوتی ژیانی خۆیدا نەگەیشتبێتە ئەو ئاستەی کە ئامرازی دەربڕینی زیندووی خۆیی هەبێت مانای وایە بوونی لە بەردەم گوماندایە.

لەبەر ڕۆشنای ئەم لێکدانەوەیەی سەرەوەدا بایەخی ئەو خاڵە دەردەکەوێت کە گوایە بارزانی بەرامبەر بە نوێنەری حکومەتی عێراقی کە ماجید مستەفا بووە، (هەرچەندە هەندێك کەس باسی ئەفسەری پەیوەندییەکانی سوپای عێراق دەکەن، بەرزی کردۆتەوە)، کە ئەویش داواکاری بەرەسمی کردنی زمانی کوردی بووە. لە لایەکی تریشەوە ئەگەر بتوانرێت بە بەڵگە بوونی ئەو داوکارییانە بسەلمێنرێت ئەوا دەتوانین بڵێین بەرزکردنەوەی داوایەکی لەوجۆرە لەو سەردەمە مێژوویەدا بایەخێکی زیاتری هەیە بۆ خودی مەلا مستەفا کە ئاستی هوشیاری ئەو دەردەخات لەو ڕوانگەیەوە کە تا چ ئاستێك بایەخی زمانی نەتەوەیی دەرك پێکردووە. دیارە ئەوە ئاشکرایە کە زمان یەکێکە لەو بنەما سەرەکیانی کە دەشێ سەرەتای ڕێنیسانسی کوردی لەوەوە دەست پێ بکات. بێگومان فۆرمەلەبوونی گوتاری ناسیونالیزمیش بە بێ ڕێنیسانسی کەلتووری کارێکی نەشیاوە. "هەروەك ڕێنیسانسی کەلتووریش لە دەروازەی زمانەوە دەست پێدەکات و لەوێوە پەل بۆ ڕووبەرە جیاوازەکانی تری ژیانی کەلتووری و

کۆمەڵایەتی ئایینی و ئەخلاقی سیاسی دەکێشێت(11)، کە بەبێ بوونی زمانی نەتەوە قسەکردن لەسەر ڕێنیسانسی نەتەوەیی و لەسەر ناسیونالیزمیش مایەی گومانە. کەواتە ئەگەر بتوانرێت بەراستی ئەوە بسەلمێنرێت کە بارزانی لەو قۆناغەدا داواکاری لەو جۆرەی سەبارەت بەبەرەسمیکردنی زمانی کوردی هەبوو بێت، مانای ئەوەیە دەتوانرێت لایەنگری ئەوە بکرێت کە بارزانی هەر لە پێش ئەوەی کە بچێتە کۆماری مهاباد، ڕوانینی ئاشکرایی بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی کوردی هەبووە. بەڵام ئەوەی جێگای پرسیارە ئەوەیە کە دوای نزیکەی چارەکە سەدەیەکیش لە ڕاپەڕینی بارزان، لە ڕێکەوتنی ئازاری ساڵی 1970دا گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ لەبەرنامەو داواکارییەکانی بارزانیدا ڕوویندەداوە، لە کاتێکدا کە لە قۆناغی یەکەمدا زاتە لە ڕاپەڕینی 1943-1945دا نە هێزێکی ئەوتۆی هەبووەو نە ئەو گۆڕانکارییە زۆرانە لە سەرئاستی مەسەلەی ئازادیو سەرەبخۆی گەلان ڕوویانداوەو نە خودی بارزانیش لە قۆناغی یەکەمدا خاوەنی ئەو ئەزموونە بەرفراوانە بووە کە لە قۆناغی دووەمدا پێی گەیشتووە. ئەی کەواتە بۆچی داواکارییەکانی گۆڕانکاری ئەوتۆیان بەسەردا نەهاتووە؟

لە سەرووبەندی ڕاپەڕینی بارزاندا، لە کاتێکدا کە باسی بەرزکردنەوەی کۆمەڵە داواکاریەك لەلایەن بارزانیەوە دەکرێت کە پیشتر ئاماژەمان بۆ کردن، بەلام بەپێی هەندێ بۆچوون بارزانی زۆر هەوڵیداوە خۆی لە شەڕکردن بە دوور بگرێت و دەشێ بە ئومێدی ئەوە بوو بێت کە حکومەتی عێراقی هەر هیچ نەبێت کەمێك ئینسانیانە سەیر بکاتو لەو ڕووەشەوە لەوە تێبگات کە کورد مرۆڤەو دەشێ جۆرێك لە ڕەزامەندی بۆ ماف یان داواکارییەکانی نیشان بدات. یان هەر هیچ نەبێت لە بارودۆخێکی وەهادا جۆرێك نەرمی بەرامبەر بە کورد بە گشتیو خودی بارزانیو شێخ ئەحمەدی براگەورەی و هەموو ئەندامانی

عەشیرەتی بارزان نیشان بدات کە رووبەڕووی دەربەدەری‌و ئازارو زەحمەتی زۆر بووبوونەوە. بە پێی قسەی مارف چیاوك بارزانی لە دوای گەیشتنەوەی بە بارزان سکالأنامەیەکی نووسیووە بۆ حکومەتی عێراقی و تیایدا بەمجۆرە ئامانج و مەبەستی خۆیی لەگەڕانەوە یان راکردن لە سلێمانیەوە بۆ بارزان دەخاتە روو کە ئەو خستنە رووەش روونـاکی دەخاتە سەربەرنامەی بارزانی." بارزانی لەم گەڕانەوەیدا بۆ نیشتیمانی خۆی مەبەستی یاخیبوونی چەکدارانە دژی حکومەت یان دەست درێژی بۆ سەر کەسانی تر نییە بەڵکو دەیەوێ لە ناو کەس و کارو کوڕەکانیدا بە ئاسوودەیی و ئارامی بژی. حکومەت گوێی بەم سکالأنامەیە نەداو فەرمانی بەهێزەکانی پۆلیس کرد کە بە وردی لە دووچوونی بە دوادا بکەن(12). رۆژی 22ی شوباتی 1944 کە ماوەیکی ئەوتۆ بەسەر گەیشتنەوەی شێخ ئەحمەددا بۆ بارزان تێنەپەڕی بوو، مەلا مستەفا بۆ نیشاندانی گوێڕایەڵی رەسمی بۆ حکومەت لەگەڵ گەورە پیاوانی بارزانی و فەتاح ئاغای هەرکیدا هاتە بەغداو، چاوی بە وەصی کەوت(13). بارزانی داوای بەزەیی لە حکومەت بۆ براکەیی و خۆی کرد بۆ ئەوەی بە ئاشتی بژین(14). بەلأم دیارە حکومەت هیچ وەلأمێکی دیاری ئەو داوایەی بارزانی نەداوەتەوەو دواتریش کە ئینگلیزەکان زۆر مەبەستیان بوو هێمنی لە عێراقدا بەرقەرار بکەن. هەوڵیان دەدا فشار بخەنە سەر بارزانی و لە هەمان کاتدا حکومەتی عێراقیش بۆ ئەوەی کێشەکان بە هێمنی چارەسەر بکرێن. لە وەلأمی نامەیەکی بالیۆزی بەریتانیادا بارزانی دەڵێت: ئێمە دەست درێژی ناکەینە سەر سوپای مسوڵمانان ئەگەر ئەوان دەست بە لێدانی ئێمە نەکەن(15). بەلأم لە هەمان کاتدا باس لەوەش دەکرێت کە لە نێوان بارزانی و کورنوالیسدا نامەو نامە گۆڕینەوە هەبووەو بە قسەی کریس کۆچێرا بارزانی بە ناچاری چەکی کردۆتە شان و خراپەکارییەکانی حکومەتی

عێراقی ناچاری ئەوەی کردووە" بەرگری لە خۆی بکات(16). بە پێی هەندێ رای جۆراوجۆری بێ سەرچاوەیەکی دیاری ئەو کاتە باسی ئەوە دەکرێت کە بارزانی داوای لە باڵوێزی بەریتانیا کردبێت کە دەستوور بە دەوڵەتی عێراق بدات کە ئەو عەفو بکەن و لایەنگرانی ئازاد بکەن، هەر لە ژێر ئەو فشارەدا: حکومەت لە مانگی نیساندا دەست پێشخەرییەکی بۆ لێبووردن کرد(17). پێدەچێت بارزانی لەو کاتەدا ئومێدی ئەوەی هەبوو بێت کە بە ئاسوودەیی لە ناوچەی بارزان بە ئاشتی دابنیشێت، ئەگەر حکومەت دەستبەرداری ئەوە بێت کە ئەو دەسەڵاتی خۆی لەو ناوچەیەدا بسەپێنێت. هەربۆیە داوای کردووە پێویستە: حوکمڕانی و چاودێری ناوچەی بارزان بەو بسپێردرێتەوە(18). ئەگەر بە وردی سەرنجی ئەم بۆچوونانەو ئەو خاڵانە بدرێت کە وەکو داواکارییەکانی بارزانی لە لایەن وەدیع جویدەو دواتریش کەسانی ترەوە بڵاوکراونەتەوە، ئەوا ناکۆکی تەواو هەیە لە نێوانیاندا. لە لایەک بارزانی داوای جۆرێك لە ئۆتۆنۆمی و بە رەسمی کردنی زمانی کوردی دەکات و لە لایەکی تریشەوە حکومەت بەوە تاوانبار دەکات کە ئەوی ناچار کردووە بۆ بەرگری کردن لە خۆی چەك هەڵبگرێت. هەروەك لە هەمان کاتدا داوا لە باڵوێزی بەریتانیاش دەکات کە حکومەتی عێراقی ناچار بکات کە لێی ببورێت. دیارە ئەوەی کە تەواو لەگەڵ یەکتر ناکۆکن ئەوەیە بەپێی ئەو داواکارییانە بێت کە لەرێگای ماجد مستەفا یان ئەفسەری هەواڵگیری عێراقەوە بەرزی کردوونەتەوە، داواکاری ئۆتۆنۆمی کردووە بۆ هەموو جوگرافیای ئەو بەشەی کوردستان کە لکێندراوە بە عێراقەوەو گومانیشی تێدا نییە ئەگەر ئەو ئۆتۆنۆمییە بەدەست بهاتایە، ئەوا خۆی سەرۆکی ئەو هەرێمە دەبوو، کەچی ئێستا باسی ئەوە دەکات کە حوکمڕانی و چاودێری ناوچەی بارزانی پێ بسپێرن. ئێمە تاکو ئێستا بە

هۆی ناکۆکی لە نێوان راوبۆچوونەکاندا ، ئەوەی کە بۆمـان دەگێڕنـەوە، نـاتوانین بە تـەواوەتی لەراسـتی یـان ناراسـتی یـەکێك لـەو دوو بۆچـوونە دڵنیـابین. بـەڵام هەڵوێستەکانی دواتری بارزانی نیشانی دەدات کە بارزانی لـەو جـۆرە سـەرکردانە نەبووە چاوەڕوانی بەزەیی دوژمن بووبێت.

لە راستیدا من بۆ خۆم بە گومانەوە سەیری هەردوو بۆچوونەکە دەکەم ئـەویش بەپێی ئەم لێکدانەوەیە کە بە گوێرەی یەکەمیان کە داواکردنـی ئۆتۆنۆمیـە لـەو کاتەدا بـۆ هـەموو کوردسـتانی لکێنـدراو بـە عێراقـەوە، تـا ئەندازەیـەکی ئاشـکرا جێگای پرسیارە چونکە یەکەم بارزانی لەو سەروەختەدا خاوەنی هێزێکی ئـەوتۆ نەبووە کـە تەسـەوری ئـەوە بکـات دەتوانێـت بـە هێـز حکومـەتی عێراقـی ناچـار بکات، بۆ دانـان بە ماڤ ئۆتۆنۆمیداو حکومەت وای لـێ بێـت بـارزانی بتوانێنێـت داواکـانی خـۆیی بەسـەردا بسـەپێنێت. هـەروەك هەسـت و هوشـیاری نەتـەوەیی کوردی لەو کاتەدا نە بەگشتی و تەنانەت نە لەسەر ئاستی نوخبەش لەو ئاسـتەدا نەبووە کە بەرنامەی درووسـتکردنی دەسـەڵاتێکی کـوردی هـەبێت لەسـەر ئاسـتی جوگرافیـای ئـەم بەشـەی کوردسـتان. راسـتە بـارزانی لـە راپـەڕینی سـەرەتای سـیەکانی بارزانـدا کەشـێخ ئەحمـەدی براگـەورەی رابەرایـەتی دەکـرد ئـەمیش بەشـدار بـووەو دوای پەڕینـەوەی شـێخ ئەحمـەد بـۆ تورکیـا ئـەم لەگـەڵ شـێخ محەمـەد سـدیقی برایـدا سەرپەرشـتی ئـەو راپەڕینـەی کـردووەو رۆڵـی دیاریشـی تیـادا بینیـووە. بـەڵام شـتێکی دیـارو ئاشـکرا تـا ئـەو کاتـە لـەبارەی هوشـیاری نەتەوەیی بارزانییەوە دیار نییە بەڵکو دەتوانرێت لە کۆماری مهاباد بەدواوە کـە بارزانی لەوێ بیری لە دامەزراندی پارتێکی سیاسی هاوشێوەی پـارتی دیمـوکراتی کوردستانی ئێران بـۆ کوردسـتانی عێـراق کـردەوە، بـاس لـە روانـینی بـارزانی بـۆ مەسەلەی نەتەوایەتی کورد بکرێت. کەواتە دەتوانین بڵێین ئەو داواکارییانەی کە

مارف چیاوك و وەدیع جویدەو دواتـریش کۆچێراو مەسعود بـارزانی و کەسـانی تریش بە نـاوی بارزانیـەوە بڵاویـان کردتـەوە هاوشـێوەی ئـەو داواکارییانـەن کـە بـارزانی لـە ڕێککـەوتنی ئـازاری 1970دا لەگـەڵ حکومـەتی عێراقـی لەسـەری ڕێکـەوت. ڕەنگـە لـە جێگـای خۆیـدا بێـت کـە وای بۆبچـین لـە ڕووی زانسـتیەوە بەرزکردنەوەی ئەو داواکارییانە بۆ ئەو ساتە مێژووییە واتـە بـۆ نیـوەی یەکـەمی دەیەی پێنجەمی سەدەی بیست پەیوەست بە کەسێتی ئەو کاتـەی مـەلا مستەفاو پەیوەست بـە بـارودۆخی کوردسـتان و بـە ئاسـتی هوشـیاری کۆمەڵایـەتی کـوردی جێگای لەسـەر وەسـتان و تێڕامانـەو ناکرێـت هـەروا بـە ئاسـانی تەسـەوری ئـەوە بکـەین کـە بـارزانی لـەو کاتـەداو بـە تایبـەتیش لـە ڕاپـەڕینی بارزانـدا خـاوەنی گوتــارێکی ناسیونایســتانە بــوو بێــت. هــەروەك نیشــاندانی هەڵوێســتی مــەلا مستەفاش بەو جۆرەی کە کۆچێرا بە ناوی کورنوالیسەوە بـڵاوی کردۆتـەوەو بـە گشتی ئەوە نیشان دەدات کە بـارزانی هـەموو هیـوا ئومێـدێکی ئـەوە بووبێـت کـە حکومەتی عێراقی بەزەیی پیادا بێتـەوەو دڵسـۆزی لـە ڕادەبـەدەری بـۆ بـەریتانیا دەربڕیبێت دیسان مایەی گومان لێکردنـەو تەنانـەت جێگـای بـڕوا پێنـەکردنیش نییە چونکە ئەگەر لە ڕووی سایکۆلۆجیەوە سـەیر بکـەین کەسـێتی بـارزانی لـەو جۆرە کەسانە بووە کە هەروا بە ئاسانی چۆك دانادەنو ناچەمێنەوە کە ئـەویش لـە لایـەك بەرهـەمی عـەقڵی خێڵایـەتی و عەشـیرەتایەتیە کـە لـەو ڕوانگەیـەوە پێگەی عەشیرەتی بارزان پێگەیەکی بـەهێز بـووە، چـونکە بەلایـەنی کەمـەوە لـە سەروەختی شێخ عەبدولسەلامی دووەمەوە ئـەم عەشـیرەتە ئـەو هەسـتی خـۆ بـە شت زانیەنەیان لەلا درووست بووە کە هەروا بە ئاسانی نەبەزن و چۆك دانەدەن و خۆ نەدەن بە دەسـتەوەو وەکـو خـاوەنی داواکارییـەکانی کـورد سـەیری خۆیـان بکـەن. ئەمـە جگـە لـەوەی کـە بـارزانی لـە ڕووی بینـای کەسـێتیەوە کەسـێکی

ئەوەندە لاواز نەبووە کە بەو جۆرە لەگەڵ باڵیۆزی بەریتانیادا دوا بێت، چونکە ئەوە ئاشکرایە کە بارزانی نەك هەر بڕوای بەوە نەبووە کە ئێنگلیز کوردستان رزگار بکات، بەڵکو دابەشکردن و داگیرکردن و بەدبەختیەکانی کوردیشی وەك کاری نابەجێ و خۆپەرستانەی ئینگلیز سەیر کردووە. بۆیە پێموانییە بارزانی هەڵوێستی بەو جۆرەی لە رووی باڵیۆزی بەریتانیادا نوواندبێت. ئەگەر بارزانی هەوڵیشی دابێت لە رێگای باڵوێزی بەریتانیاوە فشار بۆ سەر حکومەتی عێراقی دابنرێت بۆ گۆڕینی سیاسەتی توندو تیژی حکومەت و سووك کردنی فشار لەسەر شێخ ئەحمەدی بار گەورەیی و هەموو بارزانیەکان ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە بارزانی داوای بەزەیی کردبێتو هەڵوێستی لاواز بوو بێت. لێرەدا ئەوەی مەبەستمانە بیڵێین ئەوەیە کە هەردوو هەڵوێستەکە چ ئەوەی کە بارزانی داوای ئۆتۆنۆمیەکی لەو جۆرەی کردبێت لە کاتی راپەڕینی بارزانداو، چ ئەوەی کە ئەوەندە بە لاوازی هەڵوێستی نواندبێت لە بەرامبەر حکومەتی عێراق و باڵوێزی بەریتانیادا، هیچ کامیان ناتوانرێت بسەلمێنرێن و جێگای بڕوا پێکردنیش نین. بۆیە وای بۆ دەچین هەردوو بۆچوونەکە زیاتر لەوەی کە راستی بن دەرئەنجامی میزاج و لایەنگری و دژایەتین کە ئەوەش خاسێتێکی زاڵ و بالاّ دەستە لە نووسینەوەی مێژووی کورددا. کە مێژوویەکە چونکە لە نووسینەوەیدا پشتی بە شیکردنەوەو لێکدانەوەو راڤە کردن نەبەستووە، زۆرینەی ئەو بۆچوون دەربڕینانەی تیایدا خراونەتە روو کەمتر دەبنە جێگای بڕوا پێکردن. راستە ئێمە میللەتێکین لە رووی تۆماری رابردوومانەوە لە کاتی رووداوەکان خۆیاندا لاوازین، بەلاّم دیسان توانای ئەوەشمان نەبووە لە رێگای شیکردنەوەو لێکدانەوەو هەڵکۆڵینەوە رووی راستی رابردووی دوورو تەنانەت نزیکی خۆشمان دەربخەین.

ئـەوەی جێگـای سـەرنجە ئەوەیـە کـە ئـەم دوو بۆچـوونە لـێکتر جیـاوازە بـۆ هەڵوێسـتی بـارزانی لـە یـەك کاتـدا، گوتـاری راپـەڕینی بـارزان دەخەنـە بـەردەم پرسیارەوە. ئایا کام لەو دوو هەڵوێستە بکرێت بە بنەما بۆ دیاری کردنی گوتاری ئـەو راپەڕینـە؟ بێگومـان بـە هـەر ئاراسـتەیەکیاندا لێکبدرێتـەوە دەگـەین بـەو خاڵەی کە ناشـێت بـۆ ئـەو مێـژووە تەسـەوری ئـەوە بکـەین کـە راپـەڕینێکی بـێ بەرنامە کە لە ئەنجامی کاردانەوەدا بەرامبەر بە سیاسەتی نادرووستی حکومەتی داگیرکەری عێراق سەری هەڵداوە، خاوەنی گوتارێکی ئاشـکرای خـاوەن سووناسـی ناسـیونایزم بێـت، بـەڵکو لـە رووی راسـتیەوە ئەگـەر بمانـەوێت زیـارت لـە واقیـع نزیکبینـەوە ئـەوا دەتـوانین بڵێن راپـەڕینی 1943-1945ی بـارزان نـەك هـەر خـاوەنی گوتـاری نەتـەوەیی خـاوەن شـووناس نـەبووە بـەڵکو خـاوەنی گوتـارێکی ئاشکرا نـەبووە. ئەمـەش دەمانگەیـەنێت بـەو راسـتیەی کـە راپـەڕینی بـارزانیش وەکـو زۆربـەی هـەرە زۆری راپەڕینـەکانی تـری کـورد نـە دەرئـەنجامی پـرۆژەو بەرنامە بووە نە بەرهەمی ئایدیۆلۆجیا، یان فیکرێکی دیاریکراوی سیاسی بـووە، بـەڵکو بـە پلـەی یەکـەم کاردانـەوە بـووەو بـۆ هەڵوێسـتی حکومـەتی ئـەو کاتـەی عێـراق بەرامبـەر بنەماڵـەی بـارزانی. بـە پلـەی دووەمـیش جۆرێـك بـووە لـە راپـەڕینی خێڵایـەتی لـە پێنـاوی فراوانکردنـی دەسـەڵات و جوگرافیـای مـادی و مەعنەوی خێڵدا. بـە تایبـەتیش ئەگـەر ئـەو بۆچـوونە راسـت بێـت کـە بـارزانی داوای لە باڵیۆزی بەریتانیا کردبێت کە چاودێری و حاکمێتی ناوچەی بـارزان بـە ئەو پێبسپێرن، ئەوا زیاتر ئەو بۆچوونە بەهێز دەبێـت کـە پێـی وایـە راپـەڕینی بارزان راپەڕینێکی خێڵایەتی بووە. بێگومان ئـەم بۆچـوونەش نـەك بـۆ بـارزانی بـەڵکو بـۆ سـەرجەمی راپەڕینـەکانی کـورد رووی راسـتی تێدایـە کـەجۆرێك لـە روانین و جیهانبینی و ستراتیژی خێڵایەتی دەسەڵاتی بەسەردا کـردوون و زیـاتر

ویستو داخوازییەکانیان سنوورێکی تەسکی هەبووەو نەگەیشتووەتە ئاستی داواکارییەکانی نەتەوە. ویستی راپەڕینەکانی کورد سەرنجمان بە لای بۆچوونێکی ئین خەلدووندا رادەکێشێت کە سەبارەت بە دەسەڵاتی خێڵو عەشیرەتی عەرەبی دەربڕیووەو پێی وابووە هەریەکەیان دەیەوێت دەسەڵاتێکی هەبێت ئیتر گرنگ نییە رووبەری ئەو دەسەڵاتە چەندێ بچووكو تەسکیش بێت. هەر لەو بارەیەوە ئین خەلدوون دەڵێت عەقڵی خێڵ ئەوەیە کە دەڵێت: دەسەلآت تەنانەت ئەگەر لەسەر بەردێکیش بێت(19). بە هەرحاڵ ئەگەر لەسەر بنەماو ئاستی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی سەیری سەرجەمی راپەڕینەکانی کورد بکەین ئەوا دەتوانین بێ دوو دڵی لە چوارچێوەی ئەو بۆچوونە خەلدونیەدا جێگایان بکەینەوە کە پێموایە ئەوەش هیچ عەیبێکی تێدا نییە بەڵکو عەیب لەوەدایە کە ئێمە لە کاتێکدا کۆمەڵگەکەمان لەو ئاستە دواکەوتووەی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیدا بێت نەتوانین بیناسین و تێی بگەین و پێمان وابێت ئێمە کۆمەڵگەیەکی ئاساین و لە ریزی کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندایین و وەکو ئەوان لە رەوتی مێژوودا هەمان ئەو دیاردەو خاسێت و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیانەمان بە خۆمانەوە بینیووە کە هەر کۆمەڵگەیەکی ئاسایی بە خۆیەوە بینیووە.

لەسەروبەندی راپەڕینی بارزانداو بە تەواوی لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی 1943دا نوری سەعیدا لەو کابینەنە تازەیەی کە درووستی کرد ماجید مستەفا کە کوردێکی خەڵکی سلێمانی کردە وەزیر. ماجید لە بنەماڵەی مەردۆخی بوو، پیاوێکی خوێندەوار بوو بەلاّم نە خۆی و نە بنەماڵەکیشی پێگەیەکی خێڵایەتی و عەشیرەتایەتی دیارو بەهێزی ئەوتۆیان نەبوو هەتا بگوترێت لەبەر نفوزی خێڵ و عەشیرەتەکەی کراوە بە وەزیر. ماجید مستەفا وەکو وەزیری راوێژکار

دانرا بۆ کاروباری کورد و بە تایبەتیش لەو سەروەختەدا بۆ کاروباری بارزان دانرا. ئەو پێشنیارانەی کە سەبارەت بە ڕێگاچارەی کێشەی بارزان خستیە بەردەمی سەرۆك وەزیران و کابینەکەی بووە مایەی ناکۆکی لە نێوان نوری سەعیدو کابینەکەیدا چونکە کابینەکەی لەگەڵ نوری سەعیددا هاوڕا نەبوون لە پەسەند کردنی پێشنیارەکانی ماجید مستەفا سەبارەت بە مەلا مستەفاو شێخ ئەحمەد و شێخ محەمەد سدیقی برای. ماجید مستەفا چەند جارێك بارزانی دەبینێت و بە پێی هەندێ لە گێرانەوەکانیش گفتوگۆی توند لە نێوان ماجید مستەفاو نوری سەعیددا ڕوودەدات و ماجید هەمیشە ئەوە دووبارە دەکاتەوە کە حکومەت هیچ خزمەتێکی کوردستانی نەکردووە، هەتا خەڵکی بە گشتی و بارزانی بە تایبەتی هیچ مەیلێکیان بەلای حکومەتدا هەبێت، یان متمانەی پێبکەن.

بەهەرحاڵ حکومەت سووربوو لەسەر ئەوەی کە دەسەڵاتی بارزانی نەك هەر سنووردار بکات، بەڵکو لە ناویشی ببات. بۆ ئەو مەبەستەش چەند جارێك هێرش دەکاتە سەر بارزان و هەموو جارەکانیش تێکدەشکێت، هەتا ئەو کاتەی کە مەحمود ئاغای زێباری کە خەزووری بارزانی دەبێت و تازە بە تازە بە مەبەستی ئاشتبوونەوە بارزانی کچی ئەوانی خواستووە، کەچی مەحمود ئاغا پاڵ دەدات بە حکومەتەوەو دژی بارزانی زاوای یارمەتی حکومەت دەدات، ئەوەش بارزانی دووچاری شکست دەکات. لەو هێرشانەدا کە دواتر حکومەتی عێراق بە بێ ڕازی بوونی ئینگلیزەکان کردیە سەر بارزانی و ناوچەکە، لەسەرەتاوە بارزانی توانی زیانی گەورە لە هێزەکانی سوپای عێراقی بدات. بەڵام دیارە ئەو سەرکەوتنانە بۆ هەتا هەتایە بەردەوام نەبوون. بەڵکو سەرئەنجام بارزانی و هێزەکانی دووچاری شکست بوون ئەوەش زیاتر پەیوەندی بەوەوە هەبوو کە

زۆرێـك لـه خێـڵ و عەشـیرەتەكانی دەورو بـەرو هاوسـنووری بـارزان پشـتیان لـە بـارزانی كـردو و دەسـتیان تێكـەڵاوی حكومـەتی عێـر اقـی كـرد. لـەم بارەیـەوە كۆچێرا دەڵێت: یەكگرتنی حكومەتی عێراق و ( بەشێك لە خێلە كوردەكان -ع ) كوردەكـان و شـارەزابوونی سـوپای حكومـەت لـەو ناوچـانەی كـە حكومـەت سـەرۆكەكانی كـڕی بـوون، توانایـەكی زۆر زیـاتری بـە سـوپای عێـراق بەخشـی و بـارزانی نەیـدەتوانی بەرگـە بگـرێ و نەشـكێ(20). بەهـەرحاڵ سـوپای عێـراق توانی لە رۆژی 7ی تشرینی یەكەمی ساڵی 1945دا بـارزان بگرێـت و بـارزانی و هێزەكەی تێكشكان و توركیاش سنوورەكانی خۆیی لەسەر بارزانی داخست. بەڵام بارزانی توانی لەگەڵ كۆمەڵێك لەوانەی كە لەگـەڵی بـوون ئـاودیووی كوردسـتانی ئێران ببێت. بەمەش كۆتـای بـە راپـەڕینی 1943-1945ی بـارزان هـات. ئێستا پرسیار ئەوەیە ئایا شوێنی ئـەم راپەڕینـە لـە جوگرافیـای گوتـاری ناسـیونالیزمی كوردیـدا لـە كوێدایـە؟ ئایـا ئـەم راپەڕینـە خـاوەنی گوتـارێكی ئاشـكرا بـوو؟ ئایـا گوتارەكـەی پایـەو رەگـەزەكانی گوتـاری ناسـیونالیزمی كـوردی تێـدا بـوو؟ ئایـا راپەڕینی بارزان لە ترازووی بەراورد كردندا زیاتر راپەڕینێكی نەتەوایەتی بـووە یان راپەڕینێكی خێڵایەتی؟ ئایا دژایەتی كردنی خێڵ و عەشیرەتەكانی ناوچەكە بـۆ عەشـیرەتی بـارزان بـە تایبـەتی ئەوانـەی لـە بارزانـەوە نـزیكن چ دەلالـەتێك هەڵدەگرێت و چ رووناكیەك دەخاتە سەر ئاستی هوشیاری نەتەوەیی كوردی لـەو كاتەدا؟ ئایا دەتوانین بڵێین ئەو خێڵ و عەشیرەتانەی كـە دژی بـارزانی هاوكـاری حكومـەتی عێراقییـان دەكـرد بـە مـەحمود ئاغـای زێبـاری خـەزووری بـارزانی خۆیشیەوە، هەموویان ناپاك و دژی كورد بوون یان ئەو مەسەلەیە پەیوەندی بە ناكۆكی خێڵ و عەشیرەتەكانەوە هەیە لەگـەڵ عەشـیرەتی بارزانـدا؟ ئایـا ئـەوەش راسـتەوخۆ ناگەڕێتـەوە بـۆ لاوازی هەسـتو هوشـیاری نەتـەوەیی لـەو كاتـەی

کۆمەڵگەی کوردیدا؟ ئایا دەشێ وای بۆبچین کە راپەڕینی 1943-1945بارزان، راپەڕینێکی جەماوەری بەرفراوان بوو بێت بە جۆرێکی ئەوتۆ کورد بەشداری تێدا کردبێت کە سیمای راپەڕینی عەشیرەتی بارزانی لێ سڕابێتەوەو سیماو رووخساری راپەڕینی کوردیی وەرگرتبێت؟ لەسەرووی هەموو ئەمانەشەوە ئایا ئەم راپەڕینە خاوەنی هیچ بەرنامەیەکی داڕێژراو بووە یان بە رێکەوت و لە ئەنجامی لاوازی حکومەتی عێراق و سەرقاڵ بوونی بەریتانیا بە جەنگی جیهانیەوەو نەتوانینی خەریکی بوونی بە کێشە بچووك و لۆکاڵیەکانەوە سەری هەڵداوە؟ لە کلاێکدا حکومەتی عێراق بە شێوەیەکی خراپ رەفتاری لەگەڵ کورد بە گشتیو بنەماڵەی بارزانیدا بە تایبەتی کردووە.

بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارانە بە گشتی پەیوەندییان بەیەکەوە هەیەو هەمووشیان بە خوێندنەوەی وردی واقیعی کۆمەڵایەتی و ئابووری و مێژوویی و کەلتووری و عەقڵی ئەو قۆناغەی کۆمەڵگەی کوردییەوە بەندن کە راپەڕینەکە تیایدا سەری هەڵداوە. وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد راپەڕینەکە لە قۆناغێکی دواکەوتووی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و کەلتوری کۆمەڵگەی کوردیدا سەری هەڵداوەو ناسیونالیستی کوردی لە ئاستێکی زۆر لاوازدا بووەو ناسیونالیزمیش وەکو بەرنامەو ئایدیۆلۆجیای بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی لە ئاستی نەبوودا بووە. وەکو پێشتریش چەند جارێك ئاماژەمان بۆ کردووە ناسیونالیزم لە هەر شوێن و جێگایەکی تری کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەرهەمی مۆدێرنێتەیە، هەر بەو پێیە ناکرێت لە غیاب یان نەبوونی سادەترین بنەماکانی مۆدێرنێتەدا تەسەوری بوونی ناسیونالیزم لە کۆمەڵگەی کوردیدا بکرێت، چونکە لەو قۆناغەدا سادەترین ئاستی لاوازی مۆدێرنێتە لە کوردستاندا بوونی نەبووەو دیارترین شارەکانی کوردستان وەکو گوندی گەورەی کۆمەڵگەیەکی

دواكـەوتوو وابـوون، لـە كاتێكـدا كـە شـارو مۆدێرنێتـە دووانەیـەكی پێكـەوە گرێدراون و ناشێت تەسەوری بوونی شارو بەرهەمەكانی كۆمەڵگەی شار بكرێت بـەبێ بـوونی مۆدێرنێتـە كـە وەك ئاشـكرایە ناسـیونالیزم بەرهـەمو كـەلتووری بۆرژوا یان چینی ناوەندی شارە. ئەگەر لەسـەر ئـەم بنەمایـە سـەیر بكـەین ئـەوا نەك بۆ سەردەمی راپەڕینی بارزان بەڵكو بۆ ئێستاش مەسەلەی پەیوەنـدی شـارو كۆمەڵگـەی شـارو بـوونی ناسـیونالیزمی خـاوەن شـووناس وەكـو بزووتنەوەیـەكی جەماوەری لە كۆمەڵگەی كوردیدا جێگای گومان و لەسەر راوەسـتانە. كەواتـە بـە ئاشكرا دەتوانین بڵێین ناشـێت تەسـەوری ئـەوە بكـەین كـە لەسـەردەمی راپـەڕینی بـارزانی سـاڵی 1943-1945 دا شـتێك هـەبوو بێـت بـە نـاوی ناسـیونالیزمی كوردی. خۆ ئەگـەر تەسـەوری بـوونی هـەر شـتێكی پەیوەسـت بـە ناسـیونالیزمی كوردی لەو سـاتەدا بكرێـت ئـەوە لـەوە زیـاتر نییـە كـە نوخبەیـەكی هێجگـار بـە ژمارە كەمی ناسیونالیستی كوردی هەبووە، بە بێ بوونی ناسیونالیزم. هەر بۆیـە دەتـوانین بڵـێین گوتـاری راپـەڕینی بـارزان لـە دەرەوەی گوتـاری ناسـیونالیزمی كوردییە، چونكە تـەنیا كاتێـك دەتـوانین تەسـەوری بـوونی گوتـاری ناسـیونالیزم بكـەین كـە ناسـیونالیزم بووبێتـە ئایـدیۆلۆژیای بزووتنەوەیـەكی كۆمەڵایـەتی جـەماوەری كـە ئـەو بزووتنەوەیـە هـەڵگری پـرۆژەی درووسـتكردنی دەوڵـەتی نەتەوەیی بێت.

سەرچاوەكان:


1- مسعود البارزانی، البارزانی والحركه التحرریه الكردیه، 1943-1945، كردستان،1986،ص 16.

2- ایوب بـارزانی، المقاومـه الكردیـه للاحـتلال، 1914-1958 ، دار نشـر حقائق المشرقه،2002،ص 204.

3- مسعود البارزانی، المصدر السابق، ص8.

4- مسعود البارزانی، نفس المصدر،ص 18.

5- نادر ئینتیسار، ئیتنۆنەتەوایەتی کوردی، وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە عەتا قەرەداخی،سلێمانی، 2002، ل 123.

6- کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدەو بیستدا، وەرگێڕانی حەمە کەریم عارف، هولێر،2003، ل 176.

7- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل176.

8- مسعود البارزانی ، البارزانی والحرکە التحرریە الكردیە، ص38. هەروەها بڕوانە: لازاریف واخرون ، تاریخ كوردستان، ترجمه الدكتور عبدی حاجی، دهۆك، ص 237.

9- مسعود البارزانی، البارزانی والحركه التحرریە الكردیە، 1943- 1945 ،ص38.

10- Wadie Jwaideh, Kurdish national Movement, Saracuse Univeristy Press,2006,p232.

11-عەتا قەرەداخی ، کاریگەری کەلتوری ئەوان لەسەر کورد، سلێمانی ، چاپی دووەم، 2008، ل 53.

12- کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدەو بیستدا،ل177

13-Wadie JwaidehK, Kurdish National Movement, Saracuse Univeristy press, p,235,2006.

14- David MacDowall, A Modern History of The Kurds London, 2000, p, 290.

15- کریس کۆچێرا ، هەمان سەرچاوەی پێشووتر ، ل187.

16- هەمان سەرچاوە، ل187.

17- David MacDowall, A Modern History of The Kurds,london, 2000, p.293.

18-كریس كۆچێرا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، 188.

19- ابن خلدون، المقدمه، دارالجیل، ص .323 .

20- كریس كۆچێرا ، هەمان سەرچاوەی پێشووتر، ل 187.

## بەشی حەوتەم:

# گوتاری پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق لە سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلولی 1961دا:

سەرەتا:

## ا- لە سەرهەڵداندا:

ئەوە ئاشکرایە کە دوای رووخاندنی کۆماری مهاباد بە پیپێچەوانەی قازی محەمەدەوە، بارزانی خۆی نەدایە دەستی رژێمی ئەو کاتەی ئێرانەوەو توانی بە خۆیی و ژمارەیکی باش لەوانەی کە لەگەڵی بوون بە شێوەیەکی ئازایانە بە نێو مەترسیداو بە سەر سنووره دەستکردو ئاگرینیەکانی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستاندا تێبپەڕێت و لە ئاوی ئاراس بپەڕێتەوەو بگاتە یەکێتی سۆڤیێت. وەکو پێشتریش باسکرا پێش هەرەسی کۆماری مهاباد بارزانی بە کۆمەڵێ راسپاردەوە هەمزە عەبدوڵای ناردبووەوە بۆ کوردستانی عێراق بە مەبەستی دامەزراندنی حیزبێك لەسەر شێوەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بۆ کوردستانی عێراق. راستە ئەو حیزبە دامەزرا بەڵام بە دوای دامەزراندنی ئەو حیزبەدا بارزانی نەك نەگەڕایەوە بۆ کوردستان لکێندراو بە عێراقەوە بەڵکو ناچار بوو کوردستانی ژێر سایەی داگیرکەری فارسیش بەجێبهێڵێت. بارزانیو هاوەڵەکانی نزیکەی سیانزە ساڵ دوور زێدو نیشتیمانو دوور لەو حیزبە ژیانی بەسەر برد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو لە دووریشەوە سەرۆکی بێ هاوتای حیزبەکە بوو، بەڵام لەو ماوەیەدا پەیوەندییەکی ئەوتۆی بە حیزبەکەوە نەبوو. هەمزە عەبدوڵاو ئەو نوخبە رۆشنبیرەی کە لە سەرکردایەتی حیزبدا بوون حیزبیان بەڕێوە بردووە تا ئەو کاتەی کە بارزانی لە دوای شۆڕشی چواردەی تەموزی ساڵی 1958و روخاندنی رژێمی پاشایەتی گەڕایەوە عێراق و جارێکی تر لەسەر مەیدانی سیاسەت وەکو سەرکردەیەکی دیار دەرکەوتەوە.

بارزانی لە رۆژی 6-10-1958دا گەیشتەوە بەغداو لەو رۆژە بەدواوە قۆناغێکی نوێ لە ژیانی سیاسی بارزانیدا دەستی پێکرد. بێگومان ئەو کاتە بارزانی تەمەنی پەنجاو پێنج ساڵ بوو کە بە تەمەنی پێگەیشتن یان کامڵ بوون دادەنرێت بۆ سیاسەت و ئەزموونی سیاسی و بۆ بارزانیش کە بە لایەنی کەمەوە لە سەرەتای سیەکانەوە واتە نزیکەی بیست و پێنج ساڵ زیاتر بوو لەو بوارەدا خەریك بوو ساردیو گەرمیو هەڵکشانو شکستی زۆری بینیبوو. ئەو ەش کردبوویە خاوەنی ئەزموونێکی باش لە بواری خەباتو ململانێدا. دیارە ئەزموونی نزیکەی سیانزە ساڵی سۆڤێتیش لەو رووەوە دەورو سوودی خۆیی هەبووە. بارزانی کە پێشتر لە عێراقدا هەمیشە یان لە شەڕو رووبەڕووبوونەوەدا بووە لەگەڵ رژێمی پاشایەتیدا، یان دوور خراوەو لە ژێر چاودێریدا بووە، دەشێ بە هیواوە سەیری بارودۆخی نوێی دوای روخاندنی رژێمی پاشایەتی کردبێت، بە تایبەتی کە بینیوێتی حکومەتی نوێ، واتە حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسم بە شێوەیەکی جیاواز رەفتار لەگەڵ خۆیی و عەشیرەتەکەی و هەموو گەلی کوردیش دەکات. رەنگە هەر ئەو ئومێدەش وایلێکردبێت کە هێمنانە سەیری بارودۆخەکە بکات و وەهای ببینێت کە دەشێ ئیتر ناچاری ئەوە نەبێت رێگای چەك هەڵگرتنو خەباتی چەکداری بگرێتە بەر لە پێناوی ئامانجەکانیدا. بەهەرحاڵ دەشێ ئەو ماوە کورتەی کە تازە بارزانی گەڕابووەوە بەغدا بە گوێرەی ئەوو هەموو خەڵکی عێراقیش کە تازە لە دەستی رژێمی پاشایەتی رزگاریان بوو بوو وەکو مانگی هەنگوینی سەیر بکرێت. بەلاَم دیارە مانگی هەنگوینیش ئەوەندە درێژە ناکێشێت و بە زوویی ژیانی راستەقینەی نێو واقیع دەست پێدەکاتەوە. بەلاَم دەشێ ئەوەی لە هەموو شت گرنگتر بوو بێت بۆ ئەو کاتەی کورد ئەوە بوو بێت کە عەبدولکەریم قاسم لە ماوەیەکی هێجگار کورتی دوای هاتنیدا بۆ سەر

کورسی دەسەڵات، پێداگری کرد لەسەر دانانی بڕگەیەك لە دەستووری کاتی عێراقدا کە مادەی سێی دەستووری کاتی بوو لە رۆژی 27ی تەموزی ئەو ساڵەدا دەرچوو کە بۆ یەکەم جار لە مێژووی دەوڵەتی نویێ عێراقدا کە نزیکەی سی و حەوت ساڵی تەمەن بوو، دانی نا بەوەدا کە عەرەب و کورد بەشدارن لەم نیشتیمانەدا. ئەمە جگە لەوەی لەو ئەنجوومەنە سێ کەسییەی کە بە ناو ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی عێراق بوون یەکێکیان کورد بوو کە ئەویش خالید نەقشبەندی بوو. هەروەك لە رووی کەلتوری و ئابووری و ئاوەدان کردنەوەو بیناسازییەوە حکومەتەکەی قاسم هەندێ هەنگاوی نا کە کوردستانیشی وەکو بەشەکانی تری عێراق دەگرتەوە. هەروەك دواتریش مۆڵەتی کارکردنی بە پارتی دیموکراتی کوردستان دا، کە ئەوەش بۆ ئەو قۆناغە خاڵێکی گرنگ بوو.

دیارە نیشاندانی دڵسۆزی بارزانی و کوردیش بۆ قاسم گەلێك لەو شتانە زیاتر بوون کە قاسم بۆ کوردو پارتی ئەنجام دابوون. رەنگە لە روانگەی قاسمەوە جۆرێك لە بەرێ کردنی کات بوونی هەبووبێت، هەروەك واپێدەچێت کە بارزانی قەناعەتی بەوە هەبوو بێت کە تا دەتوانێت خۆی و پارتی و کورد لە شەڕ بپارێزێت و هەوڵبدات لە رێگای ئاشتیەوە ئەوەی چاوەڕوانی دەکرد بۆ کورد بەدیبهێنێت. هەروەك ئەو بۆچوونەش لە ئاردایەو بەربای گوێ دەکەوێت کە کەسانی تر لە حیزبو ئاراستە سیاسیەکان کاریگەری نەرێنیان لەسەر قاسم هەبووبێتو رای قاسمیان سەبارەت بە کورد گۆڕیبێت بە تایبەتی حیزبی شیوعی عێراقو ناسیونالیستە عەرەبەکان.

ئاشکرایە ئەو بارودۆخەی کە بارزانی تیادا گەڕایەوە زۆر جیاواز بوو لەو بارودۆخەی کە پێشتر ولاتی بەجێی هێشتبوو. ئەمەش تەنیا لە رووی سیاسیەوە جیاواز نەبوو کە رژێمی پاشایەتی گۆڕابوو بە رژێمی کۆماری و لە بری

مەلیکێکی خواستراو لە حیجازەوە، ئێستا عێراقیەکی رەسەنو نیشتیمانپەروەری وەکو عەبدولکەریم قاشم سەرۆکی دەوڵەتی عێراق بوو، بەڵکو ئەو بۆچوونە هەبوو کە ئێستا لە عێراقدا حکومەتێکی نیشتیمانی هەیە. هەروەك ئەوە ئاشکرایە کە ئەم دەوڵەتە نوێیە لە لایەك لەبەردەم هەڕەشەی دەوڵەتانی بڕیار بەدەستی رۆژاوادا بوو، لە لایەکی تریشەوە لەبەردەم هەڕشەی رژێم و دەسەڵاتە کۆنەپەرستەکانی عەرەبی و ئەو ناسیونالیستە توونـدڕەوە تازە دەرکەوتووەدا بوو کە حیزبی بەعس نوێنەرایەتی دەکرد. دیارە ئەوەش دەزانین کە حیزبی شیوعی عێراقی سەرباری پێگەی جەماوەری بەهێزی نەتیوانی خۆی بێتە سەر کورسی دەسەڵات و نە یتوانی ببێتە پاڵپشتێکی بەهێز بۆ عەبدولکەریم قاسم و دەسەڵاتەکەی و تەنانەت لە دوای ئەو کێشانەی لە ساڵی 1959دا لە کەرکوك سەریان هەڵدا قاسم زیاتر دەوری حیزبی شیوعی بچووك کردەوە. بەلاَم دیسان ئەم هەڵوێستەی قاسم لە بەرامبەر شیوعیەکاندا نەبوو بە هۆی ئەوەی کە عەرەبە ناسیونالیستە توونـدڕەوەکان قایل بکات بەوەی کە دڵنیابن قاسم لایەنگری شیوعیەکان ناکات. هەروەك لە لایەکی تریشەوە لە ئەنجامی دەرکردنی یاسایەکدا بۆ چاکردنی باری زەویو زارو کشتوکاڵ، بێزاری لە لای ئاغاو بەگ و شێخ و خاوەن زەوی و زاری عێراق بە گشتیو کوردستان بە تایبەتی بە جۆرێك درووست بوو کە ئەم توێژە کۆمەلاَیەتیە بە ژمارە کەمەو بە دەسەڵاتو بەهێزە، بوونی ئەو دەسەڵاتە بە مەترسی بزانن بۆ سەر ئایندەی خۆیان. لەبەر ئەوە خاوەن زەویو زارەکانی کوردستان لە ئاغاو بەگو شێخەکان، لەملاو ئەولا کەوتنە جوڵەو هەوڵێشیان دەدا ئەو جوڵەیان تێکەلاَوی مەسەلەی کورد بکەن و لەو ئاراستەشەوە بارزانی بئاڵێنن لە مەسەلەکەوە، بۆ ئەوەی رووکەشێکی کوردانە بدەن بە داواکارییەکانیان بۆ جێبەجێ نەکردنی ئەو یاسایە. واتە

هەندێك لەو چاكسازییانەی كە قاسم دەیوویست لە بواری كشتوكاڵ و زەوی و زاردا بیكات بەشدارییان كرد لە جوڵاندنی ئاغاو بەگ و شێخ و خاوەن موڵكەكانی كوردستاندا بۆ لە رووداوەستانی دەسەڵاتی قاسم. ئەوەش دواتر وەكو سەرەتاو دەستپێكی شۆڕشی ئەیلول بەرجەستە بوو. كەواتە ئەگەر ئەم بۆچوونە راست بێت ئایا راپەڕینی ئەیلول كە بە راپەڕینی كوردایەتی دەناسرێت سەرەتاكەی راپەڕینی خێڵایەتی كوردی نەبووە لە پێناوی پاراستنی بەرژەوەندییەكانی ئاغاو بەگ و شێخ و سەرخێڵدا؟ ئایا مەسەلەی نەتەوایەتی لە وڵاتێكی داگیر كراودا زیاتر پەیوەندی بە جەماوەری جوتیارو كاسبكارو چینی ناوەندەوە هەیە یان مەسەلەیەكە ئاغاو بەگ و شێخی خاوەن موڵك درووستی دەكەن و رابەرایەتی دەكەن؟ ئایا لە بارێكی وەهادا ئەو گوتارەی بەرهەم دێت چ جۆرە گوتارێك دەبێت؟ گوتاری خێڵایەتی یان گوتاری نەتەوایەتی واتە گوتاری ناسیونالیزم؟

بەهەرحاڵ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە پێویستی بە شیكردنەوەی گەوهەری بزووتنەوەكەو بەرنامەو شێوەی كاركردنی و خوێندنەوەی واقیعی كۆمەڵایەتی ئەو سەردەمەی كۆمەڵگەی كوردی هەیە كە بزووتنەوەكە تیایدا دەستی پێكردووە. ئەوە ئاشكرایە لەسەرەتاوە كورد وەكو رزگاركەر سەیری عەبدولكەریم قاسمی كردووەو جێگیركردنی هاوبەشی عەرەب و كورد وەكو دوو نەتەوەی سەرەكی هاوبەش لە عێرقدا لە دەستووری كاتیدا خاڵێكی گرنگ بوو. هەروەك پشتیوانی كردنی كورد لە حكومەتی قاسم لە راپەڕینی شەوافدا لە موسڵ زیاتر دڵسۆزی كوردی بۆ قاسم ئاشكراكردو كوردو حیزبی شیوعی هەریەك لە لایەكەوە دڵسۆزییان بۆ حكومەتی قاسم نیشان دەداو، تەنانەت بەشێك لە كورد تا ئەندازەیەك وای لێهاتبوو كە پێی وابێت ئەگەر خۆیشیان

دەسەڵاتی عێراقیان بە دەستەوە بوایە هەر ئەوەیان بۆ کورد پێدەکرا کە قاسم بۆی کردوون. مەسعود بارزانی دەڵێت: لە کۆتایی مانگی حوزەیرانی 1961دا لیژنەی سەرکردایەتی کۆبوونەوەیەکی کرد بۆ تاوتوێکردنی بارودۆخە نوێیەکەو بەمەبەستی دانانی رێوشوێنی پێویست بۆ رووبەرووبوونەوەی ئەو بارودۆخەو یەکەم شتیش بڕیاری دا یاداشتێك پێشکەشی قاسم بکات(1). هەر لەم وتەیەوە دەردەکەوێت کە پارتی دیموکراتی کوردستان لەو مێژووەدا خۆی بۆ راپەڕین ئامادە نەکردووە، هەر بۆیە کۆبوونەوە دەکات بۆ تاوتۆێ کردنی بارودۆخەکە، کە دیارە مەبەست لە بارودۆخەکەش ئەو بارودۆخەیە کە لە دەرەوەی بڕیاری پارتی دیموکراتی کوردستان و بێ خواستی بارزانی لەو کاتەدا بارودۆخێك هاتە ئاراوە بە ناچاری دەبوو پارتی دیوکراتی کوردستان خۆی بکات بە خاوەنی. بە هەرحاڵ پرسیارەکە ئەوەیە ئایا لەو بارودۆخەدا زەمینەی راپەڕین لەبار بوو؟ یایا جەماوەر لەو ئاستەدا بوو کە راپەڕین بکات؟ ئایا ئەوانەی راپەڕینیان دەست پێکرد کێ بوون؟ ئەندامانی سەرەوەی پارتی و خودی بارزانی خۆی بوون یان سەرخێڵ و ئاغاو بەگ و شێخەکان بوون کە یاسای چاککردنی زەوی و زارو کشتوکاڵ زیانی گەورەی لێدەدان و وەکو دوژمنی خۆیان سەیری عەبدولکەریم قاسمیان دەکردو ئەو راپەڕینەشیان بۆ ئەوە بوو کە رێگا لە جێبەجێ کردنی یاسای چاککردنی کشتوکاڵ بگرن؟ بەهەرحاڵ ئەگەر سەرەتای راپەڕینەکەش بەوجۆرە دەستی پێکردبێت، بەلاّم دواتر پارتی بووە خاوەنی راپەڕینەکەو لە شێوازی راپەڕینی چەند ئاغاو بەگ و شیخێکەوە گۆڕا بۆ راپەڕینی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی بارزانی. بەلاّم پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا پارتی لە بنەڕەتدا خۆی بۆ راپەڕین ئامادە کردبوو؟ ئایا زەمینەی کوردستان و بارودۆخی جەماوەر بەگشتی بۆ راپەڕین لە باربوو؟ ئایا ئاستی

هوشیاری خەڵك لەو ئاستەدا بوو كە بتوانێت رێكبخرێت بۆ راپەڕینێكی درێژخایەن؟ ئایا خودی پارتی لەو كاتەدا خاوەنی بەرنامەیەكی ئەوتۆ بوو كە بتوانێت داكۆكی راستەقینە لە رێگای بەرنامەكەیەوە لە لە داخوازییەكانی كورد بكات بە تایبەتی لە راپەڕینی چەكداریدا؟ ئایا پارتی توانیبووی ببێتە ئەو حیزبە ناسیونالیستە كە رابەرایەتی بزووتنەوەیەكی جەماوەریی گەورەی ئەوتۆ بكات كە بریتی بێت لە بزووتنەوەی گەل و هەموو خاسێتەكانی خێڵایەتی و عەشیرەتایەتی و ناوچەگەریی هەڵبوەشێنێتەوەو هەموو گەل وەكو یەكەیەكی یەكگرتوو رێكبخاتو لە پێناوی ئامانجێكی دیارو ئاشكرادا ئاراستەیان بكات، كە ئەویش بە لایەنی كەمەوە لە داواكاری سەربەخۆیی بۆ ئەم بەشەی كوردستاندا خۆی ببینێتەوە مادەم پێشترو لە كاتی دامەزراندنی پارتیدا بارزانی پێی وابوو دەبێ ئەو حیزبە درووست بكات بۆ كوردستانی عێراق. ئایا دەوری دەوروبەر واتە وڵاتانی ناوچەكە چی بووە لەو راپەڕینەدا؟ ئایا دەوری نێگەتیف و خراپی عەبدولكەریم قاسم لەگەڵ رۆیشتنی رۆژدا كە زیاتر بەرەو خراپبوون دەچوو چ دەورێكی بینیووە لە سەرهەڵدانی ئەو راپەڕینەدا؟ ئایا دەوڵەتانی بڕیاربەدەستی ئەو كاتە هیچ دەورێكیان هەبووە لە سەرهەڵدانی راپەڕینی ئەیلولدا؟

لازاریف دەڵێت: لە نیوەی دووەمی ساڵی 1959 بەدواوە حكومەتی قاسم بە شێوەیەكی ئاشكرا لەو بەڵێنانە پاشگەزبووەوە كە بە كوردی دابوو(2). هەروەك دەڵێت: حكومەتی قاسم بۆ چارەسەر كردنی ناكۆكی لەگەڵ ناسیونالیستە كوردەكاندا رێگای بەكارهێنانی هێزی لەبەر گرت(3).بێگومان سیاسەتی قاسم رۆژ بەرۆژ گۆڕانی زیاتری بەسەردا دەهات و هەوڵی دەدا رووبەری چالاكییەكانی كورد تەسك بكاتەوەو گوێ لە داواكارییەكانی كورد نەگرێت و كەوتە بیانووگرتن بە سەركردایەتی پارتی و بە رۆژنامەی خەبات و رێگاگرتن لە چالاكیەكانی

پارتی لە هەندێ شوێنی وەکو موسڵ و کەرکوکدا. سەرئەنجام کار گەیشتە ئەوەی کە بـە ئاشـکرا  قاسـم وەکـو ناسیونالیسـتێکی توونـدڕەوی عـەرەب رەفتـار بکـات. قاسـم لـە وتارێکیـدا کـە لـە رۆژنامـەی ئیتیحـادی رۆژی 18ی ئـازاری 1962دا بلاّوکراوەتەوە دەڵێت:لە سەرەتا تا بـە کۆتـایی عێـراق نیشـتیمانی عروبەیـە(4). لێرەوە بە ئاشکرا دەردەکەوێت کە بۆچوونەکانی قاسـم هـیچ جیـاواز نـەبووە لـە بۆچوونی سـەرجەمی ناسیونالیسـتە شـۆڤێنیەکانی عـەرەب سـەبارەت بـە کـوردو پێـی وایـە ئـەو وڵاتـەی کـە لـە ئـەنجامی هەڵوەشـاندنەوەی دەوڵـەتی عوسمانیـدا درووست بوو بە ناوی عێراقەوە شوناسەکەی عەرەبیەو هـەموو ئەوانـەی تـریش لە کورد و تورکومان کە لەم وڵاتەدا دەژین دەبێ لە پرۆژەی تواندنـەوەدا لـە نێـو نەتـەوەی عەرەبـدا بتوێنـەوە. دکتـۆر جـەمال رەشـید دەڵێـت: لـە 13ی کـانوونی دووەمی 1961دا کە بارزانی لە مۆسکۆوە گەڕایەوە بەغدا، هەندێ گۆڕانکاری لە سیاسەتی حکومەتی مەرکەزی بە گشتی بەرامبەر بە کێشەی کورد لە عێراقـدا و بە تایبەتی لە کەرکووکـدا پەیـدا بووبـوو. خودپەرسـتی عەبدولکـەریم قاسـم لـە ئاسـتی سـەرۆکایەتیی میللـی و جیهـانی بارزانیـدا گەیشـتبووە پلەیـەکی ئەگرەسیڤانەو چاوی لە ئازاردانی کـوردیش داپۆشـیبوو(5). ئەگـەر سـەیری ئـەم قسانەی سەرەوە بکەین ئەوا بۆمان دەردەکەوێت سەرباری ئـەوەی کـورد بەگشـتی و پـارتی بـە تایبـەتی تـا ئەندازەیـەکی ئاشـکرا دڵسـۆزو لایـەنگربوون بـۆ عەبدولکـەریم قاسـم و حکومەتەکـەی، بـەڵام قاسـم ئـەو لایەنگرییـە لەبەرچـاو ناگرێـت و تەنانـەت لـەو قسـەو گفتـە زارەکیانـەش پاشـگەز دەبێتـەوە کـە لەساتەوەختی هاتنیەوە بۆ سەر کورسی سەرۆك کۆماری بـە کـوردی دەدا. ئەگـەر لە روانگەی بینینی هەندێ لە نووسەران و سیاسیانی کوردەوە سەیر بکەین ئـەوا هەموو هۆکارەکانی ناکۆکی نێوان کورد و حکومەتەکەی قاسم دەکەوێتە ئەستۆی

قاسم و وادەردەکەوێت کە کورد شەڕی بەسەردا سەپێندراوە. هەروەك لە لایەکی تریشەوە وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد ئاغاو بەگ و شێخی خاوەن مـوڵکی کـورد دەوری کاریگـەریان هـەبووە لـە دەسـتپێکردنی راپەڕینەکـەداو ئامانجەکەشـیان رێگاگرتن بووە لە یاسای چاك کردنـی بـاری کشتوکاڵ و زەوی و زار. ئەگـەر بـە وردی سەیری ئەم دوو خاڵە بکەین ئەوا ئەوەمان بـۆ ئاشـکرا دەبێـت لـە هـەردوو باردا کورد و پارتی بە جۆرێك شەڕیان بەسەردا سەپێندراوە.

کەواتــە ئەگــەر بڕوامــان بــەوە هێنــا کــە کــوردو پــارتی شــەڕیان بەســەردا سـەپێندراوە، کەواتـە شـوێنی گوتـاری پـارتی لەسـەرەتای راپـەڕینی ئەیلولـدا لـە کوێـدا بـووە؟ ئایـا بەراسـتی پـارتی لەســەر بنــەمای بەرنامــەو نەخشــە ئــەو راپەڕینەیان دەستپێکردووە؟ ئایا بەرنامەی پارتی لەو راپەڕینەدا چی بووە؟ ئایا بـە ئاسـۆیەکی روونـەوە دەسـتی داوەتـە ئـەو راپەڕینـەو بەرنامەیـەکی ئاشـکرای هەبووەو لە پێناوی جێبەجێ کردنی ئـەو بەرنامەیـەدا راپـەڕینی بـەرپاکردووە؟ ئەگـەر بەرنامــەیکی لـەو جـۆرەی هـەبووە کەواتــە بەرنامەکـەی چـی بـووە؟ دروستکردنی دەوڵەت یان ئۆتۆنۆمی بـووە؟ " کـاتێ مـەلا مستەفای بـارزانی لـە 8ی ئۆکتۆبەری 1958دا گەڕایەوە، لە بەغدا مەودایـەکی فـراوان لـە خۆشـی لای زۆرێــك لــە خــەڵك دەبینــرا ســەبارەت بــەوەی کــە ســەردەمێکی نــوێ لــە پەیوەندییەکانی نێوان کوردو عەرەب لـە چوارچێوەی دەوڵـەتی عێراقـدا دەسـت پێدەکات(6). بێگومان سەرەتاکە لێرەوە دەست پێدەکات کە بە شێوەیەکی گشتی زۆرینەی کورد بڕوایان وابوو کە لەگەڵ کۆتایی هێنان بە سیستەمی پاشایەتی لە عێراقدا ئیتر عێراق دەگۆڕێت و دەبێتە دەوڵەتێکی دیموکراسی ئەوتۆ کە هـەموو بە جیاوازی رەگەزو زمان و ئایین و مەزهەبەوە دەتوانن بە ئاشتی تیایـدا بـژین. بـەلآم لـە راسـتیدا تـا ئەندازەیـەکی ئاشـکرا پێچـەوانەی ئـەو بۆچـوونە راسـتبوو

چونکه دەسەڵاتی پاشایەتی پێشتر خۆی وەکو نوێنەری هەموو عێراقیەکان نیشان دەدا، ئەگەرچی لە بنەڕەتدا ئەو هیچ پەیوەندییەکی بە عێراقەوە نەبوو بۆ راگرتنی بارودۆخەکە سیستێمێکی سیاسی ئیداری لەو جۆرە لە لایەن ئینگلیزەوە لە عێراقدا درووستکرابوو. لە لایەکی تریشەوە تەسەوری ئەوە ناکرێت بنەماڵەی فەیسەڵ لە عێراقدا دەوری ناسیونالیستی عەربیان بینیبێت، بۆیە شێوازی روانینی ئەوان هەمان شێوازی روانینی سیستێمە ئایینیەکانی دەسەڵات بووە کە خۆیان وەکو سیستێمی فرە ئیتنیکی پێشکەش دەکەن و کارکردنیان لەسەر بنەمای دڵسۆزی و گوێڕایەڵیە بۆ دەسەڵات. هەر لەو روانگەیەشەوەیە لە کۆنەستی سادەی کورددا بە تایبەتی ئەو نەوەیەی کە سەردەمی پاشایەتیان بینیووەو تاکو ئێستاش ماون ئەوە جێگیرە کە سەردەمی پاشایەتی بە سەردەمێکی باشتر دەزانن لەچاو سەردەمی عەبدولکەریم قاسمو دوای ئەویشدا، ئەویش لەو روانگەیەوەیە کە جیاوازییە نەتەوەییەکان بەو شێوەی سەردەمی دوای پاشایەتی زەق نەبوونەتەوە. دیارە لە تێڕوانینی ئێمەوە ئەمە ئەوە ناگەیەنێن کە ئێمە ئەو سەردەمەمان پێ باشتر بێت. نەخێر ئێمە باسی بارودۆخێك دەکەین کە تیایدا لایەنگری گۆڕانکارین چونکە گۆڕانکاری بەرهەمی عەقڵ و تێڕوانینێکە کە بەو ساتەوەختەی خۆی رازی نییەو دەیەوێت بەرەو باشتر بچێت. هەرچەندە ئەوەش ئاشکرایە کە مەرج نییە کە هەمیشە گۆڕانکارییەکان بە ئاراستەی پۆزەتیف بن.

ئێمە ئەو راستیە دەزانین کە سەرباری دەسەڵاتی پاشایەتی لە عێراقی پێش عەبدولکەریم قاسمدا جڵەوی بەڕێوەبردن بەدەستی حکومەتەوە بووە کە ئەویش خۆی لە کەسێتی سەرۆك وەزیراندا بینیووەتەوەو بێگومان ئەوانەشی کە لەو سەردەمەدا گەیشتوونەتە ئەو ئاستەی کە بتوانن لە عێراقدا پلەو پایەی

بەرز بەدەست بهێنن زیاتر ئەوانە بوون کە دەتوانین بە نوخبەی سیاسی ئەو سەردەمە ناویان ببەین. ئەمانەش سەرباری دڵسۆزی و وەلائیان بۆ بەریتانیا، زۆربەیان هەستی نیشتیمانی عێراقی و ناسیونالیزمی عەرەبییان هەبووە. بەلاّم هاتنی قاسم بوارێکی تەواوی کردەوە بۆ ئەوەی کە ئاراستەی نەتەوایەتی و نەتەوەیی بوون کە بە مانایەکی تر مەبەستمان لە ناسیونالیزمە زیاتر نمایشی خۆی بکات. راستە لەو سەروبەندەدا، لە ئاستی بینراو یان باشتر بڵێین لە رووکەشدا هەستی نەتەوایەتی لە لای کورد زیاتر دەردەکەوێت و هەوڵی خۆکۆکردنەوەو خۆ رێکخستن دەدات بەلاّم دەبێ ئەو راستیە بزانین کە بە پێی پەرەسەندنی کۆمەلاّیەتی و بە پێی ئامادەبوونی مێژوویی و شارستانی و تەنانەت ئابووریش کە هاوڕایە لەگەڵ دیدی مارکسیانەدا، تاکو ئێستاش پێمانوایە بزوێنەری مێژوو لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا بەگشتی و لە لای عەرەبی عێراق، بەراورد بە کورد زۆر لە پێشترو پەرەسەندتر بووە. هەر ئەوەش وادەکات کە لە درێژەی رووداوەکاندا ناسیونالیزمی عەرەبی لە ناسیونالیزمی کوردی پەرەسەندوتر بێتو هەر بەو پێیەش ناسیونالیستی عەرەبی بە ئاسانی بتوانێت بالاّدەستی خۆی بەسەر ناسیونالیستی کوردیدا نیشان بدات.

لەگەڵ هاتنی قاسمدا ناسیونالیزمی عەرەبی دەرگای لەبەردەمدا دەکرێتەوەو ناسیونالیستی عەرەبی بە تەواوی چاوی دەکاتەوەو تەنانەت خودی قاسمیش کە سەرەتا دێت بە سۆزو عاتیفەی شۆڕشگێڕانەی خۆیەوە رەنگە بە خەیاڵ ویستبێتی عێراق بکاتە ولاّتێکی نموونەیی بۆ پێکەوە ژیان، بەلاّم دەبێ ئەو راستیە بزانین کە تاکە کەس چەندە بەهێز بێت ناتوانێت بە ئاسانی ئاراستەی مێژوو بگۆڕێت، یان تەنانەت مێژوو درووست بکات. دەشێ لەم روانگەیەوە قاسم کەوتبێتە ژێر فشاری قورسی ناسیونالیستی عەرەبیەوە لە عێراقداو ئەوەش وای

لێکردبێت کە لەگەڵ رۆیشتنی کاتدا لەو بەڵێنانەی بە کوردی دابوو پاشگەز بێتەوە. هەرچەندە دەشێ لە لایەکی تریشەوە لە دوای نیشتنەوەی کەف و کوڵ و هەڵچوونی شۆڕشگێڕانەی خۆیشی، قاسم هەستی ناسیونالیستانەی وەکو عێراقیەك وای لێکردبێت کە بە ئاراستەی عەقڵی عەرەبێکی رەسەنی عێراقی کار بکات. بێگومان هەر عەرەبێکی عێراقی بەو جۆرە بیر بکاتەوە واتە بە عەقڵی عەرەبێکی رەسەنی عێراقی کە مەبەست لەوەش ناسیونالیستێکی عێراقیە ناتوانێت هەروا بە ئاسانی رێگا بە خۆی بدات هەنگاوێك بنێت لە دەرەوەی بەرژەوەندی عێراقیبوونو عەرەببوونی عێراق بێت. هەر لەم روانگەیەوە دەشێ قاسمیش وەکو سەرکردەیەك ئەو هەستی عێراقیبوونە داگیری کردبێت، ئەگەر پێمان وابێت هەموو ئەو قسانەی کە لە لایەك دەدرێنە پاڵ قاسم بۆ هاتنە پێشەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوردو لە هەمان کاتدا پاشگەزبوونەوەکانیشی هەمووی راستبن و کورد بە ناچاری و بێ کاریگەری ئاغاو بەگ و شێخە خاوەن موڵکەکان و بێ هیچ کاریگەرییەکی دەرەوە دەستی دابێتە راپەڕین.

مەسعود بارزانی دەڵێت: لە رۆژی 12ی حوزەیرانی 1961دا تاڵەبانی گەیشتە بارزان و برا بۆ هەواری چاڵی لە چیای شیرین کە بارزانی لەوێ بوو ، بۆی باس کرد کە لە بڕیارەکاندا گەیشتوونەتە چی و تەئکیدی ئامادەباشی مەکتەبی سیاسی بۆ هەر شتێکی چاوەڕوان نەکراو راگەیاند، ئەو دەمە رای بارزانی وابوو کە هیچ شتێك نەکەن، بەڵکو تەنیا ئامادەییان درێژە پێبدەن، هەتا دەگاتە ئاستێکی تەواوی توانا بۆ لە رووداوەستانی رژێم(7). لێرەدا دەردەکەوێت کە بە ماوەی سێ مانگ پێش دەستپێکردنی راپەڕینی ئەیلول مەکتەبی سیاسی نەك هەر بڕیاری راپەڕینی داوە، بەڵکو ئامادەکاریشی بۆ کردووەو پێدەچێت تەنیا

چاوەڕوانی فەرمانی بارزانی بووبن بۆ هەڵکرندی تیشکی سەوز بۆ دەستپێکردنی ڕاپەڕینەکە. بەلاّم دیارە بارزانی بە شێوەیەکی هێمنتر لە مەسەلەکەی ڕوانیووەو پێی وابووە ڕاپەڕین و بە گژداچوونەوەی حکومـەت هـەروا کارێکی سادە نییـەو پێویستی بە بەرنامەڕێژی و نەخشە بۆدانان و ئامادەباشی تـەواو هەیـە، تـا ئـەو ئاستەی کە دەبێ هێز بە جۆرێـك ئامـادە بکرێـت کـە پێشبینی ئـەوەی لێبکرێـت بتوانێت لە ڕووی دوژمندا بووەستێت. هەروەك لـە ڕاکـانی تاڵەبانیشدا ئـەوە بـە ئاشکرا دیـارە کـە مەکتـەبی سیاسـی خـۆی بـۆ هـەر پێشهاتێکی لـە ناکـاو ئامـادە کـردووە، نـەك مەکتـەبی سیاسـی پێـداگری ئـەوەی کردبێـت کـە داوای بڕیـار لـە بـارزانی بکـات بـۆ دەسـتپێکردن. بـەڵام لەهــەردوو بارەکــەدا ئــەوەمان بــۆ دەردەکەوێت کە ئەگەر ماوەیەکی دوورو درێژش لە پێش ڕۆژی دەست پێکردنـی ڕاپــەڕینی چــەکداری ئەیلولــەوە، چ مەکتــەبی سیاسـی و چ بـارزانیش بەتــەمای دەست دانە ڕاپەڕین نەبووبن، ئـەوە بەلایـەنی کەمـەوە پـێش چـەند مانگێـك لـە دەستپێکردنی ڕاپەڕینەکە بیریان لەوە کردۆتەوەو خۆیشیان بـۆ ئامـادە کـردووە. کە بێگومان ئەو ماوەیە کەم بووەو بارودۆخەکەش بەو جۆرە نەبووە کە هەستی نەتەوایەتی بـە شـێوەیەك بـوو بێـت کـە لـە کـورتترین کاتـدا بتوانرێـت هێزێکی ڕێکخراوو دیسپلین کراو بۆ ڕاپەڕین ئامادە بکرێت. جێگای خۆیەتی کە بیر لـەوە بکەینــەوە دەبــێ پێکهاتــەی کۆمەلاّیــەتی کۆمــەڵی کــوردەواری لــەو کاتــەدا چــۆن بووبێـت؟ ئایـا ئاسـتی خوێنـدەواری لـە چ ئاسـتێکدابووە؟ هـەر بـەو پێیـەش ئایـا هەست و هوشیاری نەتەوەیی کوردی لە چ بارێکدابووە؟ ئایا ڕۆڵ و نفـوزی ئاغـاو بـەگ و شـێخی خـاوەن موڵـك هـەم لـە کوردسـتاندا لـە چ ئاسـتێکدا بـووە، هـەم دەسـەلاّتیان بەسـەر خێـڵ و عەشـیرەتەکانیاندا چـۆن و چـەند بـووە؟ ئایـا بـەبێ ڕەزامەنـدی ئـەوانی سـەرخێڵو بـەگو ئاغـاو شـێخ کـوڕانی خێـڵ و عەشـیرەت

توانیوویانە بەشداری راپەڕین بکەن؟ ئایا نـاکۆکی خێڵایـەتی لـە نێـوان خێـڵ و عەشیرەتەکانی کورد لە لایەك و ناکۆکی بەشێکیشیان لەگەڵ عەشیرەتی بارزانیدا لە لایەکی تـرەوە چ رۆڵێکی بـە بـاری نێگـەتیف یـان پۆزەتیفـدا بینیـووە؟ دیـارە ئەوەش بۆخۆی بابەتێکە کە مایەی لێدوانی زۆرە ئەگەر بە راستی ناسیونالیزمی کورد لەو قۆناغەدا لەو ئاستەدا بـوو بێـت بزووتنەوەیـەکی جـەماوەری درووسـت بکـات. کەواتــە دەبــێ دەوری خێـڵ و عەشـیرەت بۆچـی هەڵنەوەشـابێتەوە؟ خـۆ ئەگەر خێڵ عشیرەتیش هێـزی راپەڕینەکـە بـوون کەواتـە ئـەی ناسـیونالیزم لـە کوێی راپەڕینەکەدایـە؟ وەڵامـی ئـەم پرسـیارنە لێـرەدا بـەجێ دەهـێڵین چـونکە لەگەڵ درێژەی باسەکەماندا وەڵامەکانیان ئاشکرا دەبێت.

بێگومــان وەکــو پێشــتر گوتمــان قاســم لەگــەڵ هاتنیــدا بــۆ ســەر کورســی فەرمانڕەوایـەتی و جێگیربوونـدا سـەرباری ئـەوەی کـە هـەم لـە مـادەی سـێی دەستووری کاتی عێراقدا دانی نا بەوەدا کە کورد هاوبەشی عەرەبە لـە عێراقـداو هەم لە ئاڵای نوێی عێراقدا وێنـەی خەنجـەرێك لەگـەڵ شمشـێری عـەرەبی دانـرا وەکـو هێمایـەك بـۆ هاوبەشـی کـوردو عـەرەب لـەم وڵاتـەدا. قاسـم هـەم مۆڵـەتی رۆژنامەی خەبات و پارتی دیموکراتی کوردسـتانی دا، هـەم رێگـای بـە بـارزانی دا بگەڕێتەوەو بەگەرمی پێشوازی لێکراو تەنانەت ماڵەکەی نوری سەعیدی سەرۆك وەزیرانی پێشتری بۆ تەرخان کـراو موچـەی تایبـەتی بـۆ بڕایـەوە، بـەڵام لەگـەڵ هەموو ئەمانەدا، وردە وردە قاسم کەوتە بیـانوو گـرتن بـەکورد. ئـەو بەڵێنانـەی کە بۆ کردنەوەی قوتابخانەو ئاوەدان کردنەوەو رێگاو بـان لـە کوردسـتان دابـووی شتێکی ئەوتۆی لێ جێبەجێ نەکرد. رێژەی باج یان توتنانـەی لەسـەر جوتیـاران زیاد کرد کە داهاتی سەرەکی کوردستان بوو. هەروەك لە دەسـتوورە کاتیەکەشـدا راستە کورد وەکو هاوبەش لە عێراقدا ناو برابوو، بەڵام عێراقیش وەکو بەشـێك

له نیشتیمانی گەورەی عەرەب دانرابوو. لەوەوە دەردەکەوێت کە قاسمیش وەکو هەر ناسیونالیستێکی تری عەرەب و تورك و فارس لە ناخیدا نەیتوانیووە دان بە بوونی کوردستاندا بنێت. هەر وەکو گوینتەر دێشنەری نووسەری ئەڵمانی دەڵێت: قاسمیش پەنای وەبەر ئەو شێوازە کۆنانە بردەوە کە رژێمانی حوکم لە عێراق و ئێران و تورکیادا دەرهەق بە کورد پەیڕویان کردبوو، ئەویش بریتی بوو لە هاندانی کورد لە یەکترو تەفرەقە نانەوە لە نێوانیاندا. بۆیە قاسم کەوتە چەکدارکردنی عەشایەری زێباریو رێکانی کە لە رۆژانی کۆماری مهابادەوە دژایەتی بارزانیان دەکرد. ئیدی قاسم کەوتە هاندانی ئەم خێڵانە لە بارزانی و دژی بارزانی(8). بێگومان لێرەوە ئاشکرا دەبێت کە کورد لە هەڵسەنگاندنیدا بۆ قاسم نەیتوانیووە وردبین بێت و وەها تێگەیشتووە کە ئیتر سەردەمی پاشایەتی کۆتایی هاتووەو قۆناغێکی نوێ لە مێژووی عێراق دەستی پێکردووە. کە دەشێ لەو قۆناغە نوێیەدا کورد ببێتە خاوەنی مافەکانی خۆی. سەرباری ئەو قسانەی لە بارەی قاسم و پاشەکشە کردنی لە بەڵێنەکانی بەکوردە دەکرێت، بەلاّم سەرکردایەتی کوردی کە مەبەست بارزانیە لەگەڵ مەکتەبی سیاسی هاوڕاو هاوبۆچوون نەبوون لەسەر دەستکردن بە راپەڕینی چەکداری. پێشتر باسی ئەوەمان کرد کە کاتێ تاڵەبانی دەچێتە لای بارزانی و ئامادەباشی مەکتەبی سیاسی بۆ راپەڕین پێرادەگەیەنێت، بارزانی رای وایە کە پەلە نەکرێت هەتا هێزەکانیان بە جۆرێك ئامادەباش دەبن کە بتوانن لە رووی رژێمدا بووەستن. کریس کۆچێرا دەڵێت: تاڵەبانی کە پەیوەندی لەگەڵ بارزانیدا زۆر باش بوو، بارزانیش بە چاوی کوڕی خۆی سەیری دەکرد، تاڵەبانی کە لایەنگری خەباتی چەکدارانە بوو، یەکێك بوو لەو گروپە کەمەی کۆمیتەی ناوەندی کە باوەڕیان وابوو، حیزب دەبوایە هەر لە مانگی نیسانی 1961 وە دەستی بە شۆڕش

بکردایە(9). لێرەدا ئەوە ئاشکرا دەبێت تاڵەبانی کە خوێنی گەنجی ناو کۆمیتەی ناوەندی حیزب بوو هەروەك عیسمەت شەریف وانلیش وەسفی دەکات :بێچووە گورگی رادیکاڵی حیزب و خاوەن تیۆریەکی باش و پیاوێکی زۆر میللی بوو(10). ئەم خوێنە گەرمە لایەنگری چی زووتری دەست پێکردنی راپەڕینەکە بوو. رەنگە ئەو پرسیارە سەرهەڵبدات ئایا تاڵەبانی لەو بڕوایەدا بوو کە بارودۆخ بۆ راپەڕین لەبارەو ئاستی هوشیاری خەڵك گەیشتۆتە ئەو پلەیەی گە ببنە ئەو بزووتنەوە جەماوەرییەی کە ئەگەری ئەوەیان لە بەردەمدا بێت کە حکومەتی ناوەندی ناچار بکەن داواکانیان پێبەجێ بکات؟ یان وەکو گیان و خوێنی لاو لە ناو ریزی سەرکردایەتیدا تاڵەبانی بێ بیرکردنەوەیەکی بابەتیانە لایەنگری دەستپێکردنی راپەڕین بووە؟———

بێگومان مەسەلەی نەتەوایەتیش سەرباری لاوازی ناسیونالیزمی گوردی لەو قۆناغەدا شتێك نەبوو لە دەرەوەی گفتوگۆو ماکۆکیەکان. پارتی بە گشتی و نوخبە خوێندەوارەکەوی ناو مەکتەبی سیاسیش بە تایبەتی لە دوای گۆنگرەی چوارەمەوە بە تایبەتی برایم ئەحمەد وەکو سکرتێرو تاڵەبانیش وەکو ئەندامی مەکتەبی سیاسی سەباری ئەوەی کە مەیلی چەپیشیان هەبوو بەلاّم دیسان پێداگریشیان لەسەر مەسەلەی نەتەوایەتی کورد هەبوو لە چوارچێوەی بەرنامەی پارتیدا. لە بارنامەی پەسەندکراوی کۆنگرەی چوارەدا "برایم ئەحمەد رایگەیاند کە پارتی خەبات دەکات بۆ فراوانکردنی مافە نەتەوەییەکانی کەلی کورد لە چوارچێوەی بنەمای ئۆتۆنۆمیدا لە چوارچێوەی یەکێتی عێراقدا(11). هەرچەندە عیسمەت شەریف وانلی دەڵێت: قاسم لە دیدارێکی دۆستانەدا لە سەرەتای مانگی کانوونی دووەمی 1960دا داوا دەکات بەپەلە ئەو مادەیەی کە دەڵێ یەکێ لە ئامانجەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە

دەستهێنانی ئۆتۆنۆمییەلـە چوارچـێوەی عێراقـدا لابـبرێـت(12). گوایـە بـرایم ئەحمەدو کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق قایل دەبـن کـە ئئئۆتۆنۆمی لە بەرنامەکەدا لابـبرێت، بەلاّم کۆنگرەی پێنجەمی پـارتی لـە مـانگی مایسی 1960دا لەم بارەیەوە سەرزەنشتیان دەکات. مـادەی شەشـەمی بەرنامـەی پەسـەند کـراوی ئـەم کۆنگرەیـە بڕیـاردەدات کـە پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتانی عێراق دەبیّ" پتر هەولّ بـۆ مکوم کردنـی پەیوەنـدی برایـەتی نێـوان میللـەتانی کوردو عەرەب  و کەمە نەتەوەییەکانی دی بدات و مـافی نەتـەوەیی گـەلی کـوردو دابینکردنی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی عێراقی یەك گر تووداو چەسپاندنی ئـەم مافە لە دەستووری هەمیشەیدا بەرەو پێش ببرێت(13).  بێگومان لە کاتێکدا کە بەشێکی سەرکردایەتی پارتی رایان وابوو کە کاتی راپەڕینەو پێیـان وابـوو چـەل ئامادەیـــە لـــە کاتێکـــدا بەشـــی هـــەرە زۆری هێـــزی راپـــەڕین هێـــزی خێـــلّ و عەشیرەتەکان بوون کە ئەمانەش لە ناوخۆیانـدا تـا ئەندازەیـەکی ئاشـکرا نـاکۆك بوون. بێگومان هەروا ئاسانیش نییە کـە هێزێکـی نارێـك و پـەرش و بـلاّوی لـەو جۆرە بتوانێت لەبەردەم هێزی سەربازی و دیسپلین کراوی سـەربازی پـڕ چـەکدا خۆی رابگرێت، لە لایەکی تریشەوە هەروەك مەسعود بارزانی دەلّێت: هەنـدیّ لـە خێلّەکان پەیوەندیان بە شۆڕشەوە کردبـە هـۆی خـراپ جێبـەجیّ کردنـی یاسـای چـاك کردنـی کشـتوکالّەوەو هەنـدێکی تریشـیان بـە هـۆی یاسـای بـاجی زەوی و زارەوەو هەندێکیشیان چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد کە دوای ماوەیەکی کورت قاسم وەلاّمی داواکارییەبیّ گەوهەرەکانیان بداتەوە(14).

ئەگەر سەیری ئەم بۆچوونانەی سەرەوە بکەین ئەوا یە ئاشکرا هەندیّ شتمان بۆ دەردەکەوێت. یەکـەم سـەرکردایەتی پـارتی هـەموو یـەکڕاو هاوبۆچـوون نـەبوون سـەبارەت بـە راپـەڕین و سـەبارەت بـەو مافانـەی کـورد کـە دەشـیّ پـارتی پێیـان

لەسەر دابگرێت و هەوڵی بە دەستهێنانیان بدات.بەرنامەی ئەوپەڕینی پارتی لە پێش دەستپێکردنی راپەڕینی ئەیلولدا بریتی بووە لە ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی عێراقی یەك گرتوودا. کە بەپێی ئەو قسەیەی عیسمەت شەریف وانلی کە لەسەرەوە هێنامانەوە برایم ئەحمەدی سکرتێری پارتی و بەشێك لە کۆمیتەی ناوەندیش لەبەر خاتری قاسم ئامادبوون ئەو خاڵەی کە پەیوەندی بە ئۆتۆنۆمیەوە هەبووە لە بەرنانەی پارتیدا لاببەن و لایشیان بردووە. لێردا جێگای خۆیەتی سەرەتا لەوە بدوێین ئایا چەمکی ئۆتۆنۆمی بۆخۆی لە راستیدا چییەو چۆن هاتۆتە ناو بەرنامەی حیزبی کوردییەوە؟ ئایا ئەم زاراوەیە لەسەر دەستی پارتیدا سەری هەڵداوە یان مێژوویەکی کۆنتری هەیە؟ ئایا پارتی بە رێکەوت ئەم چەمکەی هێناوەتە ناوبەرنامەکەیەوەو کردوویەتی بە ئاستی ئەوپەڕینی داواکانی؟ ئایا ئەگەر ئەو قسەیەی عیسمەت شەریف بەوجۆرە بێت لەسەر هەڵوێستی برایم ئەحمەدو بەشێك لە کۆمیتەی ناوەندی ئایا ئەوە چیمان لەسەر ناسیونالیستبوونی ئەم ئاراستەی ناو پارتی بۆ دەردەخات؟

بێگومان ئەوە ئاشکرایە ناسیونالیزم هەڵگری پرۆژەی درووستکردنی دەوڵەتی نەتەوەییە، هەروەك چەمکی بڕیاردانی مافی چارەنووسیشدا لە لایەن نەتەوەکانەوە دیسان پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە هەر نەتەوەیەك مافی رەواو سرووشتی خۆیەتی کە دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی درووست بکات و خاوەن بڕیارو سەروەری خۆی بێت لەسەر جوگرافیای خۆی. بەڵام لە دوای شۆڕشی بەلشەفیکی رووسی و درووستبوونی رژێمی کۆمۆنیستی لە یەکێتی سۆڤێتدا چەندین نەتەوە بە ویستی خۆیان بوو بێت یان بە زۆر لە ژێر سایەی ئەو دەوڵەتەدا کۆکرانەوەو شێوازە دەسەڵاتێکی ناوچەیی درا بەو نەتەوە جۆراوجۆرانە بە ناوی دەسەڵاتی ئۆتۆنۆمیەوە. هەرچەندە هەموویان یەك یاسای ئیداری و فەرمانڕەوایی

بەڕێوەی دەبردن کە یاساو ڕێسای بەڕێوەبردنی سۆڤێتی بوو. بە واتایەکی تر چەمکی ئۆتۆنۆمی داهێنراوی سیستێمی سۆڤێتی بوو بۆ فەرمانڕەواییەکی بەربلاّو بەسەر چەندین نەتەوەو ئیتنیکی جۆراوجۆردا و لە ژێر سایەی ناوەندێتی یەك ڕژێمی سیاسیدا کە ڕژێمی سۆڤێتی بوو کە دواتر وەکو ڕژێمێکی داخراوی تۆتالیتار ناودەبرێت. چەمکی ئۆتۆنۆمی بە شێوەیەکی ئاشکرا لە سەروبەندی جەنگی دووەمی جیهانیدا لەگەڵ نزیك بوونەوەی سووپای سوور لە سنوورەکانی کوردستانەوە گەیشتە کوردستان. کۆماری ئازربایجان و کۆماری کوردستان لە مهاباد دوو نموونەی ئاشکرا بوون کە بە پاڵشتی سۆڤێت و تەنانەت بە بەرنامەو بە چەمك و زاراوەی ئەوانیش درووستکران. بارزانی کە خۆی دامەزرێنەری پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق بوو، هەر لەسەروبەندی حکومڕانێتی کۆماری مهاباددا ئەم پارتەی درووستکرد و بەرنامەی پارتەکەش لە بری کوردستانی گەورە پەیوەست و تایبەت بوو بە کوردستانی عێراقەوەو لەبری سەربەخۆیی و دەوڵەتیش بەرنامەی تۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراقی هەبوو. هەروەك لە مێژووی کوردیشدا سەرچاوەی تری مێژوویی هەیە بۆ بوونی جۆرێك لە داوای ئۆتۆنۆمی ئەگەرچی بۆ ئەوکاتە ئەو ناوەشی لێنەنرابێت. شێخ عەبدولسەلامی دووەم لە ساڵی 1909دا داواکاری دەسەلاّتێکی لەوجۆرە بۆ رووبەرێکی دیاریکراوی کوردستان دەداتە تورکەکان. دیارە بۆ سەردەمی شێخ عەبدولسەلام داوایەکی لەوجۆرە بایەخی تایبەتی خۆیی هەیە لە مێژوویەکدا، نەك هەر ناسیونالیزمی کوردی هیچ سیمایەکی دەرنەکەوتووە، بەڵکو تاکی ناسیونالیستیش زۆر دەگمەن و کەم بووە. بەلاّم ئەم چەمکە واتە چەمکی ئۆتۆنۆمی لەبری چەمکی دەوڵەت لە قۆناغەکانی دواتردا بەڵگەی ئەوەیە کە نەك هەر ناسیونالیزمی کوردی لە ئاستی نەبوودا بووە بەڵکو ئەوەش

ئاشکرا دەکات کە شتێکی ئەوتۆش نەبووە کە وەکو هوشیاریەکی نەتەوەیی خاوەن شووناسی کوردی ناوبرێت، ئەگینا چۆن لەبری سەربەخۆیی و درووستکردنی دەوڵەتی کوردی، ئۆتۆنۆمی بۆ هەر بەشێك لە کوردستان دەبوو بە داوای سەرەکی و بەرنامەی ئەوپەڕینی حیزب و راپەڕینی کوردی.

وەك دەبینین مەسەلەی ئۆتۆنۆمی زیاتر لە رێگای کەوتنە ژێر کاریگەری کەلتووری سۆڤێتیەوە بووەتە بەرنامەی بزووتنەوەی کوردی. بە گشتی حیزب و رێکخراوەکانی کوردستان و هەندێ لە نوخبەی رۆشنبیری سیاسیش بیانوو پاساو بۆ ئەوە دەهێننەوە کە بارو سرووشتی جیۆپۆلەتێکی کوردستان نالەبارو نەگونجاوە بۆ بەرزکردنەوەی داواکاری سەربەخۆیی و درووستکردنی دەوڵەت. ئێمە دەزانین لە بنەڕەتدا بەرزکردنەوەی داوایەکی لەو جۆرە پەیوەندی بە ئاستی پەرەسەندنی ناسیونالیزمی کوردییەوە هەیەو هەتا ناسیونالیزم نەبێتە ئایدیۆلۆجیای بزووتنەوەیەکی جەماوەریی ئەوتۆ کە هەموو کۆمەڵگەی کوردی بکاتە یەکەیەکی پتەوو بەهێزو هەموو دامەزراوە ناوچەییەکانی وەکو خێڵ عەشیرەت و حیزبی ناوچەیی هەڵنەوەشێنێتەوە، ئەگەری پرۆژەی دەوڵەت ئەگەرێکی لاواز دەبێت. دیارە شووناسی ناسیونالیزم و گوتاری ناسیونالیزمیش لەسەر بنەمای ئاستی کارکردن بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی دەوڵەت دیاری دەکرێت. کەچی لێرەدا وەکو لە قسەکانی سەرەوەی مەسعود بارزانیدا دەبینرێت هێزی سەرەکی راپەڕینی ئەیلول هێزی خێڵ و عەشیرەتەکان بووەو ئەو عەشیرەتانەش سەرباری ئەوەی کە لە ناویەکدا ناکۆك بوون، دیسان هەریەکەیان لە پێناوی ئامانجێکی تایبەتی خۆیاندا بەشداری ئەو راپەڕینەیان کردووە. بەشێکیان دژی دەسەلاتی قاسم بوون لەسەر چۆنێتی جێبەجێکردنی یاسای چاك کردنی زەوی و زارو کشتوکاڵ، بەشێکی تریان بە هۆی نارەزاییانەوە لە یاسای

باجی زەوی و زار توتنانەو، بەگشتیش وابان چاوەڕوان کردووە کە لە ماوەیەکی زۆر کورتدا قاسم داواکانیان جێبەجێ بکات.

ئێستا ئێمە لە نێوان دوو بۆچووندا راوەستاوین. یەکەمیان ئەوەیە کە پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئومێدی بە دەستهێنانی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی دەوڵەتی یەکگرتووی عێراقدا خەبات دەست پێدەکات. دووەمیان بەشی هەرە سەرەکی هێزی ئەم راپەڕینە بریتیە لە هێزی خێڵ و عەشیرەتەکان کە ئەوانیش لە پێناوی هەندێ داواکاری خۆیاندا دەستیان داوەتە چەك، یان بەشێوەیەکی تر لە رقی هەندێ لە بڕیارەکانی قاسم چەکیان هەلگرتووە، ئەویش بە فەرمانی ئاغاو بەگ و شێخەکانیان چونکە بڕیارەکانی قاسم سەبارەت بە یاسای چاك کردنی زەوی و زارو کشتوکاڵ بە زیانی ئاغاو بەگ و شێخی خاوەن موڵك و بە قازانجی جوتیاری هەژاری بێ موڵك و زەوی زار بوو، کەچی شێخ و ئاغاو بەگەکان لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیاندا کە هاوکات زیانی جوتیاری هەژارو نەدار بوو کەچی جوتیارو مسکێنی ژێر سایەی دەسەلآت و نفووزی خۆیان کۆدەکەنەوەو دەیانکەن بە هێزی راپەڕین و ئەو هێزەش دەبێتە هێزی سەرەکی راپەڕینی ئەیلول. بۆیە جێگای خۆیەتی لێرەوەو لە روانگەی بەرژەوەندی، یان زیانی هەریەکە لەو دوو لایەنەوە سەیر بکەین، واتە جوتیارو مسکێنی هەژارو بێ زەوی و زاری کورد، لە بەرامبەر ئاغاو بەگ و شێخی سەرخێڵ و سەرۆك عەشیرەت کە چۆن لە پێناوی بەرژەوەندی تەسکی خۆیاندا کەوتنە پاڵ راپەڕینو جەماوەری ژێر سایەی دەسەلآتی خۆیشیان راپێچی ئەو دەستپێکە کرد واتە خودی جەماوەری جوتیارو بێ زەویو زاری کوردستانیان بەکارهێنا بۆ ئەوەی زەویو زارەکانیان بەسەر ئەو جەماوەرە بێ موڵكو زەویو زارەدا دابەش نەکرێت. جێگای خۆیەتی وەکو فۆرمو ئاستی هوشیاری

کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی ئەو کاتە، سەرنجی بارودۆخی باشووری کوردستان بدەین ئەوسا بۆمان دەردەکەوێت کە زەمینە سازیو ئامادەباشی لە ئاستی هوشیاری کۆمەڵایەتیدا بۆ شۆڕش لە چ ئاستێکدا بووە. بێگومان هەر بە وردی سەیرکردنی ئەو قسەیەی مەسعود بارزانی رووناکی تەواو دەخاتە سەر شێوازی دەست پێکردنی راپەڕینی ئەیلول و ئەو هێزەی کە هەیبوو، هەروەها ئەو ئامادەباشیەی کە مەکتەبی سیاسی لە رێگای مام جەلالەوە بە بارزانی راگەیاندبوو. لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات: ئایا راپەڕینی ئەیلول کاردانەوە بوو بەرامبەر بەسیاسەتە لارو چەوتەکانی قاسم بەرامبەر بە کورد کە هەمان سیاسەتی هەر سەرۆکێکی تری دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان بوو، یان بەرهەمی پرۆژەیەکی نەتەوەیی بوو کە مەبەست لەمەش ئەوەیە ئایا راپەڕینی ئەیلول لە ئەنجامی دەرکەوتن و پەرەسەندنی ناسیونالیزمی کوردی و بوونی بە پرۆژەیەکی جەماوەری سەری هەڵدا کە هەڵگری بەرنامەی سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەتی کوردی بێت؟

لە پێش دەستپێکردنی راپەڕینی ئەیلولدا قاسم بەتەواوی پشتی لە کورد کردبوو. ماوەیەکی ئەوەندە بەسەر مۆڵەت پێدانی پارتی و رۆژنامەی خەباتدا تێنەپەڕیبوو کە حکومەتی قاسم رۆژنامەکەی داخستن و لێرەو لەوێش کەوتە راونانی سیاسیە کوردەکان و گرتن و دوورخستنەوەیان، کە ئەوەش ئاماژەی ئاشکرا بوو بۆ ئەوەی کە جیاوازی رژێمی پاشایەتی و رژێمەکەی قاسم ئەوەندە زۆر نەبوو. لە رووی راستیشەوە لە روانگەی مەسەلەی نەتەوایەتی کوردیەوە چاوەڕانی ئەوە ناکرێت کە جیاوازی هێندە گەورە درووست ببێت لە نێوان سیاسەتەکانی رژێمە داگیرکەرەکانی کوردستاندا. رەنگە ئەوەی کە وەکو جیاوازی لەبەرچاوی ئاسایی خەڵکدا ببینرێت، ئەوە بێت کە لە شێوازی سیاسەتکردن و

مومارەسەی ساسیدا هەیە بەلاّم گەوهەرو ماهیەت و روانینی کۆی داگیرکەران بۆ کوردستان هاوشێوەیە. بەهەرحالْ ئەوەی گرنگە کورد خۆی تا چ ئاستێك لەم مەسەلەیە تێدەگات و چۆنیش رەفتاری لەگەلْ دەکات؟

دوای ئەوەی کە قاسم بە ئاشکرا کەوتە دژایەتی کردنی کوردو پارتی، وەفدێکی کوردی هەولْ ی بینینی قاسمیان دا بەلّام ئەو ئامادە نەبوو بیانبینێت. دواتر ئەم وەفدە یاداشتێکی سەبارەت بە ئۆتۆنۆمی کوردستان بۆ قاسم نارد کە نە ئەو کاتەو نە دواتریش قاسم تاکو کوژراش وەلاّمی ئەو یاداشتەی نەدایەوە. بێگومان وەلاّم نەدانەوەی قاسم پەیوەست بە باسەکەی ئێمە هیچ بایەخێکی ئەوتۆی نییە، بەلّکو ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە ناوەرۆکی ئەو یاداشتنامەیە کە بریتیە لەو داوایانەی لەو کاتەدا کورد بەرزی کردونەتەوە بۆ قاسم. چونکە سرووشتی داواکارییەکان تا ئەندازەیەکی باش رووناکی دەخاتە سەر گوتاری بزووتنەوەی کورد لەو کاتەدا کە درووستتر وایە بلّێن گوتاری پارتی لە دەستپێکی راپەڕینی ئەیلولدا، یان گوتاری راپەڕینی ئەیلول. ئەو یاداشتە چەند خالّێکی لەخۆی گرتبوو کە سەرەکیترینیاین بریتین لە" زمانی کوردی لە پالْ زمانی عەرەبیدا دەبێت بە زمانی رەسمی لە ناوچەکانی ئۆتۆنۆمیدا. پۆلیس و سوپا لە ناوچەکانی ئۆتۆنۆمیدا دەبێ کورد بن. ئەنجوومەنی جێبەجێکردنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی خۆی بەرپرسیار دەبێت لە هەموو کاروبارێکی پەروەردەو فێرکردن و رۆژنامەوانی و راگەیاندن و تەندرووستی و کارگێڕی ناوچەیی(15). ئێستا با بزانین ئەم داواکارییانە پەیوەست بە گەلێکی بێ ماف و دابەشکراو چی دەگەیەنێت؟ ئایا ئەم داواکارییانە لە کوێی داواکاریو پرۆژەی ناسیونالیزمدان؟

بێگومان ئەگەر سەرنجی خالّی یەکەم بدەین کە بەکارهێنانی زمانی کوردییە لە پالْ زمانی عەرەبیدا لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا، ئەوە لە راستیدا خالّێکی سادەیەو

مافێکی داگیرکراوە لە لایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە، ئەگینا بـە سروشـتی مـافی هەموو کەسێکە کە بە زمانی دایك بخوێنێت و بدوێت و کاروبارەکـانی جێبـەجێ بکات. کاتێ کورد ئەو مافە سرووشتیەی خۆی وەکو داوا بەرزدەکاتـەوە، ئـەوەمان بۆ دەردەکـەوێت کـە مـافێکی گـرنگ و یەکـەمی هەیـە ونکـراوەو لـە کـورد داگیر کراوە. ئەگەر کورد وەکو نوتەوە تەنیا ئەو مافە بەدەست بهێنێت ئەوا چیتر ئەم داواکارییــە ســادەو ســەرەتاییانە بایــەخێکی ئــەوتۆیان نامێنێــت و خۆیــان ئۆتۆماتیکی بەدی دێن کە ئەو مافەش بریتیە لە سـەربەخۆیی و درووسـتکردنی دەوڵەت. هەتا کورد نـەبێت بە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی، یان بەلایـەنی کەمـەوە ئیدارەیـەکی سـەربەخۆ، ناتوانێـت ئـەو مافانـە بەدەسـت بهێنێـت. بـۆ نموونـە ئێسـتا لـە باشـووری کوردسـتان، کـورد نیمچـە سـەربەخۆییەکی هەیـەو کێشـەی بـەکارهێنانی زمـانی لـە بەرامبـەر ئـەوی عـەرەبی عێراقیـدا نییـە بـەو ئەنـدازەی کـە کێشـەی نـەبوونی زمـانێکی یـەکگرتووی هەیـە. بێگومـان ئـەو کێشەیەش چارەسەر نابێت هەتا دەوڵـەتی کـوردی درووسـت نـەبێت چـونکە ئـەو دەمـەی کـە دەوڵـەتی کـوردی درووسـت دەبێـت، ئـەو دەوڵەتـە چ شـێوەزارێکی لـە کاروباری رەسمیدا بەکار هێنا ئەو شێوەزارە دەبێتە زمانی رەسمی ئـەو دەوڵەتـە. راستە لەو یاداشتەی کە کورد لە پێش راپەڕینی ئەیلولدا بەرزی کردۆتەوە باسـی بە رەسمی ناساندنی زمانی کوردی لە لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا کراوە.

بەڵام ئایا ئەو زمانەی کە داوای بە رەسمی ناساندنی کراوە کام شێوەزارەو لەسەر چ بنەمایەك بڕیاری بـەرەسمی کردنـی فلانـە شـێوەزار دەکرێـت؟ بێگومـان لـەوە ناچێت کـورد لـەو کاتـەدا بـیری لـەوە کردبێتـەوە کـە چ شـێوەزارێك بکرێـت بـە زمـانی رەسمـی لـەو ئۆتۆنۆمیـەدا کـە داوای دەکـرد. بەهـەرحاڵ کـورد وەکـو پێکهاتەیـەکی ئیتنیکـی گـەورە یـەکێك لـە کێشـە سـەرەکیەکانی کێشـەی زمـانی

یەکگرتووە یان زمانی گشتیە کە نە پەرەسەندنی ناسیونالیزم نە پەیامێکی ئایینی کە بەو زمانە هاتبێت نە پەرەسەندنی ئابووری و درووستبوونی ئابووری بازاڕ و بازاڕی هاوبەشی ناوخۆ، نە هەلی درووستبوونی دەوڵەتێکی نەتەوەیی لە دوای هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆری عوسمانی ئەو هەلەی بۆ رەخساند کە بەجۆرێکی نائاسایی ئەو دامەزراوە درووست بکات کە سەرئەنجام دەشیا لە چوارچێوەی ئەو دامەزراوەدا ناسیونالیزم و نەتەوەو دەوڵەتی نەتەوەش پێکبهاتایەو چیتر کێشەی کورد ئەوە نەبوایە کە لە جیاتی کارکردن بۆ بنیادنانی شارستانی و پەرەدان بەو دامەزراوە دەوڵەتیەی کە بۆی درووست دەبوو، خەباتی بکردایە لە پێناوی مافە کەلتوورییەکان و بە رەسمی ناساندنی زمانەکەی لەسەر جوگرافیای خۆی. هەرچۆن لە سەردەمی شێخ عەبولسەلامی دووەمەوە ئەوە بۆتە داواکاری سەرەکی کورد و لە دوای جەنگی جیهانی دووەمیشەوە مەسەلەی ئۆتۆنۆمی بەتەواوی لە بەرنامەی بزووتنەوەی کوردی و حیزبی کوردیدا جێگای گرتووە. هەرچەندە ئەوە ئاشکرایە کە کێشەی پێکهاتەیەکی وەکو کورد لە دەرەوەی دەوڵەت هیچ چارەسەرێکی ریشەی بۆ ناکرێت. رەنگە دەنگی لەو جۆرەش ببیسترێت کە بڵێت سەردەمی درووستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی بەسەر چووە، بەلاَم من پێموایە فالح عەبولجەبار باشی بۆ چووە کە دەڵێت: وادەردەکەوێت کە نەشونوماکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی پرۆسەیەکی بەردەوام بێت کە لە مێژووی نوێدا گەیشتۆتە ئەنجام و بەشێوەی شەپۆلی بە دوای یەکدا هاتوو هەر نەوەیەك لاسایی پێشینەکانی خۆیان دەکەنەوە(16). بەهەرحاڵ بە گوێرەی کورد کە وەکو نەتەوەیەك کە هێشتا نەبۆتە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی ،ئەو قسەیە هیچ مانایەکی نییە لە کاتێکدا کە هێشتا ئەم نەتەوەیە نەبووەتە خاوەنی شوناسی نەتەوەیی خۆی و

بێگومـان بـەبێ بـوونی دەوڵـەتیش ناشـێ ببێتـە خـاوەنی شووناسـێکی مانـادار. هوڵبەت ئەگەر توانی بگاتە ئاستی بەدەستهێنانی شووناسی تایبـەتی خـۆی، ئـەوە بێگومـان ئەوسـا گـرفتی زمـان و ئیـداری و چـۆنێتی پەیوەندییـەکانی لەگـەڵ نەتەوەی سەردەست و زمانەکەی و ئیدارەکەیدا نابێت.

دیـارە ئـەوە ئاشـکرایە کـە بەرنامـەی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان لـەو خاڵـە سـەرەکیەدا چـڕ کراوەتـەوە کـە دەڵێـت دیـوکراتی بـۆ عێـراق و ئۆتۆنـۆمی بـۆ کوردستان. ئەم بەرنامەیەش ئەگەر بتوانین بگەڕینەوە بۆ سەروەختی دەسەڵاتی عوسمانیـەکان و سـەفەویەکان و تەنانـەت سـەرەتای دەسـەڵاتی قاجەرییـەکان کـە دوو ئیمپرتۆرێتی ئایینی فرە ئیتنیکی بوون و بـە گوێرەی کوردیش لـە سایەی ئەو دوو دەسەڵاتەی تورك و فارسدا توانیـوێتی چـەند دەسـەڵاتێکی ناوچـەیی لـە شێوەی میرنشیندا دابمەزرێنێت کە وەکو پێشتریش گوتوومانە: میرنشین بریتیـە لە ئاستێکی تا ئەندازەیەك پەرەسـەندووتری دەسـەڵاتی خێـڵ(17).بێگومـان بـە هیچ شێوەیەك ڕەهەندەکانی دەسەڵاتی ئۆتۆنۆمی فراوانتر نین لـە ڕەهەنـدەکانی دەسەڵاتی میرنشین. کەواتە دەتوانین بڵێین دوای تێپـەڕبوونی سـەدەیەکی تـەواو بەسەر روخاندنی دەسەڵاتی دوا میرنشینی کوردیدا کەچی حیزبی کوردی لە ژێر ناوێکی تردا لـەبری نـاوی میرنشـین، نـاوی جـۆرێکی تـر لـە دەسـەڵاتی سـنووردار وەکو داوای خۆی بەرز دەکاتـەوە کـە ئـەویش ئۆتۆنۆمیـە. واتـە کـورد لـە نیـوەی دووەمی سەدەی بیستدا داوای درووستکردنی دەسەڵاتێك دەکات کە ڕەهەندەکانی فراوانتر نییە لە ڕەهەندەکانی دەسەڵاتی میرنشین. ئەمەش دەبێتـە هـۆی ئـەوەی بپرسین ئایا دەشێ داواکانی حیزب لـە نیـوەی دوەمـی سـەدەی بیسـتەمدا هـەمان ئەو داوایانە بێت کە میرنشینی کوردی لە مێژووی زۆر زووتردا نـەك هـەر داوای کـردووە، بـەڵکو بـە کـردەوەش لەسـەر زەمینـەی واقیـع جێبـەجێی کـردووە.

هەمووشمان ئەو راستیە دەزانین کە مێژووی سەردەمی میرنشینەکانی کورد مێژوویەك نییە کە تێیدا ناسیونالیزم ئامادەبوونی هەبوو بێت. کەواتە ئایا لەم روانگەیەوە شوێنی حیزبی کوردی بە گشتی و پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق لە رووی پراکتیك و بەرنامەوە دەکەوێتە کوێی پرۆژەی ناسیونالیزمەوە؟

بەهەرحاڵ لە کۆی ئەم قسانە مەبەستمان ئەوە نییە کە داوای شتێك لە حیزبی کوردی بکەین لە قۆناغێکدا کە ئاستی پەرەسەندنی کۆمەڵگەی کوردی لە رووی ئابووری و کۆمەلآیەتی و کەلتوورییەوە لە ئاستی ئەو داوایانەدا نەبێت. بەڵکو بە پێچەوانەوە زیاد لە هەموو شتێك مەبەستمانە بڵێین پێویستە ئێمە کۆمەڵگەی کوردی لەهەر کات و قۆناغێکی دیاری کراودا وەکو ئەوە بخوێنینەوە کە هەبووەو هەیە، نەك وەکو ئەوەی کە ئێمە ئێستا چۆنمان پێخۆشە بەو ئاراستەیە لێکدانەوەی بکەین. وەکو پێشتر چەند جارێك ئاماژەمان بۆ کردووە کۆمەڵگەی کوردی لە سەروەختی دروستبوونی پارتی دیموکراتی کوردستان و تەنانەت لە سەروەختی سەرهەڵدانی راپەڕینی ئەیلولی 1961یشدا لە بارێکی دواکەوتووی خێلآیەتیدا بووەو کەلتوورو عەقڵی باوو باڵادەست، کەلتوورو عەقڵی خێلآیەتی بووە. حیزبیش لەو واقیعە خێلآیەتیەو لەسەر ئەو بنیادە کۆمەلآیەتیە دامەزراوە. هەر بۆیە حیزبی کوردی بە هەموو خاسێت و سیفاتەکانی ئەو قۆناغە بارگاوی کراوە. کە ئەویش زیاتر خاسێت و بنەماکانی کۆمەڵگەی خێڵە، لە کاتێکدا کە ئێمە دڵنیا بین لەوەی کە حیزب لە کۆمەڵگەی کوردیدا نەك تەنیا بۆ سالآنی پەنجاو شەستەکانی سەدەی رابردوو، بەڵکو تاکو ئێستاش هەڵگری خاسێتەکانی خێڵە. کەواتە دەبێ ئەوەشمان بەلاوە ئاسایی بێت کە ئەم پێکهاتەیە داواکارییەکانیشی هەر لە چوارچێوەی داواکارییەکانی خێڵدا دەبێت و سەرباری هەوڵدانی بۆ رەونەقدارکردنی رووی خۆی دیسان لە رووی

پێکهـاتن و بنیـادەوە هـەر لەهـەمان بونیـادو پێکهاتـەی کۆمەڵگـە پێکهـاتووەو هــەڵگری هــەمان بەرنامــەو ســتراتیژی کارکردنــە. دیــارە ئەگــەر مەســەلەی خێڵایەتیش لە باری سرووشتی خۆیدا بێت و بە سرووشتی گەشە بکات ئـەوا بـۆ کۆمەڵگـەکانی وەکـو کۆمەڵگـەی کـوردەواری دەبێتـە بەرهـەمهێنی کۆمـەڵێ شـتی گرنـگ و پڕ بایـەخ. هـەروەك محەمـەد عابـد جـابری لـە بـارەی پەیوەندییـەکانی خــوێن و دەمــارەوە کــە بەرهــەمهێن و درووســتکەری خێڵایــەتین دەڵێــت: پەیوەسـتبوونێکی کۆمەڵایـەتی سـایکۆلۆجیە کـە ئـەو پێکـەوە بەسـتنە پێکـەوە شتێکی هەسـتی و نەسـتیە، ئەنـدامانی کۆمـەڵێك پێکـەوە دەبەسـتێت کـە لەسـەر بنــەمای خزمایــەتی راوەســتاوە، کــە پەیوســتبوونێکی بەردەوامــەو لــە کــاتی دەرکەوتنی هەر مەترسیەکدا کە هەڕەشە لە تاکـەکانی ئـەو پێکهاتـە بکـات وەکـو تاکـە کـەس یـان وەکـو دەسـتە زیـاتر دەردەکـەوێت و بـەهێزدەبێت(18). رەنگـە سـەیرکردنی ئـەم گوتەیـەی جـابری کـە ئـەو بـۆ قسـەکردن لـە سـەرکۆمەڵگەی عەرەبی هێناویەتیەوە کە بەلای ئەوەوە کۆمەڵگەیەکی خێڵایەتیـە، بـۆ ئاخـاوتن لەسـەر کۆمەڵگـەی کـوردیش گونـاجـاو و لـەبار بێـت. ئەمـە لـە رووی بنیـادی کۆمەڵگەوە، لە روویەکی تریشەوە دەشێ هەرچۆن جـابری پێـی وایـە کـە یـەکێك لە هۆکارەکانی پاراستنی خێڵی عەرەبی ئەو جۆرە یەکگرتەنەیە کە لە ترسـی لـە ناوچوون لە بەردەم مەترسیەکاندا درووست دەبێت، هەمان هۆکار لە کۆمەڵگەی کوردیشـدا کـار بکـات مـادەم بنیـادی کۆمەڵگـەی کـوردیش بنیـادێکی خێڵایـەتی داخــراوە بــە تایبــەتی بــۆ پــەنجا ســاڵ پــێش ئێســتا کــە شۆڕشــی ئــەیلول دەســتی پێکردووە. ئەوەتا دەبنین بـە ئاشـکرا ئـیبن خەلـدون و دوای ئـەویش جـابری لـە بـارەی گرنگـی ئـەم پێکهاتـە خێڵایەتیـەوە دەدوێـین و پێیـان وایـە لـە کۆمەڵگـە

**خێڵایەتیەکاندا دامەزراوەی خێڵ گرنگترین و سەرەکیترین رەگەزی پێکهێنانی کۆمەڵگەیەو بە هەموو شێوەیەکیش بەرگری لە پاراستنی خۆی دەکات.**

**بەپێی ئەم پێوانەیەی سەرەوە لە کۆمەڵگەی کوردیشدا خێڵ و عەشیرەت وەکو دوو دامەزراوەی سەرەکی پێکهێنەری کۆمەڵگە نەك هەر توانیوویانە بۆ ماوەیەکی دوورو درێژی مێژوویی خۆیان بپارێزن، بەڵکو عەقڵ و ستراتیژی ئەم پێکهاتەیە بە جۆرێك لە رابردووەوە کۆنترۆڵی کۆمەڵگەی کردووە کە تەنانەت لە مێژووی نوێشدا ئامادەبوونی خۆیی نەك هەر لە یادەوەری خەڵکدا پاراستووە، بەڵکو ئامادەبوونی  راستەقینەشی لەسەر زەمینی واقیع پارێزراوە، بەجۆرێك کە دامەزراوە نوێیەکانی حیزب و حکومەت و پەرلەمانیش نەك هەر بارگاوی کراون بەو عەقڵ و ستراتیژە بەڵکو ئەو عەقڵ و ستراتیژە لە بەرنامەو پەیڕەو و ستراتیژی ئەم دامەزراوە نوێیانەشدا چالاکانە کاردەکات. هەر لەم روانگەیەوەو لەسەر ئەو شێوازە کارکردنەی کە پارتی دیموکراتی کوردستان کاری کردووەو لەسەر بنەمای ئەو شێوازەی کە راپەڕینی ئەیلول دەستی پێکرد، دەتوانین بڵێین کە خودی ئەم حیزبە بە سرووشتی ئەڵتەرناتیفی ئەو پێکهاتە خێڵایەتیەی کۆمەڵگەی کوردی بووە لە کاتی سەرهەڵدانی راپەڕینەکەدا. هەر بەو پێیەش راپەڕینەکە سەرباری بوونی کۆمەڵێك داواکاری نەتەوەیی لە نێوان بزووتنەوەیەکی ناسیونالیستی و راپەڕینێکی خێڵایەتی بارگاوی کراو بە کۆمەڵێ خواست و داواکاری نەتەوەیی، زیاتر بەلای راپەڕینە خێڵایەتیە بارگاوی کراوەکەدا بە کۆمەڵێ داواکاری و ویستی نەتەوەیدا دەشکێتەوە. بێگومان ئەگەر کەسێك پێی وابێت ئەوە کەمووکورتی و ناتەوەوییە بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان، یان هەر حیزب و رێکخراوێکی تر لە هەر قۆناغێکی تری مێژوویدا، ئەوە لێکدانەوەیەکی راست و درووست نییە چونکە ئەم حیزبەو راپەڕینەکەشی**

بەرهـەمی واقیعـی کۆمەڵایـەتی و ئاسـتی پەرەسـەندنی کۆمەڵایـەتی کۆمەڵگـەی کوردین لەو قۆناغە مێژووییەدا.

ئێمە هەموومان ئەو راسـتیە دەزانـین کـە ئەگـەر سیاسـەتی نالـەبارو نـەگونجاوی عەبدولکەریم قاسم نەبوایەو نارەزاییبوونی ئاغاو بەگ و شـێخە خـاوەن زەوی و زارەکـانی کوردسـتان نەبوایـە لـە پـێش راپـەڕینی ئەیلولـدا، رەنگـە بـە ئاسـانی راپەڕین دەستی پێنەکردایە. لەو بارەیەوە دکتۆر شێرکۆ فـەتحولاّ دەڵێـت: پـارتی دیموکراتی کوردستان بە هۆی کردەوەی توندو تیـژەوە کـە بـە دژی دەکـرا ناچـار بوو ئەو شێوازانەی کە پێشتر لەبەری گرتبوون بگۆڕێـت بـۆ ئـەوەی قاسـم ناچـار بکـات کـە دەسـتبەرداری ئـەو سیاسـەتە شـۆڤێنیەی بێـت(19). ئەمـە لایـەنێکی هۆکـاری سـەرهەڵدانی راپـەڕینی ئەیلولـە کـە لـە پشـتی ئـەم قسـەیەوە کـە تاکـە قسـەش نییـە لـەبارەی سیاسـەتە خراپـەکانی قاسمـەوە بەرامبـەر بـە کـوردو بـە پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێـت کـە کـوردو پـارتیش لـەو سـەروبەندەدا ناچـار کـراوە کـە رێگـای راپـەڕین لـە بـەربگرێت بـە مەبەسـتی خۆپاراستن. کەواتە لێرەوە دیسان ئەوەمان بۆ دەردەکەوێتەوە کە چۆن زۆرینەی راپەڕینەکانی کورد کاردانەوە بوون بەرامبەر بە سیاسەتی خـراپ و نامرۆڤانـەی داگیرکەرەکانی کوردستان، بەهـەمان شـێوە راپـەڕینی ئـەیلولیش کاردانـەوە بـووە بەرامبـەر بـەو سیاسـەتە خراپانـەی قاسـم. هـەروەك ئەگـەر یاسـای چـاککردنی بـاری زەوی و زارو کشـتوکاڵیش بـە یـەکێك لـەو چاکسازیانە دابنرێـت کـە قاسـم بڕیاری لەسەر دابوو ئەوا نەیارێتی خاوەن موڵکەکانی کورد بۆ ئەو چاکسازیە کە زۆرینەی خەڵکی عێراق بە کوردستانیشەوە لێـی سـوودمەند دەبـوون، هۆکـارێکی تر بوو کـە کەمینـەی ئاغـاو بـەگ و شـێخ توانیـان لـە پێنـاوی ئامـانجی خۆیانـدا پارتی وا لێبکەن کە زووتر ئەو راپەڕینە بەرچا بکات بـەبێ ئـەوەی کـە نـەباری

سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان بۆ راپەڕین لە بارو ئامادە بێت، نە باری ناوخۆی پارتی بۆ کارێکی لەوجۆرە گونجاو بێت هەرچەندە مەکتەبی سیاسی پارتی لە کۆبوونەوەی خۆیدا لە پێش دەستپێکردنی راپەڕینەکەدا بە بارزانی راگەیاندبوو کە هەموو ئامادەباشیەکی کردووە بۆ راپەڕین. بەلاّم لە راستیدا ئەگەر لە روانگەی بزووتنەوەیەکی جەماوەرییەوە کە لەو ئاستەدا بێت وەکو بزووتنەوەیەکی ناسیونالیزمی کە پرۆژەو بەرنامەی ناسیونالیزمێکی پێگەیشتوو بەرهەمهێنی بێت سەیری راپەڕینی ئەیلول بکەین ئەوە دەکەوینە هەڵەیەکی گەورەوە چونکە ناسیونالیزمی کوردی لەو کاتەدا نە وەکو بزووتنەوەی جەماوەری و نەوەکو بیرو ئایدیۆلۆجیایەکی کۆمەڵایەتی خاوەن شووناس بوونی نەبووە. لە کاتێکدا کە دەزانین ناسیونالیزم بەرهەمی مۆدێرنێتەیە، بۆ ئەو کاتەی کوردستان قسە کردن لە مۆدێرنێتە یان قسەکردن لە بە مۆدێرنبوونی کوردستان لە رووی بوونی رەگەزەکانی مۆدێرنێتەوە ناسەلمێنرێتو تەنیا قسەی بێ ناوەرۆکن.

وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ هۆکارەکانی سەرهەڵدانی راپەڕینی ئەیلول کرد کە دوو لایەنە بووە، یەکەمیان خراپی سیاسەتی قاسم بەرامبەر بە کوردو پارتی دیموکراتی کوردستان، دووەمیشیان هەوڵدانی ئاغاو بەگ و شێخانی خاوەن زەوی و زاری کورد بۆ پاشەکشە کردن و هەڵوەشاندنەوەی یاسای چاککردنی کشتوکاڵ. لەم بارەیەوە عەبدولاّ ئەحمەد رەسوڵ پشدەری دەڵێت: قاسم لەسەرەتاوە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پەنای بردەبەر دژایەتی کردنی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی بارزانی و ئەویش بە هاندانی سەرۆك عەشیرەتەکانی زێباری و برادۆست و سورچی و هەرکی و رێکانی لە بادینان لە رێگای بەکارهێنان و وروژاندنی ناکۆکی پێشتری ئەو عەشیرەتانەوە لەگەڵ عەشیرەتی

بارزاندا(20).هەروەك لە لایەکی ترەوە رژێمی قاسم کەوتە دژایەتی کردنی ئەو سەرخێڵانەی کە لایەنگری بارزانی بوون کە ئەمەش زیاتر بارودۆخەکەی ئاڵۆز کردو رێگای بۆ سەرخێڵەکان خۆشکرد کە خۆیان ئامادە بکەن رێگری بکەن‌و نەهێڵن یاسای چاککردنی کشتوکاڵ جێبەجێ بکرێت. بۆ ئەو مەبەستەش سوودیان لە ناکۆکی زیاتر پەرەسەندووی نێوان قاسم و پارتی یان قاسم و بارزانی وەرگرت و بارزانی و پارتیشیان ناچاری بەشداریکردنی بەرنامەکەی خۆیان کرد."عەشایەری ناوچەی سۆران لە دەوروبەری رانیەو دەشتی بتوێن لە تەموزی 1961دا چەکدارەکانی خۆیانیان کۆکردەوە بۆ دژایەتی کردنی حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسم، هەروەك لە ماڵی شێخ حسێنی بۆسکین کۆبوونەوەیەکی عەشایەری گەورەی تر رێکخرا کە بریتی بوون لە زۆرینەی خاوەن موڵکەکانی رانیەو پشتدەر، کە بڕیاریاندا خۆپیشاندانێکی چەکدارانە دژی رژێمی عەبدولکەریم قاسم ئەنجام بدەن و رێگای نێوان رانیەو سلێمانی و کۆیسەنجەق ببڕن و رێگا بەهێزەکانی حکومەت نەدەن کە هاتووچۆ بکەن(21). هەروەك ئاشکرایە ئەم بارودۆخە هەڵچووە تەنیا لە سنووری رانیەو قەڵادزێ و بتوێندا نەمایەوە بەڵکو زۆر شوێنی تری کوردستانی گرتەوە بەتایبەتی ناوچەکانی سلێمانی." لەهەمان کاتدا خێڵ و عەشیرەتەکانی سلێمانی و کەرکوکیش کە بریتی بوون لە هەمەوەند و شوان و شێخ بزەینی و سمایل عوزێری و جاف رێگای بازیان و دەربەندیخانیان بڕی، دوای کۆکردنەوەی خاوەن چەکەکانیان، بەمەش هەواڵی راپەڕین لە ناوچەکەدا بڵاو بووەوەو ئەم خێڵانەش وای بۆ دەچوون کە خۆیان تاکە لایەنی باڵادەستن بەسەر کوردستاندا و دەیانگووت لە بارێکدا ئەگەر پارتی دیموکراتی کوردستان و مەکتەبی سیاسی و لیژنەی ناوەندی ئەو حیزبە کە لە دەستی رژێم هەڵاتبوون

ملکەچی ئامانجەکانی ئەمان نەبن ئەوا بەدژی ئەوانیش دەوەستن(22).ئەگەر سەیری ئەم قسانەی سەرەوە بکەین ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە لە چ بارودۆخێکدا راپەڕینی ئەیلول سەری هەڵداوە. چونکە بە ئاشکرا بۆمان دەردەکەوێت چ ناهاوسەنگیەك لە نێوان بنیادی پێکهێنەرانەی کۆمەڵگەی کوردی و ئەو نوخبەیەدا هەبووە کە لە سەرکردایەتی حیزبدا بوون. نوخبەیەکی بە ژمارە کەم و پێکهاتەیەکی خێلاًیەتی خاوەن نفوز کە نەك هەر توانیوویانە کۆنترۆڵی هەموو بارودۆخێك بکەن لە کوردستاندا، بەڵکو توانیوویانە دەوری کاریگەریشیان هەبێت لە گۆڕینی بڕیارەکانی حیزبدا. هەر بۆ نموونە ئەوە لای هەمووان ئاشکرایە کە لە کاتی راستبوونەوەی خێڵ و عەشیرەتەکانی کورددا بە دژی عەبولکەریم قاسم نە بارزانی و تەنانەت نە مام جەلال تاڵەبانیش کە ئەو دەمە ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوو رازی نەبوون بەو کارەی خێڵو عەشیرەتەکانی کورد، بەلاًم نەیانتوانی کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بکەن و نەهێڵن جلەوی کاروبارەکان و بڕیاری دەستکردن بە راپەڕین لە بری حیزب بکەوێتە دەستی سەرۆك خێڵ و ئاغاو بەگو شێخەکان، واتە ئەوانەی کە زیاتر لە پێناوی بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا کە ئەویش بریتی بوو لە شکست پێهێنانی یاسای چاککردنی زەوی و زار، بە دژی دەسەلاًتی قاسم وەستان و پارتیشیان ناچار کرد کە بۆ راگرتنی بارودۆخەکە خۆی بکات بە خاوەنی راپەڕینەکە، بەبێ ئەوەی کە نە ئامادەباشی بۆ ئەو راپەڕینە کرابێت و نە زەمینەی لەباریش لە رووی کۆمەلاًیەتی و ئابووری و سیاسی و رۆشنبیری و رێکخستنی حیزبییەوە بۆ راپەڕین لە بار بێت. هەر سەبارەت بە رۆڵی خێڵ و عەشیرەتەکان مەسعود بارزانی دەڵێت: لە قۆناغەکانی سەرەتای شۆڕشدا بەرژەوەندییە تایبەتیە خێلاًیەتیەکان رۆڵی دیارو بەهێزتریان هەبوو، بە جۆرێك کە بالاً دەستبوون

بەسەر هەستی نەتەوایەتیداو پێش داواکارییە نیشتیمانیەکان دەکەوتن(23). ئەم قسەیەش هیچ گومانێك لە بەرامبەر ئەو بۆچوونەدا ناهێڵێتەوە کە لە سەروبەندی سەرهەڵدانی راپەڕینی ئەیلولدا نەك هەر ناسیونالیزمی کوردی وەکو بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی دەرنەکەوتووە بەڵکو هەست و هوشیاری نەتەوایەتی کوردیش لە ئاستێکی هێندە لاوازدا بووە نەیتوانیووە پرۆسەی یەکگرتن و یەکبوون لە نێو پێکهێنەرەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا درووست بکات. لە کاتێکدا ئەوە ئاشکرایە یەکێك لە خاسێتەسەرەکی و یەکەمەکانی دەرکەوتنی ناسیونالیزم یان تەنانەت هەست و هوشیاری نەتەوایەتی درووستکردنی حاڵەتی یەکگرتنە واتە( Integration ). بەلاّم ئێمە دەیزانین نەك لە سەردەمی سەرهەڵدانی راپەڕینی ئەیلولدا بەڵکو تاکو ئێستاش هەستی ناسیونالیستانەی کوردی نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە ئەو پرۆسەی یەکگرتنەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد درووست بکات.

ئەوە شتێکی ئاشکراو بەڵگە نەویستە ئەوەیە لە سەروەختی دەستپێکردنی راپەڕینی ئەیلولدا نفوزو دەسەلاّتی خێڵ لە کوردستاندا بەشێوەیەك بەهێزو بالاّدەست بووە کە لە پێش دەسەلاّت و نفوزی هەر دامەزراوەو پێکهاتەیەکی ترەوە بووە. کاتێ لە دوای شۆڕشی چواردەی تەموزی 1958 کە قاسم بڕیاری چاککردنی یاسای کشتوکاڵ و زەوی و زاریدا، بێچەندو چوون جێبەجێکردنی ئەو یاسایە بە زیانی خاوەن زەوییەکان و بە قازانجی زۆرینەی جوتیاری هەژار بوو، بەلاّم ئاغاو شێخ و سەرۆك خێڵەکان توانیان هەر بە بەکارهێنانی جوتیارانی هەژاری ژێردەستی خۆیان دژی ئەو یاسایە بووەستن. ئیدمۆن غەریب دەڵێت: دەرەبەگە گوردەکان بە توندی دژی هەولّی جێبەجێکردنی هەندێ بەندی یاسای چاککردنی کشتوکاڵ بوون کە لە سەروەختی شۆڕشی چواردەی

**تەموزی 1958 دا دانرابوو بۆ ناوچەی کوردی(24). کەواتە ئێستا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات: ئایا لە راستیدا پارتی دیموکرات خۆی بۆ راپەڕین ئامادە کردبوو؟ ئەگەر خۆی ئامادە کردبوو بەرنامەی راپەڕین و داواکارییەکانی ئەو راپەڕینە کامانەن یان چیبوون؟ ئایا پارتی توانای ئەوەی هەبوو هێزی خێڵ و عەشیرەتەکان بە ویستی خۆی و بۆ راپەڕین بەکار بهێنێت؟ یان سەرخێڵ و ئاغاو بەگ و شێخە خاوەن زەوی و زارەکان توانیان لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیاندا کە شکستهێنان بوو بە یاسای چاککردنی کشتوکاڵ، پارتی بەکاربهێنن و بە دژی دەسەڵاتی قاسم بیجوڵێنن؟ بەهەرحاڵ ئەوەی ئاشکرایەو دەیزانین پێش ئەوەی کە پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرکردایەتیەکەی واتە خودی بارزانی خۆیان بۆ راپەڕین ئامادە کردبێت، خاوەن زەوی و زارەکانی کوردستان توانیان راپەڕین دەست پێبکەن و پارتیش بە ناچاری خۆی کرد بە خاوەنی راپەڕینەکە. ئەم قسەیەمان بۆ رەخنە گرتن نییە لە پارتی دیموکراتی کوردستانو لەو هەڵوێستەی لە سەروبەندی سەرهەڵدانی راپەڕینی ئەیلولدا وەریگرت، بەڵکو بۆ قسەکردنە لەسەر ئەو واقیعە کۆمەڵایەتیەی ئەو کاتەی کە راپەڕینەکە تیایدا سەری هەڵدا.**

**بێگومان ئێمە ئەو راستیە دەزانین کە پارتی دیموکراتی کوردستان لەو کاتەدا خاوەنی بەرنامەی دیاری کراوی خۆی بووەو پەیڕەوو پرۆگرامی دیاری کراوی خۆیی هەبووە کە بریتی بووە لە دیموکرانی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان. بەڵام ئایا لە کاتی دەستپێکردنی راپەڕینی ئەیلولدا پارتیاتی دیموکراتی کوردستان توانیویێتی بەپێ پرۆژەیەکی دیاریکراو بۆ ئەو ئامانجانە کاربکات، واتە خەبات بۆ بە دیموکراتی کردنی عێراق و لە هەمان کاتدا خەبات لە پێناوی ئۆتۆنۆمی کوردستاندا بکات؟ ئایا لە راستیدا پرۆژەی حیزب یان**

بزووتنەوەی نەتەوەیەکی بندەست خەباتە لە پێناوی رزگارکردنی وڵات و نەتەوەکەی خۆیدا یان خەباتە لە پێناوی بە دیموکراتی کردنی ئەو وڵاتەدا کە دەوڵەتی نەتەوەی سەردەست تیایدا فەرمانڕەوایەو مافەکانی ئەمی پێشێل کردووەو وڵاتەکەیی داگیر کردووە؟ بێگومان ئەگەر بە وردی سەرنجی ئەم درووشمە سەرەکیە بدەین کە هاتۆتە ناوبەرنامەی زۆرینەی ئەو حیزب و رێکخراوە کوردیانەوە کە لە سەروبەندی جەنگی جیهانی دووەم بۆ دوواوە لە کوردستاندا درووستبوون، ئەوا دیموکراتی بۆ دەوڵەتی سەردەستەو ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی بندەست نەك هەر درووشم بەڵکە بەرنامەی کار بووە. دیارە ئەوەش زیاتر بە کاریگەری کەلتووری سۆڤێتی و هەژموونی سۆڤێت بووە بەسەر ئەو وڵاتانەدا کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە. بە تایبەتی ئەو وڵاتانەیان کە حیزبی شیوعی لەسەر شێوازی سۆڤێتیان تیادا دامەزراوە. بێگومان سەرباری ئەوەی کە دروشمی سەرەکی پارتی دیموکراتی کوردستان ئۆتۆنۆمی بووە لە عێراقێکی دیموکراسدا، داواکارییەکانی لە راپەڕینی ئەیلولدا بوونی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و بەرەسمی ناساندنی زمانی کوردی بووە لە پاڵ زمانی عەرەبیدا بۆ کارپێکردن لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیداو هەروەها پێداگرتن لەسەر ئەوەی کە پۆلیس و کارمەندان لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا کورد بن. بێگومان ئەمانە کۆمەڵێ داواکاری باشن بەڵام لە روانگەی گوتاری ناسیونالیزمەوە یان لە روانگەی گوتاری نەتەوەیی کوردییەوە ئەو چەند رەگەزە تەنیا بریتین لە چەند رەگەزێکی سادەی ئەو گوتارە. چونکە ئەوە ئاشکرایە کە کاتێ گوتاری نەتەوەیی یان گوتاری ناسیونالیزم دەبێتە گوتارێکی خاوەن شوناس کە هەڵگری پرۆژەی درووستکردنی دەوڵەت بێت ئیتر رووبەری بۆچوون بۆ داواکاری ئۆتۆنۆمی تەواو تەسك دەبێتەوە, بەهەرحاڵ ناتوانین دان بەوەدا بنێین کە پارتی دیموکراتی کوردستان

**لە ڕاپەڕینی ئەیلولدا خاوەنی گوتاری ناسیونالیزمی بووبێت، هەروەك بەو پێیەش ڕاپەڕینی ئەیلول نابێتە ڕاپەڕینێك کە هەڵگری پرۆژەی ناسیونالیزم بووبێت**

## ب| ڕاپەڕینی ئەیلول لە دوای پاشەکشەی هێزی خێڵەکان.

ئەوەی لای هەمووان ئاشکرایە ئەوەیە ئەو هێزە زۆرەی خێڵ و عەشیرەتەکان کە پێشتر کۆبووبوونەوەو سەرکردایەتی پارتیش هەوڵی دەدا ئەو خێڵ و عەشیرەتانەی کە تا ئەو کاتە بەشداری ڕاپەڕینیان نەکردبوو، یان خۆیان ئامادە نەکردبوو ئەوانیش هانبدەن بۆ ئەوەی کە بەشدار بن. بەڵام ئەو هێزە تێکەڵو پێکەڵو ڕێکنەخراوە هەر لەگەڵ یەکەم بۆردومانی فڕۆکەکانی حکومەتی بەغدادا پەرش‌و بڵاو بووەوە. هەروەك لە یادەوەرییەکانی عەبدوڵا ئەحمەد ڕەسوڵ پشدەریدا هاتووە پارتی زۆر مەبەستی بووە کە سەرجەمی خێڵ و عەشیرەتەکانی کورد بەشداری بکەن لەو ڕاپەڕینەدا. ئەو باسی ئەوە دەکات کە چۆن ئەو و مام جەلال کە ئەو کاتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی بووە چوونەتە پێنجوێن و شارباژێڕو شارەزوور بۆ ئەوەی هانی سەرخێڵو ئاغاو شێخەکان بدەن تا بەشداری ئەو ڕاپەڕینە بکەن(25). ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە هەرچۆن ڕاپەڕینەکە لە ئەنجامی کۆبوونەوەی هێزی چەکدارانی خێڵ و عەشیرەتەکانی کوردستانەوە دەستی پێکردو بە سەرکردایەتی سیاسی پارتیش کۆنترۆڵ نەکراو ڕێکنەخرا، بەهەمان شێوە پاشەکشەو وازهێنانی هێزی چەکداری خێڵ و عەشیرەتەکانیش بە جۆرێ بوو کە دیسان ئەوەش کۆنترۆڵ نەکرا. ئەو کاتە واتە دوای پاشەکشەی هێزی خێڵ و عەشیرەتەکان پارتی دیموکراتی کوردستان دووچاری بارێکی نائاسایی بووەوە، کە ئەویش ئەوەبوو لە کاتێکدا نە خۆی بۆ ڕاپەڕین ئامادەکردبوو، نە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری بۆ ڕاپەڕین لە باربوو، نە کۆدەنگیەکی تەواویش لە نێوان سەرکردایەتی بارزانی و مەکتەبی سیاسیدا بۆ دەستپێکردنی ڕاپەڕین لە ئارادا بوو. لەم بارە ناهەموارەشدا پارتی بە ناچاری بووە بەرپرس لە ڕاپەڕین و

دەبـووا درێــژەی بــە خــەبات بدایــە. هــەر لــە ڕۆژی یــانزەی ئەیلولـدا کـە کـۆی هێزەکـانی خێـڵ و عەشـیرەتەکان لـە دەربەنـدی بازیـان و دۆڵـی خەلـەکان بـەر بۆردوومانی فرۆکەکانی ڕژێمی قاسـم کـەوتن ئـیتر کۆتـایی بـە ڕاپـەڕینی ئـەوان هات. هەروەك پێشتریش پارێزگاری سلێمانی سەردانی دۆڵی خەلـەکانی کـرد بـە مەبەستی بینـینی سـەرۆك خێـڵ و عەشـیرەتەکان و گفتوگـۆکردن لەگەڵیانـدا لـە بارەی کێشەکەوە. لەو بارەیەوە مەسعود بارزانی دەڵێت: پارێزگار زۆر داواکاری و نـاڕەزایی ڕووبــەڕوو کرایــەوە کــە پەیوەنــدییان بــە مەســەلەی نەتەوایەتییــەوە نــەبوو. شــتێك لــە بــارەی مــافی زەوتکــراوی کــوردەوە بەگشــتی بــاس نــەکرا(26). هــەروەك یــەکێك لــە داواکارییــە ســەرەکیەکانی ســەرخێڵ و ئاغــاو شــێخەکانی بەشداربوو لەو کۆبوونەوەیەدا بریتی بوو لە: هەڵوەشاندنەوەی یاسای چاککردنی کشتوکاڵ(27). کەواتە لێرەدا ئامانجی خـاوەن زەوی و زارەکـان لـە ئاغـاو بـەگ و شێخەمان ئاشکرا دەبێت، کە هەرچۆن لەسەرەتاوە ئامانجەمان بۆ کـرد لـە پێنـاوی هەڵوەشاندنەوەی یاسای چاککردنی کشتوکاڵدا کۆبوونەوەو ڕاپەڕینیان ڕاگەیانـدو هیچ ئامانجێکی کوردایـەتی لـە پشـتی ڕاپەڕینەکەیانـەوە نـەبوو، بەهـەمان شـێوە هـەر کـە بـەڵێنێکیان لـە پارێزگـاری سـلێمانی وەکـو نوێنـەری حکومـەتی بەغـدا وەرگرت بۆ جێبەجێکردنی داواکانیان بڕیاری ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆیان بـۆ وازهێنــان لــە ڕاپــەڕین دا. کەواتــە لێــرەدا بــە ئاشــکرا دەتــوانین بڵــێین کــە لــە دەســتپێکردندا ڕاپــەڕینی ئــەیلول کــە هێــزی جوڵێنــەری ئــەو ڕاپەڕینــە خێــڵ عەشیرەتەکانی کورد بـوون نـەك حیـزب هـەڵگری هـیچ بنەمایـەکی ناسـیونالیزم نەبوون تەنانەت پێناچێت خاوەنی هەستی سادەی نەتەوەییش بوو بن بەڵکو بـە پێچەوانەوە ئەو کارەی ئەوان پارتی خستە بەردەم بەرپرسیارێتی ڕاپەڕینەوە کە

به ئاشكرا دياره كه نه زەمينه بۆ ئەوه ئاماده بووه نـه پـارتيش خـۆی بـۆ ئـەوه ئامكاده كردووه.

بێگومان يەكێك لەو دياردانەی كه له مێژووی راپەڕينی ئەيلولـدا زيـاتر لەهـەر بزووتنەوەو راپەڕينێكی تری كوردی دەبينرێت بريتييه له گفتوگـۆكردن لەگـەڵ دەسـەڵاتی ناوەنـدی بەغـدا. گفتوگـۆكردنيش هـەر لـه قۆنـاغێكی زۆر زووی دەستپێكردنی راپەڕينەوه دەستی پێكردووه. ئێستا ئەو پرسـياره سـەرهەڵدەدات: ئايا بارزانی به بەرنامه ئەو گفتوگۆيانەی كردووه؟ ئايا دەشـێ وای لێكبدەينـەوه كه بارزانی زيـاتر بـڕوای بـه گفتوگـۆو دايـەلۆگ هـەبووبێت بـۆ چارەسـەركردنی كێشـەكان؟ بەهـەرحاڵ رەنگـه نـەتوانين وەڵامێكـی راسـتەوخۆی ئـەو پرسـياره بدەينەوه مەگەر تەنيا لـه روانگـەی كەسـێتی تايبـەتی بارزانييـەوه بتـوانين لـەو بارەيەوه قسـه بكـەين و وای بـۆ بچـين كـه بـارزانی وەكـو سـەركردەيەكی خـاوەن ئيراده پێی وابووبێت ئەگەر بتوانرێت داواكارييەكان له بری شـەڕو پێكـدادان بـه گفتوگۆ چارەسەر بكرێن، ئەوا رێگای خەبات ئاسـانترو هێمـنتر دەبێـت و بـەوەش بـواری پێكـەوه ژيـان و پێكـەوه كـاركردن بـەپێی ئـەوەی لـه بەرنامـەی پارتيـدا هـاتووه بـه نـاوی ديموكراسـی بـۆ عێـراق وئۆتۆنـۆمی بـۆ كوردسـتان ئەگـەری جێبـەجێكردنی زيـاتر دەبێـت. هـەروەك دەشـێ بـارزانی وەكـو جۆرێـك لـه تاكتيكيش سەيری گفتوگۆی كردبێت و به وێستگەيەكی پشوودانی زانی بێت بـۆ جەماوەرو بۆ پێشمەرگەش. ئەو وەكو سەركردەيەك زۆربەی كات ئامـادەبووه بـۆ گفتوگۆكردن لەگەڵ رژێمدا، دەشێ وەهايشی لێكدابێتەوه ئەگـەر كـورد تـوانی لـه رێگای گفتوگۆوه بەشێك له داواكانی بەدەست بهێنێت ئەوه كارێكی باشـه ئەگـەر هيچيشی بەرهەم نەهێنا ئەوه بـۆ ماوەيـەك هـێمنی دروست دەبێـت كـه تيايـدا دەشێ بواری خۆرێكخستنەوەو خۆئامادەكردنـەوەو هەڵسـەنگاندنی بارودۆخەكه

بڕەخسێت، کە ئەوەش بۆ بارودۆخی ناوخۆی شۆڕش و بۆ میللەتیش گرنگە کە دەتوانن پشوویەك بدەن.

سەرەتا قاسم وای بۆ دەچوو هەر کە هێزی خێڵ و عەشیرەتەکان وازیان لە راپەڕین هێنا ئیتر راپەڕین دادەمرکێتەوە. بەلاّم لە راستیدا ئەو بۆچوونەی قاسم هەڵەبوو چونکە هەرچەندە ئەوەی دەستیان دایە راپەڕین خێڵ و عەشیرەتەکان بوون، بەلاّم پارتی هەرچەندە بە ناچاری خۆی کردە خاوەنی راپەڕینەکە لەگەڵ ئەوەشدا پاشەکشەی نەکردو دواتر سەرکردایەتی پارتی و مەکتەبی سیاسی دەستیان گرت بەسەر راپەڕینەکەداو، راپەڕینیش شێوەیەکی تری وەرگرت لە رووی رێکخستن و کاری پێشمەرگایەتی و رابەرایەتی کردن و سەرکردایەتی کردنەوە. بۆیە ئەمجارە قاسم بە باشی تێگەیشت کە ئەوەی لە کوردستان سەری هەڵداوە راپەڕینێکی نەتەوەییەو بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان سەرکردایەتی دەکەن. بۆیە کەوتە بیرکردنەوە لەوەی کە رێگای تر لەبەر بگرێت بە تایبەتی کە هەر لەو سەرەتایەدا هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەشێکی کەم لە هێزی کەمی خێڵ و عەشیرەتەکانیش کە درێژەیان بە راپەڕین داو پالشەکشەیان نەکرد، چوونە ریزی هێزی پارتیەوە. هێزی پێشمەرگەو راپەڕین زیانی زۆریان لە هێزەکانی دەوڵەتداو لە زۆر ناوچەی کوردستان هێزەکانی دەوڵەت توانای بەرگری کردنیان لە بەرامبەر هێزی پێشمەرگەدا نەبوو. ئەمەش قاسمی ناچار کرد کە بیر لە گفتوگۆ بکاتەوە. دیارە هەر هەنگاوێکی لەو جۆرەش دەبوا لە رێگای شێخ ئەحمەی بارزانیەوە بکرایە.لە زستانی 1962دا قاسم نوێنەری خۆی کە نوێنەری کە عەمید حەسەن عەبودی ئامیر لیوای پێنج بوو ناردە لای بارزانی و لە رۆژی 27ی کانوونی یەکەمی 1962دا شوێنی یەکتر بینین دیاری کرا لە نزیك شارۆچکەی

سەرسەنگ و لەو دانیشتنەدا بارزانی ئەم رستەیەی بە نوێنەری قاسم گووت: من وەکو کەسی خۆم هیچ داوایەکم بۆ خۆم لە قاسم نییە، با ئەو ماف بە کورد بدات، من عێراق بەجێدەهێڵم(28). بێگومان ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە لە روانگەی لێکدانەوەمانەوە بۆ بەرنامەو گفتوگۆو داواکاری بارزانی سەبارەت بە داواکانی کوردو شوێنی ئەو داواکارییانە لە جوگرافیای گوتاری ناسیونالیزمی کوردیدا گرنگە.

بەهەرحاڵ لە یەکەم هەوڵی گفتوگۆدا وادەرکەوت کە قاسم نەخشەی لە ناوبردنی بارزانی داناوە، تەنانەت بۆ ئەو مەبەستەبە لایەوە گرنگ نەبوزو نوێنەرەکەی خۆیشی کە ئەفسەرێکی پایەبەرزی ئەو کاتەی سوپای عێراق بوو تیابچێت. ئەوەش لەوەدا دەرکەوت کە فڕۆکەکانی عێراق کەوتنە بۆمبارانکردنی ئەو جێگایەی کە بڕیار بوو بارزانی و نوێنەری قاسم تیایدا کۆببنەوە، بەلاّم بارزانی بە وریایی و لە ئەنجامی بە گومانبوونی بەردەوامی لە دوژمنانی کورد شوێنی کۆبوونەوەکەی گۆڕی بوو. ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە ئەو رستە سەرەکیەیە کە بارزانی بە نوێنەری قاسمی دەڵێت کە ئەم خۆی وەکو تاکە کەس هیچ خواست و داوایەکی نییە بەڵکو ئەوەی خەباتی لە پێناودا دەکات و بۆی تێدەکۆشێت مافە زەوتکراوەکانی کوردە. تەنانەت ئەگەر کورد بگات بە مافەکانی و ئەمی پێویست نەبێت، ئەوا ئەم ئامادەیە ولاّتیش بەجێبهێڵێت. بەلاّم ئایا سنوورو رەهەندی ئەو مافانەی کورد کە بارزانی لە رستەیەکدا دەری بڕیووە تا چەندەو چییەو چی دەگرێتەوە؟ ئایا مافەکان لە سنووری لامەرکەزی یان ئۆتۆنۆمیدا دەبن یان سنووری ئەو مافانە فراوانتر دەبێت و دەگاتە ئاستی دەوڵەت، کە لە راستیدا مەبەست لە مافەکانی کورد سەربەخۆیی و درووستکردنی دەوڵەتێکی کوردییە لەو بەشەی کوردستاندا کە لکێندراوە بە

عێراقی عەرەبیەوە؟ بێگومان هیچ روانینێکی ئاشکرا سەبارەت بەو رستەیەی بارزانی لەخودی رستەکەوە دەرناکەوێت بەو ئەندازەی کە روانینێکی گشتگرمان دەداتێ. بەلاّم بە پشتبەستن بە بەرنامەی سەرەکی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ژیان لە عێراقێکی یەکگرتووداو رێکخستنی ئەو پەیوەندییەش لە چوارچێوەی چەمکی دیموکراتی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان، ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە دیسان بارزانی وەکو سەرۆکی پارتی مەبەستی لە مافەکانی کورد ئۆتۆنۆمییە لە عێراقێکی دیموکراتیدا. لێرەوە دیسان دەگەڕێینەوە بۆ ئەو خاڵەی لە بارەی گوتاری ناسیونالیزمەوە کە لە سەرەتادا باسمان کردو لە رووی راستیشەوە بۆ قسە کردن لەسەر گوتارێکی نەتەوەیی خاوەن شووناس دەبێ گوتاری ناسیونالیزم دەیکەین بە پێوانە بۆ ئەوەی داواکانی بارزانی لە یەکەم گفتوگۆدا پێ بپێوین.

بێگومان ئەگەر لە روانگەی پێناسەی گوتاری ناسیونالیزمەوە بڕوانینە داواکانی بارزانی بە پێی بەرنامەی پارتی ئەوە بە ئاشکرا بۆمان دەردەکەوێت کە سەرباری ئەوەی کە ئەو داوایانە بە بەشێك لە رەگەزەکانی گوتاری ناسیونالیزم بارگاوی کراون بەلاّم ناتوانرێت وەکو گوتارێکی ناسیونالیزمی خاوەن شووناس دابنرێت چونکە گوتاری ناسیونالیزمی خاوەن شووناس ئەو گوتارەیە کە بارگاوی کراوە بە کۆی توخم و رەگەزەکانی پرۆژەی دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی. بێگومان گرنگە ئێمە ئەوە بزانین کە پرۆژەی دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی پەیوەستە بە بوونی ناسیونالیستێکی بەهێزەوە وەکو بکەری ناسیونالیزم کە توانیبێتی تایبەتمەندی پێکهاتەو کۆمەڵە ناوچەییەکانی وەکو خێڵ و عەشیرەت و گرۆپی ئایینیو دەستەو تاقمەکان هەڵوەشێنێتەوەو یەکگرتن و یەکبوون لە نێوانیاندا دروست بکات، واتە بیانکات بە تاکە یەکەیەکی یەکگرتوو کە ناوی

نەتەوەیـە. هـەر لەسـەر ئـەو بنەمایـەو لـە ئـەنجامی ئـەو یەکگرتنـەدا پـرۆژەی دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی ئەگەری بـەدیهاتنی هەیـە. فـالیح عەبولجـەبار دەڵێت: دەرکەوتنی دەوڵەتی نەتەوەیی رێکخستنێکی سیاسی نوێیە کە یەکێك لـە جەمسـەرە سـەرەکیەکانی دژی ئـەو پەرتبوونـە ناوکۆییـە ئاراسـتە دەکرێـت کـە زادەی کۆمەڵگەی کشتوکاڵیە(29).

ئەگەر ئەم قسەیەی سەرەوە بکەینە بنەمابەك و لێیەوە سـەیری ئـەو بارودۆخـە کۆمەلآیەتیە بکەین کە هـەم راپـەڕینی ئـەیلول تیایـدا سـەری هەڵداوە، هـەم کـە بارزانی پێداگری لەسەر مافەکانی کورد دەکات بەبێ ئەوەی سنوورو چوارچێوەی ئەو مافانە دیاری کرابێت، ئەوا بە ئاشکرا بۆمان دەردەکەوێت : یەکەم مەسەلەی دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی لەو سەروەختەو لە بەرنامەی پـارتی و لـە لای خـودی بـارزانی بـاوکیش نەبۆتـە پـرۆژە. هـەروەك ئـەو رێکخسـتنە نوێیـەش دروست نـەبووە کـە کۆتـایی بـەو پەرتبوونـە نـاوەکی و ناوخۆییـەی کۆمەڵگەی کـوردی بهێنێـت و یـەکگرتن دروسـت بکـات کـە بـە تێـڕوانینی مـن هـەتا ناسیونالیزم نەبێتە ئایدیۆلۆجیای بزووتنەوەیـەکی جـەماوەری و کۆمەلآیـەتیو، هەتا دیواری نێوان پێکهاتە ناوخۆییەکان نەڕخێنێت و پەیوەندییەکانی خوێن و دەمارگیری بەو شێوەی کـە لـە کۆمەڵگـەی خێلآیەتیـدا هـەن هەڵنەوەشـێنێتەوەو یەکەیـەکی یـەکگرتوو لـە سـەربنەمای هـاووڵاتیبوون پێکنـەهێنێت و ئاراسـتەی پەیوەندییەکان لە نێوان تاکەکانی ئەو پێکهاتەیەدا نەبێتە پەیوەندی ئاسۆیی کە ئەوەش یەکێك لە خاسێتەکانی کۆمـەڵگای مەدەنییـە، مەسـەلەی دروسـتکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی نابێتە پرۆژە. هەر لێـرەوە ئەگـەر سـەیری راپـەڕینی ئـەیلول بکەین نەك هەر سنوورە جیاکەرەوەکانی نێوان پێکهاتە ناوخۆییەکان لە خێـڵ و عەشیرەتو گروپو دەستەو تاقمـەکان هەڵنەوەشاونەتەوەو نـەك هـەر یـەکگرتن

درووست نـەبووە، بـەڵکو سـادەترین خاسـیەتی ئـەو یەکبوونـەش دەرنەکـەوتووەو هێشـتا بزوێنـەری ئـەو پێکهاتانـە لـە خێـڵ و عەشـیرەتەکان بـریتی بـووە لـە توخمەکانی خوێن و دەمار، واتە بە چەمکی خەلدوونی هێشتا کۆمەڵگە بەگشتی پەیوەندییـەکانی خـوێن و دەمـارگیری بـەڕێوەی دەبـەن کـە ئـەوەش خاسـیەتی کۆمەڵگەی خێڵایەتی یان کشتوکاڵیە کە لە قۆناغێکی وەهاشدا هەر قسەکردنێك لەسەر بـوونی ناسـیونالیزم وەکـو هێـز، یـان بزووتنەوەیـەکی جـەماوەری خـاوەن شووناس شتێکە لە سنووری وەهم و خەیاڵدا ئەگینا لە سەر زەمینـەی واقیـع نـە بوونی هەیەو نە جێگای بۆ دەکرێتەوە.

بێگومان پێشتر ئێمـە ئاماژەمـان بـۆ ئـەوە کـرد کـە چـەند تێڕوانینێکـی جیـاواز لەسەر مەسەلەی ناسیونالیزم هەیە.هەندێ لەوانـەی کـە نـاتوانن پشـت بـە هـیچ بنەمایەکی زانستی ببەسـتن، مێژوویـەکی زۆر دێـرین بـۆ ناسـیونالیزمی کـوردی دیـاری دەکـەن. بـەڵام لەراسـتیدا ئـەو قسانە تـەنیا لـە سـنووری سـۆزو عاتیفـەدا دەمێنێنـەوەو ناتوانرێـت وەکـو بنەمایـەکی پتـەوی مادیـان بکرێنـە بنـەما بـۆ دیاریکردنی مێژووی ناسیونالیزمی کوردی بە تایبەتیش لە بارودۆخێکدا کـە لـە رووی تیۆرەکانی کۆمەڵناسی و پەرەسەندنی کۆمەڵایـەتی کۆمەڵگـەی کوردییـەوە ئـەم کۆمەڵگەیـە تـاکو ئێسـتا نـەیتوانیووە دەوڵـەتی نەتـەوەیی درووسـت بکات."روانینی مۆدێرنیستانە ناتوانێت لە سیاقە تا ئەندازەیـەك دواکـەوتووەکان و لە قۆناغی پێش پیشەسازیدا لێکدانـەوەی ناسـیونالیزم بکـات. ئـەو هۆکارانـەی کە مۆدێرنیستەکان وایان دادەنێن کە شێوازی ناسیونالیزم دیاری دەکەن بـریتین لە پیشەسازی یان سەرمایەداری یان چینە کۆمەڵایەتیە نوێیەکان(30). بێگومان بە پێی ئەم بۆچوونە نـەك بـۆ دەیـەی حەوتـەمی سـەدەی رابـردوو بـەڵکو تـاکو ئێسـتاش کوردسـتان نەبۆتـە کۆمەڵگەیـەکی پیشەسـازی و چـینە نوێیـە

کۆمەڵایەتیەکان کە مەبەست بۆرژوای خاوەن شووناس، یان چینی ناوەنـدە وەکـو پێویسـت درووسـت نـەبوون .هـەر بـەو پێیـەش ناسـیوناليزم وەکـو بەرنامـەو ئایدیۆلۆجیای بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی دەرنەکـەوتووە، هەربۆیـە ناتوانرێـت داوا لـە بـارزانی یـان هـەر کەسـێکی تـری کـورد بکرێـت کـە وەکـو سـەرکردەی بزووتنەوەیەکی ناسیونالیستی خاوەن شووناسی جێگایـەکی تـر رەفتـار بکات کـە زەمینەی درووستبوونی بزووتنەوەی ناسیونالیستی لەو جێگایە لەبار بێت

لەراسـتیدا ئێمـە لـە واقیعـی کوردسـتاندا سـەبارەت بـە مەسـەلەی پیشەسـازی و دەرکـەوتنی چـینە نوێیـەکان کـە مەبەسـت چـینی بـۆرژواو کرێکـارە دووچـاری جۆرێـك لـە خـراپ تێگەیشـتن بـووین و سیسـتەمی ئـابووری ئیـداری و تەنانـەت پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی دەوڵەتە سەردەست و داگیرکـەرەکانی کوردسـتان بـــەهی خۆمـــان تێگەیشـــتووین و وامـــان هەســـتکردووە کـــە ئـــەو ئـــابووری پیشەسازییەی کە لە دوای دۆزینەوەی نەوت لە عێراق و ئێـران پەیـدابووەو ئـەو کارگەو کارخانانەی لە بەغداو بەسرەو کەرکوك و موسڵ و لە تاران و ئەسفەهان و تەورێزو ئەستەمبوڵ و ئەزمیرو دیمەشق و حەڵەب دروستکراون هـی کـوردن و تیایانــدا چـینی کرێکـاری کـورد پێگەیشـتووەو بـۆرژوای کـورد خـاوەنی ئـەو کارگەوکارخانانە بووە. لە راستیدا ئەوە بۆچوونێکی هەڵەیەو سیستێمی ئابووری و دەرکـەوتنی پیشەسـازی لـەو شـارانەدا نـە کـوردی بـووەو نـە کاریگەرییـەکی ئەوتۆشی لە سەر دەرکەوتنی چینە نوێیـەکان  لـە کۆمەڵگـەی کوردیـدا هـەبووە. ئەمە بێجگە لەوەی کە کـارکردنی کرێکـاری کـورد لـەو کارگـەو کارخانانـەی ئـەو شارانەدا هیچی بۆ کورد بەرهەم نەهێناوە. لە هەمان کاتدا کار کردنـی کرێکـاری کورد لەو کاگەو کارخانانەدا یـەکێك بـووە لـە هۆکـارە دیارەکـانی پێکەوەبەسـتنی کرێکاری کورد بە کرێکاری رژێمە داگیرکـەرەکانی کوردستانەوەو ئەوەش هۆکـاری

سەرەکی بیرکردنەوەی زۆرێك لە خەڵکی کوردستان بووە لە خەباتی چینایەتی لە بری خەباتی نەتەوایەتی و رزگاری نیشتیمانی کوردستان. هەروەك درووستبوونی حیزبە شیوعیەکانیش لە سەر ئاستی یەك حیزب بۆ نەتەوەی سەردەست و نەتەوەی بندەست لەوێوە سەرچاوەی گرتووە. یان درووستبوونی هەندێ رێکخراوی مارکسیی لەسەر ئاستی کوردستان لە قۆناغەکانی دواتردا وکە دیاردەیەکی ئاشکرابووە وەکو جێگرەوە بۆ حیزبو رێکخراوی ناسیونالیستی پەیوەندی بەو بارودۆخە ناسرووشتیەی کوردستانەوە هەبووە کە لاوازی بنەماکانی پیشەسازی و دەرنەکەوتنی چینی بۆرژوازی پیشەسازی و کۆنەبوونەوەی ئابوری وەکو بزوێنەری پرۆسە جوڵەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان بە گشتی یاو وەکو بزوێنەری مێژوو، خاسێتە دیارەکانی نەبوونی پەرەسەندنێکی سروشتی بوون لە کوردستاندا.

ئێستا ئێمە لەبەردەمی ئەم پرسیارەداین: ئایا پارتی دیموکراتی کوردستان لە راپەڕینی ئەیلولدا خۆی وەکو پارتێکی ناسیونالیستی نمایش کردووە بەوەی کە هەڵگری دروشمی درووستکردنی دەوڵەتی کوردی بێت، یان هەر بەپێی درووشمەکەی خۆی کاری کردووە کە بریتی بووە لە دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان؟ بێگومان ئەوە ئاشکرایە کە پارتی لە چوارچێوەی بەرنامەو دروشمی خۆیدا کاری کردووەو ئەو گفتوگۆیانەشی کە بارزانی لەگەڵ رژێمی بەغدا کردوونی هەموویان لە چوارچێوەی بەرنامەی پارتی دەرنەچوون و لە لامەرکەزییەوە دەستیان پێکردووە تا دواترینیان کە رێکەوتنی ئازاری ساڵی 1970 ی لێکەوتۆتەوە کە ئەویش بریتیە لە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق لە سایەی دەسەلاتی عێراقیدا بەلاَم بە پێی بەرنامەی پارتی عێراقێکی دیموکراتی. کە بێگومان پارتی لە هەموو گفتوگۆکانیدا یەکێك لەو دوو خاڵە

سەرەکیەکەی پشت گۆی خستووە کە ئەویش بریتیە لە دیموکراسی بۆ عێراق. واتە ئەوەی پارتی لە رووی پراکتیکەوە مەبەستی بووە ئۆتۆنۆمی بووە بۆ کوردستانو مەسەلەی دیموکراتی بۆ عێراق بووەتە خاڵێکی لاوەکی. لەرووی راستیشەوە کورد ناتوانێت عێراق بکات بە ولاتێکی دیموکراسی هەر بۆیە ئەو خاڵە لە بنەڕەتدا جگە لە خەیاڵ هیچی تر نەبووە.

لە دوای ئەوەی کە عەبدولسەلام عارف لە رێگای کودەتایەکەوە بە سەر بەعسیەکاندا هاتە سەرکورسی دەسەلات.، پێشنیاری گفتوگۆی لەگەڵ سەرکردایەتی پارتی و بە تایبەتی بارزانیدا کرد. لە شوباتی 1964 دا پێشنیاری ئەو گفتوگۆیە گەیشتنە سەرشێوەی داڕشتنی کۆتایی ناوەرۆکی رێکەوتنێك. عبدولسەلام و لایەنی حکومەت سووربوون لەسەر ئەوەی کە داڕشتنی رێکەوتننامەکە بەم جۆرە بێت: دەوڵەت دان دەنێت بە مافی هاوولاتیبوونی کورددا" بەلاّم شاندی کوردی کە نوری شاوەیس و مام جەلال و چەند کەسێکی تر بوون سووربوون لەسەر ئەوەی کە داڕشتنی کۆتایی رێکەوتنەکە بەم جۆرە بێت:دەوڵەت دان دەنێت بە مافە نەتەوایەتیەکانی کورددا(31).بێگومان ئەوەی گرنگە لە دوا داڕشتنی دۆکیومێنتی رێکەوتنەکەدا ئەوەیە کە شاندی کوردی پێی لەسەر دادەگرت جێگیر کرا. بەلاّم دیسان ئەوەی کە تەمومژاویە لە روانگەی گوتاری ناسیونالیزمەوە ئەوە بوو کە سنوورو رەهەندی ئەو مافانەی کورد کە وەکو مافی نەتەوەیی باس کرابوو دیارنەبوو.، بەلاّم لە ناو دۆکیومێنتەکەدا هاتبوو: داننان بە مافە نەتەوەییەکانی برا کوردەکانماندا لە چوارچێوەی گەلی عێراقداو لە یەکێتیەکی نیشتیمانی برایانەدا(32).دیارە کە سەیری ئەم قسەیە بکەین بە ئاشکرا بۆمان دەردەکەوێت کە بە تەواوی لەگەڵ بەرنامەو درووشمی ئەو کاتەی پارتی

دیموکراتی کوردستاندا کۆکەو لە چوارچێوەی ئەو بەرنامەو دروشمەدایە کە بریتیە لە یەکێتی خاك و گەلی عێراق. هەر لێرەوە جارێکی تر بۆمان ئاشکرا دەبێتەوە کە هەتا گفتوگۆی ساڵی 1964 گوتاری پارتی دیموکراتی کوردستان کە گوتاری راپەڕینی ئەیلولیش هەر لە سنووری ئەو گوتارەدا بووە، گوتاری ناسیونالیزمێکی خاوەن شووناس نەبووە چونکە داواکارییەکان زۆر لە خوار داواکاری و بەرنامەی ناسیونالیزمەوە بووە. وەك ئاشکرایە لە بنەڕەتدا دەبێ داواکاری نەتەوە لە دەوڵەتی نەتەوەیدا بەرجەستە ببێت. ماکس فیبەر تەئکید لەوە دەکات کە: نەتەوە کۆمەڵێکە سۆزو عاتیفە پێکەوەی بەستوون کە دەربڕینێکی گونجاوی بۆ نادۆزرێتەوە تەنیا لە میانەی دەوڵەتێکی تایبەت بە خۆیەوە نەبێت، لەبەر ئەوە شتێکی سرووشتیە کە نەتەوە کۆشش بکات بۆ دروستکردنی ئەو دەوڵەتە(33).

لە روانگەی کۆمەڵناسیەوە دەشێ راو بۆچوونی جیاواز سەبارەت بە دەوڵەتی نەتەوەیی و دروستکردنی ئەو دەوڵەتە هەبێت، بەڵام سەرباری ناشیرین بوونی شوناسی دەوڵەتی نەتەوەیی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا کە دەوڵەتی نەتەوەیی فاشیزم و تۆتالیتاریزمی بەرهەم هێنا، بەڵام تەنانەت لەو قۆناغەداو لە دواتریشدا دەوڵەتی نەتەوەیی وەکو پێداویستیەکی سەرەکی بۆ رزگارکردنی نەتەوە ژێردەستەکان سەیرکراوەو هێندێ بۆچوونی مارکسیانەی لەو جۆرەش هەبووە کە پێی وابووە هەرچۆن خەباتی چینایەتی پێویستە بۆ رزگارکردنی چینەچەوساوەکان، بەهەمان شێوە خەباتی نەتەوەییش پێویستە بۆ رزگارکردنی نەتەوە ژێردەستەکان و دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی بۆیان. هەرچەندە رای لەو جۆرەش هەبووە کە پێی وابوو دەوڵەتی نەتەوەیی بۆ ئەو کاتە پێویست بوو کە گەلان لە بندەستی ئیمپراتۆرێتەکان بهێنێتە دەرەوە. بە هەرحاڵ کێشەی

کورد لە جۆری یەکەمە، واتە کێشەی گەلێکی داگیرکراوە کە کاریگەری مارکسیزم لەسەر بزووتنەوەکەی کاریگەرییەکی نێگەتیف بووەو بەو پێیەش جۆرە پێکەوەگرێدانێك لە نێوان داوای نەتەوەیی و داوای چینایەتیدا دەرکەوتووە کە ئەویش خەبات بووە لە پێناوی سۆشیالیزمدا . دیارە سەرباری بەوەهەمبوونی ئەو داواکاریە بەلاّم چەمکی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردو دیموکراتی بۆ عێراق بەرهەمی ئەو روانینەیە کە زیانی گەورەی لە بزووتنەوەی ناسیونالیزمی کوردی داوە.

بێگومان سەرباری چەندین سەردان و گفتوگۆ لە نێوان وەفدی حکومەتی عێراقی و سەرکردایەتی بارزانیدا کە دوا کۆبوونەوەیان تاهیر یەحیای سەرۆك وەزیرانی ئەو کاتە خۆی سەرۆکایەتی دەکردو زیاترین بابەتی دانیشتنی ئەوجارەش لە بارەی ناوەرۆك و بڕگەکانی دەستووری تازەی ئەوکاتەی عێراقەوە بوو. کە ئەو دەستوورە هیچ شتێکی وەهای تیادا بەدینەدەکرا کە ئاماژەی داننان بێت بە مافە نەتەوایەتییەکانی کورددا لە چوارچێوەی عێراقدا. هەرچەند تاهیر یەحیا بەڵێنی ئەوەی بە سەرکردایەتی کوردی دا کە گۆڕانکاری لەو دەستوورە کاتیەدا دەکات، بەلاّم ئەوە هەر لە سنووری بەڵێندا مایەوەو سەرئەنجامی گفتوگۆکەش شتیکی ئەوتۆی لە قازانجی کورد بەرهەم نەهێنا، بەڵکو دەوری کاریگەری هەبوو لە زیاتر درزبردنی نێوانی سەرکردایەتی بارزانی و مەکتەبی سیاسیدا، هەرچەندە درزبردنەکە لەسەر بنەمای جیاوازی گوتار نەبوو بەواتا لەسەر ئەوە نەبوو کە لایەکیان هەلگری گوتاری ناسیونالیزمی کوردی بێت و لاکەی تریشیان هەلگری گوتاری یەکێتی و یەکبوونی خاکی عێراق بێت.

## ج- دابەشـــــبوونی ســـــاڵی4 196 لـــــە روانگـــــەی گوتـــــاری ناسیونالیزمی کوردییەوە:

دیـاره لـه ڕێکـەوتنی کۆتـایی گفتوگـۆی شـوباتی 1964دا بـرایم ئەحمـەد کـە سکرتێری پارتی بوو لـە دەرەوەی وڵات بـوو. ئـەو ئەندامانـەی مەکتـەبی سیاسـی کــە ئامــادەبوونی بــەردەوامیان هــەبوو تەنانــەت کــە دوادارِشــتنی ڕێکــەوتن نامەکەیشیان کرد نوری شاوەیس و مـام جـلال بـوون کـە هـەردووکیان ئـەو کاتـە زۆر نزیك بوون لە برایم ئەحمەدەوە. بەڵام ئەوەی جێگای پرسـیارە ئەوەیـە کـە تا برایم ئەحمەد نەگەڕایەوە ئەمان هیچ ناڕازیبوونێکیان لەسەر ئـەو ڕێکەوتنـە نیشان نەدا. بەڵام دوای گەڕانەوەی برایم ئەحمەد لـە ڕێگـەی ئێرانـەوە ئـەمان و بەشێکی تریش لە ئەنـدامانی مەکتـەبی سیاسـی رایـان گـۆڕی و ئـەوەش بـوو بـە ســەرەتای درزبردنــی یــەکێتی لــە نێــو ســەرکردایەتی پارتیــدا کــە دواتــر بــە جیابوونەوەی مەکتەبی سیاسی لە سەرکردایەتی بارزانی کۆتایی هات.

مەسـعود بـارزانی دەڵێـت: بـرایم بـەڵێنی یارمـەتی و پشـتگیری لـە شـای ئێـران وەرگرتبوو لە حاڵـەتی سـەرکەوتنیدا بـۆ هەڵوەشـاندنەوەی ڕێکـەوتنی شـوبات و لــەق کردنــی پێگــەی بــارزانی و لابردنــی لــە ســەرکردایەتی بزووتنــەوەی رزگـاریخوازی کـورددا (34 ). هـەروەك جـارێکی تـر مەسـعود بـارزانی دەڵێـت: پەیوەنـدی بـرایم ئەحمـەد لـەو کاتـەدا بـە ئێرانییەکانـەوە لـە ڕێگـای جیهـازی لاسلکی و لە ڕێگای ( عیسا پەژمان )ەوە بـەردەوام بـوو. عیسـا پـەژمان کـوردێکی خەڵکی سـنە بـوو لـە ساڤاکی ئێرانیـدا بـوو(35). بێگومـان ئێمـە تـاکو ئێسـتاش ئاستی ئەو پەیوەندیە نازانین بەڵام هەم ئـەوەی کـە مەسـعود بـارزانی دەیڵێـت و هەم ئەوەشی کە خەڵی بەشداربووی ئەو سەردەمە دەیگێڕنەوەو لە کتێبەشدا کە

لەم دواییانەدا وەکو گفتوگۆو یادەوەرییەکانی عیسا پەژمان چاپکراوە(333 )، دەردەکەوێت دەوری عیسا پەژمان دەورێکی سیخوڕی هێجگار خراپ بووەو جێگای خۆیشێتی کە تەسەوری ئەوە نەکەین هیچ داگیرکەرێکی کوردستان لەگەڵ دەرکەوتنی لاوازترین تروسکەدا بوو بێت بۆ هیچ بەشێکی کوردستان. بۆیە هیچ گومانمان لەوە نییە کە داگیرکەری ئێرانی چ ئەوساش و چ دواتریش لە سالآنی حەفتامان و هەشتاکانداو تەنانەت ئێستاش بەردەوام هەوڵیداوەو هەوڵدەدات بزووتنەوەی کوردایەتی پەرتو دابەشبوو لاواز بێت و ئەگەر پشتگیری لایەنێکیشی کردبێت ئەوە بێچەندووچوون بۆ دژایەتی لایەنەکانی تری کورد کردوویەتی و هەرگیز هەنگاوێکی نەناوە لە بەرژەوەندی کورد بێت. هەر بۆیە جێگای گومان نییە ئەگەر دەسەلآتی شای ئەو سەردەمە لە رێگای ساڤاکەوە بە گشتی و لە رێگای عیسا پەژمانەوە وەکو نوێنەری ساڤاك هەوڵیدابێت بزووتنەوەی کوردی دابەش بکات. دیارە لێرەدا گلەیی سەخت لە کورد خۆی دەکرێت چونکە خۆی ئامادەگی بۆ کارێکی وەها ترسناك هەبووە بە تایبەتی دابەشبوونی ساڵی 1964 کە برینێکی ئەوتۆی خستە جەستەی کوردو گوتاری کوردییەوە کە تاکو ئێستاش بە دەستیەوە دەناڵێنێت.

بێگومان لە کاتێکدا کە ئەم بۆچوونەی سەرەوە لە ئارادایە بۆ دەوری نێگەتیفی برایم ئەحمەد لە هەمان کاتدا بۆچوونێکی تریش هەیە کە ئەویش ئەوەیە بارزانی هیچ گرنگیەکی بە مەکتەبی سیاسی و بە بڕیاری بە کۆمەڵ نەدابێت و ئەو نوخبەیەی ناو مەکتەبی سیاسیش وەکو نوخبەیەکی رۆشنبیر لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە لە دەسەلآت و نفووزی بارزانی بەسەر حیزبەوە کەم بکەنەوە، کە پێیان وابوودەسەلآتێکی رەهای هەیە لە حیزبداو لە هەمان کاتدا ئەو بۆچوونەش هەبووە کە بارزانی لە بنەڕەتدا بایەخی بە حیزب نەدابێت و بڕوای

بەو دەستە خوێندەوارەش نەبووبێت کە لە مەکتەبی سیاسی حیزبدا بوون. کە ئەمەیان لە روانگەی لۆجیکی ناکۆکی و ململانێی نێوان نوخبەی رۆشنبیرو سەرکردەیەکی کاریزمی وەك بارزانیەوە رێگای تێدەچێت چونکە بارزانی کە بنەمایەکی عەشایەری و هێزێکی مەعنەوی گەورەی لە مێژووی بنەماڵەکەی و لە رێبازی نەقشبەندی و لە خەباتی دوورو درێژی خۆیی و لە ئەزموونی تەمەن و لە هەستکردن بە تواناو لێهاتووی و نەبەزینی خۆی وەرگرتووە پێناچێت هەروا بە ئاسانی بڕوای بە نوخبەی رۆشنبیر بە گشتی و برایم ئەحمەد بە تایبەتی کردبێت، بە تایبەتیش ئەو لە ئەنجامی مامەڵەی ئەو پێنج ساڵەی دوای گەڕانەوەی لە سۆڤێتی ئەوسا واتە لە دوای هاتنی قاسم بۆ سەر کورسی دەسەلآت تا کاتی دابەش بوون، هەموو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی باش ناسیووەو زانیوویێتی چیان لە باردایەو ئەوەشی کە ئاشکرایە بارزانی لە ناو هەموو مەکتەبی سیاسیدا دەرکی بە تواناو لێهاتوویی تاڵەبانی کردووە کە لە هەموو ئەوانی تر گەنجتر بووە.

بەهەرحاڵ ململانێی نێوان مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی بارزانی ململانێی نێوان نوخبەی رۆشنبیرو سەرکردایەتی کلاسیکی خاوەن کاریزمای بارزانی بووە کە هیچیان نەیانتوانیووە دان بەویتریاندا بنێن. بێگومان وەکو لە سەرەوەش ئاماژەمان بۆ کرد دەوری ئێران و عیسا پەژمانیش لەولاوە بووەستێت بۆ پشتگیری کردنی باڵی مەکتەبی سیاسی کە ئەوە رۆڵە نێگەتیفەی ئێران ناشێت پشت گوێ بخرێت. دیارە وەکو پێشتر گوتمان مەکتەبی سیاسی وایان نیشاندا کە ناڕازین بە رێکەوتنی شووبات و وایان نیشان دەدا کە بارزانی وازی لە کوردستان هێناوەو بە هێندێ شتی بێبەها فرۆشتوویەتی. دیارە ئەم قسەیەش نەدەبووە جێگای بڕوای زۆرینەی خەڵك.

بارزانی زیاتر پەیڕەوی ئەو ستراتیژەی دەکرد کە ناوبەناو گفتوگۆ پێویستە بۆ پشوودانی پێشمەرگەو خەڵکی گوندنشینی کوردستان کە هەم بڕێوی شۆڕش و پێشمەرگە لەسەر ئەوان بوو، هەم سووتەمەنی شۆڕشیش زیاتر هەر ئەوان بوون و لە ژێرباری گرانو سەختی بۆردوومانی فڕۆکەو تۆپ و هێزی دوژمنیشدا ئەوان لە هەمووان زیاتر دەسووتان بەجۆرێك زۆرینەی لادێکانی کوردستان نیمچە وێران کرابوون. ئێریك رۆلۆ کە رۆژنامەنووسێکی رۆژنامەی لۆمۆندی فەرەنسی بوو لەو رۆژانەدا سەردنی دەوروبەری سلێمانی کردبوو نووسیبووی: هەموو گوندەکانی کەناری رێگاو جادە سەرەکییەکانی سلێمانی بۆردوومان کرابوون و بە ناپاڵم سوتێنرابوون و بوو بوون بە خاك و خۆڵە مێش(36).

بەهەرحاڵ پاساوی بارزانی بۆ گفتوگۆ ئەوە بووە کە میللەت و پێشمەرگە هەردوو لایان ماندوو بوون و ناو بەناو گفتوگۆ پێویستە بۆ پشوودان، بەلاّم دیارە باڵی مەکتەبی سیاسی کە لە دەسەلاّتی فراوان و رەهای بارزانی بێزاربوون، بەهەر شێوەیەك بووبێت هەوڵیان داوە لە دەسەلاّت و نفوزی ئەو کەم بکەنەوە، تا ئەمانیش بتوانن دەوری خۆیان هەبێت. ئەمە جگە لەوەی کە دەشێ ئەمانیش واتە مەکتەبی سیاسی تموحی ئەوەیان هەبوو بێت کە بارزانی کەنارگیر بکەن و خۆیان ببن بە بەرپرسی حیزب. هەروەك لەو کۆنگرەیەشدا کە لەسەروبەندی دابەشبووندا باڵی مەکتەبی سیاسی لە ماوەت بەستیان بارزانیان وەکو سەرۆك لە کارخست. بەلاّم واقیع سەلماندی کە بارزانی لە ئاستێکدا نییە کە ئەوان بتوانن لە کاری بخەن یان دەری بکەن، بەڵکو پێچەوانەکەی روویدا کە بارزانی ئەوانی دەرکرد. دیارە لێرەدا ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە سەیرکردنی ئەم رووداوەیە لە روانگەی گوتاری ناسیونالیزمی کوردییەوە: ئایا جیاوازی هەبوو لە نێوان گوتاری

**ئـەم دوو ئاراسـتەیەدا کـە پێشـتر خـاوەنی یـەك گوتـار بـوون کـە بـریتی بـوو لـە گوتاری دیموکراتی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان؟**

**خاڵی یەکەم لە بەیاننامەی ئاگربەستدا کە بەیانی حکومەتی عێراقیە سـەبارەت بە ئاگربەستی شوباتی 1964 دەڵێت: دانـان بـە مـافی بـرا کوردەکانمانـدا لـەناو گەلی عێراق و لە یەك یـەکێتی نیشـتیمانی برایانـەداو جێگیرکردنـی ئـەوەش لـە دەستووری کاتیـدا(37). ئەگـەر بـە وردی سـەیری ئـەم خاڵـە بکـەین ئـەوا رووی ناوەرۆکــەوە هــیچ دژایەتیــەکی نییــە لەگــەڵ بەرنامــەی پــارتی دیمــوکراتی کوردستاندا سەبارەت بە مافی کورد لە عێراقدا. ئەنجا با بپرسـین ئایـا مەکتـەبی سیاســی بەرنامەیــەکیان هــەبوو بــۆ داواکردنــی ئاســتێکی زیــاتر لــە مافــە نەتەوەییــەکانی کـورد؟ ئایـا ئەگـەر بەرنامەیـەکی لـەو جۆرەیـان هـەبوو کـوا بەرنامەو داواکارییەکانیان؟ ئایا ئەگـەر نـاکۆکی نێوانیـان لەسـەر داواکـانی کـورد بوو، بۆچـی بـە هـێمنی هـەردوولا پێکـەوە نەدەکەوتنـە گفتوگـۆ؟ کەواتـە لێـرەدا ئــەوەمان بــۆ ئاشــکرا دەبێــت کــە مەســەلەی نــاکۆکی ســەرکردایەتی بــارزانی و مەکتەبی سیاسی لەسەر بەرنامەو ئاگربەست و ئاسـتی ئـەو داواکارییانـە نـەبووە کە بۆ کورد ویستوویانە، بەڵکو لە راستیدا ناکۆکیەکان لەسەر ئـەوە بـووە کـە لـە لایەك بارزانی ئەوەندە گوێی بە دەورو کاریگـەری مەکتـەبی سیاسـی نـەداوەو لـە هەمان کاتیشدا مەکتەبی سیاسی وەکو نوخبەیـەکی خوێنـدەواری ئـەو سـەردەمە هەوڵیان داوە سنوورێك بۆ دەسەڵات و نفوزی بەربڵاوی بارزانی دابنـێن و پێیـان وابووە بارزانی بە عەقڵی سەرۆك خێڵ و سەرۆك عەشیرەت کاردەکـات و ئـەویش پێی وابووە مەکتەبی سیاسی لەو ئاستەدا نین کە دەوریـان لەسـەر قسـەو بڕیـارو هەڵوێستی ئەو هەبێت.**

بەهەرحاڵ مەکتەبی سیاسی هیچ گوتارێکی جیاوازیان نەبوو لە گوتاری سەرکردایەتی بارزانی و ئەوەی کە دەیان گووتەوە بۆ راکێشانی رای جەماوەر ئەوە بوو" ئایا بارزانی ئاشتی کردووە یان خۆیی داوە بە دەستەوە" یان دەیانگووت " بارزانی کوردستانی فرۆشتووە بە سێوو پرتەقاڵ". بێگومان ئەم جۆرە قسانە رەنگە کاریگەری نێگەتیفی هەبوو بێت لەسەر کەسێتی بارزانی بەڵام کاریگەرییەکی کاتی چونکە دواتر واقیع سەلماندی کە هەڵوێستی بارزانی کوردانە و نیشتیمان پەروەرانە بوو چونکە ئەو لە سەنگەری راستەقینەی بەرگری کردن لە کوردو مافەکانیدا بوو. بەڵام مەکتەبی سیاسی دوای راگردنیان بۆ هەمەدان و مانەوەیان بۆ ماوەیەك لەوێ و دوای دەرکردنی بڕیاری لێبووردن بۆیان لە لایەن بارزانییەوەو گەڕانەوەیان، کەچی دوای ماوەیەکی کورت لە گەڕانەوەیان پاڵیان دا بە رژێمی داگیرکەری عێراقەوەو بوونە هاوکارو یاریدەدەری ئەو رژێمە بۆ لێدانی هێزەکانی بارزانی و وێرانکردنی کوردستان و بە شێوەیەکی بەربلاٌوو ئاشکراش ئەو تەلیسمەیان شکاند لەلای خەڵکی کوردستان کە بوون بە پیاوی داگیرکەرو دوژمنی گەل کارێکی نەششیاوە بە تایبەتی ئەوە دیاردەیەکی خراپ بوو بۆ نوخبەی رۆشنبیری کورد کە ببێتە هاوکاری دوژمنانی نەتەوەو نیشتیمانەکەی. لەو خۆدان بەدەستەوەدانەدا هەڵوێستێك کە کورد پێشتر بە ترسەوە لێی دەڕوانی کە هاوکاری کردنی داگیرکەر بوو، بووە شتێکی ئاساییو، مەکتەبی سیاسی بەو خۆبەدەستەوەدانە زەمینەیان بۆ ئەو کاتەو بۆ دواتریش بۆ جۆرێك لە خۆبەدەستەوەدان سازکرد. لە کوردستاندا لەو رێگایەوە لە بری سەربازی لاوانی کوردیان کرد بە هێزی هاریکاری سوپای عێراق بۆ لێدانی پێشمەرگەو جەماوەری کوردستان بە تایبەتی ئەو ناوچانەی لە ژێر سایەی هێزی پێشمەرگەدا بوو. تەنانەت بەم کارەیان ئەو

بۆچوونەیان لای خەڵکی کورد درووستکرد، باشە ئەوانە هەموویان خوێندەوارو پارێزەرو شارەزان، عەیب نییە ببن بە پیاوی رژێم بۆچی عەیبە بۆ منی هاوولاتی هەژارو نەخوێندەوار ئەو کارە بکەم، واتە زەمینەی سایکۆلۆجی خەڵکی کوردستانیان بۆ قبوڵکردنی بوون بە پیاوی دوژمن ئامادەکرد. رەنگە بە هەڵەدا نەچووبین کە پێمان وابێت نێگەتیفترین ئاسەواری درزبردنی ساڵی 1964و خۆبەدەستەوەدانی مەکتەبی سیاسی زەمینە خۆشکردنو ئامادەکردنی دەروونیو ویژدانی بەشێك لە خەڵك بوو بێت بۆ هاریکاری کردنی رژێمی داگیرکەرو وێرانکەری کوردستان. ئەمەش بەهەمهێنانی گوتاری خۆبەدەستەوە دانو شکستە.

ئەم هەڵوێستەی مەکتەبی سیاسی گوتارێکی نوێی ترسناکی بەرهەم هێنا کە ئەویش گوتاری کارکردنە لەگەڵ ئەوی دوژمن، کە لە ئاستێکی دیاردا بەلام ترسناکتر لە رابردوو، هاوشێوەی گوتاری سوارەی حەمیدیەیە کە چۆن بەشێك لە کوردەکان لە سەردەمی سولتان عەبدولحەمیدی دووەمدا بوونە پیاوی سوڵتان بە دژی خواستەکانی میلەتەکەیان لەو کاتەدا. ئەو دەمە سوڵتان عەبدولحەمید لە دوای شکستهێنانی بزووتنەوەکەی شێخ عوبەیدولای نەهری پێکهاتەیەکی چەکداری لە کوردەکان درووست کرد بۆ ئەوەی بەو رێگایە بوار بۆ درووستبوونەوەو سەرهەڵدانەوەی راپەڕینی تر نەهێڵێتەوە، ئەویش لە لایەك ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکانی خستە ریزی سوارەی حەمیدیەوەو سەرقاڵی کردن، بەو ئومێدەی جارێکی تر رێگای دژایەتی کردنو چەك هەڵگرتن نەگرنەبەر. لە هەمان کاتیشدا بەکاریان بهێنێت بۆ سەرکوت کردنی هەر جووڵەیەك کە ئەگەری ئەوەی هەبێت بەرەو جوڵەی دژایەتی کردنی دەسەلاتی سوڵتان بڕوات، یان بشێ دەربکەوێت. دیارە نووسەرێکی دیاری وەکو رۆبێرت ئۆڵسن سوارەی

**حەمیدیەی بە قۆناغی دووەمی ناسیونالیزمی کوردی داناوە، هەرچۆن قەڵەم بەدەستەکانی ئەو کاتەی مەکتەبی سیاسی و ئەوانەشی کە دواتر نەیانتوانیووە دان بەو هەڵە ترسناکە مێژووییەدا بنێن تاکو ئیستاش هاریکاری کردنی مەکتەبی سیاسی لەگەڵ رژێمی عێراقیدا وەکو خەباتی کوردایەتی سەیر دەکەن و بە شانازییەوە باسی ئەوە دەکەن کە گوایە مام جەلال حسابی بۆ ئەفسەری سوپاو هەندێ لە کاربەدەستانی رژێم نەکردووە. بەداخەوە ئەوە جۆرێکە لە بێتوانایی نووسەرو توێژەری کورد ئەگینا لە هیچ کەلتوورێکدا هایکاریکردنی سووپای رژێمی داگیرکەری وڵاتەکەت بۆ لێدان و دژایەتی کردنی ئەوانەی لەسەنگەری راستەقینەی گەلدان بە خەبات دانانرێت بەڵکو دژایەتی کردنی گەل و نەتەوەو نیشتیمانەو ناشتوانرێت هیچ پاساوێکی بۆ بهێنرێتەوە. ئەو هەڵوێستەی مەکتەبی سیاسی زیانی گەورەی لە بزووتنەوەی کوردایەتی دا هەروەك زیانی گەورەی مەعنەویشی لە سەرجەمی ئەو ئەندامانەی مەکتەبی سیاسی دا کە دەستیان دایە دەستی رژێمی عێراقی و دوای شکستهێنانیشیان لە پاش بەیانی ئازاری 1970 هیچ کامیان لە رووی مەعنەویی و ئامادەبوونیشەوە نەگەیشتنەوە ئەو ئاستەی پێشتر کە لە مەکتەبی سیاسی بوون‌و هێشتا لە سەرکردایەتی بارزانی جیانەبووبوونەوە. تەنیا مام جەلال نەبێت، دیارە مام جەلالیش ئەو پیاوە سیاسیەیە کە تواناو لێهاتوویی ئەو بۆ بەردەوامبوون و خۆنەدان بە دەستی حەقیقەتی شکستەوە کەم وێنەیە. هەرچەندە تاکو ئێستاشی لەگەڵدا بێت کاریگەری ئەو هەڵوێستە بە کەسێتی مام جەلالەوە دیارەو من پێموایە ئەگەر هاریکاریکردنی رژێم لە مێژووی مام جەلالدا نەبوایە ئەوا تاکە سەرکردەی دیارو بێهاوتای قۆناغی دوای سەرکردەی خاوەن کاریزما بارزانی**

باوك دەبوو. دیارە راستەخۆو ناڕاستەخۆش زۆرجار گوێمان لێبووە كە مام جەلال پەشیمانی لەو خۆبەدەستەوەدانە دەربڕیووە.

بەهەرحاڵ مەكتەبی سیاسی لە جیابوونەوەدا گوتاری دابەشكردنیان بەرهەم هێنا لە كاتێكدا كورد نەك تەنیا بۆ ئەو كاتە بەڵكو بۆ ئێستاش هەر پێویستی بە گوتاری یەكبوون و یەكگرتنە. لە دوای گەڕانەوەو پاڵدانیش بە رژێمەوە گوتاری دژیان بەرهەم هێنا. بۆیە ئەگەر لە روانگەی گوتاری ناسیونالیزمەوە سەیر بكەین ئەوا بە بەراورد بە باڵی مەكتەبی سیاسی، بارزانی لە هەڵوێستی كوردانەو نیشتیمان پەروەرانەدا بوو، ئەو هەڵگری ئەو گوتارە بوو كە پارتی دیموكراتی كوردستان لە دامەزراندنیەوە هەڵیگرتبوو، لە پێناوی بەدیهێنانیدا خەباتی دەكرد. دیارە پێشتر لە گەوهەرو سرووشتی ئەو گوتارە دواین كە بریتیە لە گوتاری ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی عێراقدا. بێگومان ئەوەش لە ئاستی هەرە كەمی گوتاری ناسیونالیزم كەمترە كە دیارە گوتاری ناسیونالیزم بریتیە لە درووست كردنی دەوڵەتی نەتەوەیی و گوتاری هەر بزووتنەوەیەكی نەتەوەیی لە ئاستی یەكەمدا بنیادنانی دەوڵەتی هەڵنەگرتبێت ئەوە مانای وایە لە خوار ئاستی گوتاری ناسیونالیزمی خاوەن شووناسەوەیە، چونكە شووناسی گوتاری نەتەوەیی بەبێ بوونی دەوڵەتی نەتەوەیی هیچ مانایەكی ئەوتۆی نییە.

## د- گوتاری پارتی و سەرکردایەتی بارزانی لە دوای دابەشبوون:

دوای بەشـداری هێزەکـانی سـەربە مەکتـەبی سیاسـی کـە بـە هێـزی جـەلالی نـاودەبران لـە شـەڕی دژی کـوردو بارزانیـدا و دوای شکسـتی رژێـم لـە شـەڕی هەندرێندا بە هاریکاری هێزەکانی پـارتی و حیزبـی شـیوعی عێراقـی حکومـەتی عێـراق جـارێکی تـر هـەوڵی گفتوگـۆی لەگـەڵ بارزانیـدا دایـەوە کـە زەمینـە بـۆ ئـاگربرێکی تـر خۆشـبوو کـە ئـەویش ئـاگربڕی دوای بـەیانی بیسـت و نـۆی حـوزەیرانی 1966 بـوو. ئایـا گوتـاری ناسـیونالیزمی کـوردی لـە کـاتی ئـەو ئاگربڕەو لـە دوای ئـەوەش کـە ئـەو بەیانـە دەرچـوو هـیچ گۆڕانکاری بەرسـەردا هات؟ لە خاڵی یەکەمی بەیانەکەدا دەڵێـت: حکومـەت بـە تـەواوەتی دانینـاوە بـە نەتەوەی کورددا لە دەستووری کاتی هەموار کراوداو ئێستاش ئامادەیـە تەئکیـدی ئەو دانپێدانانە بکاتەوەو لە دەستووری هەمیشەییدا روونی بکاتەوە بـە جۆرێـك کـە نەتەوایـەتی کـوردو مافـە نەتەوایەتییـەکان بـۆ کـورد لـە عێراقێکـی یـەك پارچەدا بەدی بێـت، کـە دوو نەتـەوەی سـەرەکی تێدایـە کـە عـەرەب و کـوردن و عەرەب و کوردیش لە ماف و ئەرکدا یەکسان دەبن(37). بێگومان ئەگەر سەیری ئەم خاڵەی سەرەوە بکەین کـە خـاڵی سـەرکی بـەیانی بیسـت و نـۆی حوزەیرانـە، باس لەوە دەکات کە چۆن پێشترو لە سەردەمی قاسم دا دەستووری کاتی دانی بـە کورددا ناوە لە عێراقدا. هەروەك باس لە ماقی کوردیش دەکات وەکو نەتـەوەو لـە خاڵەکانی تریشدا باسی بە رەسمی کردنی زمانی کوردی و بەشـداریکردنی کـورد لـە بـەڕێوەبردنی ناوچـەکانی خۆیـان و عێراقیشـدا دەکـات. بـەلاّم ئـەوەی لـەم بەیانـەدا باسـی هـاتووە تـەنیا لامەرکـەزی پارێزگـاو یەکـە ئیدارییەکانـەو باسـی

ئۆتۆنۆمی نەکراوە. دیارە یەکێك لە ئامانجە سەرەکیەکانی سەرکردایەتی شۆڕش لەو گفتوگۆو ڕێکەوتنەدا ئەوە بووە کە شوێنکەوتووان‌و دەستەی برایم -جەلال چەك بکرێن. دیارە لە ئەنجامی ڕێکەوتنەکەدا ئەوە نەگەیشتۆتە ئەنجام‌و جێبوجێ نەکراوە. وەك ئاشکرایە بە ماوەیەکی کورت دوای دەرچوونی بەیانی بیست و نۆی حوزەیران کە ئەورەحمان بەزاز خۆی بەیانەکەی خوێندەوە، بەزاز ناچارکرا دەست لە کار بکێشێتەوەو دوای ئەویش کە ناجی تالیب وەزارەتی پێکهێنا، ئەو بەیانە پشت گوێ خرا. کەواتە دەتوانین بڵێین تاکە سوودێك کە ئەو ئاگر بڕە هەیبووبێت هەر ئەوە بووە کە بۆ ماوەیەکی باش پیشمەرگەو سووپای عێراق شەڕیان ڕاگرت، بەلاّم لە ڕاستیدا شەڕی نێوان چەکدارانی جەلالی و پێشمەرگەی کوردستان هەر بەردەوام بوو.

پارتی دیموکراتی کوردستان لە مانگی تشرینی دووەمی هەمان ساڵدا کۆنگرەی حەوتەمی خۆیی گرت و ڕەدی ئیعتیباری بۆ نوری شاوەیس و عەلی عەبدولاّ کردو چوونەوە ناو مەکتەبی سیاسی کە پێشتر ئەم دوو ئەندامەش لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسی بوون . لە بەیانی کۆتایی کۆنگرەدا جارێکی تر داوا لە حکومەتی عێراق کرایەوە کە بڕگەکانی بەیانی بیست و نۆی حوزەیران جێبەجی بکات. کەواتە لێرەوە ئاشکرا دەبێت کە هیچ گۆڕانکارییەك لە بەرنامەو گوتاری پارتیدا لەم کۆنگرەیەدا بە ئاراستەی بەرەو پێشەوەچوون ڕووینەداو تەنانەت مەسەلەی ئۆتۆنۆمیش ئەو ئامادەبوونەی نەبوو لەم کۆنگرەیەدا، بۆیە دەتوانین بڵێین گوتاری پێشتر ئەگەر لەبەرنامەی حیزبدا وەکو خۆی مابێتەوە کە بریتی بوو لە دیموکراتی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان، ئەوا لەم کۆنگرەیەدا سووربوون لەسەر ئەو داواکارییە کاڵ بووەوە کە دەشێ بەشێکی ئەو خاوبوونەوەیەش پەیوەندی بە چوونە پاڵ حکومەتی

مەکتەبی سیاسییەوە هەبوو بێت. بەلاَم مەسەلەی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان و دیموکراتی دوو خاڵی جێگیر بوون لە بەرنامەی پارتیدا. بۆیە لێرەوە دەتوانین بڵێین ئەوەی بە ئاشکرا لە ناو سیاسەت و ژیانی حیزبایەتی پارتیدا لە سەرەتای دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلولەوە جێگیر بوو هەتا شکستی ساڵی 1975 بەردەوام بوو، بە جێگیری ماوەتەوە. بەپێی روانینی سەرکردایەتی حیزب ئاشکرایە سەرجەمی ئەو ئاگربڕانەی کە بارزانی کردوونی هەتا رێکەوتنی ئازار بە پێی زۆر بۆچوون تەنیا بۆ بە رێکردنی کات و پشوودان بووە.

بێگومان لەو بارودۆخەی دوای بەیانی بیست ونۆی حوزەیران، تاکو هاتنی حیزبی بەعس بۆسەر کورسی دەسەلاَت بارودۆخی نێوان حکومەتی عێراقی و سەرکردایەتی کوردی لە نێوان نەشەڕو نەئاشتیدا بوو. کورد داوای جێبەجێ کردنی بەیانەکەیان دەکردو سەرۆك کۆمار خۆیشی وای نیشان دەدا کە لەگەڵ جێبەجێکردنی ئەو بەیانەدایەو دەیەوێت ناکۆکیەکان لەگەڵ کورد کۆتایی پێبهێنێت، بەلاَم چەند جارێك هەڵوەشاندنەوەی وەزارەت و بالاَدەستبوونی عەرەبە ناسیونالیستەکان و لاوازی ئەورەحمان عارف کە سەرۆك کۆمار بوو رێگای نەدا بە جێبەجێ کردنی ئەو بەیانە، ئەگەرچی بەیانەکەش لەگەوهەردا شتێکی ئەوتۆ نەبوو. بەهەرحاڵ بارودۆخی کوردستان هەر بە ئاڵۆزی مایەوە هەتا هاتنی بەعس بۆ سەر کورسی دەسەلاَت. هەرچەندە هیچ کام لەو وەزارەتانەی کە لەو دوو ساڵەدا درووستبوون بەیانی بیست و نۆی حوزەیرانیان جێبەجێ نەکرد، بەلاَم بارزانی لەسەر بەڵێنی خۆی رۆیشت و ئاگر بەستی نەشکاندو تەنانەت لە کاتی هێرشی ساڵی 1967ی ئیسرائیلدا رایگەیاند کە نەك هەر ئیلتیزام بە ئاگر بەستەوە دەکات بەڵکو ئامادەیە بە هێزیش بەشداری عەرەبەکان بکات لە شەڕدا دژی ئیسرائیل. ئەمەش لە لایەك ویست و خواستی

بارزانی بۆ ئاشتی دەردەخات لە لایەکی تریشەوە دەیسەلمێنێت کە بارزانی دژی نەتەوەی عەرەب نەبووەو تەنانەت سۆزی بۆ گەلانی تری ژێردەستەو مافخوراویش هەبووە چونکە بە هاوشێوەو هاوچارەنووسی کوردی زانیوون کە ئەوەش ڕەهەندێکی فراوانتر دەبەخشێتە ڕوانین و کەسێتی بارزانی و دەیسەلمێنێت کە خاوەنی گوتارێکی شۆڤێنیستانە نەبووە وەکو زۆرێك لە ناسیونالیستەکانی تورك و فارسو عەرەبەکان.

د- گوتاری پارتی دیموکراتی کوردستان لە 11ی ئازاردا:

بێگومان دوای هاتنەوە سەر کورسی دەسەڵاتی حیزبی بەعس لە ساڵی 1968دا ئەو ئاگر بەستەی کە لە ڕێککەوتنی 29ی حوزەیرانەوە بەردەوام بوو، بەرەو هەرەس چوو بە تایبەتی لە بەرئەوەی کە ڕژێمی تازە، بایەخێکی زیاتری بۆ جەلالیەکان گێڕایەوە. بۆیە گرژی نێوان شۆڕش و بە تایبەتی جەلالیەکان لە ساڵی 1969دا تەواو ئاڵۆز بوو چەندین شەڕو پێکدادان روویانداو لەو شەڕانەشدا کە سوپای عێراق دژی هێزی پێشمەرگە دەیکردن بە پێی قسەی ئیسماعیل تایە ئەلنوعەیمی کە ئەو کاتە کرایە سەرۆکی فیرقەی دوو لە کتێبەکەیدا بە ناوی ( ئەزموونم لە سەرکردایەتیدا)، باسی ئەوە دەکات کە جەلالیەکان هاوکاری هەرە باشی سووپا بوون بۆ لێدانی هێزی پێشمەرگەو خەڵکی کوردستان. کە ئەوەش زیاتر شێوازی شەڕی نێوان کوردو ڕژێمی گۆڕی بۆ شەڕی نێوان کوردو کورد. بەلاَم پاش بە دەستهێنانی هەندێ سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگەو هەوڵدانی بەعسیش بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی بارودۆخێك هاتە ئاراوە بۆ ئەوەی کە بەعس بیر لەوە بکاتەوە بکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵ بارزانی دا. هەروەك دەشێت بارزانیش خوازیاری ئەوەبوو بێت کە هەلێك ڕێکبکەوێت بۆ ئەوەی زیاتر دەسەلاَت و نفووزی جەلالیەکان سنووردار بکات و سەرئەنجام

ناچاربن به لاوازی بێنەوه بەردەمی کە لە راستیشدا هەروا کەوتەوەو رەنگە ئەوەش تاکە هیوایەك بوو بێت لەو هەموو هیوایەی بارزانی هەیبوون بەدیهاتبێت. بەلاّم دیارە بارزانی سەرئەنجامیش بە عەقلّ و بە هەلّوێستی سەرکردەیەکی بە ئەزموون و لێهاتوو مامەلّەی لەگەلّ ئەوان کردو ئەوەش جارێکی تر ئەگەر لە رووکەشیشدا بووبێت جۆرێك لە یەکگرتنەوەی درووست کرد.

ئێستا کاتی ئەوەیە بپرسین ئایا رێگەوتنی 11ی ئازاری 1970چی بۆ کورد تێدابوو؟ لەچ ئاستێکی گوتاری ناسیونالیزمی کوردیدا بوو؟ ئایا لە رێکەوتنی ئازاردا، داواکانی کورد جیاوازی هەبوو لەوەی کە لە بەرنامەی پارتی دیموکراتی کوردستاندا سەبارەت بە کوردو عێراق جێگیر کرابوو؟ زۆرێك لەو خالّانەی کە سەبارەت بە رەسمی کردنی زمانی کوردی و دانانی کارمەندانی کورد لە ناوچە کوردییەکان و گێرانەوەی دەرکراو یان ئەوانەی بە ناچاری کاروپیشەی خۆیان بە جێهێشتبوو، لەو خالاّنە بوون کە لە گفتوگۆکانی تریشدا باسیان هاتبوو، بەلاّم ئەوەی بە گوێرەی ئەم رێکەوتنە گرنگ بوو بریتی بوو لە دانانی بەوەدا کە لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا ئەوە جێگیر دەکرێت کە گەلی عێراق لە دوو نەتەوەی سەرەکی پێکدێت کە نەتەوەی کوردو نەتەوەی عەرەبن و ئەم دەستوورەش دان بە مافە نەتەوەییەکانی کوردو کەمە نەتەوەییەکانی تریشدا دەنێت لە چوارچێوەی عێراقی یەکگرتوودا(38). دیارە دەبوو ئەمەش لە ماوەی ئەو چوار سالّەدا لە چوارچێوەی یاسایەکدا بە ناوی یاسای ئۆتۆنۆمی رێکبخرایە کە ئەمەش لە خۆیدا دانپێدانانێکی گرنگ بوو بە بوونی کورددا وەکو نەتەوەیەکی جیاواز لە عەرەب. هەرچەندە پێشتر و لە سەردەمی قاسمدا ئەوە لە

دەستووری کاتی عێراقدا جێگیر کرا کە کوردو عەرەب لەم نیشتیمانەدا هاوبەشن.

دیارە رێکەوتننامەی 11ی ئازار لە پازدە خاڵ پێکهاتبوو، زۆربەی خاڵەکانی شتی ئاسایی بوون. ئەوەی کە ئاماژەی ئاشکرابوو بۆ داننانی رژێم بە مافەکانی کورددا لە شێوازی خود بەڕێوەبردن و لە چوارچێوەی عێراقدا خاڵی چواردەیەمی رێکەوتنەکە بوو کە دەیگووت: ئەو ناوچانەی کە زۆرینەی دانیشتووانەکەی کوردن یەکدەخرێن وەکو یەکەیەکی خود رێبەرێتی( ئۆتۆنۆمی)(39). بێگومان ئەگەر لە چەند روانگەیەکەوە سەیری کۆی خاڵەکانی رێکەوتنی ئازار بکەین ئەوا بەراورد بەو بارودۆخە ناهەمووارەی کە کوردی تێدابوو وەکو دەستکەوتێکی پڕ بایەخ سەیر دەکرێت چونکە گواستنەوەیەکی گرنگ بوو لە پرۆسەی لە نێوبردن و پاکتاوی رەگەزییەوە بۆ جۆرێك لە دانپێدانان. هەروەك یەکەم جاریش بوو لە مێژووی دوای دابەش کردنی کوردستاندا یەکێك لە داگیرکەرەکانی کوردستان دان بەوەدا بنێت کە لە سنووری دەسەڵاتداری و دەوڵەتەکەی ئەودا هەموو ئەو ناوچانەی کە زۆرینەی دانیشتوانەکەیان کوردە یەکدەگرن و دەبنە یەکەیەکی ئیداریو کورد خۆی بەرێوەی دەبات. کەواتە لێرەدا دانپێدانانێکی ئاشکرا بە بوونی کورددا وەکو نەتەوەیەك کە تاکو ئێستا مافەکانی پێشێل کراوەو دانبەبوونیدا نەنراوە بەرجەستە بوو.

هەڵبەت ئەگەر لە روانگەی گوتاری باڵادەستی ئەو کاتەی پارتیەوە سەیر بکەین، ئەوا بە ئاشکرا بۆمان دەردەکەوێت کە رێکەوتننامەی ئازار وەڵامێکی پڕبەپڕی بەرنامەی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو کە بەرنامەی ئەم پارتە بریتی بوو لە دیموکراتی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان. راستە گومان لەوە دەکرا کە حیزبی بەعس و کەلتووری بەعس بچووکترین ئامادەیی هەبێت بۆ

دیموكراتیزەكرنی كۆمەڵگە. بۆیە مەسەلەی بە دیموكراتی كردنی عێراق وەكو جۆرێك لە وەهم سەیر دەكرا. بەلاّم بەشەكەی تری كە دانان بوو بە مافەكانی كورددا لە سیستێمی ئۆتۆنۆمی و لە چوارچێوەی عێراقدا بۆ ئێمەی كورد جێگای بایەخێكی لە رادە بەدەر بوو.

ئەگەر لە روانگەی گوتاری ناسیونالیزمەوە سەیر بكەین ئەوا لە لای هەموو ئەوانە ئاشكرایە كە بایەخ بە مەسەلەی ناسیونالیزم دەدەن كە خاڵی سەرەكی و بنەڕەتی بریتیە لە درووستكردنی دەوڵەتی سەربەخۆ. واتە خاڵی بنەڕەتی و سەوداگەری لەسەر نەكراو كە گەوهەری گوتاری ناسیونالیزم پێكدێنێت بریتیە لە درووستكردنی دەوڵەتی سەربەخۆ. بێگومان كاتێ ئێمە باسی گوتاری ناسیونالیزم دەكەین دەبێ ئەوە بزانین لە تیۆرە كلاسیكییەكانی كۆمەڵناسیدا لە ژێرناوی تردا ناڕاستەخۆ هەمان ئەو ئامانجانە باسكراون كە ئامانجی ناسیونالیزم یان گوتاری ناسیونالیزمن. بۆ نموونە شاری هەرە تەواو لە تیۆری فارابی دا هاوشانی دەسەلاّتی دەوڵەتی سەربەخۆیە، كە بە گوێرەی كورد مەبەستمان لە شاری هەرە تەواو درووستكردنی دەوڵەتێكی سەربەخۆیە لە سەر هەموو جوگرافیای كوردستانی گەورە. دیارە ئەم تێزە لە رووی تیۆرییەوە رەنگە قسە لەسەر كردنی ئاسان بێت، بەلاّم ئایا جێبەجێكردنی لەسەر زەمینەی واقیعی كوردستانی داگیركراوو دابەشكراو چۆن دەبێتو كێ دەبێتە بكەری ئەو پرۆژەیەو چۆن دەكەوێتەوە ئەوەیان مەسەلەیەكی ترەو ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ كۆتایی جەنگی جیهانی دووەم، واتە بۆ ئەو كاتەی كە كۆمەڵەی ژیانەوەی كوردستان لەسەروەختی دەسەلاّت و بڕیاری قازی محەمەددا ناوی گۆڕا بۆ پارتی دیموكراتی كوردستانی ئێران و هەر بە ماوەی ساڵێك دوای ئەوە بازانیش پارتی دیموكراتی كوردستانی عێراق درووست كرد بۆ ئەوەی خەبات بكات بۆ

بەدیهێنانی خواست و داواکانی کورد لەم بەشەی کوردستاندا، هەرچۆن پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران خەباتی دەکرد لە پێناوی کوردی ژێرسایەی دەسەڵاتی داگیرکەری ئێرانیدا .

ئێستا ئەگەر لەم روانگەیەوە سەیر بکەین ئەوا بە باشی تێدەگەین کە هەردوو پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران و عێراقیش هەر لە سەرەتای درووستبوونیانەوە بەرنامەی بەدەستهێنانی مافەکانی کوردیان هەبووە لە بەشێکی دیاری کراوی کوردستاندا کە ئەمەش هاوشێوەی دەسەڵاتی شاری تەواوە لە تیۆری فارابیدا، ئەگەر بەرنامەی ئەم دوو پارتە درووستکردنی دەوڵەت بێت لەو بەشەی کوردستاندا کە نوێنەرایەتی دەکەن. بەلاّم ئەگەر بەدەستهسێنانی ئۆتۆنۆمی بێت بۆ هەر بەشێگ لە چوارچێوەوی دەسەڵاتی ئەو دەوڵەتەدا کە داگیری کردووە، ئەوا گوتاری ناسیونالیزمی کوردی هاوشێوەوی گوتاری شاری ناتەواوە. بەهەرحاڵ ئەگەر گوتاری شاری ناتەواو بریتی بێت لە نیمچە دەسەڵاتێکی سادە بەسەر رووبەرێکی جوگرافی دیاریکراوداو ئەو دەسەڵاتەش دەسەڵاتێکی رەها نەبێت واتە لە سەرووی ئەو دەسەڵاتە سادەیەوە دەسەڵاتیکی تر هەبێت کە ئەو دەسەڵاتی رەها بێت و هەموو برێیارێکی گرنگ و چارەنووس ساز ئەو بیدات. کەواتە دەسەڵاتی شاری ناتەواو لە گەوهەردا دەسەڵاتێکی ناتەواوە مادەم مافی هەموو برِیارێکی نییە لە چوارچێوەی ئەو رووبەرە جوگرافیەی کە بە هی خۆیی دەزانێت و وایشی نیشان دەدات کە فەرمانرِەوای راستەقینەو بێکەموکورتی ئەو رووبەرەیە. دەسەڵاتی ئۆتۆنۆمی هاوشێوەی دەسەڵاتی شاری ناتەواوە هەرچۆن گوتاری ئۆتۆنۆمی هاوشێوەی گوتاری شاری ناتەواوە.

دیاره ئێمه لێرەدا مەبەستمان ئەوە نییە کە بڵێین ڕێکەوتنی ئازار شتێکی کەم بەهابووە، نەخێر بۆ ئەو بارودۆخەی کورد ئەو ڕێکەوتنە بایەخ و گرنگی خۆیی هەیە ئەویش وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد لە پلەی یەکەمدا داننانی ڕاستەخۆی ڕژێمە بە بەشێك لە مافەکانی کورددا کە ئەویش ناڕاستەخۆ داننانێکی ئاشکرابوو بە بوونی کورددا وەکو نەتەوەو ڕازیبوونیش بەوەی کە لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا ئەو دانپێدانانە جێگیر بکرێت کە ئەو دانپێدانانە بایەخی ڕێکەوتنەکە زیاتر دەکات. ئەمە سەرباری ئەوەی هەم لە رووی مەعنەوییەوە ئەو ڕێکەوتنە بۆ کورد گرنگ بوو هەم لە رووی بوار ڕەخساندن بۆ دروستبوونی جۆرێك لە ئاشتی و هێمنیەوە بارودۆخێك هاتە کایەوە کە کورد لە رووی کەلتووری و ڕۆشنبیری و زمان و خوێندن و ئەدەب و هونەریشەوە کەوتە جوڵە کە ئەوەش بنەمای جوڵەو ڕابوونەوەیە بەرەو ڕێنیسانسی هەمەلایەنەی نەتەوەیی کە لە ڕاستیشدا چوار ساڵی ماوەی ڕێکەوتن لەو رووە بایەخی خۆیی هەبووە. دیارە ئەوە ئاشکرایە کە هەروەکو ئیبن خەلدوون دەڵێت: عیمران و ئاوەدان کردنەوە تەنیا لە سایەی سەقامگیریدا دەگاتە ئەنجام(40).

دیارە سەرباری لایەن و خاڵە پۆزەتیفەکانی ڕێکەوتنی ئازار دەبێ ئەوە بزانین لە ڕوانگەی گوتاری ناسیونالیزمەوە ئەو خاڵانەی لە ڕێکەوتنەکەدا سەبارەت بە دیاری کردنی مافەکانی کورد هاتبوون لە ئاستێکی ئەوتۆدا نەبوون کە بتوانین بڵێین ئەوە جێبەجێ کردنی داواو ویستە نەتەوەییەکانی حیزبێکی ناسیونالیزمە لەو ڕوانگەیەوە کە بەرنامەی حیزب و ڕێکخراوی ناسیونالیزم بریتیە لە دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی لەسەر جوگرافیای نەتەوە. بەلام پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕێکەوتنی ئازاردا یەکەم داواکانی بە پێی

بەرنامەی حیزبەکە خۆی بوو کە بریتی بوو لە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان. هەروەك ئەو دەسەڵاتی ئۆتۆنۆمیەش راستەخۆ جێبەجێ نەکرا بەڵکو ماوەیەکی دوورو درێژ دانرا بۆ جێبەجێکردنەکەی و هەر لەسەرەتاشەوە لە رێکەوتنەکەدا دانرا بە سنووری راستەقینەی ئەو جوگرافیایەدا کە جوگرافیای راستەقینەی کوردستان بوو، بەڵکو سنووری دەسەڵاتی ئۆتۆنۆمی کوردی بە کراوەیی بە جێهێڵرا هەتا دواتر لەسەر ئەو ناوچانە رێکبکەون کە جێگای ناکۆکی رژێمی داگیرکەرو سەرکردایەتی کوردی بوو. بەهەرحاڵ ئەگەر ئەم رێککەوتنە وەکو خۆی جێبەجێ بکرایە ئەوا هەرچەندە هەموو داوا نەتەوەییەکانی کوردی لە خۆ نەگرتبوو، بەڵام رێگاخۆشکەرو زەمینە رێکخەر دەبوو بۆ ئەوەی کە کەسێتی ناسیونالیستی بە جۆرێك گەشە بکات و پێبگات بتوانێت زیاتر پێ لەسەر پرۆژەی ناسیونالیزمی کوردی دابگرێت کە خۆی لە سەربەخۆی و دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆدا دەبینێتەوە. هەرچەندە لەو واقیعەی کوردستان ئاخاوتنی پرۆژەی ناسیونالیزمیش لەو زەمینە کۆمەڵایەتیو ئابووریو کەلتووریەی کە هەیە مایەی لەسەر وەستانەو ئەوەش بۆخۆی پرسێکی هەم گرنگ و هەم ئاڵۆزیشە. ئایا دروستبوونی دەوڵەتی کوردی لەسەر هەموو جوگرافیای کوردستان دەبێت، واتە دەرهێنانی کوردستانی دابەشکراوو داگیرکراو لەژێر دەستی داگیرکەرانی کوردستان و دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ هەموو کورد یان دروستکردنی سەربەخۆیی و دەوڵەت لە هەر یەکێك لە پارچەکانی کوردستاندا کە ئەمەی دواییان هاوشێوەی دەسەڵاتی شاری تەواوە.

بەڵام وەکو پێشتر گوتمان گوتاری ناسیونالیزم هاوشێوەی گوتاری شاری هەرە تەواوە. واتە بە گوێرەی کورد مەبەست رزگارکردن و یەکگرتنەوەو

دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆیە لەسەر هەموو جوگرافیای کوردستان. دیارە تاکو ئێستاشی لەگەڵدا بێت ئەم خواستە نەبۆتە بەرنامەو پرۆژەی هیچ حیزب و رێکخراوێکی جەماوەری لە کوردستانداو بەگشتی حیزب و رێکخراوە جەماوەرییەکان داواو بەرنامەکانیان لە نێوان دیموکراتی بۆ دەوڵەتی سەردەستەو ئۆتۆنۆمی یان وەکو ئەوەی باشووری کوردستان فیدراڵی بۆ کوردستانە. کە ئەمەش ئاستی ئەوپەڕینی بەرنامەی حیزب و رێکخراوە جەماوەردارەکانی کوردستانە. بەهەرحاڵ لە روانگەی گوتاری ناسیونالیزمەوە رێکەوتنی ئازاری ساڵی 1970سەرباری بایەخی گرنگی بەلاّم بریتی نەبوو لە جێبەجێکردنی گوتاری ناسیونالیزمی کوردی بەڵکو ئەگەر جێبەجێ بکرایە ئەوا بریتی بوو لە جێبەجێ کردنی گوتاری پارتی دیموکراتی کوردستان کە ئەو گوتارەش سەرباری بارگاوی بوونی یان بارگاوی کردنی بە بەشێك لە داوا ناسیونایستیەکانی کورد بەلاّم نەبۆتە گوتاری ناسیونالیزم بەجۆرێك کە شووناسی ناسیونالیزمی هەبێت.

ئێمە دەزانین سەرباری ئەوەی کە رێکەوتننامەی ئازار بەرجەستکردنی گوتاری ناسیونالیزمی کوردی نەبوو بەلاّم هەنگاوێکی گرنگ و بەرەوپێشەوەچوونێکی پڕ بایەخ بوو لە مێژووی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورداو جووڵەیەکی گرنگ بوو بە ئاراستەی نزیکبوونەوە لە ئامانجە نەتەوەییەکانو بەرەو هەڵکشانی گوتاری سیاسی کوردی بە ئاراستەی گوتاری ناسیونالیزمی کوردی. دیارە ئەوە ئاشکرایە کە پاشی چوار ساڵ رژێم لە جێبەجێکردنی ئەو رێکەوتننامەیە پاشگەز بووەوە، بەلاّم ئەوەی کە گرنگ بوو ئەوە بوو کە مەسەلەی داننانی رژێمی عێراقی بە بوونی نەتەوەی کورداو مافی ئەم نەتەوەیەش بۆ ئەوەی ببێتە خاوەنی بەشێك لە مافەکانی لە سیستێمی ئۆتۆنۆمی و لە چوارچێوەی

عێراقـدا تۆمـارکراو بـووە بەڵگەنامەیـەك كـە بـۆ ئـەوەو دوا بزووتنـەوەی نەتەوایەتی کوردی داوای لەوە کەمتر بەرز نەکاتەوە، بـەڵکو کـار بـۆ دەسـتکەوتی زیاتر بکات. ئەمە سەرباری ئەوەی کە لـە مـاوەی ئـەو چـوار سـاڵەی ئاگربەسـتدا بزاوتێکی بەرفراوانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و پەروەردەیی و ئابوری‌و کـەلتووری لـە کورردسـتاندا دەسـتی پێکـردو کاریگـەری لەبەرچـاوی لەسـەر قۆنـاغی دواتـر هـەبوو بـەجۆرێك كـە ئـەو مـاوەی چوارسـاڵە بـووە سـەرەتا بـۆ سـەرهەڵدانی ئاراستەی سیاسی و حیزبایەتی جیاوازو دەرکـەوتنی ئاراسـتەو گروپـی ئـەدەبی و رۆشـنبیری و برەوسـەندنی خوێنـدەواری بەگشـتی و برەوسـەندنی خوێنـدنی کوردی بە تایبـەتی کـە هـەموو ئەمانـە بەرهـەمی رێکـەوتنی ئـازار بـوون. ئەمـە سەرباری ئەوەی کە رێکەوتنی ئازار باڵی جەلالی ناچارکرد کە سـەنگەری دوژمـن بەجێبهێڵن و بگەڕێنەوە ریزی گەل کە ئـەوەش لـە روانگـەی بەرژەوەنـدی بـالاًی نەتەوەوە خاڵێکی گرنگە، هەم لەو رووەوە کە ئەو هێزە لە بری ئـەوەی كـە شـان بەشانی دوژمن دژی گەل بجەنگێ، هەم لە رووی مەعنەوییەوە دیسان گرنگە کـە ئەوانـەی بەشـداری رژێـم دەکـەن لـە دژی نەتەوەکـەی خۆیـان نفـووزو ئامـادەبوونێکی ئـەوتۆیان نـەبێت. بـەلاًم کاتێـك هێزێکـی بـەرفراوان و بەسەرکردایەتی نوخبەیەکی خوێندەوار هاوکاری دوژمن و سووپای دوژمن بکەن بـۆ دژایـەتی گەلەکـەی خۆیـان و بزووتنـەوە نەتەوایەتیەکـەی ئـیتر گـرنگ نییـە سرووشـتی بزووتنەوەکـە چـۆنەو چـییە گـرنگ ئەوەیـە لەسـەنگەری گەلدایـە. هاوکـاری کردنـی بەشـێك لـە کـورد لەگـەڵ دوژمنـدا لـە ژێـر هـەر ناوێکـدا بێـت کـارێکی نـاجۆرەو لـە رووی مەعنەوییـەوە وەکـو شـتێکی نائاسـایی و تەنانـەت جۆرێك لە شکستیش سـەیر دەکرێـت، ئـەویش لـە پلـەی یەکەمـدا بـۆ ئـەو هێـزو نوخبەیـەی کەسـەرکردایەتیان دەکـات، لـە پلـەی دووەمـدا بـۆ بزووتنـەوەی

کوردایەتیش کە نەیتوانیووە بە جۆرێك کار بکات هەموو توێژو چین و دەستەو پێکهاتــەو ئاراســتە ئایدیۆلۆجیــەکان لــە بزووتنەوەیــەکی جــەماوەری گشــتگردا کۆبکاتەوەو لـە پێنـاوی ئـازادی نیشـتیمان و بـەدیهێنانی مافـە نەتەوایەتیەکانـدا بەکاریان بهێنێت.

ه-گوتاری پارتی دیموکراتی کوردستان لە شکستهێنانی ڕێکەوتننامەی ئازارەوە:

مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لە 13ی ئازاری 1974دا بەیانێکی دوورو درێژی دەرکرد سەبارەت بە وردەکارییەکانی ڕێکەوتننامەی ئازارو ئـەوەی دەبوو حکومەت جێبـەجێی بکردایـە لـە مـاوەی ئـەو چـوار ساڵەداو ئەوەشـی کـە دەبــوو بــە لیژنــەی هاوبــەش جێبــەجێ بکرایــەو ئــەو خۆدزینــەوەو پشــتگوێ خســتنانەی کــە ڕژێــم کردوونــی. هــەروەك لــەو بەیانــەدا پــارتی دیمــوکراتی کوردســتان ئــەوەی خسـتە ڕوو کــە پێناچـێت ڕژێـم نیـەتی ئـەوەی هـەبێت بـە ئاراستەیەکی درووست کـار بکـات بـۆ جێبـەجێکردنی بەنـدەکانی ڕێکەتننامەکـە، بـەڵکو بـە پێچەوانەوە شـێوازی ڕەفتـارکردنی ڕژێـم بـە ئاشـکرا دەریـدەخات کـە دەیــەوێت خــۆی لــە جێبــەجێ کردنــی ئــەو ڕێکەوتننامەیــە بدزێتــەوەو درووستکردنی چەندین کێشەی پێشتریش هەر لە هـەوڵی شـەهیدکردنی بـارزانی و تیرۆرکردنی ئیدریس بارزانی و چەندین کاری تری نابـەجێ بـۆ ئـەوە بـوو کـە ڕژێم کورد ناچار بکات پێش ماوەی چوار ساڵەکە بچێتەوە بـە گـژ ڕژێمـدا هـەتا گوناهی جێبەجێ نەکردنی بەندەکانی ئەو ڕێکەوتننامەیە بخاتە ئەستۆی کـورد. بەڵام دیـارە لـەم هەوڵەیـدا ڕژێـم سـەرکەوتنی بەدەسـت نـەهێناو دەستپێشـکەری شەڕ لە لایەن کوردەوە نەبوو. هەر لەو بەیانەدا مەکتەبی سیاسی پارتی گونـاهی ســەرهەڵدانەوەی شــەڕ دەخاتــە ئەســتۆی ســەرۆکایەتی ڕژێــم کــە ڕوانــینی شۆڤێنیستانەیان وای لێکردوون نەتوانن بەرژەوەنییەکانی گەلانی عێراق ببینـن.

دیارە بەیانەکەی مەکتەبی سیاسی پارتی هیوای گفتوگۆی زیاترو چارەسەری ئاشتیانەی کێشەکانی بە کراوەیی بەجێهێشتووەو وای نیشان دەدات هێشتا خوازیاری بالادەستبوونی لۆجیکی عەقڵە بەسەر عاتیفەو هەڵچوونی شۆڤێنیانەی سەرکردایەتی بەعسدا.

بەلام وەك بینیمان کارەکان بە پێچەوانەی خواستی خەڵکی کوردستان و زۆرێك لە عەرەبی عێراق رۆیشت چونکە ئاساییە کە خەڵك بە گشتی خوازیاری شەڕ نییە. چونکە ئاشکرایە بە غەریزە زۆرینەی مرۆڤ خوازیاری ئاشتی و سەقامگیرییە. ئەوەی چاوەڕوان دەکرا لە رێمی بەعس بە ئاشکرا روویداو پشتی لە لۆجیکی چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد کردو ئەو رێکەوتنەشی کە هەوڵی زۆرو سەختی لە لایەن هەردوولاوە بۆ درابوو جێبەجێ نەکراو جارێکی تر مەترسی ئاگری شەڕ ئاسمانی کوردستانی گرتەوەو بە فیعلیش ئاگری ئەم جارە تەنیا هەر چیاو دارستان و کێڵگەو مەزراو هاوولاتیانی نەسووتاند، بەڵکو سەرئەنجام شۆرشیشی سووتاندو شۆڕشی کوردی گەیاند بە ترسناکترین شکست بە جۆرێکی ئەوتۆ کە بزووتنەوەیەکی گەورە لە ژمارەی پێشمەرگەو لە خەڵك لە کورتترین ماوەدا هەرەسی هێناو توانای بەرگری و خۆڕاگرتنی نەماو بە ناچاری سەنگەری بەرخوردان و بەرگریکردن چۆڵکراو جارێکی تر رژێم توانی بە ئازادی و بێ هیچ ترسێك دەسەلات بەسەر کوردستاندا بکاتەوەو لەم بارودۆخەشدا گوتاری بەرگری گۆڕا بۆ گوتاری شکست و لە هەندێ ئاستیشداگەیشتە خۆبەدەستەوە دان.

بێگومان هەموو دەزانین کە ئاسەواری شکستی شۆڕش لەسەر کورد چ سەخت بوو بە تایبەتی ئەگەر لەو روانگەیەوە سەیر بکەین کە لە رێکەوتنی ئازاردا گەلی کورد بە ئومێدی ئەوە بوو کە ببێتە خاوەنی دەسەڵاتێکی ئۆتۆنۆمی لەسەر

جوگرافیای ئەو بەشەی کوردستان کە لکێندراوە بە عێراقەوە. بەڵام پاش پێنج ساڵ نەك هەر ئەو هیوایەی بەدینەهات بەڵکو بزووتنەوەکەشی دووچاری شکست هات و توانای بەرگری نەماو ئاستی بەرگری کردن لە لای بزووتنەوەیەکی چەکداری گەورە بە جۆرێك هەرەسی هێنا کە لەسەرووی هەموو تەسەورکردنێکەوە بوو. لە بارودۆخێکی ئاوەهادا بە ئاشکرا گوتاری شکست جێگای گوتاری بەرگری گرتەوەو بنەماکانی گوتاری مانەوە کە لە مێژووی سەرهەڵدانی راپەڕینەکانی کوردەوە گوتاری بالأدەست بووە نزیك بووەوە لە هەڵوەشاندنەوە. ئەوەش بێگومان ترسناکترین چرکە ساتە کە نەتەوەیەکی تێبکەوێت.

بەهەرحاڵ گوتاری پارتی دیموکراتی کوردستان رووبەڕووی پاشەکشەیەکی گەورە بووەوە بە تایبەتی ئەگەر بەراورد لە نێوان ساتەوەختی ئیمزاکردنی رێکەوتننامەی ئازارو ساتەوەختی رێکەوتنی نێوان عێراق و ئێران بکرێت لە ئازاری 1975دا ئەوا بەئاشکرا پاشەکشەی گوتاری کوردی دەبینرێت کە لەیەکەمیاندا ئەو گوتارە لە هەڵچووندا بوو لە ساتەوەختی دووەمیشدا گەیشتە ئاستی شکستو هەڵوەشاندنەوە.

دیارە ئەوە ئاشکرایە دوای ئەوەی کە پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق و بزووتنەوەکەی کە بریتی بوو لە بزووتنەوەی کوردی عێراق دووچاری شکست هات، ئیتر بارودۆخێکی ناهەموار باڵی بەسەر کوردستاندا کێشاو رژێم بە هەموو شێوەیەك هەوڵی جێگیرکردنی سیاسەتی خۆیی دەدا بە جۆرێك کە دەیوویست لە کۆنەستی کۆمەڵایەتی کوردیدا گوتاری ناسیونالیست شۆڤێنیزمی عەرەبی لە ژێر درووشمی عێراقیبووندا بچەسپێنێت و لەوێشەوە هەوڵبدات گوتاری عێراقیبوون کە لە راستیدا گوتاری ناسیونالیزمی عەرەبی بوو کە بەعس

نوێنەرایــەتی دەکــرد لــە رێگــای پــرۆژەی بــە بەعســی کردنــی کوردســتانەوە بسەپێنێت. دیارە لەو ئاقارەشدا هەوڵێکی زۆری دا بۆ ئـەوەی زیـاترین ژمـارە لـە خــەڵکی کوردســتان بکـات بــە بەعســی و تــا ئەندازەیــەکیش لــەو پرۆســەیەدا سەرکەوتنی بە دەست هێنـاو تـوانی لـە نێـو کۆمەڵگـەی کوردیـدا ژمارەیـەکی لـە بەرچاو خەڵك لە خەێندەوارو نەخوێندەوار بکات بە بەعسی.

## هـ- گوتـــاری پـــارتی دیمـــوکراتی کوردســـتان لـــه دووبـــاره دەستپێکردنەوەی خەباتەوە:

دوای تێپـەڕبوونی ماوەیـەك بەسـەر شکستی شۆڕشـدا لـە شـێوەی زۆر سادەو بـە ژمارە کەمدا پێشمەگە لە شێوەی مەفرەزە پارتیزانیدا دەرکەوتن کە ئەویش یان پێشمەرگەی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان بوون یـان ئـەو مەفرەزانـەی پـارتی بـوون کـە بـە ماوەیـەك پـاش شکست لـە سـنووری ئێرانـەوە ئەمـدیووی سـنوور بوونوە. بێگومان لـە رووی مەعنەوییـەوە دەرکەوتنـەوەی پێشـمەرگە بایـەخێکی زۆری هەبوو، راستەخۆ نامەیەکی بەهێز بوو بۆ ئەو پرۆژە ترسناکەی کـە رژێـم دەیوویست لە کوردستاندا جێبەجێ بکات کە ئەویش پـرۆژەی بەبەعسی کردنـی خـەڵك بـوو شانبەشـانی سیاسـەتەکانی بەعـەرەبکردن و دەرکـردن. بەهـەرحاڵ جارێکی تـر رژێـم هەسـتی کـردەوە کـە نـەیتوانیووە گیـانی بـەرگری لـە بـوونی کـورددا بکوژێـت و هاوکـاتیش ژمـارەی پێشـمەرگەی کوردسـتان لـە زیـادبوون و پەرەسـەندندا بـوو بـە تایبـەتی لەگـەڵ دەسـتپێکردنی شـەڕی عێـراق ئێرانـدا ژمارەیەکی زۆر لە لاوان ئامادەنەبوون بچنە بەرەکانی جەنگ و ژمارەیەکیش کە چوون بەرەبـەرە سـوپای عێراقیـان بەجێدەهێشـت و هەندێکیشـیان پەیوەنـدیان دەکـرد بـە هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتانەوە بـە جیـاوازی ئاراسـتەکانیانەوە. بەهـەرحاڵ ئـەوەی مایـەی نیگـەرانی بـوو ئـەوە بـوو نـەك حیـزب و رێکخـراوە جیاوازەکـانی ئـەمجارەی بزووتنـەوەی کوردایـەتی خـاوەنی یـەك گوتـار نـەبوون بـەڵکو لـە سـەنگەری دژی یەکتریشـدا بـوون و ئـاگری شـەڕی براکـوژی لـە هـەر چرکەسـاتێکدا ئەگـەری هەڵگیرسـانی هـەبوو. چـەندین کارەسـاتی ترسـناك و

دڵتـەزێن لـەو بـوارەدا روویـداو چـەندین گـەنجی دلسۆزی کـورد کـە رۆمانسـیانە چەکی کوردایەتیان کردبووە شان بوونە قوربانی شەڕی کۆنەقینی نێوان هەردوو ئاراستەکەی پێشتری نێو پارتی.

گوتـاری باڵادەسـتی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان هـەر لەگـەڵ دەرکەوتنـەوەی پارتیدا لەسـەر مەیـدانی خـەبات هـەمان گوتـاری پێشـتر بـوو کـە بـریتی بـوو لـە دیموکراتی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردسـتان. هەرچـەندە پـارتی لەسـەرەتاوە بە ناوی سەرکردایەتی کاتی کاری دەکردو هەندێ لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پێشـتر پێیـان وابـوو ئـیتر سـەرکردایەتی بـارزانی و بنەماڵـەی بـارزانی کۆتـایی هاتووەو ئەوان دەتوانن سەرکردایەتی پـارتی بکـەن، بـەڵام لـە ماوەیـەکی کورتـدا رووداوەکانی سەر زەمینەی واقیع سەلماندی کە ئەو بۆچوونەی ئەو بەرپرسـانەی پارتی راست دەرنەچوو، دەرکەوت تەنیا بنەماڵەی بارزانی دەتوانن سەرکردایەتی پارتی بکەن. دیارە مەسعود بارزانی لە دوای کۆچی دوایی مستەفا بـارزانی بـووە سەرۆکی پارتی و توانی جارێکی تر ئەم حیزبە رێکبخاتەوەو ئامـادەبوونی خـۆی شان بە شانی یـەکێتی نیشـتیمانی نـەیاری بسـەلمێنێت. بـە تایبـەتیش لـە نیـوەی دووەمی هەشتاکانی سەدەی رابـردوودا کـە بـەعس دڵڕەقانـە کەوتـە وێرانکردنـی کوردســتان و جینۆســایدکردنی خەڵکەکــەی، یــەکێتی و پــارتی بــە ناچــاری هاوپەیمانێتیـەکیان لـە ژێـر نـاوی بـەرەی کوردسـتانیدا پێکهێنـا کـە حیـزبو لایەنـەکانی تـری کوردسـتانیش تیایـدا بەشـدار بـوون. بـەڵام ئـەم بەرەیـەش بـە شێوەیەکی گشتی خاوەنی گوتارێکی دیار نەبوو بێجگە لە گوتاری دیموکراسـی بـۆ عێـراق و ئۆتۆنـۆمی بـۆ کوردسـتان. ئـەم گوتـارەش هـەروەکو خـۆی مایـەوەو تەنانـەت لـە راپـەڕینی ئـازاری 1991یشـدا کـە جـەماوەرو پێشـمەرگە زۆربـەی ناوچەکانی باشووری کوردستانیان رزگـار کـرد. هێشـتا بـەرەی کوردسـتانی هـیچ

پرۆژەو گوتارێکی ئاشکرای نەبوو تەنیا ئەوە نەبێت کە چاوەڕوانی دەکرد لەگەڵ ڕژێمـدا بکەوێتــە گفتوگــۆ لەســەر ئۆتۆنــۆمی و لــە ڕاستیشــدا هــەر وایکــردو گفتوگۆیـەکی چـڕو پـڕ لـە نێـوانی سـەرکردایەتی بـەرەی کوردسـتانی و ڕژێمـی بەغدا دەستی پێکرد لەسەر بنەمای هیوابوونی کورد بەوەی کـە ڕژێـم دان بنێـت بە مافی ئۆتۆنۆمیدا بۆ گـەلی کـورد لـە چوارچێوەی عێراقـی یـەکگرتوودا، واتـە بـــەرەی کوردســـتانی ڕاســـتەحۆ یـــان ناڕاســـتەوخۆ داوای جێبـــەجێکردنی ڕێکەوتننامـەی ئـازاری دەکـرد. بـۆ ئـەو مەبەسـتەش گفتوگـۆ چـەند مـانگێکی خایانـدو سـەرەتا مـام جـەلال سـەرۆکی شـاندی کـوردی بـوو کـە لەیەکـەم بینـدا ئەملاو ئەولای سەدام حسێنی ماچ کردو ڕایشی گەیاند کە سەدام حسێن دژ نییـە بەڵکو دادوەرەو لە پـای ئـەوەش تاڵـەبانی کەوتـە بەرشـەپۆلێکی بـەهێزی لەسـەر نووسین و ڕەخنە لێگرتن و تەنانەت قسەی ناشیرین پێگوتنیش. لە دوای ئەوەش مەسعود بارزانی بووە سەرۆکی شاندی کوردی و مـاوەی دوورو درێـژی لـە بەغـدا بردەسەرو سەرئەنجامی گفتوگۆش لەسەر ئۆتۆنۆمی هیچ بەرهەم نەهات.

دیارە ئەوە ئاشکرایە کە ئەو بنەمایەی کە هەم گفتوگۆی ساڵی 1983ی یـەکێتی نیشتیمانی و ڕژێم و هەم گفتوگۆی بەرەی کوردستانیو ڕژێمی لە دوای ڕاپـەڕین لەسەر کرا، هەمان ئـەو بنەمایـە بـوو کـە ڕێکەوتننامـەی ئـازاری سـاڵی 1970ی لەسەر ئیمـزا کـرا. کەواتـە بـە ئاشـکرا گوتـاری پـارتی و بزووتنـەوەی کـوردی لـە ماوەی ئەو بیست ساڵەدا گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەردا نەهات کە شایانی باس بێـت. ئـەم گوتـارە هـەروەك خـۆی مایـەوە هەرچـەندە هەنـدێ جـار لـە بـری ئۆتۆنۆمی ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بەکار دەهات، بەڵام گەوهەرو ماهیەتی گوتارەکە جـێگیر بـوو. لــە دوای هەڵبــژاردن لــە کوردســتانداو پێکهێنــانی پەرلــەمان و حکومــەت ، پەرلــەمان وەکـو دامەزراوەیــەکی شــەرعی کــە بــە دەنگــی خــەڵکی

کوردستان دروست بوو له مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی 1992دا بڕیاری دا کە گۆڕانکاری بەسەر گوتاری نزیکەی نیوسەدە تەمەنی بزووتنەوەی کوردیدا بهێنێت و لە بری ئۆتۆنۆمی بڕیاری دا کە کورد بە شێوەی سیستەمی فیدراڵی لە چوارچێوەی عێراقدا دەمێنێتەوەو لە بری ئۆتۆنۆمی حکومەتی فیدراڵی لەسەر جوگرافیای کوردستانی لکێنراو بە عێراقەوە بینا دەکات کە ئەمەش لە راستیدا گۆڕانکارییەکی گەورە بوو لە گوتاری بزووتنەوەی کوردیدا.

راستە هێشتا لە چاو دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆو جیابوونەوەدا فیدراڵی ئاستێکی نزمە لە مافەکانی نەتەوە، بەڵام بەراورد بە لامەرکەزی و ئۆتۆنۆمی و ئۆتۆنۆمی راستەقینە، فیدراڵی ئاستێکی پێشکەوتووترەو هەنگاونانە بەرەو بنیادنانی گوتاری ناسیونالیزمی خاوەن شووناس کە بریتیە لە دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوە. بەهەرحاڵ هەرچەندە کورد لەم بەشەی کوردستاندا نەیتوانی گوتاری سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەت بنیاد بنێت، بەڵام لە سایەی راپەڕیندا گۆڕانکاریەکی گەوهەری بەسەر گوتاری سیاسی و پرۆژەی کارکردنیدا هات کە ئەویش هەنگاونانێکی ئاشکرا بوو بەرەو ئایندەیەکی گەشتر کە نزیکبوونەوەیە لە سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی واتە جێبەجێکردنی بنەماکانی گوتاری ناسیونالیزم کوردی.

سەرچاوەکان:

1- مسعود البارزانی، البارزانی والحرکە التحرریە الکردیە، 1961- 1975، اربیل، 1986،ص23.

2- لازاریف و اخرون، تاریخ کوردستان. ترجمە الدکتور عبد حاجی، دهوك، 2006،ص 277.

3- هەمان سەرچاوە، ل279.

4- جريده الاتحاد، 18-9-1962 و لازاريف و اخرون، تاريخ كردستان، ترجمه الدكتور عبد حاجى، دهوك، ص277.

5- کۆنگرەی یادەوەری سەد ساڵەی بارزانی نەمر، بەشی یەکەم، هەولێر، 2003، ل.209.

6- Edith and E.F. Penrose, Iraq: International Relations and National Development, London,1978,p.276.

7- مسعود البارزانى، البارزانى والحركه التحرريه الكورديه، 1961-1975، ص24.

8- گوینتەر دێشنەر، کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێکراو، وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە بۆ عەرەبی عەبدولسەلام بەرواری، و. کوردی حەمەکەریم عارف، هەولێر، 1998، ل.185.

9- کریس کۆچێرا ، کورد لە سەدەی نۆزدەو بیستدا، وەرگێڕانی حەمەکەریم عارف، هەولێر، 2006، ل.281.

10- عیسمەت شەریف وانلی، کوردستانی عێراق، ل 117، هەروەها کریس کۆچێرا، کوردستان لە سەدەی نۆزدەو بیستدا، ل. 281.

11- David Macdowall, A Modern History of the Kurds, London. 2000,p. 306.

12- عیسمەت شەریف وانلی، کوردستانی عێراق،ل. 117، هەروەها کریس کۆچێرا ، کوردستان لە سەدەی نۆزدەو بیستدا، ل. 281.

13- کریس کۆچێرا، کورستان لە سەدەی نۆزدەو بیستدا،ل.269

14- مسعود البارزانی، البارزانی والحركه التحرريه الكرديه، 1961-1975، ص 26.

15- گوينتەر ديشنەر، كورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێكراو، ل. 187.

16- القوميه مرچ العصر ام خلاصه؟ اعـده للنشر فـالح عبـدالجبار، دار الساقی ، الگبعه الاولى، بيروت، 1995، ص 94.

17- عــەتا قــەرەداخی، چــەمكی دەوڵــەتو بزوێنــەری مێــژوو لــە كۆمەڵگــەی كورديدا، چاپی يەكەم، سلێمانی،1998، ل 123.

18- الدكتور محمد عابد الجابری، العصبيه والدوله، بغداد، ص 254.

19- الدكتور شيركۆ فتح الله، الحزب الديموقراگی  الكردستانی، 1946-1975، ص 147.

20- عبدولاّ رەسوڵ پشدەری- اندلاع پوره ايلول المجيده- ص20.

21- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل.20.

22- هەمان سەرچاوەی پێشووتر، ل. 21.

23 - مسعود البارزانی- الحركه التحرريه الكرديه، 1961-1975، ص 24.

24- ادمون غريب، الحركه القوميه الكـرد- مسعود البـارزانی، البـارزانی والحركـه التحرريه يه- جار النهار- بيروت-1973- ص 52-53.

25- عبــدالله احمــد رســول بشــتدری- انــدلاع پــوره ايلــول المجيــده - الجــزو الاول- ترجمه محمد صالح عقراوی- اربيل، 2001، ص 29-30.

26- مسـعود البـارزانی، البـارزانی والحركـه التحرريـه الكرديـه-1961-1975- ص50.

27- عبدالله احمد رسول بشتدری- اندلاع پوره ایلول المجیده- ص 27.

28- نفس المصدر- ص50.

29- فـالح عبـدالجبار- ناسـيوناليزمی عـەرەب و ئيسـلام - رەهەنـدەكانی ناسيوناليزم-وەرگێرڕاوی كوردی، سلێمانی، 2006، ل. 146.

30- الاپنيه والدوله- الاكراد فى العراق و ايران و تركيا- ترجمه عبدالله النعيمی- بغداد- بيروت- 2006 - ص 14.

31- مسعود البارزانی- البـارزانی و الحركه التحرريـه الكرديـه- 1961-1975. ص128.

32- نفس المصدر السابق- ص 128.

33- دايفـد مـاك كـرون- علـم الاجتمـاع القوميـه- ترجمـه سـامی خشـبه- المركـز القومی للترجمه- الگبعه الاولی- 2007- ص 54.

34- مسـعود البـارزانی- البـارزانی و الحركـه التحريـه الكرديـه - 1961-1975.ص133.

35- نفس المصدر السابق-ص133.

36- كريس كۆچێرا- كوردستان لەسەدەی نۆزده و بيست دا - ل319.

37- مسعود البارزانی - البارزانی والحركه التحريه الكرديه -1961-1975

38- م.س. لازار يف- تاريخ كردستان- ص 308.

39- David MacDowall- A Modern History of the Kurds- London- p. 328.

40- عبدالرحمن ابن خلدون- المقدمه- ص 214.

# بەشی هەشتەم

# گوتاری کاژیك

**سەرەتا:**

**کاژیك کە کورتکراوەی "کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوەو یەکێتی کورد "ە وەکو ڕێکخراوێکی ناسیونایستی کوردی خۆی پێشکەش دەکات و بەلای خۆیەوە**

نوێنەری راستەقینەی کوردو هەموو نەتەوەییەکانی کوردستانە. بەهەرحاڵ ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین بە شێوەیەکی بێلایەنانەو بابەتیانە لەبارەی ئەم رێکخراوەو بەرنامەو روانین و گوتارو شێوازی ئیشکردن و ئاستی ئامادەبوونیەوە بدوێین و باسی ئەوەش بکەین ئایا ئەو هۆکارانە چیبوون لەبەردەم ئەم رێکخراوەدا کە نەیتوانیووە ببێتە رابەری بزووتنەوەی ناسیونالیزمی کوردی.

کاژیك لە ناوەڕاستی مانگی نیسانی ساڵی 1959دامەزرا. ئەگەر بە وردی سەیری ئەو بارودۆخە بکەین کە کاژیکی تێدا دامەزراوە، ئەوە بێ چەندو چوون دەیبەستینەوە بەو بارودۆخە سیاسی و کۆمەلأیەتی و ئابووریەوە کە لە دوای شۆڕشی 14ی تەموزی 1958 هاتۆتە ئاراوە. ئەوە ئاشکرایە رووخاندنی رژێمی پاشایەتی لە عێراقدا راستە لە شێوەی کودەتایەکی سەربازیدا بوو، بەلأم لەگەڵ ئەوەشدا بەجۆرێك گوزارشت کردن بوو لە خواست و ئارەزووەکانی زۆرینەی گەلانی عێراق بۆ گۆڕانکاری، بەتایبەتی کە لە ماوەی سی و حەوت ساڵی فەرمانڕەوایەتی سیستەمی پاشایەتیدا خەڵکی عێراق لەوپەڕی خراپیدا ژیانیان دەگوزەراندو تەنانەت برسی و هەژارو بێکاریش بوون. سەرباری ئەوەی کە رێژەیەکی باش لە نەوتی عێراق دەردەهێنراو دەفرۆشرا، بەلأم عێراقیەکان لێی بێبەش بوون. لە بارودۆخی دوای رووخاندنی ئەو رژێمە سیاسیەدا کە بۆ ماوەیەك جۆرێك لە کرانەوە هەستی پێدەکرا، بیروبۆچوونە جۆراو جۆرەکان و پێکهاتە نەتەوەیی و مەزهەبی و ئایینیەکان هەریەکەیان بە جۆرێك دەیوویست گوزارشت لە خۆی بکات. کاژیکیش لەو بارو دۆخەدا وەکو جۆرە گوزارشت کردنێك لە ویستی گروپێك لە نوخبەی ناسیونالیستی کوردی دامەزراو خۆی وەکو ئالأ هەڵگری ناسیونالیزمی کوردی پێشکەش کرد. بەهەرحاڵ ئێمە لێرەدا

هەوڵدەجەین لەبارەی گوتاری ئەم رێکخراوەوە بدوێین و شوێنی ئەو لە رووی تیۆری و ئامادەبوونی راستی لە سەرزەمینەی واقیع دیاری بکەین.

لە بارەی دامەزراندنی کاژیکەوە دکتۆر جەمال نەبەز دەڵێت: کاژیك واتە کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوەو یەکێتی کورد لە 14ی نیسانی 1959دا دامەزرا(1). کەواتە مێژووی درووستبوونی ئەم رێکخراوە هەشت مانگی رێك دوای روخاندنی دەسەلاّتی پاشایەتیە لە عێراقداو ئەوەش ئاشکرای دەکات کە ئەم رێکخراوەش وەکو لە دایکبوویەکی ئەو بارودۆخە نوێیە دەردەکەوێت. ئەوەی ئاشکرایە لەو بارودۆخە نوێیەدا کە رووخاندنی دەسەلاّتی پاشایەتی هێنایە ئاراوە زیاتر دەرکەوتنی شەپۆلی چەپ و نەتەوایەتییەکی هێمن بوو لە جۆری پارتی دیموکراتی کوردستان کە هەرچۆن حیزبی شیوعی عێراقی زۆرینەی چەپی عێراقی بە کوردستانیشەوە کۆکردبووەوە، بە هەمان شێوە پارتی دیموکراتیش زۆرینەی هەرە زۆری نەتەوەییەکانی کوردی کۆکردبووەوە بێجگە لە نوخبەیەکی کەمی رۆشنبیران نەبێت کە پێیان وابوو پەیوەست بە مەسەلەی نەتەوایەتی کوردی گوتاری پارتی دیموکراتی کوردستان دڵی ئەوان ئاونادات و لەو ئاستەدا نییە کە ویست و خواستە نەتەوەییەکانی ئەوانی لە چوارچێوەی بەرنامەکەیدا جێگا کردبێتەوەو خەبات لە پێناوی ئەو خواست و ویستانەدا بکات بۆ گەلی کورد کە ئەو نوخبە رۆشنبیرە بڕوایان پێی هەبوو، کە ئەویش سەربەخۆی و درووستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی کوردی بوو لەسەر جوگرافیای کوردستانی گەورە. دیارە ئەمەش لەگەڵ بەرنامەی پارتی دیموکراتی کوردستاندا بە تەواوی یەکی نەدەگرتەوە کە بریتی بوو لە دیموکراتی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان. هەڵبەت ئەوەش شتێکی نەشاراوەیە کە سەرباری جیاوازییەکی گەورە لە نێوان گوتاری کاژیك و گوتاری پارتی دیموکراتی

کوردستاندا، کاژیك بە تایبەتی نوخبەی سەرکردایەتیەکەیان بە ڕێزێکی زۆرەوە ڕوانیوویانەتە کەسێتی کاریزمی مەلا مستەفای بارزانی و پێدەچێت وەکو سەرکردەی خۆیان سەیریان کردبێت. بەهەرحاڵ دەبێ بەرنامی کاژیك چی بووبێت و گوتاری سیاسی ئەوان چی و چۆن بووبێت؟

دکتۆر جەمال نەبەز لەو کتێبەیدا کە بە ناوی " هێندێك لە کێشە بنەڕەکیەکانی قوتابخانەی کوردیی سۆشیالیزم" نووسیوویێتی و وەکو مانیفێستی کاژیك سەیر دەکرێت دیدی خۆی بە تەواوەتی لە روانگەی ئەنتی مارکسیزمەوە بنیاد ناوە بۆیە ناشێت بە پێوانەی مارکسیانە، یان لە روانگەی تیۆری ماتریالیزمی مێژووە وەکو پایەیەکی سەرەکی مارکسیزم باس لە گوتاری کاژیك بکرێت. هەروەك یەکێك لە کێشە سەرەکیەکانی ئەو تێزەی کە بە ناوی قوتابخانەی کوردی سۆشیالیزمەوە خستوویەتیە روو ئەوەیە کە بنەمایەکی مادی بەهێزی نییە، یان بە شێوەیەکی تر تەسەوری ئەوە ناکرێت کە لە کۆمەڵگەی کوردیدا ئەو بنەما مادیانە ئامادەبوونیان هەبێت کە پێویستن بۆ ئەوەی بتوانرێت لەم کۆمەڵگەیەدا بکرێن بە بنەما بۆ قسەکردن لەسەر جۆرێکی تایبەتی لە سۆشیالیزمی کوردی. تەنانەت ئەگەر ئەوە هەوڵێکیش بێت بۆ قسەکردن لە سەر تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی کوردی و بەو پێیەش هەوڵدان بێت بۆ ئاخاوتن لە بارەی شووناسی کوردیەوە، ئەوا دیسان بۆمان هەیە بپرسین بۆچی لە هەموو بوارە جۆراوجۆرەکانی پەیوەست بە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی کوردی مەسەلەی سۆشیالیزم بکرێت بە بنەمای سەرەکی بۆ ئاخاوتن لەسەر تایبەتمەندی ئەم کۆمەڵگەیە؟ ئایا چەند نەتەوە لە جیهاندا قوتابخانەی سۆشیالیزمی تایبەتی خۆیانیان هەیە؟ ئایا لە بنەڕەتدا خەباتی کورد لە مێژوودا خەباتی نەتەوەییە یان خەباتە لە پێناوی سۆشیالیزمدا؟ کە بکەری

ئەو خەباتەش ناسیونالیستی خاوەن شووناسە بە مەرجێك ئەو ناسیونالیستە بووبێتە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و هەڵگری پرۆژەی ناسیونالیزم کە ئەویش پرۆژەی درووستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردیە؟ یان ئایا سۆشیالیزم بۆ کۆمەڵگەیەکی خێڵایەتی کشتوکاڵیو شوانکارەیی پێش نێو سەدەی وەکو کۆمەڵگەی کوردی چی دەگەیەنێت؟ ئایا دەشێ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی کورد لە بری ئەوەی ببسترێنەوە بە بنەماکانی دیموکراسیەوە، بڕوا وابێت تەنیا لە سۆشیالیزمدا ئەو مافانە بەدەست دێن؟ ئایا مەبەست لە سۆشیالیزم وەکو ئەوەیە کە لە تیۆری مارکسیزمدا هاتووە کە دەکەوێت پێش بینکردنی کۆمۆنەی دواییەوە؟ ئەمانە بۆخۆیان جۆرێك لە ئیشکالیەتی تیۆری لە رووی کۆمەڵناسیەوە لە خۆدەگرن کە دەشێ هەر ئەو ئیشکالیەتە رۆڵی دیاری هەبوو بێت لەسەر شێوازی گەشەکردنو پەرەسەندنی کاژیك.

جارێکی تر دکتۆر جەمال نەبەز دەنووسێت: بە پێی قوتابخانەی بیری ئازادی و یەکسانی کوردی ، دەوڵەتی هەموو گەل هەر تەنێ لە کۆمەڵگەیەکی ئازاد و یەکساندا شێوای پێکهاتنە چونکە هیچ بەشێك لەگەڵ چینێك ناتوانێ ببێتە نوێنەری هەموو گەل، مەگەر ئەوەی هەموو گەلەکە یەکسان بکات، ئەو دەمەش پێویست بە نوێنەرایەتی نامێنێ(2). بێگومان ئەو تێزەی کە لێرەدا خراوەتە روو هەر هەمان ئەو تێزەی نووسەرە کە ناکۆکە لەگەڵ تێزی نووسەرانی بۆرژوادا لە بارەی دەوڵەتەوە کە ئەوان بەگشتی لە خاڵێکدا یەکیان دەگرتەوە ئەویش ئەوەیە کە دەوڵەتیان وەکو دامەزراوەیەکی رێکخستن و بەڕێوەبردن لەسەرووی کۆمەڵگەوە دەبینی و تا ئەندازەیەکی زۆریش وەکو دامەزراوەیەکی بێلایەن سەیری ئەم دامەزراوەیان دەکرد. ئەمە لە لە کاتێکدا کە تێزی مارکسیزم بڕوای بە دیکتاتۆری پرۆلیتاریا هەبوو، لەو رووەشەوە هەموو

جۆرەکانی تری دەوڵەتی بە دەوڵەتی چینایەتی دەدایە قەڵەم و هەمووشیانی بەسەرکوتکەرو داپڵۆسەر ناودەبردو ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە بە پێی تیۆری مارکسیزم مێژووی مرۆڤایەتی بریتیە لە مێژووی ململانێی چینەکان و هەر لەوێشەوە ئەم تێوریە پێی وایە درووستکردنی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا وەکو دیکتاتۆری چینی کرێکار ڕەوایەتی خۆیی هەیە، بەوەی کە تاکە دامەزراوەی دەوڵەتە کە بتوانێت یەکسانی دابین بکات و بەرەو هەڵوەشاندنەوەی جیاوازی چینایەتی رابەرایەتی کۆمەڵگە بکات. هەروەك بە پێی تێڕوانینی تێزی مارکسیزم دیکتاتۆری پرۆلیتاریاش شتێکی هەتا هەتایی و نەمر نیەو رێگایەکە بۆ کۆتایی هاتنی چەوساندنەوەی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوەو دەروازەی رۆیشتنە بەرەو بیناکردنی کۆمۆنەی دوایی، کە بەو پێیە ئەوەش دوا وێستگەیە کە تیایدا یەکسانی رەها بەرقەرار دەکرێت.

بێگومان ئەگەر لێرەوە سەرنجی روانینەکانی دکتۆر جەمال نەبەز بدەین کە گەوهەری روانین و جیهانبینی کاژیك لەوێوە فۆرمەلە دەبێت، هەمان روانینی مارکسیانەیە بەڵام بە جیاوازی ئەوەی کە یەکسانی رەها لە لای کاژیك دەوڵەتی گەل درووستی دەکات، بەڵام لای مارکسیزم دیکتاتۆرێتی پرۆلیتاریا رێگا بۆ ئەوە خۆش دەکات. جارێ پێش باس لە ئەگەری درووستبوونی دەوڵەتی گەل بکەین، دەبێ بێ سێ و دوو پێ لەسەر ئەو راستیە دابگرین کە یەکسانی و ئازادی رەها جگە لە وەهم شتێکی تر نییە چونکە ئەوە ئاشکرایە نەك مرۆڤ بەڵکو سەرجەمی زیندەوەران غەریزەی دەسەڵات کردنیان هەیە. مرۆڤیش وەکو تاکە بوونەوەری ژیری سەر ئەم گۆی زەوییە لە رێگای بەکار هێنانی ئەو ژیرێتیەی کە هەیەتی و لە رێگای غەریزەی بەربڵاوو بەهێزییەوە بۆ دەسەڵاتکردن بە سەر گەردووندا هەموو توانای خۆی دەخاتە کارو کۆشش دەکات، بۆ ئەو

مەبەستەش پێویستی بە دەسەلآت هەیە تا بتوانێت ئەوەی لە خەیاڵیدایە جێبەجێی بکات، ئەمە سەرباری ئەوەی کە جیاوازی لە ئاستی ژیریتی و لە توانای جەستەیی مرۆڤەکاندا لە بنەڕەتەوە زەمینە بۆ درووستبوونی ئاستی دەسەلآت لە بوونیاندا دەڕەخسێنێ و بەو پێیەش یەکەمین بنەمای ئەو یەکسانیە رەهایەی کە چ مارکسیزم و چ لەم بۆچوونانەی کاژیکیشدا بانگەشەی بۆ دەکرێت دەکەوێتە بەردەم گومانەوە.

ئەنجا با بپرسین مەبەست لە دەوڵەتی گەل لە بری دەوڵەتی چینایەتی چییەو چۆنەو چی پێدەکرێت؟ بێگومان ئێمە لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهان ناوی هەندی دەوڵەتمان لە بەردەستدایە بە ناوی دەوڵەتی گەل یان دەوڵەتی میللی وەکو کۆماری چینی میللی و کۆماری کۆریای میللی و کۆماری یەمەنی دیموکراتی میللی و...تاد. ئەگەر مەبەست لە دەوڵەتی گەل ئەوە بێت کە هەموو گەل بەشدار بێت لە پێکهێنانی وەها دەوڵەتێکدا، ئەوا لە روانگەی روانین بۆ دەسەلآتەوە ئەوە جیگای بڕوا پێکردن نییە چونکە لە بنەڕەتدا تاکەکانی کۆمەڵگە یەکسان نین هەتا بە یەکسانیش بەشداری بکەن لە پێکهێنانی ئەو دامەزراوەدا . ئەوەش ئاشکرایە و ناتوانرێت تەسەوری ئەوە بکرێت کە دامەزراوەیەك هەبێت بە ناوی دامەزراوەی دەوڵەت و تیایدا مومارەسەی دەسەلآت نەکرێت. بێگومان لە هەر جێگایەکیش مومارەسەی دەسەلآت بکرێت ئەوە مانای وایە یەکسانی بوونی نابێت. ئێمە ئەوە باش دەزانین کە کۆمەڵگەی کوردی لەسەروەختی درووستبوونی کاژیکدا واتە لە کۆتایی پەنجاکانی سەدەی رابردوودا پێکهاتەیەکی خێلآیەتی بووە. واتە دامەزراوەی بالآ دەستی ئەم کۆمەڵگەیە لەو کاتەدا خێڵ و عەشیرەت بووە کە لە لوتکەی هەریەکە لەم هەرەمانەشدا  ئاغاو بەگ و شێخ ئامادەبوونیان هەبووەو دەسەلآتی رەهایان

هەبووە بەسەر ئەو پێكهاتەیەداو حیزبیش كە چ پێش ئەو مێژووەو چ دوای ئەو مێژووەش كە درووستبووە لە كوردستاندا، ئەڵتەرنایتیڤی هەمان پێكهاتەو دامەزراوە بووەو تاكو ئێستاش ئەو حاڵەتە بەردەوامەو ئامادەبوونی هەیە. واتە ئامادەبوونی لوتكەی هەرەمەكان و پاسیڤ كردنی پێكهاتەی هەرەمەكان و بەكار هێنانی پێكهاتەی هەرەمەكان تەنیا بۆ جێبەجیكردنی ئەرك و فەرمان. كەواتە دەبێ لە پێكهاتەیەكی لەم جۆرەدا چۆن یەكسانی رەها درووست ببێت؟ بەهەرحاڵ ئەوەی ئەم بۆچوون و تێزە لێكدانەوەیە لە یۆتۆپیا نزیك دەكاتەوە ئەو یەكسانیەیە كە لە نێو گەل یان كۆمەڵگەیەكدا پێكبێت، بە تایبەتی لە كۆمەڵگەیەكی دواكەوتووی سەرەتایی داگیركراوو دابەشكراوی پەراوێزی مێژووی وەكو كۆمەڵگەی كوردیدا. دەشێ ئەو یەكسانییەی كە باس دەكرێت بۆ كۆمەڵگەیەكی ئاسایی ئەگەر بەدیهاتنی هەبێت، بەلاّم بەو شێوە رەهایە نا كە لێرەدا باسی دەكرێت. هەربۆیە چەمكی یەكسانی گەل چەمكێكی یۆتۆپیایانەیەو رەنگە یەكێك لە گرفتە سەرەكیەكانی تێزی ماركسیزمیش، روانینی ئەو تێزە بووبێت بۆ سۆشیالیزم و كۆمۆنەی دوایی كە تیایدا جیاوازی نێوان مرۆڤەكان نەمێنێت. پێموایە بەو ئەندازەیەی كە لە رووی پراكتیكەوە ماركسیزم لە یۆتۆپیا نزیك بووە ئەوەندەش چەمكی یەكسانی گەل لە یۆتۆپیا نزیكەو تەسەوەر ناكرێت لەسەر زەمینەی واقیع شتی وەها رووبدات، مادەم مرۆڤ بە خۆرسكی بوونەوەرێكی دەسەلاّت خوازەو ویستی كۆنترۆڵكردنی سرووشتی هەیە، هەموو شتێك دەكات و هەموو شتێك بەكاردەهێنێت لە پێناوی گەیشتن بەو ئامانجەیدا، تەنانەت بە بەكارهێنانو هەندێ جار بە كوشتنی مرۆڤەكانی برایشیەوە. هەر بۆیە مرۆڤایەتی بە ئاسانی لە پیادەكردنی كە ئەویش لە ئاستێكی تردا دەسەلاّت بەرهەم دەهێنێت رزگاری نابێت بەڵكو لە راستیشدا

کێشەی نێوان مرۆڤەکان چی وەکو تاکەکەس‌و چی وەکو کۆمەڵ پیادەکردن‌و سەپاندنی دەسەڵاتە. دیارە لە بارودۆخێکی وەهاشدا دەسەڵات هەبێت‌و پیادە بکرێت یەکسانی لە سنووری قسەو خەیاڵدا دەمێنێتەوە. هەروەك تەسەورکردنی کۆتایی دەسەڵاتیش جگە لە وەهم‌و خەیاڵ هیچی تر نییە.

ئەگەر وامان دانا کە تاکە چارەسەر بۆ کۆمەڵگەی کوردی دروستکردنی دەوڵەتی هەموو گەلە. ئایا کێ ئەو دەوڵەتە دروست دەکات و چۆن دروست دەکرێت؟ ئایا گەل بەبێ خەبات و تێکۆشان دەتوانێت ئەو دەوڵەتە دروست بکات؟ باشە دەبێ گروپێك، دەستەیەك، کەسێك سەرپەرشتی پێکهێنانی ئەو دەوڵەتە بکات. دیارە هیچ گومانی تێدا نییە هەر گروپ یان دەستە یان کەس یان ڕێکخراوێك سەرپەرشتی پێکهێنانی وەها دەوڵەتێك بکات ئەوا خۆی دەبێتە خاوەنی ئەو دەسەڵاتەی کە چۆن ئەو کارە ئەنجام بدات و لە بارێکی وەهاشدا دەبێتە خاوەنی دەسەڵات و پیادەی جۆرێك لە دەسەڵات دەکات کە ئەوەش لە بنەڕەتدا بەلاوەنانی چەمکی دەوڵەتی هەموو گەلە. هەروەك ناشێت هەموو گەل لە مەسەلەیەکی وەهادا قسەی هەبێت یان بەشداری بڕیاردان بکات مەگەر لە هەڵبژاردندا، بە تایبەتی لە کۆمەڵگەیەکی وەکو کۆمەڵگەی کوردیدا کە ئاستی هوشیاری و بە ئاگایی زۆر نزمەو ناشێت هەروا بە ئاسانی ئەم کۆمەڵگەیە بگاتە ئەو ئاستەی کە لە بڕیاردانی چارەنووسی خۆیدا بەشداری ڕاستەوخۆی هەبێت. بێگومان هەر کەس و دەستەو ڕێکخراو و حیزبێکیش لە سەرەوە لە بری خەڵکی بڕیار بدات، ئەوە مانای وایە پیادەی جۆرێك لە دەسەڵات دەکات و هەژموونی خۆی بەسەر ئەوانی تردا دەسەپێنێت. بەهەرحاڵ ئەوەی مایەی سەرنجە ئەوەیە کە بیرکردنەوە لەدروستکردنی وەها دەوڵەتێك لە سنووری خەیاڵدا دەمێنێتەوە.

یەکێك لەو بنەما سەرەکیانەی کە گوتاری کاژیکی لەسەر بینا کراوە شێوازی تێڕوانین و بڕوابوونی ئەم حیزبەیە بە سرووشتی دەرکەوتنی مەسەلەی نەتەوایەتی و چۆنێتی بەردەوامبوونی. لەم بارەیەوە باشترین بەلگەی پشت پێبەستراو بەرنامەی کاژیك خۆیەتی. لەم بارەیەوە لە چاپی عەرەبی کاژیکنامەدا هاتووە: نەتەوایەتی دیاردەیەکی چینایەتی نییە هەتا لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی پەرەسەندنی کۆمەلاّیەتیدا دەربکەوێت، بەلّکو مەسەلەی نەتەوایەتی لە هەموو قۆناغەکانی ئەم پەرەسەندنەدا هەیە(3). بێگومان ئەم بۆچوونە دیووی دووەم، یان پێچەوانەکردنەوەی بۆچوونی یان دیدی ماکسیانەیە بۆ پەرەسەندنی کۆمەلاّیەتی. مارکسیەکان پێیان وایە مەسەلەی نەتەوایەتی بەرهەمی قۆناغێکی دیاری کراوی پەرەسەندنی کۆمەلاّیەتی هەر کۆمەلگەیەکە کە ئەویش پەیوەست دەکەن بە شۆڕشی پیشەسازی و دەرکەوتنی بۆرژوای نیشتیمانییەوە کە ئەو چینە کۆمەلاّیەتیە وەها سەیر دەکەن هەلگری پەیامی دیموکراسی و جێبەجێکەری ئەرکە دیموکراسیەکانە بە مەسەلەی نەتەوایەتیشەوە، کە ئێستا لە بری بۆرژوای نیشتیمانی چینی ناوەند زیاتر بەکاردێت، چونکە بە روانینی تێزی مارکسیزم کاتێ شۆڕشی بۆرژوازی دەکرێت بۆرژوای نیشتیمانی دەولّەتی نەتەوەیی درووست دەکات. دیارە ئەوە ئاشکرایە ئەگەر ئەم تێزە بۆ مەسەلەی درووستکردنی دەولّەتی نەتەوەیی لە ئەوروپای رۆژئاوا راست بوو بێت، ئەوا نەك بۆ کومەلگەی کوردی کە کۆمەلگەیەکی ناسرووشتیە، بەلّکو بۆ کۆمەلگەکانی رۆژهەلاّت و ولاّتانی پەراوێزیش ئەگەری رۆیشتنی مێژوو پەرەسەندنی کۆمەلاّیەتی بەپێی ئەو تێزە نەبووەو چاوەڕوانی ئەوەش ناکرێت بۆ ئەمەو دواش  درووستبوونی دەولّەت بەو شێوەیە بێت، چونکە ئاشکرایە کە شێوازی پەرەسەندی سەرجەمی کۆمەلگە جیاوازەکان

بەهەمان شێوە نەبووەو نابێت. بەڵکو هەر کۆمەڵگەیەك تایبەتمەندی خۆیی هەیەو مەرج نییە ئەوەی بۆ کۆمەڵگەی رۆژئاوایی راستە بۆ کۆمەڵگەی کوردیش راست بێت، لە کاتێکدا خاسێتە هاوبەشەکانی ئەم ئەم دوو کۆمەڵگەیە زۆر کەمن.

ئێستا ئەو پرسیارە سەر هەڵدەدات ئایا تێزی کاژیك بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی، یان بە وتەیەکی تر دیدی کاژیك بۆ ناسیونالیزم لەگەڵ تێزی لیبراڵەکان یان نووسەرانی بواری ناسیونالیزم لە رونگەی رۆژئاواییەکانەوە تا چ ئاستێك نزیکەو یەکدەگرێتەوە؟ ئایا نزیکی و خزمایەتی لە نێوان روانینی ناسیونالیستانی عەرەب و کاژیکدا هەیە؟ ئایا سەرچاوەکانی ئەو ناسیونالیزمەی کە کاژیك بڕوای پێیەتی چیەو چۆنەو لە کوێوە هەڵهێنجراوەو؟ ئەگەری بوونی بە گوتارێکی نەتەوەیی پێشکەوتنخواز تا چ ئاستێکە؟ ئایا ئەو هۆکارانە چین کە پاش تێپەڕبوونی نیو سەدە لە دامەزراندنی کاژیك هێشتا ئەم رێکخراوە یان ئەم بۆچوونە نەیتوانیوە لە کوردستاندا جەماوەریبوونی خۆی بسەلمێنێت و جێگەو پێگەیەکی ئەوتۆی هەبێت کە ئامادەبوونی خۆی لە سەر ئاستی بڕیاردان لە کوردستان دیاری بکاتو ئامادەبوونی هەبێت.

وەکو لە کاژیك نامەدا هاتووە کاژیك دوو دروشمی سەرەکی هەبووە کە بریتین لە " کوردستان بۆ کورد" و یەکسانی بۆ گەل"(4). بێگومان لە ئاستی بینراودا هەریەکە لەم دوو درووشمە سەنگ و گەوهەری خۆیان هەیەو دڵنیاین کە ئەگەر لە ئاستی گوتراویشدا نەبێت ئەوا هەموو کوردێك لە نەست و لە ناخی خۆیدا ئاواتەخوازی ئەوەیە کە کوردستان بۆ کورد بێت و هەموو گەلیش یەکسان بن لە ئەرکو مافدا. بەڵام لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات: ئایا ئەگەری بە کردار کردنی ئەم دوو درووشمە چەندە لەسەر زەمینەی واقیع؟ ئایا نەك بۆ کوردستان

**بەڵكو بۆ هەر جوگرافیایەكی تری سەر گۆی زەوی یەكسانی ئەندامانی گەل یان نەتەوە یان كۆمەڵگەیەك لە چ ئاستێكدایە؟ ئێمە مەبەستمان ئەوە نییە كە دژایەتی بۆچوونێكی لەم جۆرە بكرێت. نەخێر بەڵكو بەپێچەوانەوە دەبێ خەبات بۆ ئامانجێكی وەها بكرێت، هەرچەندە بە گومانەوە دەڕوانینە هەر یەكسانیەكی رەها لە ناو ئەندامانی كۆمەڵگەیەكداو پێمان وانیە كە یەكسانیەكی لەوجۆرە لەسەر زەمینەی واقیع درووست ببێت.**

**دروشمی كوردستان بۆ كورد لە ناوەرۆكدا ئەو مانایە هەڵدەگرێت كە دەبێ كوردستان وەكو نیشتیمانو وەكو جوگرافیا لە ژێر دەسەڵاتی تەواوەتی كورد خۆیدا بێت و بێجگە لە خاوەنی راستەقینەوی خۆی كە كوردە كەسیتر مافی ئەوەی نییە نە كوردستان بەڕێوەببات نە بڕیار لەچارەنووسی كوردستان بدات تەنیا خۆی نەبێت. دیارە بەئاكام گەیاندنی پرۆژەیەكی لەم جۆرەش بە كارو بە هەوڵو كۆشش دەگاتە ئەنجام. ئەوەی لە درێژەی سەدەی بیستدا لە سەر ئاستی كوردستانی گەورە دەبینرێت ئەوەیە كە خەباتێكی سەخت و دوورو درێژو پچڕپچڕ كراوە لە پێناوی ئازادی و سەربەخۆیی كوردستانداو دیارترین بەرهەمەكانی ئەو خەباتەش چەند نموونەیەكی دیاری دەسەڵاتدارێتیەكی سنوورداری خۆماڵی كوردی بووە كە ئەوانیش دەسەڵاتدارێتیەكەی شێخ مەحموودی بەرزنجی و كۆماری مهاباد و حكومەتی هەرێمی كوردستانە. كە لە هیچ كامیادا كوردستان بەتەواوەتی نەبووەتەوە بە هی كورد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەشێكی زۆری جەماوەری خەڵكی كوردستان لە دەوری ئەم سێ دەسەڵاتەو تەنانەت ئەو بزووتنەوانەی تریش كۆبوونەتەوە كە لە پێناوی ئازادی كوردستاندا خەباتنیان كردووە، ئەگەرچی نەشگەیشتبنە ئاستی بەدەستهێنانی**

جۆرێك لە خۆبەڕێوەبردنو توانای بەدەستهێنانی فەرمانڕەوایەتیشیان نەبوو بێت.

لێرەدا رووبەڕووی ئەو پرسیارە دەبینەوە ئایا بۆچی کاژیك کە خۆی بە هەڵگری راستەقینەی پرۆژەی نەتەوایەتی کوردی دەزانی، لە هیچ قۆناغێکدا نەیتوانی ببێتە خاوەنی جەماوەرێکی دیار لە سەر ئاستی کوردستان؟ لە کاتێکدا کە زۆربەی ئەو حیزب و رێکخراوانەی تر کە لە کوردستاندا دامەزراون هەرچەندە درووشمی لە جۆری درووشمەکانی کاژیکیشیان نەبووە، بەلاّم بوونەتە خاوەنی جەماوەری بەرفراوان. ئایا دەشێ جەماوەری خەڵکی کوردستان حەزیان لەوە نەبووبێت کە کوردستان هی خۆیان بێت، یان هەموویان یەکسان بن، ئەوەش پاڵنەربووبێت بۆ ئەوەی کە دەوری کاژیك کۆنەبنەوە؟ یان دەشێ هۆکاری تری گرنگ هەبێت کە بووبێتە هۆی ئەوەی جەماوەری بەربلاّو لە دەوری حیزب و رێکخراو و بزووتنەوەکانی تری غەیری کاژیك کۆببنەوە، کەچی کاژیك نەتوانێت جگە لە نوخبەیەکی بە ژمارە کەم جەماوەری هەبێت؟ ئایا دەشێ ئەوە پەیوەندی بە ئاستی لاوازی ناسیونالیزمی کوردییەوە هەبوو بێت؟ ئایا دەشێ ئەو لاوازی پێگە جەماوەرییەی کاژیك لەوەوە هاتبێت کە ئایدیۆلۆژیای چەپ لە کوردستاندا بالاّ دەست بووبێت و وای لە جەماوەر گەیاندبێت کە کاژیك رێکخراوێکی داخراوی خۆپارێزی دواکەوتووی کۆنەپەرستەو ناشێت کەسانی پێشکەوتنخوازو شۆڕشگێڕ لەم رێکخراوە کۆببنەوە؟

بەهەرحاڵ ئەگەر لە ئاستی قوڵدا سەرنجی هەردوو درووشمەکەی کاژیك بدەین ئەوا بەجۆرێ لە جۆرەکان بەشێك لە بنەماکانی گوتاری نەتەوەیی یان گوتاری ناسیونالیزمی کوردی تێدایە بەلاّم نەتوانینی کارکردن بۆ ئەوەی کە ئەو

درووشمانە ببنە گەوهەری بەرنامەی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردی و مانەوەی کاژیك لە رووبەرێکی تەسکی ژیانی سیاسی و کۆمەلآیەتی کۆمەڵگەی کوردیدا، لە ئاستی یەکەمدا لەبری بوون بە خاوەنی جەماوەر، کاژیکی فرێداوەتە رووبەری گۆشەگیرییەوە، لە ئاستی دووەمدا خاسێتی تەنیا، قسەو قسەکردنی بەخشیووەتە بەرنامەی کاژیك. واتە پرۆژەی کاژیکی کردۆتە تەنیا نووسراوی نێو بەرنامەو پرۆگرامی حیزب و قسەی سەرزاری ئەندامان و لایەنگرانی کە ئەوانیش لە هیچ قۆناغێکدا لە رووی چەندێتیەوە نەگەیشتوونەتە ئاستێك کە لەسەر زەمینەی واقیع ئامادەبوونێکی دیاریان هەبێت.

جارێکی تر لە کاژیکنامەدا هاتووە: کاژیك بڕوای وایە کە بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردی لەو رۆژەوە دەستپێدەکات کە کورد لەسەر رووی زەوی بوونی هەبووە(5). هەروەها لە هەمان لاپەڕەدا هاتووە: ئێمە بڕوامان وایە کە بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردی هەر لە سەرەتای گەشەکردنی نەتەوەی کوردەوەو لە پێناوی بەردەوامیدان بە ژیاندا بوونی هەبووە(6). ئەگەر بەهەر پێوانەیەکی کۆمەڵناسی سەیر بکەین ناتوانین خۆمان لەو راستیە ببوێرین کە مەسەلەی نەتەوایەتی لە سەروبەندی شۆڕشی پیشەسازیەوە سەری هەڵداوەو پێش لەو مێژووە ناتوانرێت باس لە بوونی مەسەلەی نەتەوایەتی و ناسیونالیزم بکرێت. بۆیە هەرچی هەوڵ و کۆششی پێش ئەو مێژووە هەیە ناتوانرێت لە ژێر ناوی خەباتی نەتەوەیی یان بەرژەوەندی نەتەوەیی یان مەسەلەی نەتەوایەتیدا کۆبکرێتەوە چونکە لە راستیدا ناتوانرێت بڕوا بەوە بکرێت کە لەو مێژووەدا شتێك هەبووبێت بە ناوی نەتەوە یان مەسەلەی نەتەوایەتی.

گریمان بڕوا بەو بۆچوونەش بهێنین کە نەتەوە لە مێژوویەکی زۆر کۆنەوە بوونی هەبوو بێت و، هەر پێکهاتەیەك خاوەنی زمان و مێژوو تایبەتمەندیەکانی خۆی بوو بێت واتە ئەو بنەمایانەی کە بە روانینی تەقلیدیانە یان بە دیدی کلاسیك پێویستن بۆ بوونی نەتەوە یان نەتەوە درووست دەکەن. بەلاّم هەرگیز ناتوانرێت بڕوا بەوە بکرێت کە بزووتنەوەی نەتەوەیی لە مێژوویەکی هێندە کۆندا سەری هەڵدابێت و دەستی پێکردبێت. لە بارێکی تریشدا ئەگەر مەبەست لەوە بێت کە کورد وەکو نەتەوەیەك هەر لە بەرەبەیانی مێژووەوە لەسەر خاك و زێدی خۆی هەولّی دابێت و کۆششی کردبێت لە پێناوی مانەوەو درێژەدان بە ژیاندا، ئەوا ئەم لێکدانەوەیە نەك بۆ کورد یان هەر نەتەوەیەکی تر بەڵکو بۆ سەرجەمی زیندەوەران راستە چونکە هەموو زیندەوەرێك غەریزەی خۆپاراستن و بەرگری کردن لە خۆیی هەیە و بەهەموو شێوەیەك هەوڵدەدات خۆی بپارێزێت و جێگەو پێگەی تایبەتی خۆیی هەبێت بۆ ئەوەی لەسەری بژی. لە راستیشدا هارمۆنیای سرووشت لەسەر ئەو بنەما رێکخراوە کە کۆی زیندەوەران غەریزەی مانەوەو خۆپاراستن و زیادبوونیان هەیە. خۆ ئەگەر سرووشتی زیندەوەران بەو جۆرە نەبووایە، ئەوا نەك هەر مرۆڤ بەڵکو سەرجەمی زیندەوەران هەر یەکەو لە قۆناغێکی دیاری ژیانیاندا لە نێودەچوون. بەلاّم یاسای سرووشت وایە کە ژیان درێژەی هەبێت و بۆ ئەو مەبەستەش غەریزەی بەخشیووە بە هەموو زیندەوەران هەتا بتوانن خۆیان بپارێزن و درێژە بە ژیان بدەن. بە گوێرەی مرۆڤ لە پاڵ غەریزەی مانەوەدا، بە خۆڕسك ئەفریدەبوویەکی کۆمەلاّیەتیەو ویستی پێکەوە ژیانی هەیە، ئەوەش وایکردووە کە مرۆڤ وەك بالاّترین ئەفریدەبووی سەر ئەم ئەستێرەیە نەك هەر هەولّی خۆپاراستن و درێژەدان بە ژیان بدات، بەڵکو بەردەوامیش کە گەڕاندایە بەدوای ئاشکراکردنی

نهێنیەكانی ئەم گەردوونەدا. ئایا ئەم گەڕان و كۆشش كردنە تەنیا تایبەت بووە بەكورد یان سەرجەمی كۆمەڵگەی مرۆڤایەتی گرتۆتەوەو تەنانەت زیندەوەرانی تریش هەموو لە ژێر كاریگەری غەریزەی ژیاندۆستی و ناكۆكیان لەگەڵ مەرگدۆستیدا دەجوڵێن و كۆشش دەكەن لە پێناوی مانەوەدا. كەواتە بێ هیچ دوو دڵیەك دەتوانین بڵێین ئەوەی كە كورد هەر لە دێر زەمانەوە خەباتی نەتەوەیی كردبێت و بزووتنەوەی نەتەوەیی هەبوو بێت مایەی گومانەو ناتوانرێت بە هیچ بەڵگەیەكی زانستی ئەوە بسەلمێنرێت یان پاڵپشتی بكرێت. ئەمەش بە جۆرێك لە جۆرەكان بەرەو ئەو لێكدانەوەیەمان دەبات كە بڵێین دەستنیشانكردنی سەرەتاو سەرهەڵدانی بزووتنەوەی نەتەوایەتی كوردی لە دیدی كاژیكەوە لە فەزای خەیاڵدایەو ناسەلمێنرێت ئەوەش وادەكات كە بنەماكانی گوتاری كاژیك بكەونە چوارچێوەی خەیاڵێكی بەربلاَوەوە لە جیاتی ئەوەی كە چوارچێوەیەكی دیاریكراوی هەبێت بتوانرێت لەو چوار چێوەیەدا پێناسەبكرێت.

دیسان مەسەلەی گەشەكردنی نەتەوەی كورد بابەتێكە پێویستی بە لەسەر راوەستان هەیە. ئایا مەبەست لە گشەكردنی نەتەوەی كورد چیە؟ كامەیە ئەو گەشەكردنەی كە نەتەوەی كورد یان كۆمەڵگەی كوردی بەخۆیەوە بینیووە؟ ئەگەر مەبەست ئەوە بێت ئەم كۆمەڵگەیە بە گەشەیەكی سرووشتیدا هاتووەو سەرجەمی قۆناغەكانی گەشەی خۆیی بڕیووە تاكو گەیشتۆتە ئەم قۆناغەی ئێستا، ئەوا بێ چەندو چوون دەڵێین ئەم كۆمەڵگەیە نەك بە سرووشتی گەشەی نەكردووە، بەڵكو هەر لەراستیدا جگە لە رووكەشێكی خواستراو لە گەوهەردا هیچ گەشەیەكی ئەوتۆی پێوە دیار نییەو تەنانەت خاسێتەكانی كۆمەڵگەیەكی ئاسایی ئەوتۆیشی نییە كە بە كۆمەڵگەی خاوەن شوناس دابنرێت. هەر بۆیە

لێرەوە قسەکردن لە سەر گەشەکردنی کۆمەڵگەی کوردی یان گەشەی نەتەوەی کورد مایەی لەسەر راوەستانە، ئەمە سەرباری ئەوەی کە هەروا ئاسان نییە باس لە بوونی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردی بکرێت لە پێش دەرکەوتنی ناسیونالیزمدا، یان بە لایەنی کەمەوە لە پێش دەرکەوتنی ناسیونالیستدا. بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونەی کاژیکەوە هەتاکو ئێستاش ناتوانرێت باسی ناسیونالیزمی کوردی بەو شێوەیە بکرێت کە بووبێتە ئایدیۆلۆژیاو پرۆژەی بزووتنەوەیەکی جەماوەری و هەڵگری گوتاری ناسیونالیزم بێت. بە پێچەوانەی ئەم بۆچوونەوە تاکو ئێستاش کورد ناسیونالیستی هەیە بە بێ بوونی ناسیونالیزم.

دیسان لەو بارەیەوە لە کاژیکنامەدا لە بارەی دەوڵەتەوە هاتووەو دەڵێت: دەوڵەت دامەزراوەیەکە بۆ پەروەردەکردنی نەتەوە بەپێی ئایدیۆلۆژیای کاژیك، لەبەر ئەوە ئێمە دەوڵەت وەها دانانێین کە ئامراز بێت بە دەست هەر چینێکی دیاریکراوەوە، چونکە ئایدیۆلۆجیای ئێمە ئایدیۆلۆجیای چینێکی تایبەت نییە. هەر کەسێ لە بۆتەی بیری ئێمەدا بتوێتەوە دەتوانێت ببێتە کاژیك. دەوڵەتی نموونەیی دەوڵەتی کاژیکیە(7). جارێ ئەوەی کە دەوڵەت دامەزراوەیەك بێت بۆ پەروەردە کردنی نەتەوە جێگای قسە لەسەر کردنە چونکە دەوڵەت ئەو دامەزراوەیە کە کۆمەڵگە لە قۆناغی پەرەسەندنی خۆیدا درووستی دەکات و بە پێی بۆچوونی زۆرینەی ئەوانەی کە لە بارەی دەوڵەتەوە قسەیان کردووە، دەوڵەت بەرزترین ئاستە کە کۆمەڵگە پێی دەگات بەدەر لە سروشتی ئەو دەوڵەتە. یان تەنانەت دەوڵەت بەو دامەزراوە دادەنرێت کە رۆحی رەهای کۆمەڵگە لە بڵندبوونی خۆیدا بەرهەمی دەهێنێت. یان دەوڵەت ئەو دامەزراوەیە کە کۆمەڵگە لە خێزانەوە دەست پێدەکات بە کۆمەڵگەی مەدەنیدا دەڕوات و

ئەوسا دەوڵەت درووست دەكات. لەسەرووی هەموو ئەمانەوە دەتوانرێت بگوترێت دەوڵەت ئەو دامەزراوە بالأیەیە كە كۆمەڵگە لە ئەنجامی گەیشتن بە ئاستێكی دیار لە پەرەسەندن درووستی دەكات یان بەرهەمی دەهێنێت. واتە دەوڵەت بۆ خۆی بەرهەمی پەرەسەندنی كۆمەڵگەیەو بەرزترین ئاستیشە كە كۆمەڵگەیەك دەیگاتێ و هەر لەسەر ئەو بنەمایەشە دەتوانرێت بەو كۆمەڵگەیانەی كە نەیانتوانیووە دەوڵەت درووست بكەن بگوترێت كۆمەڵگەی سەرەتایی. كە بێگومان لەم روانگەیەوە كۆمەڵگەی كوردی دەشێ بە كۆمەڵگەی سەرەتایی یان كۆمەڵگەی ناسرووشتی دابنرێت كە لە رەوتی پەرەسەندنی خۆیدا لە بری بەرهەمهێنانی دامەزراوەی دەوڵەت، دامەزراوەی میرنشینی درووست كردووە، كە ئەم دامەزراوەش بەراورد بە دامەزراوەی دەوڵەت دامەزراوەیەكی سەرەتایی بەڕێوەبردنە(8). بەهەرحاڵ هەرچۆن لێی بڕوانین دەوڵەت دەبێتە دامەزراوەیەك لە سەرووی كۆمەڵگەوەو ناشێت تەسەوری ئەوە بكرێت كە دەوڵەت بەبێ دەسەڵات بوونی هەبێت. دیارە هیچ دەسەڵاتێكیش ناتوانێت دەسەڵاتی هەموو گەل بێت چونكە لە دامەزراوەیەكی وەهادا بەپێی تواناكان و بە پێی ئاست و پلەكانی كاركردن جیاوازی درووست دەبێت و لە بارێكی وەهاشدا دەوڵەت دەبێتە دامەزراوەی دەسەڵات و مومارەسەی جۆرێك لە دەسەڵاتدارێتی تیادا دەكرێت، تەنانەت ئەگەر ئەو دەوڵەتە لە لوتكەی دیموكراسیشدا بێت. هەر لێرەشەوە دەردەكەوێت تەنانەت ئەگەر دەوڵەت دەوڵەتی چینێكی كۆمەڵایەتیش نەبێت ئەوە دەوڵەتی دەستە یان گروپ یان نوخبەیەكە لە كۆمەڵگە كە دەشێ ئەو نوخبە یان دەستەو گروپە لەسەر بنەمای لێهاتوویی یان هێز دەوڵەتیان بە دەست گرتبێت.

دیاره ئەو بۆچوونەش هەیە کە دەوڵەت نەتەوە درووست دەکات. بە پێی ئەم بۆچوونەش دیسان مەسەلەی قسەکردن لەسەر ئەوەی کە کورد وەکو نەتەوە هەر لە دێر زەمانەوە ویستی درووستکردنی دەوڵەتی هەبووبێت، شتێکە جێگای لەسەر راوەستانە. ئاشکرایە کە دەوڵەت نابێتە دامەزراوەیەك بۆ پەروەردە کردنی نەتەوە بەپێی ئایدیۆلۆژیایەکی دیار بەڵکو دەوڵەت دەبێتە دامەزراوەیەك کە نەتەوە لە سایەیدا خاسێتەکانی خۆی بەدەست دەهێنێت. دیارە ئەوە ئاشکرایە کە کۆمەڵگە لە قۆناغی پەرەسەندنی خۆیدا دەوڵەت بەرهەم دەهێنێت و دەوڵەتیش پیادەی جۆرێك لە دەسەڵات بەسەر کۆمەڵگەدا دەکات و لە هەمان کاتدا سرووشتی ئەو کۆمەڵگایەش دەردەخات کە تیایدا درووستبووە. واتە ئاستی پەرەسەندوویی کۆمەڵگە سرووشتی ئەو دەوڵەتە دەردەخات کە بەرهەمی دێنێت و لە روویەکی ترەو دەوڵەت گوزارشت کردنە لە سرووشتی کۆمەڵگە لە هەموو روویەکەوە. ئەگەر وەها سەیر بکەین کە دەوڵەت نەتەوە پەروەردە دەکات کەواتە ئێمە وەکو قاڵبێکی جێگیرو ئامادە سەیری دەوڵەت دەکەین کە لە پێش بوونی نەتەوەدا بوونی هەیە ئەمەش دیسان جۆرێکە لە بۆچوون کە لەگەڵ تێزی کاژیك یەکناگرێتەوە.

دیارە ئەگەر ئەم رستەیە بە بارێکی تردا دەربڕین دەتوانین بڵێین دەوڵەت نەتەوە درووست دەکات بەڵام ئەمە کاتێك راستە کە بە چەمك و تێگەیشتنی ناسیونالیزم وەکو بەرهەمی مۆدێرنێتە باسی نەتەوەو دەوڵەت و پەیوەندی نێوان دەوڵەتی نەتەوەو ناسیونالیزم بکەین. دیسان چەمکی دەوڵەتی نموونەیی مایەی لەسەر راوەستانە بە تایبەتی بۆ نەتەوەیەکی وەکو کورد کە نەك زەمینەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و عەقڵی بۆ درووستبوونی دەوڵەتی نموونەیی نەگونجاو و نائامادەیە بەڵکو بۆ درووستبوونی دوڵەتی ئاسایش هیچ لە بار

نەبووەو لە مێژووی خۆیدا نەیتوانیووە دەوڵەت بەرهەم بهێنێت. بەهەرحاڵ ئێمە دەمانەوێت لە زۆر گۆشەنیگاوە سەیری گوتارو بەرنامەی کاژیك بکەین تا بزانین ئایا ئەم رێکخراوە خاوەنی گوتاری ناسیونالیزم بووە؟ ئایا گوتاری ئەم رێکخراوەیە بنەمای مادی و واقیعی هەبووە؟ ئایا لە روانگەی گوتاری ناسیونالیزمەوە دەتوانرێت گوتاری ئەم رێکخراوەیە پێناسە بکرێت؟ یان گوتاری ئەم رێکخراوەیە پایەکانی لە بۆشیدا بووەو زیاتر وەکو جۆرێك لە خەیاڵ یان بەرهەمی خەیاڵێکی رۆمانسیانە سەیر دەکرێت؟ لە سەرووی هەموو ئەمانەشەوە ئایا ئاستی هاوشێوەبوونی ئەم گوتارە لەگەڵ گوتاری ناسیونالیزمی عەرەبیدا بە تایبەتی چەندە؟ بێگومان ئەگەر بە وردی سەیری رووە لێکچووەکان و رووە جیاوازەکانی نێوان گوتاری ناسیونالیزمی عەرەبی و گوتاری کاژیك بکرێت ئەوسا دەتوانرێت کاریگەری گوتاری ناسیونالیزمی عەربی لەسەر گوتاری کاژیك دیاری بکرێت ئەگەر کاریگەرییەکی لەوجۆرە بوونی هەبێت.

لە خاڵە سەرەکیەکانی بەرنامەی کاژیکدا هاتووە: کاژیك بڕوای وایە کە گەلی کورد گەلێکی بە توانایەو رابردوویەکی شکۆمەندی هەیەو دامەزرێنەری چەندین شارستانێتیە(9). بێگومان من بڕوام وایە کە یەکێك لە پایە سەرەکیەکانی ناسیونالیزم ئەفسانەیە هەر بۆیە ئەگەر لە سنووری بڕوابوون بە سیمای ئەفسانەیی رابردووی کورد سەیری ئەم خاڵە بکەین ئەوا دەشێ بە ئاسانی جێگای بۆ بکەینەوە، بەلاّم ئەگەر بمانەوێت بە راستی و وەکو مەسەلەیەکی زانستی و پاڵپشتکراو بە دۆکیومێنت و لەسەر بنەمای ئەوەی کە بۆ ئێستا بۆمان ماوەتەوە سەیری ئەم بۆچوونە بکەین، ناتوانین بە ئاسانی بڕوا بە هەندێ لایەنی ئەم قسەیە بکەین. با بپرسین مەبەست لە بە توانایی کورد چییەو کێ ئەو هەڵسەنگاندنەی کردووەو سەلماندویەتی کە کورد گەلێکی بە

توانایە؟ ئەنجا گریمان بەم قسەیەمان گووت راستە، ئایا کورد لە چ بوارێك و لە چ روویەکەوە بە توانایە؟ ئایا پێوانەی ئێمە بۆ بە توانایی چییە؟ رەنگە وەڵامی ئەم پرسیارانە ئەگەر بە شێوەیەکی بابەتی لە دوای وەڵامەکانیان بگەڕێین و بە لۆجیکی عەقڵ بدوێین و خۆمان نەدەینە دەستی سۆزو عاتیفەو خەیاڵ، ئەوا بڵێین نەخێر ناتوانین پێداگری لەسەر ئەوە بکەین کە کورد گەلێکی بە توانایە چونکە ئەگەر مەبەستمان لە سادەترین باردا توانای جەنگ و ململانێ بێت ئەوا کورد نەك لە رابردوودا بەڵکو لە ئێستاشدا نەبۆتە یەکەیەکی یەکگرتوو، تەنانەت وەکو پێکهاتەیەکی یەکگرتووش دەرناکەوێت و کارناکات، بەڵکو تاکو ئێستاش ئەوەندەی کە خاسێتی خێڵ و ناوچەگەری و شارچێتی و رێبازچێتی و ئایین و ئایینزا سیفات و خاسێتی پێکهاتە بچووکە ناوچەییەکانی دەردەخات و پێناسەی دەکات ئەوەندە خاسێتی گەل یان نەتەوە یان کۆمەڵگەی نییە. کەواتە دەبێ ئەو توانایە لە کوێوە بهێنێت؟

خۆ ئەگەر مەبەست لەو توانایەش بێت کە گەلان و نەتەوەکانی تر لە مێژوودا هەیانبووەو توانیوویانە لە رێگای ئەو توانایەوە شارستانێتی بەرهەم بهێنن و ئامادەبوونیان هەبێت لە مێژووی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا ئەوا بۆمان هەیە بپرسین کورد لەم روانگەیەوە لە کوێدایە؟ ئایا ئەوە راستە کە کورد چەندین شارستانی بەرهەم هێناوە؟ بێگومان ئێمە ئێستا لەبەردەم دوو لێکدانەوە داین کە یەکەمیان ئەوەیە ئایا خۆمان بدەینە دەستی سۆزو عاتیفەی نەتەوەیی و پێمان وابێت کە کورد یەکێکە لەو نەتەوانەی کە خاوەنی مێژوو، شارستانێتی گەورە بوون لە رابردوودا. یان لە روانگەیەکی واقیعیانەوە سەیری رابردووی خۆمان بکەین و سەیری ئەوە بکەین کە کورد لە رابردوودا چی کردووەو چی هەبووە و چی بەرهەم هێناوەو کامانەن ئەو شارستانێتیانەی کە کورد بەرهەمی

هێناون؟ بێگومان رووی راستیەکەی ئەوەیە کە ئێمە شتەکان وەکو خۆی وەربگرین و نەکەوینە ژێر کاریگەری سۆزو عاتیفەیەکی بێبنەماوە، چونکە ئەوە نە هیچ بۆ رابردوومان درووست دەکات نە هیچ بۆ ئێستاشمان بەرهەم دەهێنێت. بە دڵنیاییەوە ئەگەر ئێمە ئەو رابردووە گەشەمان لە مێژوودا هەبوایە ئەوا لە ئێستاشدا بەلایەنی کەمەوە لە رووی مەعنەویەوە کاریگەری ئەو رابردووە لە کۆنەستی کۆمەڵایەتیماندا دەژیاو دەبوو بە هۆکارێکی سەرەکی بۆ ئەوەی لە ئێستادا هەست بە بوونی خۆمان بکەین و لەم باری هەست بە شکست کردن و هەست بە بێ شووناسیەدا نەژیاینایە. بێگومان ئەوەی مایەی سەرنجە ئەوەیە کە کاژیك لە هەڵسەنگاندنیدا بۆ رابردووی کورد و بۆ توانای کورد کەوتۆتە ژێر کاریگەری سۆزو عاتیفەوەو باس لە هەندێ شت دەکات کە تەسەوری ئەوە ناکرێت کورد لە رابردوودا نە لەو ئاستەدا بوو بێت و نە هیچ شارستانێتیەکی بەرهەم هێنابێت کە پێی گوترابێت شارستانێتی کوردی. کارکردنیش لە ژێرکاریگەری سۆزو عاتیفەدا زیاتر فەزایەکی خەیاڵاوی بە گوتاری کاژیك بەخشیووە رەنگە یەکێك لە هۆیەکانی ناکارایی ئەو گوتارە لە سەر واقیعی کۆمەڵگەی کوردی ئەو خاسێتی فرە خەیاڵیەی گوتارەکەو روانینی کاژیك بێت بە گشتی.

دیسان لە کاژیکنامەدا هاتووە: گەلی کورد ماوەی دوورو درێژە لە فیکری نەتەوەیی رەسەن بێ بەش بووە(10). بێگومان کاتێك بەرنامەی حیزب یان رێکخراوێك دادەنرێت دەبێ رستەو وشەکان لە جێگای خۆیاندا بن و بنەمای مادی خۆیانیان هەبێت. سەرەتا با بپرسین بیری رەسەنی نەتەوایەتی چیە؟ بێگومان ئەوە ئاشکرایە کە بیر بەرهەمی بیرمەندە. بەگشتی ئەوانەی لە کەلتووری رۆژئاوا باسیان لە مەسەلەی نەتەوایەتی یان ناسیونالیزم کردووە

کۆکن لەسەر ئەوەی کە ناسیونالیزم فەیلەسوف یان تەنانەت بیرمەندی تایبەت بە خۆیی نییە چونکە لە بنەرەتدا ناسیونالیزم وەکو ئایدیۆلۆجیای قۆناغێکی دیاریکراوی ژیانی کۆمەڵگەو بەرنامەو ئایدیۆلۆجیای بزووتنەوەیەکی کۆمەلأیەتی سەیر دەکرێت و بەرهەمی مۆدێرنێتەیە. واتە ناتوانرێت ناسیونالیزم بە بیر یان بە فەلسەفە ناوببرێت، بەلأم کاژیك باس لە بیری رەسەن دەکات. ئەنجا با بپرسین بیری رەسەن چیە؟ بە کام بیر دەگوترێت رەسەن و بە کام بیر دەگوترێت نارەسەن؟ ئەنجا ئەگەر کورد خۆی بیتوانیایە بیر بکاتەوە، دیارە کەس نەیدەتوانی رێگای بیر کردنەوەی لێبگرێت چونکە ئەوە ئاشکرایە کە فرمانی " بیردەکاتەوە" لەو فرمانانەیە کە پێیان دەوترێت فرمانی پەیوەست بە عەقلٚ یان بە مێشکەوە کە روودانیان لە دەرەوەی ویستو دەسەلأتی مرۆڤ خۆیدایە. هەر بەو پێیەش کەس ناتوانێت رێگری لە روودانیان بکات. کەواتە بۆخۆی لێرەدا دەربڕینی رێگای بیرکردنەوەی لێگیراوە یان لە بیرکردنەوە یان لە بیری نەتەوەیی بێبەشکراوە رستەیەکی ناتەواوە لە رووی زانستیەوەو دیارە کردنی چەمکێکی ناتەواو لە رووی زانستیەوە بە بنەما بۆ بیناکردنی گوتارێك شووناسی ئەو گوتارەش دەخاتە بەردەم پرسیارەوە یان هەر هیچ نەبێت جۆرێك لە تەمومژ بە دەوری ئەو گوتارەدا درووست دەکات.

بێگومان لەو خالٚە گەشانەی کە لە بەرنامەی کاژیك یان کاژیکنامەدا هاتووە خەباتکردنە بۆ سەربەخۆیی کوردو کوردستان و لەو خەباتەشدا تەنیاو بەس تەنیا پشت بەکورد خۆی ببەسترێت. دیارە ئەوە ئاشکرایە گوتاری نەتەوەیی تەنیا کاتێك پێی دەگوترێت گوتاری نەتەوەیی یان گوتاری ناسیونالیزم کە پرۆژەی درووستکردنی دەولٚەتی نەتەوەیی لە خۆی گرتبێت. هەروەك ئەوە ئاشکرایە کە تەنیا کاتێك ئەو گوتارە ئەگەری جێبەجێ کردنی لەسەر زەمینەی

واقیع یان لەسەر جوگرافیای نەتەوە دەبێت کە خودی گوتارەکە بووبێتە ئایدیۆلۆژیایەکی جەماوەریی و هەموو نەتەوەی وەکو یەکەیەکی یەکگرتوو لە دەوری خۆی کۆکردبێتەوەو هەموو سنووره ناوچەیی و خێڵەکی و مەزهەبی و ئایینیەکانی رووخاندبێت. ئەو کاتە ئەو بزووتنەوە جەماوەرەییە کۆمەڵایەتیە دەتوانێت لەسەر زەمینەی واقیع گوتارەکەی کە گوتاری ناسیونالیزمە جێبەجێ بکات، کە ئەویش لە دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیدا خۆی دەبینێتەوە. لێرەدا پرسیارێکی زۆر گەوهەری سەبارەت بە گوتاری کاژیك سەرهەڵدەدات ئەویش ئەوەیە: ئایا گوتاری کاژیك توانیوویێتی ببێت بە گوتارێکی جەماوەری یان ببێتە بەرنامەی بزووتنەوەیەکی جەماوەری کۆمەڵایەتی کە هەموو کۆمەڵگە یان بەلایەنی کەمەوە رووبەرێکی فراوان لە کۆمەڵگەی کوردی وەکو یەکەیەکی یەکگرتوو لە دەوری خۆی کۆبکاتەوەو رێکیان بخات و ئاراستەیان بکات لە پێناوی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەییدا؟

دیارە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ناشێت بە قازانجی کاژیك بشکێتەوە، هەروەك دەتوانین بلێین لە ئاستێکی تردا بە قازانجی کوردیش ناشکێتەوە چونکە قازانجی کورد وەکو نەتەوە لەوەدا بوو کە گوتاری کاژیك کە بارگاوی کرابوو بە رەگەزەکانی ناسیونالیزم و مەسەلەی رزگارکردنی کوردستانو سەربەخۆیی و درووستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی لە خۆیدا کۆکردبووەوە، لەسەر زەمینەی واقیع ببوایەتە ئایدیۆلۆژیایەکی جەماوەری و هەموو کوردی کۆبکردایەتەوەو وەکو تاکە پێکهاتەیەك دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیی لەسەر جوگرافیای کوردستان درووستبکردایە. بەڵام وەکو دەیزانین و ئێستاش دەیبینین گوتاری کاژیك نەیتوانی ببێتە گوتارێکی باڵادەست لە کوردستانداو نەیشی توانی ببێتە گوتارێکی جەماوەریی و هەموو خەڵکی کوردستان لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە.

بەڵکو بە پێچەوانەوە گوتاری کاژیك وەکو گوتارێگی ناجەماوەریی و تەنانەت گوتارێکی گۆشەگیرو ناکارا دەرکەوت و نەیتوانی لەسەر زەمینەی واقیع بوونی خۆی بسەلمێنێت. بە پێچەوانەوە هەمان ئەو حیزب و رێکخراوانەی کە لە پێش کاژیك یان لە کاتی کاژیکداو یان دواتریش دامەزران لە کوردستاندا زۆرینەیان سەرباری ئەوەی کە گوتارێکی وەکو ئەوەی کاژیکیك پەیوەستیان بە مەسەلەی نەتەوایەتیەوە نەبوو، لەو روانگەیەوە کە مەسەلەی سەربەخۆیی و درووستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی و پشتبەستن تەنیا بە خەڵکی کوردستان وەکو ئەوەی کاژیك ئەوان جەختیان لێنەکردۆتەوە، کەچی زۆرینەی ئەو حیزب و رێکخراوانە بوونەتە خاوەنی جەماوەری بەربلاّوو وەکو نوێنەری ناسیونالیزمی کوردی دەەرکەوتوون. بەپێچەوانەی کاژیكو دواتریش پاسۆکەوە، تایبەتی پارتی دیموکراتی کورد و کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و کۆمەڵەی کوردستانی ئێران و حیزبی سۆشیالیست لە نیوەی دووەمی حەفتاکانی سەدەی رابردوو نیوەی یەکەمی هەشتاکاندا و پارتی کرێکارانی کوردستان هەموو ئەمانە لە رووی جەماوەری بوونەوە هەرگیز ناشێت بە کاژیك بەراورد بکرێن. کەواتە پرسیار ئەوەیە ئایا بۆچی کاژیك کە خۆی بە نوێنەری راستەقینەی ناسیونالیزمی کوردی زانیووەو گوتاری خۆیی وەکو گوتاری ناسیونالیزمی کوردی پێشکەش کردووە نەیتوانیووە نەك هەر ببێتە یەکەمین حیزبی جەماوەریی لە کوردستاندا بەڵکو لە چاو ئەو حیزبانەی تردا کە باسمان کردن زۆر لاوازو گۆشەگیرو ناکارا دەرکەوتووەو لە سەر زەمینەی واقیع ئەو قورسیەی نەبووە کە دەبووا حیزبێکی نەتەوەیی بە گوێرەی کوردستان هەیبوایە.

دکتۆر جەمال نەبەز کە لای کاژیك وەکو سەرکردەو لای زۆرینەی خەڵکیش وەکو بیرمەندی بیری کاژیك سەیر دەکرێت لە کتێبی " قوتابخانەی کوردی

سۆشیالیزمدا" دەڵێت: بزووتنەوەی رەسەن ئەو بزووتنەوەیە کە بابەتانە بێت، واتە لە بیرو باوەڕێکی بابەتانەوە هەلقولاْبێ. بە کورتی دەبێ کەرەسەی ئەو بیرو باوەڕە کۆمەڵگە خۆی بێ. بزووتنەوەی ناڕەسەنیش ئەوەیە کە بابەتانە نەبێ. واتە لە بیروباوەڕێکی نابابەتانەوە هەڵقولاْبێ، مانای کەرەسەی ئەو بیروباوەڕە کۆمەڵگە خۆی نەبێ(11). جارێ باسکردن لە قوتابخانەی کوردیی سۆشیالیزم مایەی لەسەر راوەستانە چونکە بنەماو پرینسیپەکانی سۆشیالیزم دیارن چین و ئەوەش ئاشکرایە کە بە چ سیستێمێکی بەڕێوەبردن دەگوترێت سیستێمی سۆشیالیزم و هەر بەو پێیەش شوناسی سۆشیالیزم شوناسێکی نەتەوەیی نییە بەڵکو نێونەتەوەییەو ئەگەر سۆشیالیزم پەیوەست بکرێت بە یەکسانیەوە ئەوا بۆ کۆمەڵگەی کوردی کە هێشتا وەکو کۆمەڵگەیەکی سەرەتایی دەردەکەوێت و نە خاوەنی سیستێمێکی ئابووری خاوەن شووناسە نە لە رووی کۆمەلاْیەتیەوە گەشەیەکی وەهای کردووە کە زەمینەی بە سۆشیالیزم بوونی هەبێت، نە لە رووی فەرهەنگی و کەلتووری و عەقلێەوە گەشەیەکی ئەوتۆی کردووە. تەنانەت لە رووی کۆمەلاْیەتیبوونیشەوە لە ئاستێکی ئەوەندە سەرەتای و داخراودایە کە باسکردنی بوونی بە کۆمەڵگەی سۆشیالیزمی مایەی سەرسوڕمانە. ولاْتانی وەکو رووسیای قەیسەری و چین و زۆرینەی ولاْتانی ئەوروپای رۆژهەلاْتیش دوای ئەوەی کە بەلشەفیك و حیزبە شیوعیەکان دەسەلاْتیان تێدا گرتنە دەستو بە پێی بەرنامەو میتۆدی مارکسیزم- لینینیزم دەبوو ئەو کۆمەڵگەیانە هەنگاوی بەرەو سۆشیالیزمیان هەڵبهێنایەو ببوونایەتە کۆمەڵگەی سۆشیالیزم، کەچی پاشی نزیکەی سێ چارەکە سەدە لە فەرمانڕەوایی حیزبی شیوعی سۆڤێتی و بە حیساب کارکردن بۆ ئەوەی کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیزم دابمەزرێنێ، کەچی ئەو دۆزەخە بەرهەم هات، تا ئەو کاتەی

گورباشۆف له پرۆژەی پیرسترۆكاكەیدا وەكو سەركردەیەكی مەزن دەرگای ئەو دۆزەخەی شكاند. بێگومان ئەگەر بەراوردی سۆڤێت یان تەنانەت رووسیای پێش شۆڕشی بەلشەفیك بكەین بە كۆمەڵگەی كوردی كە كۆمەڵگەیەكی داگیركراوی دابەشكراوی دواكەوتووی سەرەتاییە، ئەوا ناشێت تەسەوری ئەوە بكەین كە كۆمەڵگەی لەم جۆرە بەم پاشخانە دواكەوتوویەوە بكرێت بە كۆمەڵگەی سۆشیالیستی، نە بە پێی تیۆری ماركسیو نە بە پێی هیچ تیۆرێكی تری سیۆسیۆلۆجی. هەر بۆیە ئەو سۆشیالیزمەی كە جەمال نەبەز باسی لێوە دەكات و لە بەرنامەی كاژیكیشدا خەڵی سەرەكی و گرنگە جگە لە خەیاڵێكی رۆمانسی هیچی تر نییەو مێژووی ئەوروپای رۆژئاواش سەلماندویەتی كە تەنیا لە پەرەسەندنی ئابووری و كۆمەڵایەتی و كەلتووریداو لە رێگای چاكسازی و دیموكراسی و جێبەجێ كردنی چەمكی هاووڵاتی بوونەوە مرۆڤ بەرەو ئازدبوون و گەیشتن بە مافەكانی هەنگاو دەنێت. ئەمە لە كاتێكدا مێژووی مرۆڤایەتی سەلماندوویەتی كە نە یەكسانی رەهاو نە عەدالەتی رەها و نە مافی رەها بوونیان نییەو هەر بەو پێیەش ئەو سۆشیالیزمەی كە جەمال نەبەز بە ناوی قوتابخانەی سۆشیالیزمی كوردییەوە باسی لێوە دەكات و پێی وایە سیستێمێكی نموونەیی ئەو تۆ دەبێت كە یەكسانی رەهاو ئازادی رەهاو مافی رەهای تێدا بەرقەرار دەبێت جگە لە درووستكردنی یۆتۆپیایەك هیچی تر نیە. هەر لێرەشەوە گوتاری كاژیك كە سەرچاوەكەی ئەم تێزەی جەمال نەبەزە وەكو گوتارێكی خەیاڵی و ناپەیوەست بە واقیعی كۆمەڵایەتی  كۆمەڵگەی كوردی و ناپەیوەست بە سرووشتی دەروونی و غەریزی و نەرجسی مرۆڤی كوردو مرۆڤیش بە گشتی دەردەكەوێت. گرفتی سەرەكی گوتاری كاژیك ئەوەیە كە گوتارێكی ناواقیعیەو لە بۆشایدا بیناكراوە. هەر لە بۆشایشدا هەڵواسراوەو هەر

ئەوەش وایکردووە کە ئەم گوتارە نەبێتە گوتارێکی جەماوەریی یان لە سادەترین دەربڕیندا نەتوانێت جەماوەریبوونی خۆی بسەلمێنێت.

لە بارەی مافەکانی کوردو روانینی بۆ سەربەخۆیی و ئازادبوونی هەموو کوردستان و درووستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆو یەکگرتووی کوردستان شتێکە لە رۆحی هەموو کوردێکدا کە ئینتیماو هەستی ناسیونایستی هەبێت دەژی. بەڵام گرفت لە شێوازی خستنەڕوو یان چۆنێتی قسەکردن و بەرجەستە کردنی روانینی کاژیکە بۆ ئەو مەسەلانە. واتە ئایا تا چ رادەیەك ئەو روانینەی کاژیك لەسەر زەمینەی واقیع جێگای دەبێتەوەو خودی کاژیکیش پاشی پەنجا ساڵ لە دەمەزراندنی، چەندێ کاری جدی و دیاری لەو بوارەدا کردووەو پێگەو جێگەی ئامادەبوونی لەسەر زەمینەی واقیع چەندەو تا چەندێك کاژیك توانیوێتی سەربەخۆ بێت و تا چەندێکیش بووەتە پاشکۆو دواکەوتووتی پارتی بەگشتی و بارزانی بە تایبەتی. دیارە دەکرا هەموو کاژیك وەکو هەزارەها کەسی تر پارتی بوونایە یان تەنانەت دواکەوتووی تەنیا کەسێتی بارزانی بوونایە، بەڵام لە کاتێکدا تۆ ئیدیعای ئەوە بکەیت کە خەبات لە پێناوی دەوڵەی یەکگرتووی سەربەخۆی کوردستاندا دەکەیت و بە حیساب هەڵگری راستەقینەی دروشمی نەتەوەییت و خۆت بە نوێنەری راستەقینەی هەر چوارپارچەی کوردستان نیشان دەدەیت و هەڵگری گوتاری ناسیونایزمی کوردیت ، چۆن دەبیتە پاشکۆو دواکەوتووتی حیزبێکی تر کە خاوەنی گوتارو بەرنامەی تایبەتی خۆیەتی کە پێشتر لامەرکەزی و ئۆتۆنۆمی و ئێستا پاشی پەنجا ساڵ لەوەی کە تۆ پاشکۆی بوویت ئەو بەرنامەی فیدراڵی هەبە. بێگومان لێرەدا رەخنە لە پارتی ناگیرێت چونکە ئەو بە بێترس بۆ ئەو بەرنامەی خۆی کاری کردووە. بەڵام رەخنە لە کاژیك دەگیرێت کە خۆی بە نوێنەری راستەقینەی ناسیونالیزمی کوردی

زانیووەو وای نیشانداوە کە ئەم هەڵگری گوتاری ناسیونالیزمی کوردییە، کەچی دەبێتە پاشکۆی پارتی کە بە پێی لێکدانەوەکانی خودی کاژێك بەرنامەکەی بەرنامەیەکی نەتەوەیی نییەو ستراتیژی نەتەوەیشی نییە. لە مێژووی بزووتنەوە نەتەوەییەکانی جیهاندا ئەو حیزبانەی کە بەرنامەکەیان لە خوار بەرنامەی ناسیونالیزمی نەتەوەکەیانەوەیە ئەوانە دەبنە پاشکۆی گوتاری ناسیونالیزم بەڵام لە کوردستانەکەی ئێمەدا بە پێچەوانەوەیە واتە هەڵگری بەرنامەی دەوڵەت دەبێتە پاشکۆی هەڵگری بەرنامەی ئۆتۆنۆمی. هۆکاری ئەمەش ئاشکرایەو دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو نوخبەیەی کە کاژێکیان دامەزراندووە نەیانتوانیووە بە ئاشکرا گوتاری ناسیونالیزمی کوردی پێناسە بکەن بە جۆرێك راست و درووست دەربڕین بێت لە واقیعی راستەقینەی نەتەوەی کوردو لە نێو واقیعی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردیشدا ئەو پێگە جەماوەرییەیان نەبووە کە بتوانن جەماوەر لە دەوری بەرنامەکەیان کۆبکەنەوە. بە پێچەوانەی ئەمانەوە، هەم پارتی و هەم خودی سەرۆك مستەفا بارزانی هەردووکیان توانیوویانە گەورەترین رێژەی جەماوەری خەڵکی کوردستان لە خۆیان و لە بەرنامەو لە حیزب کۆبکەنەوە بەجۆرێك خودی کاژێکیش بەر شەپۆلی ئەو کۆبوونەوەیە بکەوێت واتە کاریزمای بارزانی دەسەڵاتی بەسەر کاژێکیشدا کردووە.

ئەگەر بە چاوی رەخنە بڕوانینە ئەو بنەمایانەی کە گوتاری کاژێکی لەسەر بینا کراوە، ئەوا بە ئاشکرا هەست بەوە دەکرێت کە ئەم گوتارە بینایەکی ناعەقلانی هەیەو لە بۆشایدا بینا کراوە. کە ئەویش لەو بۆچوونەوە هاتووە کە پێی وایە دەبێ قوتابخانەی کوردی سۆشیالیزم هەبێت. کاتی ناوی قوتابخانە دێت بێ چەندو چوون مەسەلەی فیکرو تیۆری فیکری دێتە ئاراوە. هەر لەپاڵ گوتاری

کاژیکدا هەمیشە باسی بیری کوردی و هاوبیران دەکرێت. بێگومان ئەمەش بۆچوونێکە هیچ بەڵگەیەکی زانستی نییە بۆ سەلماندنی ئەوەی کە شتێك هەبێت بە ناوی بیری کوردی. هەروەك بە ئاشکراو بێ هیچ دوو دڵیەك دەتوانین بڵێین کورد تاکو ئێستا نە فیکری هەبووە بەو مانایەی کە بتوانرێت ناوبنرێت فیکری کوردی نە بیرمەندیشی هەبووە هەتا فیکر بەرهەم بهێنێت، کە لەم بۆچوونەشدا هەریەکە لە خاوەنی کتێبی ئەحمەدی خانی" شاعیرو فەیلەسوف و بیرمەند" و( 12)خاوەنی "کتێبی بیری کوردی"( 13 )ش دووچاری هەمان هەڵەی بە زۆر درووستکردن و داتاشینی کاژیك بوونەتەوە سەبارەت بە بیری کوردیو وانیشاندانی ئەوەی کە کورد بیری بەرهەم هێناوە.

ناعەقلاّنیەت ئەوەیە کە ئێمە نەتوانین ئەو واقیعەی کە تیایداین بخوێنینەوەو بە هاوشێوەکردنی واقیعی خۆمان لەگەڵ واقیعی زۆر جیاوازدا هەمان خاسێتی ئەو واقیعە جیاوازە بهێنین و بمانەوێت بە بەری واقیعی خۆمانی ببڕین. ئەوەی کاژیك لە بارەی کۆمەڵگەی کوردییەوە دەیڵێت هیچ جیاواز نییە لەوەی کە رابەرانی ناسیونالیزمی عەرەبی لە بارەی واقیعی کۆمەڵگەی عەرەبیەوە گوتویانەو نووسیوویانەو خەباتیشیان بۆ کردووەو توانیوویشیانە جەماوەر لە دەوری دیدو بۆچوونەکانیان کۆبکەنەوەو سەرئەنجامیش بە هەر رێگایەك بێت بێنە سەر کورسی دەسەلاّت.

ئەگەر ئەوەی کە لە بەرنامەی کاژیکدا هاتووە وەکو پرۆژەیەکی نەتەوەیی سەیر بکرێت، ئەوا بێگومان ئەو پرۆژەیە دەبێ بە جۆرێك لە شۆرش جێبەجێ بکرێت. بەلاّم ئایا بە چ جۆرە شۆڕشێك دەتوانرێت کارێکی لەو جۆرە بکرێتو بۆ ئەوەی کە شۆڕشێکی وەها بکرێت چی پێویستە. لە بارەی پرۆژەی عەرەبیەوە بیرمەندی عەرەب محەمەد عابد جابری دوو چەمك دەبەستێت بەیەکەوە:

دانەری کتێبی گوتاری عەرەبی هاوچەرخ وای دەبینێ کە دوو چەمکی بنەڕەتی لە فیکری عەرەبیدا هەن کە سرووشتی ئەو فیکرە دیاری دەکەن کە ئەوانیش رێنیسانس و شۆڕشن(14). مەبەستمان لە هێنانەوەی ئەم بۆچوونەی جابری بۆ ئەوەیە کە بڵێین ناکرێت ئێمە باس لە گوتاری ناسیونالیزمی کوردی بکەین و نە شۆڕش و نە رێنیسانس بوونیان نەبێت. بێگومان ناشکرێت تەسەوری شۆڕیش بکەین بە بێ بوونی رێنیسانێکی هەمە لایەنە لە هەموو ئاستە ژیاری و کەلتووری و کۆمەڵایەتیەکانی نەتەوە یان کۆمەڵگەیەکدا. ئەوەی کاژیك باسی دەکات نە لە چەمکی شۆڕش‌و نە لە چەمکی رێنیسانسی نەتەوەییدایە، هەر ئەوەش وایکردووە کە گوتارەکەی لە بۆشایدا بمێنێتەوەو سەرئەنجامی ئەوەش گوتارێکی ناکاراو خەیاڵ ئامێز بێت. راستە رابردووی ئامادە لە رووی مەعنەوییەوە بایەخێکی گرنگی هەیە بۆ هەر نەتەوەیەك، تەنانەت لەو روانگەیەشەوە کە یەکێك لە پایەکانی ناسیونالیزم ئەفسانەیە بایەخی رابردوو دەردەکەوێت. بەڵام بەرنامەی کاژیك وەها وەسفی رابردووی کورد دەکات کە یەکێکە لەو نەتەوە دەگمەنانەی کە لە رابردوودا گەورەترین ئامادەبوونیان هەبووە.

دیارە ئەمە شتێك نییە بتوانرێت بسەلمێنرێت و بە پیرۆز سەیرکردنی رابردووش بەو شێوەیە هیچ مانایەك بە ئێستای کورد نابەخشێت. ئەم بۆچوونەی کاژیك لە بەشێکیدا هاوشێوەی ئەو بۆچوونەی بوتروس بوستانیە سەبارەت بە نەتەوەی عەرەب لە رابردوودا کە دەپرسێت: ئەوسا عەرەب لە کوێدا بوون و ئێستا لە کوێدان؟(15). ئەم خاوەن بیرە لیبرالەی عەرەب لەوە دەپرسێت کە لە رابردوودا عەرەب خاوەنی فیکرو مەعریفەو ئەدەب و زانستە جۆراوجۆرەکان و خاوەنی شاعیران و ئەدیبان و گوتاربێژان و پزیشکان و

**ئەستێرەناسان و قوتابخانە جۆراو جۆرەكان بووە ئەی ئێستا چی هەیە؟ دیارە بترۆس بوستانی باسی رابردوویەكی زێڕین و ئێستایەكی وێران دەكات و لەو سەروبەندەشدا رەخنە لە كۆمەڵگەی عەرەبی دەگرێت و پێی وایە سەردەمی گەشاوەو رووناكی عەرەبی كەوتووەتە ژێر دەیجوری چەرخی تاریكیەوەو بۆ رەواندنەوەی ئەو تاریكیەش شۆڕش و رێنیسانس پێویستە.**

**ئەوەی كاژیك باسی دەكات بە گوێرەی رابردووی كورد دەبێ بزانین زۆر جیاوازە لە رابردووی عەرەب. رابردووی عەرەب بە تایبەتی لەسەردەمی هاتنی ئایینی ئیسلامەوە رابردوویەكی گەش بووەو هەر هیچ نەبێت تا كۆتایی خەلافەتی عەباسیش ئەو ئامادەبوونە درێژەی كێشاوە. بەڵام بە گوێرەی كورد هیچ رابردوویەكی گەش یان زێڕینی نییە و ئەگەر بمانەوێت وەكو ئەفسانە مێژووی دەوڵەتی مید بۆ كورد حیساب بكەین، ئەویش شتێكی وامان بۆ بەرهەم ناهێنێت چونكە لە كۆنەستی كۆمەڵایەتی كۆمەڵگەی كوردیدا بوونی ئەو رابردووە گەش و پڕ سەروەرییەی كە گوایە ئەو دەوڵەتە دەوڵەتی كورد بوو بێت و شارستانی بەرهەم هێنابێت ئامادەبوونی نییە. روانینی ناسیونالیزمی نەتەوەكانی تر بۆ رابردووی خۆیان روانینێكی رەخنەگرانەیەو تەنانەت زیاتر رابردوو بە مێژووی هەڵوەشاندنەوەو تێكشكاندنی خۆیان دەدەنە قەڵەم و دەیانەوێت ئەو مێژووە لە ئێستاوە بگۆڕن بە پێچەوانەی كاژیكەوە كە پێی وایە رابردووی كورد رابردویەكی گەش و پڕ شانازییەو كەسێتی كوردی كەسێتیەكی نموونەییەو تواناو لێهاتوویی كورد لە هەموو بوارەكاندا بێسنوورە. ئەمە بۆچوونێكە لەسەر زەمینەی واقیع جێگاكردنەوەی ئاسان نییەو هەر ئەم تێڕوانینەشە كە لە ماوەی پەنجا ساڵی رابردوودا نەك هەر كاژیك وەكو حیزب بەڵكو زۆرێك لەوانەشی كە خۆیان بە ناسیونالیستی نموونەیی دەزانن لەو روانگەیەوە كە پێیان وایە كورد**

نەتەوەیەکی نموونەییە نەبوونەتە پێشەنگی جەماوەرو بگرە پەراوێزیش کەوتوون.

بەهەرحاڵ گوتاری کاژیك کە خۆی وەکو گوتاری ناسیونالیزمی کوردی پێشکەش دەکات، نەیتوانیووە ببێتە گوتارێکی بالأدەست و جەماوەریی لە کوردستانداو شێوازی خستنەڕووی گوتارەکەو شێوازی ئیشکردنی کاژیك لە رابردووداو بە دوای ئەویشدا هاوبیرەکانی و پاسۆك و ئەو کەسانەشی کە لایەنگری ئەو گوتارە بوون، هەمیشە جۆرێك لە روانینی نێگەتیفانەی لای زۆرینەی جەماوەر بۆ خۆی درووست کردووەو بەردەوام بە گوتارێکی کۆنەپەرستانەو گۆشەگیرو ناجەماوەری و داخراو سەیر کراوە. ئەوەش هۆکاری سەرەکی مانەوەی ئەم گوتارە بووە لە پەراوێزی گوتاری بزووتنەوەی کوردیدا بە تایبەتی لە کوردستانی لکێندراو بە عێراقەوە. ئەمەش نەك هەر لە سەردەمی سەرکردایەتی بارزانیدا کە کاژیك وەکو پاشکۆو شوێنکەوتووی راستەقینەی ئەو سەرکردەیە دەرکەوتووە، بەڵکو لە سەردەمی سەرکردایەتی کۆمەڵەو یەکێتی و سەرکردایەتی کاتی پارتی و دواتریش سەرکردایەتی پارتیدا درێژکراوەی کاژیك کە پاسۆك‌و هاوبیرانی بوون هەرگیز نە لە رووی ئامادەبوون و نە لە رووی جەماوەریی بوونەوە لە ئاستی ئەواندا نەیتوانیووە جەماوەرییبوونی خۆیان لەسەر گۆڕەپانی خەباتی کوردایەتی بسەلمێنن کە لە راستیدا دەبوو مەسەلەکان بە پێچەوانەوە بووایەو خاوەنی گوتاری ناسیونالیزمی کوردی رابەرایەتی بزووتنەوەی کوردایەتی بکردایە، ئەگەر هەڵگرانی ئەو گوتارە بیانتوونیایە بە راستی هەڵگری ئەو گوتارەبن و گوتارەکەشیان گوتارێکی نەتەوەیی پێشکەوتنخوازی سەردەمیانەی کراوەو بارگاوی کراو بوایە بە چەمکە زانستی و مەعریفیەکانی سەردەم و بە خواستە رەواکانی کورد لە ئازادی و دیموکراسی و ماف و هاوڵاتیبوون و

عەدالەتی کۆمەلأیەتی و لە سەروی هەمووشیانەوە بەرنامەی درووستکردنی دەولّەتی نەتەوەییان هەبووایەو بە شێوەیەکی واقیعیانەش سەیری کۆمەلگەی کوردیو مەسەلەی کورد وەکو نەتەوەو رابردی ئەو نەتەوەشیان بکردیە.

سەرچاوەکان:


1- جەمال نەبەز، هێندێك لە کێشە بنەڕەتیەکانی قوتابخانەی کوردیی سۆشیالیزم، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، هەولێر، 2001،ل 5.

2- جەمال نەبەز، هەمان سەرچاوەی پیشوو، ل، 20.

3- الکازیکنامە، من منشورات القیادە المرکزیە لحزب کازیك، 1971ص6.

4- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل11.

5- هەمان سەچاوەی پێشووتر، ل87.

6- هەمان سەرچاوەی پێشووتر، ل87.

7- هەمان سەرچاوەی پێشووتر، ل104.

8- عەتا قەرەداخی، پەرەسەندنی ناسرووشتی کۆمەلگای کوردی، سلێمانی، 2001.

9- الکاژیکنامە، ص 105.

10-هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل 105.

11-جەمال نەبەز، هێندێك لە کێشە بنەڕەتیەکانی قوتابخانەی کوردیی سۆشیالیزم، ل 50.

12-الدکتور عزالدین مصگفی رسول، احمدی خانی شاعیرا و مفکیرا و فیلسوفا. ص

13- فازیل کەریم ئەحمەد، بیری کوردی، سلێمانی، 2009.

14- ، مركز درالتراپ والنهصه، قرات فی اعمال محمد عابد الجابری، الوحده العربیه، بیروت،2005،ص165.

15-الدکتور محمد عابد الجابری، الخگاب العربی المعاصر، بیروت، دارالگلیعه، 1985،ص23.

## بەشی نۆیەم:

# گوتاری یەکێتی نیشتیمانی کوردستان:

# زەمینەی سیاسی پێش درووستبوونی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان.

1-گوتاری کۆمەڵەی رەنجدەران: لە درووستبوونەوە تا درووستبوونی یەکێتی نیشتیمانی:

2- گوتاری کۆمەڵە لە بەسکرتێربوونی نەوشیروان مستەفاوە تا گفتوگۆی 1983

3- گوتاری کۆمەڵە لە نێوان باڵی نەوشیروانو ئاڵای شۆڕشدا.

4- گوتاری کۆمەڵە لە دوای ئاڵای شۆڕشەوە تا کۆنگرەی یەکی یەکێتی نیشتیمانی( تا تواندنەوەی کۆمەڵە)

5-گوتاری یەکێتی لە دوای کۆنگرەی یەکەمەوە.

= زەمینەی سیاسی کوردستان پێش درووستبوونی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان:

**سەرەتا:**

**بۆ قسەکردن لەسەر دامەزراندنی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان پێویست بەوە دەکات بە کورتی لەو بارودۆخە مێژوویی‌و سیاسیە بدوێین کە لە پێش درووستبوونی ئەم رێکخراوەدا باشووری کوردستانی پێدا تێپەڕیووە. وەکو ئاشکرایە بزووتنەوەی چەکداری کوردی لە ساڵی 1961دا دەستی پێکرد کە رابەرایەتی ئەو بزووتنەوەیە پارتی دیموکراتی کوردستان و بارزانی کردی. دیارە ئەوە ئاشکرایە هۆکاری سەرهەڵدانی بزووتنەوەی چەکداری لەو مێژووەدا لە ئاستی یەکەمدا پەیوەندی بە پاشەکشەکردنی عەبدولکەریم قاسمەوە هەبوو بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکانی کوردو لە ئاستی دووەمیشدا پەیوەندی بە کاردانەوەی ئاغاو بەگ‌و شێخە خاوەن زەوییەکانی کوردستانەوە هەبوو بەرامبەر بە یاسای چاککردنی کشتوکاڵ. واتە خاوەن زەوییەکانی کوردستان کە دەسەلاتێکی بەربلاویان هەبوو بە هیچ شێوەیەك بەو یاسایە رازی نەبوون کە حکومەتی قاسم سەبارەت بە زەوی‌و زارو چاککردنی کشتوکاڵ دەری کرد. بە پێی بنەماکانی ئەو یاسایە ئەوان زۆرێك لە زەوییەکانیان لە دەست دەداو جوتیاری هەژاری ولات، بەو پێیە دەبووە خاوەنی ئەو زەوییەی کاری تێدا دەکردو رەنجی تێدا دەدا. خاوەن زەوییە دەوڵەمەندەکانی کوردستان توانیان هەمان ئەو جوتیارە هەژارانە کۆبکەنەوەو لە دژی ئەو بڕیارە بەکاریان بهێنن‌و دژی حکومەتی ئەو کاتە دەست بدەنە چەك. جوتیاری هەژاری بێئاگای کوردیش لە ترسی زەبرو زەنگی ئاغاو شێخی خاوەن زەوی بە ناچاری دژی بەرژەوەندی خۆی‌و لە قازانجی خاوەن زەوی کە دوژمنی سەرسەختی ئەمی هەژار بوو، بە رابەرایەتی ئەوی خاوەن زەوی راپەڕی‌و پارتی دیموکراتی کوردستانیش بە ناچاری‌و بۆ کۆنترۆڵ کردنی بارودۆخەکە خۆی کرد بە خاوەنی ئەو راپەڕینە**

چەکدارییەو بەبێ بەرنامەیەکی پێش وەختەو خۆئامادەکرنی تەواو بۆ ڕاپەڕینی چەکداریو تەنانەت بەبێ قەناعەت هێنانی تەواوەتی بارزانی بەوەی کە هەلومەرجی ڕاپەڕینی چەکداری ڕەخسابێت، پارتی بوو بە خاوەنو سەرکردەی ڕاپەڕینەکە.

لە سەروەختی سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی چەکداری ئەیلولدا لە خوار بارزانییەوە وەکو سەرۆکی پارتی، نوخبەیەك لە ڕۆشنبیرانو خوێندەوارنی ئەو سەردەمەی کورد لە مەکتەبی سیاسیو سەرکردایەتی پارتیدا بوون کە دیارترینیان برایم ئەحمەد وەکو سکرتێری پارتیو مام جەلالو نوری شاوەیسو ساڵح یوسفیو عەلی عەبدولاو سەید عەزیزی شەمزینیو نوری ئەحمەدی تەها..تاد بوون. هەر لەو سەروەختەشەوە ناکۆکیەکی هەست پێکراو لە نێوان سەرکردایەتی بارزانیو بەشێك لە مەکتەبی سیاسیدا هەبوو کە بزوێنەری ئەو ناکۆکیەش برایم ئەحمەد بوو. برایم ئەحمەد هەوڵی دەدا دەسەلاتو هەژموونی بارزانی بەسەر پارتیەوە نەهێڵێت. بۆ ئەو مەبەستەش بەشێکی دیار لە مەکتەبی سیاسی هاوبۆچوونی برایم ئەحمەد بوون کە سەرئەنجام پەیوەندی نێوان بارزانیو مەکتەبی سیاسی بە تەواوی درزی بردو مەکتەبی سیاسی لای خۆیانەوە پەیوەندیان لەگەڵ بارزانی پچڕاند وەکو سەرۆکی حیزب. هاوکات بە دوای ئەوەدا بارزانی کۆنگری بە حیزب بەستو سەرکردایەتیەکی نوێی بۆ حیزب هەڵبژێردراو هەموو لایەنگرانی برایم ئەحمەد لە مەکتەبی سیاسی بە بڕیاری ئەو کۆنگرەیە لە حیزب دەرکران.

بەهەرحاڵ کار هەر بەوەوە نەوەستا کە مەکتەبی سیاسی لە حیزب دەربکرێن بەڵکو دواجار بێدەسەلاتو بێجەماوەرێکی ئەوتۆ مانەوەو ناچار بوون پەنا بەرنە بەر ئێرانو بچنە هەمەدان. بەلاّم بە پێچەوانەی مەکتەبی سیاسییەوە،

بارزانی لە ناوەوەی وڵاتو لە ریزی گەلدا مایەوەو توانی حیزب رێکبخاتەوەو سەرکردایەتی نوێی حیزب شوێنی سەرکردایەتی پێشوویان گرتەوەو هەندێ لە ئەندامە کۆنەکانیش کە پێشتر لایەنگری برایم ئەحمەد بوون، گەڕانەوە ژێر سایەی دەسەڵاتی بارزانی. دیارە ئەوەی ئاشکرایە زۆرینەی ئەو نوخبەیەی کە لە مەکتەبی سیاسیدا بوونو بە دەسەڵاتو هەژموونی بارزانی ناڕازی بوون هەڵگری بۆچوونی چەپ بوون، کە دواتریش بە تایبەتی دوای گەڕانەوەیان لە هەمەدانو پەیوەندی کردنیان بە حکومەتی عێراقیەوە زیاتر بوونە لایەنگرو شوێنکەوتووی بیرو بۆچوونەکانی ماوتسی تۆنگ، بە تایبەتیش زۆرێك لە خوێندکارانی ئەو سەردەمەی کوردستان بە تایبەتی لە زانکۆی بەغدا، لە بیری چەپو ماوی کۆبوونەوە.

لەو قۆناغەدا، بۆ مەسەلەی شۆڕش لە کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوودا، بۆچوونی باڵادەست ئەوە بوو کە تاکە رێگای درووست، شوێنکەوتنی بۆچوونەکانی ماوتسی تۆنگە، واتە شۆڕشی جوتیاری. بێگومان بڵاوبوونەوەی بۆچوونەکانی ماوتسی تۆنگ لە نێو لاوانو خوێندەوارانی نیوەی دووەمی ساڵانی شەستەکانی سەدەی رابردوودا پەیوەندییەکی ئاشکرای هەیە بە درووستبوونی ئەڵقە رۆشنبیرییەکانی کۆتایی شەستەکانەوە کە سەرئەنجام کۆمەڵەی مارکسی لینینی لێپێکهات. کە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان لەو ئەڵقە رۆشنبیریانەوە درووست بوو.

## بارودۆخی کۆمەڵایەتی:

بێگومان ئەوەی ئاشکرایە کە لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی رابردوودا کە بزووتنەوەی چەکداری لە باشووری کوردستان دەستی پێکرد، کۆمەڵگەی کوردی

لەرووی خوێندەوارییەوە کۆمەڵگەیەکی نەك نیمچە نەخوێندەوار بوو، بەڵکو دەتوانرێت بگوترێت تا ئاستێکی لەبەرچاو نەخوێندەوار بوو. ڕێژەی خوێندەواری لە ئاستێکی زۆر نزمدا بووە. پێکهاتەی کۆمەڵگە پێکهاتەیەکی خێڵایەتیو عەشیرەتایەتی بووەو دامەزراوەکانی خێڵو عەشیرەت جێگەو پێگەیەکی بەهێزیان هەبووەو ئابووری وڵاتیش ئابوورییەکی دواکەوتوو بووە بە جۆرێك کە ئاستی ژیانی خەڵك زۆر نزم بووەو سەچاوەی سەرەکی ژیانی خەڵك کشتوکاڵو ئاژەڵداری بووەو ئاستی بەرهەم هێنانیش نەك هەر بەرز نەبووە، بەڵکو لە ئاستی بەشی خۆکردنیش کەمتر بووە. بە ئاشکرا دیارە کە کۆمەڵگەی کوردی لەو کاتەدا کۆمەڵگەیەکی خێڵایەتی دواکەوتووی نەخوێندەواری ئابووری لاوازی داگیرکراو بووە. لە کۆمەڵگەیەکی لەم جۆرەشدا ئینتیما زیاتر بۆ خێڵو عەشیرەتە لە بری ئەوەی ئینتیما بۆ حیزب یان بۆ نیشتیمانو نەتەوە بێت. ئەمە بارودۆخی کۆمەلایەتیو سیاسیو ئابووری باشووری کوردستان بووە لە پێش درووستبوونی ئەڵقە ڕۆشنبیرییەکانی مارکسی- لینینیدا. لەو بارو دۆخەشدا لە رووی سیاسیەوە کوردستان بزووتنەوەیەکی چەکداری گەورەی هەبووە کە بارزانی سەرۆکایەتی کردووەو لەبەرامبەر ئەویشدا مەکتەبی سیاسی پارتی کە لە بارزانی جیابووبوونەوە پاڵیان دابوو بە رژێمەوەو هاوکاری رژێم بوون دژی بارزانیو بزووتنەوە چەکدارییەکەی. لەو سەروبەندەشدا خراپترین شەڕی براکوژی لە کوردستاندا روویداوە. ئەمە جگە لەوەی کە سەرەتایەکی ئاشکرا بۆ سەرهەڵدانی گوتاری خۆبەدەستەوەدان لە مێژووی گوتاری کوردیدا دەردەکەوێت کە باڵی هاریکاری کورد لەگەڵ دەوڵەتی داگیرکەری عێراقیدا نوێنەرایەتی دەکرد. بەلاّم لەو بارودۆخە ناهەموارەداو لە نێو لاوانی خوێندەواری ئەو نوخبەیەی لە مەکتەبی سیاسی کۆبووبوونەوە، ئاراستەی

چەپو مارکسیزم- لینینیزمو ئاراستەی ماویزیم بەرەو پەرەسەندن دەچوو کە سەرئەنجام کۆمەڵەی مارکسی لینینی لەوێوەو لە نێو ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئابوورییەوە درووست بوو.

وەکو گوتمان لە نێو بارودۆخی پەیوەندی کردنی مەکتەبی سیاسی پارتی بە رژێمی ئەو کاتەوە، لە نێوان لاوانی خوێنەواری ئەو سەردەمەدا مەسەلەی لایەنگری بۆ بیری چەپو ماویزم سەری هەڵدا. رەنگە هۆکاری سەرەکی بلاّوبوونەوەی لایەنگری بۆ ئەو ئاراستە بۆچوونە پەیوەندی بە سەرسامبوونو لایەنگری مام جەلالەوە هەبوو بێت بۆ ئاراستەی ماویزم. راستە باسی درووستبوونی ئەڵقە رۆشنبیرییەکانی کۆمەڵەی مارکسی لینینی دەکرێت بەڵام تاکو ئێستاش مێژوویەکی دیاریکراوی بڕوا پێکراو بۆ درووستبوونی یەکەمین خانە یان دەستە ئەو ئەڵقانەی کە کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستانیان لێدرووست بوو، لە بەردەستدا نییەو لە نێو ئەو کادیرانەشدا کە تاکو ئێستا ماون ژمارەیەکیان وای نیشان دەدەن کە لە ئەڵقە رۆشنبیرییەکانەوەو لە سەرەتای دامەزراندنی کۆمەڵەی مارکسی لینینیەوە ئەمان هەبوونو لە دامەزرێنەرانی ئەم رێکخراوەیەن.

## 1-گوتاری کۆمەڵە لە سەرەتای درووستبوونیەوە:

یەکێك لە کێشەکانی توێژینەوە لە مێژووی کورددا نەبوونی سەرچاوەی پێویستی بڕوا پێکراوە. بۆ نموونە لە بارەی درووستبوونی کۆمەڵەوە تاکو ئێستا رایەکی جێگیر نییە. دیارە مەبەستمان لە رۆژو مانگی دروستبوونی کۆمەڵە نییە بەڵکو مەبەستمان لە شێوازی دروستبوون‌و چونێتی دروستبوون‌و بەرنامەو پەیڕەوو پرۆگرامی ئەم رێکخراوەیە لە سەرەتای دروستبوونیەوە. هۆکەشی ئەوەیە دۆکیومێنتی سەروەختی دروستبوونی لەبەردەستدا نییەو هۆیەکی تریش ئەوەیە کە بەشێك لە دروستکەرانی ئەم رێکخراوە زوو لە ژیاندا نەماون کە زۆرینەیان شەهید کراون یان لە کاتێکب زوودا لە رێکخراوەکە دوور کەوتوونەتەوە. بەشێك لە نەوەکانی دوای نەوەی یەکەم ئەو مێژووە دەگێرنەوە کە ئەویش بێگومان مەسەلەی دروستی‌و نادرووستی سەرچاوەی گێڕانەوەو میزاجی تاکە کەسی‌و بنەمای پەیوەندیشی تێدەکەوێت.

برایم جەلال لە بارەی بیری چەپی نەتەوەییەوە لە کوردستاندا دەڵێت: نەبوونی رێکخراوێکی چەپی کوردستانی‌و بگرە سەپاندنی بیرۆکەی نەگونجانی رێکخراوێکی چەپی کوردستانی بە بیانووی نەگەنجانی مارکسیزم- لینینیزم‌و هەستی نەتەوەیی پێکەوە، لەلایەك‌و لەلایەکی ترەوە پەرەسەندنی دیاردەی خۆپەروەردەکردنی لاوان‌و رۆشنبیرانی کورد بە ئایدیۆلۆجیای م.ل و بیری ماوتسی تۆنگ‌و تێکەڵەکردنی بە هەست‌و بیری کوردستانی بە پێی بارودۆخی ئەوسا، فاکتەرێکی زۆر کاریگەر بوو بۆ ئەوانەی خواستیاری رێکخراوێکی لەو جۆرە بن، هەڵسن بە گەلاڵەکردنی کۆمەڵێکی لەو جۆرە(1). بێگومان لەم وتەیەی سەرەوەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە کۆمەڵە لە بارودۆخێکدا دروستبووە کە لە لایەك بزووتنەی کوردی ئەو کاتە کە پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی بارزانی سەرکردایەتی دەکرد لە روانگەی نەوەیەك لە

رۆشنبیرو خوێندەواری چەپی ئەو سەردەمەوە بە تایبەتی سەرەتای حەفتاکانی سەدەی رابردوو، بوو بووە هێزێك كە نەتوانرێت رێكخراوێك بێت بۆ لە خۆگرتنی ئەو نەوە خوێندەوارو رۆشنبیرە نوێیەی كە پەروەردەی ئایدیۆلۆجیای ماركسی لینینیو ماوتسی تۆنگ بوون. دیارە بەشێكی لەبەرچاوی ئەم نەوەیە لە باڵی جەلالیدا بوونو بە تایبەتیش دوای رێكەوتنی یانزەی ئازارو شكستی جەلالیەكان، ئیتر رووبەرێك نەمایەوە بۆ  كاركردنی ئەمانە لە بواری سیاسەتدا چونكە ئاسان نەبوو بەو بۆچوونە چەپەیانەوە لە نێو ریزەكانی پارتی دیموكراتدا خەبات بكەن، هەرچەندە هەندێكیان ئەوەشیان تاقیكردەوە بەڵام نەیانتوانی درێژە بە خەبات لە ریزی ئەو پارتەدا بدەن. باڵی جەلالیش مێژوویەكی زۆر باشی نەبوو لە روانینی ئەو كاتەی كۆمەڵگەی كوردییەوە بە تایبەتیش لە كاتێكدا كە سەركردایەتی بارزانی لە رێكەوتنی ئازاردا جۆرێك لەسەركەوتنی بەدەست هێنا بوو. ئەم نەوە رۆشنبیرو خوێندەوارە لەو بارو دۆخەدا نەدەكرا بێدەنگ بن. درووستبوونی چەند ئەڵقەیەكی رۆشنبیری كە رایەڵی پێكەوەبەستنیان بیری ماركسی لینینیو بۆچوونەكانی ماوتسی تۆنگ بوو، لەو بارودۆخەدا خانە سەرەتاییەكانی كۆمەڵەی ماركسی لینینی كوردستانیان پێكهێنا.

ئەوەی ئاشكرایە كە كۆمەڵە سەرباری ئەوەی لە سەرەتاوە وەكو چەند گروپێكی نزیك لەیەكتر لە بیروبۆچووندا دامەزرا بەڵام دواتر وەكو تاكە رێكخراوێك خۆی پێشكەش كردو سەرباری بیروڕای جیاواز لە نێوان ئەندامانی ئەو چەند دەستەیەدا، بەڵام كۆمەڵە وەكو رێكخراوێك خۆی پێشكەش كرد كە سیمای رێكخراوێكی چەپی هەبوو بەڵام بە پێی قسەو گێڕانەوەی هەندێ لە كادیرانی ئەو سەردەمەی كۆمەڵە، هەر لەسەرەتاوە كێشەیەكی گەوهەری لە نێو پێكهاتەی

سەرەتای کۆمەڵەدا هەبووەو بە زیندووی ماوەتەوە ئەویش کێشەی کوردستانێتیو عێراقیبوون بوون بووە. واتە ئایا کۆمەڵە ڕێکخراوێکی کوردستانی بێت یان عێراقی؟ هەر یەکە لە لایەنگرانی ئەم دوو بۆچوونەش بەڵگەو پاساوی خۆی هەیە بۆ داکۆکی کردن لە بۆچوونەکانی. هەرچەندە لە بۆچوونەکانی فەریدوون عەبدولقادردا هەست بە بوونی ناکۆکی یان جیاوازی یان کێشەیەکی لەو جۆرە ناکرێت.

ئەوەی ئاشکرایەو باسی دەکرێت ئەوەیە کە سەرباری بوونی دیدو بۆچوونو پێکهاتنی گروپو دەستەی ڕۆشنبیری جیاواز لە ڕووی کارکردنەوەو نزیك لەیەکتر لە ڕووی بیرو بۆچوونەوە، لە 10ی حوزەیرانی ساڵی 1970دا کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان لەسەر بنەمای بیری ماوتسی تۆنگ پێکهات. کە ئەمەش ڕاستەخۆ نزیکەی سێ مانگێك لە دوای ڕاگەیاندنی ڕێکەوتننامەی یانزەی ئازار بوو. واتە کۆمەڵە لە بارودۆخێکدا پێکهات کە سەرباری ئەوەی پارتی باڵادەست بوو، بەردەوامیش هەوڵیدەدا بۆ ئەوەی کە تەنیا هەر خۆی هەبێت. کوردستان لە قۆناغی شەڕی ئاشکرا دەرباز بوو بوو،جۆرێك لە هێمنیو ئازادییەکی زیاتریش هەبوو لەچاو سەردەمی باڵادەستی پێشتری ڕژێمدا لە کوردستان. بێگومان سەرباری پێداویستی سەردەمە مێژووییەکە بۆ درووستبوونی ڕێکخراوێکی وەکو کۆمەڵە، دەبێ ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین کە بێئومێدبوونی ئەو نەوە ڕۆشنبیرە لە لایەك لە سیاسەتو شێوازی کارکردنی پارتیو سەرکردایەتی بارزانیو لەلایەکی تریشەوە هەرەسهێنانی باڵی مەکتەبی سیاسی لەبەردەم سەرکردایەتی بارزانیدا، هەروەك پاڵدانی پێشتریشیان بە ڕژێمەوە لەو کاتەداو لەسەرووی ئەمانەشەوە بێئومێدبوون لەوەی کە حیزبی

شیوعی عێراقی بتوانێت نوێنەرایەتی چەپ بکات لەو سەردەمەدا هۆکار بوون بۆ ڕەخساندنی ئەو زەمینەی کە  کۆمەڵەی تێدا پێکهات.

کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان لە 10ی حوزەیرانی 1970 دامەزراوەو..لە ساڵی 1978 ناوەکەی کرا بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان ( 2). هەر لە بارەی سەرەتای پێکهێنانی کۆمەڵەوە برایم جەلال دەڵێت: کۆمەڵە لە سێ دەستەی بە شێوە لە یەك جوداو بە ناوەرۆك لێك نزیك پێكهات. دەستەیەکیان بە نوێنەرایەتی شەهیدی سەرکردە شەهاب شێخ نوریو دەستەیەکیان بە نوێنەرایەتی مام جەلالو دەستەی سێیەمیش بە نوێنەرایەتی نەوشیروان مستەفاو هاوڕێکانیان(3). بەلأم فوئاد قەرەداخی کە یەکێك لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەیەو وەکو فەریدوون عەبدولقادریش دەڵێت فوئاد قەرەداخیو ئەو پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەیان نووسیووە. فوئاد قەرەداخی لە بارەی دامەزراندنی کۆمەڵەوە دەڵێت: هاتنی کۆمەڵێك لە کادیرانی سازمانی ئینقیلابی حیزبی تودەی ئێران کە ڕێکخراوێکی ماوی بوو بۆ کوردستانو مانەوەیان هەتا دەرچوونی بەیانی 11ی مارتی 1970 هۆکاری درووستبوونی کۆمەڵە بوو(4). فوئاد قەرەداخی دیسان دەڵێت: ناوی ( کۆمەڵە )مان لە دوو ناوی مێژووی خەباتی چینایەتیو نەتەوایەتیەوە وەرگرت. یەکەمیان کۆمەڵەی کۆمۆنیستەکان کە مارکسو ئەنجلس وەك بەرنامەیان بۆ نووسی. دووەمیان، کۆمەڵەی (ژ.ك) کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد لە سەردەمی کۆماری کوردستان لە مهابادا نەخشی خۆی هەبووەو دواتریش بنەمای دامەزراندنی پارتی دیموکراتی ( کورد ) کوردستان بووە (5).

پێشتر ئاماژەمان بۆ ئەو قسەیەی برایم جەلال کرد کە کۆمەڵە لە سێ دەستە پێکهاتووە. بێگومان بۆ ئەو بارودۆخەی ئەو سەردەمە دەشێ وای بۆ بچین کە

هەریەکە لەم دەستانە وەکو ئەڵقەی رۆشنبیری بووبن‌و پاشان پێکەوە کۆبووبنەوە بۆ پێکهێنانی ئەم رێکخراوەیە. ئێستا ئەوەی کە خاڵی پڕبایەخە لە روانگەی ئامانجی لێکۆڵینەوەکەی ئێمەوە گوتاری کۆمەڵەیە لە سەروەختی دامەزراندنیدا. ئایا کۆمەڵە گوتارێکی نەتەوەیی هەبوو یان نا؟ ئایا گوتاری کۆمەڵە لەسەروەختی درووستبوونیدا گوتارێکی کوردستانی بوو یان عێراقی؟ ئایا لە رووی گوتارەوە گوتاری کۆمەڵە وەکو رێکخراوی زەحمەتکێشانی کوردستان لە کوێی گوتاری ناسیونالیزمی کوردیدا بووە؟

لە بارەی بەرنامەو گوتاری کۆمەڵەی مارکسی لینینیەوە فەریدوون عەبدولقادر کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی سەرەکی کۆمەڵەو یەکێکیشە لە رۆشنبیرو سیاسیە وردو بەسەلیقەو شارستانیەکانی کورد لە بارەی بەرنامەو گوتاری کۆمەڵەوە دەڵێت: لەسەرەتاوە کۆمەڵە بڕوای بە مارکسیزم-لینینیزم، بیروباڕی ماوتسی تۆنگ هێناوە. کۆمەڵە بۆ دامەزراندنی رژێمی سۆشیالیستی لە عێراقداو بۆ دامەزراندنی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا، لەسەر ئەو بیروباوەڕە نەبوو، بەڵکو بۆ رزگاری کوردستان‌و دامەزراندنی عەدالەتی کۆمەلأیەتی‌و نەهێشتنی چەوسانەوە ( نەتەوایەتی‌و چینایەتی ) باوەڕی بەو ئایدیۆلۆجیا هێنا. باوەڕهێنان بە بیروباوەڕی ماوتسی تۆنگ، ئەنجامی ئەو هەڵسەنگاندنەی مێژووی خەباتی رزگاری چین‌و رۆڵی نیشتیمانی پارتی کۆمۆنیستی چین بوو، کە ژیرانە خەباتی چینایەتی‌و نیشتیمانی پێکەوە گرێدابوو، سەرەڕای بێزاری لە سیاسەتەکانی شورەوی لەمەڕ رژێمەکان‌و مەسەلە نیشتیمانییەکانی ولأتانی جیهانی سێهەم. باوەڕی تەواو بە رەوایی خەباتی نەتەوایەتی کوردو جولأنەوەی رزگاری نیشتیمانی کوردستان هەبوو. باوەڕبوون بە خەباتی چەکدارانەو جەنگی گەل لە کوردستاندا. بڕوابوون بە ناسینی ناکۆکی سەرەکی لەسەر ئاستی جولأنەوەی سێ

**جۆگەلەی رووباری شۆڕشی جیهانی کە بریتی بوو لە خەباتی پرۆلیتاریا دژی سەرمایەداری لە رژێمە سەرمایەدارییەکاندا، خەباتی گەلانی جیهان بۆ رزگاریو دیموکراسیو خەباتی سۆشیالیستی دژی رژێمی جیهانی سەرمایەداری. بڕوابوون بە دیاریکردنی ناکۆکی سەرەکی گەلانی رزگاریخواز لە ولأتەکانی خۆیانداو بڕوابوون بەسەرەتای ( ململانێ و یەکبوون ) لە ناکۆکی ناسەرەکیداو خەبات بەشێوەی ململانێی گەلانو دوژمنی ناسەرەکی. بۆیە تا مارسی 1974 نووسینەکانی کۆمەڵە خەباتی دوژمنانە نەبوو دژی رژێمی عێراق و پشتیوانی لە خۆماڵێکردنی نەوت کرا. ناسینی هەردوو باڵەکەی پارتی ( جەلالیو مەلایی ) بە دوو حیزبی وا کە توانای سەرخستنی جولأنەوەی کوردیان نییە. لامان وابوو پارتی بەسەرۆکایەتی حیزبو سەرکردایەتیەکی خێڵەکیو بۆرجوازیە، هەر لەسەرەتاوە چەندین سەرخێڵو فیودالی لەسەرکردایەتیەکەیدا گرتۆتەخۆو لەمەسەلەی زەویدا بە قازانجی موڵکدارەکان نەك جوتیاران هەڵوێستیان وەرگرت. باڵەکەی تریش ( جەلالی ) باڵێکی وردە بۆرجوای راڕا، راڕاو لاوازبوو کە هەڵوێستو مومارەسەی مایەی شانازیو شەرەفمەندانەی نیشتیمانی نەبوو، هاوکاری رژێمی بەعس بوو. مایەی سەرلێشێوانی چینە شۆڕشگێڕەکانی گەلەکەمان بوو( 6).**

**لەراستیدا ئەم چەند خاڵە گرنگەی کە لێرەدا سەبارەت بە بەرنامەی کۆمەڵە لە دامەزراندنییەوە تاکو مارسی 1974 لەسەری رۆیشتووە باشترین بەڵگەیە بۆ ئاخاوتنکردنی گوتاری کۆمەڵە لەو قۆناغەدا. کە گوتارێکی چەپی بارگاوی کراوە بە بەشێك لە توخمو رەگەزەکانی ناسیونالیزمی کوردی. خاڵی بنەڕەتیو گرنگیش ئەوەیە کە خەباتی چینایەتیو نیشتیمانی پێکەوە گرێ دەدات بە پشتبەستن بە مارکسیزم- لینینیزم بیری ماوتسی تۆنگ. مەسەلەی دیکتاتۆری**

پرۆلیتاریاو بیناکردنی سیستێمێکی سیاسی ئیداری سۆشیالیستی لەبەرنامەی کۆمەڵەدا نەبووە، بەڵکو مەسەلەی رزگاری نیشتیمانی کوردستانو عەدالەتی کۆمەڵایەتیو نەهێشتنی جیاوازی چینایەتیو نەتەوایەتی کە خاڵی سەرەکی بەرنامەکەیەتی ئیلهامی لە بیرو ئایدیۆلۆجیای چەپەوە وەرگرتووە.

هەر لە بارەی دامەزراندنی کۆمەڵەوە نەوشیروان مستەفا دەڵێت: (ئێمە ) پێکەوە لەو گروپەدا کارمان کردبوو کە بیری دامەزراندنی کۆمەڵەیان چەسپاندو پێکەوە هەندێ لە ناوکەکەیمان رێکخست بوو(7). سەروەر عەبدورەحمان کە تێزی ماستەری لەسەر مێژووی یەکێتی نیشتیمانی نووسیووە لە بارەی دامەزراندنی کۆمەڵوە دەڵێت: سەرەتای بیرۆکەی دامەزراندنی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی جیابوونەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی بە تایبەتی بۆ کەسایەتی مام جەلال کە ئەو کاتە ئایدیۆلۆجیای ماویزمو پرینسیپەکانی سۆشیالیزمی چین کاری تێکردبوون. مام جەلال پێی وابوو ئەو رێبازە گونجاوترە لەگەڵ بارودۆخی باشووری کوردستانو باشترە لە ئەزموونی سۆڤیەت کە زێتر پشت بە چینی کرێکار دەبەستێ، چونکە بەلای ئەوەوە کۆمەڵی کوردەواری سروشتێکی جوتیارانەی هەیەو زیاتر لە کۆمەڵگەی چینی دەچێت(8).

بێگومان رای تریش هەیە لەسەر شێوازی دامەزراندنی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان، بەلاّم ئەوەی بۆ باسەکەی ئێمە گرنگە ئەو بنەما ئایدیۆلۆجیو فیکرییەیە کە کۆمەڵەی لەسەر دامەزراوە چونکە لەسەر ئەو بنەمایە ئێمە هەوڵدەدەین ئاخاوتنی گوتاری کۆمەڵە بکەین ئەگینا بە گوێرەی گوتاری کۆمەڵە رەنگە شوێنو پێگەی کەسەکان ئەو گرنگییەی نەبێت هەرچەندە وەکو شوێنو پێگەی کەسێتی خۆیان لە خەباتو تێکۆشاندا ئەوە بۆ ئەوان مێژوویەکە جێگای

شانازییە بۆیان. واتە کۆمەڵە لە چەند گروپ‌و لە کێ‌و کێ پێکهاتووە بە گوێرەی گوتاری ئەو ڕێکخراوە تەنیا لەو ڕووەوە گرنگە کە ئەو کەسانە چ ڕۆڵێکیان لە بەرنامەو گوتاری ئەم ڕێکخراوەدا هەبووە. برایم جەلال وەکو لەسەروە وتەکەیمان هێنایەوە باسی ئەوە دەکات کە بیرو ئایدیۆلۆجیای مارکسی لینینی‌و ماوتسی تۆنگ‌و تێکەڵکردنی بە هەست‌و بیری کوردستانی بە پێی بارودۆخی ئەوسا وایکرد لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە کە ڕێکخراوێکی لەو جۆرە درووست بکەن. هەروەك نەوشیروان مستەفا دەڵێت: سەرانی کۆمەڵە گەنجی خوێن گەرم‌و تووڕە بوون، خۆیان بە نوێنەری بیری پرۆلیتاریا ئەزانی(9).

لە کۆی ئەم بۆچوونانەوە ئاشکرا دەبێت کە کۆمەڵە لە دامەزراندنیدا پشتی بەستووە بە بیری مارکسی لینینی لە ئاستیکداو بەشێوەیەکی گشتیش پشتی بەستووە بە بیرو ئایدۆلۆجیای ماوی. بە تایبەتی لە شێوەی خەبات‌و بڕوابوون بەوەی کە کۆمەڵگەی کوردەواری کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵییەو بەو پێیەش جوتیاران هێزی سەرەکی جەماوەرن لەم کۆمەڵگەیەدا. بەلاّم لە پاڵ ئەوەدا کۆمەڵە لەسەرەتای درووستبوونیەوە ئەو بۆچوونەشی هەبووە کە مەسەلەی نەتەوایەتی کوردی بەشێکی دانەبڕاوە لە بەرنامەی خەباتی ئەو وەکو ڕێکخراوێك‌و بەڵکو لە پێناوی ڕزگاری کوردستاندا ئەو خەبات دەکات، بەلاّم بە شێوازێکی جیاواز لە خەباتی پێشتری پارتی دیموکراتی کوردستان کە زیاتر وەکو بزووتنەوەیەك نوێنەرایەتی هەموو کۆمەڵگەی کوردی دەکرد بە خوێندەوارو نەخوێندەوارو چینی خوارەوەو دەوڵەمەندو ئاغاو بەگ‌و شێخ‌و کۆی پێکهاتەکانییەوە. واتە ئەو بزووتنەوەیەی کە پارتی لە ئەیلولی 1961 تا ئازاری 1975 سەرکردایەتی کردووە، وەکو پێکهاتەیەکی هەمە لایەنە لە ڕووی بنیادی

حیزبیەوە دەرکەوتووەو لە رووی سەرکردایەتیشەوە بارزانی وەکو سەرکردەیەکی بەهێزی کاریزمی سەرکردایەتی کردووە.

کۆمەڵە قۆناغێکی ترە لە خەباتی کوردیدا کە هەر لەسەرەتاوە رێکخراوی نوخبەی رۆشنبیرو خوێندەواری کوردیی بووەو هەر لە دروستبوونیشیەوە هەوڵیداوە لە بری رێکخراوی سەرکردە، رێکخراوی جەماوەر بێتو تاکە کەسی ئاسایی ناو کۆمەڵگە سەرکردایەتی بکات، نەك کاریزما یان ئاغاو بەگو شێخی خاوەن پێگەو جەماوەری خێڵ وعەشیرەت. هەروەك هێزی سەرەکیشی لەو روانگەیەوە کە پشتی بە بیری ماوتسی ترنگ بەستووە جوتیاران بووە. ئەمەش هەر لەسەرتای دروستبوونی کۆمەڵەوە پشتی بەستوو بەو بیرو ئایدۆلۆجیایەی کە لەسەری دروستبووە، کە بیرو ئایدۆلۆجیای مارکسی لینینیو ماویە کە ئەمە تێزانەش بە گشتی لە پێناوی بەشەکانی خوارەوەی کۆمەڵگەدا بەرهەم هاتوونو دەرکەوتوون نەك لە پێناوی بەشەکانی سەرەوەی کۆمەڵگەدا. بڕوابوون بە پرۆلیتاریا یان جوتیارو کرێکار مانای دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێ بووە لە مێژووی بزووتنەوەی کوردایەتیدا کە تا ئەو قۆناغە حیزبو بزووتنەوەکان، شێخو بەگو ئاغاو پیاوی ئایینی و مەلای کورد رابەرایەتیو سەرکردایەتیان کردوونو جەماوەر بە دوایاندا کێش کراوە بەلاّم کۆمەڵە خۆی لەو جەماوەرە دروستبووە.

بە هەرحاڵ ئێستا ئێمە دەتوانین لە دوو ئاستدا گفتوگۆی گوتاری کۆمەڵە بکەین کە یەکەمیان ئاستی ئەو جەماوەرەیە کە کۆمەڵە پشتی پێدەبەستێت کە ئەویش جوتیارو زەحمەتکێشی کوردستانە. دووەمیان ئاستی پەیوەستبوونی گوتاری کۆمەڵەیە بە مەسەلەی نەتەوایەتی کوردەوە. بە مانایەکی تر مەبەست لە گوتاری کۆمەڵەیە کە داخۆ تا چ ئاستێك نزیك بووە یان بارگاوی کراوە بە

توخم‌و ڕەگەزەکانی ناسیونالیزمی کوردی؟ بێگومان کۆمەڵە وەکو ڕێکخراوێکی مارکسی لینینی‌و ماوی کە پێی وابووە نوێنەرایەتی جوتیاران‌و سەرجەمی زەحمەتکێشانی کوردستان دەکات، ڕووبەرێکی فراوانی لە بەردەستدا بووە بۆ ئەوەی کاری تێدا بکات. کە ئاشکرایە یەکێك لە هۆکارەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵە بە شێوەیەکی خێرا پەیوەندی بەو ڕووبەرە فراوانەوە هەبووە کە ئەم خۆی بە نوێنەریان زانیووە. دیارە ئەوە ئاشکرایە کە کۆمەڵە لە لایەن نوخبەیەك ڕۆشنبیری ئەو سەردەمەوە درووستکراوەو سەرباری ئەوەی کە خۆی بە نوێنەری کرێکاران‌و جوتیاران‌و سەرجەم زەحمەتکێشانی کوردستان زانیووە، کاری ڕێکخستنی ئەم ڕێکخراوە زیاتر لە نێو ڕۆشنبیران‌و کارمەندانی دەزگا حکومیەکان‌و خوێندکاراندا بووە. واتە بە چەمکی مارکسیانە کۆمەڵە ڕێکخراوێك بووە زەمینەی ئیشکردن‌و ڕێکخستنی زیاتر لە نێو بۆرژوای بچوکدا بووە. ئەگەر تەنانەت سەیری ئەندامانی ئەم ڕێکخراوە بکەین هەر لە دامەزراندنییەوە هەتا ئەو کاتەی کە مەفرەزەی پێشمەرگە پێدەهێنێت بە شێوەیەکی گشتی نوخبەی خوێندەوار بەشی زۆرینەی ریزەکانی پێکدەهێنن کە بەشێکی لەبەرچاویشیان کادیرەکانی پێشتری باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی بوون یان ئەوانە بوون لایەنگری ئەوان بوون یان کەسانی چەپ بوون کە ئومێدیان بە حیزبی شیوعی نەماوە یان ئەو کەسانە بوون کە ڕوانینی تایبەتیان بۆ پارتی‌و بۆ سەرکردایەتی بارزانی هەبووەو پێیان وابووە کە ناشێت بۆ ئەو قۆناغە مێژووییە پارتی‌و سەرکردایەتی بارزانی بتوانن ڕابەرایەتی شۆڕشی ڕزگاری نیشتیمانی کورد لە باشووری کوردستاندا بکەن. ئەم بۆچوونەش وای لێکردوون کە کۆمەڵە بە باشترین ئەڵتەرنایتیف بزانن. لەم ڕوانگەیەوە کۆمەڵە توانیویەتی پێگەی جەماوەری خۆی لە ماوەیەکی مێژوویی کورتدا لە نێو ئاستە

جیاوازەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا پەرە پێبدات‌و ڕێکخستنی خۆی بکات. جارێکی تر فوئاد قەرەداخی دەڵێت: کۆمەڵە بە ئاسۆو ئامانجێکی روونەوە دامەزرا. لە یەکەم بەرنامەیدا ئەو ئامانجانەی بە روونی تێدا بوو، بەرنامەی لانی کەمی کۆمەڵە شۆڕشی دیموکراتی نویٚ بوو کە ئەرکەکانی شۆڕشی نیشتیمانی دیموکراتی بۆرژوازی بەدیبهێنێت‌و زەمینەی بنیاتنانی کۆمەڵگەی سۆشیالیزم خۆش بکات. واتە وەك هەر ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستی ( ماویستی ) ئەرکەکانی شۆڕشی کردبوو بە دوو قۆناغەوە کە دوا ئامانجی کۆمۆننیزم بوو. هەر لە نێو بەرنامەکەدا ئاماژەش بەوە کرابوو کە چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی گەلی کوردیش دەکەوێتە نێو ئەرکەکانی شۆڕشی دیموکراتی نوێوە(10). کەواتە ئەم وتانە رووناکی دەخەنە سەر بەرنامەو ئامانجی کورت خایەن‌و درێژخایەنی کۆمەڵە کە ئەوەش چوارچێوەی گوتاری ئەم ڕێکخراوە دیاری دەکات.

ئاستی دووەم کە گرنگە لێیەوە سەیری کۆمەڵە بکەین ئەوەیە ئایا کۆمەڵە ڕێکخراوێکی نەتەوەیی بووە؟ ئایا کۆمەڵە هەڵگری گوتاری ناسیونالیزمی کوردی بووە؟ ئایا کۆمەڵە وەکو ڕێکخراوێکی چەپی چینایەتی درووستبووە یان وەکو ڕێکخراوێکی چەپی نەتەوەیی؟ ئایا چ پەیوەندییەك لە نێوان ڕێکخراوێکی مارکسی لینینی ماوی‌و مەسەلەی ناسیونالیزمدا دەدۆزرێتەوە؟ بێگومان ئەگەر سەیری سەرەتای درووستبوونی کۆمەڵە بکەین وەکو ئەوەی کە فوئاد قەرەداخی باسی دەکات زیاتر سیمای ڕێکخراوێکی چینایەتی چەپی هەبووە. وەکو ئەوەی برایم جەلالیش باسی دەکات بە پێی قسەی ئەو کۆمەڵە لە سێ ئاراستەی جیاواز پێکهاتووە کە هەڵگری ئایدیای چەپ بوون‌و لە هەمان کاتیشدا زۆرینەیان لە دەرەوەی بڕوابوون بە مەسەلەی نەتەوایەتی کورد نەبوون بەڵکو بە گشتی وادەردەکەوێت کە ئایدیۆلۆجیای مارکسی لینینی‌و ماویش ئەگەر بە ئاشکراش

بانگەشەی ئەوەشیان نەکردبێت، بەلاّم هەر لە پێناوی مەسەلەی نەتەوەو رزگاری نیشتیمانیدا بەکارهاتبێت. ئەوەی فوئاد قەرەداخی باسی دەکات ئاشکراترەو دەری دەخات کە کۆمەڵە روانینی خۆیی هەبوو بۆ مەسەلەی کورد کە وەکو یەکێك لە ئەرکە دیموکراسیەکان سەیری کردووە. نەك وەکو ئەوەی برایم جەلال کە وای نیشان دەدات کە کۆمەڵە هەر لە سەرەتاوە لە نێوان کۆمەڵێ خەڵکی پێکەوە نەگونجاو پێکهاتبێت. عارف کەریم دەڵێت: کۆمەڵە رێکخراوێکی ماوی بوو، بڕوای بە خەباتی ناسیونالیستیو چینایەتی هەبوو، تێدەکۆشا بیروباوەڕی ماوتسی تۆنگ لەبەر رۆشنایی تایبەتمەندییە نەتەوەییەکانی گەلی کورد پیادە بکات لە سەرانسەری کوردستاندا، بەلاّم زیاتر کوردستانی عێراق،، هەروەها هەوڵی دەدا حیزبێکی کوردستانی دابمەزرێنێت(11).

بەلاّم ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە کۆمەڵە وەکو رێکخراوێکی ناسیونالیستی درووست نەبووەو بەرنامەی سەربەخۆییو درووستکردنی دەوڵەتی کوردیش ئامانجی ئاشکرای ئەو نەبووە. بەڵکو ئەوەی زیاتر دەبینرێت ئەوەیە کە کۆمەڵە بڕوای بە خەباتی زەحمەتکێشانی کوردو عێراق بە گشتی هەبووە لە پێناوی لە نێوبردنی چەوساندنەوەی نەتەوەییو چینایەتی و درووستکردنی سیستێمێکی دیموکراسی کە خەڵکی عێراق لە سایەیدا بە ئازادی بژینو لەو نێوەندەشدا کورد مافی خۆیەتی بڕیاری چارەنووسی خۆی بدات کە ئەوەش بڕیارێکی دوو لایەنانەیەو ئەوە دەگەیەنێت ئایا کورد دەیەوێت جیابێتەوە یان لە چوارچێوەی عێراقدا بمێنێتەوزە؟ لە ژمارە یەکی گۆڤاری کۆمەڵەدا کە پایزی 1978 دەرچووە هاتووە: ئێمە خەبات ئەکەین بۆ نەهێشتنی چەوساندنەوە بە هەموو شێوەکانییەوە، هی رەگەزی، نەتەوایەتی، چینایەتی، دینی، مەزەبی...خەبات

ئەكەین بۆ نەهێشتنی پەیوەندی زاڵمانەی نێوان کوردو کورد، هی نێوان کوردو حکومەتە داگیرکەرەکانی کوردستان، هی نێوان کوردو ئیمپریالیزمی جیهانی. ئێمە ئەمانەوێ بەخۆشیو تێری وەکو مرۆڤ بەسەربەستیو ئازادی دوور لە چەوسانەوەو ئازارو زۆر لێکران لەسەر خاکی باوو باپیرانمان بە ئاشتی بژین. خەباتی کۆمەڵەمان لە پێناوی ئەم ئامانجە رەواو پیرۆزانەدایە، کە ئەمانجی گەلەکەمانە( 12). لێرەدا بەرنامەو گوتاری کۆمەڵە زۆر بە روونی دەردەکەوێت. لە لایەك بڕوا بوونە بە ئازادی لەسەر خاکی باو باپیران لەلایەکی تر داننانە بە بەوەدا کە کوردستان وڵاتێکی داگیرکراوە. هەروەك مەسەلەی پێکەوەژیانی بە ئاشتیش لەگەڵ ئەوانی تردا، رووبەرێکی دیار لەو گوتارە داگیر دەکات. بێگومان ئەمەش لەبەردەمی ئەو پرسیارەدا رامان دەگرێت: ئایا گوتاری کۆمەڵە گوتارێکی کوری بووە یان گوتارێکی عێراقی؟ هەروەك ئەمەش ئەوە ئاشکرا دەکات کە گوتاری کۆمەڵە لە کوێی گوتاری ناسیونالیزمی کورددیدا بووە. برایم جەلال دەڵێت: ئامانجی سەرەکیو ستراتیژی کۆمەڵە خەبات دەبێ بۆ بەرپاکردنی شۆڕشی رزگاری نیشتیمانیو سەرکردایەتیکردنی خەباتی قۆناغی رزگاری نیشتیمانیو بە دەستهێنانی مافی چارەنووس بۆ گەلی کورد(13).

بێگومان لەم وتەیەی سەرەوەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە کۆمەڵە خەبات دەکات لە پێناوی رزگارکردنی نیشتیماندا کە ئەوەش بە جۆرێك نائاشکرایە ئایا خەبات دەکات لە پێناوی رزگارکردنی عێراق لە دەستی دیکتاتۆرییەت یان خەبات دەکات لە پێناوی رزگارکردنی کوردستاندا بەبێ ئەوەی باسی عێراق بکات. بەڵام لە کۆتایی ئەم وتەیەدا ئەوە هاتووە کە ئەم رێکخراوە لە میانەی سەرکردایەتی کردنی خەباتی رزگاری نیشتیمانیدا کۆشش دەکات بۆ بە دەستهێنانی مافی چارەنووس بۆ گەلی کورد. لێرەدا ناڕاستەوخۆ ئەوەمان بۆ

ئاشکرا دەبێت کە رزگاری نیشتیمان لە پلەی یەکەمدا دێت‌و مافی چارەنووس بۆ گەلی کورد لە پلەی دووەمدا دێت. لە بارێکی وەهاشدا ئەوە ئاشکرا دەبێت کە پێدەچێت مەبەست لە رزگارکردنی نیشتیمان رزگارکردنی عێراق بێت. ئەنجا مەودای مافی چارەنووس دیار نییەو پێش ناچێت کە کۆمەڵە بەرنامەی سەربەخۆیی کوردستان‌و دروستکردنی دەوڵەتی کوردی هەبووبێت. کەواتە لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە گوتاری کۆمەڵە بە ئاشکرا گوتاری نەتەوەیی خاوەن شووناس نەبووە لەو روانگەیەوە کە گوتاری نەتەوەیی لە گەوهەردا بریتیە لە سەربەخۆیی‌و دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەیی. ئێستا ئەگەر سەیری گوتاری کۆمەڵە بکەین لەو روانگەیەوە کە رێکخراوێکی مارکسی لینینی ماوی بووە، رەنگە ئاسان نەبێت کە رێکخراوێکی لەم جۆرە وەکو دروشم هەڵگری ناسیونالیزم‌و هەڵگری گوتاری ناسیونالیزم دابنرێت، هەرچەندە ئێمە ئەوەشمان ئاگا لێیە کە ئاراستەیەکی ناسیونالیزم هەیە بە ناوی باڵی چەپی ناسیونالیزم کە ناسیونالیزمی نەتەوە کۆلۆنیکراوەکان زۆریان لەسەر ئەم ئاراستەیەن واتە چەپێك کە باوەڕی بەسەربەخۆیی نەتەوەو سەروەری نەتەوەو دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەیی هەیەو لەو پێناوەشدا خەبات دەکات. ئەوەشمان بیر نەچێت کە سەرەتا بۆچوونی ئەوە هەبوو کە کۆمەڵە وەکو ئەڵتەرنایتیڤی حیزبی شیوعی دابنرێت، هەر لەمبارەیەوە برایم جەلال دەڵێت: کەسانێك لە دەستەکەی مام جەلال خاوەنی ئەو بیرە بوون کە هەوڵبدرێ کۆمەڵە بکرێ بە عێراقی‌و ببێتە ئەڵتەرنایتیڤی حیزبی شیوعی عێراقی(14). دیارە ئەو بۆچوونە هەیە کە بیرۆکەی بوونی کۆمەڵە بە ئەڵتەرنایتیڤی حیزبی شیوعی عێراقی جێگای نەگرتووە، بەڵام ئەو ئاماژەیە دەدات کە لەسەرەتاوە ئاراستەیەك لە نێو دامەزرێنەرانی کۆمەڵەدا بوون کە ئەو بۆچوونەیان هەبووەو

بێگومان ئەوەش کاریگەری هەبووە لەسەر بەرنامەو ئایدیۆلۆجیاو گوتاری کۆمەڵە ئەگەر بۆچوونەکەی ئیبراهیم جەلال لەو بارەیەوە لە جێگای خۆیدا بێت.

لە بارەی پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەوە برایم جەلال دەڵێت: کۆمەڵە پەیڕەوێکی ناوخۆی هەبوو، کە مارکسیزم- لینینزم‌و بیری ماوتسی تۆنگ دەنگی دابووەوە لە ناویاو، لە ناوەڕۆکیشیدا، پەیڕەوەکە بریتی بوو لە پێشەکیەکی کورت سەبارەت بە بارودۆخی کوردستان‌و عێراق‌و ناوچەکەو پێداویستی لە دایکبوونی ڕێکخراوێکی چەپی کوردستانی لەوجۆرە(15). فوئاد قەرەداخی دەڵێت: بەرنامەی کۆمەڵەی مارکسی لینینی بە تایبەتی بەشی پێڕەوی ناوخۆ فۆتۆکۆپیەکی بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستی چین بوو(16). هەروەك فوئاد قەرەداخی دەڵێت: مەسەلەی پێکهێنانی حیزبی پێشڕەوی پرۆلیتاریا بۆ سەرکردایەتی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کوردو بەرەی نیشتیمانی یەکگرتوو، لەشکری گەل‌و شۆڕشی درێژخایەن هیچ دوو دڵییەك‌و ناڕۆشناییەك لە بارەیانەوە نەبوو(17). بە هەرحاڵ لەم وتانەوە دەردەکەوێت کە ئاراستەی باڵادەستی بەرنامەو گوتاری کۆمەڵە لە نێوان گوتاری نەتەوەیی‌و گوتاری کۆمۆنیزمدا لە نێوەندا بووە، هەرچەندە ئەوە ئاسان نییە کە بگوترێت گوتاری کۆمەڵە گوتارێکی کۆمۆنیستیانەی تەواو بووە، هەرچۆن ناتوانرێت بگوترێت گوتاری کۆمەڵە گوتارێکی ناسیونالیستی خاوەن شووناس بووە.

بە روانینی ئەو سەردەمەی خەڵك بۆ حیزبە شیوعیەکان کە زیاتر لێرەدا مەبەستمان حیزبی شیوعی عێراقە گوتاری ئەو حیزبی شیوعی عێراق کۆمۆنیستانە بووە. تەنانەت باڵی قیادە مەرکەزیش کە لە حیزبی شیوعی جیابووەوە لە سەرئاستی گشتی گوتارەکەی هەر گوتارێکی کۆمۆنیستانە بوو

ئەگەرچی لە هەندێ خاڵی ئاسایدا جیاوازی هەبوو‌بێت لە گوتاری لیژنەی مەرکەزی. حیزبی شیوعی کوتارێکی ئاشکرای هەبووە کە کوتاری عێراقی بووەو ئەوەش هیچ جیاواز نەبووە لە ناوی حیزبەکەو ئامانجی سەرەکیو پرۆژەی سەرەکی ئەو حیزبەیە، کە پرۆژەی دروستکردنی سیستێمیکی سۆشیالیستی بووە لە عێرقدا. بەلاّم بە کوێرەی گوتاری کۆمەڵە وەکو گوتاری پارتی دیموکراتی کوردستان کە بیستو پێنج ساڵ پێش کۆمەڵە دروست بووە، گوتاری کۆمەڵەش جۆرێك لە تەمومژ دەوری داوە، لە نێوان گوتاری کوردیو گوتاری عێراقیدا. ئەگەرچی لە بواری خەباتو کاری پێشمەرگایەتیدا ئاستو سەنگی کوردی بوونو خەبات لە پێناوی کوردو کوردستاندا زۆر لە ئاستو سەنگی خەبات لە پێناوی عێراقو گوتاری عێراقیدا بەرزترو قورستر بووە. بە واتایەکی تر هەرچەندە گوتاری کۆمەڵە سیمای عێراقێتی پێوە بووە، بەلاّم نەك هەر لە سەرەتادا بەڵکو تا ئەو کاتەی کە کۆمەڵە لە نێو یەکێتیدا بە تەواوی توێندرایەوە، نەك هەر ئەو ئاراستەی کۆمەڵە کە زیاتر مەیلی کوردستانی هەبوو بەڵکو ئەو ئاراستەیشی کە بە حیسابو زیاتریش وەکو نەیارەکانیان بۆ جۆرێك لە سووکایەتی پێکردن پێیانگوتوون عێراقچی، هەموویان پێکەوە وەکو تاکە رێکخراوێك خەباتی کوردانەی دەکردو بە ئاشکرا وەکو رێکخراوێکی کوردیو خەباتگێڕ لە پێناوی مافە نەتەوەییەکانی کورداو لە سەر رووبەری جوگرافیای کوردستانو لە نێو جوتیارو زەحمەتکێشی لادێو شاری کوردستاندا بووەو هێزی پاڵپشتو هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵەش هەر لە نێو پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردییەوە پێکهاتووەو خەباتی کردووەو تێکۆشاوە.

رەنگە ئەو پرسیارە سەرهەڵبدات کە ئایا بۆچی کۆمەڵە لە رووی پەیڕەوو گوتارەوە بارگاوی کراوە بە توخمەکانی گوتاری عێراقی؟ بێگومان ئەوە

پەیوەندی بەو تێزو ئایدیۆلۆجیاوە هەیە کە کۆمەڵەی لەسەر بیناکراوە، کە بە ئاشکرا دیدو تێڕوانینی ئاراستە نیمچە چەپی نێو مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بە گشتیو، مام جەلال بە تایبەتی هەر لەسەرەتاوە بەسەر بەرنامەو گوتاری کۆمەڵەوە دیارو ئاشکرا بووە، کە ئەویش سەرسامبوونی مام جەلال بووە بە بیری ماوتسی تۆنگو شۆڕشی جوتیاری لە وڵاتیکدا کە بۆرژوای نیشتیمانیو پیشەسازی وەکو چینێکی خاوەن شووناس دەرنەکەوتبێتو پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان هێشتا پەیوەندی بەرهەمهێنانی فیودیالی بێت، ئەوا هیزی جەماوەری شۆڕشگێڕ بۆ ئەو قۆناغە جوتیارانو نوخبەی رۆشنبیرو توێژی بۆرژوای بچووکە لە خاوەن پیشە بچووکە بە ژمارە کەمەکان هێزی سەرەکی ئەو شۆڕشەن. دیدو بۆچوونی مام جەلال هەر لە دوای جیابوونەوەی مەکتەبی سیاسی لە سەرکردایەتی بارزانی بە جۆرێك لە نێو نوخبەی خوێندەواردا بڵاو بووە کە هەژموونی بەسەر ئەو نوخبە رۆشنبیرەدا هەبووە کە لەگەڵ مەکتەبی سیاسی بوون. لەم بارەیەوە سەلاح ئەلخەرسان دەڵێت: هۆی کەوتنە ژێر کاریگەری تاڵەبانی بۆ بیری ماوتسی تۆنگو بۆ ئەزموونی ( چین )ی لە پیادەکردنی سۆشیالیزم دەگەڕێتەوە بۆ بڕوابوونی بەوەی کە ئەو ئەزموونە گونجاوترە بۆ پیادەکردن لە کوردستانی عێراقدا لەچاو ئەزموونی سۆڤێتی کە پشت دەبەستێت بە بوونی چینی کرێکار لە کۆمەڵگەی کوردی عێراقدا کە ئەم کۆمەڵگەیە سرووشتێکی جوتیاری هەیەو چینی کرێکاری بەوجۆرە نییەو لەم رووەوە هاوشێوەی کۆمەڵگەی چینیە(18). ئەگەر بە وردی سەیری کۆمەڵە وەکو رێکخراوێکی سیاسیو وەکو خەباتی پێشمەرگایەتیش بکەین ئەوا بە ئاشکرا دەبینین کە هەوڵیداوە لەسەر ناوەرۆکی ئەم بۆچوونە بڕوات کە لەم وتەیەی سەرەوەدا هاتووە. ئەمەش ئەو راستیە دەردەخات کە

کۆمەڵە بە هەرشێوەیەك‌و هەرچۆن درووست بووبێت‌و هەرکەس لە دامەزرێنەرانی بوو بێت وەکو رێکخراوێك، ئەوە خاوەنی راستەقینەی پرۆژەی درووستکردنی کۆمەڵە بە تایبەتی لە رووی فیکری‌و ئایدیۆلۆجیەوە مام جەلال بووە چونکە کۆمەڵە لە بەرنامەو گوتاردا بەرهەمی تێڕوانینێکە کە مام جەلال لە نیوەی دووەمی شەستەکاندا بانگەوازکەری ئەو بۆچوونانە بووە لە کوردستاندا.

بۆچوونەکانی مام جەلال سەبارەت بە کۆمەڵگەی کوردی بۆ ئەو سەردەمە تا ئەندازەیەکی ئاشکرا بۆچوونی واقیعی بوون چونکە لەو مێژووەدا کە زەمینەی درووستبوونی کۆمەڵە رەخسا، کۆمەڵگەی کوردی  کۆمەڵگەیەکی خێڵاٚیەتی دواکەوتووی ژێر سایەی کۆنترۆڵی عەقڵی خێڵ‌و پەیوەندی بەرهەمهێنانی ناسرووشتی‌و دەسەلاٚتی لاوازو بە سیستێم نەبووی فیودیالی بوو. ئەمە بێجگە لەوەی کە لەو مێژووەدا نموونەی بالاٚدەست لە رووی ئایدیاو گوتارو جەماوەریشەوە پارتی دیموکراتی کوردستان بوو کە ئەویش ئاشکرایە لەو قۆناغەدا وەکو حیزبی ئەڵتەرنایتیڤی دامەزراوە بالاٚدەستەکانی کۆمەڵگەی کوردی لە خێڵ‌و عەشیرەت‌و رێبازی تەسەوف دەرکەوتووە. باڵادەستی سەرکردایەتی بارزانیش زیاتر شوناسی ئەو حیزبەو بزووتنەوەکەشی وەکو حیزبی کۆمەڵگەی کوردی بەرجەستە دەکرد. هەروەك زۆرینەی دانیشتوانی کوردستان لەو مێژووەدا لەسەر کشتوکاڵ‌و ئاژەڵداری دەژیان‌و لە هەموو کوردستانیشدا جگە لە چەند کارگەیەکی ئاسایی وەکو شەکرو جگەرە هیچ بنەمایەکی تری کۆمەڵگەی پیشەسازی بوونی نەبوو. هەموو ئەمانەش هۆکاربوون بۆ ئەوەی ئەو تێڕوانینەی مام جەلال تێڕوانینێکی زیاتر واقیعیانە بێت لە چاو تێڕوانینی ئەو کەسانەی کە پێیان وابوو دەبێ چینی پرۆلیتاریا

سەرکردایەتی خەباتی ئەو قۆناغە بکات، لە کاتێکدا پرۆلیتاریا لە کۆمەڵگەی کوردیدا لە ئاستی نەبوودا بوو بە تایبەتی وەکو پێکهاتەی چینایەتی. بە مانایەکی تر دەتوانین بڵێین هەوڵدان بۆ ئەوەی کە شۆڕشی رزگاری نیشتیمانی کوردی وەکو شۆڕشی جوتیاران‌و زەحمەتکێشان سەیر بکرێت‌و لەو پانتاییە کۆمەڵایەتیەشدا کار بکرێت کە ئەویش بە جۆرێك بووە، جیاکردنەوەی دیدو تێڕوانینی کۆمەڵەی لە دیدو تێڕوانینی حیزبی شیوعی عێراقی بە جوانی نیشانداوە، کە حیزبی شیوعی بڕوای بە شۆڕشی پرۆلیتاری هەبووە لە عێراقدا. یان ئاشکراتر بڵێین دیدو تێڕوانینی کۆمەڵە بۆ شێوازی شۆڕش لە کوردستاندا بەو ئەندازەی لە شێوازی تێڕوانینی ماونسی تۆنگ و شۆڕشی چین نزیك بوو بەو ئەندازە لە تێڕوانین‌و شێوازی سۆڤێتی دوور بوو کە حیزبی شیوعی عێراقی خۆی وەکو شوێنکەوتووی راستەقینەی سۆڤێت نیشان دەدا.

رەنگە ئەو پرسیارەش لەلای خوێنەر سەرهەڵبدات ئایا مام جەلال خۆی پەی بەوە بردووە کە کۆمەڵگەی کوردی لە رووی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانەوەو لە رووی ئاستی ئابووریی‌و پێکهاتەی چینایەتیەوە هاوشێوەی کۆمەڵگەی چینی پێش ساڵی 1949یە کە ماوتسی تۆنگ سەرکردایەتی شۆڕشی جوتیاری تێدا کردو بە پشتبەستن بە تیۆری مارکسی لینینی تیۆرەکەی خۆی دانا کە بە تیۆری ماوتسی تۆنگ دەناسرێت‌و بۆ کۆمەڵگە جوتیاری‌و کشتوکاڵیەکانی وەکو کۆمەڵگەی چینی کە هێشتا پرۆلیتاریا نەبووەتە چینێکی کۆمەڵایەتی خاوەن شووناس، کە ببێتە هەڵگری بەرنامەو درووشمی شۆڕشی پرۆلیتاری ئەو چەمکە بۆچوونەی ماو گونجاوتر بێت کە ئەو لە کۆمەڵگەی بنیاد جوتیاری چینیدا پیادەی کردو ئەوەش ببێتە بنەمایەك کە پێی وابێت لەم جۆرە کۆمەڵگەیاندا شۆڕش بریتی دەبێت لە شۆڕشی جوتیاران‌و بۆرژوای بچووك لە کاسبکاران‌و

**ڕۆشنبیران. یان ئایا مام جەلال کاریگەری تری لەسەربووەو لە ژێری کاریگەری ئەو هۆکارانەدا گەیشتۆتە ئەوەی کە تێزێکی لەو جۆرە بۆ شۆڕشی ڕزگاری نیشتیمانی کوردی بکاتە بەرنامە.**

**لەو بارەیەوە باسی ئەوە دەکرێت کە لە ساڵانی دوای جیابوونەوەی مەکتەبی سیاسی لە سەرکردایەتی بارزانی، مام جەلال پەیوەندییەکی بە تینی لەگەڵ کۆرشی لاشائیدا هەبووە کە بە دکتۆر جەلال ناسراوەو لە ڕێکخراوی شۆڕشی ئێران بووە: مام جەلال لە لایەن ئارا فیکرییەکانی ئەم پیاوەو هاوڕێکانی ترییەوە کاری لێکراوەو ئەو قەناعەتەی لێوە بەدەستهێناوە کە کارکردن لەسەر دامەزراندنی ناوکی مارکسیەکی خاوێن کە بە هێوری بگۆڕێت بۆ حیزبێکی شۆڕشگێر کە بتوانێت بە بەرپرسیارێتی خۆی هەستێت، پێویستە(19). کەواتە یەکەم لێرەدا دەشێ بپرسین ئایا دەبێ مەبەست لە مارکسی خاوێن چی بێت، لە کاتێکدا مام جەلال سەرسامیەکی تەواوی بە تێزەکانی ماوتسی تۆنگ هەبووەو پێی وابووە کە دیدی ماوتسی تۆنگ گونجاوترین دیدە بۆ ڕابەرایەتی کردنی شۆڕشی ڕزگاری نیشتیمانی لە وڵاتێکی دواکەوتووی داگیرکراوی کشتوکاڵی وەکو کوردستاندا کە هێزی سەرەکی شۆڕشیش لەم ڕوانگەیەوە جوتیارانن. هەروەك لە لایەکی ترەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە کەوتنە ژێر کاریگەری بۆچوونەکانی کۆرشی لاشائیو هاوڕێکانی دەشێ هۆکارێکی سەرەکی بوو بیبێت بۆ ئەوەی مام جەلال بەو تێڕوانینەوە کە هێشتا لە پاڵ دەسەڵاتدا بووە بیر لە دامەزراندنی ڕێکخراوێکی لەوجۆرە بکاتەوە کە دواتر لە کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستاندا خۆی بینیووەتەوە. ئەمەش لەبەرادەم پرسیارێکدا ڕامان دەگرێت کە ئەویش ئەوەیە ئایا کۆمەڵە لە دایکبووی ڕاستەقینەی منداڵدانی کۆمەڵگەی کوردییە، یان بە کاریگەری کەسانی دەرەوەو دیدوبۆچوونی دەرەوەو حیزبو ڕێکخراوی**

دەرەوە درووست بووە؟ بێگومان وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەش بە هەر لایەکدا بێت کاریگەری ئاشکرای دەبێت لەسەر گوتاری کۆمەڵە کە ئایا گوتارێکە بەرهەمی راستەقینەی بارودۆخو زەمینەی کۆمەڵایەتی کوردییە یان لە ژێر کاریگەری دەرەوەو گوتاری دەرەوەی واقیعی کۆمەڵگەی کوردیدا درووست بووە؟ بەڵام لەپاڵ ئەم بۆچوونەشدا دەتوانین بڵێین کە کۆمەڵە با لەژێر کاریگەری بۆچوونەکانی کۆرشی لاشائیو هاورێکانیشیدا درووست بووبێت، بەڵام لە گەوهەردا رێکخراوێك بووە لە منداڵدانی کۆمەڵگەی کوردییەوەو بە شێوەیەکی سرووشتی درووستبووە.

دووەم ئەو بۆچوونە دێتە بەر باسو قسە لەسەر کردن کە بریتیە لە گێڕانەوەی کۆمەڵەو پەیوەستکردنی بە باڵی مەکتەبی سیاسیەوە کە ئەوەش لە بارێکی تردا دەبێتە درێژکراوەی جەلالیەت. ئەوە راستە کە مام جەلال دەوری کاریگەری هەبووە لە درووستکردنی کۆمەلەدا بە تایبەتی لە رووی فیکریەوەو، ئەوەشی کۆمەڵەی بەو جۆرە ئاراستە کردووە کە رێکخراوێکی ماوی بێت ئەوە زیاتر مام جەلال بووە. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە مام جەلال وەکو باوکی رۆحی کۆمەڵە سەیر دەکرێتو تەنانەت ئێستاش دەبینین زۆرینەی ئەندامە دێرینەکانی ئەم رێکخراوە وەها سەیری مام جەلال دەکەن کە دامەزرێنەرو کەسی یەکەمی کۆمەڵە بووبێت تا ئەو کاتەی کە دوورکەوتووەتەوە. رەنگە ئەوەش یەکێك لەو هۆکارانە بووبێت کە رێگای بۆ مام جەلال خۆش کردبێت کە ببێت بە سکرتێری گشتی یەکێتیو سەرئەنجامیش کۆمەلە لە نێو یەکێتیدا بتوێندرێتەوەو مام جەلالیش وەکو سکرتێری یەکێتی هەموو برِیارێکی کۆمەڵەشی بەدەست بێت. بەهەرحاڵ ئەوەی لێرەدا مایەی سەرنج بێت ئەوەیە کە ئایا گوتاری کۆمەڵە لە گەوهەردا جیاوازی هەبووە لە گوتاری سیاسی مام جەلال، یان لە بنەرەتدا

گوتاری کۆمەڵە بریتی بووە لە گوتاری سیاسی مام جەلال؟ کە مەبەست لەم قسەیەش ئەوەیە ئایا گوتاری کۆمەڵە درێژکراوەی گوتاری جەلالیەتە؟ یان تا چ ئاستێك گوتاری کۆمەڵە لەژێر کاریگەری‌و هەژموونی گوتاری جەلالیەتدا بووە؟ بێگومان ئەوە ئاشکرایە کە کاریگەری دیاری مام جەلال هەبووە لەسەر گوتاری کۆمەڵە بە تایبەتی لەو روانگەیەوە کە کۆمەڵە لە هەناوی باڵی مەکتەبی سیاسیدا درووستبووەو لە لایەن ئەو نەوە خوێندەوارەوە کە سەر بەم باڵە بوون یان لایەنگری ئەم باڵەبوون دامەزراوە. ئەمە جگە لەوەی کە باسی ئەوە دەکرێت مام جەلال خۆی وەکو یەکێك لە دامەزرێنەرەکانی کۆمەڵە بوو بێت‌و دیارە کۆمەڵەش لەسەر بنەمای تێزەکانی ماوتسی تۆنگ دامەزراوەو پێشەنگی ئەو نەوەیەش کە سەرسام بوون بە بیری ماوتسی تۆنگ‌و ئەزموونی چینی میللی مام جەلال بووە. هەربۆیە لەم رووەشەوە رۆڵ‌و دەوری مام جەلال ئاشکرا دەبێت. خاڵێکی تریش کە جێگای لەسەر راوەستانە نزیکی هەڵوێستی کۆمەڵەیە لە هەڵوێستی جەلالیەت بەرامبەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان‌و سەرکردایەتی بارزانی. ئەمەش راستەخۆ یان ناڕاستەوخۆ هەمان دیدو تێڕوانی برایم ئەحمەدو مام جەلالە بۆ پارتی‌و سەرکردایەتی بارزانی، بەوەی کە گوایە سەرکردایەتیەکی خێلاّیەتیەو سەردەمی بەسەرچووەو چیتر کاریزماو عەقڵی خێڵ ناتوانێت لە کوردستاندا رابەرایەتی بزووتنەوەی رزگاری نیشتیمانی کوردستان بکات. دیارە ئەوەی لێرەدا گرنگە بەرنامەو گوتاری کۆمەڵەیە هەرچەندە ئەو پاشخانە کەلتووری‌و پەروەردەییەی کە کۆمەڵەی لێوە هاتووە دەوری هەبووە لەسەر گوتاری کۆمەڵەو قۆناغەکانی تری ژیانی کۆمەڵە.

سەلاح ئەلخەرسان دەڵێت: تاڵەبانی دەستی کرد بە جێبەجێکردنی تیۆرو بۆچوونەکانی کۆرشی لاشائی لە کاری سیاسی‌و رێکخستندا ئەویش بە

هەڵبژاردنی کۆمەڵێك لە نوخبەیەکی رۆشنبیر لەوانەی کە پەیوەندییان بە پارتی دیموکراتی کوردستان باڵی مەکتەبی سیاسیەوە هەبوو، خانەی خاوێنی مارکسی لێپێکهێنان (20). دیسان لێرەداو بەپێی ئەم قسەیەی نووسەر ئەو بۆچوونە ئاشکرا دەبێتەوە کە یەکەم مام جەلال درووستکەری کۆمەڵەیەو کۆمەڵەش لەسەر بنەمای بۆچوونەکانی کۆرشی لاشائی درووستکراوەو لەو نوخبە رۆشنبیرەش درووستکراوە کە لە نێو باڵی مەکتەبی سیاسی پارتیدا بوون‌و زیاتر پەیرِوکەری بۆچوونەکانی مام جەلال‌و بوون، هەرچەندە ئەو سەرچاوانەی کە ئەم نووسەرە بۆچوونەکانی لێوەرگرتوون وادەردەکەوێت زیاتر ئەو کەسانە بووبن کە لە مام جەلالەوە نزیکبوون نەك لەو کادیرە دیارانەی ناو کۆمەڵە کە بەشێکیان ئەگەر بە تەواویش نکوڵی دەوری مام جەلال لە دامەزراندنی کۆمەڵەدا نەکەن ئەوە بە دەورێکی ناسەرەکی باسی دەکەن. دووەم سەرەتای درووستبوونی خانە سەرەتاییەکانی کۆمەڵە، لەو سەروەختەدا بووە کە باڵی مەکتەبی سیاسی هاوپەیمانی رژێم بووە کە دەشێ درووستکردنی کۆمەڵە هۆیەکی سەرەکی گەرانیان بوو بێت بە دوای ئەڵتەرنایتڤێکی نوێدا لەو بارە شکستەدا کە تێیدا بوون‌و دەشێ بۆ ئەو نەوە نوێیە رۆشنبیرەش پاڵدان بە رژێمەوە مایەی ناخۆشی‌و تەنانەت جۆرێك لە شەرمەزاریش بووبێت وەکو فەریدوون عەبدولقادر دەڵێت: باڵەکەی تریش ( جەلالی ) باڵێکی وردە بۆرجوای رارا، رارراو لاواز بوو کە هەڵویست‌و مومارەسەی مایەی شانازی شەرەفمەندانەی نیشتیمانی نەبوو، هاوکاری رژێمی بەعس بوو، مایەی سەرلێشێوانی چینە شۆرِشگێرِەکانی گەلەکەمان بوو( 21). لە کاتێکدا ئەو رژێمە رۆژانە دەستی بە خوێنی رۆڵەکانی کورد سوور دەکردو کوردستانی وێران دەکرد ئەم باڵە هاوکاری ئەو رژێمە بوو. بەلاّم ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە ئەوەیە ئایا گوتاری کۆمەڵە هەمان

گوتاری باڵی جەلالیەت بووە، یان گوتارێکی جیاواز بووە؟ ئایا گوتاری باڵی جەلالیەت گوتارێك بووە شایانی پێناسە کردن بێت یان بریتی بووە لە گوتاری خۆبەدەستەوەدان‌و رووی چەك کردنە بزووتنەوەی رزگاری کورد بە گشتی‌و سەرکردایەتی بارزانی بووە بە تایبەتی؟ ئایا گوتاری کۆمەڵە هیچ پەیوەندییەکی بەو گوتارە ناجۆرەوە هەبووە؟

ئایا گوتاری کۆمەڵە لەو قۆناغەدا کە مام جەلال شوێنێکی دیاری ئەوتۆی نەبووە لە کۆمەڵەدا واتە لە دوای رێکەوتنی ئلزاری 1970گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا هاتووە؟ ئایا دەشێ گوتاری کۆمەڵە دوای دوورکەوتنەوەی بەشێك لە دامەزراێنەرانی کۆمەڵەش لە کاتێکی زوودا گۆڕانکاری بەسەردا هاتبێت؟ ئایا لە دوای ئەوەی کە نەوەی یەکەمی سەرکردایەتی کۆمەڵە دەستگیرکران‌و ئارام‌و هاوڕێکانی کۆمەڵەیان لە هەرەس رزگار کرد گوتاری کۆمەڵە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە؟ ئایا دەشێ لەم قۆناغەدا کۆمەڵە کەمێك لە هەژموونی دیدو جیهانبینی‌و بۆچوونەکانی مام جەلال دوور کەوتبێتەوە؟

لە درووستبوونی یەکێتی نیشتیمانیدا بە تایبەتی‌و لە شەهیدبوونی ئارام‌و بە تایبەتریش کە نەوشیروان مستەفا دەبێتە سکرتێری کۆمەڵە ئیتر هەژموونی مام جەلال و دیدوبۆچوونەکانی مام جەلال بەسەر کۆمەڵەو گوتاری کۆمەڵەدا بالآدەست دەبێت. بە تایبەتی لەو روانگەیەوە کە بۆچوونی سکرتێری نوێی کۆمەڵەو مام جەلال نزیکبووە لە یەکتری‌و هەروەك ئەوەش ئاشکرایە کە مام جەلال پاڵپشتی سکرتێری نوێی کۆمەڵەی کردووەو ئەوەش هەست پێدەکرێت کە هەر لەگەڵ هاتنی سکرتێری نوێی کۆمەڵەدا ئەو تێڕوانینە هەبووبێت کە کۆمەڵەو لایەنەکانی تری ناو یەکێتی یەك گوتارو یەك بەرنامەیان هەبێت تا بکرێنە یەك رێکخراو کە ئەوەش دواتر روویدا.

به هەرحاڵ گوتاری کۆمەڵە گوتارێکی نەتەوەیی نییە بەو مانایەی کە گوتاری نەتەوەیی لە بارگاوی بوونیدا بە لایەنی بەرزی مافەکانی نەتەوە پێناسە دەکرێت کە ئەویش بریتیە لە سەربەخۆییو درووستکردنی دەوڵەتی نەتەوە. هەروەك گوتاری کۆمەڵە گوتارێکی عێراقی خاوەن شووناسیش نییە لەو رووەوە کە تەنیا بارگاوی کرابێت بە رەگەزەکانی بیناکردنی سیستێمێکی نوێ یان سۆشیالیستی یان دیموکراسی بۆ عێراقو لە رەگەزەکانی ناسیونالیزمی کوردی رووت کرابێتەوە. بەڵکو ئامادەبوونی رەگەزەکانی ناسیونالیزمی کوردی لەچاو رەگەزەکانی عێراقیبووندا زۆر زیاترە. بە گوێرەی کوردستانیش کێشەیەکی تریش لەو رووەوە لە ئارادایە ئەویش ئەوەیە ئایا گوتاری نەتەوەیی دەتوانرێت لە چوارچێوەی سەربەخۆیی بەشێکی کوردستانو درووستکردنی دەوڵەتی کوردی لەو بەشەدا پێناسە بکرێت؟ یان گوتاری ناسیونالیزمی کوردی کاتێك گوتارێکی تەواوە کە هەڵگری پرۆژەی درووستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی بێت لە کوردستانی یەکگرتوو سەربەخۆدا؟ واتە لێرەوە مەسەلەی چەمکی گوتاری ناتەواوو گوتاری تەواوی نەتەوەیی یان ناسیونالیزمی کوردی دێتە ئاراوە کە لە راستیدا سەربەخۆبوونی بەشێکی کوردستانو درووستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆ لەو بەشەدا بە جێبەجێکردنی پرۆژەی ناتەواو لە رووی نەتەوەییەوە سەیر دەکرێت، کە ئەوەش دەبێتە هەڵگری گوتاری ناتەواو یان گوتاری هەرێمایەتی لە بری گوتاری تەواو کە گوتاری کوردستانیەو لە گەوهەردا بریتیە لە پرۆژەی سەربەخۆیی کوردستانی گەورەو درووستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی لەسەر هەموو ئەو جوگرافیایەی کە پێی دەگوترێت کوردستانو ئێستا لە نێوان دەوڵەتانی داگیرکەردا دابەشکراوە.

هەر لە بارەی رۆڵی کاریگەری مام جەلالەوە لە درووستکردنی کۆمەڵەدا، سەلاح ئەلخەرسان دەڵێت: تالەبانی بە پێی بۆچوونەکانی کۆرشی لاشائی کاری کردو گۆڤارێکی بە ناوی "رزگاری" لە ساڵی 1969دا دەرکرد تا ببێتە ئەو مینبەرەی کە بیری سیاسی بداتە جەماوەر(22). ئەوەی لە ناو خەڵكو خوێنەردا ئاشکرایە ئەوەیە کە چەند رۆشنبیرێکی سەربە باڵی جەلالی گۆڤاری رزگارییان دەرکردووەو رۆڵی مام جەلال لە دەرکردنی ئەو گۆڤارەدا لە ناو خەڵكدا زۆر ئاشکرا نییە، بەلأم ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە ئەو گۆڤارە وەکو دەنگی باڵی جەلالیەت وابووە بە تایبەتی لە دژایەتی کردنی ماڵی مەلا مستەفادا. هەروەك لە لایەکی تریشەوە گۆڤاری رزگاری هەوڵیداوە بۆ بلاَوکردنەوەی بیری ماوتسی تۆنگ یان ئاشناکردنی خوێنەری کورد بەو ئاراستە فیکریو ئایدیۆلۆجییە کە ئەمەش لە ئاستێکی تردا ئەو قسەیە دەسەلمێنێت کە گۆڤاری رزگاری بۆ ئەوە دەرکراوە کە مینبەری بلاَوکردنەوەی تێزو بۆچوونەکانی مام جەلالو نوخبەی رۆشنبیری ناو جەلالیەت بێت کە ئەوانیش ئیلهامیان لە کۆرشی لاشائی ناسراو بە دکتۆر جەلالەوە وەرگرتووەو لەسەر ئاستی ناوخۆش مام جەلال بزوێنەرو دینامۆی جوڵەو سەرکردایەتیکردنیان بووە.

ئەم قسانەشمان بۆ ئەوەیە کە بزانین ئایا کام لەو دوو بۆچوونە راستە کە یەکەمیان پێی وایە کۆمەڵە لە منداڵدانی جەلالیەتەوە لە دایکبووەو درێژکراوەی ئەوە. دووەمیشیان تا ئەندازەیەکی ئاشکرا نکوڵی ئەوە دەکات کە کۆمەڵە پەیوەندی بە باڵی جەلالیەتو دیدو بۆچوونەکانی مام جەلالو کۆرشی لاشائیەوە هەبوو بێت. بێگومان ناتوانرێت نکوڵی رۆڵی ئاشکرای مام جەلالو باڵی جەلالیەت بکرێت لە درووستبوونی کۆمەڵەداو ناشتوانرێت تەسەوری ئەوە بکرێت کە کۆمەڵە لەژێر کاریگەریو هەژموونی بەهێزی جەلالیەتدا نەبوو

بێت، هەر هیچ نەبێت کۆمەڵە لە بەشێکی ئاشکرا لە لێکدانەوەکانیدا بۆ بارودۆخی کوردستانو بزووتنەوەی کوردی ئەو کاتە، واتە باڵی سەرکردایەتی بارزانیو تەنانەت لە روانینیشیاندا بۆ ململانێ ناوخۆییو کۆمەڵایەتیو سیاسیەکانی کوردستانو بنیادی پێکهێنەرانەی کۆمەڵگەی کوردیو شێوازێکی شیاو بۆ خەبات بە ئاشکرا لە ژێر کاریگەری بۆچوونەکانی باڵی جەلالیەت بە گشتیو کەسێتی مام جەلالدا بووە بە تایبەتی، کە بالآدەستبوونی بۆچوونەکانی باڵی جەلالیەت بەسەر کۆمەڵەدا هەر لە سەرەتاوە کۆمەڵەی وەکو رێکخراوێکی نەیاری بنەماڵەی بارزانی نیشانداوە، لە کاتێکدا کە گوتاری کۆمەڵەش لە گەوهەردا جیاوازی ئاشکرای نەبووە لە گوتاری پارتی باڵی سەرکردایەتی بارزانی کە هەردووکیان بریتی بووە لە پێکەوە ژیان لە عێراقێکی دیموکراتیدا، بەڵام لە شتی بچووكو ناسەرەکیدا دیارە گوتاری کۆمەڵە جیاواز بووە لە گوتاری پارتی باڵی سەرکردایەتی بارزانی.

کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان لە مانگی حوزەیرانی ساڵی 1970دا دروستکرا، ئەویش دوای گفتوگۆو ئاڵوگۆڕکردنی بیرورا لە نێوان ئەو ئەڵقە رۆشنبیریانەی کە لەو کاتەدا لە نێو رۆشنبیرانی باڵی جەلالیەتدا دروستبوو بوون. هەر لە سەرەتاوە کۆمەڵە پەیرەوی ناوخۆو بەرنامەی کاری رێکخستنی بۆ دانرا کە : جەلال تاڵەبانی نووسیو پێی دەگوترا " کوردایەتی"واتە بزووتنەوەی رزگاری نیشتیمانی کوردستان) کە ئەوەش بەرامبەر چەمکی سیاسیو ئایدیۆلۆجی نەتەوەیی ( ناسیونالیزمی) عەرەبیو شۆڕشی عەرەبی بوو کە حیزبی بەعسی فەرمانڕەوا لە عێراقدا بینای دەکرد(23). ئێمە پێشتر ئەو بۆچوونەمان لەلا دروستبوو بوو کە کاژیك لە بۆچوونەکانیدا بۆ کۆمەڵگەی کوردی نزیك بوو بێت لە بیری ناسیونالیزمی عەرەبی کە سەرەتاکەی لە لای ئەو

ناسیونالیستە عەرەبانە فۆرمەلە بوو کە دواتر حیزبی بەعسیان درووستکرد، بەڵام ئەوەی لێرەدا بەرچاو دەکەوێت ئەوەیە کە مام جەلال لە درێژەی ژیانی سیاسی خۆیدا بەوجۆرە دەرنەکەوتووە کە چۆن عەرەبە ناسیونالیستەکانی وەکو بەعس بیر لە مەسەلەی نەتەوایەتی عەرەبی دەکەنەوە ئەویش وەها بیری لە نەتەوایەتی کوردی کردبێتەوە. دەتوانین ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین ئەگەر مام جەلال بیرکردنەوەی سەبارەت بە ناسیونالیزمی کوردی هاوشێوەی بیرکردنەوەی ناسیونالیزمە عەرەبەکان بوایە سەبارەت بە مەسەلەی نەتەوایەتی عەرەبی، ئەوا پێموایە هەرگیز مام جەلال لە ژیانی سیاسی خۆیدا لە ناسیونالیستە عەرەبەکان نزیك نەدەبووەو نەیشی دەتوانی لە دوای جیابوونەوە لە سەرکردایەتی بارزانی بچێتە پاڵ رژێمی بەعس چونکە بە هەموو پێوانەیەك ئەو هەڵوێستە لەگەڵ هەڵوێستی ناسیونالیستێکی کورددا یەکناگرێتەوە. بەڵام دەشێ لە رووی هەندێ بۆچوونەوە ئەگەری ئەوە هەبێت کە مام جەلال خەیاڵی ئەوەی کردبێت کە لە کوردستاندا بۆچوونی لەو جۆرە بینا بکرێت کە چۆن ناسیونالیزمی عەرەبی خواستو ویستی سەربەخۆیی نیشتیمانی عەرەبی هەیە ناسیونالیزمی کوردیش خواستو ویستی سەربەخۆیی کوردستانو دروستکردنی دەوڵەتی کوردی هەبێت. بەڵام ئەم بۆچوونە لە بواری پراکتیكو کاری سیاسیدا نەبۆتە پرۆژەی کارکردنی مام جەلالو هەر بەو پێیەش نەبۆتە گوتاری کۆمەڵەو دواترو تاکو ئێستاش ئەوە نەبۆتە گوتاری یەکێتی نیشتیمانی. بە مانایەکی تر ناتوانرێت باسی بوونی گوتاری ناسیونالیزم بکرێت ئەگەر ناسیونایستی خاوەن شوناسو خاوەن پرۆژەو بەرنامە بوونی نەبێتو لە بواری پراکتیکدا ئامادەبوونی خۆی نەسەلەمێنێت.

سەرباری ئەم گێڕانەوانەو چەندین گێڕانەوەی تریش لەسەر مێژووی کۆمەڵە، مامۆستا جەعفەر ( فازیل کەریم ئەحمەد کە پێشتر ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بووە ناتوانێت بەو جۆرە نووسینانە رازی بێت، بۆیە دەڵێت: من خۆم بە پێویستی دەزانم لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیو زانستی لە لایەن کەسانی شارەزاو پسپۆڕەوە لەسەر مێژووی کۆمەڵەو یەکێتی نیستیمانی کوردستانو لایەنەکانی تریش بنووسرێت. پێشتر دەبێ هەرچی دۆکیومێنتو بڵاوکراوەو وێنەو نامە هەیە، کە پەیوەندی بە بابەتەکەوە هەیە، ئەرشیف بکرێت. ئینجا دەبێ زۆربەی ئەوانەی بەشداری کاراو چالاکانەیان لە رووداوەکاندا کردووە، لەسەر کلێشەیەکی باش داڕێژراوی پرسیارو وەڵام، زانیاری وردو باوەڕپێکراو لەسەر قۆناغەکانی مێژووی گەشەکردنی ئەو رێکخراوە پێشکەش بکەنو سەرجەمی ئەو شایەتیانە لەسەر مێژوو وەکو خۆی چاپ بکرێن. ئەم زانیاریە هەمە لایەنییە دەکرێت ببێتە بنەمایەك بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر مێژووی کۆمەڵە(24).بێگومان من خۆم لایەنگری ئەم بۆچوونەی مامۆستا جەعفەرم، نەك تەنیا بۆ نووسینەوەی مێژووی کۆمەڵە بەڵکو بۆ نووسینەوەی مێژووی سەرجەم حیزبو رێکخراوەکانی کوردستان. دیارە ئەم بابەتەی ئێمە نووسینەوەی مێژوو نییە بە قەد ئەوەی گەڕانە بە دوای ئەو بەرنامەو ستراتیژو پرۆژەیەدا کە کۆمەڵە لە پێناویدا دامەزراوەو بە پێی ئەمانەش ئاشکراکردنی رەهەندەکانی گوتاری کۆمەڵەو دیدی کۆمەڵە بۆ ئایندە. بێگومان من ئەوەم لەلا ئاشکرایە کە زۆربەی ئەو مێژووەی کە نووسراوەتەوە لە رووی بابەتیەوە لاوازە بە تایبەتی لە روانگەی دەورو کاریگەری رووداوەکانەوە، بەڵام ئەوەی کە بۆ باسەکەی ئێمە گرنگە بەرنامەو پەیڕەوو ستراتیژی کۆمەڵەیە کە ئەوانەش دەبنە بنەما بۆ ئاخاوتن کردنی گوتاری کۆمەڵە. ئێمە لەم کارەدا لە دوای دۆزینەوەو

پێناسەکردنی گوتاری کۆمەڵە دەگەڕێن ئەویش بە پشتبەستن بەو پایانەی کە دەشێ بکرێنە بنەما بۆ ئاخاوتنی گوتار کە لە ئاستی یەکەمدا زمانە بەمەرجێ ئەو زمانە بارگاوی کرابێت بە فیکرو مەعریفە. رەنگە قسەیەکی لەم جۆرەش نەك بۆ کۆمەڵە بەڵکو بۆ هەموو حیزبو رێکخراوەکانی کوردستان ئاسان نەبێت لە کاتێکدا ئێمە دەزانین لە کەلتووری کوردیدا فیکر بەرهەم نەهاتووە، هەتا چاوەڕوانی ئەوە لە کۆمەڵە بکەین کە فیکری بەرهەمهێنابێت. بەڵام بە پشتبەستن بە تێزە فیکرییەکانی دەرەوەی واقیعی کوردستان دەتوانین باسی بارگاوی بوونی زمانی کۆمەڵە بە فیکرو بە مەعریفەت بکەین بۆ ئەوەی لەوێشەوە بوارمان بۆ بکرێتەوە کە باسی گوتاری کۆمەڵە بکەین.

ئەوە ئاشکرایە کە کۆمەڵە هەر لە نێو ئەڵقە رۆشنبیرییەکانیەوە جۆرێك لە پەروەردەکردنی هەبووە کە ئەویش پەروەردەکردن بووە بە رۆشنبیری (ماو)ی لە پلەی یەکەمداو رۆشنبیری مارکسی لینینی لە پلەی دووەمداو لە پاڵ ئەوەشدا بیرو بۆچوونەکانی مام جەلال بە تایبەتیش رۆڵی کۆرشی لاشائیو هاوڕێکانی لەسەر مام جەلالو گواستنەوەی ئەو بیروبۆچوونانەش لە رێگای ئەوەوە بۆ نێو رۆشنبیرە لاوەکانی نێو باڵەکەی ئەوو کاریگەری کتێبە دیارەکەی مام جەلال بە ناوی ( کوردستانو بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد) لەو بنەما سەرەکیانە بوون کە کادیرو ئەندامانی کۆمەڵەیان پێ پەروەردە کراوە، کە کۆی ئەو پەروەردەیەش لە چەند خاڵێکدا کۆدەبێتەوە بۆ گەیاندنی کورد بە ئامانجەکانی کە بریتین لە: درووستکردنی حیزبێکی شۆڕشگێڕ کە باوەڕی بە تیۆری مارکسی هەبێتو پشت ببەستێت بە کرێکارانو جوتیاران لە بنیادی رێکخراوەکەیدا، هاوپەیمانی نیشتیمانی پێشکەتنخواز، شەڕی میللی درێژخایەن(25). دیارە بۆ پێگەیاندنی کادیری پێشکەوتووی کۆمەڵە ئاستی پەروەردەکردنەکە جیاواز

بووە. هەر لەو سەروبەندەشدا کۆمەڵە لە پایزی 1972دا بڵاوکراوەی ئاڵای سووری دەرکرد کە لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی پێش دەستپێکردنەوەی شەڕی نێوان رژێمو کورددا سێ ژمارەی لێدەرچووە. ئەویش بە ژمارەی سنووردارو زیاتر بۆ ئەندامو کادیرانی کۆمەڵە خۆی بووە چونکە ئەم بڵاوکراوەیە لە راستیدا بریتی بووە لە بڵاوکراوەی ناوخۆی کۆمەڵە. کە زیاتر باسی لە شێوازی پەروەردەکردنی کادیرو چۆنێتی هەڵسوکەوتی لە ناو جەماوەردا دەکرد لەگەڵ بڵاوکردنەوەی روانینو دیدی ماوتسی تۆنگانەو بەشێك لە ئەزموونی ئەو وڵاتانەی لە روانکەی تێزەکانی ماوتسی تۆنگەوە خەباتی جوتیارییان کردووە لە پێناوی گەیشتن بە رزگاری نیشتیمانیدا. کەواتە لێرەدا دەتوانین ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە لە ئاستی نەگوتراوو گوتراویشدا کۆمەڵە ئامانجێکی ئاشکرای لەبەردەمدا بووە کە ئەویش رزگاری نیشتیمانی بووە کە دەشێ ئەمە وەکو گەوهەری گوتاری کۆمەڵە سەیر بکرێت. ئەنجا ئەو رێگایەی کە کۆمەڵە لەبەری گرتووە لە خەباتی خۆیدا بۆ گەیشتن بەو ئامانجە ئەوەیان بواری قسە لەسەر کردنی ترە.

ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە کۆمەڵە لە درووستبوونیەوە تاکو دەستپێکردنەوەی شەڕی نێوان رژێمو پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەهاری ساڵی 1974دا هەوڵیداوە بە پشتبەستن بە تێزەکانی ماوتسی تۆنگو مارکسی لینینی و بە کاریگەری ئاشکرای بۆچوونەکانی مام جەلال کە ئەویش بەشێکی لە ژێر کاریگەری کۆڕشی لاشائیدا بووە گوتارێکی تایبەت بە خۆیی هەبێت. ئەو گوتارەش کە گوتاری کۆمەڵەیە لە دامەزراندنیەوە گوتاری رزگاری نیشتیمانی بووە. ئیتر ئەوەی کە لە بواری پراکتیکدا دواتر کراوە ئەوە دەبێ لە چوارچێوەی ئەو واقیعەدا گفتوگۆ بکرێت کە کوردستانو عێراقیشی تێدابووە. ئەمە

**سەرباری لەبەرچاوگرتنی ئەو واقیعەی کە کۆمەڵەی پێدا تێپەڕبووە بە تایبەتی وەکو دەزانین لە ماوەیەکی کورتی دوای دامەزراندنیدا کۆمەڵە سکرتێرەکەیو بەشێك لە کادیرە بنەڕەتیەکانی دەستگیر دەکرێنو بەشێکی تریش دوور دەکەونەوەو نەوەیەکی نوێو گەنجی چالاکی کەم ئەزموون سەرکردایەتی کۆمەڵە دەگرنە دەستو بە شێوەیەکی چالاك کۆمەڵە رێك دەخەنەوەو سەرەتای قۆناغێکی نوێ لە خەباتی کۆمەڵە دەست پێدەکەن کە ئەویش خەباتی چەکدارییە بە تایبەتی لە بارودۆخێکدا کە بێئومێدی باڵی بەسەر هەموو کوردستانو کورددا کێشابوو، ئەویش بارودۆخی دوای شکستی بزووتنەوەی کورد بوو بەسەرکردایەتی بارزانی.**

## 2-گوتاری کۆمەڵە لەسەردەمی سکرتێرێتی شەهید ئارامدا.

دوای دەستگیرکردنی سکرتێرو ئەندامانی سەرکردایەتی کۆمەڵە لە ئێران‌و رادەستکردنەوەیان بە عێراق، ئەم گروپە بە سکرتێریشەوە لە لایەن رژێمەوە بە لە سێدارەدان‌و زیندانی کردن حوکم دران. شەهابی شێخ نوری کە سکرتێری یەکەمی کۆمەڵە بوو لەگەڵ جەعفەر عەبدولواحیدو ئەنوەر زۆرابدا لە رۆژی 21ی تشرینی دووەمی ساڵی 1976دا لە سێدارەدران. ژمارەیەکی لەبەرچاویش لە سەرکردایەتی‌و کادیرە پێشکەوتووەکانی کۆمەڵە حوکمی زیندانیان بەسەردا سەپێندرا. بەلاٚم ئایا دوای گرتن‌و پێش لە سێدارەدانی ئەم پۆلە سەرکردەیەی کۆمەڵە، ئیتر کۆمەڵە بەبێ کەسی مایەوەو کەس نەبوو سەرکردایەتی بکات؟ بە هەرحاڵ برایم جەلال کۆمەڵێ چیرۆك دەگێڕێتەوە بە تایبەتیش لە باسکردنی شەهید ئارام‌و سەرکردایەتی هەرێمەکاندا جۆرێك لە ناکۆکی‌و نەگونجان لە نێوان بۆچوونەکانی ئەوو نەوشیروان مستەفاو فەرەیدوون عەبدولقادرو مەلا بەختیارو مامۆستا جەعفەردا هەیە. بە ئاشکرا دیارە کە برایم جەلال نکوڵی لە رۆڵ‌و توانای شەهید ئارام‌و شەهید ئازاد هەورامی‌و سالار عەزیزو مەلا بەختیار دەکات لە شاندانە ژێر هەرەسی کۆمەڵە لەو بارە سەختەی دوای ئەو کارەساتەدا کە بەسەری هات، کە ئەوە ئاشکرایە ئەگەر ئەم کۆمەڵە کادیرە چوست‌و چالاك‌و وریایە نەبوونایە لە کاتی گرتنی پۆلی یەکەمی سەرکردەکانی کۆمەڵەدا، ئەگەری ئەوە زۆر کەم بوو ئەم رێکخراوە گەنجە لە کورتترین ماوەدا بەو تواناو بوێری‌و گیانی خۆنەویستیەوە بێتەوە مەیدانی خەبات. برایم جەلال دەڵێت: شاسوار جەلال ناسراو بە شەهید ئارام کە دوای ئاشبەتاڵ‌و گرتنی زۆربەی ئەندامانی سەرکردایەتی کۆمەڵە لە 1975دا، کۆمیتەی هەرێمەکانی دامەزراند. شەهید ئارامیش وەك هاوڕێیانی تری لە ریزەکانی کۆمەڵەدا نەما، بەلاٚم گرتنی بە کۆمەڵی ئەندامانی سەرکردایەتی و سکرتێری کۆمەڵەی بە هەل زانی بۆ

دروستکردنی کۆمیتەی هەرێمەکان‌و کۆکردنەوەی زۆربەی ئەندامە کۆنەکانی خاوەن ڕەوتی عێراقچێتی لە ناویاندا(26). تەنیا لێرەدا سەرنجی ئەوە دەدەین: یەکەم ئارام لەو کاتەدا بە شەهید ئارام نە ناسراوە بەڵکو دوای شەهیدبوونی ئەو وشە پڕ لە شەرەفمەندیە چووەتە پێش ناوەکەیەوەو چووەتە ریزی نەمرە پایە بەرزەکانەوە. دووەم هەروا ئاسان نییە کەسێك وازی لە ڕێکخراوێك هێنا بێت‌و لە کاتی شکستدا کە ئەو ڕێکخراوە هێشتا ژمارەیەکی زۆر ئەندامی هەبوو بێت کەچی ئەو کەسە لە دەرەوەی ڕێکخستن بێتەوە ناوەوەو سەرکردایەتی ئەو ڕێکخراوە لەو بارە شکستەدا بگرێتە ئەستۆو زیندووشی بکاتەوە. بێگومان لێرەدا تێکەڵاوییەك هەیە لە رایەکانی ئەم کادیرە کۆنەی کۆمەڵەدا چونکە پێشتریش دەڵێت: کەسانێك لە دەستەکەی مام جەلال وەك فوئاد شێخ ئەنوەر ( مەبەستی فوئاد قەرەداخییە)، ئەشرەف شێخ شەرەف، خوالێخۆشبوو فازیل مەلا مەحموود خاوەنی ئەو بیرە بوون کە هەوڵبدرێت کۆمەڵە بکرێت بە عێراقی‌و ببێتە ئەڵتەرنایتیڤی حیزبی شیوعی عێراقی(27). دیسان ئەم بۆچوونەش جێگای گومانە بە تایبەتی بۆ مام جەلال چونکە ئەوەی ئاشکرایە مام جەلال لەو سەروبەندەداو پێشتریش ئەوەندەی بڕوای بە بیری ماوتسی تۆنگ هەبووە ئەوەندە بڕوای بە لینینیزم نەبووەو گەوهەری جیهانبینی مام جەلالیش کە ئیلهامی لە ماوو بۆچوونەکانی ماوەوە وەرگرتووە شۆڕشی رزگاری نیشتیمانی بووە نەك درووستکردنی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا بۆ عێراق، بەڵکو ئەو بڕوای بە بیناکردنی عێراقێکی دیموکراتی هەبووە کە لە سایەیدا کورد ببێت بە خاوەنی مافەکانی خۆی، یان بڕیاری چارەنووسی خۆی بدات. ئەنجا ئەگەر ئەم قسەیەی برایم جەلال راست بێت کە مام جەلال لە ساڵی 1970دا هەڵگری بیری عێراقچێتی بوو بێت‌و ویستبێتی گوتاری کۆمەڵە گوتارێکی عێراقی بێت، کە

دیاره له راستیدا وانییه، بۆچی دەبێت ئەو ئارام له ساڵی 1975دا بەوە تاوانبار بکات که ویستبێتی گوتاری کۆمەڵە بکات به گوتارێکی عێراقی؟ که دیسان سەلماندنی عێراقچێتی ئارامیش ئاسان نییه چونکه پێناچێت ئارام بڕوای به بیناکردنی دیکتاتۆری پرۆلیتاریای عێراقی هەبوو بێت که دواتریش له نووسینەکانیدا ئەوە ئاشکرا دەبێت. بەهەرحاڵ له رووی راستی و پشت بەستن به لێکدانەوەی کاری ئەم دوو سەرکرده دیارەی کۆمەڵەو یەکێتی پێناچێت راستی بۆچوونەکانی برایم جەلال نه بۆ عێراقچێتی مام جەلال و شەهید ئارام بسەلمێنرێت، نه بۆ کوردستانیبوونی ئەندامانی تری نەوەی یەکەمی سەرکردایەتی کۆمەڵە بەو شێوەی که ئەو باسی دەکات. بەڵکو ئەوەی ئاشکرایه ئەم دوو بۆچوونه له کۆتایی حەفتاکان بۆ دواوەو له دوای شەهیدبوونی ئارام و بوون به سکرتێری نەوشیروان مستەفاو زیاتریش له دوای له زیندان ئازادبوونی فەریدوون عەبدولقادر باسی ئەوە دەکرا که شتێکی لەو جۆره له ئارادایه بەڵام له رووی راستییەوە پێناچێت کێشەی کۆمەڵە کێشەی ناکۆکی فیکریو درزبردنی گوتاری کۆمەڵە بووبێت. فەریدوون عەبدولقادر که دوای ئازادبوونی له زیندان لەلای بەشێك له کادیرانی کۆمەڵەو خەڵکیش وەکو خوێندەوارو خاوەن قەڵەمێکی داکۆکیکەر له کوردستانی بوونی کۆمەڵە باس دەکرا، خۆی ئێستا وەها سەیری کێشەکان ناکاتو وەکو له پێشتر کورتەی بۆچوونەکانی ئەومان نووسیەوە پێی وانیه کێشەی کۆمەڵە کێشەی فیکر یان کوردستانیبوونو عێراقچێتی بووبێت. راسته ئەو ئەندامه چالاکانەی که لەگەڵ ئارامدا کۆمیتەی هەرێمەکانیان پێکهێنا، دوای شەهیدبوونی ئارامیش، خۆیان به شوێنکەوتووانی ئارام دەزانی، نەك عێراقچی بەو بۆچوونەی که برایم جەلال مەبەستێتی. ئەم دەستەیەش که خۆیان به شوێنکەوتووانی شەهید ئارام دەزانی، ئەمانیش

میتۆدو لە هەمان کاتدا پاساوی خۆیشیان هەبوو بۆ بەرگری کردن لە بۆچوونەکانیان کە ئەوانەی دیار بوون‌و خاوەنی قەڵەم بوون لەو بوارەدا مەلا بەختیارو سالار عەزیزو شەهید ئازاد هەورامی‌و مامۆستا جەعفەر بوون کە دیسان سەلماندنی ئەوەی کە ئەمانیش هەڵگری گوتاری عێراقچێتی بووبن دیسان ئاسان نییە، ئەویش لەبەر پەیوەستبوونی تەواوەتیان بە زەحمەتکێشان و رەنجدەرانی کوردستانەوەو بڕوابوونیان بە شۆڕشی رزگاری نیشتیمانی کوردستان‌و خەباتی نەپساوەشیان لەو بوارەدا کە لە راستیدا ئەمان خەباتی پێشمەرگایەتیان لە کوردستاندا رێکخستەوەو دەستپێکردەوە. ئەمە بێجگە لەوەی کە لە نووسینەکانی شەهید ئارامدا بە ئاشکرا کوردستانی بوونی ئارام خۆی ئاشکرایەو بەو پێیەش شوێنکەوتووەکانی دەبێ هەڵگری پەیامەکەی ئەو بن کە جیاوازییەکی ئەوتۆی پێوەدیار نییە لەگەڵ بۆچوونی ئەو ئاراستەی تری ناو کۆمەڵەدا کە بە کوردستانی ناویان دەبرا. شەهید ئارام لە ژمارە یەکی ئاڵای شۆڕشدا نووسیوویەتی: بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کوردستان کە بزووتنەوەی گەلێکی دابەشکراو و نیشتیمان لەت لەتکراو و ماف پێشێل کراوە، بزووتنەوەیەکی عادیلانەی ناوەرۆك پێشکەوتنخوازەو بەشێکی لەجیاکردنەوە نەهاتوی بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلانی جیهانە( 28). هەروەك شەهید ئارام وەها سەیری خەباتی کۆمەڵە دەکات کە بەشێکە لە خەباتی گەلانی عێراق لە پێناوی  بیناکردنی سیستێمێکی نوێدا : کە لە سایەیدا گەلی عێراق بە دیموکراسی راستەقینە بگات‌و گەلی کوردستانیش بە مافی چارەنووسی لە عێراقدا شاد بێت و کوردستانی عێراق ببێتە بنکەی شۆڕشی رزگاری گەلی سەرانسەری کوردستان و رزگاربوونی تەواوی لە هەموو جۆرە چەوسانەوەیەك(29). ئەمانە قسەی راستەوخۆی شەهید ئارامە کە بە ئاشکرا

دیارە گوتاری کۆمەڵە تا ساتەوەختی هەڵوەشاندنەوەیو دوای ئەوەش گوتاری یەکێتی تاکو ئێستاش لە چوارچێوەی وتەکانی شەهید ئارام تێپەڕی نەکردووە، کە ئەویش گوتارێکە بە بەشێکی دیار لە رەگەزەکانی گوتاری ناسیونالیزمی کوردی بارگاوی کراوە.

بەرامبەر بە بۆچوونەکانی برایم جەلالدا، نەوشیروان دەڵێت: شاسوار جەلال کە دوایی بە کاك ئارام ناوی دەرکرد، لەوانە بوو بەردەست( بەردەستی بەعس) نەکەوتبوو، خۆی شاردبووەوە. شاسوار لەسەرەتاوە یەکێ بوو لە ئەندامە چالاکەکانی کۆمەڵەو شارەزای رێکخستنو زۆری ئەندامەکانی بوو. هەر زوو هەوڵێکی زۆری دا بۆ گرتنەوەی پاشماوەی رێکخستنەکەو، رێکخستنەوەی. ئەوسا رێکخستنی کۆمەڵە هەر پارێزگایەکی بە هەرێمێك دانابوو. لە هەر پارێزگایەك یەکێکی دیاری کردبوو، لەوانە: سالار( نەجمەدین عەزیز) لە سلێمانی، عادل( ئازاد هەورامی) لە کەرکوك، مەلا بەختیار(حیکمەت محەمەد کەریم) لە خانەقین، عەبدورەزاق لە هەولێر، پێکەوە کۆمیتەیەکیان پێکهێنابوو بۆ سەرکردایەتی کۆمەڵەو ناویان نابوو کۆمیتەی هەرێمەکان(30). دیارە ئەم کۆمیتەیەش لەو بارە شکستەی کۆمەڵەدا ئەرکی جیدیان جێبەجێ کردووەو جێبەجێ کردنی ئەرکیش لە شکستێکی وەهادا کە سەرکردایەتی رێکخراوێ بە سکرتێرەکەشیەوە دەستگیر بکرێن و ئومێدی رزگاربوونیشیان زۆر کەم بێت، کارێکی ئاسان نییە بە تایبەتی لە بارودۆخی ئەو کاتەی کوردستاندا کە شۆڕشی کورد هەرەسی هێنابوو. ئەم رێکخراوە تازەیەش لە کورتترین ماوەدا کەوتبووە بەر شاڵاوی سەختی بەعسو دەزگا سیخوڕییەکانی. ئەم کۆمیتەیە وەکو نەوشیروان مستەفا دەڵێت: چەند کارێکی گرنگی ئەنجامدا بوو لەوانەش ئەندامەکانی کۆمەڵەیان رێکخستبووەوە. لەگەڵ زۆری ئەوانەی خۆیان

شاردبووەوەو ئەوانەی ئاشکرا نەبووبوون پەیوەندیان درووست کردو هەموو ئەو شانەو خەتانەیان پێکەوە گرێ دایەوە کە مابوون، کۆمیتەیان لە شارەکاندا دامەزراندەوەو کەوتنە راکێشانی تێکۆشەرانی تازە. پەیوەندیان لەگەڵ چەندین ئەفسەری شۆڕشگێڕو کادیری پێشمەرگایەتی درووست کردو داوایان لێکردبوون خۆیان ئامادە بکەن بۆ چوونە شاخ(31).

ئێستا ئەگەر بەراوردی ئەم دوو بۆچوونە بکەین ئەوا جیاوازییەکی ئاشکرا هەیە لە نێوانیاندا. یەکەمیان کە زۆر بە کەم بەها سەیری رۆڵ و کاریگەری شەهید ئارامو هاوڕێکانی دەکات، رەنگە نەگەیشتنی ئەم کادیرە کۆنەی کۆمەڵە بە یەکێك لەو پێگانەی کە لە ژیانی سیاسیو حیزبایەتیدا لە ناو کۆمەڵەدا شەهید ئارامو هاوڕێکانی پێی گەیشتوون هۆکارێك بێت بۆ فۆرمەلەکردنی ئەم جۆرە تێڕوانینە. بۆیە ئەمە دەشێ وەکو بەرهەمی مۆتیڤی نابابەتی سەیر بکرێت کە زیاتر پەیوەندی بە بەدینەهاتنی ویستە شەخسیەکانی ئەم کارەکتەرەوە هەبێت کە ئەوەش بۆ نووسینەوەی مێژوو زیانی زۆری دەبێت بە تایبەتی لە نووسینەوەی مێژووی رێکخراوێکی وەکو کۆمەڵەدا کە مێژووەکەی تاکو ئێستا تەمومژاوییە. بەلاّم ئەوی دووەمیان واتە هەڵسەنگاندنی کاك نەوشیروان مستەفایە کە سەرباری ناکۆکی ئاشکراو راگەیاندنی ئەوەشی کە ئەو بڕوای بە مەسەلەی مارکسیزم- لینینزم نەبووە کەچی زۆر بە بەرزی رۆڵی شەهید ئارامو هاوڕێکانیشی لە سەرکردایەتی کۆمیتەی هەرێمەکان دەنرخێنێتو ئەوەش دەردەبڕێت کە ئەوان کۆمەڵەیان لە رووخاندنی تەواوەتی پاراستو باسی شارەزاییو بە توانایی شەهید ئارامیش دەکات لە کاری رێکخستنو لە ئاگاداربوونی لە رێکخستنەکانی کۆمەڵە کە ئەمەش بە تەواوەتی پێچەوانەی بۆچوونەکەی برایم جەلالە کە گوایە ئارامو برادەرەکانی پەیوەندییان بە

کۆمەڵەوە نەماوەو دواتریش هەوڵیانداوە کۆمەڵە بە ئاراستەی عێراقچێتی ببەن واتە بە بۆچوونی ئەو گوتاری کۆمەڵە لە کوردستانیبوونەوە بکەن بە عێراقچێتی.

بە هەرحاڵ ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە ئەوەیە ئایا گوتاری کۆمەڵە لەسەردەمی ئارامدا هیچ گۆڕانکارییەکی ئاشکرای بەسەردا هات؟ ئایا گوتاری کۆمەڵە لەسەردەستی ئارامو هاوڕێکانیدا گۆڕا بۆ گوتارێکی عێراقی یان کومەڵە کرا بە رێکحراوێکی عێراقچی؟ ئەگەر گۆڕا چۆنو بەچی شێوەیەكو کامەیە ئەو گوتاری عێراقچێتیەو رەهەندەکانی چی بوون؟ دیارە ئەوە ئاشکرایە بۆ باسکردنی بابەتێکی لەوجۆرە تەنیا قسەی سەرزارەکی بەسە نییە. راستە مێژوویەك هەیە بە ناوی مێژووی زارەکی بەلاَم ئەوەیان بریتیە لە گێرانەوەی رووداوەکان لە شێوەی حیکایەتدا، ئەوەش زیاتر سرووشتی مێژووی وەسفی بەر لە تۆمارکردن یان پێش سەردەمی نووسینە. یان لەسەردەمی نوێدا بریتیە لە قسەی ئەو کەسانەی کە بە راستی رووداوەکانیان بینیووەو خۆیان توانای تۆمارکردنیان نییە، کەسانێکی تر بۆیان تۆماریان دەکەن بە مەبەستی ئەوەی بزانرێت چی لە پشتی ئەو گێڕانەوە زارەکیەوە هەیە؟ بە هەرحاڵ جێگای خۆیەتی ئێستا بپرسین ئایا گوتاری کۆمەڵە وەکو لە سەرەوە باسمان کرد کە گوتاری رزگاری نیشتیمانی بوو لەسەردەمی ئارامدا، گۆڕا بۆ گوتاری عێراقچێتی، یان گۆڕانکاری گەوهەری بەسەردا هات؟

لە بابەتێکیدا مامۆستا جەعفەر کادیری پێشکەوتووی سەرەتاکانی شۆڕشو ئەندامی ناوەندی کۆمەڵەو ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆتایی حەفتاکانی یەکێتی نیشتیمانیو یەکێك لە لێکۆڵەرە بە سەلیقەو وردەکانی کورد، سەبارەت بە کتێبەکەی برایم جەلال، نووسیوێتیو دەپرسێت: ئایا شەهید ئارام عێراقچی

بوو؟(32). بێگومان ئەمە پرسیارێکی زۆر درووستەو بۆ کەسێکیش کە پەیوەندی لەگەڵ شەهید ئارامدا هەبووبێت دەشێ باشتر ئاگاداری ئەو مەسەلە بێت. ئەم نووسەرە  بە جیدی بەرگری لەوە دەکات کە شەهید ئارام سەرکردەیەکی واقیعی بووەو بە وەهم نەژیاوەو پێی وابووە کە خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی عێراقدا بەشێکە لە خەباتی دیموکراتی گەلانی عێراق. مەلا بەختیار لەسەر بیری کوردستانی شەهید ئارام لە مەراسیمی دووەمین ساڵڕۆژی شەهید ئارامدا کە لە گوندی شێنی بۆی سازکرا، دەڵێت لە وتاری مەراسیمەکەدا هاتووە: هاوڕێ ئارام باش لەوە گەیشتبوو کە خەباتی خەڵکی کوردستان لە عێراقدا بەشێکی نەپچڕاوە لە خەباتی خەڵکی کورد لە هەموو پارچەکانی تری کوردستان، ئەو یەکێتیەش دەبێ لەگەڵ رەوتی مێژوودا گەشەی پێ بدرێ‌و بەرەو پێشەوە بچێت لە پێناوی هێنانەدی ئەنجامی کۆتایی لە خەباتی دوورو درێژی خەڵکی کوردستاندا لە پێناوی دامەزراندنی کوردستانێکی سۆشیالیستدا( 33).

هەڵبەت جێگای خۆیەتی بپرسین ئایا لە سەروبەندی درووستبوونی کۆمەڵەدا ناسیونالیزمی کوردی بە جۆرێکی ئەوتۆ پەرەی سەندووە کە هەڵگری پرۆژەی سەربەخۆیی و درووستکردنی دەوڵەتی کوردی بوو بێت؟ کە مەبەست لەوەش درووستکردنی دەوڵەتی یەکگرتووی کوردستانە. واتە ئازاد کردن و یەکپێگرتنەوەو درووستکردنی یەك دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی لەسەر هەموو جوگرافیای کوردستان لەو مێژووەدا بووەتە داواکاری ناسیونالیزمی کوردی؟ بێگومان ئەگەر واقیعیانە سەیر بکەین، ئەوا ناتوانین هەروا بە ئاسانی لە خۆمانەوەو بێبنەما قسەیەکی لەم جۆرە بکەین و بڵێین بەڵێ ناسیونالیزمی کوردی لەو کاتەدا خاوەنی پرۆژە بووە، چونکە ئەوە ئاشکرایە نە لەو کاتەداو نە

دوای ئەو کاتەو نە ئێستاش ناسیونالیزمی کوردی نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی پەرەسەندن کە پرۆژەیەکی لەو جۆرەی هەبێت، هەتا داوا لە کۆمەڵە بکەین بڵێین بۆچی پرۆژەیەکی لەوجۆرەی نەبووە. ئەگەر تەنیا لەسەر ئاستی کوردستانی ژێردەسەلاتی دەوڵەتی داگیرکەری عێراقیش سەیر بکەین ئەوا دیسان ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات: ئایا بزووتنەوەی کورد لە دروستبوونی دەوڵەتی نوێی عێراقەوە بێجگە لە سەردەمی شێخ مەحمود کە باسی حکومەتی کوردستانی کردووە لە چوارچێوەیەکی سنووردار‌دا، ئایا هیچ حیزب و ڕێکخراوو بزووتنەوەیەکی خاوەن نفوزو جەماوەر بووەتە خاوەنی پرۆژەی دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەم بەشەی کوردستاندا؟ دیسان بە ئاشکرا دیارە هیچ کام لە حیزب و ڕێکخراوە خاوەن جەماوەرەکانی کوردستان هەڵگری بەرنامەی دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆو خاوەنی پرۆژەی جیاکردنەوەی ئەم بەشەی کوردستان نەبوون لە عێراقی عەرەبی. کەواتە لێرەوە بە ئاشکرا دەتوانین بڵێین گوتاری کۆمەڵەش نە لە پێش سکرتێریێتی شەهید ئارام و نە لە سەروەخی ئەوداو نە دوای ئەویش بارگاوی نەکراوە بە بیرو مەعریفەی ناسیونالیزمێکی خاوەن شووناس کە مەبەست لەوەش ناسیونالیزمی کوردی خاوەن پرۆژەی سەربەخۆیی و دەوڵەت بووبێت. نە لەسەر ئاستی کوردستانی گەورەو نە لەسەر ئاستی کوردستانی عێراقیش ئەوە بەرهەم نەهاتووە.

کەواتە بە ئاشکرا دیارە گوتاری کۆمەڵە هەر لە سەرەتاوە بارگاوی کراوە بە جیهانبینیەك کە بریتیە لە ژیان لە عێراقێکی دیموکراتدا کە بۆ سەردەمی خەباتی شاخ و پێش بڕیاری پەرلەمانی کوردستان لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا بەرنامەی کۆمەڵەو یەکێتی و پارتی و حیزبە دیارەکانی تری ئەم بەشە لە ئۆتۆنۆمی تێپەڕی نەکردووە. ئیتر بۆ دەبێت شەهید ئارام بە

خاوەنی پرۆژەی عێراقچێتی دابنرێت لە مێژووی کۆمەڵەدا؟ راستە بارودۆخی کوردو بزووتنەوەکەی ئەوە بووە کە خەبات بکات لە پێناوی ئۆتۆنۆمی لە عێراقێکی دیموکراتدا، بەلاّم ئەم گوتارە واتە گوتاری ئۆتۆنۆمی ناتوانرێت بە گوتارێکی خاوەن شووناسی ناسیونالیزم دابنرێتو لە کاتێکیشدا کە بزووتنەوەی نەتەوەیی یان هەر حیزب و رێکخراوێك هەر ناوێك لە خۆی بنێت گرنك نییە بە ئەندازەی ئەوەی کە بەرنامەکەی و شێوەی کارکردنی بۆ جێبەجێ کردنی بەرنامەکەی گوتارەکەی دیاری دەکات. لەم روانگەیەوە کۆمەڵەش چ لە پێش شەهید ئارام و چ لەسەردەمی ئەویشدا خاوەنی گوتاری ناسیونالیزم نەبووە، ئەگەر گەوهەری گوتاری ناسیونالیزم پرۆژەی سەربەخۆیی‌و درووستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی بێت لەسەر جوگرافیای نەتەوە.

بێگومان ئەوەی کە لە بارەی کۆمەڵەوە باس دەکرێت ئەوەیە وەکو رێکخراوێکی رابوونەوە درووستبووە، ئەویش لە قۆناغێکدا کە پارتی دیموکراتی کوردستان لە مەیدانی خەباتی چەکداریدا بووەو لە سەنگەری دژایەتی کردنی رژێمدا بووەو خاوەنی هێزێکی زۆری پێشمەرگە بووە، لەو کاتەدا کۆمەڵە درووستبووە. بەلاّم لە راستیدا لە قۆناغی دوای رێکەوتنی ئازاردا، سەرباری هێزی بەربلاّوی بزووتنەوەیکوردی، لە رووی مەعنەویەوە لە بارێکی ئاساییدا بووە کە وەکو پێشتر گوتمان گوتاری شۆڕش لەو کاتەدا لەرووی رەگەزەکانی حەماسەت و رەگەزەکانی رابوونەوەو نوێبوونەوەوە تا ئەندازەیەك پاشەکشەی کردبوو، بە تایبەتی لە لای ئەو رووبەرەی کۆمەڵگەی کوردی کە پارتی نەبوون یان یان ئەوانەی کە نەیانتوانیووە خواست و ویستەکانی کورد ببەستن بە پارتییەوەو بوونی کورد لە کەسێتی بارزانیدا ببینن یان کۆبکەنەوە. گوتاری ئەو سەردەمەی بزووتنەوەی کوردی لە ئاستی خوار ئاستی گوتاری ناسیونالیزمەوە بووەو ئەو

بارەی کە بزووتنەوەی کوردی تێدا بووە گوتاری کوردی کردۆتە گوتارێکی خۆپارێزی لاواز بە جۆرێك لە ئاستی بەرهەمهێنانی پرۆژەی رابوونەوەدا نەبێت. درووستبوونی کۆمەڵە لەو سەروەختەدا وەکو جۆرێك لە رابوونەوە سەیر کراوە. بەلاّم ئایا لە راستیدا گوتاری کۆمەڵە بارگاوی کراوە بە رەگەزەکانی رابوونەوە؟ ئایا رەگەزەکانی رابوونەوە لەو سەردەمەدا ئامادەبوونیان هەبووە، کە گوتارێکی پارێزکارانەو بارگاوی کراو بە رەگەزەکانی ئۆتۆنۆمی بۆ گەلێکی بن دەست لەو بارودۆخەدا بالاّدەست بووە، کۆمەڵە بووەتە هەڵگری گوتارێك بتوانرێت پێی بگوترێت گوتاری رابوونەوە؟ ئایا دەتوانرێت بێ گفتوگۆکردنی گوتاری کۆمەڵەو بێ دیاریکردنی رەگەزەکانی گوتاری رابوونەوە لەو سەردەمەدا کۆمەڵە وەکو رێکخراوێك سەیر بکرێت کە هەڵگری پرۆژەی رابوونەوە بوو بێت؟

## 3-کۆمەڵە لە روانگەی گوتاری رابوونەوەوە:

جارێکی تر ئەوە دووبارە دەکەینەوە کە گوتار بریتیە لەو پەیامەی کە لە نووسەرەوە دەگاتە خوێنەر کە ئەوەش لە میانەی دەقی نووسراوەوە

دەبێت(34). بێگومان ئەگەر باسی گوتاری فیکری بکەین دەبێ ئەوە بزانین کە مەبەست بەرهەمەکانی ئەو فیکرەیە کە ئامانج لەوەش لە بنەڕەتدا بوونی کۆمەڵێ دەقە(35). کە ئەویش دیسان مەبەست لێی ئەو پەیامەیە لە خاوەنی فیکرەوە لە رێگای دەقی نووسراوەوە دەگات بە خوێنەر. بێگومان کاتێ باسی گوتار دەکەین لە مێژووی فەرهەنگ‌و نووسینی کوردیدا، دەبێ ئەوەمان لەلا ئاشکرا بێت، باسکردنی گوتاری فیکری و گوتاری فیکری کوردی هەروا ئاسان نییە. لە راستیدا باسکردن لە گوتاری فیکری کوردی بریتیە لە بیناکردن لەسەر زەمینەیەکی بۆش چونکە دەبێ بۆ قسەکردن لەسەر گوتاری فیکری کوردی پێش وەختە ئەوە دیاری بکەین کامەیە فیکری کوردی‌و کامانەن بیرمەندەکانی‌و کامانەن ئەو دەقانەی کە هەڵگری فیکرێکن کورد بەرهەمهێنی بێت؟ بۆیە لە بارێکی وەهادا ئێمە ناچارین بگەڕێینەوە بۆ ئاخاوتن کردنی گوتاری سیاسی کوردی ئەویش لە میانەی ئەو دەقە سیاسیانەی کە هەن ئەویش لە زۆربەی حاڵەتەکاندا دەقی ئایدیۆلۆجی رووتکراوەن لە هەموو جۆرە مەعریفەو زانستێکی سیاسی. ئێمە ئەوەش دەزانین ئەگەر پێداگری بکەین لە سەر شوناسی گوتار ئەوە دەبێ بڵێین دەبێ گوتار لە دەقی نووسراوی نووسەری کوردو بە زمانی کوردی بێت‌و هەڵگری بیرو مەعریفەی کوردی بێت. واتە لێرەدا دەتوانین ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە ئاماژەو هێمای کوردی دەبنە بنەما بۆ درووستکردنی پەیوەندی لە نێوان بەرهەمهێنی دەقی کوردی کە بنەمای گوتاری کوردیە لەگەڵ وەرگر کە خوێنەری کوردییە. مەبەستمان لەم قسەیە ئەوەیە ئەگەر لەم روانگەیەوە سەیری گوتاری ئایدیۆلۆجی یان سیاسی بکەین کە کەمتر بارگاوی دەکرێت بە رەگەزەکانی فیکرو مەعریفەو زیاتریش گواستنەوەیە لە ئایدیۆلۆجیا سیاسیە دیارەکانەوە کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بەرهەم هاتوون،

ئەوسا تا ئەندازەیەکی دیار ئەوە ئاشکرا دەبێت کە گوتاری ئایدیۆلۆجی زیاتر گوتارێکی نێونەتەوەییە، لەچاو ئەوەی کە گوتارێکی تایبەتمەند بێت بە نەتەوەیەك یان گروپو دەستەی دیاریکراوو لە جوگرافیایەکی دیاریکراودا بەرهەم هاتبێت. هەر لێرەوە گوتاری کۆمەڵەش دەشێ جۆرێك لە ئاخاوتن هەڵبگرێت کە سەرچاوەکەی ئایدیۆلۆجیای ماویو مارکسی لینینییە. کەواتە ئەو رووبەرە دەمێنێتەوە لە گوتاری کۆمەڵە بۆ ئاخاوتن کردن کە تا چ ئەندازەیەك مەسەلەی نەتەوایەتی کوردیو تایبەتمەندییەکانی کورد بەشداری کردووە لە بەرهەمهێنانی ئەو گوتارەدا. هەروەها لە ئاستێکی تردا داخۆ گوتاری کۆمەڵە هیچ بنەمایەکی گوتاری رابوونەوەی هەبووە چ لەسەر ئاستی مرۆیی کە مەبەستمان مرۆڤی کوردە، چ لەسەر ئاستی بنیادیی کە ئەمەیان بە چەمکی خەلدوونی عیمران دەکرێتەوە بە رەهندە مرۆییو نامرییەکانیشیەوە؟

بێگومان هەرکات باسی رابوونەوە یان رینیسانس بکرێت مانای ئەوەیە لە پێش قۆناغی رابوونەوە یان رێنیسانسدا قۆناغێکی تر هەیە کە پێشتر ئێمە بە گوێرەی کۆمەڵگەی کوردی بە قۆناغی تێکشکاندن ناومان بردووە(36). گوتاری ئەو قۆناغەش گوتاری تێکشکاندنە. دیارە ئەوەش ئاشکرایە کە کورد لە مێژووی دیاریدا یان باشتر بڵێین لە مێژووی زانراویدا بەردەوام لە باری تێکشکاندندا بووە. ئەوەش ئاشکرایە بۆ دەربازبوون لەو باری تێکشکاندنە مێژووییە پرۆژەی رێنیسانسی نەتەوەیی پێویستەو ناشێت تەسەوری بیناکردنەوەی ئەو کەسێتە نەتەوەییە تێکشکاوە بکرێت لە دەرەوەی پرۆژەی رێنیسانسی نەتەوەیی. هەڵبەت ئەوەش روونە کە ئێمە لە مێژووی کۆمەڵایەتی کوردیدا سەرباری جوڵەی لاواز بۆ گەڕانەوە بۆ ناو مێژوو کەلتووری نەتەوەو بۆ گەڕانەوە بۆ بەدەستهێنانی شووناس، هێشتا پرۆژەیەکی رێنیسانسی نەتەوەیی بەرهەم نەهاتووەو هەر بەو

پێیەش ڕێنیسانسی نەتەوەیی کوردی نەك هەر لە چوارچێوەی پراکتیکدا لەسەر زەمینەی واقیع بەدینەهاتووە، بەڵکو لە چوارچێوەی باسکردنیشدا زۆر بە کەمی باسی لێوە کراوە.

لە کاتێکدا باسی گوتاری رابوونەوە یان ڕێنیسانس دەکەین بە گوێرەی کۆمەڵە، ئەوە ئاشکرایە کە یەکەم: بارودۆخی کۆمەلأیەتی و مێژوویی کورد لە پێش دروستبوونی کۆمەڵەدا بارودۆخی تێکشاندنێکی درێژخایەنی کوردو کەسێتی کوردی بووە کە سەرەتای دەستپێکردنی دەگەڕێتەوە بۆ پێش قۆناغی گەیشتنی ئەم کۆمەلگەیە بە قۆناغی خۆ جیاکردنەوەی لە کۆمەلگەکانی تر، یان دەتوانین بڵێین سەرەتای تێکشکاندنی کەسێتی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ پێش مێژووی زانراو یان تۆمارکراوی کورد خۆی. هەروەك لە ئاستی رووکەشیشدا کۆمەڵە لە بارودۆخێکدا دروستبووە کە لەو رووکەشەشدا جۆرێك لە تێکشکاندنی ئاشکرا بە تایبەتی لە رووی سیاسیەوە لە ئارادا بووە. کۆمەڵە کە لە رووکەشدا وەکو درێژکراوەی رووە رۆشنبیرییەکەی باڵی مەکتەبی سیاسی جیابووەوە لە بارزانی وابوو، لە کاتی دروستبوونیدا ئەو باڵە دووچاری شکستێکی سەخت بوو. کە یەکەم چوونە پاڵ رژێمی داگیرکەری ئەو کاتەی عێراق بوو، دووەمیش تێکشکاندنی خودی ئەم باڵە بوو لە رێکەوتن نامەی یانزەی ئازاری 1970و بە ناچاری گەڕانەوەیان بۆ سایەی بەزەیی و سۆزی  بارزانی. دیارە ئەم بارە شکستە لە ئاستێکی تردا دەوری بینیووە، بە تایبەتی لەسەر نوخبەی رۆشنبیری سەربە باڵی مەکتەبی سیاسی بۆ ئەوەی لە دوای ئەڵتەرناتیڤێکی تر بگەڕێن کە ئەوەشیان لە دروستکردنی کۆمەڵەدا بەرجەستە کرد. هەروەك لە ئاستێکی تریشدا کۆمەڵگەی کوردی لە سایەی ئەو بارودۆخی دابەشبوونەدا کە لەلایەك مەکتەبی سیاسی چووبووە پاڵ رژێم‌و باڵی سەرکردایەتی بارزانیش وەکو

بزووتنەوەیەکی عەشایەری دەردەکەوت کە وێنای راستەقینەی بنیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی ئەو کاتە بوو، جوڵەیەکی ئەوتۆ دیاری بە ئاراستەی پێشکەوتن‌و گۆڕانکاری لە کۆمەلگەی کوردیدا پێوە دیار نەبوو. جۆرێك لە بێئومیدبوونیش بەرامبەر بە شۆڕش  لەلای بەشێك لە نوخبەی خوێندەواری کوردی درووست بووبوو کە ئەم دوو حاڵەتەش هەردووکیان ئەوەیان دەسەلماند کە بارودۆخی کورد لەم بەشەی کوردستاندا لە شکستدایە، چ شکستی کەسێیی کۆن‌و رەگ‌و ریشەدارو چ شکستی بزووتنەوەی کوردی ئەو کاتە بە تایبەتی لە رووی مەعنەوی یان گەوهەرەوە، واتە چ ئەو بەشەی کە پاڵیدا بە رژێمەوە چ ئەوبەشەی تری کە لە سایەی سەرکردایەتی بارزانیدا بوو هەردووکیان لە شکستدا بوون بەلاّم هەریەکەیان بە جۆرو ئاراستەیەك. ئاماژەی شکست بە تایبەتی لە دەستپێکردنەوەی شەڕدا بێئومیدی دەبەخشی بە زۆرینەی جەماوەری خەڵکی کوردستان. کۆمەڵە لەم بارودۆخە نائاساییو پڕ لە شکستەدا درووستبووە. کەواتە ئایا کۆمەڵە لەسەر دوو ئاست توانیووێتی هەلگری گوتاری رابوونەوەو رێنیسانس بێت؟  لەسەر ئاستی شکستی مێژوویی نەتەوەیی کوردو لەسەر ئاستی شکستی بەشێك لە بزووتنەوەکەیو دەرکەوتنی ئاماژەکانی شکستیش لەلای بەشەکەی تری ؟.

لە راستیدا ئەگەر لە پێش دابەشبوونی دووەمی کوردستاندا لە دوای هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی عوسمانی، بنەمایەکی زۆر لاوازیش هەبوو بێت بۆ رێنیسانسی کوردی لە سەروەختی دەرکەوتنی نووسین بە کوردیو گەڕانەوە بۆ نێو رەمزو هێما نەتەوەییەکان، ئەوا مەسەلەی رێنیسانس لە مێژووی کورددا هەرگیز نەبووەتە پرۆژەو دواتریش واتە لە دوای روخاندی دوا میرنشینەوە، ئەو بنەما لاوازنەی کە دەبوا ببوونایەتە پایەکانی رێنیسانسی کوردی، بوونەتە بنەما

بۆ ئەو راپەڕینانەی کە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم بۆ دواوە روویانداوە کە یەکەمیان بزوتنەوەی بەدەرخانیەکان بووەو دوای ئەویش بزووتنەوەی شێخ عوبەیدولای نەهری‌و شێخ عەبدولسەلامی بارزانی‌و شێخ سەعیدی پیران و شێخ مەحمودی حەفیدزادەو ...تاد. کە دیارە لەبەر نەبوونی پرۆژەی رێنیسانس‌و رۆڵی کاردانەوەش لە درووستبوونی بزووتنەوەکاندا ئەو بزووتنەوانەش دیسان نەبوونەتە خاوەنی پرۆژەو گوتاری نەتەوەیی وەکو ئەوەی پێویستە یان دەبوو وەکو پرۆژە لە ئاستێکدا بووایە کە بتوانرێت بە پرۆژەو گوتاری ناسیونالیزمی خاوەن شوناس‌و خاوەن رەهەندی نەتەوەیی دابنرێت. هۆکارەکەش ئاشکرایەو ئەوەیە کە راپەڕین شوێنی رێنیسانسی گرتۆتەوەو لە باشترین باریشیدا راپەڕین یان هەڵگری گوتاری ئایدیۆلۆجییە یان کاردانەوەیە کە ئەویش دەبێتە هەڵگری گوتاری مانەوە لە کاتێکدا رێنیسانس هەڵگری گوتری فیکرییە کە ئەویش ئەوەیە: کە رێنیسانس بە دوای زیندوو کردنەوەی فیکردا دەگەڕێت، لە کاتێکدا فیکر لە پرۆژەی رێنیسانس دەکۆڵێتەوە(37).

ئەوە ئاشکرایە شتێك نییە لە مێژووی کەلتووری ئێمەدا بە ناوی فیکری کوردی چونکە کورد تاکو ئێستا نەیتوانیووە فیکر بەرهەم بهێنێت، هەر بەو پێیەش لە مێژووی کورددا بیرمەند بوونی نییە، هەرچەندە باسی ئەوە دەکرێت کە ئەحمەدی خانی بیرمەندو فەیلەسووف بووە(38)و کوردیش بیری بەرهەم هێناوە(39). بێگومان ئەگەر جۆرە بیرکردنەوەیەکیش هەبێت ئەوە دەبێ بزانین کورد بەرهەمهێنی ئەو فیکرە نییە بە تایبەتی مێژووی نووسینی کوردی ئەوەندە کۆن نییەو نووسینی کوردیش هەتا کۆتایی سەدەی نۆزدە جگە لە شیعر هیچ رەگەزێکی تری بە خۆوە نەبینیووە بە تایبەتی رەگەزی پەخشان کە فیکر لە نووسینی پەخشانیدا جێگای دەبێتەوە کە زیاتر بەرهەمی عەقڵە نەك

نووسینی شیعر که بەرهەمی سۆزو عاتیفەو هەڵەچوون‌و خەیاڵە. کەواتە ناتوانین تەسەوری ئەوە بکەین لە مێژووی کورددا ساتێك هەبوو بێت ئەگەری سەرهەڵدانی رێنیسانس‌و دەرکەوتنی پرۆژەی رێنیسانسی کوردی تیابەدیبهاتبایە. لەبەر ئەوە ئەو جوڵە لاوازەشی کە هەبووە لە راپەڕیندا خۆی بەرجەستە کردووە. راپەڕینەکانیش بە گشتی نەگەیشتوونەتە ئاستی بەدیهێنانی پرۆژە سیاسیەکانیان، ئیتر چۆن بتوانن پرۆژەی رێنیسانس جێبجێ بکەن بە تایبەتیش کە خودی پرۆژەیەکی لەوجۆرە بوونی نەبووەو تاکو ئێستاش بوونی نییە. هەر لەم روانگەیەوە دەرکەوتنی کۆمەڵەش سەرتای جۆرێکە لە راپەڕین لەبری رێنیسانس‌و پرۆژەی رێنیسانسی نەتەوەیی.

لێرەوە دەتوانین بە ئاشکرا بڵێین کۆمەڵە کە لە بارودۆخێکی لە ناوەرۆکدا شکست‌و لە لایەن نوخبەیەك خوێندەواری سەربە باڵی مەکتەبی سیاسی یان نزیك لەو باڵە دامەزرا، یەکەم سەرچاوەی گوتارەکەی کە گوتاری رزگاری نیشتیمانیی بوو، پایەیەکی لە نێو واقیعی داگیرکراوو شکستی کۆمەڵگەی کوردیدا بوو، پایەکەی تریشی ئیلهام وەرگرتن بوو لە ئایدیۆلۆجیای ماوی‌و مارکسی لینینی. کە دەتوانین بڵێین پێکەوە کۆکردنەوەی ئەم دوو تێڕوانینەو رابەرایەتی کردنی ئەم رێکخراوە هەر لە سەرەتاوە لە لایەن نوخبەیەکی خوێندەواری ئەو سەردەمەوە، جۆرە گیانێکی شۆڕشگێڕی لە کەسێتی ئەندامان‌و لایەنگرانی‌و تەنانەت لە لای زۆرێك لە لاوانی ئەو رووبەرە جوگرافیە درووست کردبوو کە زەمینەی پەرەسەندنی بوو. لەم روانگەیەوە دەتوانرێت بگوترێت کۆمەڵە ئەگەر لە روویەکەوە کاردانەوە بوو بێت بۆ ئەو بارە شکستەی کە تیایدا درووست بوو، ئەوە لە روویەکی ترەوە رۆڵی هەبوو بۆ رێگرتن لە زیاتر تێکشکاندن‌و رووخاندنی مرۆڤی کورد لە جوگرافیای خۆیداو بەخشینی جۆرێك

له مۆتیڤی خۆبیناکردنەوەو له رووداوەستان که ئەم تێڕوانینو هێزه وزه بەخشەی له بوونی کۆمەڵەدا هەبوو هۆکار بوو بۆ ئەوەی که له کورترین ماوەدا رووبەرێکی فراوان له لاوانو خوێندکارانو رۆشنبیران بگرێتەوەو له کاتی دروستبوونی هێزی پێشمەرگەشدا جۆره تواناو خۆنەویستییەکی ئاشکراو گیانی قوربانیدانێکی هەست پێکراو له کەسێتی کادیرو ئەندامی کۆمەڵەدا هەبوو، که بێگومان ئەوه کاریگەریشی بۆ سەر کۆمەڵگه هەبوو که دەتوانین به گشتی ئەمەش وەها دەربڕین که کۆمەڵەو گوتاری کۆمەڵه بریتی بووه له لەرووداوەستانی ئەو بارودۆخه نالەبارەی که کوردستانی گرتۆتبووەوەو له هەمان کاتدا هەوڵدان بوو بۆ بەربەست دانان له رێگای زیاتر تێکشکاندنو رووخاندنی مرۆڤی کورددا به تایبەتیش له دوای شکستی بزووتنەوەی کوردی له ساڵی 1975دا که داگیرکەری عێراقی پێی وابوو ئیتر زەمینەی به تەواوەتی تێکشکاندنی کوردو پاکتاوکردنی کوردی بۆ رەخساوه.

کەواته ئێستا ئەوه ئاشکرایه که گوتاری کۆمەڵه گوتاری مانەوەیه بەو مانایەی که ئەم رێکخراوه له هەوڵی پاراستنی له ناوچوونی زیاتری کورددا بووەو هەوڵی داوه رێگانەدات که مرۆڤی کورد لەو بارەی که تێیدایه زیاتر تێکبشکێت، بەڵکو ئەگەر نەشتوانرێت به ئاراستەی زیندوکردنەوەی تەواوەتی که مەبەستمان رابوونەوەو رێنیسانسه بجوڵێنرێت، ئەوا هەوڵبدرێت لەو بارەی تێیدایه بەروخراپتر نەڕوات. کەواته ئێستا دەتوانین بڵێین گوتاری کۆمەڵه له رووی سیۆسیۆلۆجیەوه له بری گوتاری رابوونەوەو رێنیسانس گوتاری مانەوه بووه(38). دیاره گوتاری کۆمەڵه له گەوهەردا گوتاری مانەوەیەو لەو ئاقارەشدا دەبینرێت که سەرباری بارگاویبوونی ئەم گوتاره به رەمزو هێماو رەگەزه پەیوەستەکانی نەتەوایەتی کورد، بەلاّم له ئاستێکی مامناوەنددا، هاوکات ئەم

گوتارە بارگاوی کراوە بە دیدو جیهانبینی ماوی‌و مارکسی لینینی کە ئەمەش زیاتر رەهەندێکی چەپانەی بە کۆمەڵە بەخشیووەو وەها پێشکەشی کردووە کە رێکخراوێکی ماوی یان مارکسی لینینی کوردییە لە رووی گەوهەری گوتارەکەیەوە کە خەبات دەکات لە پێناوی رزگار کردنی کوردستانی عێراقدا لە دەسەلاتی رژێمی تۆتالیتاری بەعس بەلاْم لەم خەباتەیدا خۆی بە بەشێك لە بزووتنەوەی ئازادیخواو دیموکراسی عێراق دەزانێت کە ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە کۆمەڵە پێی وابووە بەبێ درووستکردنی سیستێمێکی دیموکراتی لە عێرقدا ناشێت کورد ببێت بە خاوەنی مافەکانی. دامەزراندنی سیستێمێکی دیموکراسیش لە عێراقدا تەنیا بە کورد ناکرێت بەڵکو ئەوە پێویستی بە خەباتی هەموو عێراقیەکان هەیە. ئەم تێڕوانینە نەك هەر لای کۆمەڵە بەڵکو پارتی دیموکراتی کوردستانیش کە لەساڵی 1946 دا دامەزراوەو لە ساڵی 1961 دا دەستی کرد بە خەباتی چەکداری، ئەویش گوتارەکەی بریتی بوو لە دیموکراتی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان. کەواتە مەسەلەی بە دیموکراتی کردنی عێراق وەکو خاڵێکی جێگیری لێهاتووە لە لای حیزب‌و رێکخراوو تەنانەت رۆشنبیری سیاسی کوردیش چونکە تەسەورکردنی ئەوەی کە رژێمێکی تۆتالیتار لە عێراقدا دان بە مافەکانی کورددا بنێت جگە لە وەهم هیچی تر نەبووە.

## 4-گوتاری یەکێتی نیشتیمانی کوردستان:

ئەوە ئاشکرایە کە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان لە درووستبوونی یەکێتیدا، یەکێك لە پێکهاتە سەرەکییەکانی یەکێتی نیشتیمانی بوو. کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان لە ساڵی 1970دا پێکهات واتە نزیکەی پێنج ساڵ پێش درووستبوونی یەکێتی نیشتیمانی. راستە یەکێتی نیشتیمانی لە دەرەوەو لە لایەن نوخبەیەك لە سیاسیو رۆشنبیری کوردەوەو پاش ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕاو نووسینەوەی یەکەم بەیاننامەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان 1-6-1975 بە

ڕۆژی دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دانراو یەکەم بەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانیش کە بڵاوکراوەتەوە بەرواری ئەم ڕۆژەی لەسەرە. هەرچەندە هێزی سەرەکیو داینەمۆی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کۆمەڵەو ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بوو لە ناوەوەی وڵات، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە زیاتر باس لە گرنگی ڕۆژی دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانی و دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی نیشتیمانی دەکرێت لە دەرەوە. واتە پاش ئەوەی کە یەکێتی نیشتیمانی لەلایەن ئەو دەستەیەوە لە شام ڕادەگەیەندرێت، لە ناوەوەی وڵات دەستەیەك لە سەرکردایەتی کۆمەڵە بە سکرتێرەکەشیەوە ڕێگای ئێران لەبەر دەگرنو لە ڕۆژی 22-9-1975 لە چەمپاراو لەلایەن حکومەتی ئێرانیەوە دەستگیر دەکرێنو پاشان ڕادەستی عێراق دەکرێنەوەو لە 21-11-1976دا سکرتێری کۆمەڵەو دووان لە ئەندامانی سەرکردایەتی کۆمەڵە لە سێدارە درانو ئەوانی تریش لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی کۆمەڵە کە لە ناوشارەکان دەستگیر کرابوون حوکم دران بۆ ماوەی جۆراو جۆر. لە ڕاستیدا ئەوەی گرنگە باس بکرێت ئەوەیە کە لە ماوەی چواردە مانگی مانەوەی سکرتێری کۆمەڵەو بەشێکی دیار لە سەرکردایەتی کۆمەڵە لە زینداناو دەستگیر کردنی زۆرێکیش لە ئەندامانی تری چالاکی کۆمەڵە لەو ماوەیەداو مانەوەی سەرکردایەتی یەکێتیش لە شامو لە ئەورووپاو دوورو دابڕاو لە ناوەوەی کوردستانو بێجگە لە مام جەلالیش دەستەی دامەزرێنەری سەرکردایەتی یەکێتی لە دەرەوە هیچیان نە ناوبانگێکی ئەوتۆیان هەبوو نە کەسایەتی وەها ناسراویش بوون لە کۆمەڵگەی کوردەواریداو نە ڕێکخستنو جەماوەرێکی وەهاشیان هەبوو لە ناوەوە. بۆیە ئەوەی گرنگە لە دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانیدا بە تایبەتی لەسەر زەمینەی واقیع ڕۆڵی کۆمەڵەو بە تایبەتیش ئەو

دەستەیە بوو کە کۆمەڵەیان لە لەناوچوون رزگارکردو جڵەوی رێکخستنەکانیان گرتەوەو رێکخستنی تازەیان کردو دواتریش مەفرەزەی چەکدارییان ئامادەکردو بۆ یەکەمجاریش لە لادێکانی کوردستاندا پێشمەرگەی کۆمەڵە خۆی نیشانی جەماوەری گوندەکان داو دەستپێکردنەوەی شۆڕیان پێڕاگەیاندن. بێگومان ئەوەش رێکخستنەکانی کۆمەڵەو پێشمەرگەکانی کۆمەڵە بوون کە سەرکردایەتی هەرێمەکانو بەرپرسی یەکەمی هەرێمەکان ئەرکی سەرەکی دەستپێکردنەوەی شۆڕشیان لەسەر زەمینەی واقیع گرتە ئەستۆو راگەیاند. ئەگەر هێزی ناوەو کۆمەڵە نەبووایە ئەوا دەستەی دامەزرێنەر لە دەرەوەی وڵاتو بەبێ بوونی جەماوەر نەدەشیا بتوانن بگەڕێنەوە ناوەوەی وڵاتیش بە تایبەتی کە ئەوان لە شام بوونو زەمینەی دەستپێکردنەوەی شۆڕشیش کە کۆمەڵە داینەمۆکەی بوو سلێمانیو خانەقین و کەرکوکو هەولێر بوو.

بە هەرحاڵ ئەم قسانەو شێوازی دەستپێکردنەوەی شۆڕش و دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانی وەکو مێژوو وەکو ئەوەشی کە کەی دامەزراوەو کێ رۆڵی سەرەکی بینیووە لە دامەزراندنیدا تەنیا بۆ مێژوو گرنگە، ئەگینا لە رووی ئامانجی لێکۆڵینەوەکەی ئێمەوە کە ئاخاوتنو گفتوگۆکردنی گوتاری کۆمەڵەیە بایەخێکی ئەوتۆی نییە. چونکە ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە گوتاری یەکێتی نیشتیمانییە. ئایا گوتاری یەکێتی نیشتیمانی جیاوازی هەبووە لە گوتاری کۆمەڵە؟ ئەگەر جیاواز بووە ئەو جیاوازییە چییە؟ ئایا تەنیا لە رووکەشدایە یان لە گەوهەردا جیاوازن؟ ئەگەر جیاوازیش نییە ئایا دەکرێت بڵێین یەکێتی نیشتیمانی لەسەر بنەمای گوتاری کۆمەڵە دامەزراوە؟ یان ئایا دەشێ بە ئاراستەیەکی تر قسە بکەین کە ئەویش ئەوەیە گوتاری یەکێتی نیشتیمانیو کۆمەڵە یەك سەرچاوەو یەك بەرهەمهێنەریان هەیە کە ئەویش مام جەلالەو

خودی گوتاری کۆمەڵەش لە گەوهەردا گوتاری باڵی مەکتەبی سیاسی جیابووەوەیە لە سەرکردایەتی بارزانی؟ ئێمە پێشتر لە هەندێ کادیری دیرینی کۆمەڵەمان بیستووە کە گوتوویانە مام جەلال دامەزرێنەر یان یەکەم سکرتێری کۆمەڵە بووە، بێگومان ئەگەر ئەو قسەیە لە رووی کرداریشەوە وانەبێت، ئەوا ئەگەر بۆمان دەرکەوت کە گوتاری یەکێتی نیشتیمانیو گوتاری کۆمەڵە هەمان گوتارنو ئیلهامیشیان لە گوتاری باڵی مەکتەبی سیاسی وەرگرتووە، یان گوتاری باڵی مەکتەبی سیاسی سەرچاوەیە بۆ گوتاری کۆمەڵەو یەکێتی نیشتیمانی، ئەوە مانای وایە لە رووی رۆحیەوە مام جەلال هەرچۆن لە یەکێتی نیشتیمانیدا هەموو شتێکە لە کۆمەڵەشدا هەموو شتێك بووە، با لە رووی کرداریشەوە دوور بوو بێت بە تایبەتی دوای بەجێهێشتنی کوردستان.

نەوشیروان مستەفا لە بارەی دامەزراندی یەکێتی نیشتیمانیەوە دەڵێت: یەکەمین بەیاننامەی یەکێتی، ئەوەبوو بە بۆنەی دامەزراندنی یەکێتیەوە لە 22-5-1975لە ئەورووپا بلاّو کرایەوە. ئەم بەیانە لە رادیۆی دیمەشقەوە خوێندرا بووەوە. لە کوردستان بە چاکی دەنگی دابووەوە. پێش ئەوەی هیچ ئەندامو کادری کوردستان کار بۆ درووستکردنی رێکخستنی یەکێتی بکات، ئەم بەیانە دۆستو لایەنگری بۆ پەیدا کردبوو(41). دیارە ئەو قسەیەش لەبارەی راگەیاندنی دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانییەوە بە پێی یەکەم بەیانیش کە بلاّو کراوەتەوە راستە کە هەمان مێژووی لەسەرە. بەلاّم ئەوەی مایەی پرسیارە ئەوەیە کە ئەو بەیاننامەیە پێش کادرو ئەندامان کە دیارە مەبەست کادرو ئەندامانی کۆمەڵەیە، دۆستو لایەنگر بۆ یەکێتی پەیدا بکات! لە راستیدا ئەو کاتەشی کە مەفرەزەکانی پێشمەرگە لە سنووری سلێمانی چوونە شاخ و لە هەندێ ناوچەش جەماوەر هەر کۆمەڵەی دەناسیو لە ریزی رێکخستنو

پێشمەرگەشدا تا نزیکی شەڕی عێراق- ئێران ئەوەی پێی دەگوترا یەکێتی تەنیا وەکو ناوێك بوو بۆ کۆکردنەوەی دوو لایەنی سەرەکی کە یەکەمیان کۆمەڵەو ئەویتریان سۆشیالیست بوو. کەواتە دەبێ ئەو دۆستو لایەنگرانە کێ بووبن کە لەم قسەیەی سەرەوەدا هاتووە؟

دیارە بۆ قسەکردن لەسەر گوتاری یەکێتی نیشتیمانی دەبێ بگەڕێینەوە بۆ بەرنامەی یەکێتی خۆی، لە بەیاننامەی یەکەمی دامەزراندنی یەکێتیدا کە لە 1-6-1975دا بلاّوکراوەتەوە هاتووە: لە میانەی رووداوەکانەوە ئەوە دەرکەوتووە کە دەبێ هێزە شۆڕشگێڕە کوردستانییەکان لەگەڵ هەموو هێزە پێشکەوتنخوازو چەپە نەتەوەییەکانی عێراقدا دەست بخەنە ناو دەستی یەکتری بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی شۆڕشی دیموکراسی نیشتیمانی کە گەلی عێراقمان بە نەتەوەی عەرەبو کوردو کەمایەتیەکانەوە رووبەڕووی دەبنەوە، ئەم ئەرکانەش بریتین لە رزگارکردنی عێراق لە کۆتو پێوەندی کۆلۆنیالیزمی نوێی ئابووریو سیاسی، کۆتایی هێنان بە فەرمانڕەوایەتی دیکتاتۆریەتی خوێن رێژ، هێنانە کایەی دەسەلاّتێکی دیموکراتی هاوپەیمانی نیشتیمانی توانادار بۆ دابین کردنی دیموکراسی بۆ هەموو گەلی عێراق، داننان بە مافی گەلی کورددا بۆ ئۆتۆنۆمی راستەقینە لە چوارچێوەی کۆماری عێراقی سەربەخۆدا، جێبەجێکردنی چاکسازی ریشەیی لە بواری کشتوکاڵدا لە بەرژەوەندی جەماوەری جوتیارانو بە پیشەسازی کردنی ولاّتو بەکارهێنانی سامانی نەوتیو کانزایی بۆ گەشەپێکردنی کۆمەڵگەی عێراقیو پاشان ئامادەکردنی پێداویستییەکانی گواستنەوە بۆ بیناکردنی سۆشیالیزم. بەجێهێنانی ئەم پێنج ئەرکە  توانای هەیە عێراق بخاتە سەر رێگای خەباتی عادیلانەی عەرەبی دژی ئیمپریالیزمو سەهیۆنیزمو کۆنەپەرستیو ئامادەکردنی توانا لە بن نەهاتووەکانی عێراقو

خستنه کاری له شەڕی چارەنووسدا که نەتەوەی عەرەب دژی ئیمپریالیزم‌و سەهیۆنیزم هەڵیدەگیرسێنێت(42).

بێگومان یەکەم بەیانی یەکێتی نیشتیمانی بایەخێکی گرنگی هەیە بۆ گفتوگۆکردنی گوتاری ئەم حیزبە. لەم بەیاننامەیەدا هاتووە که دەبێ هێزە شۆڕشگێڕە کوردستانییەکان لەگەڵ هێزە پێشکەوتنخوازو چەپە نەتەوەییەکان پێکەوە هاریکاری بکەن بۆ رزگار کردنی عێراق. لێرەدا ئەوەی ئاشکرا دەبێت سەیرکردنی خەباتی کوردو عەرەب‌و ئەوانی تریشە له پێناوی رزگارکردنی عێراقدا له دەستی کۆلۆنیالی سیاسی‌و ئابووری. کەواتە ئەوەی لێرەدا هاتووە ئامادەکردنی کوردە بۆ بەشداریکردن له شۆڕشێکی سەرتاسەری عێراقیدا ئەویش بە مەبەستی رزگارکردنی عێراق. لێرەوە ئاشکرا دەبێت که بەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانی باس له خەباتی گەلانی عێراق دەکات له پێناوی رزگار کردنی عێراق‌و کۆتایی هێنان بە دەسەڵات‌و فەرمانڕەوایی دیکتاتۆری خوێن ریژی عێراق که ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی که ناشێت کورد له سایەی رژێمێکی دیکتاتۆریدا بتوانێت ببێت بە خاوەنی مافەکانی. بۆ ئەو مەبەستە دەبێ ئەو رژێمە بڕوخێت‌و له شوێنی ئەودا رژێمێکی دیموکراسی دابمەزرێت که ئەوەش ئاشکرایە کورد بە تەنیا له عێراقدا نەدەتوانێت رژێمی دیکتاتۆری بڕوخێنێت‌و نە رژێمێکی دیموکراسی دابمەزرێنێت. رەنگە هۆکاری سەرەکی ئەوەی که یەکێتی نیشتیمانی له بەیانی دامەزراندنیدا خۆی وەکو بەشێك له بزووتنەوەی گەلانی عێراق پێشکەش کردبێت ئەم ئامانجە بێت. هەرچەندە شان بە شانی ئەم بۆچوونەش دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگیرێت که هەرچۆن بەیانی یەکەمی یەکێتی جەخت لەسەر خەبات له پێناوی بیناکردنی عێراقێکی دیموکراتی دەکات، وەکو تاکە کەسیش هیچ کام له دامەزرێنەرانی

یەكێتی نیشتیمانی كوردستان ئەو بۆچوونەیان نەبووە كە بڕوابوون بێت بە خەباتی نەتەوەیی كورد بە جیاو لە پێناوی جیاكردنەوەی كوردستان لە عێراق‌و درووست كردنی دەوڵەتی كوردی سەربەخۆ لەسەر ئەو بەشەی كوردستان.

هەروەك بە ئاشكرا دەردەكەوێت كە بەیاننامەی دامەزراندنی یەكێتی نیشتیمانی جۆرێك لە دڵ راگرتنی عەرەبەكانی تێدایە بە تایبەتی سووریا كە ئەو بەیانە لەوێ دەرچووە لە كاتێكدا نێوان سوریاو عێراق خۆش نەبووەو لە هەمان كاتیشدا لە بەیانەكەی یەكێتی نیشتیمانیدا دژایەتی كردنی سەهوێنیەت یان ئیسرائیل بە شێوەیەك راگەیەندراوە جیاواز نەبێت لە دەربڕینی ناسیونالیستە عەرەبەكان بەرامبەر بە ئیسرائیل كە ئەوەش لە راستیدا نە ئەوساو نە ئێستاش لە ریزی ئەرك و كارەكانی بزووتنەوەی نەتەوەیی كورددا نییە. راستە كوردو فەلەستینییەكان هەردووكیان چەوساوەن بەڵام نابنە خاوەنی خەباتی هاوبەش. بەڵكو ئازاری هاوبەشیان هەیە.

خاڵێكی سەرەكی لە بەیاننامەی یەكێتی نیشتیمانیدا كە گەوهەری گوتاری ئەم حیزبە نوێیە دەردەخات مەسەلەی ئۆتۆنۆمی راستەقینەیە بۆ گەلی كورد. جارێ با بپرسین ئایا ئۆتۆنۆمی راستەقسنە لە فەرهەنگی سیاسیدا مانای چییە؟ ئایا شتێك هەیە بە ناوی ئۆتۆنۆمی راستەقینە؟ لە راستیدا ئەم زاراوەیە لە داتاشینێكی لە جێی خۆدا نەبوو زیاتر هیچی تر نییە. چەمكێك هەیە بە ناوی ئۆتۆنۆمی واتە سەربەخۆبوونێكی سنووردار یان خودبەڕێوەبردن لە سایەی دەوڵەتێكی ناوەندیدا. ئەی ئۆتۆنۆمی راستەقینە مانای چی؟ ئایا مەبەست ئەوەیە كە ئاستی ئەو سەربەخۆبوونە زیاتر بێت یان ئەم زاراوەیە بۆ نیشاندانی جۆرێك لە جیاوازی لەگەڵ قۆناغەكانی پێشتردا بەكارهاتووە؟ بۆ نموونە داواكاری پارتی دیموكراتی كوردستان لە گفتوگۆی ساڵی 1970دا ئۆتۆنۆمی

بووه. له بەياننامەى يەكێتيدا وشەى راستەقينە بۆ ئۆتۆنۆمى زياد كراوه كه له رووى راستيەوه هيچ مانايەك نابەخشێت چونكه مەسەلەكه ئەمەيه يان ئۆتۆنۆمى هەيه يان نييه چونكه شتێك نييه پێى بگوترێت ئۆتۆنۆمى درۆينه تا لەبەرامبەريدا ئۆتۆنۆمى راستەقينه هەبێت.

ئەنجا ئەوەى مايەى سەرنجه سەيركردنى ئۆتۆنۆمىو ئۆتۆنۆمى راستەقينەيه له روانگەى گوتارى ناسيوناليزم يان پرۆژەى ناسيوناليزمەوه: ئۆتۆنۆمى به ماناى خۆبەڕێوەبردن دێت. ئەم زاراوەيه دەشێ بۆ تاكه كەسو بۆ دەسته يان دامەزراوەكانيش هەردووكيان جێبەجێ بكرێت يان بەكار بهێنرێت. كەسى ئۆتۆنۆم ئەو كەسەيه كه به شێوەيەكى بنچينەيى تواناى كار يان چالاكى هەيه به پێى ئاراستەكردنى خۆى( 43). زاراوەى ئۆتۆنۆمى وەكو كۆمارى ئۆتۆنۆمى به شێوەيەكى سەرەكى له رووسياى فيدرالّدا بەكارهات، به پێدانى ناسنامەى ئيتنيكى بەلاّم به بێ مافى جيابوونەوه. هەرێمه ئۆتۆنۆمييەكان ئاستێك له شووناسى جوگرافىو مێژوويیان هەيه بەلاّم به بێ بنەماى ئيتنيكى(44). وەكو پێشتر گوتمان له فەرهەنگى سياسيدا شتێك نييه به ناوى ئۆتۆنۆمى راستەقينەو ئەوەى هەيه ئۆتۆنۆمييه. ئێستا لەو پێناسەيەى كه لەسەرەوه بۆ ئۆتۆنۆميمان هێنايەوه دەردەكەوێت كه ئۆتۆنۆمى ئاستێكى دياريكراوه له دەسەلاّتێكى ناوچەيى يان هەرێمى كه هەندێ مافى سنووردارى هەيه بەلاّم ناتوانرێت وەكو مافى تەواوى نەتەوه سەير بكرێت چونكه مافى تەواوى نەتەوه بريتيه له مافى بڕياردانى چارەنووس كه ئەوەش تەنيا له جيابوونەوەو سەربەخۆبووندا پێناسەى راستەقينەى خۆيى هەيه. ئێمه نموونەى ئاشكراى كۆماره ئۆتۆنۆميەكانى سۆڤێتى پێششومان هەيه كه دەشێ جۆرێك له دەسەلاّتى ناوچەييان هەبووبێتو له سنوورى جوگرافياى هەر پێكهاتەيەكى نەتەوەيى يان

ئیتنیکیدا بە جۆرێك بایەخ بە مێژوو کەلتوورو زمانی ئەو پێکهاتەیە درابێت لەسەر ئاستی ناوخۆی ئەو پێکهاتەیە، بەلاّم ئەو بایەخ پێدانەو سنووری دەسەلاّتو ئازادییەکانی ئەو کۆمارە ئۆتۆنۆمیە نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی وەکو دەسەلاّتێکی ئیتنیکی خاوەن شووناس دەرکەوتبێت. هۆکەشی ئاشکرایە هەروەکو چۆن لەسەر ئاستی تاکەکەس، ئۆتۆنۆمی بە شێوەیەکی نزیك پەیوەستە بە چەمکی ئازادییەوە. بۆ ئەوەی تاکە کەسیش ئازاد بێت دەبێ لە رووی ئابوورییەوە ئازاد بێت واتە سەرچاوەی سەربەخۆی ژیانی خۆیی هەبێت کە بە گشتی لە کۆمەلگەی ئەوسای سۆڤێتی کە چەندین کۆماری ئۆتۆنۆمی تیادا دامەزرا، هەروەها لە ولاّتانی وەکو ئەوانەشدا کە کوردستانیان داگیر کردووە سەرچاوەی ئابووری سەربەخۆی تاکە کەس بوونی نەبووە. هەر بەو پێیەش زەمینەی ئازادی تاکەکەسیش بوونی نابێت. کە ئەم بۆچوونە لەسەر ئاستی دامەزراوە ئۆتۆنۆمیەکانیش راستەو ئابووری ولاّت لە دەستی دەولّەتی ناوەنددایە بۆیە ئەم کۆمارە ئۆتۆنۆمیانە ناتوانن هیچ سەربەستیەکی جولّەو بڕیاردانی دیارو کاریگریان هەبێت.

کەواتە لێرەوە بە ئاشکرا دەردەکەوێت کە ئۆتۆنۆمی دەسەلاّتێکی سنووورداری ناوچەییەو لە سیستێمە شمولیو نادیموکراتەکاندا جگە لە دامەزراوەیەکی کارتۆنی بۆ بەڕێوەبردن هیچی تر نییە. ئێمە باشترین نموونەی دەسەلاّتی ئۆتۆنۆمی کوردستانی عێراقمان لەبەرچاوە کە ئەو دامەزراوە نەك هیچ ئازادییەکی نەبووە، بەلّکو دامەزراوەیەك بووە دەسەلاّتی ناوەندی وەکو دەسەلاّتێکی شمولی سەرکوتکەر درووستی کردووە بۆ بەشداریکردنی دەسەلاّتی ناوەند خۆی لە داپلۆسینو کوشتنو بڕینی گەلی کورددا شان بەشانی دەزگا سەرکوتکەرەکانی حکومەتی ناوەند.

بێجگە لەم خاڵانە لە بەیانی دامەزراندنی یەکێتیدا باسی سەربەخۆیی عێراق کراوە کە ئەوەش دیسان نیشانی دەدات بەیانی یەکەمی ئەم حیزبە وەکو بەیانی رێکخراو یان حیزبێك نووسراوە کە یەکێك لە ئامانجە سەرەکیەکانی سەربەخۆیی عێراق بێت کە ئەوەش لە روانکەی بەرنامەو گوتاری نەتەوەیەکی بندەستەوە کە لە خەباتی رزگاری نیشتیمانیدا بێتو دەوڵەتی عێراقیش وەکو داگیرکەری بەشێك لە وڵاتەکەی ئەو بێت جێگای سەرنجە. لە هەمان کاتدا بەرەو ئەو بۆچوونەمان دەبات کە گوتاری یەکێتی نیشتیمانی شانبەشانی بارگاوی بوونی بە رەگەزەکانی گوتاری نەتەوەیی کوردی، لە ئاستێکی تریشدا بارگاوی کراوە بە رەگەزەکانی گوتاری عێراقی کە لە رووی راستیەوە ناتوانرێت هیچ پەیوەندییەك لە نێوان گوتاری کوردیو گوتاری عێراقیدا درووست بکرێت بە تایبەتی کە بەشێکی دیاری رەگەزەکانی گوتاری عێراقی کە لە بەیانی دامەزراندنی یەکێتیدا باسکراوە بریتین لە خاڵە سەرەکییەکانی گوتاری نسیونالیزمی عەرەبی. دیارە ئەوەش بە ئاشکرا دەبینرێت کە گوتاری باڵادەستی عێراقی کە گوتاری ناسیونالیزمی عەرەبییە بە هەموو شێوەیەك لە گەوهەری خۆیدا هەڵگری پرۆژەی لە نێوبردنی کورد بووە. لە سەروەختی دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانیشدا کە سەروەختی هەڵکشانو بەهێزیو پەرەسەندنی رژێمی عێراقی بووە، گوتاری ناسیونالیستی عەرەبی کە بەعس لە هەوڵی بەرجەستەکردنی ئەو گوتارەدا بووەو خۆی بە رابەری ناسیونالیزمی عەرەبی دەزانی، گوتاری عێراقی ئەو گوتارە بووە کە بە هەموو شێوەیەك لە هەوڵی هەڵوەشاندنەوەو پاکتاوکردنی بنەماکانی گوتاری کوردیو لە ناوبردنی بکەری بەرهەمهێنی ئەو گوتارەشدا بووە.

**خاڵێکی تر کە لە بەیانی دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانیدا جێگای قسە لەسەر کردنە ئەوەیە کە دەڵێت: رزگارکردنی گەلی کوردستان لە زوڵمو زۆری ئیمپرسالیزمو لە چەوساندنەوەی نەتەوایەتیو لە بەکاربردنی چینایەتی هەرگیز بەدینایەت بە بێ پشتبەستن بە خەباتی جەماوەری شۆڕشگێڕی ئامێتە بوو لەگەڵ خەباتی جەماوەری میللی عەرەبی لە بەرەیەکی نیشتیمانی یەکگرتوودا دژی ئیمپریالیزمو سەهوێنیزمو دیکتاتۆریەت(45). ئەگەر بە وردی سەیری ئەم وتەیە بکەین ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە ئەوەندەی هەوڵدراوە کە گەلی کورد وەکو بەشێك لە گەلی عێراقو خەباتی گەلی کورد وەکو بەشێك لە خەباتی گەلی عێراق سەیر بکرێت، ئەوەندە هەوڵنەدراوە لەو بەیانەدا کورد وەکو نەتەوەیەکی بن دەست لە عێراقدا نیشان بدرێت، رژێمی عێراقی کە رژێمی دەوڵەتی سەردەستەی عەرەبە وڵاتەکەی ئەمی داگیر کردووەو بەو پێیەش دەبێ خەباتی کورد لەم بەشدا خەبات بێت لە پێناوی رزگارکردنی کوردستان لە دەستی عەرەبی عێراق، ئیتر گرنگ نییە کێ لە عێراقدا فەرمانڕەوایە چونکە ئەوە هیچ لە مەسەلەی داگیرکردنی کوردستان لەلایەن عەرەبی عێراقەوە ناگۆڕێت. کەواتە ئەگەر لەم روانگەیەوە سەیری گوتاری یەکێتی نیشتیمانی بکەین، ئەوا وەکو بەشێك لە گوتاری عێراقی دەردەکەوێت. واتە گوتاری ئەو ئاراستەو بۆچوونو لایەنانەی کە لەگەڵ حیزبی بەعسی فەرمانڕەوا ناکۆك بوون، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا گوتاری عێراقی، یەك شوناسی هەیە ئەویش عێراقی بوونی گوتارەکەیە ئیتر گرنگ نییە کێ بکەری بەرهەمهێنو هەڵگری گوتارەکەیە.**

**دیارە رووداوەکانی ساڵی** 1991 **سەلماندنی ئەو بۆچوونە راست نییە کە رزگاربوونی نەتەوایەتی کورد لە عێراقدا دەبەستێتەوە بە خەباتی جەماوەری**

عەرەبیەوە لەم ولأتەدا. وەکو بینیمان لە ئەنجامی شکستی عێراق لە جەنگی دووەمی کەنداودا، خەڵکی عێراق راپەڕین‌و نزیك بوو لەوەی کە رژێمی بەعس بڕوخێت، بەلأم خۆپیشاندانەکانی خەڵك لە هەموو عێراقدا بە کوردستانیشەوە شکستی هێناو رژێم توانی لەو بارە تێکشکاوەشیدا دەسەلأت بەسەر عێراقدا بکاتەوە، بە کوردستانیشەوە. بەلأم لەبەرئەوەی عێراق لە بەرچاوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناشیرین بووبوو، رێگای نەدرا وەکو پێشتر بتوانێت لە کوردستاندا رەگ دابکوتێتەوە، تا کارگەیشتە ئەوەی کە بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش ناوچەی دژە فڕینی بۆ کورد دیاری کردو بەبێ ئەوەی عێراق بەپێی ئەوەی لە بەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتیدا هاتووە رزگاری بووبێت، رووبەرێکی فراوان لە کوردستان رزگاری بوو. کورد توانی لەو بەشەدا دەسەلأتێکی خۆماڵی کوردی نیمچە سەربەخۆ دابمەزرێنێت، بە بێ ئەوەی رژێمی عێراق پرسی پێکرابێت یان هیچ جۆرە رەزامەندییەکی نیشان دابێت. ئەمەش ئەو راستیە دەسەلمێنێت کە بەستنەوەی چارەنووسی کورد بە چارەنووسی عەرەبی عێراقەوە، یان بەستنەوەی رزگاری کوردستان بە رزگاری عێراقەوە یان بەستنەوەی گەیشتنی کورد بە مافە نەتەوەییەکانی بە رزگاری عێراق‌و دامەزراندنی سیستێمێکی دیموکراتییەوە لە عێراقدا جگە لە وەهم هیچی تر نییەو تەنانەت بریتیە لە بەفیڕۆدانی هێزو تواناو خەباتی کورد لە پێناوی ئامانجێکدا کە نە گرنگی هەیە بۆ کوردو نە ئەرکی ئەمەو نە دەشتوانێت ئەوە بکات. ئەمەش واتە بەستنەوەی خەباتی کورد بە خەباتی عەرەبی عێراقەوە بۆ گۆڕینی سیستێمی سیاسی لە عێراقدا لە ئاستێکی تردا بە پەراوێزبوونی گوتاری کوردیە بۆ گوتاری عێراقی. کەواتە ئەگەر لەم روانگەیەوە سەیر بکەین ئەوا بە ئاشکرا دەبینین کە گوتاری یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە بەیانی دامەزرانیدا ئەوەندەی خۆی وەکو

گوتارێکی عێراقی پێشکەش دەکات ئەوەندە خۆی وەکو گوتاری ناسیونالیزمی کوردی پێشکەش ناکات.

یەکێکی تر لەو خالأنەی کە لە بەیانی دامەزراندنی یەکێتیدا دەبینرێت مەسەلەی خەباتی هاوبەشی کوردو نەتەوەیی‌و چەپ‌و هێزەکانی تری عێراقە دژی ئیمپریالیزم‌و سەهیۆنیزم. لەراستیدا ئەگەر لە روانگەی ناسیونالیزمێکی خاوەن شوناسی کوردییەوە سەیر بکەین کە دیارە ناسیونالیزمێکی لەو جۆرە تاکو ئێستا لە کوردستاندا دەرنەکەوتووە، ئەوا دەبێ بڵێین بە گوێرەی کوردستان وەکو ئیسماعیل بێشکچی دەڵێت: کۆلۆنیەکی نێودەوڵەتییە(46). کەواتە چەند دەوڵەتێکی کۆلۆنیالیزم کوردستانیان داگیر کردووەو لە نێوان خۆیاندا دابەشیان کردووەو هەر بەو پێیەش ئەگەر لە روانگەی هەر بەشێکی کوردستانەوە سەیر بکەین ئەوا خەباتی هەر بەشێك بۆ رزگارکردنی خۆیەتی لە دەسەلأتی داگیرکەری نەتەوەی سەردەست کە بە گوێرەی کوردستانی لکێندراو بە عێراقەوە، خەباتی ناسیونالیزمی کوردی لەم بەشەدا دژی دەوڵەتی ناوەندو داگیرکەری ئەم بەشەی کوردستانە کە نەتەوەی عەرەبە. بەلأم ئەوەی دەبینرێت لە بەیانی یەکێتیدا هاتووە کە کورد هاوشانی عەرەبی عێراق خەبات بکات دژی ئیمپریالیزم‌و سەهیۆنیزم.

دیارە بە پێی بەیانی دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانی بەستنەوەی خەباتی کورد بە خەباتی رزگاری عەرەبی عێراقەوە بۆ کاتێك دەشیا کە هەموو عیراق لە لایەن داگیرکەرێکی ترەوە داگیرکراو بووایە. ئەو خەباتەش لە پێناوی رزگارکردنی کوردستان‌و عێراقدا بووایە پێکەوەو بە دوای ئەوەشدا گەیشتنی کوردی ئەم بەشە بە مافە رەواکانی کە ئەویش تەنیا لە جیبوونەوە لە عێراق دەگاتە ئەنجام. ئێستا کاتێ ئەو بۆچوونەی سەرەوەی نێو بەیانی یەکێتی

نیشتیمانی دەبینین دەشێ ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات: ئایا لە سەروەختی دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانیدا، عێراق ژێردەستەی کام دەوڵەتی ئیمپریالیزم بوو؟ دیارە ئاشکرایە لەو قۆناغەدا عێراق زیاترین پەیوەندی لەگەڵ یەکێتی سۆڤێتدا هەبووە. کەواتە لەم رووەوە دەبێ بە بۆچوونی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی نیشتیمانی، خەباتی کوردو عەرەبی عێراق یەکبخرایە بۆ دەربازکردنی عێراق  لە هەژموونی سۆڤێتی. دیارە ئەمەش دیسان رێی تێناچێت چونکە یەکێتی نیشتیمانی لە شام درووست بووەو ئەو کاتەش پەیوەندی دیمەشق‌و سۆڤێت پەیوەندییەکی بەهێزبووەو ناتوانرێت تەسەوری ئەوە بکرێت کە لەو بەیانەدا خاڵی وەها باسکرابێت کە رژێمی ئەو کاتەی سوریا بەلایەوە پەسەند نەبووبێت. بۆیە دەگەینە ئەو بۆچوونەی کە مەسەلەی رزگارکردنی عێراق لە دەستی ئیمپریالیزم دەربڕینێکە بۆ نیشاندانی ئینتیماو ئیلتیزام بە عێراق‌و بە عێراقی بوونەوە کە ئەوەش دیسان گوتاری عێراقی بەسەر گوتاری نەتەوەیی کوردیدا لە بەیانی یەکەمی یەکێتی نیشتیمانیدا بالأدەست دەکات.

خاڵێکی تر مەسەلەی خەباتکردنە لەگەڵ سەرجەم عێراقیەکانی ترو جەماوەری عەرەبی دژی سەهیۆنیزم. یەکێك لەو بۆچوونانەی کە بۆ ئەوە دەشێت باسی لێوە بکرێت‌و وەکو ئەزموونێکی سەرکەوتوو سەیر بکرێت ئەزموونی جولەکەیە لە دوای چەوساندنەوەو سەرکوت کردن‌و ماف پێشێل کردن بە بێ ئەوەی لەسەر جوگرافیایەکی هاوبەش جێگیر بووبن، توانیان هەموویان لە سەر ئەو خاکە کۆببنەوە کە بەهی خۆیانی دەزانن‌و دەوڵەتی خۆیان درووستکردو باشترین نموونەی سیستێمی دیموکراتیشیان لە رۆژهەلأتی ناوەڕاستدا درووست کرد. ئێش‌و ئازارەکانی کوردو جولەکە لە مێژوودا نزیکن لەیەکەوە، هەر بۆیە لە رووی واقیعیەوە دەبوو کورد هاوخەم‌و هاوخەبات‌و هاوسۆز بوایە لەگەڵ

**جولەکەدا، یان بەلایەنی کەمەوە هەوڵی بدایە سوودی لە ئەزموونی ئەوان وەربگرتایە بۆ رزگارکردنی نیشتیمانەکەی‌و درووستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی. لە کاتێکدا کە کورد لەسەر جوگرافیای خۆیەتی‌و نەك خاکی کەسی تری داگیر نەکردووە بەڵکو وڵاتەکەی داگیرکراوەو دابەشکراوە. دەبوو کورد وەها سەیری بکردایە کە ئەم کێشەی لەگەڵ ئیسرائیلدا نییە، چونکە جولەکەش گەلێکی چەوساوەی ماف خوراو بوون لە مێژوودا. بەڵام سەیرکردنی کورد بۆ جولەکەو بۆ دەوڵەتی ئیسرائیلیش یەکەم لە روانگەی ناسیونالیستی عەربیەوەیەو بە چاوی ئەو ناسیونالیستە سەیری جولەکەو ئیسرائیل دەکات. دووەم سەیرکردنی جولەکەو ئیسرائیلە لە روانگەی ئایینی ئیسلام‌و تەنانەت ئیسلامیە تونرەوەکانەوە کە پێیان وایە دەبێ جولەکە لەسەر خاکی فەلەستین قەلاچۆ بکرین. بەهەرحاڵ ئەوە راستیەکی حاشا هەڵنەگرە کە گەلی فەلەستین لە مێژوودا غەدرێکی گەورەی لێکراوەو لە ئەنجامی درووستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل دووچاری کوشتن‌و برین‌و ئاوارەبوون‌و چەوساندنەوەو زیندان‌و رەوکردن بوون، بەڵام هاوسۆزی کورد ئەوەندەی بۆ رازی کردنی ناسیونالیزمی عەرەبیە، ئەوەندە بۆ هاوخەمی فەلەستیەنیەکان نییە. لە راستیدا دەبوو کورد وەکو پێشتر گوتمان سوودی لە ئەزموونی جولەکە وەربگرتایە کە چۆن توانی شکست‌و پەراویزخستنی خۆی لە رووی سایکۆلۆجیای کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و ئەخلاقی‌و هاوئایینیەوە بڵندبکات‌و گەورەترین هێزی نەك بەرگری بەڵکو لە رووداوەستانی لێبەرهەم بهێنێت‌و بڕیاری چارەنووس سازانەی خۆی بۆ رزگاربوون بدات‌و سەرئەنجامیش بە بێ ئەوەی لەسەر خاکی خۆی بێت قەوارەی خۆیی پێکهێناو دەوڵەتی خۆی درووست کردو توانی ئەوە بکاتە ئەمری واقیع کە بە بێ بوونی خاکیش وەکو تێڕوانینە کلاسیکیەکان‌و هاوچەرخەکانیش بۆ**

نەتەوە خاکیان وەکو یەکێك لە پایە سەرەکییەکان دانەوەو بە بنەمای سەرەکیشی دادەنین بۆ درووستبوونی دەوڵەت، بەڵام جولەکە بێ بوونی خاکێك کە هەمووان بە هی ئەوی بزانن توانی دەوڵەت درووست بکات. دیارە لە روانگەی مۆدێرنێتەوە دەوڵەت نەتەوە درووست دەکات بۆیە گەیشتنە ئەوەی کە ئێستا خۆیان بە گەل و نەتەوەی یەهودی ناوببەن چونکە درووستکردنی دەوڵەت بۆ جولەکە مانای درووستبوونی نەتەوەو گەل و نیشتیمانی خاوەن شووناس. چەند گرنگ بوو بۆ کورد هەڵوێستێکی تری هەبووایە، لە بری پشتگیری کوێرانە یان دژایەتی کوێرانەو لە بری رازیکردنی ناسیونالیزمی عەرەبیو لەبەر نیشاندانی ئەوەی کە گوایە کورد لە عێراقدا هاوخەباتی عەرەبە لە پێناوی رزگاری عێراق لە ئیمپریالیزمو رزگارکردنی فەلەستین لە دەستی جولەکە هەڵوێستێکی ئاشکرای کوردانەی هەبووایە کە لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی کورد بینا کرابووایە. لە جیاتی ئەوەی کە نەیارێتی خۆی بۆ بزوتنەوەی یەهودی رابگەیەنێت، باشتر بوو هەوڵی بدایە سودی لەو ئەزموونەی ئەوان وەربگرتایەو خۆیشی بە دوور بگرتایە لەوەی کە خۆی وەکو بەشێك لە عەرەب نیشان بدات بۆ خەبات کردن بە دژی سەهیۆنیزم، هەروەك نەچووایەتە سەنگەری دژی عەرەبیشەوە بۆ لایەنگری کردنی جولەکە. دیارە ئەمەش کە لە بەیانی دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانیدا هاتووە بۆ سەردەمی سەلاحەدینی ئەیوبی وەکو کوردێكو بۆ ئەو قۆناغانەی کە مەسەلەی نەتەوەو ناسیونالیزم دەرنەکەوتبوو شتێکی ئاسایی بوو، بەڵام ئەوەی نائاساییە بۆ ئێستاو ئەو کاتەشە کە یەکێتی نیشتیمانی تێدا درووستبووە کە ناسیونایزمی عەرەبی بە خراپترین شێوە رەفتار لەگەڵ کورددا دەکاتو وەکو ئەوی تری دژو نەیار سەیری دەکات. هەروەك لەساڵی 1975 بینیمان ناسیونالیزمی عەرەبی کە بەعس نوێنەرایەتی

دەکرد گەورەترین ملکەچی لەبەردەم رژێمی ئێرانیدا نواند بۆ ئەوەی دەستبەرداری پشتگیری کردنی بزووتنەوەی کوردی بێتو بەوەش بزووتنەوەکە دووچاری شکست هات، کەچی لەم لاوە جارێکی تر لە درووستکردنی یەکێتی نیشتیمانیدا بە ئاشکرا هەوڵی نەك هەر رازیکردنی ئەو ناسیونالیستە دژ بە کوردە دەدرێت بەڵکو هەوڵیش دەدرێت خەباتی کورد لە پێناوی رزگاری نیشتیمانەکەیدا وەکو بەشێك لە خەباتی جەماوەری عەرەبی و عێراقی نیشان بدرێت لە دژی ئیمپریالیزمو سەهیۆنیزمو دیکتاتۆریەت. ئەگەر لێرەدا رایەك بهێنرێتەوەو بگوترێت ئەوەی دوژمنی کورد بەعسی عێراقیە، دیارە لە وەڵامی ئەوەدا دەبێ بگوترێت بەعس یەك حیزبەو یەك بەرنامەو ئایدیۆلۆجیای هەیەو نوێنەرایەتی ناسیونالیستی شۆڤێنی عەرەبی دەکات چ سوری بێت یان عێراقی.

لە بەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانیدا هاتووە: ئێمە تەئکید لە خەباتی هاوبەشمانو لە پشتگیری بێسنوورمان دەکەینەوە لە نەتەوەی عەرەبو لە خەباتی پیرۆزیدا کە بایەخێکی مێژوویی گەورەی هەیە لە شۆڕشی هاوچەرخی جیهانیدا لە پێناوی رزگار کردنو یەکگرتنی نەتەوەی عەرەبیدا لەسەر بنەمای پێشکەوتنخوازیو دیموکراتیو لە خەباتی رەوایدا بۆ رزگار کردنی فەلەستین لە ئیمپریالیزمی ئیستیتانی سەهیۆنیو دروستکردنی دەوڵەتی دیموکراتی فەلەستینی(47). ئێمە پێشتر قسەمان لەسەر هەڵوێستی یەکێتی نیشتیمانی کرد لە بەیاننامەی دامەزراندنیدا بەرامبەر بە کێشەی فەلەستینو خەباتی فەلەستینو بزووتنەوەی سەهیۆنیزم. جارێکی تر لێرەدا بە ئاشکرا دەردەکەوێت کە گوتاری یەکێتی نیشتیمانی کوردستان گوتارێکی نەك هەر بارگاوی کراوە بە رەگەزەکانی گوتاری عێراقیو یەکێتی عێراق بەڵکو بارگاوی کراوە بە توخمو رەگەزەکانی گوتاری ناسیونالیزمی عەرەبییش. لەم بەیانەدا

باسی پیرۆزیی خەباتی مێژوویی عەرەبی کراوە لە پێناوی رزگارکردنو یەکگرتنی نەتەوەی عەرەبدا. جارێ سەرەتا دەبێ بپرسین ئایا بە راستی ئەوە بیروبۆچوونی گەلی کوردە یان بیروبۆچوونی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی نیشتیمانییە یان بە تەنیا تێڕوانینی مام جەلالە کە لە یەکەم بەیاننامەی ئەو حیزبەدا، هەمان ئەو داوایانەیان بۆ نەتەوەی عەرەب بەرز کردۆتەوە کە ناسیونالیزمی عەرەبی خۆی بەرزی کردوونەتەوەو لە بەرنامەو پەیڕەوی حیزبە ناسیونالیستە عەرەبیەکاندا کاری بۆ کراوەو کراوەتە دروشمی سەرەکی ئەو حیزبانەو ناسیونالیستی عەرەبیش بە گشتی. ئێستا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات ئایا ئەوە چی دەگەیەنێت کە حیزبێکی تازە درووستبووی نەتەوەیەکی بندەست کە بۆ ماوەی دوورو درێژی مێژوویی وڵاتەکەی ئەم داگیرکراو و دابەشکراو بووە لە لایەن ئەوی عەرەبەوەو ئەو نەتەوەی عەرەبیش هەمان شێوەی فارس و تورك لە هیچ ساتێکی مێژوویدا دانی بە بوونی ئەم نەتەوەیەو مافەکانیدا نەناوە. ئەم نەتەوەی عەرەبە بە پارەو بە چەكو بە سەربازو بە راگەیاندنو بە هەر شێوەیەکی تر کە شیابێتو بۆی لوابێت بەشداری داگیرکەری وڵاتەکەی ئەمی کردووە کە داگیرکەری دوو بەشی سەرەکی نیشتیمانەکەی ئەم بووە. ئەوی عەرەبی دەرەوەی عێراق کە بە هەموو جۆرێك بەشدای عەرەبی عێراقی کردووە بۆ سەرکوتکردنی کورد، کەچی ئەم باس لە پشتگیری کردنی خەباتی رزگاریخوازانەی ئەم نەتەوە سەردەستەو یەکگرتنی دەکات کە دیارە یەکگرتنی نەتەوەی عەرەب دەبێتە هێزێکی گەورەتری سەرکوتکردنی کوردو ئەو نەتەوەو ئیتنیکانەی تریش کە تاکو ئێستا ژێردەستەی ئەون. رووی ژمارەی کوردەوە بەراورد بە ئەوی عەرەب کە دوو بەشی کوردستان هێشتا لە ژێردەستی عەرەبدایە، رێژەیەکی زۆرکەم لە

دانیشتوانی ئەو نیشتیمانە پێکدەهێنێت کە ناسیونالیزمی عەرەبی بە نیشتیمانی گەورەی عەرەبی دەزانێت‌و کوردیش بە میوان دەزانێت لەسەر خاکی ئەم نیشتیمانە گەورەیەی عەرەب، کە بەیاننامەی دامەزراندی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان داوای یەکگرتنەوەی نەتەوەی دابەشبووی عەرەب دەکات. دیارە هۆکاری ئاشکرا هەیە بۆ ئەم خاڵە ئاشکرایانەی سەبارەت بە نەتەوەی عەرەب‌و خەباتی عەرەبی‌و یەکگرتنەوەی نەتەوەو نیشتیمانی عەرەبی کە لەم بەیانەدا پێداگری لەسەر کراوە کە دواترو لە شوێنێکی تردا باسیان لێوە دەکەین.

هەروەك لە بەیاننامەکەدا هاتووە: تەئکیدی خەباتی هاوبەش‌و پشتگیری تەواومان بۆ خەباتی گەلی کورد دەکەین لە کوردستانی تورکیاو ئێران دژی تورانیزم‌و شاهەنشایەتی کۆنەپەرست‌و لە پێناوی بەدیهێنانی رزگاری نیشتیمانی دیموکراتی بەدەستهاتوو لەم دوو وڵاتەداو بەدەستهاتنی مافی گەلی کوردمان لە بڕیاردانی چارەنووسدا(48). سەرەتا دەبێ ئەو راستیە بڵێین ئەوەی لە بەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستاندا سەبارەت بە دوو بەشی تری کوردستانی دابەشکراوو داگیرکراو هاتووە بایەخێکی گرنگی هەیە لە روانگەی سەیرکردنی گوتاری نەتەوەییەوە چونکە لێرەدا گوتاری یەکێتی نیشتیمانی بە بەشێك لە رەگەزو توخمەکانی ناسیونالیزمی کوردی بارگاوی کراوە. بەڵام ئەم بارگاوی کردنە لە دوو ئاستدا جێگای قسە لەسەر کردنە کە یەکەمیان پشت گوێ خستنی کوردستانی داگیرکراوە لە لایەن رژێمی عەرەبی سوریاوە کە تەنانەت تاکو ئێستاشی لەگەڵدا بێت واتە نزیکەی 35 ساڵ دوای ئەم بەیانەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، هێشتا کوردی ژێر سایەی دەسەڵاتی رژێمی داگیرکەری سوریادا سادەترین مافی نەتەوایەتیان نییە کە مافی شوناس‌و

**ڕەگەزنامەیە. بەلاَم لەم بەیاننامەدا ناویان ناهێنرێت وەکو ئەوەی کە ڕژێمی سووری بەشێکی کوردستانی داگیر نەکردبێت. ئەگەر بمانەوێت بە هێمنی سەیری هەلْوێستی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بکەین کە لە سوریا بوونو لەوێش دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانیان ڕاگەیاندووە، ئەوا دەشێ بلْێین لەبەر ئەم هۆیەیە باسی کوردستانی ژێر سایەی دەسەلاَتی ڕژێمی سوریا لە بەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستاندا  نەکراوە. هەرچەندە بە بڕوای من دەبوا لەو بەیانەدا ناوی کوردستانی سووریاش بهاتبایە بۆ ئەوەی ئەو گومانە بڕەوێتەوە کە هەندێ پێیان وایە سووریا یارمەتی دەری درووستبوونی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بووە، لەبەر ئەوەنا کە لایەنگری کوردەو کوردی خۆش دەوێت بەلْکو لەبەر ئەو پەیوەندییە خراپەی کە لە نێو هەردوو باڵەکەی حیزبی بەعسدا هەبوو لەو کاتەدا کە بریتی بوو لە ناکۆکی توندی نێوان حیزبی بەعسی سوریو حیزبی بەعسی عێراقی. دیارە لەبەر ئەوەی ڕژێمی سووریا زویر نەبێتو ڕێگا بدات دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی نیشتیمانی لە سووریادا بنو لەوێوە بێنەوە ناو کوردستانی عێراق، دەستەی دامەزرێنەر خۆیان لە باسکردنی سووریا و کوردی سووریا بەدوور گرتووە.**

**دووەم پەیوەندی بەوەوە هەیە کە ئایا دەشێ وای لێکبدەینەوە دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی بەو شێوەیە سەیری سوریایان کردبێت کە سیستێمێکی سیاسی دیموکراتیەو کوردەکانی ئەوێ وەکو هاوولاَتیانی تری سووریا دەژینو ڕەفتاریان لەگەلْدا دەکرێت؟**

**بەهەرحالْ کاتێ ئێمە باسی گوتاری حیزب یان بزووتنەوەیەك دەکەین ناتوانین بە هێنانەوەی هەندێ پاساو چاوپۆشی لە گەوهەری ئەو گوتارە بکەین. هەر**

لەبەر ئەوەیە  ناتوانین مەسەلەی گوتار کە پەیوەستە بە ستراتیژەوە نەك تاکتیکی رۆژانە، وەکو شتێکی سادە وەربگرینو لە میانەی هەندێ پەیوەستبوون بە مەسەلەی نەتەوایەتیەوە یان بارگاوی بوون بە هەندێ لە رەگەزەکانی ناسیونالیزم، ئیتر دان بەوەدا بنێین کە گوتاری ئەم حیزب یان بزووتنەوەیە گوتاری ناسیونالیزمە. بەهەمان شێوە ناکرێت بە بێ لەبەرچاوگرتنی هەموو خاسێتو بنەماکانی گوتاری یەکێتی ئەو گوتارە بە گوتاری ناسیونالیزم دابنرێت لە کاتێکدا کە نەتوانرێت ئەوە لە رێگای ئاستی بارگاوی بوونی ئەو گوتارەوە بە توخمو رەگەزو هێماو مەعریفەو جیهانبینی نەتەوەییەوە بسەلمێنرێت. ئیستا بە ئاشکرا ئەوە دەبینین کە گوتاری یەکێتی نیشتیمانی لە بەیاننامەی درووستبوونیدا بەو ئەندازەی بارگاوی کراوە بەو رەگەزە نەتەوەییانەی کە بنەمان بۆ ئەوەی گوتارێك بکات بە گوتاری نەتەوەیی، بەهەمان شێوە ئەم گوتارە بارگاوی کراوە بەو توخمو رەگەزانەی کە عێراقیبوونی ئەو گوتارە یان پاشکۆبوونی بۆ گوتاری عێراقی یان ناسیونالیزمی عەرەبی بەرجەستە دەکەن.

لە بەیانی دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانیدا وەك گوتمان باسی بڕیاردانی مافی چارەنووس بۆ کوردی ئێرانو تورکیا کراوەو یەکێتی خۆی بە هاوکارو پشتیوانی خەباتی کوردی تورکیاو ئێران دەزانێت بۆ گەیشتن بە مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆیان، هەرچەندە چوارچێوەو ئاستی مافی چارەنووس دیاری نەکراوە لەم بەیانەدا. بەلاّم ئەگەر ئاستی نیشاندانی پالّپشتیو هاوبەشی بۆ رزگاری گەلی عەرەب بە گشتیو فەلەستین بە تایبەتی بەراورد بکەین بۆ پالّپشتی یەکێتی بۆ کوردی بەشەکانی تر ئەوا بە ئاشکرا ئەوە دەبینین کە پەیوەستبوون بە خەباتی رزگاری عەرەبیەوەو بە مەسەلەی دیموکراتیو ئازادی عێراقەوە دەکەوێتە پێش خەبات لە پێناوی رزگارکردنی کوردستانی گەورەدا.

ئەمە بێجگە لەوەی کە لە بەیانەکەدا پشتگیری بەهێز بۆ رزگاری عەرەبیو یەکگرتنەوەوی نیشتیمانی عەرەبی و دروستکردنی دەوڵەتی فەلەستین بە ئاشکرا دەبینرێت، بەلاَم ئەوەی سەبارەت بە بەشەکانی تری کوردستان هاتووە تەنیا پشتگیری کردنی خەباتی کوردی ئێرانو تورکیایە لەگەڵ ئاماژە کردن بۆ بڕیاردانی مافی چارەنووس بە جۆرێك کە کوردی ئەم ولاَتانە خۆیان بڕیاری بدەن. ئیتر نە باسی یەکگرتنەوەی کوردستانی گەورە کراوەو نە باسی درووستکردنی دەوڵەتی کوردی کراوە چ لەسەر ئاستی کوردستانی لکێندراو بە عێراقەوە یان لەسەر ئاستی هەر بەشێك بە تەنیا چ یەکگرتنەوەی کوردستانو درووستکردنی دەوڵەتی یەکگرتووی کوردستان.

ئەمەش سەرنجمان بۆ ئەوە رادەکێشێت ئەگەر گوتاری ناسیونالیزمی عەرەبی دوو ئاستی هەبێت کە یەکێکیان لە سنووری هەر دەوڵەتێکدا بێت، واتە گوتاری دەوڵەتی ( قوتری) وەك لە بەرنامەی ناسیونالیستی عەرەبیدا هاتووەو ئەویتریشیان گوتاری ناسیونالیزمی خاوەن شوناس بێت واتە درووستکردنی یەك دەوڵەت بۆ هەموو نەتەوەی عەرەب، ئەوا لە بەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتیو حیزبو رێکخراوەکانی تری کوردستانیشدا نە گوتاری سنوورداری (قوتری)و نەگوتاری ناسیونالیزمی کوردی کە هەموو کوردستانی گەورە بگرێتەوە ئامادەبوونیان نییە. ئەمەش نەك بۆ ئەو کاتە بەڵکو بۆ ئێستاش بەرنامەی ئاشکرای لەو جۆرە بوونی نییە. لە راستیدا بڕیاردان لەسەر گوتاری ناسیونالیزمی کوردی لە میانەی ئەوەوە دەردەکەوێت کە ئەو گوتارە چەندێ پەیوەستە بە مەسەلەی سەربەخۆییو درووستکردنی دەوڵەتی کوردییەوە. هەر گوتارێك پرۆژەی درووستکردنی سەربەخۆییو درووستکردنی دەوڵەتی کوردی

گەوهەری پێکهاتنی نەبێت ناتوانرێت بە گوتاری خاوەن شووناسی ناسیونالیزم ناوببرێت.

بێگومان لە نێو بەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانیدا بارێکی نائاسایی دەبینرێت ئەویش ئەوەیە کە لە لایەك باسی خەباتی جەماوەری خەڵکی کوردستان دەکات لە پێناوی عێراقێکی دیموکراتدا کە لە سایەیدا کورد ئۆتۆنۆمی راستەقینە بەدەست بهێنێت. لە لایەکی ترەوە باسی خەباتی رەوای گەلی کورد دەکات لە پێناوی بڕیاردانی چارەنووسی خۆیدا. ئایا تەسەوری ئەوە دەکرێت ئەگەر کورد مافی بڕیاردانی چارەنووسی بەدەستی خۆی بێت رازی ببێت لەسایەی دەسەڵاتی نەتەوەی عەرەبو ناسیونالیزمی عەرەبیدا بمێنێتەوەو بە چەمکی یەکێتی نیشتیمانی مافی ئۆتۆنۆمی راستەقینەی هەبێت. لە کاتێکدا دەزانین شتێك نییە بە ناوی ئۆتۆنۆمی راستەقیتنە. هەر لە بەیاننامەکەدا هاتووە: یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بڕوای بەوە هەیە کە بزووتنەوەی نەتەوایەتی گەلی کورد بزووتنەوەیەکی مێژوویی بابەتییەو خەباتی رزگاریخوازانەی کۆتایی نایەت تەنیا بە بەدیهاتنی هەموو ئامانجە نەتەوەییو دیموکراتیەکانی نەبێت، ئەم رێکخراوە درێژە بە خەبات دەدات بۆ رێکخستنی هەموو هێزو ئەندامو دەستە کوردستانیە پێشکەوتنخوازو شۆڕشگێڕەکانو ئامادەکردنی جەماوەری گەلەکەمان بۆ درێژەدان بە کاروانی خەبات کە جەماوەری گەلی کوردمان دەستی پێکردووە لە پێناوی بەدیهێنانی دیموکراتی لە عێراقو ئۆتۆنۆمی راستەقینە بۆ کوردستانو بۆ پشتگیری کردنی خەباتی جەماوەری نەتەوەی کوردمان لە هەموو کوردستاندا لە پێناوی مافە نەتەوەییە دیموکراتیەکانیدا(49).

بێگومان یەکێك لەو خاڵە گەشانەی کە لە بەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانیدا هاتووەو پەیوەندییەکی گەوهەری هەیە بە گوتاری ئەم حیزبەوە باسکردنی خەباتی مێژووی گەلی کوردە لە پێناوی مافە ڕەواکانیدا. هەرچەندە لە بەیاننامەکەدا سنووری مافە ڕەواکان تەسك کراوەتەوەو دیاری کراوە کە ئەو دیاریکردنەش لە خوار مافی ڕەوای نەتەوەیەکی وڵات داگیرکراوو دابەشکراوەوەیە. بەڵام جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە کە ئەم خەباتە درێژەی دەبێتو کۆتایی نایەت، هەتا کورد دەگات بە مافەکانی خۆی کە ئەمەش ئاماژەکردنێکی ئاشکرایە بۆ ئەوەی کورد لەسەر خەبات بەردەوام دەبێت، هەتا ئەو کاتەی کە قەناعەت دەهێنێت هەموو مافەکانی خۆیی بەدەست هێناوە کە مەرج نییە ئەو کاتە بە ئۆتۆنۆمی یان ئەوەی ناویان لێناوە ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینەو لە ڕاستیدا بوونی نییە ڕازی بێت. بۆیە لێرەوە لە ئاستی نەگوتراودا گوتاری یەکێتی نیشتیمانی ئاماژەی داهاتوویی هەیە بۆ خەباتی گەلی کوردو بۆ چوارچێوەی مافەکانیش. بۆیە ئەگەر لەسەر بنەمای ئەو نەگوتراوانە قسە لەسەر گوتاری یەکێتی نیشتیمانی بکەین ئەوا دەبێ بڵێین تا ئاستێکی باش بە توخمەو ڕەگەزەکانی گوتاری ناسیونالیزمی کوردی بارگاوی کراوە، هەرچەندە ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە بووبێتە گوتارێکی خاوەن شوناسی ناسیونالیزم کە ئەوەش تەنیا بە پرۆژەی سەربەخۆییو دامەزراندنی دەوڵەتی یەکگرتووی کوردستان دەبێت.

دیارە سەرباری ئاماژەی ئاشکرا بۆ خەباتی کورد لە پێناوی مافەکانیدا لە بەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانیدا، بەڵام لێرەدا یەکەم ئەو خەباتە ئەوەندەی بە خەباتی دیموکراتی ناودەبرێت ئەوەندە بە خەباتی نەتەوەیی ناونابرێت کە ئەمەش ئەوە دەردەخات هەوڵێك یان بۆچوونێك هەیە بۆ ئەوەی

که خەباتی کورد لە هەریەکە لەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە بخرێتە چوارچێوەی خەباتی گەلانی ئەو وڵاتەوە لە پێناوی دیموکراتیزەکردنی ئەو وڵاتانەدا. هەڵبەت ئەوەش ئاشکرایە کە دیموکراتی بەندە بە پەرسەندنی کۆمەلأیەتیو زەمینەسازی تەواوە بۆ ئەو مەسەلەیە کە وەکو مەسەلەیەکی پەروەردەییو کەلتووریو ئابووری و کۆمەلأیەتیو سیاسی سەیر دەکرێت. بۆیە هەروا ئاسان نییە بە گۆڕینی ئەو سیستێمە سیاسیانەی کە ئێستا هەن دیموکراتی بینابکرێت. بۆ نموونە نزیکەی سێ ساڵ دوای دەرچوونی بەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، رژێمی شاهەنشایی لە ئێرادا رووخێنرا بەلأم لە بری دامەزراندنی سیستێمێکی دیموکراتی لەم وڵاتەدا، سیستێمێکی شمولیترو تۆتالیتارتر لە سیستێمی شاهەنشایی دامەزرا کە کوردو هەموو پێکهاتەکانی تری گەلانی ئێران بەشدارییان کرد لە روخاندنی رژێمی شاهەنشایدا، بەلأم نەتوانرا سیستێمێکێ دیموکراتی دابمەزرێنرێتو دەبینین کیشەی کورد لە سایەی رژێمی تازەدا نەك هەرچارەسەر نەکرا بەڵکو ئاڵۆزتر بوو، لە کاتێکدا ئەوە ئاشکرایە کوردو فارسو پێکهاتەکانی تریش لەسەردەمی شادا خەباتی جەماوەرییان دەکرد لە پێناوی ئازادیو دیموکراسیو کوردیش مەبەستی بوو ببێت بە خاوەنی ئۆتۆنۆمی هەروەکو لە بەرنامەی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا هاتبوو. بۆیە لێرەوە بە ئاشکرا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت تەرخان کردنی خەباتی کورد لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا لە پێناوی بە دیموکراتی کردنی سیستێمی سیاسی وڵات یان حکومەتی مەرکەزیدا بێجگە لە بە فیرۆدانی تواناو رەنجی کورد شتێکی ئەوتۆ بەرهەم ناهێنێت. باشترین نموونەشمان عێراقە کە سیستێم بە حیساب بووەتە سیستێمێکی دیموکراتیو ئاڵوگۆری دەسەلأت لە رێگای سندوقەکانی دەنگدانەوە دەکرێت،

بەلاَم پاشی نزیکەی دە ساڵ لە بیناکردنی ئەم رژێمە سیاسیە نوێیە لە عێراقدا هێشتا کورد نەبووەتە خاوەنی مافەکانی خۆی لە چوارچێوەی عێراقی یەکگرتوودا. ئەوەتا بە بەرچاوی هەموومانەوە تاکو ئێستا رووبەرێکی فراوانی جوگرافیای کوردستان لە ژێر سایەی دەسەلاَتی حکومەتی ناوەنددایەو هیچ هەنگاوێکی جیدیش نانرێت بۆ ئەوەی ئەو ناوچانە بێنەوە سەر هەرێمی کوردستان، لە کاتێکدا هەموومان دەزانین دەسەلاَتی هەرێمی کوردستان لەسەروەختی دیکتاتۆریەتدا دامەزرا نەك لەسەردەمی دیموکراتیەتدا. بەڵکو بە پێچەوانەوە دەسەلاَتی دوای دیکتاتۆریەت، دانی بە هیچ مافێکی رەوای کورددا نەناوە، کەواتە ئەوەی کە بە هیوای بین لە سایەی دەسەلاَتی دیموکراتی داگیرکەرەکانی کوردستاندا کە کورد ببێت بە خاوەنی مافە نەتەوایەتیەکانی بۆچوونێکی واقیعی نییە، ئەگەر بێتو کورد خۆی نەتوانێت  لە رێگای هێزو فشارەوە ئەوە بسەپێنێت. دیارە مەبەستمان لە هێز، شەڕکردن نییە بەڵکو هەر رێگایەکی ترە کە بتوانرێت دەسەلاَتی نەتەوەی سەردەستی ئەو وڵاَتانەی پێناچار بکرێت کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە دان بە مافە رەواکانی کورددا بنێن.

لە باری دووەمدا ئاماژەکردن بۆ پشتگیری کردنی خەباتی گەلی کورد لە بەشەکانی تری کوردستان، مەودایەکی تەسکی هەیەو جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لە نیشاندانی پشتگیری بۆ خەباتی گەلی فەلەستینو ئەریتریاو زەفار. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە رەهەندی گوتاری یەکێتی نیشتیمانی لە روانگەی ناسیونالیزمی کوردیەوە رەهەندێکی زۆر تەسکەو دەشێ وەها لێبدرێتەوە ئەوەندەی ئاراستەی هاریکاریو پشتگیری لە خەباتی دیموکراتی عەرەبی لە گوتاری یەکێتی نیشتیمانیدا جەختی لەسەر کراوەتەوە، گوتاری ناسیونالیزمی

کوردی ئەوەندە جەختی لەسەر نەکراوەتەوەو ئەم گوتارە لە ئاستێکی لاوازی بارگاوی بووندایە بە رەگەزەکانی ناسیونالیزمیو نەبووەتە گوتارێکی تەواوی ناسیونالیزمانە لە رووی شووناسو رەهەندەکانییەوە.

خاڵێکی تریش هەیە لە بەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستاندا جێگای قسە لەسەر کردنە کە ئەویش ناڕاستەخۆ ئاماژەکردنە بۆ رۆڵی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول کە ماوەی چەند مانگێك پێش دەرکردنی بەیانی دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانی ئەو بزووتنەوەیە دووچاری شکست هاتبوو. دیارە مادەم باسی ئەو سەرکردایەتیەو هەڵەو کەموکورتییەکانی کراوە لەم بەیاننامەدا، دەبوو بابەتیانە ئەو مەسەلە تاوتوێ بکرایەو بەهەمان عەقڵو تێڕوانینی سەردەمی ململانێی نێوان مەلاییو جەلالی باس نەکرایە. دیارە مەبەستی ئێمە ئەوە نییە کە بڵێین سەرکردایەتی بارزانی بەرپرس نییە لەو شکستە نەخێر ئەوە ئاشکرایە بەرپرسیارێتی یەکەمی بزووتنەوەی کورد لە ساڵی 1975دا دەکەوێتە ئەستۆی سەرکردایەتییەکەی. لە هەمان کاتدا مادەم بەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانی هەڵسەنگاندنی رابردوو دەکات باشتر وابوو لە پاڵ هەڵەکانی سەرکردایەتی بارزانیدا بە شێوەیەکی بابەتیانە باسی ئەو هەڵە سەختو شکستە لەبەرچاوەو ئەو رۆڵە خراپەشی بکردایە کە مەکتەبی سیاسی لە ساڵی 1966-1970بینیانو بەشێك لە دامەزرێنەرانی یەکێتی لە سەرکردایەتی مەکتەبی سیاسی باڵی جەلالیدا بوون بە سکرتێری گشتی خۆیشیەوە. دیارە ئەگەر هەڵەی کوژەری باڵی بارزانی ئەوە بووبێت کە پشتیان بە شای ئێران بەستبێت کە ئەوەش رۆڵی ئاشکرای هەبوو لە هەرەس پێهێنانی بزووتنەوەکەدا، ئەوا هەڵەی باڵی مەکتەبی سیاسیش سەختتر بوو چونکە دەستیان لەگەڵ رژێمی داگیرکەری ئەو کاتی بەغدا تێکەڵ کرد دژی

بزووتنەوەی کوردو لە روانگەی گوتاری ناسیونالیزمیشەوە ئەوە هیچ پاساوێکی بۆ ناهێنرێتەوەو تەنانەت کاتێ ئەو هەڵوێستە بە هەڵە ناوببرێت ئەوە لەبەر رێزگرتن‌و رۆڵی لەبەرچاوی ئەو سەرکردایەتییەیە لە خەباتی نەپساوەو سەختی یەکێتی نیشتیمانیدا. بەلاّم دیارە ئەوەی بوو بە مێژوو ناسڕێتەوە بۆیە درووست وابوو مادەم رەخنە لە سەرکردایەتی عەشایەری کورد لە بزووتنەوەی ئەیلولدا گیراوە، ئەوا دەبوو رەخنە لە هەڵویستی ناجۆری باڵی مەکتەبی سیاسیش بگیرایە کە هەڵوێستێکی دژو ناکۆك بووە لەگەڵ گەوهەری گوتاری ناسیونالیزمی کوردیدا.

بێگومان یەکێتی نیشتیمانی هەر ئەوە نییە کە لە بەیاننامەی دامەزراندنیدا گوتاری عێراقی کردبێتە هاوشانی گوتاری کوردستانی، یان گوتاری ناسیونالیزمی کوردی، بەڵکو بەردەوام ئەوەی دووبارە کردۆتەوە. ئەوەتا لەو بەیانامەدا کە بۆ یادی چواردە ساڵەی دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلول دەریکردووە، کە لە دوو تەوەری سەرەکی پێکهاتووە یەکێکیان بۆ رەخنەگرتنە لە سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول کە تیایدا ئەو سەرکردایەتییە تاوانبار دەکات بە خێڵەکی‌و کۆنەپەرستی‌و پیاوی ئێران‌و ئەمەریکاو پشتبەستوو بەو هێزە کۆنەپەرستانە لە بری جەماوەری کوردستان‌و لەبری بڕوابوون بە هێزی گەل‌و شۆڕشی میللی. تەوەری دووەم کە زیاتر پەیوەندی بە مەبەستی توێژینەوەکەی ئێمەوە هەیە مەسەلەی گوتاری یەکێتی نیشتیمانیەو لە تەوەری دووەمی ئەم بەیانەدا زیاتر رووناکی دەخاتە سەر گوتاری ئەم حیزبە نوێیە. لەم بەیانەدا هاتووە: بۆ خەباتی شۆڕشگێڕانە لە سایەی ئالاّی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانداو، لە رێگای خەباتی هاوبەشی عەرەبی‌و کوردستانی بۆ کۆتایی هێنان بە دیکتاتۆریەت‌و هێنانی دەسەلاّتێکی نیشتیمانی دیموکراتی هاوپەیمانی‌و بۆ بەدیهێنانی

**ديموكراتى بۆ عێراقو ئۆتۆنۆمى بۆ كوردستان(50). ديسان لێرەدا ئەوە بە ئاشكرا دووبارە دەبێتەوە كە يەكێتى نيشتيمانى وەكو بەشێك لە بزووتنەوەى ديموكراتى عێراق خۆى پێشكەش دەكات كە لەو پێناوەدا لەگەڵ سەرجەمى هێزە ديموكراتو پێشكەوتنخوازو چەپەكان خەبات دەكات بە مەبەستى كۆتايى هێنان بە رژێمى ديكتاتۆرىو بيناكردنى رژێمێكى ديموكراتى كە لە سايەيدا كورد مافى ئۆتۆنۆمى بەدەست بهێنێت. ئەوەى جێگاى تێبينيە كە ئەم بەياننامە نزيكەى سێ مانگو نيو دواى بەيانى دامەزراندنى يەكێتى نيشتيمانى كوردستان دەرچووە. ئاوەڵناوى راستەقينە لە ئۆتۆنۆمى كراوەتەوە كە ئەوەش بۆ ئێمە ئاشكرا نييە ئايا بە بەرنامە ئەو وشەيە بەكارنەهێنراوە يان لە بيرچووە، كە لە راستيدا من واى بۆ دەچم لە بير چووبێت ئەمەش ئەو بۆچوونە زياتر دەچەسپێنێت، هۆى بيرچوونى ئەم وشەيە پەيوەندى بە بێ ناوەرۆكىو بێ مانايى خودى وشەكەوە هەبێت كە وەكو گوتمان لە فەرهەنگى سياسيدا بوونى نييەو يەكێتى نيشتيمانى لە بەياننامەى درووستبوونيدا لەگەڵ ئۆتۆنۆمى بەكارى هێناوە بۆ ئەوەى واينيشان بدات كە جياوازى گەوهەرى هەيە لەگەڵ پارتى ديموكراتى كوردستاندا كە لە بەيانى ئازارى ساڵى 1970دا لەسەر ئۆتۆنۆمى لەگەڵ رژێمى بەعسدا رێكەوتنى كرد. بەڵام ئەوەشمان بيرنەچێت كە لە ساڵى 1973و 1974دا زاراوەى ئۆتۆنۆمى راستەقينە لەسەر زمانى خەڵك زياتر بە شێوەى زارەكى بەكار دەهاتو مەبەست لە ئۆتۆنۆمى بوو بە كەركوكو خانەقينو شەنگارو شێخانو ناوچە كوردييەكانى تريشەوە. لە لايەكى تريشەوە گوتارى يەكێتى نيشتيمانى بۆ يادى شۆڕشى ئەيلول وەهاى نيشان دەدات كە كوردستان لە سێ پارچە پێكهاتووە كە ئەويش كوردستانى عێراقو ئێرانو توركيايەو تەنانەت بە وشەيەك هەروەكو بەيانى دامەزراندن باسى كوردستانى**

سووریا ناکات ئەم بەیاننامەیەش باسی ئەو بەشە گرنگەیەی کوردستان ناکات. لە کاتێکدا کە کێك لە دامەزرێنەرەکانی یەکێتی کە هۆمەر شێخموسە خەڵکی کوردستانی سوریایە. بێگومان بۆمان هەیە بڵێین کاتێك کە یەکێتی هەر لە دامەزراندنیەوە پارتیو سەرکردایەتی بارزانی لە شۆڕشی ئەیلولدا بە پیاوی ئێرانو ئەمەریکا ناودەبات، ئایا پەیوەندی یەکێتی بەسووریاوە لەسەر چ بنەمایەك بووە بە تایبەتی کە ئەو پەیوەندییە وای لە دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی نیشتیمانی کردووە لەبەر خاتری رژێمی شۆڤێنیو داگیرکەری بەشێکی زیندووی کوردستان ئەم باسی ئەو بەشە زیندووە نەکات. ئایا ئەمە سەرنجمان بۆ ئەوە راناکێشێت کە سەرکردایەتی کوردی هەر جۆرە ئیدیعایەك بکات هەموویان هاوشێوەنو لە پێناوی بەرژەوەندی حیزبی خۆیاندا ئاساییە نەك هەر پشت لە کوردی بەشەکانی تر بکەن بەڵکو ناویشیان نەهێننو هەندێجار بۆ رازیکردنی داگیرکەری بەشەکەی تر دژایەتیشیان بکەن. نموونەی زیندووی بەردەستمان شەڕی هاوبەشی یەکێتیو پارتیە لە دژی پارتی کرێکارانی کوردستان لەسەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردوودا کە ئەوەش بۆ رازیکردنی داگیرکەری تورکیا بووە. هەموو ئەم هەڵوێستو بۆچوونانەش لاوازی گوتاری ئەم حیزبو لایەنانە نیشان دەدات لە رووی بارگاوی بوونی ئەو گوتارەوە بە بنەماکانی ناسیونالیزم.

لە وتارێکی درێژی تردا سەبارەت بە ئامانجەکانی یەکێتی نیشتیمانی کە دەشێ وەکو کتێبۆکەیەکیش باس بکرێت بە ناوی " یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بۆچی؟" باسی ئەو هۆکارانە کراوە کە درووستبوونی یەکێتی نیشتیمانیان کردۆتە پێویستیەکی بابەتی. بە مانایەکی تر ئەوە نیشان دەدات کە درووستکردنی یەکێتی نیشتیمانی شتێکی بەپەلەو بێبەرنامە نەبووە، بەڵکو

بارودۆخی بابەتی کوردستانی عێراق‌و ناوچەکە رۆڵی سەرەکیان هەبووە لەوەیدا کە گەلی کورد لە کوردستانی عێراقدا لە دوای شکستی شۆڕش‌و پاشەکشەی هێزی پێشمەرگەو چۆڵکردنی سەنگەری خەبات، پێویستی بە رابوونەوەو دەستکردنەوە بە شۆڕش هەبووە، هەتا رژێمی بەعسی داگیرکەری کوردستان نەتوانێت ئەو بەرنامە ترسناکەی بۆ لە ناوبردنی کوردو شوناسی کوردی دابنابوو جێبەجێی بکات. لە راستیشدا ماوەی راستەوخۆی دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول مێژوویەکی هێندە دوور نییەو ئێمەمانان زۆربەمان ئەو واقیعەی دوای شکستی شۆڕشمان بینیووە کە چۆن بەعس بە هەموو شێوەیەك هەوڵی دەدا لە رووی مەعنەوییەوە ئەوەندەی تر کورد بڕوخێنێت، بۆ ئەوەی تا دەتوانێت زیاترین ژمارە لە کورد دەستەمۆ بکات‌و بیانکات بە بەعسی یان بەلایەنی کەمەوە وایان لێبکات جارێکی تر بیر لە شۆرش‌و بەرخوردان نەکەنەوە. لەم رووەشەوە تا ئەندازەیەك سەرکەوتنی بەدەست هێنا. ئەمە بێجگە لە بەردەوامبوون لە جێبەجێ کردنی نەخشەی خۆی لە راگواستن‌و بە عەرەبکردن کە هەموو ئەمانەش بۆ ئەوە بوو تا ئەوپەڕی رادە هەوڵبدات رۆحی کوردایەتی لەلای تاکی کورد بە گشتی بکوژێت‌و بە خەیاڵی خۆی بەوەش ئەوەندەی تر کەسێتی کوردی تێکدەشکێنێت.

بەلاَم لەراستیدا دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانی لە ماوەیەکی زۆر کورتی دوای هەرەسدا، ئەو زەنگەی بۆ رژێمی بەعسی داگیرکەر لێدا کە هەروا ئاسان نییە بتوانێت چۆنی دەوێت بەو شێوەیە نەخشەی خۆی بۆ بە تەواوی لە ناوبردنی کورد جێبەجێ بکات. یەکێك لە ئامانجە سەرەکیەکانی دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان رێگاگرتن بووە لە پرۆسەی زیاتر هەرەس هێنانی کوردو کەسێتی کوردی لە رووی مەعنەوییەوە. دیارە ئەگەر لەم روانگەیەوە سەیر

بکەین ئەوا لە رووی گوتاری سیۆسیۆسیاسی کوردیەوە یەکێتی نیشتیمانی لەو رووەوە رۆڵێکی دیارو کاریگەری بینیووە لە دژایەتی کردنو رەتکردنەوەی خۆبەدەستەوەدان، کە ئەمەش لە ئاستێکی تردا بەشێکە لە گوتاری ناسیونالیزمی کوردی لەو رووەوە کە هەوڵێکی جدیە بۆ رێگاگرتن لە زیاتر تێکشکاندنی کورد چ وەکو تاکە کەسو چ وەکو نەتەوە. کەواتە لێرەوە دەتوانرێت بگوترێت ئەگەر راپەڕینو بزووتنەوەکانی کورد وەکو کاردانەوە بووبن بەرامبەر بە سیاسەتی داگیرکەرانی کوردستان بۆ لە نێوبردنی کورد ئەوا یەکێتی نیشتیمانیش هاوشێوەی راپەڕینو بزووتنەوەکانی پێش خۆی وەکو کاردانەوەیەکی بەهێز خۆی نمایش کرد بەرامبەر بە هەوڵی داگیرکەر بۆ زیاتر لە نێوبردنی کورد. هەر لێرەوە درووستبوونی یەکێتی نیشتیمانی بریتیە لە پیادەکردنی گوتاری مانەوەی کوردی(51). دیارە گوتاری مانەوەش کاتێ گوتاری مانەوەی نەتەوە بێت، ئەوا بە بەشێك لە رەگەزەکانی گوتاری ناسیونالیزم بارگاوی دەکرێت. کەواتە لەم رووەشەوە گوتاری یەکێتی نیشتیمانی بە بەشێك لە رەگەزەکانی گوتاری ناسیونالیزم بارگاوی کراوە، بەڵام دیارە توخمو رەگەزەکانی گوتاری مانەوەی نەتەوە لە ئاستێکی نزمتردان لە چاو توخمو رەگەزەکانی گوتاری ناسیونالیزمدا کە ئەمەی دووەمیان لە قۆناغی خۆنمایش کردنو خۆسەلماندندایە، لە کاتێکدا یەکەمیان واتە گوتاری مانەوە لە ئاستی رێگرتندایە لە خۆبەدەستەوەنەدانو هەوڵدانە بۆ بەرگریکردن لە مانەوە.

لە راستیدا کاتێ مرۆڤ ناونیشانی "یەکێتێتی نیشتیمانی کوردستان بۆچی" دەبینێت دەشێ راستەوخۆ خەیاڵی بۆ باسکردنی ئەو پێداویستیە مێژووییانە بچێت کە هۆکاربوون بۆ دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، وەکو باری خراپی دوای شکستو بێئومێدبوونی زۆرینەی گەلی کوردو بەردەوامبوونی رژێم

لەسەر سیاسەتی توندو تیژو شۆڤێنیستانەی خۆی لە کوردستاندا. هەر لەم نامیلکەیەدا باسی پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی کوردی کراوەو زۆرینەی پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردی وەکو هێزی بەشدارو لایەنگری شۆڕی جەماوەریی هەژمار کراون. کە ئەوەش تێڕوانینی ماوتسی تۆنگە بۆ ئەو چینو توێژانەی کە بەشداری دەکەن لە شۆڕشی رزگاری نیشتیمانی دیموکراتدا. راستە ئەم خاڵانە لەم وتارەدا باسکراون بەڵام ئامانجی سەرەکی نووسینی ئەم وتارە کە دیارە بایەخێکی زۆری هەیە لە روانگەی گوتاری یەکێتی نیشتیمانی کوردستانەوە، بۆ پێداگرتن لەسەر ئەم خاڵە گرنگانە نەبووە. بەڵکو کاتێ وتارەکە دەخوێنینەوە بۆمان دەردەکەوێت کە وتارەکە سێ خاڵی سەرەکی لەخۆ دەگرێت کە بریتین لە: یەکەم، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان رێکخراوێکی بەرەییە چونکە بڕوای بەوە نەبووە کە تاکە حیزب بتوانێت هەموو بیرو تێڕوانینو ئایدیۆلۆجیاو چینو توێژە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکان لە خۆیدا کۆبکاتەوە. دووەم: بە جیدی لەم وتارەدا پێ داگری لەسەر دامەزراندنی پارتی پێشڕەو کراوەو باسی ئەوەش کراوە کە ئەو پارتە بە بڕیار درووست ناکرێت یان درووست نابێت بەڵکو هەلومەرجی کۆمەڵایەتیو بابەتی و رەخساندنی زەمینەی لەبارو پێویست درووستی دەکات. سێیەم: کە ئەمەیان لە خاڵەکانی تر زیاتر بایەخی پێدراوە ئەویش رەخنەگرتنە لە سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانو تاوانبارکردنی بە نەتەوەیی تەنگەنەفەسو نوێنەری بۆرژواو هەڵگری عەقڵو کەلتووری خێڵو پیاوی ئەمەریکاو ئێرانو بکوژی گیانی شۆڕگێڕیو بەرخوردان لە لای کورد. ئەمە سەرباری پاساو هێنانەوەی زۆر بۆ ئەوەی کە بتوانرێت قەناعەت بە جەماوەر بکرێت کە چیتر پارتی دیموکراتی کوردستان نە بەسەرکردایەتی کۆنیو نە بەهی نوێیەوە بە نوێنەری کورد نەزانێت چونکە ئەم وتارە پێی وایە

پارتی چیتر ناتوانێت داكۆكی له مافەكانی كورد بكات لەبەرئەوەی بڕوای به خەباتی هاوبەشی نەتەوەی عەرەبو كورد نییه له پێناوی به دیموكراتی كردنی عێراقو ئۆتۆنۆمی بۆ كوردستان. " ئەو رووداوانەی كه گەلەكەمانی برد بۆ ئەو مەینەتیه نیشتیمانیەی بەسەری هات واته ئەمان (كه مەبەست سەركردایەتی پارتییه ) لەوەی ئەمەریكاو ئێران پێی كردن هێشتا دەرسیان وەرنەگرتووه چونكه ئاشكرایه خۆبەستنەوه به ئەمەریكاو ئێرانەوه مانای ژێرپێخستنی بەرژەوەندییەكانی كورده بۆ ئەوانو قوربانی پێدانیەتی بۆ ئەوان(52). پاش هەرەس هێنانی شۆڕشی كورد كه هەموو چینه نیشتیمانپەروەرو دەسته زەویدارەكان له ژێر ئالأیەكدا كۆبووبوونەوه...رابەرایەتیه خێڵەكیەكەی كورد پێكەوه كۆتایی خەباتی چەكداری و خەباتی سیاسی راگەیاندو خەڵكیان سەرپشك كرد له نێوان گەڕانەوه بۆ عێراق یان كۆچ كردن لەگەڵیان بۆ ئێران...(53). له رووی راستیەوه ئەوەی لێرەدا هاتووه دەشێ وەها سەیر بكرێت كه هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ئەو كاتەیه، بەلأم ئەوەی جێگای سەرنجه ئەوەیه ئایا له راستیدا ئەم وتاره بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخی دوای شكستی بزووتنەوەكەی بارزانیو پێداویستیەكانی ئەو قۆناغه بووه، یان لەراستیدا ئەمه رای له مێژینەی زۆرینەی دەستەی دامەزرێنەری یەكێتی نیشتیمانی بووه بەرامبەر به سەركردایەتی بارزانی، به تایبەتی ئەو بەشه باڵادەستو بڕیاربەدەستەی سەركردایەتی یەكێتی كه پێشتر لەسەركردایەتی باڵی مەكتەبی سیاسیدا بوون؟ هەروەك لەم وتارەدا به ئاشكرا باسی ئەو ئاراستانه دەكرێت كه دەیانەوێت پارتی دیموكراتی كوردستان درووست بكەنەوه كه بەگشتی له درێژەی ئەم وتارەدا هەست به مەترسی سەركردایەتی یەكێتی یان دەستەی دامەزرێنەر یان نووسەری ئەم بابەته دەكرێت له درووستبوونەوەی پارتی دیموكراتی

کوردستانو ئەوەش ناشارێتەوە کە هێشتا ئەو پارتە لە نێو واقیعی کۆمەڵگەی کوردیو لەسەر زەمینەی واقیع لایەنگرو شوێنکەوتوانی ماون. دەشێ وەها سەیری ئەم هەڵسەنگاندنەی نێو ئەم وتارە بۆ پارتی بکەین کە دەرئەنجامی جۆرێك لە ترسە لە درووستبوونەوەو هاتنەوە نێو گۆڕەپانی خەباتی ئەم حیزبەیە. دیارە مەترسیەکانیش لە جێگای خۆیدا بوون چونکە دواتر پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتیو پارتی دیموکراتی کوردستان، پەیوەندییەکی خوێناوی بووەو لە هەردوو ئاراستەشەوە جوڵە بووە بە دژی بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیی کوردو ئەوەش بەڵگەی لاوازیی بنەماکانی گوتاری ناسیونالیزمی کوردی بووە لە لای هەردوولا، ئەگینا ئەگەر بڕوامان بەوە هەبێت کە لەو سەردەمەدا کورد گەلێکی داگیرکراوی ژێرچەپۆکی رژێمی داگیرکەری عێراقی بووەو بەو پێیەش پێویستی بە خەباتی رزگاری نیشتیمانی هەبووە، کەواتە دەبوو هەمووان وەکو هێزی رزگاری نیشتیمانی پێکەوە بە جیاوازی بیرو ئایدیۆلۆجیاو بەرنامەو تێڕوانینیانەوە هاوشانی یەکتری خەباتیان بکردایە بۆ رزگارکردنی نیشتیمانە داگیرکراوەکەیان. بەڵام لە راستیدا لە درووستبوونەوەی یەکێتی نیشنیمانیدا هەمان کێشەو ناکۆکیەکانی رابردووی نێوان باڵی مەکتەبی سیاسیو سەرکردایەتی بارزانی بەردەوامبوونو بە هەمان عەقڵیەت کارکراوە. کە دیارە لەم رووەوە زیاتر دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی نیشتیمانیو ئەو ئەندامە باڵادەستانەی کۆمەڵە مەبەستن کە پێشتر لە باڵی مەکتەبی سیاسیدا بوون نەك کۆمەڵەی رەنجدەران وەکو رێکخراوێکی نوێ کە ئەو بەرپرسیار نەبووە لە کێشەکانی رابردووی نێوان جەلالیو مەلایی. بەڵام کاتێ کە کەسێتە دیارەکانی نێو باڵی مەکتەبی سیاسی بە خودی مام جەلالیشەوە دەسەڵات بەسەر

یەکێتیدا دەکەن بە کۆمەڵەشەوە ئیتر بۆچوون و هەڵوێستی باو بەرامبەر بە پارتی هەڵوێستی باڵی جەلالی پێشتر دەبێت.

لە راستیدا ئەوەی لەم وتارەدا دەبینرێت بە شێوەیەکی ئاشکرا: یەکەم قسەکردنە لەسەر شێوازی دەستنیشان کردنی ئەو چینو توێژانەی کە لە شۆڕشی نوێو یەکێتی نیشتیمانیدا پێویستە رێکبخرێن بۆ شۆڕشی رزگاری نیشتیمانی کوردستانو سەرئەنجامیش بۆ پێکهێنانی پارتی پێشڕەو کە خەبات بکات بۆ بەدیهێنانی دیموکراسی بۆ عێراقو ئۆتۆنۆمی یان بە دەربڕیتی یەکێتی ئۆتۆنۆمی راستەقینە بۆ کوردستان. کە دیارە لە رووی راستیەوە ئەرکی کورد نییە کە خەبات بۆ بە دیموکراتی کردنی عێراق بکاتو ئەم دروشمەش لە مێژووی خەباتی کورددا دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای درووستبوونی پارتی دیموکراتی کورد چ لە کوردستانی ئێرانو چ لە کوردستانی عێراق. هەروەك ئۆتۆنۆمیش بۆ کوردستان دیسان هەر لە دایکبووی هەمان مێژووە کە لە راستیدا داهێنەری ئەم دروشمەش ئەگەر پارتی دیموکراتی کورد بێت لە هەردوو بەشی کوردستاندا ئەوا ئیلهامی ئەم دروشمەیان لە سۆڤێتی سەردەمی ستالینەوە وەرگرتووە کە ئەوەش بە مەبەستی هێشتنەوەی گەلانی بن دەست بووە لەژێر رکێفی دەوڵەتی نەتەوەی سەردەستدا. دیارە لە بەیانی دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانیو بابەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بۆچیو لە زۆرێك لە بەرنامەو پەیڕەوو بڵاوکراوەکانی یەکێتی نیشتیمانیدا ئەوە بە ئاشکرا دەبینرێت کە سەرباری سەرسام بوون بە دیدی ماوتسی تۆنگ بۆ شۆڕشی جوتیارانو شۆڕی جەماوەری گەلو رۆڵی پارتی پێشڕەو، دیسان لایەنگری بۆ کەمپی رۆژهەڵات یان بە ناو چەپو دژایەتی کردنی ئەمەریکا یان بەرپرسیارکردنی ئەمەریکاو سەهیۆنیزم لە پێشێل کردنی ماڤی گەلان هەیە بە

کوردیشەوە. هەروەك لایەنی دووەمی ئاشکرا لەم بابەتەو زۆرێك لە بابەتەکانی تری سەرەتای دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان قسەکردنی تووندو تاوانبارکردنی بارزانیو بنەماڵەکەیەتی بەوەی کە پیاوی دوژمنو بێگانەنو هەرگیز لە ئاستی سەرکردایەتی شۆڕو بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورددا نەبوون لە پێناوی بە دیهێنانی دیموکراسی بۆ عێراقو ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق کاریان نەکردووە. ناڕاستەخۆش ئەوە ئاشکرا دەبێت کە بلاۆکراوەکانی سەرەتای یەکێتی دەیەوێت بە عەرەبەکانی عێراقو ئەوانی تریشی رابگەیەنێت کە پارتیو سەرکردایەتیە خێلەکیە نەتەوەییە داخراوو ئاسۆ تەسکەکەی بڕوایان بە خەباتی هاوبەشی عەرەبو کورد نەبووەو نییە. بێگومان لە رووی راستیەوە وروژاندنی ئەم خالانە بریتی نییە لە هەڵسەنگاندنی ئەو بارودۆخەی کە شۆڕش تیایدا دووچاری هەرەس بوو، لە ئەنجامی کۆمەڵێ هۆکاری ناوخۆییو دەرەکی کە دەشیا سەرکردایەتی بارزانی لە بەشێکی ئەو هەلانە دوور بکەوتایەتەوەو سەرئەنجامیش شۆڕش لەو شکستە بپارێزرایە، بەڵکو بە پێچەوانەوە لە پشتی وشەکانی نێو بلاۆکراوەکانی یەکێتی نیشتیمانییەوە حەزو پێخۆشبوونێك بۆ هەرەسی شۆڕش دەبینرێتو هەوڵی ئەوەش دەدرێت ئەوەی کە دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی بە تایبەتی کەسی یەکەم بڕوای پێیەتی سەبارەت بە سەرکردایەتی بارزانی بیکاتە راوبۆچوونی نەك هەر ئەندامانو لایەنگرانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بەڵکو هەموو جەماوەری خەڵکی کوردستان، کە ئەوەش لە راستیدا لەبری گوتاری یەکگرتنو گوتاری پێکەوە ژیانو یەکخستنی هەموو هێزی گەل لە پێناوی خەباتی دیموکراتی گەلی کوردستان و لە پێناوی بەدیهێنانی مافە نەتەوەییەکانیدا، زەمینەی کوردستانی هەر لەسەرەتاوە بۆ دووبارە کردنەوەی ناکۆکیەکانی نێوان باڵی مەکتەبی سیاسیو سەرکردایەتی

بارزانی ئامادە کردەوەو سەرئەنجامەکەشی ئەوەیە کە بینیمان چۆن ئەو تێڕوانینە هەڵەیەو چۆن نەتوانینی هەڵسەنگاندنی بارودۆخی دوای شکستو چۆن دەرك نەکردن بەوەی کە هێشتا بنەماڵەی بارزانی لە واقیعی کوردستاندا جێگەو پێگەی بەهێزیان هەیەو چۆنیش تاکو ئێستا بەشێکی زۆری خەڵکی کوردستان بە گومانەوە سەیری سەرکردایەتی تاڵەبانی دەکەن چونکە لە رووی بەراوردەوە بۆ خەڵکی ئاسایی دوو پێوانە هەیە یەکێکیان ئەوەیە کە بارزانی تاکو ساتەوەختی هەرەس لە سەنگەری کوردایەتیدا بووەو ئەویتریشیان ئەوەیە کە باڵی مەکتەبی سیاسی سەنگەری کوردایەتی بەجێهێشتووەو چووتە سەنگەری داگیرکەری کوردستانەوە. ئیتر هەر ناوێکی تر لەو هەڵوێستە بنرێت لە روانینی خەڵکی ئاساییەوە ئەمە وەکو راستیەك دەبینرێتو لە روانگەی گوتاری ناسیونالیزمیشەوە ئەوەی بارزانیو پارتی کە خاوەنی گوتارێکی تایبەتی خۆیان بوون بە بەشێك لە توخمو رەگەزەکانی گوتاری ناسیونالیزم بارگاوی کراوە، بەڵام ئەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی بریتیە لە گوتاری خۆبەدەستەوەدانو لەوەش خراپتر ئەو ئاسەوارە ترسناکەیە کە ئەو هەڵوێستە لە کۆنەستی کۆمەڵایەتی بەشێکی زۆری خەڵکدا بەجێی هێشت، ئەوەیە کە بە خەڵکی بڵێت شتێکی ئاساییە ئەگەر بچێتە پاڵ دوژمنو ببێتە هاوسەنگەری دوژمنی داکیرکەرو وێرانکەری وڵاتەکەیەوە. بەهەرحاڵ ئەمەیان بابەتی لێکۆڵینەوەکەی ئێمە نییە بەڵام شێوازی هەڵسەنگاندنی ئەو بارودۆخەی کە بە دوای شکستی بزووتنەوەکەدا هات کە یەکێتی نیشتیمانیش لەو بارودۆخەدا دامەزرا ناچاری کردین لە روانگەی گوتاری ناسیونالیزمی کوردییەوە سەرنجێکی خێرا لەو هەڵسەنگاندنەو ئەو پاڵنەرانەش بدەین کە ئەو جۆرە هەڵسەنگاندنەیان بەرهەم هێناوە.

هەر بۆ زیاتر تیشك خستنە سەر سووربوونی یەکێتی نیشتیمانی لە دامەزراندنیدا لەسەر برایەتی کوردو عەرەبو هەوڵدان بۆ ئەوەی قەناعەت بە عەرەب بهێنێن کە ئەم حیزبە نوێیە خەبات دەکات بۆ زیاتر نزیك کردنەوەی کوردو عەرەبی عێراق بە تایبەتیو کورد لە نەتەوەی عەرەب بە گشتی، با سەیری ژمارەیەکی یەکی ( الشرارە) بکەین کە زمانحاڵی یەکێتی نیشتیمانی بووەو ئەم ژمارەیەش لە تشرینی دووەمی ساڵی 1975دا دەرچووە. لەم ژمارەیەداو لە بەشی سەرەوەی لاپەڕەی یەکدا بە خەتی گەورە نووسراوە: دیموکراتی بۆ عێراقو ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان(54). هەروەها لە گۆشەی لای راستەوە نووسراوە: خەباتی جەماوەری شۆڕشگێڕانەی یەکگرتوو لەگەڵ هێزە عێراقیە پێشکوتووخوازەکاندا لە بەرەیەکی خەباتی یەکگرتوودا رێبازمانە بۆ رزگارکردنی عێراق لە دیکتاتۆریەتو هێنانی حکومەتێکی دیموکراتی هاوپەیمانی(55). هەروەها لە بانگەوازێکدا بۆ نەتەوەی سەربەرزی عەرەب هاتووە: بە ناوی برایەتی عەرەبو کوردەوە، بە ناوی شەهیدانی خەباتی هاوبەشی هەردوو نەتەوەی براوە کە بە کاسەی سەریان بنەمای برایەتیو خەباتی پێکەوەییان دانا، بە ناوی ئەو خوێنە پاکەوە کە عەرەبو کورد لە کەنارەکانی قودسو لە قەدپاڵەکانی جەلیلو دەشتەکانی دوو رووبارەکە رشتیان، بە ناوی باوەڕی ئاسمانەوە کە ئیسلام رایگەیاند...(56). بێگومان ئەم وتانەی کە لێرەدا لە ژمارە یەکی زمانحاڵی یەکێتی نیشتیمانی هێناومانەتەوە بایەخی تایبەتی خۆیانیان هەیە لەسەر گوتاری ئەم حیزبە.

لە راسستیدا پێشتر گفتوگۆی بابەتی دیموکراتی بۆ عێراقو ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانمان کردو لەوەش دواین کە گوتاری ئۆتۆنۆمی لە ئاستێکی لاوازدا بە هەندێ لە توخمو رەگەزەکانی ناسیونالیزمو گوتاری ناسیونایزم بارگاوی

دەكرێت، بەلاّم بە هیچ شێوەیەك ئەو بارگاوی بوونە لاوازە رووكەشە ناتوانێت ببێتە بنەما بۆ بوونی گوتاری ناسیونالیزمی خاوەن شوناس. هەر لێرەوە لەسەر بنەمای ئەم دروشمە سەرەكیەی یەكێتی نیشتیمانی ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت كە گوتاری ئەم حیزبە گوتارێكی ناسیونالیزمی خاوەن شوناس نییەو هەر لەسەر ئەم بنەمایەش ناتوانرێت یەكێتی نیشتیمانی وەكو حیزبێكی ناسیونالیستی كوردی خاوەن شوناس دابنرێت، چونكە وەكو پێشتریش ئاماژەمان بۆ كردووە تەنیا كاتێك حیزب یان بزووتنەوەیەك دەبێتە خاوەنی گوتاری ناسیونالیزم كە هەلگری پرۆژەی دەوڵەت بێت. بە گوێرەی كورد هەر حیزبو رێكخراوو بزووتنەوەیەك پرۆژەی سەربەخۆیی كوردستانو جیابوونەوە لە نەتەوەی عەرەبو تورکو فارسو یەكگرتنەوەی كوردستانو دروستكردنی دەوڵەتی كوردی گەوهەری گوتارەكەی نەبێتو بە كردەوەش هەوڵ بۆ جێبەجێ كردنی ئەو پرۆژەیە نەدات، ئەوە نابێتە خاوەنی گوتاری ناسیونالیزمی كوردی.

ئێمە لێرەدا باسی گوتاری ناسیونالیزممان كرد لە روانگەی پەیوەستبوونی بە دروستكردنی دەوڵەتەوە، هەروەك لەوەش دواین كە چۆن هەوڵی جێبەجێ كردنی پرۆژەی دەوڵەتی كوردی دەدرێت. دیارە مەبەستمان لەم قسەیە ئەوەیە كە چۆن هەوڵبدرێت ئەو گوتارە لەسەر زەمینەی واقیع جێبەجێ بكرێت. واتە بە جیدی و بە كردەوە كار بۆ ئەو ئامانجە بكرێت، ئەگینا ئێمە دەزانین كە پارتێكی وەكو كاژیك لە دروستبوونیەوە باسی سەربەخۆیی كوردستانو یەكگكرتنەوەی هەموو پارچەكانو دروستكردنی دەوڵەتی یەكگرتووی سەربەخۆی كوردی دەكات، بەلاّم ئاشكرایە ئەم بەرنامەیە هەر لە سنووری قسەو نووسیندا ماوەتەوەو هەوڵنەدراوە لەسەر زەمینەی واقیع جێبەجێ بكرێت. هەر بۆیە گوتاری كاژیكو تەنانەت دواتریش پاسۆك وەكو دۆكیومێنێتێكی مێژوویی

ماوەنەتەوەو لە رووی کردارەوە بایەخێکی ئەو تۆیان نەبووە، چونکە نە جێبەجێ کراون نە بووەنەتە گوتارێکی خاوەن جەماوەریی ئەوتۆ کە رۆڵ و کاریگەری لەبەرچاویان هەبێت لەسەر زەمینەی واقیع. دیارە ئەوەش هۆکاری تایبەتی خۆیی هەیەو ئێمە لە بەشی سەبارەت بە گوتاری کاژیکدا بە درێژی لەو هۆکارانە دواوین.

دیسان لەم ژمارەیە ( الشرارە )دا باسی هاوخەباتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان‌و هێزە پێشکەوتنخوازەکانی عێراق کراوە، کە مەبەست عەرەبەکانە. ئەوەش وادەبینێت کە تاکە رێگایە بۆ رزگارکردنی عێراق لە دیکتاتۆریەت‌و هێنانەدی دەسەڵاتێکی دیموکراتی هاوپەیمانی کە کوردیش لە سایەیدا ببێت بە خاوەنی ئۆتۆنۆمی. لێرەدا بەراستی دەبێ ئێمە لە دوو خاڵی گرنگ بدوێین. یەکەم: ئایا خەباتی گەلی کورد خەباتی رزگاری نیشتیمانیە یان خەباتە لە پێناوی گۆڕینی سیستێمی فەرمانڕەوایی لە عێراقدا؟ دووەم: ئایا دەشێ کورد لە بارێکی وەکو ئەوەی عێراقدا بە تایبەتی لە نیوەی دووەمی حەفتاکانی سەدەی رابردوودا کە بێجگە لە کورد ئاستی ئۆپۆزسیۆن بوون لە عێراقدا زۆر لاواز بوو، لە پاڵ ئەو بەناو ئۆپۆزسیۆنەدا کە بڵاوکراوەکانی یەکێتی باسی دەکردن، چی پێبکرایە؟ ئەوەی هەبوو بەم جۆرە بوو یەکەم حیزبی شیوعی عێراقی لەگەڵ حیزبی بەعسی فەرمانڕەوادا لەبەرەیەکدا بوون، واتە ئەمان هیچ بنەمایەکی ئۆپۆزسیۆن بوونیان نەمابوو. دووەم: ناکۆکی نێوان هەردوو باڵەکەی حیزبی بەعس بە ئاشکرا دیاربوو واتە باڵی عێراق‌و باڵی سوریا. دیارە ئاراستەیەکی سەربە حیزبی بەعسی سووری لە عێراقدا هەبوو بەشێکیشیان لە پنتە باڵاکانی دەسەڵاتدا بوون‌و دواتریش کە ساڵی 1979 دوای ئەوەی سەدام حسێن لە کودەتایەکی بێ دەنگدا ئەحمەد حەسەن بەکری لابرد، پاش ماوەیەکی کەم ئەو

باڵەی حیزبی بەعس ویستیان کودەتا بەسەر سەدام حسێندا بکەن بەلاَم ئەو توانی بەسەریاندا زاڵ بێتو بەشی زۆریانی لە سێدارە دا. دیارە ئەوەش ئاشکرایە کە هیچ جیاوازییەك لە نێوان حیزبی بەعسی سووریو حیزبی بەعسی عێراقیدا نەبووەو نییەو هەردووکیان هەڵگری هەمان بەرنامەو ئایدیۆلۆجیاو جیهانبینینو هەرگیز ناشێتو لە ئەسڵیشدا کفرە کە بەعس بە پێشکەوتنخوازو شۆڕشگێڕ ناوبرێت، ئیتر ئەو بەعسە عێراقی بێت یان سووری. بۆیە لێرەوە لە ئاستێکی تردا تێڕوانی ناواقیعیانەی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بۆ جیاکردنەوەی هەردوو باڵەکەی بەعس کە لە گەوهەردا یەك شتن دەردەکەوێت. هەر ئەم تێڕوانینە ناواقیعیەشە کە وای لە دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کردووە کە بەعسی سووریای لەلا ببێت بە نموونەی دیموکراتیو درێژکراوەی ئەویش لە عێراقدا بە شۆڕگێڕ ناوبباتو هەر ئەو تێڕوانینیە درشتەش وای لێکردووە کە چاو لە بەشێکی زیندووی کوردستان بنووقێنێت کە رژێمی دیکتاتۆری سوریا داگیری کردووەو تەنانەت مافی بوونی شووناسیشی بە بەشێکی زۆری کوردەکانی سوریا رەوا نەبینیووە.

سێیەم: هێزی بەرهەڵستکار لە بەشە عەرەبییەکەی عێراقدا یان بە زاراوەیەکی تر لە عێراقی عەرەبدا هێزە ئیسلامیەکان بوون لە کاتی دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانیدا. دیارە ئەم هێزانەش دابەشبوون لە نێوان هەڵگرانی مەزهەبی شیعە کە زۆرینەی دانیشتوانی عێراق پێکدەهێنن و هێزە ئیسلامییە سوونەکان کە ئەوانیش ئیخوان بوون. ئەوەش ئاشکرایە کاتی خۆی لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقدا بۆ درووستکردنی هاوسەنگی نێوان سونەو شیعە، ولایەتی موسڵ لکێندرا بە عێراقەوە. دیارە نەیارە ئیسلامیەکانیش بە شێوەیەکی

**سەرەکی لەو سەروەختەدا دابەش دەبوون بۆ دوو ئاراستە یەکەمیان کە بەهێزتر بووە لەوی تریان کە نەیارانی شیعە مەزهەب بوون. وەکو حیزبی سیاسیش دواترو بە تایبەتیش لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی ئێرانەوەو لە دەستپێکدرنی شەڕی نێوان عێراق‌و ئێراندا لە ساڵی 1980دا زۆرینەی شیعە نەیارەکان لە حیزبی دەعوەی ئیسلامیدا خۆیان ڕێکخستووەو دوژمنی سەرسەختی ڕژێمی بەعسی سونە مەزهەب بوون. بەعسیش بە هیچ شێوەیەك دەستی لێنەپاراستوون‌و زیاترین ژمارەی لێ لە ناوبردوون. ئاراستەی دووەمی لایەنە ئیسلامیەکان بریتی بووە لە ڕێکخستنەکانی ئیخوان کە ئەمانەش سونە مەزهەبەکان بوون‌و لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردووە لە عێراقدا دەستیان داوەتە ڕێکخستن‌و کۆکردنەوەی خەڵك لە دەوری بیروباوەڕەکەیان. بەڵام ئایا تا چ ئاستێك چاوەڕوانی ئەوە لە حیزبە ئیسلامییەکان کراوە یان دەکرێت کە خەبات بکەن لە پێناوی دیموکراسیدا؟**

**دیارە کورد بە گشتی وەکو هێزێکی نەیاری ڕژێم وابووە، یان هەر بە ڕاستی نەیاری ڕژێم بووەو لەسەنگەری دژایەتی ڕاستەقینەدا بووە. بەڵام ئەوەی مایەی پرسیارە ئەو هێزە پێشکەوتن خوازو چەپ‌و دیموکراتانە کێن‌و کامانەن کە یەکێتی نیشتیمانی باسی خەباتی هاوبەش‌و تێکۆشانی پێکەوەیی دەکات لەگەڵیان بۆ ڕوخاندنی ڕژێمی دیکتاتۆری بەعس؟ ئەمە سەرباری ئەوەی کە یەکێتی نیشتیمانی وەکو هێزێکی چەپ خۆی نیشان داوەو بڕوای بە تێزی ماوتسی تۆنگ هەبووە بۆ خەباتی جەماوەریی دیموکراتی ڕزگاری نیشتیمانی. ئایا چۆن و بەچی شێوەیەك لەگەڵ کۆمەڵێ ئاراستەی کۆنەپەرستی ئیسلامی‌و بەعسی شۆڤێنیدا دەبێتە هاوخەبات‌و هاوچارەنووس؟ دەبێ یەکێتی نیشتیمانی لەسەر چ بنەمایەك بڕوای بەوە هەبووبێت لەگەڵ ئەو هێزانەدا عێراقی**

دیموكرات بینابكاتو لە سایەی ئەو دیموكراسیەشدا كورد ئۆتۆنۆمی راستەقینەی پێبدرێت؟ دیسان ئەوەی مایەی پرسیارە یەكێتی نیشتیمانی هەر لەسەرەتاوە دەستپێشكەریی بۆ هاوخەباتی لەگەڵ ئەو هێزە كۆنەپەرستو شۆڤێنیانەدا دەكات كەچی پارتی دیموكراتی كوردستان بە خێڵەكیو پیاوی بێگانەو دژی خواستەكانی كورد ناو دەبات. دیارە لێرەدا سەرباری ئەوەی بنەماكانی گوتاری ناسیونالیزم ون دەبێت، جۆرێك لە خراپ لێكدانەوەی واقیعو جۆرێك لە كورتبینی سیاسیش دێتە ئاراوە سەبارەت بە نەتوانینی تێگەیشتن لە ماهیەتی ئەو هێزانەی كە بەناو دژی رژێم بوون لە عێراقدا. كەواتە لێرەوە گوتاری یەكێتی سەرباری بارگاوی بوونی بە توخمو رەگەزەكانی عێراقی بوونو بە توخمو رەگەزەكانی گوتاری ناسیونالیزمی عەرەبی، دیسان رەگەزەكانی وەهمی عێراقی دیموكراتیو برایەتی بێ گەوهەری عەرەبو كوردو خۆ بەهاوخەبات زانینی گەلی فەلەستینو ئەریتریاو زەفارو هاوخەباتی ئیسلامیو شۆڤێنیە عەرەبەكان...دەسەلاتی بەسەر گوتاری یەكێتی و چەند ساڵی خەباتی یەكێتیدا كردووە كە دەتوانین بڵێین ئەو گوتارەی كە ئەوكاتە یەكێتی نیشتیمانی كوردستان لە شامەوە بەرهەمی دەهێنا لە دوای روخاندنی رژێمی سەدام حسێن لە لایەن ئەمەریكیەكانەوە، كەوتە بواری جێبەجێ كردنەوەو ئەو هێزانەی كە ئەو كات یەكێتی نیشتیمانی وەكو پێشكەوتنخوازو دیموكرات ناوی دەبردنو بە هاوخەباتی خۆیی دادەنان، هاتنە سەر كورسی دەسەلاتو لەگەڵ كورددا دەوڵەتی نوێی عێراقیان پێكهێنا. پێشتر كورد كە لەسەردەمی سەدام حسێندا لە ئەنجامی ئەو دیفاكتۆیەی كە درووست بوو بوو، لە دوای جەنگی دووەمی كەنداو جۆرە دەسەلاتێكی نیمچە سەربەخۆی هەبوو، بەلاّم وەكو ئەوەی لە بەرنامەی یەكێتیدا هاتبوو كورد دەست لە نێودەست لەگەڵ ئسلامیە عەرەبەكانی سونەو

شیعەو عەلمانییە ناسیونالیستەکانی عەرەبدا دەستی دایە درووستکردنەوەی عێراق. ئەو عێراقەی کە ئێستا ئەو هێزانە تیایدا دەسەلاّتدارن کە یەکێتی بانگەشەی بۆ هاوخەباتیان دەکرد لە پێناوی رووخاندنی دیکتاتۆریەتو دامەزراندنی سیستێمێکی دیموکراسیدا. بەلاّم ئایا ئەو سیستێمە دیموکراتیە لە عێراقدا پێکهاتووە؟ یان دەشێ پێکبێت؟ ئەی کورد چی دەستکەوتووە لە هاتنی ئەم لایەنانەی کە پێشتر لە بلاّوکراوەکانی یەکێتیدا بە هاوخەبات ناودەبران؟ گریمان کورد هاوپەیمانی هیچ کام لەو لایەنانە نەبووایەو لە دوای رواخاندنی رژێمی بەعس نەچوایەتە بەغداو خەریکی بیناکردنەوەی خۆیو دەسەلاّتی خۆی بووایە لە چواچێوەی رەهەندەکانی گوتاری ناسیونالیستی کوردیدا، ئایا ئەگەری ئەوە نەدەبوو کە پەرەسەندنی زیاتری ئەو دەسەلاّتە لەسەر زەمینەی واقیع فەرەاهەم ببووایە، هەتا ئاستی گەیشتن بە دەولّەت. لە کاتێکدا هاوپەیمانی ئەوی عەرەب، ئەو عەرەبەی بە هاوخەبات ناودەبرا، سیمایەکی لاوازی گوتاری کوردی نیشان دەداتو لە هەنگاوی بەرەو ئایندەش دواتری دەخات.

بەلاّم ئەو هاوپەیمانێتیەی شیعەو سوونەو ناسیونالیستی عەرەبی کە ئەوسا بەعسی بوونو زۆرینەشیان سەربە بالّی سووریا بوون نەیانتوانی عێراق بکەنە ولاّتێکی دیموکراتی کە تیایدا ئازادییە سەرەتاییەکانی مرۆڤ پارێزراو بێت. هەروەك لە سایەی ئەو سیستێمە نوێیەدا کە کورد خۆی بەشداربوو لە دروستکردنیدا مافی ئەوە بە کورد رەوا نەبینرا کە سەربەخۆ بێت. بەلّکو ئاستی دەسەلاّتیشی تەسکتر بووەوە، کە پێشتر لە ئەنجامی ئەو دیفاکتۆیەدا کە لەسەردەمی سەدام حسێنو رژێمەکەیدا درووست بوو ئاستێکی زیاتر لە سەربەخۆیی هەبوو. ئێستا دەبینین سەرباری ئەو گۆڕانکارییە گەورانەی کە لە ناوچەکەدا روویان داوە بە روخاندنی رژێمی داگیرکەری عێراقیشەوە، بەلاّم

گوتاری یەکێتیو تەنانەت گوتاری پارتیش نەبووەنەتە گوتاری ناسیونالیزمی خاوەن شوناس. کە مەبەستمان لەم قسەیەش ئەوەیە دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی مێژوویی تا رادەیەك دوورو درێژو دوای گۆڕانکاری لەبەرچاو لەسەر ئاستی پەرەسەندنی کۆمەلاّیەتیو لەسەر ئاستی مەسەلەی نەتەوایەتیو لەسەر ئاستی جیهانی کەچی هێشتا بەرنامەی دەسەلاّتی کوردی لەم بەشەی کوردستاندا نەبووەتە گوتارێکی خاوەن شوناس ئەگەر لە روانگەی بوونی پرۆژەی سەربەخۆییو درووستکردنی دەوڵەتی کوردییەوە سەیری بکەین.

دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی نیشتیمانی لە ناوەڕاستی ئەیلولی ساڵی 1976دا بەیانێکی بە بۆنەی دەستپێکردنی خەباتی پێشمەرگایەتیەوە دەرکردووە کە بەیانەکە زیاتر باسی چۆکدادانی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول دەکاتو ئەو بارودۆخە دەخاتە بەرباس کە تیایدا شۆڕشی نویٚ خەریکە رەگ دادەکوتێتو قۆناغی دەستپێکردنی خەباتی پێشمەرگایەتی هاتۆتە پێشەوەو خەباتگێڕەکانی یەکێتی لە ناوەوەی ولاّت کەوتوونەتە درووستکردنی مەفرەزەی پێشمەرگەو چوونەتە شاخ. کە ئەمە دیارە هەنگاوێکی گرنگی دەستپێکردنەوەی خەباتو بەرخوردانە کە لە ماوەیەکی کورتی دوای شکستدا جاێکی تر شۆڕش دەست پێبکاتەوە، کە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت نەتەوەی کورد دەستبەرداری مافەکانی نابێتو هەرگیز چۆك دانادات. بێگومان لەم تیشکە نیگایەشەوە دەشیٚ باسی ئەوە بکەین کە لە بارودۆخی پاشەکشەو هەوڵی داگیرکەری عێراقیش بۆ زیاتر رووخاندنی مەعنەویاتی خەڵكو بالاّدەستکردنی گوتاری شکست چۆن جارێکی تر گیانی بەرخوردانی کورد جۆش دەخواتو رێگای خەبات دەگرێتەوەبەر. بەلاّم لەو چرکە ساتانەی شکستدا رۆحی رابوونەوەو گیانی بەرخوردانی کوردایەتی لە ناوەوەی ولاّتو زیاتریش لەلای نەوەی نویٚو خوێنگەرمی کۆمەڵە نایەکی گەورە

بۆ گوتاری شکست دەکەنو هەوڵدەدەن لە زووترین کاتدا بیگۆڕن بۆ گوتاری رابوونەوە. کە لەراستیشداو لە سەر زەمینەی واقیع کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانو یەکێتی نیشتیمانی لەو قۆناغەدا توانیان بە گوتاری رابوونەوە کە بەشێکە لە گوتاری ناسیونالیزمی کوردی، گوتاری شکستو رووخان هەڵوەشێننەوە، هەر هیچ نەبێت لە رووی مەعنەوییەوە.

هەر لەو وتارەدا کە لەلایەك رابوونەوەی کورد لە دوای شکست رادەگەیەندرێت، لە هەمان کاتدا دەستەی دامەزرێنەر کە هێشتا لە وڵاتی شام بوونو دەشێ لە بڕوایەکی لاوازو لە رووگیربوونی میوانداریی حیزبی بەعسی شۆڤێنی سووریاو سەرکردە دیکتاتۆرەکەی زیاتر بەو شێوەو وەکو رێکخراوێکی ناسیونالیستی عەرەبی قسەیان کردبێت کە دەڵێن: بزووتنەوەی رزگاری نەتەوەیی گەلی کورد دەگەڕێتەوە بۆ ئەسڵی خۆی کە بزووتنەوەیەکی رزگاریخوازانەی دژ بە ئیمپریالیزمو سەهیۆنیزمو سەنتۆو دیکتاتۆریەتەو ناوەرۆکێکی دیموکراتی پێشکەوتنخوازانەی هەیە. ئێمە لەسەر رێگای تێکۆشانی پڕئەزموون دەوەستین لە پاڵ هەموو بزووتنەوەکانی گەلانی رۆژهەلاتو لەگەڵ بزووتنەوەی رزگاریخوازی عەرەبیش بە تایبەتی، رێگای خەباتی برایەتی نێوان کوردو عەرەبو هەموو هەولاتیانی عێراق(57).بێگومان ئەگەر سەیری ئەو وەسفە بکەین کە ئەم بەیانە بۆ مێژووی ئەسڵی خەباتی رزگاریخوازانەی نەتەوەی کوردی دەکات ئەوە بۆمان دەردەکەوێت کە وەسفو پێناسەیەکە جێگای پرسیارە بە تایبەتی کاتێ دەڵێت خەباتی گەلی کورد دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئەسڵی خۆی. ئایا ئەسڵی خەباتی گەلی کورد لەو کاتەوە کە دەتوانرێت پێی بگوترێت خەباتی نەتەوەیی چییەو ئامانجەکانی چی بووە؟ ئەگەر دیارترین شێوازی ئەم خەباتە لە بزووتنەوەی بەدرخانیەکانەوە دەست پێ بکات بۆ شێخ عوبەیدولای نەهریو

بۆ شێخ عەبدولسەلامی بارزانیو بۆ شێخ مەحمودی حەفیدزادەو بۆ شێخ سەعیدو بۆ سمکۆی شکاكو بۆ ئاگری داخو بۆ دەرسیمو بۆ بزووتنەوەی بارزانی 1943و کۆماری کوردستان لە مهابادو شۆڕشی ئەیلولیش، ئایا خەباتی ئەسڵ لە پێناوی چیدا بووە؟ وەڵامەکە ئەمەیە کە دوو ئاراستەی هەیە کە یەکەمیان خەباتە لە پێناوی رزگاری کوردو کوردستاندا لە دەستی داگیرکەرانی کوردستان لە تورکو عەرەبو فارس. دووەمیان خەباتە شان بەشانی عەرەبو تورکو فارس دژی ئیمپریالیزمو سەهیۆنیزم. دیارە  ئەگەر کورد لەسەر بنەمای دووەمیان کاری کرد ئەوە ئەم خەبات دەکات لە پێناوی رزگارکردنی ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوەو دەوڵەتەکانیان کە دەوڵەتی نەتەوەی سەردەستن هەریەکەیان بەشێك لە کوردستانیان داگیر کردووە. بەڵام پرسیارێك لێرەدا سەرهەڵدەدات ئایا ئەرکی کوردە خەبات بکات لە پێناوی رزگاری کوردستاندا؟ یان لە پێناوی رزگارکردنی دەوڵەتانێك لە دەستی ئیمپریالیزمو سەهیۆنیزم خەبات بکات کە ئەو دەوڵەتانە کوردستانیان داگیرکردووەو کردوویانەتە کۆلۆنییەکی نێودەوڵەتی؟ دیارە رای لەو جۆرەش هەیە کە پێی وایە ئەگەر بڕیار بووە کوردستان وەکو ئیسماعیل بێشکچی دەڵێت کۆلۆنیەکی نێودەوڵەتی بێت، ئەوا باشتر بوو کۆلۆنی داگیرکەرانی ئەوروپی بووایە نەك کۆڵۆنی داگیرکەری دواکەوتووی وەکو عەرەبو تورکو فارس. کەواتە لە بارێکی وەهادا دەردەکەوێتئایا بۆ کورد باشتر بوو ئیمپریالیزمی رۆژئاوا داگیرکەری وایە یان داگیرکەری دواکەوتووی شۆڤێنی وەکو عەرەبو تورکو فارس؟ ئەوە گومانی تێدا نییە کە داگیرکردن بە هەر شێوەیەك بێت کارەساتە بەڵام لە ئاستی بەراورددا لەلایەن داگیرکەری ئەوروپیەوە داگیر بکرێت باشترە چونکە کاریگەری تەکنۆلۆجیاو پێشکەوتنی ئەوی لەسەر دەردەکەوێت. بەڵام

داگیرکەرانی ناوچەکە خۆیان لە بارێکی دواکەوتووی ئەوتۆدان کە ناتوانن لە هیچ  روویەکەوە سوود بە کوردستانی داگیرکراو بگەیەنن.

بێگومان لەم وتەیەوە کە وەرمان گرتووە جارێکی تر بە ئاشکرا بۆمان دەردەکەوێت کە بەرنامەی یەکێتی نیشتیمانی ئەوەندەی جەخت دەکاتەوە سەر هاوخەباتی لەگەڵ هێزە عێراقیەکاندا ئەوەندە بایەخ بە هاوخەباتی هێزە کوردییەکان نادات. واتە جارێکی تر لێرەدا ئەوە ئاشکرا دەبێتەوە کە دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی نیشتیمانی ئەوەندەی وەکو هێزێکی عێراقیو خەباتکەر لە پێناوی بە دیموکراتی کردنی عێراقدا دەردەکەوێت ئەوەندە وەکو هێزێکی نەتەوەی خەباتکەر لە پێناوی سەربەخۆییو درووستکردنی دەوڵەتی کوردیدا دەرناکەوێتو مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان بە گشتی و کوردستانی عێراق بەتایبەتیو درووستکردنی دەوڵەتیش، تەنانەت لەسەر ئەم بەشەی کوردستانیش نەبووەتە خاڵێکی ئاشکرا لە بەرنامەی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی تنیشتیمانی کوردستاندا. دیارە ئاخاوتنی گوتار لەو روانگەیەوە دەکرێت ئایا ئەو حیزب یان بزووتنەوەیە تا چەندێك پەیوەستە بە پرۆژەی رزگاری نیشتیمانیو جیابوونەوەو سەربەخۆییو درووستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆوە. کاتێك کە بە وردی هەڵسەنگاندنی بەرنامەو روانینی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی نیشتیمان دەکەین، بە ئاشکرا ئەوە دەبینین کە خاوەنی پرۆژەیەکی لەم جۆرە نینو هەر بەو پێیەش ناتوانین بڵێین دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی خاوەنی گوتاری ناسیونالیزمی کوردی بووە.

لە ژمارە یەکی رێبازی نوێ دا کە لە کانوونی دووەمی 1976دا دەرچووە، هاتووە: رێبازی نوێ رێبازی یەکێتیو برایەتیو تێکۆشانی کوردو عەرەبو هەموو هاونیشتیمانیەکانی عێراقە. رێبازی بەگژاچوونی شۆڤێنیزمو تاکڕەوی

نەتەوایەتیە، ڕێبازی دوژمنایەتی کردنی ئیلحاقو جیابوونەوە خوازییە(58). بێگومان کەس نکوڵی لە برایەتیو هاریکاری نێوان گەلان ناکات بەلاّم ئەو چەمکی برایەتیو هاریکارییەی کە هاتۆتە نێو کەلتوورو فەرهەنگی حیزبو بزووتنەوەکانی کوردەوە بۆ برایەتی نێوان گەلی کوردی ژێردەستەو گەلی عەرەبو تورکو فارسی سەردەستە کە دەوڵەتەکانیان کوردستانیان داگیر کردووە، بە هیچ شێوەیەك بەرهەمی عەقڵو کەلتووری کوردی نییە، بەڵکو دەرهاوێشتەو بەرهەمی کەلتووری حیزبە شێوعیەکانە بە تایبەتی حیزبی شیوعی سۆڤێتی. بە گوێرەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانیش شان بەشانی کاریگەری کەلتووری حیزبی شیوعی سۆڤێتی کاریگەری کەلتووری حیزبی شیوعی چینیو تێزی ماوتسی تۆنگیش لەو ڕووەوە دەوری ئاشکرای خۆیی بینیووە. تەنانەت بەرزکردنەوەی دروشمی نادرووستی دیموکراتی بۆ دەوڵەتی سەردەستەو ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان بەرهەمی هەمان کەلتوورە بۆ پشتگیری کردنی یەکێتی ئەو دەوڵەتانەی لە ناوچەکەدان و لە بەزۆر پێکەوە لکاندنی چەند نەتەوەیەك پێکهاتوونو لە هەریەکەیاندا یەکێك لە نەتەوەکانیان کردووەتە حاکمو ئەویش بووەتە داگیرکەر بەسەر نەتەوەکانی ترەوە. بەلاّم کورد لە ناو هەموو نەتەوەکانی دەوروبەری خۆیدا وەکو تاکە نەتەوەی بێ دەوڵەت ماوەتەوە، کەچی هێشتا کورد وەکو حیزبو بزووتنەوەکانی داوای دیموکراتی بۆ دەوڵەتی داگیرکەرو ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی ژێر سایەی دەسەلاّتی ئەو دەوڵەتە داگیرکەرانە دەکات. بەبێ ئەوەی ڕستەیەکی لەوجۆرە لە هیچ کام لە نەتەوە سەردەستەکان ببیسترێت.

خاڵێك کە بە ئاشکرا لێرەدا باسکراوە دژایەتی کردنی ئیلحاقە واتە ( پێوە لکاندن) لەگەڵ جیابوونەوە خوازیی. ئەوە ئاشکرایە کە مەسەلەی پێوەلکاندن بە

**گوێرەی کورد تەواو بووەو دوا پێوە لکاندن بە گوێرەی ئەم لە دوای جەنگی یەکەم بووە کە پرۆسێسی پێوە لکاندن گەیشتووەتە لوتکەی‌و تەواو بووەو ئەنجامدانی ئەم پرۆسێسەش بە گوێرەی کورد سەرچاوەی بەشێکی زۆر لە نەهامەتییەکانی بووە. بۆیە لە رووی راستیەوە دەبوا کۆشش‌و خەباتی کورد لە ئاستی یەکەمدا لە پێناوی هەڵوەشاندنەوەی پێوەلکاندندا بوایە. دیارە هەڵوەشاندنەوەی پێکەوە لکاندن بە گوێرەی کورد گەڕانەوەیە بۆ باری سرووشتی خۆی، بەڵام دەربڕینی جوداخوازی کە کراوەتە هاوتای ئیلحاق بە گوێرەی کورد هیچ مانایەکی نییە تەنیا گەڕانەوە نەبێت بۆ پێش ساتەوەختی ئیلحاق کەواتە جیابوونەوەی کورد مافێکی سرووشتی خۆیەتی نەك كارێك بێت خراپ تا لە ئاستی ئیلحاقدا دابنرێت. ئیتر بۆچی دەبێت جیابوونەوە وەکو کارێکی ترسناك سەیر بکرێت‌و بە جیابوونەوە خوازی ناوبىرێت لە کاتێکدا لە بنەڕەتدا لە رووی رەگ‌و ریشەو رەگەزەوە کورد لە هەموو ئەوانی داگیرکەری وڵاتەکەی جیاوازە. ئەمە سەرباری ئەوەی کە هەموو نەتەوەیەکی بن دەست مافی سرووشتی خۆیەتی داوای سەربەخۆیی‌و دەربازبوون لە دەستی دەوڵەتی نەتەوەی سەردەست بکات.**

**دیارە ئەوە ئاشکرایە کە یەکێك لە بنەما سەرەکیەکانی گوتاری ناسیونالیزم سەربەخۆیی نەتەوەییە کە ئەوەش ناشێت لە باری پاشکۆیەتیدا هەرگیز بەدیبێت. واتە تەنیا لە جیابوونەوەدا گەوهەری جیاوازی دەردەکەوێت‌و هەر لەوێشەوە بنەماکانی شوناسی سەربەخۆیی نەتەیی پێکدێت‌و بەرەو ئەوە دەچێت گوزارشت لە خۆی بکات، کە ئەوەش بە بێ سەربەخۆیی‌و بوونی دەوڵەت هەرگیز ئەگەری بەدیهاتنی نییە. کەواتە کاتێ لە یەکەم ژمارەی رێبازی نوێدا پێداگری لەسەر ئەوە دەکرێت کە رێبازی نوێی خەباتی یەکێتی نیشتیمانی**

کوردستان دژایەتی کردنی جیابوونەوە خوازییە، کەواتە بە جۆرێکی تر کارکردنە بۆ هێشتەنەوەی کوردستان لە باری لکاندن بە دەوڵەتی نەتەوەی سەردەستی عێراقەوە کە ئەوەش لەگەڵ بنەماکانی گوتاری ناسیونالیزمی کوردیدا ناگونجێتو ناکۆکە.

لەو نەخشەی کارەی کە مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی لە تشرینی دووەمی ساڵی 1977دا خستوویەتیە بەردەم حکومەتی عێراقی بۆ چارەسەر کردنی کێشەکان، هاتووە: عێراق دەتوانێت دەورێکی گرنگ ببینێت لە جەنگی نەتەوەی عەرەبو خەباتیدا دژی ئیمپریالیزمو سەهیۆنیزمو کۆنەرپەرستان لە رزگارکردنی فەلەستینو پاراستنی کەنداوی عەرەبیو بۆ ئەوەی عێراق دەوری نەتەوەیی خۆی ببینێت پێویستە یەکێتی نیشتیمانی گەلی عێراق پتەو بکرێت کە برایەتی عەرەبو کورد بەردی بناغەی پێکدێنێت(59). بێگومان ئەم بەڵگانەی لە بەرنامەو وتەو راگەیاندنەکانی یەکێتی نیشتیمانی وەرمان گرتوون بە ئاشکرا رووناکی دەخەنە سەر گوتاری ئەم حیزبەو لە نێوان گوتاری ناسیونالیزمی کوردیو گوتاری عێراقیدا رایدەگرن، کە سەرباری خەباتی پێشمەرگایەتی ئاشکرا وەکو خەباتی رێکخراو یان حیزبێکی ناسیونالیستی کوردیو سەرباری پەیوەستبوونی خەباتی پێشمەرگە بە کوردستانو کوردایەتیەوە، بەلاّم فەرهەنگی یەکێتی نیشتیمانی لە بەیانی دامەزراندنیەوە لە شامو ئەو بەیانو بلاّوکراوانەی تریش کە لە شام دەرکراونو بە تەواوەتی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی نیشتیمانی لە دەرەوە خاوەنی بوون، رەگەزی گوتاری عێراقی و تەنانەت هەندێ جار رەگەزی گوتاری ناسیونالیستی عەرەبی بە جۆرێك تیایدا بالاّدەستە لە ئاستیدا رەگەزەکانی گوتاری ناسیونالیزمی کوردی بە ئاشکرا لاوازنو هەست دەکرێت بە تەواوی لە پاشەکشەدان یان

ئامادەبوونیان نییە، بە تایبەتی لە رووی بەرنامەوە. بەلاَم وەکو گوتمان ئەوەی پێشمەرگەو رێکخستنی ئەم حیزبە لەسەر زەمینەی واقیع کردوویەتی شتێکی ترەو زیاتر نزیکە لە گەوهەری گوتاری ناسیونالیزمی کوردییەوە کە لەمەشدا زیاتر دیدوبۆچوونی کۆمەڵەو رەگەزەکانی گوتاری کۆمەڵە بالاَدەستبووە بە تایبەتی لە بواری کاری پێشمەرگەیدا. هەر لێرەشەوە سەرهەڵدنی قەیرانی سەرکردایەتی لە مێژووی یەکێتی نیشتیمانیدا دەرکەوتووە کە تاکو ئێستاش پێوەی دەناڵێنێت. واتە یەکێتی نیشتیمانی ئەو حیزبەیە لە درووستبوونیەوە پێشمەرگەو رێکخستنو لایەنگرانو جەماوەرەکەی زیاتر لە جەماوەری خەڵكو خواستەکانیانەوە نزیکتربوون تا سەرکردایەتیەکەی ئەوەش وایکردووە کە هەمیشە قاعیدەی یەکێتی لەسەرکردایەتیەکەی زیندووتر بێت.

تاکو ئێستا ئەوە ئاشکرا نییە ئایا سەرکردایەتی ناوەوەی ولاَت بە تایبەتی سەرکردایەتی کۆمەڵەی رەنجدەران کە ئەوان لە ناوەوە داینەمۆو رێکخەرو دەستپێکەری شۆڕش بوونو تا دەورو بەری ساڵی هەشتاش زۆرینەی جەماوەر شۆڕشیان بە شۆرشی کۆمەڵەی رەنجدەران ناودەبردو ناوی یەکێتی نیشتیمانی زیاتر جۆرێك لە گەڕانەوەی بۆ یادەوەری تاڵی باڵی مەکتەبی سیاسیو جەلالیەت نیشان دەداو زۆرینەی جەماوەرو پێشمەرگەو ئەندامو لایەنگرانی کۆمەڵەش نەك شانازییان بەو مێژووەوە نەدەکرد، بەڵکو حەزیان نەدەکرد هیچ پەیوەستبوونێك لە نێوان شۆڕشی نوێو مێژووی باڵی مەکتەبی سیاسیدا درووست بکرێت. بەهەرحاڵ ئایا بۆچوونی سەرکردایەتی کۆمەڵە لە ناوەوە بەرامبەر بە خەباتی یەکێتی نیشتیمانی لە پێناوی عێراقی دیموکراتو ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانو هاوخەباتی کوردو عەرەبو نیشاندانی خەباتی کورد وەکو بەشێك لە خەباتی عێراقیو عەرەبی دژی ئیمپریالیزمو سەهیۆنیزم چۆن

بووە زۆر ئاشکرا نییە؟ ئایا تێڕوانینی کۆمەڵەش هەمان تێڕوانینو بۆچوونەکانی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی بووە لە دەرەوە یان جیاواز بووە؟ یان وەکو برایم جەلال دەڵێت لەبەر ئەوەی لەو ماوە مێژووییەدا کە شەهید ئارام سکرتێری کۆمەڵە بووەو مەلا بەختیارو سالار عەزیزو شەهید ئازاد هەورامی و شەهید عەبدولرەزاق بەرپرسی هەرێمەکان بوونو گوایە بەقسەی ئەو سکرتێرو چوار بەرپرسی یەکەمیان عێراقچی بوون، ئایا دەبێ ئەمانیش بەتەواوەتی لەسەر بەرنامەی دەستەی دامەزرێنەر کۆكو تەابووبن؟ یان لەوەش زیاتر عێراقچێتیان کردبێت یان بە پێچەوانەوە ئەمان لەبەر ئەوەی لە نێو زەمینەی واقیعدا بوونو لە نێو پێشمەرگەو رێکخستندا بوون زیاتر نزیك بوون لە خواستو ویستەکانی جەماوەرو رێکخستنو پێشمەرگەوە، کە بێگومان زیاتر خواستو داواکاری نەتەوەیی یان ناسیونالیستیانە بووەو ئەمەش ئەمانی والێ کردبێت زیاتر لایەنگری بیناکردنی گوتاری ناسیونالیزمی کوردی بووبن؟ بە هەرحاڵ ئەمەش پرسیارێکە رەنگە وەڵامەکەی تیشکێك بخاتە سەر جیاوازی روانینی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کە زیاتر پەیوەستبوون بە یەکێتی عێراقو گوتاری عێراقیو دیموکراتی بۆ عێراقو ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراقو هاوخەباتی بۆ نەتەوەی عەرەب کە بەشێك لە هۆکارەکەی پەیوەندی ئەم دەستەیە بووبێت لەگەڵ سوریاو ئەو ئاراستەی حیزبی بەعس لە عێراقدا کە سەربە سووریا بووە. بەڵام بە گوێرەی کۆمەڵ زیاتر لە رۆحی کوردایەتیو خواستو داواکارییەکانی کوردەوە نزیك بووەو پێناچێت کۆمەڵە دەورو کاریگەرییەکی ئەوتۆی هەبووبێت لەو هەڵوێستانەی کە بە نووسین و بەدەربڕینی بڵاوکراوەکانی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی

بەرامبەر بە لایەنە عەرەبیەکانی عێراقو مەسەلەی فەلەستینو ئیمپریالیزمو سەهیۆنیزم نیشانیانداوە.

لە پایزی ساڵی 1977 رژێمی داگیرکەری بەعس لە رێگای شێخ محەمەدی لۆلانەوە وەڵامی بۆ سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی نارد بۆ گفتوگۆ(60). لە نێوان سەرکردایەتی بەعسو سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانیدا بیروباوەڕ لە بارەی چارەسەرکردنی کێشەی کوردەوە بە ئاشتی وەکو ئەوەی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێن بە نووسین ئاڵوگۆڕکرا. لەو خالآنەی کە یەکێتی نیشتیمانی بۆ رژێمی ناردووە بەشی یەکەمی کە لە حەوت خاڵ پێکهاتووە هەمووی باسی پتەوکردنی یەکێتی گەلی عێراقو نەتەوەی عەرەبو خۆ تەیارکردنەوە بووە بۆ دژایەتی کردنی ئێمپریالیزمو سەهیۆنیزمو خەباتکردن لە پێناوی رزگار کردنی فەلەستینداو باسکردنی هاوهەڵوێستی نێوان عیراقو سوریاو یەمەنو لیبیاو جەزائیرو فەلەستینیەکانە بۆ دژایەتی کردنی پلانی ئیمپریالیزمو سەهیۆنیزم. کە بێگومان هەموو ئەم خالآنە بە روانینی ناسیونالیزمی عەرەبی نووسراونو لە گەوهەردا نەك لە بەرژەوەندی کوردو مەسەلەی کورد نین، بەڵکو بە زیانی کوردیش کۆتاییان دێت چونکە عێراق لەو کاتانەی کە پێویستی بووە توانیویێتی بۆ سەرکوتکردنی بزووتنەوەی کوردی لە رووی مادیو مەعنەوییەوە سوود لە هەندێ لەو ولآتە عەربیانە وەربگرێت کە لە داواکارییەکانی یەکێتی نیشتیمانیدا بۆ گفتوگۆ ناویان هاتووەو وەکو نیشاندانی دڵسۆزی بۆ نەتەوەی عەرەبو بۆ بەرژەوەندی بالآی عێراق بەرزیان کردۆتەوە. بەشی دووەمی داواکارییەکانی یەکێتی نیشتیمانی کە لە پێنج خاڵ پێکهاتووە پەیوەندی بە چۆنێتی چارەسەر کردنی کێشەی کوردەوە هەیە. کە ئەم خالآنەی لە خۆی گرتووە: کۆتایی هێنان بە سیاسەتی راگواستنو گۆڕینی سیمای نەتەوەییو گێڕانەوەی هەموو

**ڕاگواستراوەکان بۆ شوێنی خۆیان. جێبەجێکردنی هەموو بەندەکانی ڕێکەوتننامەی ئازارو جێبەجێکردنی یاسای ئۆتۆنۆمیو پەرەپێدانی لە سەر دەستی نوێنەرانی گەلی کورد. ئازاد کردنی هەموو حوکمدراوو دەستگیرکراوەکان. سپاردنی ئەرکی پارێزگاری کردن لە سنووری عێراق لە ناوچە کوردیەکاندا بە هێزە پێشکەوتنخوازە کوردییەکان(61). لە راستیدا لەم یەکەم هەڵوێستەی رازیبوونی سەرکردایەتی یەکێتی بۆ گفتوگۆ هەندێ خاڵ ئاشکرا دەبن: یەکەم یەکێتی نیشتیمانی کە پێشترو لە بەیانی دامەزراندنیداو لە بەرنامەو پەیڕەوی کارکردنیداو لە چەندین بەیانی تریدا کە دەریکردووە باس لە لەناوبردنی رژێمی دیکتاتۆری عێراقو هێنانە کایەی سیستێمێکی دیموکراتی بۆ عێراق دەکات کە لە سایەی ئەو سیستێمە دیموکراتیەدا کورد مافی ئۆتۆنۆمی پێبدرێت. دەردەکەوێت هەر لە یەکەمین رازیبوونیدا بۆ گفتوگۆ یەکێتی کە هێشتا کاتێکی ئەوەندە بەسەر دامەزراندنیدا تێنەپەڕیووە، دەستبەرداری مەسەلەی روخاندنی رژێمی دیکتاتۆری عێراق بووە. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا دەبێ لەسەر چ بنەمایەك ئەم حیزبە قەناعەتی بە خۆی هێنابێت کە دەشێ لە سایەی رژێمێکی دیکتاتۆری وەکو بەعسدا دیموکراتی پیادە بکرێتو کوردیش ببێت بە خاوەنی مافی ئۆتۆنۆمی؟ دووەم: ئایا چۆن مەسەلەی رووخاندنی رژێم بۆ دامەزراندنی عێراقی دیموکراتی دەگۆڕێت بە رێگادان بە ئازادییە دیموکراتیەکان؟ ئایا دەشێ تەسەوری بوونی ئازادییە دیموکراتیەکان بکرێت لە سایەی رژێمی بەعسدا؟ سێیەم: لەو چوار خاڵەی سەبارەت بە کورد کە یەکێتی بە نووسین خستوویەتیە بەردەمی رژێم ئەوەی کە لە هەموویان گرنگترە خاڵی دووەمە کە باسی جێبەجێ کردنی بەندەکانی رێکەوتننامەی ئازاری ساڵی 1970یە کە رژێم لەگەڵ سەرکردایەتی بارزانیدا کردی. ئەوە ئاشکرایە کە**

رژێم له جێبەجێکردنی ئەو بەندانە وەکو ئەوەی کە لە رێکەوتننامەکەدا هاتبوو پاشگەزبووەو ئەوەش بووە هۆی دەستپێکردنەوەی شەڕو سەرئەنجامیش شکستی بزووتنەوەکەی بە دوای خۆیدا هێنا.

رەخنەی سەرکردایەتی یەکێتی لەسەرکردایەتی بارزانی کاتی خۆی لەسەر ئەو رێکەوتن و لەسەر زۆربەی ئەو گفتوگۆیانەی کە بارزانیو سەرکردایەتیەکەی لەگەڵ رژێمەکانی عێراقدا لەسەر مەسەلەی ئۆتۆنۆمی کردویەتی خاڵی ئاشکراو لەبەرچاو بووە، چ ئەو کاتەی کە زۆرینەی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی لە باڵی مەکتەبی سیاسیدا بوونو دژی بارزانی بوون، چ لە یەکەم بەیانی دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانیدا کە بە ئاشکرا دیارە ئەوەندەی جەخت لەسەر دەورو کاریگەری خراپی سەرکردایەتی بارزانی لە مێژووی کوردو بزووتنەوەی کورددا کراوەتەوە، ئەوەندە باسی رۆڵی خراپو درندانەی سەرجەم داگیرکەرانی کوردستان نەکراوە. ئێستا پرسیار ئەوەیە ئایا ئەو خاڵانەی لە رێکەوتننامەی ئازاردا هاتوون لە کوێی داواکارییە رەواکانی کورددان، بە تایبەتی ئەوەی یەکێتی لەم نەخشەی کاری گفتوگۆیەدا داوای دەکات ئەنجامی گفتوگۆی حەوت ساڵ پێشتری سەرکردایەتی بارزانی بووە لەگەڵ رژێمداو دیارە لەو ماوەی حەوت ساڵەدا گۆڕانکاری زۆر روویداوە چ لەسەر ئاستی کوردستانو چ لەسەر ئاستی سیاسەتی نێودەوڵەتی کەچی داواکارییەکانی کورد گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە. ئەمە سەرباری ئەوەی کە لە ساڵی 1974دا کە رژێم ئامادەی جێبەجێکردنی ئەو رێکەوتننامەیە نەبوو لەبەر ئەوە بوو کە ئەو رژێمە ئەگەری ئەوەی نەبووەو نییە لە هیچ کاتێکدا دان بە سادەترین بنەمای دیموکراتیدا بنێت بە تایبەتیش بۆ ساڵی 1977و دواتر کە لە بارێکی بەهێزی زۆر جیاوازدا بووە لە چاو پێشتردا. بە هەرحاڵ راستە بەندەکانی رێکەوتننامەی ئازار بەشێك لە

داواکارییە نەتەوەییەکانی کوردی لە خۆگرتووە، واتە ئاستێکی لاواز لە رەگەزەکانی گوتاری ناسیونالیزمی کوردی لەو رێکەوتننانەدا هەیە، بەڵام ئەوە ئاشکرایە کە گوتاری ناسیونالیزمی کوردی لەو رێکەوتننامەیەدا گوتارێکی تەواو یان خاوەن شوناس نەبووە. بەهەمان پێودانگ کاتێ یەکێتی نیشتیمانیش لە دوای حەوت ساڵ هەمان ئەو داواکارییانە بەرز دەکاتەوە، مانای وایە هەڵگری هەمان گوتاری پارتی دیموکراتی کوردستانی ساڵی 1970یە کە گوتارەکەش لە رووی گوتاری ناسیونالیزمی کوردییەوە لە ئاستێکی لاوازدایە. ئەمە سەرباری نەبوونی هیچ زەمینەو ئەگەرێك بۆ جێبەجێکردنی ئەو داواکارییانە لە لایەن رژێمی داگیرکەری بەعسی عەرەبیەوە.

دیارە خاڵێکی تر لەوانەی کە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بەرزی کردۆتەوە راسپاردن یان رێگادانە بە هێزە کوردییە پێشکەوتنخوازەکان بۆ پاراستنی سنوورەکانی عێراق لە خاکی کوردستانەوە. ئەم خاڵەش جۆرێك لە سادە تێگەیشتنی تێدایە ئەویش لە دوو رووەوە، کە یەکەمیان ئەوەیە ئایا کێ ئەوە دەستنیشان دەکات کە کام هێزی کوردی پێشکەوتنخوازە؟ کە گومانی تێدا نییە کۆنەپەرستترین هێزیش هێشتا هەر خۆی بە پێشکەوتنخواز دەزانێت. هەروەك ئەوەش ئاشکرایە مەبەستی یەکێتی لەم خاڵە ئەوەیە کە وەکو پێشتر چەندین جار لە بلاوکراوەو بەیانەکانیدا ئاماژەی بۆ کردووە هێزی کۆنەپەرست مەبەست پارتییە چونکە بەردەوام سەرکردایەتی بارزانی بە خێڵەکیو کۆنەپەرست ناوبردووە. بەڵام دەبوا یەکێتی لە قۆناغەکانی دواتردا زیاتر بابەتیانە سەیری ئەو دەربڕینەی بکردایە چونکە لە کاتێکدا دوای تێپەڕبوونی حەوت ساڵ بەسەر دامەزرادنیدا لە گفتوگۆکانیدا لەگەڵ بەعس هێشتا ئەو وەکو حیزبێکی نوێ داواکارییە کۆنەکانی پارتی بۆ گفتوگۆ لەگەڵ رژێمدا دەکات بە بنەمای کارکردن.

کەواتە بۆ دەبێ پارتی کۆنەپەرستو یەکێتی پێشکەوتنخواز بێت؟ دیارە ئەمە من وەکو مەسەلەیەکی بابەتی لێی دەدوێم، ئەگینا لە تێڕوانینی تایبەتی خۆمدا هیچ جیاوازییەك نە ئەوساو نە ئێستاش لە نێوان یەکێتیو پارتیدا نابینمو هەردووکیان کوڕی یەك کەلتوورنو لە یەك قوتابخانەش پەروەردە بوون و لە رووی بەرنامەو ستراتیژەوە جیاوازیەکی ئەوتۆیان نییە شایانی باس بێت.

تاکە شتێك کە دەیتوانی یەکێتی لە پارتی جیا بکاتەوە ئەوەبوو کە یەکێتی گوتارێکی جیاوازی لە گوتاری پارتی هەبووایە. بۆ نموونە کاتێ پارتی هەڵگری گوتاری ئۆتۆنۆمی بووە، ئەگەر یەکێتی هەڵگری گوتاری دەوڵەت بووایە ئەوا بە ئاشکرا دەردەکەوت کە دوو ئاراستەی جیاوازن. دیسان رژێمی بەعس خۆی یەکێك لە هەرە کۆنەپەرستترین رژێمەکانی سەر رووی زەوییە ئیتر ئەوە مایەی سەرسام بوونە کە تۆ داوا لە رژێمێکی کۆنەپەرست بکەیت بایەخ بە هێزی پێشکەوتنخواز بدات. بەهەرحاڵ بە ئاشکرا دیارە ئەوەی لەم خاڵانەدا هاتووە بەرنامەی ئامادەکراوی یەکێتی بووە بۆ گفتوگۆی نێوان یەکێتی نیشتیمانی کوردستانو رژێمی بەعسی داگیرکەری کوردستان. ئەویش بە گشتی لە چوارچێوەی گوتاری ئۆتۆنۆمیدایە کە ئەم گوتارەش ئەگەر بەراورد بکرێت بە گوتاری ناسیونالیزمی کوردی ئەوە بێگومان لە ئاستێکی زۆر نزمدایەو ناشێت بە داواکاری نەتەوەیەکی ژێردەستە دابنرێت.

ئەوە ئاشکرایە کە کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستانی سەرەتاو کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانی دواتر، تا دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانی لە رۆژی راگەیاندنیدا لە لایەن دەستەی دامەزرێنەرەوە لە شام لە 1-6-1975دا بە بوونی ئەو جیاوازیانەشەوە کە لە نێوان یەکەم دەستەی سەرکردایەتی و دوای گیرانی ئەوانیش یان وازهێنانیانی هەندێکیان و دواتریش پێکهێنانی

سەرکردایەتی هەرێمەکان بە سەرۆکایەتی ئارام ڕێکخراوێکی جیاواز بووە چ لە حیزبەکانی پێشتر کە لە کوردستاندا هەبوون وەکو پارتی بە هەردوو باڵەکەیەوەو حیزبی شیوعیو کاژیكو...تاد. ئەو جیاوازییانەش لە چەند ئاستێکدا بوون کە بریتین لەوەی کە کۆمەڵە ڕێکخراوی زەحمەتکێشانو بۆرژوای بچوك بووە لە مامۆستاو کارمەندو خوێندکارو نوخبەی ڕۆشنبیرو جوتیارو سەرکردایەتیەکەشی هەر لە دامەزراندنەوە لە تاکی نێو نوخبەی ڕۆشنبیر پێکهاتوونو تەنانەت هەردوو سکرتێری کۆمەڵە تا ئەو کاتەی کە وەکو کۆمەڵە ماوەتەوە کە ئەوانیش شەهید شەهابی شێخ نوریو شەهید ئارام بوون هەردووکیان لە نوخبەی ڕۆشنبیرو لە دوو بنەماڵەی ڕۆشنبیریش بوون کە ئەو پێگەیەی بۆیان درووست بووە زیاتر لە کاری ڕێکخستنو خەباتی نێو کۆمەڵەدا بۆیان درووستبووە، نەك لەسەر بنەمای ئەو شێوازە باوەی کە لە کۆمەڵگەی کوردیدا باوبووە ئەویش ئەوە بووە کە شێخو ئاغاو بەگو کوڕی خانەدانەکان سەرکردایەتی بزووتنەوەو حیزبەکانی پێشتریان کردووە. بەڵام کۆمەڵە لەو ڕوانگەیەوە وەکو ڕێکخراوێکی بەشەکانی خوارەوەی کۆمەڵگەی کوردی دەرکەوتووەو تەنانەت سەرکردایەتیەکەشی لە بۆرژوای بچووكو نوخبەی ڕۆشنبیری پێشکەوتنخواز بوون کە بڕوایان بە بنەماکانی مارکسیزم لینینزمو ماویزم هەبووە. بەڵام لە درووستبوونی یەکێتی نیشتیمانیدا واتە لە ڕاگەیاندنی بەیانی دامەزراندنەوە بە گشتیو زیاتریش لە گەڕانەوەی دەستەی دامەزرێنەرەوە بۆ کوردستان ئیتر عەقڵیەتی باڵی مەکتەبی سیاسی کۆنترۆڵی بارودۆخەکەی کردووەو بە هەمان عەقڵیەتی سەردەمی جەلالیەت بە دژی مەلایی کاری کردووەو لە دوای شەهیدبوونی ئارامیش ئەو باڵە زیاتر باڵادەستبووەو سکرتێری نوێی کۆمەڵە هەروەکو خۆی دەڵێت بڕوای بەو

بنەمایانە نەبووە کە کۆمەڵە پێشتر لەسەر ڕۆیشتووە کە بیری چەپ یان مارکسیزم لینینزم و ماویزم بووە، بە تایبەتی کە سکرتێری نوێ یەکێك بووە لە قوتابیە زیرەك‌و گوێڕایەڵەکانی قوتابخانەی برایم ئەحمەدو مام جەلال.

لەگەڵ هاتنی سکرتێری نوێی کۆمەڵەدا ئیتر مێژووی کۆمەڵە کۆتایی دێت‌و ئەو دەنگی ناڕەزاییەشی کە لەلایەن هاوڕێیان‌و شوێنکەوتووانی ئارامەوە هەبوو دەنگێکی نزم بوو. سکرتێری نوێ بە پشتگیری سکرتێری یەکێتی توانی ئەو دەنگی ناڕەزاییە بکوژێت‌و لە سەرەتای هەشتاکاندا وردە وردە یەکێتی بە کۆمەڵەشەوە شێوازی ئەو حیزبەی وەرگرت کە مام جەلال لە خەیاڵی خۆیدا درووستی کردبوو کە ئەویش هاوشێوەی باڵی مەکتەبی سیاسی بوو، بەلاّم جیاوازییەکە لە هەڵوێستدا بوو. ئەوسا مەکتەبی سیاسی هاوکاری رژێمی داگیرکەری بەعسی عەرەبی بوو دژی بزووتنەوەی کورد، بەلاّم ئەمجارەیان یەکێتی کە هەزاران پێشمەرگەی خەباتگێرو هەزاران ئەندامی نەبەزیوو رووبەرێکی هێجگار فراوان لە جەماوەری هەبوو، بە هەزاران شەهیدی ناو زیندان‌و سەنگەری خەباتی هەبوو کە زۆرینەی ئەو پێشمەرگانەش بە عەقڵیەتی خەباتگێڕانەی کۆمەڵە پەروەردە کرابوون، لە خەبات‌و بەرخوردان بەردەوامبوون، کە گومانی تێدا نییە بە گشتی‌و لە کۆنەستیاندا لە پێناوی رزگاری‌و سەربەخۆیی کوردستاندا خەباتیان کردووە کە ئەوە شێوازی راستەقینەی خەباتی کۆمەڵەیە بە عەقڵیەتی چەپێکی رۆمانسیانەی ماوییەوە. بەلاّم سەرکردایەتی مام جەلال‌و سکرتێری نوێی کۆمەڵە کە لە راستیدا سکرتێری دووەمی یەکێتی بوو بە هەمان تێڕوانینی باڵی مەکتەبی سیاسی پێشووەوە کاریان دەکرد. لەگەڵ لاوازبوونی تێڕوانینی پێشتری کۆمەڵەو سەپاندنی عەقڵیەتی پێشتری جەلالیەت بەسەر یەکێـیدا گوتاری یەکێتی زیاتر

**شێوازی خۆی وەرگرت کە هەڵگری گوتاری یەکێتی خاکی عێراق‌و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان بوو. لە راستیشدا کاتێك یەکێتی نیشتیمانی مام جەلالی بە سکرتێری خۆی دانا ئیتر قۆناغی سەرکردایەتی کەسانی سەربە نوخبەی رۆشنبیر کۆتای هات‌و جارێکی تر گەڕانەوە بۆ ئامادەبوونەوەی سەرکردەی تەقلیدی دەستی پێکردەوەو رەنگە زۆر بەهەڵەدا نەچووبین کە بڵێین ئەگەر بهاتبایە کۆمەڵە بە سەربەخۆیی بمایەتەوەو نەکەوتایەتە ژێر سایەی سەرکردایەتی بالآدەستی مەکتەبی سیاسی لە بارزانی جیابووەوەو قوتابیەکانی ئەو رێبازە، ئەوە زۆرینەی بۆچوونەکان بەو جۆرە بوون کە کێشەی گەورە لە نێوان کۆمەڵەو پارتی یان کۆمەڵەو سەرکردایەتی بنەماڵەی بارزانیدا رووینەدایە، چونکە ئەوەی کە لە نێوان یەکێتی نیشتیمانی‌و پارتیدا هەر لە دەمەزراندنی یەکێتیەوە دەبینرێت ئەوە دەردەخات کە دوای بەیانی ئازاری 1970و هەڵوەشاندنەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی‌و گەڕانەوەی سەرکردەکانی باڵی مەکتەبی سیاسی بۆ لای بارزانی، سەرکردایەتی ئەم باڵە نەیارێتی خۆیان بۆ ماوەی نزیکەی شەش ساڵ راگرتبوو بەلآم لە یەکەم بەیانی دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانیەوە ئەو ململانێیە جارێکی تر دەستی پێکردەوە. بە ئاشکرا ئەوە دیارە کە لە دامەزراندنی یەکێتیەوە دەستەی دامەزرێنەر رایان وابووە کە دووژمنی سەرەکی بنەماڵەو سەرکردایەتی بنەماڵەی بارزانیەو رژێمی داگیرکەریش بە پلەی دووەم یان سێیەم دێت چونکە هەست دەکرێت کە ئەم دەستەی دامەزرێنەرە ئیمپریالیزم‌و سەهیۆنیزمیان بە دوژمنی دووەم زانیبێت. کە ئەم بارودۆخەش کە دەستەی دامەزرێنەر لە یەکەم بەیانیانەوە هێناویانەتە ئاراوە زیانێکی زۆری لە کۆمەڵەو لە گەوهەری دۆزی کورد داوەو هەڵەی سەرکی لە دەستنیشان کردنی دوژمنی سەرەکی‌و دوژمنی لاوەکیدا بووەتە مایەی زیانی گەورە بۆ خودی**

**یەکێتیو زیاتر لاواز کردنی ئەخلاقیاتی کۆمەڵەییو زیاتر پەرتکردنی یەکێتی نەتەوەیی کە ئەمەش لەبری بەرهەمهێنانی گوتاری ناسیونالیزمی کوردی گوتاری پەرتبوونو گوتاری ناوچەگەریو حیزبایەتی تەسکی دروستبوو لەسەر بنەمای کەلتوورو عەقڵی خێڵایەتی بەرهەم هاتوو لەسەر رقو کینەو ململانێکانی رابردووی بەرهەم هێناوە.**

## 5-گوتاری کۆمەڵە لە دوای شەهید ئارام:

**وەکو پێشتر باسکراو، لە مێژووی کۆمەڵەشدا ئەوە ئاشکرایە کە لەگەڵ دەستگیرکردنی سکرتێری یەکەمی کۆمەڵەو بەشێکی دیار لە سەرکردایەتی کۆمەڵە لە ساڵی 1975دا، ئارامو هاوڕێکانی جڵەوی کۆمەڵەیان گرتە دەستو کۆمەیتەی هەرێمەکانیان دروستکردو کۆمەڵەیان لە هەرەسی تەواوەتی**

رزگارکردو جارێکی تر جۆش‌و خرۆشێکی چاوەڕوان نەکراویان دایەوە بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە. لە راستیدا بە گشتی ئەوانەی کە باسی دەستپێکدنی خەباتی پێشمەرگایەتی دەکەن لە مێژووی کۆمەڵەو یەکێتیدا، بەگشتی کۆدەنگن لەسەر ئەوەی کە ئارام‌و هاوڕێکانی لە سەرکردایەتی کۆمەیتەی هەرێمەکان رۆڵی راستەقینەی سەرکردایەتی کۆمەڵەیان بینیوەو سەرباری راگەیاندنی دەستپێکردنەوەی خەباتی پێشمەرگایەتی، توانیوانە لەو مەفرەزە سەرەتاییانەی کە درووستیان کردووە، زیاتر ناوی کۆمەڵە بە جەماوەر بناسێنن‌و زەنگی سەرهەڵدانەوەی شۆڕش بە گوێ جەماوەرو دوژمنیشدا لێبدەن، کە بۆ یەکەمیان، واتە بۆ جەماوەری گەل مایەی زیندوبوونەوەو رابوونەوەیەکی نوێ بوو لە دوای شکستی راپەڕینی ئەیلول. بۆ دووەمیشیان واتە بۆ دوژمن مایەی ترس‌و نیگەرانی بوو. ئەوەی لە بارەی ئارام‌و پەیوەندیبوونی بە سەرکردایەتی یەکێتیەوە دەگێڕدرێتەوە تەمومژاوییە. هەندێ پێیانوایە کە ئارام بە تەواوەتی لەگەڵ درووستبوونی یەکێتی نیشتیمانیدا بووە کە کۆمەڵە هێزی سەرەکی‌و بزوێنەری ئەو یەکێتییە بووە کە درووستبووە. هەندێکی تریش باس لەوە دەکەن کە ئارام ناکۆك بووە لەگەڵ دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی نیشتیمانیداو دەشێ لە چاوەڕوانیدا بوو بێت بە تایبەتیش کە لە دوای دامەزراندنی یەکێتی نێشتیمانییەوە تاکو شەهیدبوونی ئارام ماوەیەکی زۆر دەخایەنێت. بەلاّم ئارام وەکو باس دەکرێت لەگەڵ ئەوەشدا کە سکرتێری کۆمەڵە بووە بەشداری کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتی یەکێتی نەکردووە. ئەمەش بۆخۆی مایەی پرسیارە. ئەگەر ئارام بەڕاستی بڕوای بە سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی هەبووە بۆچی لەو ماوەیەدا بۆ جارێکیش بەشداری کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتی ئەو حیزبەی نەکردووە کە ئەو بەرپرسی یەکەمی بەهێزترین

پێکهێنەری حیزبەکە بووە؟ ئەگەر ناڕازیش بووە بۆچی هەر لەسەرەتاوە هەڵوێستی دیاری خۆیی ئاشکرا نەکردووەو ڕێگایەکی تری هەڵنەبژاردووە؟

لەراستیشدا ئاماژەی جۆرێك لە ناڕازیبوون بە هەڵوێستی ئارامەوە بەرامبەر بە سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی، یان هەر خودی یەکێتی نیشتیمانی دیارە بە تایبەتی هەڵبژاردنی ناوچەیەکی پڕمەترسیو نزیکە دوژمنی وەکو قەرەداغو مانەوەی زۆری لەوێو نەبینینی سکرتێرو ئەو ئەندامانەی دەستەی دامەزرێنەر کە هاتبوونەوە کوردستان، دەشێ وەکو ئاماژەی  ئاشکرا بۆ ناڕازیبوونی ئارام بەو بارودۆخە لێکبدرێتەوە. هەر بۆیە دەشێ ئەو لێکدانەوەیەی لەسەرەوە کردمان بۆ کۆتایی هاتنی مێژووی کۆمەڵە وەکو کۆمەڵە کە خۆی لە دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانییەوە کۆتایی هاتبێتو هەڵوێستی لەوجۆرەی ئارامیش هەر لەو کاتەوە مەترسی کۆتایی هاتنی کۆمەڵە نیشان بدات. هەروەك ناڕازیبوونی ئارام دواتر لە هەڵوێستی هاوڕێیانی سەرکردایەتی کۆمیتەی هەرێمەکانو زۆرێك لە کادیرە پێشکەوتووەکانی کۆمەڵەدا بەرامبەر بە سەرکردایەتی یەکێتیو سکرتێری نوێی کۆمەڵە دەردەکەوێت چونکە هەر لە بنەڕەتەوە ئەگەر شتێکیش لەسەردەمی ئارامدا مابێت بە ئەخلاقیاتی کۆمەڵەوە، ئەوا لە دوای ئارام کۆمەڵە جگە لە ناو هیچێکی تری ئەوتۆی لێنەماوەتەوەو سیاسەتی یەکێتیش سکرتێری گشتی و ئەو کەسانە دایانڕشتووە کە زۆر لەو نزیکبوونو زیاتر بە هەمان عەقڵیەتو دیدو بۆچوونی سەردەمی باڵی جەلالیەت کاریان کردووە. لەو رووەوە دەتوانرێت بگوترێت سیاسەتی یەکێتی لە شەهیدبوونی ئارام بەدواوە ئەگەر هەمان سیاسەتی باڵی جەلالیەتی پیشتر نەبووبێت ئەوا نزیك لە دیدو بۆچوونەکانی ئەو باڵە داڕێژراوە بە تایبەتی لە هەڵوێستدا بەرامبەر بە پارتیو حیزبی شیوعیو تەنانەت سۆشیالیستو حیزبو ڕێکخراوەکانی تریش.

به هەرحاڵ ئەوەی بۆ ئێمەو ئەم لێکۆڵینەوەیە گرنگە قسە کردنە لەسەر گوتاری یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە دوای شەهیدبوونی ئارام. هەر لێرەشەوە دەپرسین ئایا جیاوازییەکی ئاشکرا لەو گوتارەدا دەبینرێت کە لە دوای هاتنی سکرتێری نوێ روویدا بێت؟ لە کاتی گەیشتنەوەی مام جەلال بۆ کوردستان لە نەوشیروان مستەفا دەپرسێت وەزعی وڵات چۆنە، ئەویش بەمجۆرە وەڵامی دەداتەوە: ئێمە ئەوانەی لە دەرەوە، لەگەڵ ئەم برادەرانەی ئێرە هەر ناوەکەمان یەکە، ئەگینا لە هەموو شتێکدا جیاوازین(62). بێگومان ئەم وەڵامەی سکرتێری دواتری کۆمەڵە وەکو خۆیشی دەڵێت کە ئەو هیچ بڕوای بە مارکسیەت نەبووەو بە ناچاری رازیبووە لە ریزی سەرکردایەتی کۆمەڵەدا بێت، ئەوە نیشان دەدات کە گوتاری کۆمەڵەو گوتاری ئەوانەی دەرەوە واتە دەستەی دامەزرێنەر جیاواز بووەو تەنانەت هیچ لێکچوونێك لە نێوانیاندا نەبووەو هیچ رایەڵێکی بەهێزی دیدو تێڕوانینی ئەوتۆ لە نێوانیاندا نەبووە پێکەوە کۆیان بکاتەوە، بێجگە لە ناوەکەیان کە هەموویان لە ژێرناوی یەکێتی نیشتیمانیدا کۆبوونەتەوە. ئەمەش بە جۆرێك ئەوە دەردەخات کە سەرکردایەتی کۆمەڵەو دەستەی دامەزرێنەر شارەزاییەکی ئەوتۆی یەکتری نەبوون بە تایبەتی دەستەی دامەزرێنەر لە دوورەوە دەشێ وای بۆچووبن کە سەرکردایەتی هەرێمەکانی کۆمەڵە پاشکۆو شوێنکەوتووی ئەوانن‌و ئەوان چی بڵێن‌و بکەن هەر ئەوەیە. ئەمەش ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە بەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانی‌و بڵاوکراوەکانی دەستەی دامەزرێنەر لە شام زیاتر دیدو بۆچوونی ئەو دەستەیە بووە کە ئەویش بە پلەی یەکەم مام جەلال بزوێنەرو رێکخەری بووە. هەر ئەوەش وایکردووە کە کاریگەری کەلتووری جەلالیەت‌و ناکۆکیەکانی رابردوو هەر لە بەیاننامەی دامەزراندنەوە تا قۆناغەکانی دواتریش بە کۆی

بلاْوكراوەكانی یەكێتی نیشتیمانیەوە دیار بێت، كە ئەویش گوتارێكە زیاتر بارگاوییە بە بنەماكانی رقو كینەو ناكۆكیە شەخسیەكانی رابردوو، لە كاتێكدا دەبوایە گوتارێك بەرهەم بهاتبایە لە سەر بنەمای پرۆژەی نەتەوەییو یەكێتیو یەكبوونو گەوهەری گوتارەكەش رزگاری كوردستانو درووستكردنی دەوڵەتی نەتەوەیی كوردیی بوایە.

شاسوار جەلال( ئارام) لە 31-1-1978شەهیدكرا كە تا ئەو كاتە بەشداری یەك كۆبوونەوەی سەركردایەتی یەكێتیشی نەكردبوو. نەوشیروان مستەفا لە بارەی پەیوەندی خۆیو شەهید ئارامەوە دەڵێت: كاك ئارام دۆستێكی نزیكو خۆشەویستی من بوو. لە بیروباوەڕدا لەیەكەوە نزیك بووین. لە دامەزراندنی كۆمەڵەدا لە گروپەكەی ئێمە بوو(63). ئێستا ئێمە لەبەردەم چەند لێكدانەوەیەكداین كە یەكەمیان ئەوەی ئاشكرایە ئەو باڵەی كە تاكو تواندنەوەی كۆمەڵە خۆیان بە شوێنكەیوتووی نەوشیروان مستەفا دانیووە، ئارام وەكو لایەنگری بیری عێراقیو تەنانەت عێراقچی سەیركردوەو نەوشیروان مستەفایش وەكو كوردستان. بە تایبەتی لەو بۆچوونەكانی كە برایم جەلالدا كە خۆی وەكو كوردستانیو لایەنگری نەوشیروان مستەفا نیشان دەدات، رووبەرێكی فراوان لە كتێبەكەی هەوڵدانە بۆ سەلماندنی عێراقچێتی ئارام. ئەگەر ئەو بۆچوونەی نەوشیروان مستەفا وەكو خۆی وەربگرین ئەوا ئەو تۆمەتانەی عێراقچێتی كە برایم جەلالو هەندێ كەسی تر دەیدەنە پاڵ ئارام پوچ دەبێتەوە. دیسان لەم وتەیەدا ئەوەش ئاشكرا دەبێت كە ئارام لە دامەزرێنەرانی كۆمەڵە بووە، نەك دەورێكی پەراوێزیی هەبووبێت وەكو برایم جەلال دەیلێت. سەبارەت بە دیدو بۆچوونی ئارام مامۆستا جەعفەر دەڵێت: ئارام خەباتی دژی چەوساندنەوەی نەتەوایەتیو چینایەتی كردووە، داكۆكی لە گەلەكەی كردووە دژی جینۆسایدو

پاكتاوی نەتەوایەتی خەباتی كردووە(64). ئەگەر ئەمە گوتاری ئارام بێت‌و گوتاری ئارامیش گوتاری كۆمەڵە بووبێت تا ئەو كاتەی شەهید بووە ئەوا دەتوانین بڵێین جیاوازییەكی ئاشكرا هەیە لە نێوان گوتاری دەستەی دامەزرێنەری یەكێتی نیشتیمانی‌و گوتاری كۆمەڵەی سەردەمی ئارامدا. هەروەك بەو پێیە روانینی ئارام‌و روانینی نەوشیروان مستەفاش جیاواز نییەو لەم بارەشدا گومان لە راستی قسەكانی نەوشیروان مستەفا ناكرێت كە دەڵێت: ئارام لە گروپەكەی ئێمە بوو. گوتاری ئارام زیاتر بارگاوی كراوە بە رەگەزەكانی ناسیونالیزمی كوردی بەلاّم بە دیدێكی پێشكەوتنخوازانەی دوور لە هەستی شۆڤێنیستانە، كە زۆرجار گوتاری ناسیونالیزم تێكەلاّوی رەگەزەكانی شۆڤێنیزم دەبێت. گوتاری ئارام لە چاو گوتاری یەكێتیدا زیاتر لە گەوهەری ناسیونالیزمی كوردی نزیك بووە، كە گوتاری یەكێتی زیاتر بارگاوی كراوە بە رەگەزەكانی گوتاری عێراقی‌و گوتاری ناسیونالیزمی عەرەبی هەرچەندە لە رووی راستییەوە لە مەیدانی خەباتدا یەكێتیش پیادەی گوتاری كۆمەڵەی كردووە كە گوتاری ئارام‌و نەوشیروان مستەفاش هەر لە چوارچێوەی ئەو گوتارەدا بووە. بەلاّم ئەوە ئاشكرایە كە لە پلەی یەكەمدا هەر لە یەكەم بەیاننامەی راگەیاندنی یەكێتییەوە گوتاری كۆمەڵە وەكو نووسین‌و دەربڕین نەك وەكو پراكتیك پاشە كشەی كردووەو لە شەهیدبوونی ئارام‌و هاتنی سكرتێری نوێی كۆمەڵە كە خۆی یەكێك بووە لە دەستەی دامەزرێنەری یەكێتی لە شام‌و بەیان‌و بلاّوكراوەكانی یەكێتی لە شام بە ئاشكرا لە دوای مام جەلال شوێن دەستی ئەویان پێوەدیارە كە ئەویش دابەش دەبێت بۆ دوو ئاراستە كە یەكەمیان بانگەشە كردنە بۆ هاوخەباتی لەگەڵ عەرەبی عێراق‌و هاوخەباتی لەگەڵ گەلی فەلەستیندا كە ئەم بۆچوونە زیاتر بۆچوونی مام جەلالەو ئەگەرچی سكرتێری سێیەمی كۆمەڵەش وەكو

قوتابیەکی زیرەکی مام جەلال لە مەداری بیروبۆچوونەکانی ئەودا خولاوەبێتەوە بەلاٚم لە کۆی نووسینو هەڵوێستەکانیشیدا لە خەباتی پێشمەرگایەتدا کاریگەری بۆچوونو بلاٚوکراوەکانی سەرەتای دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانیو دەستەی دامەزرێنەیری سەردەمی شامی پێوە دیار نییە. دووەمیان ئەو ئاراستەیە کە پەیوەندی بە باری ناوخۆی کوردستانو دیدو تێڕوانین بۆ لایەنەکانی تر بە تایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستانو لەوەش تایبەت تر بنەماڵەی بارزانییەوە هەیە کە لە دامەزراندنی یەکێتیەوە لە شام هەڵوێستی یەکێتی بەرامبەر بە بنەماڵەی بارزانی هەمان هەڵوێستی گرژو ناجۆری سەردەمی مەلاییو جەلالی ساڵی شەستەکان بووە، کە بە ئاشکرا دیارە ئەو رقو کینەیەی کە لە نێوان باڵی جەلالی پێشتر سەرکردایەتی یەکێتیو پارتیدا هەبوو زۆر سەختتر بوو لە شێوازی پەیوەندی کۆمەڵەو پارتیو بنەماڵەی بارزانی. واتە هەست بەوە دەکرێت کە پارتی بەو چاوەی کە سەیری کۆنە جەلالیەکانی کردووە، رەنگە بەو چاوە سەیری سەرکردە گەنجەکانی کۆمەڵەی نەدەکردبێتو بەڵگەی ئاشکراش کارەساتی هەکارییە کە سەرکردایەتی کاتی پارتی زۆرینەی بەرپرسە کۆنە جەلالیەکانیان شەهید کرد بەلاٚم بەرپرسە گەنجەکانی کۆمەڵە یان ئازاد کران یان دەربازبوون یان ناچارکران خۆیان بدەنە دەستی عێراقەوە. دەشێ وەهای لێکبدەینەوە کە سکرتێری سێیەمی کۆمەڵە لە دیودو بۆچوونیدا بۆ خەباتی کورد لە عێراقدا هەمان دیدو روانینی کۆمەڵەی هەبووە، بەلاٚم لە هەڵوێستیدا بەرامبەر پارتیو بنەماڵەی بارزانی هەمان هەڵویستی باڵی جەلالی هەبووە.

بە هەرحاڵ ئێستا دەتوانین باسی ئەوە بکەین کە ئەو بۆچوونەی لە نێو بەرپرسانو کادیرانی ئێستای یەکێتی نیشتیمانیدا هەیە کە سکرتێری سێیەمی کۆمەڵە هەروەکو خۆیشی دەڵێت نەبڕوای بە کۆمەڵەو نە بڕوای بە ماکسیزم-

**لینینیزم هەبووە، لە هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەدا بووەو لە کۆتایی هەشتاکاندا هەوڵی ئەوە دراوەو سەرئەنجامیش لە کۆنگرەی یەکی یەکێتی نیشتیمانیدا، کۆمەڵە بە تەواوەتی توێندراوەتەوە. بەڵام لە راستیدا کۆمەڵە وەکو گوتارو وەکو ئەخلاقی کۆمەڵەو وەکو بیروباوەڕی ئامادەی کۆمەڵە بە ئاشکرا لە دوای شەهیدبوونی ئارامەوە کەوتۆتە بواری جێبەجێکردنی تەواوەوەو سەرئەنجامیش بە جیابوونەوەی ئالآی شۆڕش‌و دەستگیرکردنی مەلا بەختیارو هاوڕێکانی و خاوبوونەوەی شەهید ئازاد هەورامی‌و مولازم عومەرو چوونەدەرەوەی سالار عەزیزو مامۆستا جەعفەر ئیتر مێژووی کۆمەڵە لە هەموو روویەکەوە لە ناو یەکێتیدا لەسەر ئاستی گشتی کۆتایی پێ دێت، مەگەر لە رەفتارو ئەخلاقی تاکەکەسدا مابێتەوە.**

## 6-گوتاری یەکێتی لە دوای ئارام:

**ئەوە ئاشکرایە کە ماوەی سکرتێرێتی شەهید ئارام ماوەیەکی ئەوەندە درێژخایەن نەبووە، بەڵام کاریگەری ئاشکرای لەسەر بەرنامەو رەفتارو کەسێتی کۆمەڵە بەجێهێشتووەو ئەو بە ماوەیەکی کورت ناوبانگێکی ئەوتۆی بەدەستهێناوە کە نەك هەر لە سنووری رێکخراوەکەی خۆیدا بەڵکو بەو ماوە کورتە وەکو سەرکردەیەکی دیارو خۆنەویست لە لای رووبەرێکی فراوانی خەڵکی کوردستان ناسراوە. دیارە ئەوەش هۆکاری تایبەتی خۆیی هەیەو لە پێش هەموو**

شتێکەوە دەگەڕێتەوە بۆ بوونی جۆرێك لە بنەمای کەسێتی سەرکردە یان کاریزما لە کەسێتی شاسوار جەلالدا کە نازناوەکەی بە جۆرێك ناساندوویەتی پێویستی بە ناوهێنانی باوك و بنەماڵەو حیزبەکەشی نییەە. وەکو دەزانین یەکێتی نیشتیمانی لەسەردەمی ئارامدا دروست بوو، بەڵام ئەوەی کە ئارام دەوری هەبووبێت لە درووستکردنی یەکێتی نیشتیمانیدا لەو روانگەیەوە کە لەگەڵ دەستەی دامەزرێنەر ئاڵوگۆڕی بیروڕای کردبێت، زۆر روون نییە. یان ئەگەری ئەوەی بە شێوەیەکی ترو بەدەر لە دەسەڵاتو ئیرادەی ئارامو سەرکردایەتی هەرێمەکانی کۆمەڵە، کۆمەڵەش کرابێتە بەشێك لەو یەکێتییەی کە مام جەلالو هاوڕێکانی لە شام درووستیان کرد، دیسان ئەویش لەسەر راوەستانی دەوێت بە تایبەتی بۆ ئەوان کە ماوەیەك بوو لە وڵات نەبوون و بێجگە لە مام جەلالیش ئەوانی تریان نە کەسێتی وادیاریان هەبوو، نە پێگەی جەماوەری، تەنانەت بەشێکیان بە درێژایی ئەو ماوەیەش تاکو ئێستا پێگەیەکی ئەوتۆیان تەنانەت لە ناو حیزبەکەی خۆیشیاندا نییە. کەواتە چۆن کۆمەڵە بەو هێزە جەماوەرییەیی و بەو رێکحستەنەشی کە لە ناوەوە هەیبوو بوو بە بەشێك لە یەکێتی؟ هەموو ئەمانە پرسیارنو وەڵامەکانیشیان تاکو ئێستا دیار نییە. بەڵام بەشداری نەکردنی ئارام لە هیچ کۆبوونەوەیەکی سەرکردایەتی یەکێتیو تەنانەت نەبینینی مام جەلالیش سەرباری ئەوەی کە ماوەیەك بەسەر گەڕانەوەی مام جەلالدا بۆ ناوەوەی وڵات تێپەڕ بووبوو، تا ئەو کاتەی ئارام شەهید کرا، جۆرێك لە گومانو تەمومژ لەسەر دیدو بۆچوونی ئارام لەسەر سەرکردایەتی یەکێتیو بە تایبەتیش مام جەلال درووست دەکات کە ئەویش دیسان روون نییە.

نەوشیروان مستەفا دەڵێت: لە ناو کۆمەڵەدا گێروگرفتی راستەقینەمان هەبوو، کۆمەڵە هەندێ لە سەرکردەکانی لە زینداندا بوون. لە کۆمیتەی هەرێمەکانیش ئارام کوژرابوو، سالار لە دەرەوەی وڵات بوو. ئازاد هەورامیو مەلا بەختیار لە ناو پێشمەرگەدا بوون. سەرکردایەتی پێشوو، کۆمیتەی هەرێمەکان لە کۆنفرانس یان کۆبوونەوەیەکی فراواندا هەڵنەبژێردرابوون. هەردووکیان شەرعیەتی تەنزیمییان بە خۆیان دابوو(65). بە دوای ئەم قسانەدا نەوشیروان مستەفا باسی ئەوە دەکات لەبەرئەوەی کە تاکو ئەو کاتە کۆمەڵە کۆمیتەی سەرکردایەتی یان مەکتەبی سیاسی یان ناوەندێکی نەبوو سەرپەرشتی هەموو رێکخستن بکات. ئۆرگانو بڵاوکراوەی نەبوو(66). نەوشیروان مستەفا کە تا ئەو کاتە هیچ خاسێتێکی سکرتێری کۆمەڵەی نەبووە، بەڵام وەکو سکرتێری کۆمەڵە رەفتاری کردووەو نەخشەو بەرنامەی ئەوەشی هەبووە کە کۆمەڵە ناوەندێکی رێکخستنی هەبێت، بۆ ئەو مەبەستە کۆبوونەوەیەك بە کادیرە پێشکەوتووەکانی کۆمەڵە دەکات بۆ ئەوەی: یەك ناوەندی جێگای باوەڕ درووست بکات سەرپەرشتی هەموو رێکخستنەکانی کۆمەڵەو پێشمەرگەو فەرماندەکانی بکات. یەکێتی بیرو هەڵوێستو کاریان تێدا درووست بکات(67). لێرەدا ئەوە ئاشکرا دەبێت کە دوای شەهیدبوونی ئارام بەبێ هەڵبژاردن لە کۆبوونەوەیەکی فراوان یان بە بێ کۆنفرانس، راستەخۆ نەوشیروان مستەفا وەکو سکرتێری کۆمەڵە دانراوە یان دیاریکراوە کە ئەوەش زیاتر درووستبوونی بۆشایی لە دوای شەهید ئارام ئەو زەمینەی درووستکردووەو لە راستیشدا پێگەی ئەمو ئەزموونی زیاترو تەمەنیو ئاستی فراوانی رۆشنبیریو شارەزایی باشی لە بواری مێژوو پەیوەندیو ململانێکانی نێو کۆمەڵگەی کوردیدا یاریدەدەربوون بۆ ئەوەی بێ رکەبەر ببێتە سکرتێری کۆمەڵە. ئەوەشی ئاشکرایە کە ئەو نە پێشترو نە ئەو کاتەش ئەوەی

نەشاردۆتەوە کە بڕوای بە مارکسیەتو چەکوژو داس نەبووەو هەر پێشتر کاتێ مام جەلالیش بۆ یەکەم جار دێتەوە کوردستان، ئەم پێی دەڵێت کە گوایە ئەوان کە لە دەرەوە هاتوون لەگەڵ ئەوانەی ناوەوەی وڵات کە پێدەچێت زیاتر مەبەستی کۆمەڵە بێت، تەنیا ناوەکەیان یەکە ئەگینا لە هیچ شتێکی تردا لە یەکتر ناچن. کەواتە لێرەوە دەتوانین بڵێین ئەگەر لە دامەزراندنی یەکێتیدا تا شەهیدبوونی ئارام کۆمەڵە وەکو رێکخراوێکی مارکسی لینینی ئیلهام وەرگرتوو بووبێت لە ماویزم، ئەوا لە هاتنی نەوشیروان مستەفادا مێژووی کۆمەڵە وەکو رێکخراوێکی مارکسی لینینی تەواو بووەو بووەتە یەکێتیو لە راستیشدا یەکێتی لەبەر باڵادەستبوونو توانای لە رادە بەدەری مام جەلال بەسەر هەموو بەرپرسانی یەکێتیدا وایکردووە بە ئاشکرا یەکێتی لە گوتارو رەفتاری سەرکردایەتیەکەیدا بە تایبەتی، وەکو درێژکراوەی باڵی مەکتەبی سیاسی جیابووەوە لە سەرکردایەتی بارزانی پێشتر دەربکەوێت. ئەگەرچی بە ئاشکرا لە رووی کاری پێشمەرگایەتیو پەیوەندی بە جەماوەرو رێکخستنەوە بە ئاشکرا کۆمەڵە تا ئەو کاتەی ئەخلاقیاتی کۆمەڵە باڵادەست بووەو تەنانەت تاکو ئێستاش لەلای تاکەکەسی پەروەردەبوو بە پەروەردەی راستەقینەی کۆمەڵە جیاوازی هەیە لە رووی رەفتارو هەڵسوکەوتو نزیکی لە جەماوەرەوە. دیارە شێوازی پەروەردەی کۆمەڵە جیاوازبووە لە پەروەردەی هەردوو باڵی پێشتری پارتی بە باڵی مەکتەبی سیاسی و باڵی سەرکردایەتی بارزانییەوە.

ئەوە ئاشکرایە کە لە دوای شەهیدبوونی ئارام ئیتر نەوشیروان مستەفا وەکو سکرتێری کۆمەڵە رۆڵی خۆیی بینیووە. کۆمەڵەش کە پێشتر وەکو رێکخراوێکی مارکسی لینینی ئیلهام وەرگرتوو لە تێزی ماوتسی تۆنگ خۆی نمایش کردووەو نەوشیروان مستەفاش پێشتر ئەوەی ئاشکرا کردووە کە باوەڕی بە مارکسیزم

لینینزم نەبووەو تەنانەت بڕوای بە بیری چەپیش لاواز بووە. کەواتە لێرەوە ناجۆرییەك دەکەوێتە نێوان یەکەم بڕیاربەدەستی کۆمەڵەو پێکهاتەی کۆمەڵەوە کە یان دەبێ سکرتێری نوێ لەبەر ئەو بەرپرسیارێتیەی کە کەوتۆتە ئەستۆی تێڕوانینی خۆی بگۆڕێتو بڕوا بەوە بهێنێت کە گۆڕینی بەرنامەی کۆمەڵە ئاسان نییە یان هەموو هەوڵی خۆی بخاتە کار بۆ گۆڕینی پرینسیپو روانینو تەنانەت بەرنامەی کۆمەڵە، کە لە راستیشدا بەراورد بە سەرکردایەتی کۆمەڵە لە رووی ئەو پاشخانەی فیکریو رۆشنبیریو شارەزاییەی ئەو کە لەسەرەوە باسمان کرد دەیتوانی خاڵی دووەمیان هەڵبژێرێت.  هەر وایشی کرد سەرباری نیشاندانی هەندێ نەرمی بەرامبەر بە مەسەلەی مارکسیزم- لینینیزم  بەڵام ئەو بە جیدی خۆی بۆ ئەوە تەرخان کرد کە ئاراستەی کۆمەڵەو روانینی کۆمەڵە بگۆڕێت. بەڵام ئایا بە ئاراستەیەکی نەتەوەییانە تر یان بەرەو جۆرێکی تر لە رێکخستن ئەوەیان رەنگە بە سەرپێی باس نەکرێت، بەڵام ئەوەی ئەو هەوڵی ئاشکرای بۆ دەدا سڕینەوەی مۆرکی مارکسیزم لینینیزم بوو لە کۆمەڵە کە رەنگە ئەگەر کۆمەڵە بەسەربەخۆیی بمایەتەوەو نەکەوتایەتە ژێر دەسەڵاتی رەهای مام جەلالو پاشانیش نەتوێنرایەتەوە، بە ئاراستەی زیاتر نزیکبوونەوە لە گوتاری ناسیونالیزمی کوردی بڕۆیشتایە بە تیبەتی لەو زنجیرە وتارانەی کە نەوشیروان مستەفاو فەریدوون عەبدولقادر لە ژمارەکانی گۆڤاری کۆمەڵەدا نووسیوویانە بە ئاشکرا ئاراستەی بەرەو کوردستانیبوونی تێڕوانینەکانیان دەبینرێت.

نەوشیروان مستەفا باسی ئەوە دەکات کە لەساڵی 1978 ەوە واتە دوای شەهیدبوونی ئارام، کەوتۆتە کاری جیدی بۆ رێکخستنەوەی کۆمەڵەو برەودان بە بواری فیکریو رۆشنبیری لە رووی نووسینو بلاْوکردنەوەو راگەیاندنەوە. هەر

لەو رووەشەوە وەرزنامەی کۆمەڵەیان دەرکردووە کە خۆی نووسەری سەرەکیو بزوێنەری سەرەکی وەرزنامەکە بووە. لە سەروتاری یەکەم ژمارەی ئەم وەرزنامەیەدا سەرباری ئەوەی باسێکی وردی مێژوویی سەبارەت بە گەلی کوردو چۆنێتی داگیرکردنو دابەشکردنی وڵاتەکەی دەکاتو لە بارەی سیاسەتی داگیرکەرانی کوردستانو تەنانەت ئیمپریالیزمی کۆنەپەرستەوە دەدوێت کە چۆن نەتەوەیەکی گەورەی وەکو کوردیان کردووەتە قوربانی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی خۆیانو چۆنیش کورد مێژوویەکی دوورو درێژە خەبات دەکات لە پێناوی ئازادیدا، بەڵام تاکو ئێستا بە کەمترین ئامانجی خۆی نەگەیشتووە. هەروەك باسی ئەوەش دەکات کە کۆمەڵە خەبات دەکات لە پێناوی لابردنی ئەو هەموو جەورو ستەمە لەسەر گەلی کوردو دروستکردنی بارودۆخێك کە کوردیش وەکو مرۆڤ بتوانێت بە ئازادی بژی. لە راستیدا ئەو سەروتارە کە لە نووسینی نەوشیروان مستەفایەو بەرنامەی خەباتو ئەرکی کۆمەڵە لەو کاتەدا دیاری دەکات گوتارێکی بارگاوی کراوە بە زۆرینەی رەگەزەکانی ناسیونالیزم واتە ناسیونالیزمی کوردی کە لە راستیدا لە دروستبوونی کۆمەڵەوە تا نووسینی ئەم وتارە کۆمەڵە تێڕوانینێکی بەم ئەندازە ئاشکرای نەبووە بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی کوردو شێوازی خەباتی ئەم نەتەوەیە بەڵکو تێڕوانینو بۆچوونەکانی پێشتر زیاتر لە ژێر کاریگەری بۆچوونەکانی ماوتسی تۆنگ بۆ شۆڕشی رزگاریو دیدی مارکسیزم لینینیزم بۆ شۆڕی پرۆلیتاریو زەحمەت کێشاندا بووە. بەڵام لێرەدا هەست دەکرێت روانینێك بەرجەستە بووە لە ئەنجامی خوێندنەوەی بارودۆخی واقیعی کۆمەڵگەی کوردیو تێگەیشتن لەو واقیعە بەرهەم هاتووە کە لە ئاستێکی تردا بیناکردنی ئاستێکە لە گوتاری ناسیونالیزمی کوردی. دیارە لە پاڵ ئەم بۆچوونە ناسیونالیستیەشدا کە بەشی

زۆری رووبەری ئەو سەروتارەی داگیر کردووە، جۆرە نەرمی نیشاندانێکیش بۆ مەسەلەی مارکسیزم لینینیزم دەبینیرێت کە ئەوەش دەشێ بۆ راگرتنی سۆزی رێکخستنو پێشمەرگەکانی کۆمەڵە بووبێت کە بەوجۆرە پەروەردە کراوون. لەم سەروتارەدا کە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی 1978 بلاّوکراوەتەوە هاتووە: کۆمەڵەمان، لەم قۆناغە گرنگو بایەخدارەی مێژووی کوردستانی عێراقدا کە رووبەڕووی فرمانە مێژووییەکانی سەرشانی بووە، لە مەیدانە جیاجیاکانی خەباتو تێکۆشانی سیاسی ئایدیۆلۆجی پێشمەرگەیی رێکخراوەیی...دا هەوڵ ئەدات بۆ تەواوکردنی  ئەم ئەرکانە لە رێگەی دەرکردنی وەرزنامەی کۆمەڵەوە کە ئەبێت نوێنەرەوەی رێبازی سیاسی فیکری  پێشمەرگەیی کۆمەڵەو هەڵگری مەشخەڵی بیروڕاکانی  ئەو بێتو هەوڵ ئەدات لە بەر تیشکی چرای مارکسیزم لینینیزم دا رێگەی سەرکەوتنی خەباتی گەلەکەمان رۆشن بکاتەوەو بەشدار ببێت لە گەیاندنی مەرجەکانی سەرکەوتنی دا(68). لێرەدا ئەوەی کە باس دەکرێت زیاتر بەرنامەی کارکردنی کۆمەڵەیە کە ئەوەی مایەی سەرنجە باسکردنی تیشکی چرای مارکسیزم- لینینیزمە چونکە ئەوەی ئاشکرایە کە ئەم سەروتارە لە لایەن دوا سکرتێری کۆمەڵەوە نووسراوە ئەویش هەر پێش ئەوەی ببێت بە سکرتێری کۆمەڵە رایگەیاندووە کە هیچ بڕوایەکی بە مارکسیزم- لینینیزم نەماوە. کەواتە لێرەدا جۆرە دوو فاقیەك دەردەکەوێت لە نێوان بڕوا نەبوون بە تێزێكو وەرگرتنی بەرپرسیارێتی یەکەمی رێکخراوێك کە لەسەر بنەمای بڕوابوون بەو تێزە دامەزراوە. بەهەرحاڵ ئەگەر کۆمەڵە لە دوای دامەزراندنی یەکێتی بەهۆی ئەو بارودۆخەوە کە تێیکەوتووە گوتارەکەی تەمومژاوی بووبێت ئەوا لەم وتارەی نەوشیروان مستەفاوە بەرنامەو گوتاری کۆمەڵە ئاشکراتر دەردەکەوێت کە لە نێوان گوتاری بارگاوی بووی یەکێتی لە

**دامەزراندنیدا بە ڕەگەزەكانی گوتاری عێراقیو عەرەبیوو گوتاری ناسیونالیزمی كوردی ئەوا لەم وتارەی سكرتێری نوێی كۆمەڵەدا گوتاری ئەم ڕێكخراوە بە جۆرێك بارگاوی دەبێت بە ڕەگەزەكانی گوتاری ناسیونالیزمی كوردی كە گوتاری یەكێتی لە دامەزراندنیدا لە شام پاسیڤ بكات.**

**بێگومان سەرباری ئەوەی كە گوتاری یەكێتی لە دامەزراندیدا لە ڕووی ڕەگەزەكانی گوتاری ناسیونالیزمی كوردییەوە لاوازبوو بە تایبەتی لەبەرامبەر بالأدەستی ڕەگەزەكانی گوتاری عێراقی و عەرەبیدا، بەلاّم لەو كاتەوە كە نەوشیروان مستەفا دەبێت سكرتێری كۆمەڵە دیدوبۆچوونەكانی ئەو دەسەلاّت بەسەر كۆی گوتاری یەكێتیدا دەكاتو لەگەڵ ڕۆیشتنی كاتدا جیاوازی لەگەڵ گوتاری كۆمەڵەدا نامێنێت. دیارە لەو ڕووەوە نزیكی تێڕوانینی سكرتێری یەكێتیو سكرتێری كۆمەڵەش لێكترەوە ڕێگا خۆشكەر بووە بۆ ئەوەی كە لە ڕێگای نزیكی بیروبۆچوونەكانەوە زەمینە بۆ تواندنەوەی كۆمەڵە لە نێو یەكێتیدا خۆش بكرێت. هەر لێرەوە دەتوانین بە ئاشكرا بڵێین لە هاتنی دوا سكرتێری كۆمەڵەدا گوتاری كۆمەڵەو گوتاری مام جەلال كە هێشتا بارگاوی بووە بە توخمو ڕەگەزەكانی گوتاری سەردەمی جەلالیەت دەبن بەیەك. دیارە ئەوەی دووەمیشیان واتە گوتاری مام جەلال بەهێزتر دەبێت كە سەرئەنجام وای لێدێت بەرنامەو ڕوانینو ستراتیژی یەكێتیش بریتی دەبێت لە ڕوانینو بیرو ستراتیژی كاركردنی مام جەلال كە ئەوەش دەبێتە هۆی بەرجەستەكردنی گوتاری یەكێتی نیشتیمانی كە بریتی بووە لە گوتاری مام جەلال. گەوهەری گوتاری مام جەلالیش لە كتێبەكەیدا بە ناوی ( كوردستانو بزووتنەوەی نەتەوەیی كورد ) بەرجەستە دەبێت كە لە دوای جیابوونەوە لە سەركردایەتی بارزانی نووسیوێتیو ساڵی 1970 لە بەیروت چاپی كردووە. مام جەلال لەم كتێبەیدا**

له بارەی درووشم یان ئامانجی شۆڕشی کوردەوە دەڵێت: بەدیهێنانی حوکمی زاتی بۆ کوردستان لە چوار چێوەی عێراقێکی دیموکراتی شۆڕشگێڕیدا، واتە بەرپاکردنی سیستێمێکی دیموکراتی شۆڕشگێڕ تێیدا(69). ئەگەر سەیری ئەم وتەیە بکەین لە کاتێکدا نووسراوە مام جەلال لە پارتی، واتە لە سەرکردایەتی بارزانی جیابووەتەوەو دەتوانین بڵێین ئەمە گەوهەری بیروبۆچوونی خۆیەتی سەبارەت بە شێوازی چارەسەکردنی کێشەی کورد لە عێراقدا. دیارە ئەم کتێبەش کاتێك چاپکراوە کە سەروبەندی دامەزراندنی کۆمەڵە بووەو ئەوەش ئاشکرایە کە مام جەلال لە پێش درووستبوونی کۆمەڵەدا سەرتۆپی ئەو رۆشنبیرانە بووە کە دواتر لە دامەزراندنی کۆمەڵەدا بەشداربوون یان دەوریان هەبووە. کەواتە دەتوانین بڵێین لە ئاستی یەکەمدا کاریگەری بۆچوونەکانی مام جەلال بەسەر کۆمەڵەوە ئاشکرا بووە. لە ئاستی دووەمیشدا کە یەکێتی پێکهاتووە گوتاری یەکێتی لە چوارچێوەی ئەم وتەیەی مام جەلال دەرنەچووە کە پێش شەش ساڵ لە دامەزراندی یەکێتی بلاْوی کردۆتەوە. کەواتە دەتوانین بڵێین لە درووستبوونی یەکێتی نیشتیمانیەوە گوتاری یەکێتی بریتی بووە لە بەرجەستەکردنی روانینو بۆچوونەکانی مام جەلال بە تایبەتی لە دوای جیابوونەوە لە سەرکردایەتی بارزانی، هەر ئەوەش وایکردووە کە گەوهەری هەڵوێستی مام جەلال بەرامبەر بە بنەماڵەی بارزانی لە گوتاری یەکێتی نیشتیمانیدا بالاْدەست بێت. بە تایبەتی لە دوای شەهیدبوونی ئارامیش، کە دوا سکرتێری کۆمەڵە واتە نەوشیروان مستەفا دێت ئەویش وەکو قوتابیو شوێنکەوتوویەکی دڵسۆزی مام جەلال کە لە رووی دیدو بۆچوونەوە لەسەر زۆربەی زۆری مەسەلەکان جیاوازی نەبووە لەگەڵ مام جەلال، ئیتر زەمینە بۆ ئەوە باشتر سازاوە کە گوتاری یەکێتی ببێتە گوتارێك هاوشێوە بێت لەگەڵ

گوتاری باڵی مەکتەبی سیاسیدا، بە تایبەتی لە دوای گەڕانەوەیان بۆ لای رژێم کە ئەو کاتە بۆ ئەوان وەکو قۆناغی پەروەردەی رۆشنبیری‌و فیکری دادەنرێت، کە لەوێوە ئاراستەی روانینی ئەو باڵە دیاری دەکرێت کە دواتریش دەبێتە ئاراستەی سەرکردایەتی کردنی یەکێتی نیشتیمانی. کەواتە بە ئاشکرا ئەوە دەبینرێت کە ئەگەر شتێك وەکو مۆرکی کۆمەڵە لە دامەزراندنییەوە تا شەهیدبوونی ئارام بەو شێوە شۆڕشگێڕییە رۆمانسیەی کە وەکو بەشێك لە رۆمانسیەتی مارکسیزم لینینزم هەبووبێت، ئەوا لە دوای ئارام ئەو لایەنە رۆمانسیە لە بەرنامەو گوتاری کۆمەڵەدا بەلاوە نراوە ئەویش بە کاریکەری سکرتێری نوێی کۆمەڵە وەکو کەسێك کە زیاتر لە خەیاڵ و تێڕوانینی رۆمانسیانەی شۆڕشگێڕانە، دیدی ریالیستانەی هەبووەو توانیوویشێتی تا ئەندازەیەکی باش واقیعی کۆمەڵگەی کوردی‌و کێشەو ململانێ‌و کەموکورتی‌و خاڵە لاوازەکانیش ببینێت. ئەم تێڕوانین‌و شێوازی کارکردنەی دوا سکرتێری کۆمەڵە وایکردووە یەکێتی‌و کۆمەڵە یەك دیدو بۆچوون‌و بەرنامەی کاریان هەبێت کە ئەوەش ببێتە بنەما بۆ تواندنەوەی کۆمەڵە لە ناو یەکێتیدا. بەلام لە رووی گوتارەوە سەرباری ئەو تێڕوانینانەی کە سکرتێری کۆمەڵە لە سەروتاری ژمارە یەکی گۆڤاری کۆمەڵەدا خستبوونیە روو، لەو کاتەوە هەتا راپەڕینی گەلی کوردستان لە بەهاری 1991دا گوتاری یەکێتی کە کۆمەڵەش بەشێك بوو لەوو ئێستا یەك گوتاریان هەبوو، هیچ گۆڕانکارییەك بەسەر گوتارەکەیاندا نەهات‌و خاڵی ئەوپەڕینی داواکارییەکانی یەکێتی نیشتیمانی هەتا دوای راپەڕین‌و پێکهێنانی پەرلەمان‌و حکومەتی هەرێم لە چوارچێوەی دیموکراتی بۆ عێراق‌و ئۆتۆنۆمی راستەقینە بۆ کوردستان تێپەڕی نەکردبوو. راستە دەربڕینی بڕیاردانی مافی چارەی خۆنووسین باس دەکرا بەلام لە گوتاری

**یەکێتیدا مافی چارەی خۆنووسین بە مانای سەرەبەحۆیی‌و درووستکردنی دەوڵەت نەبووە . کەواتە پرسیارەکە ئەمەیە ئایا گوتاری یەکێتی نیشتیمانی لە کوێی گوتاری ناسیونالیزمی کوردیدا بووە؟**

**گوتاری یەکێتی نیشتیمانی لە نێوان داواکاری ئۆتۆنۆمی‌و ئۆتۆنۆمی راستەقینەدا ماوەتەوە کە ئەمەی دووەمیان وەکو پێشتر گوتمان لە فەرهەنگی سیاسیدا بوونی نییە کەواتە بەرزترین ئاستی داواکاری یەکێتی نیشتیمانی ئۆتۆنۆمی بووە ئیتر هەر ناوێکی تری لێنرابێت وەکو بڕیاردانی مافی چارەنووس یان هەر دەربڕینێکی تر، هیچ مانایەکی نییە چونکە ئاستی داواکارییەکان شوناسی گوتار دیاری دەکات. ئەمە سەرباری ئەوەی کە بەردەوام لە بەرنامەو پەیڕەوو راگەیاندی یەکێتی نیشتیمانیدا مەسەلەی یەکێتی خاکی عێراق‌و هاوخەباتی لەگەڵ هێزە دیموکرات‌و شوڕشگێڕەکانی عێراقدا هەڵوێستێکی ئاشکرای یەکێتی نیشتیمانی بووە. ئەگەر سەیری شێوازی بایەخدانی بە پەیوەندییەکانی لەسەر ئاستی کوردستان‌و پەیوەندییەکانی لەگەڵ هێزە عەرەبە عێراقیەکاندا بکەین بە تایبەتی ئەوانەیان کە سەربە سوریا بوون یان دوای شۆڕشی ئیسلامی ئێران سەربە ئێران بوون ئەوا بە ئاشکرا دەردەکەوێت رەنگە ئاستی پەیوەندییەکان لەگەڵ هێزە عەرەبە عێراقیەکان کەمتر نەبووبێت لەگەڵ ئاستی پەیوەندی یەکێتی لەگەڵ هێزە کوردییەکان بە تایبەتی لە پێش درووستبوونی بەرەی کوردستانیدا.**

**یەکێتی نیشتیمانی وەکو رێکخراوێکی دیارو جەماوەردار بە تایبەتی لە دوای سەرهەڵدانی شەڕی عێراق- ئێران کە لە رووی هێزی پێشمەرگەشەوە پەرەی سەندبوو، گۆڕانێکی ئەوتۆ بەسەر گوتارەکەیدا نەهات کە شایانی باس بێت بەڵکو خراپی پەیوەندیشی لەگەڵ زۆرینەی لایەنە کوردییەکانی تری نێو**

گۆڕەپانی خەبات لە کوردستاندا ڕێگا خۆشکەر بوو بۆ ئەوەی کە لە پایزی ساڵی 1983دا لەگەڵ ڕژێمدا بکەوێتە گفتوگۆوە. هەر لەم بارەیەوە نەوشیروان مستەفا باسی ئەو کۆبوونەوانە دەکات کە لە بەهاری ساڵی 1982دا قاسملۆ لەگەڵ سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کردوویەتیو چەندین جار قاسملۆ باسی ئەوەی کردووە کە یەکێتی نیشتیمانی گفتوگۆ لەگەڵ بەعس بکات. سەرئەنجام یەکێتی بەرنامەیەکی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە عێراق یان بۆ گفتوگۆ لەگەڵ بەعس پێشکەش کردووە کە تیایدا دەڵێت: بەم پێیە بەعس ئەبێ لە مەیدانی سەلماندنی مافی نەتەوەیی گەلی کورددا نەك هەر مافی ئۆتۆنۆمی بسەلمێنێ، بەڵکو ئەبێ دان بە مافی ئازادی بڕیاردانی چارەنووسیدا بنێ. دووەمیان: ڕێکەوتنێکی قۆناغی سنووردار، لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا لەسەر بنچینەی سەلماندنی ئۆتۆنۆمی راستەقینە، بە چەشنێك کە تەنیا کاروباری:( دیفاعو مالیەو خارجیە) لە دەسەلاتی حکومەتی مەرکەزی بێو کاروبارەکانی تر لە دەسەلاتی حوکمی ئۆتۆنۆمی بێ(70).

راستە لەم وتەیەی سەرەوەدا باسی ئەوە کراوە کە دەبێ بەعس دان بە مافی ئازادی بڕیاردانی چارەنووسی کورددا بنێت. سەرەتا ئەو مافی بڕیاردانی چارەنووسەی کە یەکێتی نیشتیمانی بەردەوام باسی کردووە بە پێی بەرنامەی یەکێتیو کردنی، ئۆتۆنۆمی راستەقینە ئاستی ئەوپەڕینی داواکانی بووە لەو کاتەدا. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بڕیاردانی چارەنووس هەمان شێوەی ئۆتۆنۆمی راستەقینە هیچ مانایەکی نییەو بڕیاردانی مافی چارەنووسیش بۆ گەلێکی بن دەست جگە لەسەربەخۆییو دەوڵەت هیچی تر ناگرێتەوە. هەروەك کاتێکیش باسی ڕێکەوتنی سنووردار لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا دەکرێت لەو خاڵەی سەرەوەداو پێداگری لەسەر ئۆتۆنۆمی راستەقینە دەکرێتەوە ئیتر

بوارێك بۆ ئەوە نامێنێتەوە کە لە چوارچێوەی راستەقینەی بڕیاردانی مافی چارەنووسدا باسی گوتاری یەکێتی نیشتیمانی بکرێت. بەڵگو گوتاری ئەم رێکخراوە لە ساڵی 1982دا کە لە لوتکەی بەهێزی خۆیدا بووەو خۆی بۆ گفتوگۆ ئامادەکردووە، لەو کاتەدا هەڵگری گوتاری ئۆتۆنۆمی بووە. دیارە ئەوەش ئاشکرایە کە لە بەرامبەر گوتاری ناسیونالیزمدا کە تەنیا لە بەرنامەو پرۆژەی پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیدا پێناسە دەکرێت، گوتاری ئۆتۆنۆمی زۆر بچوكو مەودا تەسکەو هاوشێوەی گوتاری ( شاری ناتەواوی ) فارابیە کە ئەویش هاوشێوەی گوتاری میرنشینی کوردییە، کە گوتاری میرنشینیش گوتارێکی ناوچەیی سرووشت خێڵاٚیەتیەو، هەم لە سەرئاستی جوگرافیاو هەم لەسەر ئاستی پێکهاتەی مرۆیی ناوچەیەکی سنووردار دەگرێتەوە کە زیاتر رایەڵەی خوێنو دەمار سنوورو مەوداو فراوانی ئەو رووبەرە دیاری دەکات. بە هەمان شێوە گوتاری ئۆتۆنۆمیش لە روانگەی ئەو کاتەی یەکێتیەوە لەسەر زەمینەی واقیعی کوردستان گوتارێکی سنوور تەسکی ناوچەگەرییانەیە لە رووی جوگرافیاوە چونکە ئەو کاتە سنووری قەڵەم رەوی یەکێتی نیشتیمانی جوگرافیای سلێمانیو دەسەلاٚتێکی پچڕپچڕیش لە دەوروبەری هەولێرو لە بادینانیش ئامادەبوونێکی ئەوتۆی نەبووە. هەروەك لە رووی مرۆیشەوە ئەندامانو لایەنگرانی یەکێتی خۆی لایەنگری ئەو گفتوگۆیە بوون لە کاتێکدا ئەو زەمینەسازی بۆ ئەوە دەکرد کە بە تەنیا هەر خۆی وەکو تاکە هێزێکی کوردی نێو بزووتنەوەی کوردی ئەو کاتە بکەوێتە گفتوگۆوە لەگەڵ رژێمی ئەو کاتەو لە راستیشدا هەروای کرد. بەبێ ئەوەی کە گوێ بەوە بدات لە کوردستاندا چەندین حیزبو رێکخراوی تر هەن و ئەوانیش ئامادەبوونیان هەیە لەسەر گۆڕەپانی خەباتی نەتەوەیی کوردی ئەو گفتوگۆی خۆیی دەست پێکرد. کەواتە

ئەوە ئاشکرایە کە گوتاری یەکێتی نیشتیمانی بە ئاشکرا گوتاری ئۆتۆنۆمی بووەو لەسەر ئەو گوتارەش گفتوگۆی پایزی 1983 دەستی پێکرد لەگەڵ بەعسدا. دیارە لە روویەکی تریشەوە یەکێتی لەو گفتوگۆیەدا تووشی کورت بینیەکی ئاشکرا بووە چونکە دەبێ بپرسین چۆن بڕوای بە خۆی هێناوە کە بەعس سرووشت و شێوازی سیاسەتی خۆی بگۆڕێت بە جۆرێك کە لە سیستێمێکی تۆتالیتاری شمولی لەو جۆرەوە بگاتە ئاستێك دان بە مافە دیموکراسەکاندا بنێت. بێگومان لە دوای گفتوگۆی ساڵی 1983-1984ی یەکێتی لەگەڵ بەعس، ئیتر بە تەواوەتی ئەوە ئاشکرا دەبێت کە یەکێتی نیشتیمانی چۆن باسی بەرنامەو خواستەکانی خۆی بکات، گرنگ نییە بەڵکو ئەوەی گرنگە ئەوەیە ئەو وەکو هێزێکی گەورە لە بواری پراکتیکداو لەسەر زەمینەی واقیع گفتۆگۆ لەسەر ئۆتۆنۆمی دەکات. وەکو پێشتریش گوتمان ئۆتۆنۆمی لە سایەی عێراقێکی دیکتاتۆریدا، هەمان ئەو وەهمەیە کە بزووتنەوەکانی کوردی تێدابوون لە دوای جەنگی دووەمی جیهانەوەو بە ئومێدی ئەوە بوون لە سایەی رژێمە تۆتالیتارو دیکتاتۆرە داگیرکەرەکانی کوردستاندا کورد مافەکانی بەدەست بهێنێت.

دیارە ئۆتۆنۆمیش لە خوار ئاستی داواکاریو مافی نەتەوەوەیە، هەر لێرەوە سرووشتی گوتاری یەکێتی بە ئاشکرا دەردەکەوێت کە لە خوار ئاستی گوتاری ناسیونالیزمی کوردییەوەیەو هیچ پەیوەندییەك لە نێوان گوتاری ناسیونالیزمی کوردیو ئۆتۆنۆمی لە سایەی عێراقێکی یەکگرتوودا درووست نابێت.

ئەم گوتارەی یەکێتی نیشتیمانی وەکو خۆی ماوەتەوە هەتا دوای راپەڕینی بەهاری ساڵی 1991 کە دوای پاشەکشەکردنی هێزەکانی رژێمی بەعس لە بەشێکی کوردستانو هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، پاش ماوەیەك لە

دامەزراندنی، پەرلەمانی کوردستان بڕیاری فیدراڵی بۆ کوردستانی عێراق لە سایەی عێراقێکی یەکگرتوودا دا، کە دیارە ئەمیش گۆڕانکارییەکی گەورە نەبوو لە بەرنامەی یەکێتیو پارتیو بزووتنەوەی کوردیدا لە باشووری کوردستان چونکە خاڵی گرنگ کە مانەوەیە لە چوارچێوەی عێراقدا هەروەکو خۆی ماوەتەوە. هەروەها مەسەلەی دەوڵەتی کوردیش بە هیچ شێوەیەك نەبووەتە بەشێك لە بەرنامەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانو پارتیو لایەنەکانی تری سەر گۆڕەپانی سیاسی باشووری کوردستان. واتە لە دوای راپەڕینیش بزووتنەوەی کوردی بە گشتیو یەکێتیو پارتیش بە تایبەتی هیچیان نەبوون بە هەڵگری گوتاری ناسیونالیزمی کوردی خاوەن شووناس کە خۆی لە سەربەخۆییو درووستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردیدا دەبینێتەوە.

## 7- گوتاری فاشیزم یان رەفتار فاشی:

یەکێ لەو دەربڕینانەی کە لە سەرەتای درووستبوونی یەکێتی نیشتیمانییەوە گوێبیستی بووینو تا دوای رواخاندنی رژێمی بەعسیش دەربڕینی رەفتار فاشیە. بەردەوام مام جەلال ئەم دەربڕینەی دەگووتەوە. دیارە ئەم دەربڕینەش شتێك نەبووە لە خۆوە هاتبێت بەڵکو لە دایکبوونی ئەم دەربڕینە پەیوەندی بە چەند هۆکارێکەوە هەبووە. ئێمە دەزانین کە یەکێتی نیشتیمانی لە سووریا درووستبووە. لەو کاتەشداو تاکو ئێستاش حیزبی بەعس فەرمانڕەوای سووریایە

كە نوێنەری ناسیونالیستی عەرەبیەو لەگەڵ حیزبی بەعسی عێراقدا لەسەر هەمان بنەماو بەرنامەو روانین درووستبوون‌و هەر یەك حیزب بوون‌و میشیل عەفلەق درووستی کردوون. ناوهێنانی بەعس بە فاشیزم شتێك نییە لە خۆوە درابێتە پاڵ بەعس. لە راستیدا بەعس بە بەعسی عێراق‌و بە بەعسی سووریاوە هەردووکیان کۆی خاسێتەکانی فاشیزمیان هەبووە. بەلاّم خۆبواردن لە ناوهێنانی بەعس بە فاشی دەشێ بۆ ئەوە بوو بێت کە سووریا زویر نەبێت. هۆکاری دووەم دەشێ لەو روانینەوە بووبێت کە خۆیان بپارێزن لەوەی خاسێتی فاشیزم بدرێتە پاڵ ناسیونالیستی عەرەبی. هۆکاری سێیەم دەشێ لە بەرنامەی یەکێتیدا ئەگەر لە ئاستی شاراوەشدا بووبێت بەردەوام ئومێدی رێکەوتن لەگەڵ رژێمی بەعسدا هەبووبێت. دیارە ناکرێت رێکەوتن لەگەڵ رژێمێکی فاشیدا بکرێت. داماڵینی خاسێتی فاشیزم لە بەعس بە مەبەستی رەتنەکردنەوەی دانووسان‌و رێکەوتن بووبێت لەگەڵیدا.

ئایا بەراستی بەعس حیزبێکی فاشیە؟ ئایا فاشیزم چیە؟ رەنگە پێناسەیەکی تەواو جێگیر بۆ فاشیزم هەندێ جار ببێتە مایەی گفتوگۆ لەسەر کردن لەو روانگەیەوە کە فاشیزم پەیوەندییەکی زۆر نزیکی لەگەڵ ناسیونالیزم هەیە.. فاشیزم ئایدیۆلۆجیای باڵی راستی ناسیونالیستە، یان بزووتنەوەیەکە بنیادێکی تۆتالیتاری هەرەمی هەیە کە لە بنەڕەتدا دژی دیموکراسی‌و لیبڕالیزمە(71). لە پێناسەیەکی تردا هاتووە: فاشیزم شێوەیەکە لە ناسیونالیزمی رادیکالیزمی توونڕەو کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستی ئەورپادا دەرکەوت. فاشیستەکان ( وەکو بکەری فاشیزم ) هەوڵدەدەن بۆ یەکگرتنی نەتەوەکەیان لە رێگای دەوڵەتی تۆتالیتارەوە کە ئامادەباشی بزووتنەوەی جەماوەریی کۆمەڵێ نەتەوەیی بەهێز دەکات(72). یان فاشیزم سیستێمێك یان بزووتنەوەیەك یان فەلسەفەیەکی

سیاسیه، دەوڵەتو ڕەگەز پیرۆز دەکاتو داوای دامەزراندنی دەسەلأتێکی ئۆتۆکراتی مەرکەزی دەکات کە سەرکردەیەکی دیکتاتۆر لە لوتکەی ئەو دەسەلأتەدا بێتو دەسەلأتی هەبێت بەسەر کۆی شێوازەکانی چالاکی نەتەوەیدا(73). نموونەی ئەم سیستێمەش، سیستێمی فەرمانڕەوایی مۆسۆلینیە لە ئیتالیا لە ساڵی 1922 بۆ 1943. هەروەك فاشیزم لەسەروەختی هیتلەردا لە ئەڵمانییە گەیشتووەتە بەرزترین ئاستی. ئێستا ئەگەر سیستێمی بەعس لە عێراقو لە سووریاشدا بەهەرکام لەم پێناسانە بپێوین ئەوا بە ئاشکرا دیارە نەك کەمیان نییە لە ئاستی پێناسەکانی فاشیزمدا بەڵکو لە هەندجێ رووەوە تێپشیان پەڕاندووە. کەواتە دەربڕینی ڕەفتار فاشی لە کوێی ئەم پێناسانەدا جێگای دەبێتەوە؟

دیارە لە ئاستی نەبینراودا ئەوە دەبینرێت کاتێك بە ڕژێمێکی وەکو ئەوەی بەعس دەگوترێت ڕەفتار فاشی مانای ئەوەیە ئەگەری ئەوە هەیە کە ئەم ڕژێمە گۆڕانکاری بەسەردا بێتو ڕەفتاری خۆی چاك بکات. کاتێکیش دەگوترێت ڕەفتار فاشی مانای وایە ئەو سیستێمە لە پێکهاتەو بیرو ئایدیۆلۆجیادا فاشیست نییە بەڵکو بەجۆرێك ڕەفتار دەکات کە لە فاشیست دەچێت. دیارە ئەوە ئاشکرایە لە فەرهەنگی سیاسیدا زاراوە یان دەربڕینی لە جۆری ڕەفتار فاشی بوونی نییە. بەڵکو ڕاستیەکەی ئەوەیە ڕژێمێکی سیاسی ئیداری یان فاشیە یان نا. هەڵبەت ناو هێنانی بەعس بە ڕەفتار فاشی لەلایەك بۆ ئەوەیە کە بەعسی سووریاو ناسیونالیزم عەرەبی نیگەران نەبن لەلایەکی تر بۆ ئەوەیە ئەگەر یەکێتی لە هەر قۆناغێکدا بۆی لوا لەگەڵ بەعس ڕێکەوتنی کرد بڵێت بەعس حیزب یان سیتێمێکی فاشی نییە بەڵکو ڕەفتارو هەڵسو کەوتەکانی فاشیانە بووەو ئێستا

خۆی چاك كردووە، یان بەڵێنی خۆچاك كردنی داوە، وەكو ئەوەی لەكاتی گفتوگۆی ساڵی 1983-1984 ی نێوان یەكێتیو بەعسدا ئەوەمان دەبیست.

بەهەرحاڵ گوتاری بەعس ئاشكرا بووەو بریتی بووە لە گوتاری فاشیزم. بەڵام لە یەكەم بەیانی درووستبوونی یەكێتی نیشتیمانییەوە لە شام، هەوڵدراوە ئەو رووەی گوتاری بەعس بشارێتەوە كە ئەوەش نەك سوودی بۆ یەكێتی نیشتیمانیو گوتاری ئەم حیزبە نەبووە بەڵكو بووەتە مایەی جۆرێك لە تێڕوانینی تایبەتی بۆ گوتاری یەكێتی كە بۆ یەكەم جار لە شامەوە راگەیەندراوە. دیارترین خاسێتەكانی بەعس لە هەردوو وڵات بوونی سیستێمێكی تۆتالیتاری رەگەزپەرستی دژ بە دیموكراسیو لیبرالیزمو سادەترین بنەماكانی مافی مرۆڤو ئازادییەكان بووە. واتە ناتوانرێت بڕوا بەوە بهێنرێت ئەگەر رێكخراو یان سیستێمێكی سیاسی لە گەوهەرو ماهیەتیدا فاشی نەبێت رەفتارو هەڵسو كەوتەكانی فاشیانە بێت. چونكە رەفتارو هەڵسوكەوت بێجگە لە رەنگدانەوەو گەوهەرو ماهیەت هیچی تر نییە. كۆی رەفتارو هەڵسو كەوتو كردەوكانی بەعس لە هەردوو وڵات فاشیزمانە بووەو تاكو ئێستاش رژێمی بەعس لە سووریاو پاشماوەكانی بەعس لە عێراق دیارترین نوێنەرایەتی فاشیزمن. كەواتە رژێمی رەفتار فاشی چ مانایەكی هەیە؟ هەڵبەت ئەمەش بەشێكە لە ناروونی گوتاری یەكێتی نیشتیمانی كە سكرتێری ئەم حیزبە داهێنەری ئەم جۆرە چەمكو دەربڕینانەیە. بێگومان یەكێتی لەم جۆرە دەربڕینانە سوودێكی پێنەگەیشتووە مەگەر لەلایەن رژێمی فاشی سووریاوە بە تایبەتی لەسەرەتای دامەزراندنی یەكێتیدا. بەڵام لە لایەكی ترەوە لە رووی مەعنەوییەوە ناوهێنانی بەعس بە رەفتار فاشی زیانی بۆ یەكێتی هەبووەو ئەوەی نیشاداوە كە یەكێتی رووبەرێكی بۆ گفتوگۆو دانووسان لەگەڵ بەعسدا

**هێشتووەتەوەو ویستوویەتی بڵێت بەعس فاشی نییە بەڵکو لە رەفتاردا فاشیانە رەفتار دەکاتو ئەوەش مادەم بەشێك نییە لە گەوهەری ئەم حیزبە کەواتە دەشێ لێی دوور بکەوێتەوەو لەبارێکی وەهاشدا دەشێ مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. بێگومان یەکێتی لەو رووەوە بە تەنیا گفتوگۆی لەگەڵ ئەو رژێمە کرد. بەلاّم نەك هیچی بەدەست نەهێنا بەڵکو ئەو گفتوگۆیە زیانی گەورەی لە یەکێتی نیشتیمانی دا، هەم لە رووی مەعنەوییەوە هەم لە رووی مرۆیيو مادییەوە بە تایبەتی لە بواری رێکخستن ئەو زیانانەی کە دواتر بەری کەوت زۆر زۆر بوون. بێگومان لە ئاستێکی تردا ناوهێنانی بەعس بە رەفتار فاشی، پەیوەندی بە نەبوونی گوتاری ناسیونالیستی کوردی خاوەن شووناسەوە هەیە لەو کاتەی یەکێتیدا چونکە ئەگەر یەکێتی خاوەنی گوتاری ناسیونالیزم بووایە ئەوا بەرنامەی سەربەخۆییو دەوڵەتی دەبوو کە گەوهەری ئەو بەرنامەیەش رەتکردنەوەی ژێردەستەییو کۆیلایەتییە بۆ رژێمێکی فاشی تۆتالیتار کە دان بە بوونی کورددا نانێت، بەلاّم رەفتار فاشی دەشێ رەفتاری خۆی بگۆڕێتو دان بە شتێکی لەو جۆرەدا بنێت بەلاّم دیارە ئەوە لە مێژووی بەعسدا روونەداو هەرگیز رەفتاری خۆیی نەگۆڕی چونکە رەفتاری بەعس بەشێکە لەگەوهەرو بوونو ماهییەتی بەعس.**

**سەرچاوەکان:**


1- **برایم جەلال، چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە، سلێمانی،**2011**،ل**.19.

2- **گۆڤاری کۆمەڵە، خولی یەکەم، ژمارە(**1**)، پایزی** 1978**، ل. ر**

3- **برایم جەلال، چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە، ل،**22.

4- **فوئاد قەرەداخی، رۆژنامەی هاوولاّتی، ژمارە،** 411**، رۆژی،** 6-5-2008.

5- هەمان سەرچاوە، هەمان ژمارە.

6- فەرەیدوون عەبدولقادر، لە کتێبی: کۆمەڵە لە سێدارەوە بۆ راپەڕین، سلێمانی، 2013، ل 80-81

7- نەوشیروان مستەفا، لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ،1997، ل47.

8- صلاح الخرسان ، التیارات السیاسیه فی کوردستان العراق، ص 326. هەروەها سەروەر عەبدولرەحمان_ یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، سلێمانی،

9- نەوشیروان مستەفا، لە کەناری دانووبەوە، ل 171.

10-فوئاد قەرەداخی، هەمان سەرچاوەی پێشووتر.

11- عارف کەریم، رۆژنامەی هاوولاتی، ژمارە، 427، 1-6-2008.

12- گۆڤاری کۆمەڵە، ژمارە (1 )، پایزی 1978، ل.4.

13- برایم جەلال، چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە،ل 24.

14- برایم جەلال، هەمان سەرچاوە،ت23.

15- برایم جەلال، هەمان سەرچاوە،ل 26.

16- فوئاد قەرەداخی، رۆژنامەی هاوولاتی، ژمارە، 412.

17- فوئاد قەرەداخی، هەمان سەرچاوەی پێشووتر.

18- صلاح الخرسان، التیارات السیاسیه فی کوردستان العراق،2011،صص326-327.

19-هەمان سەرچاوە، ل. 1

20- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل327.

21- فەریدوون عەبدولقادر، کۆمەڵە لە سێدارەوە بۆ راپەڕین، ل

22- صلاح الخرسان، التيارات السياسيه فى كوردستان العراق، ص.327.

23- هەمان سەرچاوەی پێشووتر، ل328.

24- مامۆستا جەغفەر، چەپكێك لە مێژووی كۆمەڵە یان بەڵگەنامەی ئیفلاسی سیاسیەكی گومناو، دەستنووس، ل6.

25- صلاح الخرسان، التیارات السیاسیه، ص332.

26- برایم جەلال، چەپكێك لە مێژووی كۆمەڵە، ل33.

27- برایم جەلال، هەمان سەرچاوە، ل23.

28- ئالآی شۆڕش، ژمارە یەك، ساڵی 1977.، محسن عەلی ئەكبەر، چەپكێكی ژاكاو،2012، ل. 56،57.

29- هەمان سەرچاوە.

30-نەوشیروان مستەفا، لە كەناری دانووبەوە، ل64.

31- هەمان سەرچاوە، ل64.

32- مامۆستا جەعفەر، چەپكێكی مێژووی كۆمەڵە یان...، ل14.

33 - مەلا بەختیار، چۆن چەپكێكو كام مێژووی كۆمەڵە؟ سلێمانی، 2012، ل 230.

34- الدكتور محمد عابد الجابری، الخگاب العربی المعاصر، بیروت، 1982،ص 8.

35- هەمان سەرچاوە، ل 8.

36 - عەتا قەرەداخی، ستراتیژو کەسێتی نەتەوەیی کورد، سلێمانی، 1998، ل68

37- الدکتور محمد عابد الجابری، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل17.

38- الدکتور عزالدین مصگفی رسول، احمدی خانی، شاعیرا و مفکرا و فیلسوفا، ص 12

39- مامۆستا جەعفەر، بیری کوردی، ل. 24

40- عەتا قەرەداخی، گوتاری مانەوە، گۆڤاری خەرمانە، ژمارە (4)، سوید،1992.

41- نەوشیروان مستەفا، لە کەناری دانووبەوە، ل 71.

42- البیان الاول للاتحاد الوگنی الکردستانی، ئەم بەیانە لە چەند شوێنێك بلاوکراوەتەوە بۆ نموونە لە گۆڤاری الشرارە

ژمارە 1ی تتشرینی یەکەمی ساڵی 1975.

43 - Oxford Conscise Dictionary of politics, p. 31.

44. Ibd, p.31.

45- البیان الاول للاتحاد الوگنی الکردستانی.

46- اسماعیل بیشکجی، کردستان المستعمره الدولیه، ص93.

47- **البیان الاول للاتحاد الوگنی الکردستانی.**

**48- هەمان سەرچاوە.**

49- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

50- بيان الاتحاد الوگنی الكردستانی بمناسبە الدكری الرابعە عشر لپورە ايلول.

51- گوتاری مانەوە، عەتا قەرەداخی گۆڤاری خەرمانە، ژمارە (4) سوید، 1992.

52- الاتحاد الوگنی الكردستانی لمادا؟

53- هەمان سەرچاوە.

54- الشرارە، العدد الاول، تشرين التانی، 1975.

55- هەمان سەرچاوە.

56- هەمان سەرچاوەی پیشوو.

57- نەوشیروان مستەفا، لە کەناری دانووبەوە، 407.هە روەها الشرارە، وتاری النصر للتورە العراقيە الديموقرايە المندلعە فی جبال كردستان عراق، ايلول، 1976.

58- رێبازی نوێ، ژمارە (1)ی کانوونی دووەمی 1976، سەروتار.

59- نەوشیروان مستەفا، لە کەن اری دانوبەوە، ل180.

60- هەمان سەرچاوە، ل 182.

61- صلاح الخرسان، التيارات السياسيە، ص 369.

62- نەوشیروان مستەفا، لە کەناری دانوبەوە، ل167.

63- هەمان سەرچاوە، ل 229.

64- مامۆستا جەعفەر، چەپکێ لە مێژووی کۆمەڵە یان...،ل 23.

65- نەوشیروان مستەفا، لە کەناری دابوبەوە، ل 251-252.

66- هەمان سەرچاوە، ل252.

67- هەمان سەرچاوەی پێشووتر، ل 250.

68- ژمارە یەکی وەرزنامەی کۆمەڵە، تشرینی دووەمی 1978. هەروەها نەوشیروان مستەفا، پەنجەکان یەکتر

ئەشکێنن، 1997، ل11.

69- جەلال تاڵەبانی، کوردستان‌و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، چاپی یەکەم 1970،چاپی کوردی، سلێمانی، 2011،

ل،184.

70- نەوشیروان مستەفا، پەنجەکان یەکتر ئەشکێنن، ل260.

71- Iain Mclean and Alist Air Mcmilan, Oxford Concise Dictonary of Politics, Oxford university Press1996, p.192.

72. Wickepedia, What is Fascism?

73- Fascism and Nationalism, Definition and History, taken from Wickepedia.

## 10-بەشی دەیەم:

# گوتاری حیزبی سۆشیالیستی کوردستان:

**سەرەتا:**

**حیزبی سۆشیالیستی کوردستان یەکێکە لەو حیزبانەی کە راستەخۆ لە دوای شکستی ساڵی 1975 شانبەشانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان دەستی داوەتە**

چالاکی ڕێکخستن‌و ڕاستەخۆش بە ماوەیەکی کورت لە دوای شکستی شۆڕش هاوشانی کۆمەڵە خەباتی چەکداری دەست پێکردووە.

بزووتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان کە لە دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول درووست بوو لە لایەن بەشێك لە کادیرە دیارەکانی پێشتری ناو پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دامەزرێنرا کە دەشێ ئەم کادیرانە بڕوایان بەوە هەبووبێت درێژە بە خەبات بدەن‌و خۆنەدەنە دەستی واقیعی شکستی شۆڕشەوە. بەڵام دیارە بۆ ئەو کاتە نەیانتوانیووە سەنگەری بزووتنەوە چەکدارییەکە چۆل نەکەن‌و درێژە بە خەبات بدەن. هەرچەندە گەلاڵە بوونی بیرۆکەی دامەزراندنی بزووتنەوەی سۆشیالیست دەگەڕێتەوە بۆ مێژوویەکی کورتی دوای هەرەس‌و بە کۆمەڵ گەڕانەوەی پێشمەرگەو بەرپرسانی شۆڕش بۆ ژێر سایەی دەسەڵاتی بەعس. کە دیارە زۆرێك لە خەڵك‌و بەرپرسانیش بە چاوی گومانەوە سەیری بەعسیان کردووەو ئەوەش بۆچوونێکی واقیعی بووە چونکە ئاسان نەبووە بڕوا بەوە بهێنرێت کە بەعس تەنیا بە خۆدانە دەستەوە واز لە خەڵکی کوردستان بهێنێت.

ئەوە ئاشکرایە کە جیاوازی هەیە لە نێوان شێوازی دامەزراندنی بزووتنەوەی سۆشیالیست‌و کۆمەڵەدا. کۆمەڵە وەکو ڕێکخراوێکی نوێ لە لایەن ڕۆشنبیرانی نێو باڵی مەکتەبی سیاسیەوە دامەزرێنراو بە ئاشکراش کاریگەری هەژموونی فیکری ڕۆشنبیری سیاسی مام جەلالی پێوە دیاربووە. بەڵام بزووتنەوەی سۆشیالیست لە لایەن ژمارەیەکی دیار لە کادیرانی پێشکەوتووتی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دامەزرێنراوە کە زۆربەی ئەمانە پێشتر یاری نێوان باڵی بارزانی‌و باڵی مەکتەبی سیاسیان کردووەو زۆرینەشیان لەوانە بوون کە لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا بە ئاستی جیاواز ناسراوبوون، ئەویش بە هۆی پێگەی کۆمەڵایەتیانەوە کە بەشێکیان لە بنەماڵە دیارەکانی کوردستان بوون، یان بە

هۆی ئامادەبوون‌و شوێنی دیاریانەوە لە ژیانی سیاسی پانزە ساڵی پێشتری کوردستاندا. واتە لە سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلولەوە بەشێکی دیار لەمانە لە شۆڕشدا بەشداربوون‌و شوێن‌و پلەو پایەیان هەبووە چ لە باڵی سەرکردایەتی بارزانیدا بووبن یان لە باڵی مەکتەبی سیاسی.

ئەوەی هەستی پێدەکرێت، هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە بە پێچەوانەی کۆمەڵەوە کە وەکو رێکخراوی جەماوەر یان خەڵکی خوارەوەی کۆمەڵگە پێکهاتووە، بزووتنەوەی سۆشیالیست وەکو رێکخراوی نوخبەی بەرپرسان دروستبووەو پاشان لە نێو چین‌و توێژەکانی تری کۆمەڵدا بە تایبەتی جوتیاران‌و کاسبکاران‌و کوڕی ئاغاوبەگ‌و شێخەکانیشدا رێکخستنی خۆیی دروستکردووە. باسی ئەوە دەکرێت بە ماوەیەکی کورت دوای هەرەسی شۆڕش هەوڵی دروستکردنی بزووتنەوەی سۆشیالیست دراوە. " بیرۆکەی دامەزراندنی بزووتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان لە ئەنجامی زنجیرەیەك کۆبوونەوەی بەشێك لە کادیرو سەرکردەکانی شۆڕشی ئەیلول سەری هەڵدا کە لە دوای هەرەسی 1975 پەنایان بردبووە بەر ئێران(1). لە ناوەڕاستی مانگی نیسانی 1975یەکەم کۆبوونەوەی گرنگی چارەنووس ساز لە شاری ورمێی ئێران لە ماڵی عومەر مستەفا بەسترا. بەشداربووانی ئەم کۆبوونەوەیە بریتی بوون لە عەلی عەسکەری، رەسوڵ مامەند، مەلا ناسیح، عەبدورەحمان گۆمەشینی، تاهیر عەلی والی بەگ، سەلیم ئاغۆك، کەمال محێدین‌و چەند کەسێکی تر(2). لە بارەی دامەزراندنی بزووتنەوەی سۆشیالیستەوە شێخ محەمەدی شاکەلی دەڵێت: پاش راگەیاندنی بزووتنەوەی سۆشیالیستی دیموکراتی کوردستان‌و بلاّو کردنەوەی بەیانی یەکەم لە هاوینی 1976دا، بەشی زۆری دامەزرێنەرانی بزووتنەوەکەو کەسایەتی ناوداریان لە کاتی جیاجیادا چوونە دەرەوە(3 ).

**نەوشیروان مستەفا لەبارەی درووستبوونی بزووتنەوەی سۆشیالیستەوە دەڵێت: لە نەغەدە تاقمێ لە کادیرەکانی پارتی ، لە هەردوو باڵی مەلایو جەلالی، لەوانە عەلی عەسکەری، عومەر مستەفا، تایەری عەلی والی، رەسوڵ مامەند، عەلی هەژار، کاردۆ گەلاڵی... چەند جارێ لە ناوخۆیاندا کۆبوونەوە، بۆ لێکدانەوەی هەلومەرجی سیاسی کوردستانو دانانی نەخشەی کاری داهاتوو...ئەمان کە لە ئێران قسەیان کردبوو بە یەك، لە عێراقیش لە ناو خۆیاندا ئەو پەیوەندییەیان پاراستو رێکخستنیان پێکهێنا. سەرەتا بە چاولێکەری الحرکه التصحیحیه کەی بەعس لە سووریا ئەمانیش ناویان لە خۆیان نا بزووتنەوەی راستکردنەوە. گوایە چەوتیو لادانە سیاسییەکانی پارتی راست دەکەنەوە. چەندین کەسی تریش لەوانە ساڵح یوسفی بووبوو بە هاوبیرو هاودەنگیان. سەرەنجام ناوی خۆیان کرد بە بزووتنەوەی سۆشیالیستی دیموکراتی کوردستان(4).**

**لەم وتانەی سەرەوەدا بۆمان دەردەکەوێت کە دامەزراندنی بزووتنەوەی سۆشیالیست لە لایەن دەستەیەك لە کادیرانی دیاری نێو پارتییەوە بووە کە ئەوانیش یان هەر لە باڵی بارزانی بوون یان ئەو کادیرانەی باڵی جەلالی بوون کە لە دوای رێکەوتننامەی ئازاری 1970 گەڕانەوە ناو پارتی. سەبارەت بە مێژووی دامەزراندنی ئەم حیزبە بۆچوونەکەی شێخ محەمەد شاکەلی لەوانی تر روونترە کە باسی هاوینی ساڵی 1976 دەکات. دیارە ئەم لەوانی تریش بە ئاگاترە لەو مەسەلەیە چونکە خۆی یەکێك بووە لە کادیرە پێشکەوتووەکانی ئەم حیزبەو دواتریش بۆ ماوەی دوورو درێژ لە سەرکردایەتی بزووتنەوەی سۆشیالیستدا بووە. ئەوە ئاشکرایە کە بزووتنەوەی سۆشیالیست هەر لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شۆڕشدا لە ساڵی 1976دا ئەمانیش لەگەڵ مەفرەزە سەرەتاییەکانی کۆمەڵەدا دەستیان داوەتە خەباتی چەکداریو لە ماوەیەکی**

کورتیشدا زۆربەی کادیرە دیارو خاوەن پێگەکانیان چ لە ناو پێشمەرگەو چ لە نێو کۆمەڵی کوردەواریدا چوونەتە ریزی شۆڕش و خەباتی چەکدارییان دەست پێکردووە. بەڵام ئەوەی ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەی ئێمەیە ئەوە نییە کە کەیو لە لایەن کێوە ئەم حیزبە دامەزراوەو کەی و کێ لە کادیرانی ئەم حیزبە زووتر چووەتە شاخو ئایا هاوکات لەگەڵ کۆمەڵە چوونەتە شاخ یان دواتر؟ نەخێر ئەوەی ئامانجی لێکۆڵینەوەکەی ئێمەیە، گوتاری بزووتنەوەی سۆشیالیستی کوردستانە. ئایا ئەم بزووتنەوەیە گوتارێکی ئاشکرای هەبووە؟ ئەگەر هەیبووە گوتارەکە کامەیەو چییە؟ ئایا گوتاری ئەم بزووتنەوەیە لە کوێی گوتاری ناسیونالیزمی کوردیدایە؟ ئایا بزووتنەوەی سۆشیالیست کە یەکەمجار لەگەڵ کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان وەکو دوو رێکخراوی دیار یەکێتی نیشتیمانیان پێکهێناوە، کاریگەری گوتاری یەکێتی نیشتیمانی تا چ ئاستێك کاری لە گوتاری بزووتنەوەی سۆشیالیست کردووە؟ ئایا گەوهەری گوتاری بزووتنەوەی سۆشیالیزم چییە؟

ئەگەر سەیری بەیانی دامەزراندنی بزووتنەوەی شۆیالیست بکەین، ئەوە بۆمان دەردەکەوێت لەو بەیانەدا جیاوازییەکی ئاشکرا لە نێوان بەرنامەی ئەم بزووتنەوەیەو بەیانی دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستاندا نابینرێت، تەنیا ئەوە نەبێت لە بەیانی دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانیدا باسی ئەوە کراوە کە یەکێتی خەبات دەکات لە پێناوی ئۆتۆنۆمیدا بۆ کوردستان، بەڵام لە بەیاننامەی دامەزراندنی بزووتنەوەی سۆشیالیستدا باسی ئامانجی سەرەکی خەباتی ئەم بزووتنەوەیە نەکراوە. هەرچەندە لە لایەکی ترەوە ئەو خاڵانەی تر کە باسی شێوەی خەباتو جۆری پەیوەندی لەگەڵ حیزبو لایەنە کوردیو عێراقیو عەرەبیەکاندا دەکات هاوشێوەن. هەمان شێوەی یەکێتی نیشتیمانی

ئەمیش باسی خەباتکردن دەکات لە پێناوی مافی چارەنووسی کورددا، بەڵام هەرچۆن مافی چارەنووس لە بەرنامەی یەکێتیو حیزبەکانی تری کوردستاندا پێناسەیەکی زانستیو تەواوی پڕبەپڕی خۆی بۆر نەکراوەو بەپێی میزاجو بۆ رازیکردن یان سەرنج راکێشانی جەماوەری خەڵکی کوردستان ناوی مافی چارەی خۆنووسین هێنراوەو لە بەرامبەر ئەوانی عەرەبو تورکو فارسیشدا چ رژێمەکانیانو چ نەیاری رژێمەکانیان حیزبو رێکخراوە کوردییەکان بەردەوام پاساوی نازانستیان هێناوەتەوە کە مافی چارەنووس مەرج نییە سەربەخۆییو دەوڵەت بێت. لە کاتێکدا مافی چارەنووس لە دەرەوەی سەربەخۆییو درووستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی لەلایەن نەتەوەی بندەستەوە هیچ مانایەکی تری نییە.

لە بەیانی دامەزراندنی بزووتنەوەی سۆشیالیستدا هاتووە: مژدەی دامەزراندنی بزووتنەوەی سۆشیالیستی دیموکراتی کوردستانتان پێڕا دەگەیەنین بۆ ئەوەی بە ئەرکی مێژوویی خۆی هەڵسێت لە رابەری کردنی خەباتی سەختی ئەم سەردەمە نالەبارەی کوردستان لە مەیدانی بەرگری کردنو پارێزگاری کردنی کوردو کوردستان. لە عێراقێکی سۆشیالیستیدا بزووتنەکەمان بزووتنەوەی کرێکارو جوتیارو شۆڕشگێڕەکانی کوردستانە لەسەر رێبازی پێشکەوتووانەو عیلمیانە خەبات دەکات بۆ گەیاندنی گەلەکەمان بە مافی چارەنووس(5). ئەگەر بە وردی سەیری ئەم وتەیە بکەین ئەوا شتێکی گشتیە کە لە بەیانی دامەزراندنو بەرنامەو پەیڕەوی زۆرینەی حیزبو رێکخراوەکانی کوردستاندا دەیبینینو بە گشتی لە دوو خاڵدا هەموو حیزبو رێکخراوەکان یەکدەگرنەوە کە یەکەمیان ئەو هێزە جەماوەرییەیە کە ئەو حیزبو رێکخراوانە پشتی پێدەبەستێت. دووەمیشیان ئاستی داواکارییەکانی ئەو حیزبو رێکخراوانەیە کە بە گشتی لە

بەیانی ئازاری 1970 وە داواکاری کورد ئۆتۆنۆمیو ئۆتۆنۆمی راستەقینە بووەو دەربڕینی مافی چارەنووسیش لە دوای شکست چووەتە ناو بەرنامەو بەیانی دامەزراندنی زۆرینەی ئەو حیزبو رێکخراوانەی کوردستانەوە، بەبێ ئەوەی مافی چارەنووس وەکو ئەوەی لە فەرهەنگی سیاسیدا هاتووەو وەکو ئەوەی کە لینین وەکو بەرزکەرەوەی ئەو زاراوەیە مەبەستی بووە، لای حیزبو رێکخراوە کوردییەکان بەکار هاتبێت. زارەوەی بڕیاردانی چارەنووس کە وەکو زاراوەیەکی فەلسەفی لە سەدەی هەژدەدا دەرکەوت مەبەست لێی ئازادیو لە ئاستی یەکەمدا دانان بوو بە ویستەکانی تاکە کەسدا. بەڵام وەکو بڕیاردانی چارەنووسی نەتەوایەتی بریتی بوو لەو بنەمایەی کە جێبەجێ کرا بۆ جیابوونەوە لە ئیمپراتۆرێتەکانی ئەتریشو ئەڵمانیاو عوسمانی کە ئەویش بریتی بوو لە دەرکراوە چواردە خاڵیەکەی ۆلسن لە دوای جەنگی یەکەمی جیهان. دواتریش ئەمە لە بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا لە راگەیاندنی ساڵی 1960 جێگیر کرا بەوەی کە مافی سەربەخۆیی بدرێت بە وڵاتانو گەلانی کۆلۆنی کراو(6).

ئەگەر لەم روانگەیەوە سەیر بکەین ئەوا دەتوانین بڵێین نەك هەر گوتاری بزووتنەوەی سۆشیالیست بەڵکو گوتاری هەموو ئەو حیزبو رێکخراوانەی کە لە سەر ئاستی کوردستانی گەورە پێگەی جەماوەرییان هەبووەو هەیە بەرنامەو گوتاری هیچیان بە کۆی رەگەزەکانی مافی بڕیاردانی چارەنووس بارگاوی نەکراون بەڵکو هەریەکەیان لە ئاستێکدا بە بەشێك لە رەگەزەکانی ناسیونالیزم بارگاوی کراون بە بزووتنەوەی سۆشیالیستیشەوە. بزووتنەوەی سۆشیالیست باسی خەبات دەکات لە پێناوی مافی چارەنووسدا بەڵام باسی ئەوە ناکات کە ئایا مەبەستی لە مافی چارنووس هەر ئۆتۆنۆمییە یان، ئایا ئەم بەرنامەی سەربەخۆیو دەوڵەتی هەیە؟ کە دیارە تەسەوری ئەوە ناکرێت مەبەست لەو بڕیاردانی چارەنووسەی

حیزبی کوردی  باسی دەکات سەربەخۆیی‌و پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی بیت، چونکە یەکەم ئەم بزووتنەوەیە وەکو یەکێك لە دوو پێکهێنەرە سەرەکیەکەی یەکێتی بووەو بەو پێیەش بەرنامەکەی لە چوارچێوەی بەرنامەی گشتی یەکێتیدا بووە. لە لایەکی تریشەوە لە بەرنامەی تایبەتی خۆیدا زۆر بە کراوەیی‌و دوور لە مەبەستێکی ئاشکرا و دیارکردنێکی ئاشکرا باسی مافی چارەنووس دەکات. واتە هەست دەکرێت زاراوەی بڕیاردانی چارەنووس لەلای ئەم حیزبەش وەکو زۆرینەی حیزبەکانی تری کوردستان تەنیا دەربڕینەو نە بەرنامەی ئەوەیان هەیەو نە خەباتی کوردیش وەها نیشان دەدەن کە لە پێناوی جیابوونەوەو سەربەخۆدا بێت.

دیارە بزووتنەوەی سۆشیالیست سەرباری ئەوەی لە بەشێك لە کادیرە دیارەکانی پێشتری پارتی لە هەردوو باڵی جەلالی‌و مەلایی درووستبوو، لە رووی بەرنامەشەوە جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبوو لەگەڵ بەرنامەی پارتی لە ساڵی 1970و رێککەوتنامەی ئازار بەدواوە، لەو رووەوە کە پارتی لە رێکەوتنی ئازاری ساڵی 1970دا لەسەر بنەمای ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان لەگەڵ رژێمی بەغدای ئەو کاتە رێککەوت، هەرچەندە بەعس پاشەکشەی لە رێکەوتننامەکە کرد، بەلام ئەو رێکەوتنە بوو بە بنەمایەك بۆ گفتوگۆکانی دواتری سەرجەم ئەو حیزب‌و رێکخراوانەی تر کە دوای شکستی شۆڕش لە کوردستاندا درووستبوون بە یەکێتی نیشتیمانیشەوە کە بزووتنەوەی سۆشیالیست لە سەرەتاوە بەشێك بوو لە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان.

دیارە ئەوە ئاشکرایە لەسەرتای دەستپێکردنەوەی شۆڕشدا پێگەی بزووتنەوەی سۆشیالیست لە ناو یەکێتی‌و لەسەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستانیش پێگەیەکی دیار بووە، ئەویش لەبەر ئەوەی کە ئەو ژمارە دیارە لە کادیرانی پێشووی نێو

**پارتی کە لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا ناسرابوون، زۆرینەیان چوونە دەرەوەو بوونە پێشمەرگە بە تایبەتی کەسانی وەکو عەلی عەسکەری‌و ڕەسوڵ مامەندو تایەری عەلی والی بەگ‌و ئەوانی تریش کە هەم پێگەی کۆمەڵایەتی‌و هەم مێژووی پێشمەرگایەتیشیان هەبوو. لە لایەکی تریشەوە ماوەی وازهێنانیان لە ساتەوەختی شکست‌و دەستکردنەوەیان بە خەبات ئەوەندەی بەسەردا نەچوو بوو تا لە بیری خەڵك بچنەوە. ڕەنگە ئەوەش هۆکارێك بوو بێت کە لەسەرەتادا سۆشیالیست بە خێرایی لە رووی پێشمەرگەو جەماوەرداریشەوە گەشە بکات بە جۆرێك لە پێکهاتەی یەکێتی نیشتیمانیدا. سەرەتا کە سەرکردایەتی کۆمەڵە لە ناوەوەی کوردستان رێکخەرو بەرنامە دانەری رێکخستنی مەفرەزەو دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری بوو، بزووتنەوەی سۆشیالیستیش بە زوویی هاتە مەیدان‌و لە بەڕێوەبردانی یەکێتیدا لە شاخ لەگەڵ کۆمەڵە هاوشان بوو لە بڕیارو لە ئامادەبووندا چ لە ئاستی سیاسی‌و چ لە ئاستی پێشمەرگایەتیدا. بێگومان سەرباری هەندێ جیاوازی ئاشکرا لە رووی کەسێتی کادیرو پێشمەرگەی کۆمەڵەو سۆشیالیست لە رووی پێگەی کۆمەڵایەتی‌و دیدی سیاسی‌و ئایدیۆلۆجیەوە بەڵام سەرئەنجام لە ژێر چەتری یەك بەرە یان رێکخرادا کۆبووبوونەوە کە ئەویش یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بوو کە ئەمەش دەری دەخات کە هەمان بەرنامەو ستراتیژیان هەبووە بۆ مەسەلەی کوردو چۆنێتی پەیوەندی کورد لەگەڵ دەوڵەتی داگیرکەری عێراقدا. واتە لە رووی گوتارەوە کۆمەڵەو سۆشیالیست سەرباری جیاوازی بچووکیش لە نێوانیاندا بەڵام هەردووکیان پێکەوە یەك گوتاریان بەرهەم هێناوە کە گوتاری یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بووەو ئەو گوتارەش بریتی بووە لە مانەوە لە عێراق‌و پێکەوە ژیان لە عێراقێکی یەکگرتووی دیموکراتدا بە مەرجێك کورد مافی**

ئۆتۆنۆمی راستەقینەی هەبێت. هەروەك پێشتریش گوتمان زارەوە یان دەربڕینی ئۆتۆنۆمی راستەقینەیە هیچ مانایەکی سیاسیو ئیداری نییەو دروستکراوی دەستی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بوو بۆ ئەوەی واینیشان بدەن لە رووی بەرنامەوە لە پارتی دیموکراتی کوردستان جیاوازن کە ئەو شەش ساڵ پێش دامەزراندنی یەکێتی لەسەر ئۆتۆنۆمی رێکەوتننامەی لەگەڵ رژێم ئیمزاکردبووە.

بێگومان ئەو بەرنامەیەش بە ئاشکرا دیارە سەرباری هەندێ کاریگەری لاوازی کۆمەڵە لەسەری، بەلاّم هەمان بەرنامەو تێڕوانی باڵی مەکتەبی سیاسی پارتیە بە تایبەتی دوای جیابوونەوەیان لە سەرکردایەتی بارزانیو گەڕانەوەیان بۆ بەغداو پاشان بەردەوامبوونیان بە ناوی باڵی مەکتەبی سیاسی پارتییەوە، یان بە زمانی ئاسایی خەڵك باڵی جەلالی کە وەکو رێکخراوێکی ماویی خۆی نیشاندەداو سەرئەنجامیش کە کۆمەڵە لە هەناوی باڵی مەکتەبی سیاسیدا لە دایکبوو هەر هەڵگری هەمان دیدو بۆچوون بوو. بێگومان لە دروستبوونی یەکێتی نیشتیمانیشدا ئەگەر بزووتنەوەی سۆشیالیست تایبەتمەندی خۆیشیانیان هەبووبێت، بەلاّم تا لە چوارچێوەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستاندا بوون نەیان توانیووە لە بەرنامەی یەکێتی لابدەن. هەروەك دواتریش کە جیابوونەوە هەر لەسەر هەمان بەرنامەو گوتاری خۆیان بوونو گۆڕانکارییەکی ئەوتۆیان بەسەردا نەهاتووە. دیارە پەیوەندی نێوان سۆشیالیستو کۆمەڵەو هێڵی گشتی لە ژێر چەتری یەکێتی نیشتیمانیدا ئەگەر لە سەرەتاوە تا ئەندازەیەك پەیوەندییەکی ئاسایی بووبێت بەلاّم رۆژ بە رۆژ ئەو پەیوەندیانە بەرەو خراپتر چوون تا ئەو کاتەی کە لە کارەساتی هەکاریدا بەشێك لە کادیرە هەرە دیارو سەرەکیەکانی سۆشیالیست لە ناوبران بە تایبەتی عەلی عەسکەری کە نەك هەر لە نێو

سۆشیالیستدا دیارو خاوەن نفوز بووە، بەڵکو لە ناو یەکێتی نیشتیمانی کوردستانو لە هەموو کوردستانیشدا پێگەو جێگەی خۆیی هەبوو رەنگە لە نێو هەموو یەکێتی نیشتیمانیدا تاکە کەسێك کە ئەگەری ئەوەی هەبووبێت بە چاوێکی ئاسایی سەیری مام جەلال بکاتو مەم جەلالیش لەبەر ئەوەی بە باشی واقیعی کۆمەڵگەی کوردی ناسسیووەو پێگەو کەسێتی عەلی عەسکەریش ناسیووە حسابی بۆ کردووە. لە بارەی عەلی عەسکەرییەوە دایڤد ماکدۆواڵ دەڵێت: کاتێ تاڵەبانی لە دیمەشق بوو، عەلی عەسکەری دەیزانی کە هێشتا تاڵەبانی وەکو دوژمنی سەرسەختی بنەماڵەی بارزانی ماوەتەوە، بەلاّم عەلی عەسکەری خۆی پەیوەندی راستەوخۆی لەگەڵ مەکتەبی سیاسی پارتیدا هەبوو. بۆ تاڵەبانی نووسی تا بیری بخاتەوە کە کورد تەنیا یەك دوژمنی هەیە ئەویش سەدام حسێنە، بۆیە پێویستە ناکۆکیە ناوخۆییەکان بەلاوە بنرێن(7). بێگومان لە کارەساتی هەکاریدا عەلی عەسکەری شەهید بوو هەرچەندە بۆچوونی لەو جۆرەش هەیە کە عەلی عەسکەری لایەنگری ئەوە بووە بە گفتوگۆ لەگەڵ سەرکردایەتی کاتی پارتیدا بچنە ئەو ناوچانە بۆ هێنانی چەکەکانیان. ئەوەی لەو قسەیەی ماکۆواڵدا دەبینرێت ئەوەیە کە عەلی عەسکەری ئاسۆیەکی فراوانی بۆ مەسەلەی کوردو یەکبوونو یەکێتیو بەلاوە نانی ناکۆکیە ناوخۆییەکان هەبووە. بێگومان شەهیدبوونی ئەم کادیرە لێهاتووە زیانی گەورە بووە هەم بۆ کوردو هەم بۆ بزووتنەی سۆشیالیتیش چونکە ئەو بۆچوونەی ئەو کە پێشتر باسی لێوەکردووەو لایەنگری یەکێتی نەتەوەیی بووە یەکێکە لە بنەماکانی بەرجەستەکردنی گوتاری ناسیونالیزمی کوردی. بێگومان ئەو مێژووە مێژوویەکی تەمومژاوییە چونکە چەندین کادیری لێهاتوو لە نێو بزووتنەوەی کوردیدا کە چاوەڕوانی ئەوەیان لێکراوە رۆڵی دیاریان هەبێت لە باشتر ئاراستە

کردنی بزووتنەوەی کورددا، تا ئەو ئەندازەی کە بشێت دەوری هەبێت لە دوورخستنەوەی کورد لە کێشەو ململانێی نادرووستو شەڕی ناوخۆ، بەڵام زۆرینەی ئەوانە لە سەردەمێکی زووداو، هەندێکیشیان لە بارودۆخی تەمومژاویدا شەهید کراون.

**گوتاری بزووتنەوەی سۆشیالیست دوای جیابوونەوە لە یەکێتی نیشتیمانی:**

سەرباری ئەوەی کە بزووتنەوەی سۆشیالیست چووە ژێر چەتری یەکێتی نیشتیمانییەوە، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە دامەزرێنەرانی بزووتنەوە بە گشتیو بە تایبەتیش رابەری فیکری بزووتنەوە کە سەیدا ساڵح یوسفی بوو، زیاتر بڕوای بە رێگاچارەی گفتوگۆ هەبوو لەگەڵ بەعسدا بۆ چارەسەر کردنی کێشەی کورد لە عێراقدا. " هەر لە سەرەتاوە بزووتنەوە وتووێژکردنی وەك ئامرازێکی شۆڕشی نوێو هۆکارێك دەزانی بۆ دەستەبەرکردنی داواکارییەکانی کورد لەبەرامبەر حکومەتی بەعسداو بە تایبەتیش ساڵح یوسفی، تەنانەت لە کاتی شەڕیشدا بڕوای بە بنەمای دەرگای کراوە هەبووە. لە بەیاننامەی دامەزراندنیشدا بزووتنەوە ئەم مەسەلەیان خستبووە روو(8). وەك ئاشکراشە لە یەکەمین گفتوگۆیدا یەکێتی نیشتیمانی کە لەگەڵ رژێم کردی عەلی عەسکەرییان نارد کە رەنگە ئەوەش هەر پەیوەندی بە روانینی بزووتنەوەوە هەبووبێت بۆ گفتوگۆکردن. بەهەرحاڵ سەرباری ئامادەبوونی ئاشکرای بزووتنەوە لە رووی پێشمەرگەییو چالاکیشەوە، بەڵام ناکۆکیەکانیان لەگەڵ یەکێتی بە تایبەتی لەگەڵ کۆمەڵە زۆر بوو کە سەرئەنجام دوای شەهیدبوونی عەلی عەسکەریو بە تەواویش لە نەورۆزی ساڵی 1979دا بزووتنەوە بڕیاریدا

له یەکێتی نیشتیمانی جیاببێتەوەو ئەو بڕیارەشی هەر ئەو کاتە جێبەجێ کرد. دیارە پێکەوە نەگونجانی بزووتنەوەو کۆمەڵە کە کۆمەڵە خۆیان بە نوێنەری زەحمەتکێشانو پرۆلیتاریا دەزانیو بزووتنەوەشیان وەکو نوێنەری بۆرژواو ئاغاو بەگو کۆنەپەرستانی کوردستان سەیر دەکرد، هۆی سەرەکی بوو بۆ لێکترِ دوورکەوتنەوەیان، ئەمە سەرباری هەڵوێستی جیاوازی بزووتنەوە بەرامبەر بە سەرکردایەتی کاتی پارتی کە زۆر جیاواز بوو لە روانینی سکرتێری گشتی یەکێتی، کە هەرچۆن لە ساڵی 1964 کە لەسەرکردایەتی بارزانی جیابووەوە، پارتی بە دوژمنی سەرەکیو یەکەمین دەزانی، ئەو کاتەش هەر هەمان بۆچوونی هەبوو. لەو رووەوە کۆنە دوای شەهیدبوونی ئارام وەکو سکرتێری کۆمەڵە، جەلالیەکانی نێو سەرکردایەتی یەکێتیش لە گەڵ بەشێك لە سەرکردایەتی کۆمەڵەش بە سکرتێری کۆمەڵەشەوە لەو باڵە بوونو شوێنکەوتووی مام جەلال بوون لە روانینیاندا بەرامبەر بە پارتیو ئەوەش هۆکارێکی تری ناکۆکی نێوان بزووتنەوەو پێکهاتەکەی تری یەکێتی بوو.

بێگومان ئەوەی گرنگە بۆ باسەکەی ئێمە ئەوەیە ئایا گوتاری بزووتنەوە دوای جیابوونەوەی لە یەکێتی هیچ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەردا هاتووە؟ ئەگەر گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە کەواتە جیابوونەوە چ مانایەکی هەبووە؟ دوای هاتنە دەرەوەی بزووتنەوە لە ریزی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، لە مانگی ئابی 1979 بزووتنەوە کۆنگرەی خۆیی بەستو لەو کۆنگرەیەدا حیزبی سۆشیالیستی یەکگرتووی کوردستان راگەیەندرا. لە راستیدا گۆڕانکارییەکی ئەتۆ لە بەرنامەی سۆشیالیستدا نەکرا کە پێی بگوترێت گۆڕانکاری، بە تایبەتی لە روانگەی گوتاری ناسیونالیزمی کوردییەوە، بەڵکو سۆشیالیست هەروەکو چۆن رابەری سەرەکی ئەو کە سەیدا ساڵح یوسفی بوو بڕوای بە رێگای گفتوگۆ هەبوو

بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەگەڵ بەعسدا، بە هەمان شێوە بەردەوام بوو. هەر لەسەر بنەمای ئەو تێڕوانینەش لە هەمانساڵدا کەوتە گفتوگۆ لەگەڵ بەعس لە کاتێکدا کە هێشتا بزووتنەوە بەراورد بە یەکێتی نیشتیمانی یان پارتی ئەو کاتە لایەنێکی ئەوەندە بەهێز نەبوو هەتا بتوانێت بە ناوی کوردەوە گفتوگۆ لەگەڵ رژێم بکات. بێگومان رژێمیش زۆر لەوە وریاتر بوو کە لەو بارە لاوازەی سۆشیالیست تێنەگات کە لە ریزەکانی یەکێتی هاتبووە دەرەوەو سەرباری ئەوەش لە ماوەی پێشتردا دەستەیەك لە سەرکردە دیارەکانی سۆشیالیست لە شەڕی ناوخۆی کوردو کورد خۆیدا گیانیان لە دەست دابوو. بەهەرحاڵ ئەوەی کە لێرەدا وەکو پرسیار خۆی دەسەپێنێت ئەوەیە ئایا سۆشیالیست لەو گفتوگۆیەدا داوای چیان کردبێت کە پەیوەندی بە دۆزی کوردەوە هەبوو بێت وەکو نەتەوە، لە کاتێکدا ئەوان دەیانزانی هەمووی پێش ماوەیەکی کورت کە هێشتا بزووتنەوە لە یەکێتی جیا نەبووبووەوە، هەموویان پێکەوە گفتوگۆیان لەگەڵ بەعس کردو شەهید عەلی عەسکەریش کە لە دیارترین سەرکردەکانی سۆشیالیست بوو، نوێنەری یەکێتی نیشتیمانی بوو بۆ گفتوگۆو بەعس ئامادەنەبوو بچووکترین داواکارییەکانی یەکێتی جێبجێ بکات، کە بە هێزترو بەتواناتر بوو لە چاو سۆشیالیستداو ئامادەبوونێکی زیاتریشی هەبوو. ئایا دەبێ بەعس چی لە داواکانی بزووتنەوە وەکو داواکاری کورد جێبەجێ بکات؟

بە هەرحاڵ بزووتنەوە لەو گفتوگۆیەدا هیچی بەدەست نەهێنا تەنیا ئەوە نەبێت کە دڵنیایی لە تێڕوانینی بنەڕەتی خۆی کردەوە بۆ لەبەرگرتنی گفتوگۆ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد. بێگومان ئەوەش ئاشکرایە کە داواکارییەکانی سۆشیالیستیش هەر هەمان ئەو داواکارییانە بوون کە حیزبو لایەنەکانی تر بەرزیان کردۆتەوە کە ئەویش لە چوارچێوەی ئۆتۆنۆمی لە عێراقێکی

یەکگرتووی دیموکرات تێپەڕی نەکردووە. لە راستیشدا ئەگەر لە روانگەی گوتاری ناسیونالیزمی کوردییەوە بڕوانین بەو مانایەی کە گوتارێکی خاوەن شووناس بێت، ئەوا پێناسەی گوتاری ناسیونالیزمی کوردی تەنیا لە چوارچێوەی سەربەخۆیی‌و پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیدا دەکرێت. هەر بەو پێیەش کە سۆشیالیستیش وەکو حیزب‌و رێکخراوە دیارەکانی تری کوردستان هەڵگری پرۆژەی سەربەخۆیی‌و درووستکردنی دەوڵەتی کوردی نییە، کەواتە ناتوانرێت بە هەڵگر یان خاوەنی گوتاری ناسیونالیزمی کوردی ناوبېرێت، بەڵکو ئەمیش وەکو زۆرینەی حیزب‌و رێکخراوەکانی تری کوردستانی گەورە هەڵگری گوتاری ئۆتۆنۆمی یان گوتاری پێکەوە ژیانە لەگەڵە نەتەوەی سەردەستدا کە ئەویش گوتارێکە لە هاوشێوەی گوتاری ناتەواو.

هەروەك بزووتنەوەی سۆشیالیستیش هەمان شێوەی یەکێتی نیشتیمانی لەگەڵ حیزبی شیوعی‌و حیزبی بەعسی سەرکردایەتی هەرێمیایەیەتی عێراق‌و بزووتنەوەی سۆشیالیستی عەرەبیدا لە مانگی تشرینی یەکەمی 1979دا بەرەیەکیان پێکهێنا. " ئامانجی ئەم بەرەیە رووخاندنی حکومەتی عێراق‌و دامەزراندنی حکومەتێکی دیموکراسی‌و دابینکردنی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان‌و گرێدانی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی نیشتیمانی لە عێراقدا بە بزووتنەوەی رزگاریخوازی عەرەبیەوە بوو(9). لێرەدا بە ئاشکرا دەردەکەوێت کە گوتاری ئەو لایەنانەی کە ئەم بەرەیان پێکهێناوە گوتارێکی عێراقی بووەو هەمان دەربڕینی رابردووی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردە لە دوای جەنگی دووەمی جیهانیەوە کە تیایدا دیموکراتی بۆ دەوڵەتی ناوەندی یان دەوڵەتی نەتەوەی سەردەست دووبارە بووەتەوە لەگەڵ ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان. ئەمەش گەوهەری گوتاری سۆشیالیست ئاشکرا دەکات. لە هەموویشی سەیرتر باسکردنی گرێدانی بزووتنەوەی رزگاری

عێراقە بە بزووتنەوەی رزگاریخوازی عەرەبیەوە. رەنگە بۆ عەرەبێکی عێراقی لە حیزبی بەعسی سەربە سووریای ئەو کاتە یان هەر گروپو لایەنێکی عەرەبی ناسیونالیستی عێراقی شتێکی ئاسایی بێت کە نەك هەر باسی گرێدانی خەباتی گەلی عەرەبی عێراق لە پێناوی ئازادیو دییموکراسیدا بکات بەڵکو بیکاتە درووشمو بەرنامەو کاریشی بۆ بکات بەلاّم لە راستیدا بۆ کورد بە گشتیو بۆ دەستەو گروپو حیزبو تەنانەت تاکە کەسی کوردیش جێگای سەرسوڕمانە لە جیاکانی کوردستانەوەو لە هەڵگرتنی چەك بۆ رزگارکردنی نیشتیمانەکەی لە دەستی بەعسی نوێنەری ناسیونالیزمی عەرەبی باسی خەباتی هاوبەش لەگەڵ گەلی عەرەبیدا بکاتو بە هیچ شێوەیەکیش باسی ئەوەی لێنەبیستیت کە هەوڵی گرێدانی خەباتی کوردی ژێر سایەی داگیرکەری عێراقی بە کوردی بەشەکانی تری کوردستانەوە بدات. ئەمەش بە ئاشکرا دیارە کە بالاّدەستی بۆچوونەکانی لایەنە عەرەبیەکانی نێو ئەو بەرەیە دەردەخاتو ئەمەش دەلالەتی هەست بەلاوازی کردنی کورد هەڵدەگرێت چونکە لە کاتێکدا ئەو لایەنە عەرەبیانەی ناو ئەو بەرەیە نە لە رووی هێزەوەو نە لە رووی ئامادەبوونەوە رۆڵو کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نەبووە کە باس بکرێت کەچی دەنگو بۆچوونی ئەوان بالاّدەستە. خۆ ناکرێت بڵێین نەخێر هەر لە بنەڕەتیشدا یەکێتیو سۆشیالیست کە لەو بەرەیەدا بوونو ئەمانیش لایەنی خاوەن هێزو جەماوەر بوون کەچی پێداگرییان کردبێت لەسەر مەسەلەی عێراقو خەباتی رزگاریخوازانەی نەتەوە یان گەلی عەرەبی. دیسان لێرەدا سەرباری هاتنە دەرەوەی سۆشیالیست لە ژێر چەتری یەکێتی نیشتیمانی بەلاّم گوتاری سۆشیالیستو روانینی هەر هەمان گوتارو روانینی یەکێتی نیشتیمانیەو ئەو گوتارەش لە بنەڕەتدا گوتاری مام جەلالەو بە ئاشکراش کاریگەری سووریا بەو گوتارەوە دیارە کە دەتوانین بڵێین

ئەم گوتارە ئەوەندەی بە توخمەو رەگەزەکانی ناسیونالیستی عەرەبی بارگاوی کراوە ئەوەندە کاریگەری توخمەو رەگەزەکانی ناسیونالیزمی کوردی پێوە دیار نییە.

بێگومان ئەو بەرەیەی کە باسمان کردو بە بەرەی جوقد ناودەبراو باسکی سەرەکی ئەم بەرەیە یەکێتی نیشتیمانی بوو، لەو بەرەیەدا سۆشیالیست تا ئەندازەیەك لاواز بوو ئەویش لەبەر ناکۆکی نێو سەرکردایەتی سۆشیالیست خۆیو لاوازی بەرەکەش لەوەدا بوو کە بێجگە لە حیزبی شیوعی کۆمەڵێ بە ناو رێکخراوو حیزبی تری تێدابوو کە نە ئەو کاتە ئامادەییان هەبوو نە دوای روخاندنی عێراقیش دەورو کاریگەرییان هەبوو، بۆیە ئەم بەرەیە تەنیا وەکو ناوێك وابوو ئەگینا لە رووی چالاکیو ئامادەبوونەوە ئەوەی هەبوو هەر یەکێتیو سۆشیالیستو حیزبی شیوعی بوون. لە ناو ئەوانیشدا باسکی پتەو هەر یەکێتی بوو. هەرچەندە لە زۆر کاتدا سۆشیالیست لە رووی پێشمەرگەو هێزەوە دیارو لەبەرچاو بووە. لە بەرامبەر ئەم بەرەیەدا پارتیش بەرەیەکی درووستکرد بە ناوی بەرەی (جود)ەوە کە لە پارتیو حیزبی شیوعیو سۆشیالیست پێکهات. لە راستیدا بەشداریکردنی سۆشیالیست لەو بەرەیەدا کە یەکێتی درووستی کرد بەشداری بەشێکی سۆشیالیست بوو کە زیاتر دکتۆر مەحمود عوسمان رابەریەتی دەکرد کە بە ئاشکرا لە دوای ئەوەی کە نێوانی لەگەڵ پارتی تێکچوو بە هۆی ئەو نووسینانەی لەسەر سەرکردایەتی بارزانیو پەیوەندییەکانی بارزانی بڵاوی کردنەوە لە کاتێکدا کە دکتۆر مەحمود عوسمان خۆی لە کەسە نزیکەکانی بارزانی بوو. بڵاوکردنەوەی ئەو نهێنیانە وەکو جۆرێك لە بێ وەفای مەحمود عوسمان بۆ بارزانیو تەنانەت رابردووی خۆیشی سەیر دەکراو ئەوەش هۆکارێکە

که تاکو ئێستا مەحمود عوسمان لە پەراوێزدا بێتو جارێکی تر نەگاتەوە ئەو ئاستو پلەو پایەی لەسەردەمی بارزانیدا هەیبووە.

هەر لەبەرامبەر مەحمود عەسماندا، رەسوڵ مامەند کە باسکێکی بەهێزتری ناو سۆشیالیست بوو بەشداریکردنی سۆشیالیستی لەبەرەی جوددا ئیمزاکرد کە پارتی باسکی سەرەکی بوو. بەهەرحاڵ ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە بەرنامەو گوتاری ئەم بەرەیەیە. دروشمی ئەم بەرەیە بریتی بوو لە دیموکراسی بۆ عێراقو ماڤی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان (10). دیسان لێرەشدا ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە دروشمی هەردوو بەرەکە جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبووەو ئەگەر خاڵێکی جیاواز شایانی ئاماژە بۆ کردن بێت ئەوەیە کە لە ئامانجی سەرەکی بەرەی یەکێتیدا کە بەشێك لە سۆشیالیستی تێدا بوو باسی پێکەوە گرێدانی خەباتی رزگاریخوازانەی عێراق بە خەباتی رزگاریخوازانەی گەلانی عەرەبیەوە کراوە، بەلاّم لەبەرەکەی پارتیدا کە بەشێکی تری سۆشیالیستی تێدا بوو ئەو مەسەلەیە بەوجۆرە باس نەکراوە. ئەگیان هەردوولا دروشمی سەرەکیان دیموکراتی بۆ عێراقو ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان بوو، کە ئەوەش گوتارێکی ناتەوەوە لە روانگەی گوتاری ناسیونالیزمەوەو ناشێت لەو چوارچێوەی گوتاری ناسیونالیزمدا پێناسە بکرێت، بەڵکو لە چوارچێوەی گوتاری ناتەواودا کە گوتاری ئۆتۆنۆمییە پێناسە دەکرێتو ئەوەش بە ئاشکرا دەریدەخات کە هەرسێ لایەنی سەرەکی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە باشووری کوردستاندا هەڵگری گوتاری ناسیونالیزمی کوردی نەبوون، بەڵکو هەڵگری گوتاریك بوون کە دەشێ بە گوتاری ئۆتۆنۆمی ناو ببرێت کە گوتارێکی ناتەواوەو بە بەشێك لە رەگەزو توخمەکانی گوتاری ناسیونالیزمی کوردی بارگاوی کراوە.

دیارە حیزبی سۆشیالیست هەتا ساتەوەختی راپەڕین تا ئەندازەیەك بە یەكگرتوویی مایەوە، تەنیا ئەوە نەبێت كە لە كاتی جیابوونەوەیان لە یەكێتی هەندێ كادیری پێشكەوتوویان لە ریزی یەكێتیدا مانەوە، بەڵام بە هەمان ناوی خۆیانەوە. دیارە ئەوەی ئاشكرایە ئەو دەورو كاریگەرییەیان نەبوو چونكە هێزی سەرەكی حیزبەكە ئەوە بوو كە جیابوونەوەو چوونە دەرەوەی یەكێتی نیشتیمانی كوردستان. لە دوای راپەڕینیش حیزبی سۆشیالیست نەیتوانی وەكو خۆی بمێنێتەوە. بەشێكی سەرەتا لەگەڵ پاسۆكو پارتی گەل جۆرە یەكگرتنێكیان كرد بە تایبەتی ئەو باڵەیان كە لایەنگری پارتی بوون. باڵەكەی تریشیان كە لە رەسوڵ مامەندو هەندێ كادیری تری پێسكەوتوویان پێكهاتبوون چوونە ناو یەكێتی نیشتیمانی كوردستانەوە. باڵی لایەنگری پارتیش چوونە ریزی پارتیەوە. بەڵام لەو بەشەی كە چوونە ریزی پارتیەوە محەمەدی حاجی مەحمود بە زوویی پاشەكشەی كردو جارێكی تر بە ناوی حیزبی سۆشیالیست دیموكراتی كوردستانەوە سەركردایەتی سۆشیالیستی لە كۆمەڵێ لە كادیرانی خوارەوەی ئەو حیزبە پێكهێناو تاكو ئێستاش بەردەوامە، بەڵام هەر چۆن لە رووی گوتاری سیاسیو بەرنامەوە حیزبەكە هیچ گۆڕانكارییەكی بەسەردا نەهاتووەو هەڵگری هەمان گوتاری یەكێتیو پارتییە، لە رووی جەماوەریشەوە پێگەیەكی بەهێزی ئەوتۆی نییەو زیاتریش لە مەداری یەكێتیو پارتیدا دەسووڕێتەوەو وەكو بەشێك لەو دەسەڵاتەی ئێستای كوردستان دەردەكەوێت، هەرچەندە لە رووی دەسەڵاتیشەوە ئەم خاوەنی دەنگو بڕیار نییەو دەتوانین بڵێین لە ئێستادا سۆشیالیستیش وەكو حیزبو رێكخراوەكانی دەرەوەی سێ لایەنە ئۆپۆزسیۆنەكەو بە حیساب دەرەوەی دەسەڵاتیش لە بارێكی پەراوێزیدا ماوەتەوە كە زیاتر لەوەی پەراوێزی ئۆپۆزسیۆن بن پەرەاوێزی دەسەڵاتنو ئەم

**پێگەیەش ناتوانێت ئامادەبوونێکی ئەوتۆیان پێببەخشێت. ئەمەش وایکردووە لە ئێستادا سۆشیالیست لە روانگەی گوتاری باوی کوردیەوە کە گوتاری پێکەوە ژیانە لە عێراقدا دەورو کاریگەرییەکی نەبێت. هەروەك هیچ هەنگاوێکیشی نەناوە بۆ بیناکردنی گوتاری ناسیونالیزمی کوردیو لەو روانگەیەشەوە هیچ ئامادەبوونێکی لەبەرچاوی ئەوتۆی نییە کە شایانی باس بێت. ئەمەش ئەو واقیعەیە کە زۆرینەی حیزبو رێکخراوەکانی کوردستانی تێدا دەژین. کەواتە ئێستا دەتوانین بڵێین گوتاری حیزبی سۆشیالیست دیموکراتی کوردستان کە لە چوارچێوەی گوتاری یەکێتیو پارتیدایە، نەبووەتە گوتارێکی خاوەن شووناسی ئەوتۆ کە پێی بگوترێت گوتاری ناسیونالیزمی کورد کە گەوهەری ئەم گوتارەش بریتییە لە سەربەخۆیو پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی هەموو کوردستان.**

**سەرچاوەکان.**


1- **سەروەر عومەر عەبدوڕەحمان، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، دامەزراندنو دەست پێکردنەوەی شۆڕش،** 1975-1976**،سلێمانی،** 2002،ل 96.

2- **سەلام عەبدولکەریم، ژیانی سیاسی لە باشووری کوردستان** 1975-1991**، سەرهەڵدانی رەوتی سۆشیالیستیو درووستبوونی حیزبی سۆشیالیستی کوردستان، سلێمانی،** 2011،ل39.

3- **محەمەد شاکەلی، لە بزووتنەوەوە بۆ حیزبی سۆشیالیستی کوردستان،** 2011، ل 9.

4- **نەوشیروان مستەفا ئەمین، لە کەناری دانووبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ،** 1975-1978، 1997، ل44-45.

5- بەیانی دامەزراندنی بزووتنەوەی سۆشیالیستی دیموکراتی کوردستان، ئابی 1976، لە کتێبی سەلام عەبدولکەریم، ژیانی سیاسی لە باشووری کوردستان،ل 281-285 ئەویش لە ئەرشیفی محەمەدی حاجی مەحمود وەریگرتووە.

6- Oxford Concise Dictionary of politics, 2003, p 483.

7- David Macdowall, A Modern History of the Kurds. London, 2000, p.344.

8- سەلام عەبدولکەریم، ژیانی سیاسی لە باشووری کوردستان، ل. 61.

9- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل.100.

10- سەلام عەبدولکەریم ، ژیانی سیاسی لە باشووری کوردستان، ل 102، وەرگیراو لە عزیز محمد، تقریر اللجنه المرکزیه الی مؤتمر الوگنی الرابع للحزب الشیوعی، 1985، ص 87.

## 11 - بەشی یانزەیەم:

# گوتاری پارتی کرێکارانی کوردستان:

**سەرەتا:**

**لە ئەنجامی شەڕی چاڵدێرانی نێوان سەفەوی‌و عوسمانیەکاندا کە لە ساڵی 1534دا روویدا کوردستان لە نێوان ئەو دەوڵەتە ئیمپراتۆریەتەدا دابەشکرا.**

**ئەوەش تەنیا دابەشکردنێك نەبوو کە جوگرافیای کوردستانی دابەش کردبێت بەڵکو ئەو دابەشکردنە جوگرافیە کە بریتی بوو لە دابەشکردنی ئیداریو سیاسی لەگەڵ خۆیدا دابەشکردنی جەستەی نەتەوەی کوردی لە هەموو ئاستەکاندا لەگەڵ خۆی هێنا. ئەمە سەرباری ئەوەی لەو ساتە بەدواوە هەر یەك لەو دەوڵەتانە هەوڵیداوە کوردی ژێرسایەی دەسەڵاتی خۆی لە پێناوی بەرژەوەندییەکانی خۆیدا بەکار بهێنێتو بە ئاشکراش کورد سەرباری ئەوەی لە مێژوویەکی زۆر زووتردا بووبووە ئیسلامو هەریەکە لەم دوو ئیمپراتۆرێتەش فەرمانڕەوایی رووبەرێکی فراوانی لە جیهانی ئیسلامی کردووە بە تایبەتی عوسمانیەکان، بەلآم لەگەڵ ئەوەشدا جەستەی کورد کەوتە ژێر دوو دەسەڵاتی ئیسلامی کە یەکێکیان دەسەڵاتی سوونەو ئەویتریشیان دەسەڵاتی شیعە بوو. هیچ کام لەو دوو ئیمپراتۆرێتە بە چاوی برای دینی سەیری کوردیان نەکردووە. بەهەرحاڵ لە دابەشکردنی کوردستاندا رووبەرێکی فراوانی کوردستان کەوتە ژێر دەسەڵاتی عوسمانیەکانەوە کە ئەو رووبەرە فراوانەش بە ولایەتی موسڵ ناودەبرێت ئەمەش لەسەر بنەمای دابەشکردنی بەشێکی فراوانی کوردستانوعێراقی ئەو کاتە بۆ ولایەتەکانی بەغداو بەسرەو موسڵ.**

**وەکو ئاشکراشە ئەو دابەشکردنە لەسەر زەمینەی واقیع جێبەجێ کرا، سەرباری بوونی ناڕەزاییو یاخی بوونی کوردەکان. بە تایبەتی میرنشینە کوردەکان کە دەسەلآتی پەرەسەندووی خێڵ بوون هەندێ جار وەکو دەسەلآتێکی ناوچەیی وەها سەیری خۆیانیان کردووە کە خۆیان خۆیان بەڕێوەدەبەنو هەر ئەوەش وایلێکردوون کە هەندێ جار گوێڕایەڵی دەسەلآتی خەلافەت نەکەنو ئەوەش زۆرجار بە گۆڕینی میرەکان یان درووستکردنی ئاژاوە لە نێوان بنەماڵەی میرەکاندا کۆتایی هاتووەو هەر ئەوەش یەکێك بووە لە هۆکارەکانی رووخاندنی**

بەشێك لە میرنشینە کوردەکان کە هەردوو دەوڵتی دەوری ئاشکرایان هەبووە لە بەگژدا کردنی یەکتری میرنشینە کوردەکاندا. دیارە ئەم میرنشینانەش هەر هەمان دەسەلاّتی خێڵ بوون بەلاّم لە ئاستێکی تا ئەندازەیەك فراوانتردا. واتە گوتاری میرنشین گوتاری تا ئەندازەیەك پەرەسەندووی خێل بووە. بەلاّم وەك ئاشکرایە لە سنووری ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا دوا میرنشینی بەهێز کە میرنشینی بابان بووە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا رووخاوە. بەلاّم لە ماوەیەکی کورتی پێش رووخاندنی میرنشینی باباندا بزووتنەوەیەك لە باکوردی کوردستان لە لایەن بنەماڵەی بەدرخانیەکانەوە رێکدەخرێتو رابەرایەتی دەکرێت ئەویش لە دەیەی پێنجەمی سەدەی نۆزدەدا کە ئەو بزووتنەوەیە وەکو یەکەمین بزووتنەوەی کوردی سەیر دەکرێت کە تێکەلاّوی جۆرێك لە هەستی نەتەوایەتی بووبێت. دیارە هۆکاری ئەوەش ئاشکرایە کە پەیوەندی بە کاریگەری دەرکەوتنی ناسیونالیزمی تورکیو گەشەکردنی ناسیونالیزمی ئەورووپیو دەوڵەتی نەتەوەییەوە هەبووە لە ئەوروپادا، بە تایبەتیش کە زۆرێك لە ئەندامانی بنەماڵەی بەدرخانیەکان تێکەلاّوی ژیانی ئەوروپا بوونو پەرەسەندنی تەکنۆلۆجیاو دەرەکەوتنی چینی ناوەند یان بۆرژوای نەتەوەییو نیشتیمانیان بینیووە کە چۆن لە خەمی درووستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیدا بوون. ئەمەش کاریگەری لەسە ئەمان داناوەو سەرباری دواکەوتوویی کۆمەڵگەی کوردیو مانەوەی لەو کاتەدا زیاتر وەکو کۆمەڵگەیەکی سەرەتایی بەلاّم دیارە کاریگەری ئەو نوخبەیەی ئەندامانی بنەماڵەی بەدرخانیەکان دەورو کاریگەری خۆیی هەبووە لە درووستکردنی بزووتنەوەی بەدرخانیەکاندا. بەلاّم دیارە ئاشکرایە لەبەر ئەوەی کە ئەو بزووتنەوەیە لەسەر بنەمای پەرەسەندنی کۆمەڵگەی کوردی ئەو کاتەی کوردستان لە دایك نەبووە نەیتوانیووە ببێتە

بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی جەماوەری‌و ئەوەش دەوری هەبێت لە مانەوەو زیاتر پەرەسەندنیدا بەڵکو بە پێچەوانەوە لە ماوەیەکی دیاریکراودا ئەو بزووتنەوەیە هەرەسی هێناوە بەڵام لە رووی مێژووی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردییەوە بایەخێکی زۆری هەیە بە تایبەتیش لەو رووبەرەدا کە بابەتی ئەم باسەی ئێمەیە کە باکوری کوردستانە.

بە دوای بزووتنەوەی بەدرخانیەکاندا لە ساڵی 1880دا بزووتنەوەکەی شێخ عوبەیدوڵای نەهری دەست پێدەکات کە زۆرێك لە کوردناسان ئەم بزووتنەوەیە وەکو قۆناغی یەکەمی ناسیونالیزمی کوردی ناودەبەن، کە کۆمەڵێ دروشمی دیاری هەبووەو گوتاری ئەم بزووتنەوەیەش بە بەشێك لە رەگەزەکانی گوتاری ناسیونالیزمی کوردی بارگاوی کراوە ئەگەرچی لەراستیدا ناتوانرێت وەکو بزووتنەوەیەکی ناسیونالیستی لەسەر بنەمای گوتارەکەی بڕیاری لەسەر بدرێت. لەو بارەیەوە نادر ئینتیسار دەڵێت: ئامانجی شێخ عوبەیدوڵا دامەزراندنی کوردستانێکی گەورەتر بوو ئەویش بە یکخستنی کوردەکانی ئێران‌و کوردەکانی سنووری دەوڵەتی عوسمانی. ئەم راپەڕینە لەو رووەوە گرنگ بوو کە مژدەی سەرهەڵدانی راپەڕین‌و دەرکەوتنی ناسیونالیزمی کوردی سەدەی بیستی لەگەڵ خۆیدا هێنا(1). بە هەرحاڵ ئەم بزووتنەوەیە زیاتر رۆژهەلاتی کوردستانی گرتۆتەوە واتە سەرباری ئەوەی کە ئەو رووبەرەی شێخ عوبەیدوڵای نەهری‌و بنەماڵەکەیی تێدا بوون، ئەو بەشەیان بووە کە کەوتۆتبووە ژێر سایەی دەسەلاتی دەوڵەتی عوسمانییەوە، بەڵام بزووتنەوەکەی شێخ عوبەیدوڵا لە جوگرافیای کوردستانی ژێر سایەی قاجەرییەکاندا دەست پێدەکات. ئەم بزووتنەوەیەش دیسان ناتوانێت درێژە بە خۆی بداتو پاش ماوەیەکی کورت‌و بێ ئەوەی شتێکی ئەوتۆ بەدەست بهێنێت هەرەس دەهێنێت.

هەر لە کوردستانی ژێر سایەی دەسەڵاتی تورکەکاندا، بزووتنەوەکانی شێخ عەبدولسەلامی بارزانیو شێخ مەحمودو شێخ سەعیدی پیرانو راپەڕینی ئاگری داخو راپەڕینی سەید رەزای دەرسیم لە نێوان هەردوو جەنگی جیهانیدا سەرهەڵدەدەن کە دیارە ئەم قۆناغەیان بەراورد بە سەدەی نۆزدە لە رووی پەرەسەندنی پیشەسازیو ئابووریو کۆمەڵایەتیەوە، دەوڵەتی تورك بە کوردستانیشەوە گۆڕانکاری تێدا روویداوە، ئەگەرچی ئەو گۆڕانکارییانە لاوازیش بووبن بەڵام کاریگەرییان هەبووە لەسەر زیاتر دەرکەوتنی هەستی نەتەوەیی لە لای کورد ئەگەرچی ئەو هەستە بە ئەندازەیەك پەرەی نەسەندووە کە ببێتە پرۆژەی ناسیونالیزمی کوردی، کە مەبەست لەوەش بوونیەتی بە ئایدیۆلۆجیاو بەرنامەی بزووتنەوەیەکی جەماوەری لە کوردستاندا لە پێناوی سەربەخۆبوونی کوردستانو دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیدا.

بارودۆخی تورکیا لە ساڵانی شەستەکاندا باردۆخێکی تا ئەندازەیەك ناسەقامگیر بوو چونکە لەو هەڵبژاردنەی کە لەساڵی 1961دا کرا هیچ حیزبێکی سیاسی نەیتوانی ئەوەندە دەنگ بەدەستبهێنێت تا خۆی بە تەنیا حکومەت دروست بکات. لەو هەڵبژاردنەدا دوو حیزب لە کوردستانی لکێندراو بە تورکیاوە لە ململانێدا بوون بۆ بە دەستهێنانی زیاترین دەنگ کە ئەوانیش حیزبی عەدالەتو حیزبی تورکیای نوێ بوون. بەڵام دەنگەکانیان لە کوردستان نزیك لە یەکسان بوو بۆیە هیچیان نەیان بردەوە . لە ریزی حیزبی تورکیای نوێدا کەسانی کورد پایەو پلەیان هەبوو کە دیارترینیان دکتۆر یوسف عەزیزۆگلۆ بوو کە لە ساڵی 1962 لە حکومەتەکەی عیسمەت ئینینۆدا بووە وەزیری تەندروستیو بایەخێکی زۆری بە ناوچە کوردییەکاندا لە رووی کردنەوەی نەخۆشخانەوە. تا سەرئەنجام بە تاوانی بایەخدانی بە کوردو ورۆژاندنی هەستی

نەتەوایەتی کوردی ناچارکرا دەست لە کاربکێشێتەوە. لەو سەروبەندەدا بوونی ئازادیی سیاسی سنووردار بواری بە چالاکی سیاسیو پێکهێنانی دەستەو گروپو حیزب داو سەرئەنجام نوخبەی رۆشنبیری چەپی تورکو کورد لە ژێر ئالأی پارتی کرێکارانی تورکیادا خۆیان رێکخستو کەوتنە پێشبڕکێ بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردندا. پارتی کرێکارانی تورکیا ژمارەیەك کوردی لە ئاستی بەرزدا تێدابوو. ئەم پارتە لە رێگای کۆششی ئەندامە کوردەکانیەوە، وردە وردە کەوتە ناسینی گرنگێتی مەسەلەی کورد لە تورکیادا. لە کۆنگرەی چوارەمیدا کە لە ساڵی 1971دا بەستی ، پارتی کرێکارانی تورکیا بڕیارێکی دەرکرد کە ئەمە بەشێکێتی: گەلێکی کورد هەیە لە رۆژهەلأتی تورکیادا، دەسەلأتدارانی فاشی کە نوێنەرایەتی چینە فەرمانڕەواکان  دەکەن ئەم گەلەیان دووچاری سیاسەتی تواندنەوەو تۆقاندن کردووە کە ئەوەش بەردەوام بووەتە هۆی سەرکوتکردنی خوێناوییان(2). کەواتە ئێستا دەبینین پارتی کرێکارانی تورکیا کە پارتێکی چەپ بوو تا ئەندازەیەك لە بەشێك لە ئازارەکانی کورد تێگەیشتووە. دیارە ئەم پارتەش لە ناوەڕاستی شەستەکاندا توانی ژمارەیەکی دیار کوردسی لە پەرلەمانی تورکیادا بەدەست بهێنێتو داننانی ئەو پارتە بە ئازارەکانی کوردو سیاسەتی شۆڤێنیانەی دەوڵەتی تورکدا سەرەتایەکی باش بوو بۆ زیاتر ناسینی کێشەی کورد لە تورکیادا کە چەپەکان لەو رووەوە دەوریان هەبووە.

پارتی کرێکارانی کوردستان بە شێوەیەکی بنەڕەتی لە بینینی تاکە پیاوێکەوە لە دایك بوو؟، کە ئەویش عەبدولأ ئۆچالان بوو، کە بە نازناوەکەی ناسرا واتە ئاپۆ. ئۆچالان لە کودەتای ساڵی 1970دا قوتابی زانکۆ بوو لە ئەنقەرە. ئەو کاتە چووە ریزی دیڤیرمیچ جینكو گروپێکی تری چەپەوە... ئوچالان ئیلهامی لە ماهیر گایانی هاوڕێیەوە وەرگرت کە سەرکردەیەکی چەپی شۆڕشگێڕ بوو لە

سەرەتای حەفتاکاندا. دواتر ئوچالان شەش هاوڕێی سیاسی کۆکردەوە بۆ دەستپێکردنی بزووتنەوەی تایبەتی نەتەوەیی سەربەخۆیی کوردستان لەسەر بنەمای مارکسیزم- لینینیزم. بڕیار درا بە پچڕاندنی هەموو پەیوەندییەك لەگەڵ گروپە چەپە تورکەکاندا. لە ساڵی 1975دا ئوچالان‌و یەکەم شوێنکەوتووەکانی لە ناوچەی تورکی پاشەکشەیان کرد بۆ ناوچەی کوردی، جەختیان کردە سەر بیناکردنی خۆیان لە ناوچەکانی خۆیان کە ئەوانیش بریتی بوون لە ئورفەو ئیلازیك‌و تونچەلی‌و غازی عەنتاب‌و ماراس(3).

لە ئەنجامی ئەزموون وەرگرتن لە بزووتنەوەی چەپی تورکی‌و هەڵسەنگاندنی بنەماکانی هەلی سیاسیانە کە لە ئاکامدا جارێکی تر گەیشتە ئاستی پێگەیشتن، زۆر ناسیونالیستی کورد لە ساڵی حەفتاکاندا جیابوونەوە بۆ دامەزراندنی رێکخراوی باڵی چەپی تایبەت بە کورد خۆیان(49). هەر لە ئەنجامی ئەو بارودۆخە سیاسی‌و ئابوورییەی سالآنی حەفتاکاندا، ژمارەیەك رێکخراوو پارتی کوردی لە باکوردی کوردستان درووست بوون کە دیارترینیان پارتی کرێکارانی کوردستانە. ئەو رێکخراوو پارتانەی لە باکوری کوردستان کە لە ساڵی حەفتاکاندا درووستبوون زۆربەیان چەپی ناسیونالیست بوون." لە ساڵی 1975 پارتی سۆشیالیستی کوردستانی تورکیاو لە ساڵی 1976 رێکخراوی کاوەو لە ساڵی 1977 دەنگی کاوەو لە ساڵی 1978 کاوەی سوورو لە ساڵی 1977 رزگاری‌و لە ساڵی 1979 ئالأ!ی رزگاری‌و لە ساڵی 1978 سەربەخۆخووازانی نیشتیمانی کوردستان‌و لە ساڵی 1980 بزووتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان‌و لە ساڵی 1978 یش پارتی کرێکارانی کوردستان درووستبوون(5).لە ساڵی 1984دا پارتی کرێکاران دەستی کرد بە شێوازی هێرشی گەریلایی بۆ سەر هێزە ئەمنییەکانی تورکیاو کەسایەتی حکومی‌و هۆکارە یاریدەدەرەکان‌و نوخبەی

فیودیالی کە پشتگیری تورکیایان دەکرد(6). بێگومان ئەوە ئاشکرایە کە پارتی کرێکارانی کوردستان لەو کاتەی خەباتی گەریلایی دەست پێکردووە تاکو ئێستاشی لەگەڵدا بێت، سەرباری ئەو شکستانەی کە دووچاریشی بووە بە تایبەتی دەستگیرکردنی سەرۆکەکەی، بەلاٌم هێشتا نەك هەر وەك پارتێکی بەهێز بەڵکو وەکو تاکە پارتی ئۆپۆزسیۆنی کوردی چەکدار لە باکوری کوردستان ئامادەبوونی هەیە، ئەگەرچی ئەو ئامادەبوونە لە ئاستی خەباتی مەدەنیو جەماوەری بووندا جێگای قسە لەسەر کردنە بەلاٌم تاکە پارتی سیاسیە کە نەك هەر تورکیا خۆی بەڵکو دۆستەکانی تورکیاش بە ئەمەریکاشەوە وەکو مەترسی بۆسەر بەرژەوەندیو چارەنووسی تورکیا سەیری دەکەن، ئەویش بە هۆی چالاکی گەریلاییو دەورو کاریگەری ئەم پارتە لەسەر ژیاندنەوەی هەستو هوشیاری نەتەوەیی کوردو درووستکردنی جوڵەیەکی بەرفراوان بە ئاراستەی درووستبوونی ناسیونالیستێکی ناسراوترو بەرچاو روونتر، ئەگەر پارتی کرێکاران بەرورد بکرێت بە پارتو بزووتنەوە سیاسیەکانی بەشەکانی تری کوردستان. کەواتە لێرەدا پرسیاری سەرەکی خۆی دەسەپێنێت، کە ئامانجی توێژینەوەکەی ئێمەیە ئەویش ئەوەیە ئایا گوتاری پارتی کرێکاران چییە؟ ئایا ئەم پارتە هەلگری گوتاری ناسیونالیزمی کوردییە لەو روانگەیەوە کە ئەو گوتارە لەسەر بنەمای بوونی پرۆژەی سەربەخۆیی کوردستانو درووست کرنی دەوڵەتی کوردی پێناسە دەکرێت؟

نادر ئینتیسار دەڵێت: پارتی کرێکارانی کوردستان هەمان شێوەی کۆمەڵەی ئێران (مارکسیزم- لینینیزم)یان لەگەڵ هەوێنی ناسیونالیزمی کوردیدا تێکەلاٌو کردووە. ئەم پارتە لایەنگری دامەزراندنی کۆمارێکی مارکسی کوردی بوو لە باشووری تورکیادا. ئەمەش لەگەڵ ئامانجی ئەوپەڕیندا یەکدەگرێتەوە کە

درووستكردنی كوردستانێكی سەربەخۆیە بە جۆرێك هەموو ناوچە كوردییەكانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست یەك پێبگرێتەوە(7). هەڤاڵ جومعە كە كتێبێكی گەورەی بە ناوی مێژووی پارتی كرێكارانی كوردستانەوە نووسیووەو خۆیشی یەكێكە لەو كادیرە سەرەكیانەی هەر لە سەرەتاوە لە ریزی ئەم پارتەدا خەباتی كردووەو بەرپرسیارێتی زۆرو جۆراو جۆرو بەرزیشی لە ریزەكانی ئەم پارتەدا هەبووەو هەیە. لەو كتێبەدا كە باسی شێوازی خەباتو تایبەتمەندی كوردستانو كۆمەلگەی كوردیو رۆڵی ئاپۆ لە دروستكردنی ئەم پارتەدا كردووەو رووناكی خستۆتە سەر ململانێ ناوخۆییەكانو ململانێی نێوان هەموو كوردو لە بەرامبەریشدا لە دڕندەیی داگیركەرانی كوردستانو هەڵوێستی نامرۆڤانەی دەوڵەتانی بریاربەدەستو زۆر شتی تریش پەیوەست بە كوردو كوردستان دواوە، كەچی دوورو نزیك هیچی لە بارەی بەرنامەو پەیڕەوو ستراتیژی پارتی كرێكارانی كوردستانەوە نەگوتووەو باس نەكردووە، مەگەر هەندێ شتی لاوەكی لە شێوەی جۆرێك لە ئاماژەكردندا لەو بارەیەوە هاتبێت. هەڤاڵ جومعە دەڵێت: ئێستا لە كوردستان تەنیا یاساو دەستووری داگیركەر هەیەو یاسایەكی تر نییە. یاسای شۆڕشیش لەگەڵ دەستپێكردنی خەباتو شۆڕش دەستپێدەكاتو دەبێتە یاسای كوردستان. سەرنج بدە سەرۆكایەتی گەلێك یاسای دارشتووە چونكە یاسایەك بۆ كوردستان نەبوو(8). جارێكی تر لە بارەی باشووری كوردستانو نەتوانینی كاركردنی پارتو رێكخراوەكانی ئەم بەشە وەكو بزووتنەوەیەكی ناسیونالیستیو شەڕی پارتی كرێكاران لەگەڵ باشوور دەڵێت: ئەگەر لەو شەڕەدا بەپێی تاكتیك هەنگاومان هەڵێنابایا، بیری ئۆتۆنۆمیو فیدرالی دەسڕانەوەو ئەم كۆسپانە نەدەمان. بیری سەربەخۆییو ئازادی لە

**کوردستاندا بە تەنیا دەمایەوەو حاکمیەتی خۆشی سەقامگیر دەکردو دەرفەتی ئەوە هەبوو کە باکوورو باشوور ببنە یەك(9).**

**ئەگەر سەیری ئەم دوو بۆچوونەی سەرەوە بکەین ئەوا لە گەوهەردا ئەوەمان پێدەڵێت کە ئەم پارتە خەبات دەکات لە پێناوی سەربەخۆیی‌و ئازادی هەموو کوردستان‌و دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆو یەکگرتوویی کوردیدا. هەر لەو روانگەیەشەوە باس لە پێکهێنانی دارشتنی یاساو دەستووری کوردستان دەکات بۆ ئەوەی لە ژێر سایەی یاساو دەستووری داگیرکەر بێتە دەرەوە. هەروەك لە لایەکی ترەوە باسی ئەوە دەکات ئەگەر پارتی کرێکاران لە شەڕی دژی پارتی‌و یەکێتی نیشتیمانیدا وەکو دوو پارتی باڵادەستی باشووری کوردستان کە مێژووی بوون‌و ئامادەبوونیان لەم بەشەی کوردستاندا لە پێش مێژووی بوون‌و ئامادەبوونی پارتی کرێکارانەوەیەو تاکو ئێستاش ئاستی جەماوەر دارێتیان لە باشووری کوردستاندا بە جۆرێکە کە پارتی کرێکاران‌و ئەو پارتانەی تریش کە وای نیشان دەدەن هەڵگری گوتاری ناسیونالیزمی کوردین‌و خاوەنی پرۆژەی سەربەخۆی‌و دەوڵەتی کوردین، لە ئاستی ئەم دوو پارتەدا لە باشوور ئامادەبوونێکی ئەوتۆیان نییە. دیارە روانینی پارتی کرێکاران بۆ ئەم دوو پارتە ئەوەیە کە رێگرن لەبەردەم پەرەسەندنی داخوازییەکانی کورددا‌و رێگربوون لەوەی کورد ئاستی داواکارییەکانی لە ئۆتۆنۆمی‌و فیدراڵیەوە بۆ سەربەخۆیی‌و دەوڵەت بەرز بکاتەوە. بێگومان شێوازی کارکردنی پارتی کرێکاران لەم روانگەیەوە هاوشێوەی روانین‌و هەڵوێستەکانی محەمەد پاشای رەواندوزە کە لە بری هەوڵدان بۆ دروستکردنی یەکێتی نێوان خێڵ‌و عەشیرەتەکان لە رێگای دروستکردنی فیدراسیۆنی خێڵایەتی‌و دروستکردنی یەکێتی لە نێوان خێڵەکاندا هەوڵ دەدا لە رێگای هێزەوە ئەو یەکێتیە دروست بکات‌و**

سەرئەنجامیش لەو ڕووەوە شکستی هێناو ئەوەش بووە یەکێك لە هۆکارەکانی ڕووخاندنی میرنشینەکەی. بەهەمان شێوە پارتی کرێکارانیش لە بری نزیکبوونەوەو هاوپەیمانی بەستن لە نێوان خۆیی‌و پارت‌و ڕێکخراوەکانی تردا بە تایبەتی پارت‌و ڕێکخراوە خاوەن جەماوەرەکانی وەکو یەکێتی‌و پارتی، پێی وابووە دەتوانیت لە ڕێگای شەڕەوە کۆتای بە بۆچوون‌و بەرنامەی یەکێتی‌و پارتی بهێنێت کە بەرنامەی ئۆتۆنۆمی‌و فیدرالّیە. ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە پارتی کرێکارانیش لە ڕووی ڕاستیەوە نەبووەتە بزووتنەوەیەکی جەماوەرەی لە ئاستێکدا بێت نوێنەرایەتی تەواوی ناسیونالیزمی کوردی بکات‌و بەو پێیەش بووبێتە بزووتنەوەیەکی کۆمەلأیەتی جەماوەری کە هەموو پێکهاتەکانی نەتەوەی لە خۆیدا کۆکردبێتەوەو لە پێناوی ئامانجی سەرەکی نەتەوەدا سەرکردایەتی بکات کە بریتیە لە ڕزگارکردنی هەموو کوردستان‌و درووستکردنی دەولّەتی سەربەخۆی یەکگرتووی کورستان بە جۆرێك کە ئەو دەولّەتە دەسەلأتداری هەموو جوگرافیای کوردستان بێت. دیارە ئەوەی ئاشکرایەو هەم پێکەکە خۆی وای نیشانداوە هەم دەولّەتی تورکی پێکەکەی بەوە تاوانبار کردووە کە دەیەوێت تورکیا دابەش بکات کە مەبەست لەوەش ئاشکرایە ڕزگارکردنی ئەو بەشە گرنگەی کوردستان‌و درووستکردنی دەولّەتی کوردییە. بەلأم ئایا ئەوە تا چ ئاستێك لە بەرنامەو ستراتیژی پارتی کرێکاراندا جێگیربووەو تا چەندێکیش بە جیدی لەو پێناوەدا خەبات دەکات‌و ئایا ئەگەری ئەوە درووست نەبووە کە پارتی کرێکارانیش وەکو پارتەکانی تری کوردستان بە تایبەتی لە دوای دەستگیرکردنی سەرۆکەکەی بەرنامەو ستراتیژی خۆی گۆڕی بێت؟ ئەمانەش کۆمەلّێك پرسیارن دەشێ مێژوو وەلأمیان بداتەوە بە تایبەتی بەردەوام بوون لە خەباتدا لە ڕووی کردارەوە ئەوە ئاشکرا دەکات.

ئاپۆ دەڵێت: ئەو دەوڵەتانەی کوردیان تێدایە، تێکۆشانێکی جێگیری ولاٌتپارێزی، بە تێکۆشانێکی هاوبەش لەگەڵ ئەو گروپە کەلتووری‌و گەلانە تێپەڕ دەبێت کە لە نێو سنووری تەواوی ولاٌتدا بەرژەوەندییەکانیان لە یەکتر دەچێت‌و لە نێو یەکێتیەکی بەرفراوان بەرێوە دەچێت کە ئازادی‌و یەکسانی بە بنەما دەگرن(10). دیسان دەڵێت: کاتێك پارتی کرێکارانمان (پێکەکە)مان وەکو رێکخستنێکی رزگاری نەتەوەیی پێناسە کردو رێگای کاروانمان گرتەبەر، هەروەکو باوەڕهێنانمان بە قورئان باوەڕیمان بە راستەڕێی خۆمان‌و بەدەستهێنانی سەرکەوتن هەبوو(11). لێرەوە لەم دوو وتەیەی سەرەوەی ئاپۆدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەو وەکو سەرۆکی پارتی کرێکاران کە دیدو بۆچوون‌و قسەکانی ئەو بریتین لە بەرناو نەخشەی کاری ئەم پارتە: یەکەم بڕوای وایە کە پارتی کرێکاران پارتێکی رێکخراوە لە پێناوی رزگاری کوردستانداو بڕوای تەواویشی بە سەرکەوتن‌و گەیشتن بەو ئامانجە هەیە، هەرچەندە لەم دوو قسەیەدا ئەوە ئاشکرا نییە کە ئایا پارتی کرێکاران خەبات دەکات لە پێناوی رزگاری هەر چوار پارچەی کوردستاندا یان تەنیا خەبات لە پێناوی رزگاری باکوری کوردستاندا دەکات کە لە ژێر دەستی داگیرکەری تورکدا لە هاتنی عوسمانیەکانەوە دەناڵێنێت‌و لە دوای درووستبوونی دەوڵەتی نوێی کەمالیستی تورکی ئاستی فشارو بەکارهێنانی هەموو رێگایەك بۆ سڕینەوەی شوناسی کورد بوون لەو بەشەی کوردستانیش وەکو بەشەکانی تر لەبەر گیراوەو تەنانەت تاکو ئێستاش سادەترین ماڤی کەلتووریش لەو ولاٌتەدا بە کورد نەدراوە کە ماڤی بەکارهێنانی زمانی دایکە.

دووەم: لە کاتێکدا کە ئاپۆ بڕوای بە لەبەرگرتنی رێگای خەباتە لە پێناوی رزگارکردنی کوردستاندا دیسان رەهەندی ئەو رزگارییەش لەم وتانەدا ئاشکرا

نین. ئایا پارتی کرێکاران خەبات دەکات بۆ ئەوەی بوونی کورد لەو وڵاتەدا بسەلمێنێتو هەوڵی پێکهێنانی سیستێمێکی فەرمانڕەوایی دیموکرات لەو وڵاتەدا بدات کە هەموو کەسێك لە سایەیدا بتوانێت بە ئازادانە وەکو هاووڵاتی ئەو وڵاتە بژیو هیچ جیاوازییەك لە نێوان نەتەوەو ئیتنیكو رەگەزە جیاوازەکاندا نەبێت؟ یان پارتی کرێکاران خەبات دەکات لە پێناوی رزگاری ئەو بەشەی کوردستانداو دەرهێنانی لە ژێر رکێفی داگیرکەری تورکیو دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی لەو بەشەدا؟ یان ئایا پارتی کرێکاران خۆی بە پارتی کوردستانی گەورە دەزانێتو خەبات لە پێناوی رزگاری هەموو کوردستانی گەورەدا دەکات لە بەرامبەر داگیرکەرانی تورکو عەرەبو فارسدا، بەڵام خاڵی دەست پێکردن باکوری کوردستانە بە هیوای ئەوەی کە ئەو خەباتە رووبەرەکەی فراوان بکرێتو هەموو کوردستانی گەورە بگرێتەوە. ئەویش لە پێناوی رزگارکردنی هەموو جوگرافیای کوردستانو دروستکردنی دەوڵەتی یەکگرتووی کوردیدا.

بێگومان ئەگەر خەبات تەنیا لە پێناوی رزگارکردنی باکوری کوردستاندا بێت ئەوە دەتوانرێت بگوترێت لە بارێکی وەهادا گوتاری پارتی کرێکاران گوتارێکی تەواوی ناسیونالیزمی کوردی دەبێت کە ئەمەش هاوشێوەی گوتاری شاری تەواوی فارابیە. بەڵام ئەگەر پارتی کرێکاران خەبات بکات لە پێناوی رزگاری هەرچوار پارچەی کوردستانو رزگارکردنو سەربەخۆبوونی کوردستانداو لەو ئاقارەشدا هەوڵی دروستکردنی دەوڵەتێکی یەکگرتووی کوردی لە هەموو جوگرافیای کوردستاندا بدات، ئەوا ئەم پارتە دەبێتە هەڵگری گوتاری هەرە تەواوی ناسیونالیزمی کوردی کە ئەوەش ئاستی ئەوپەڕینی داواکارییە رەواکانی کوردە کە بەسرووشتی دەبێ کورد ئەو مافەی هەبێت کە مافێکی سرووشتی

هەموو نەتەوەكانە كە خۆیان فەرمانڕەوای خۆیان بنو لە یەكەیەكی یەكگرتوودا لەسەر جوگرافیای خۆیان، خۆیان ڕێكبخەنو بەڕێوەببەن. دیارە لە پاڵ گوتاری تەواوو گوتاری هەرە تەواوی ناسیونالیزمی كوردیدا گوتاری ناتەواویش هەیە كە بریتیە لەو گوتارەی كە ئێستا لە باشووری كوردستاندا لە بواری پراكتیكو پیادەكردندایە كە ئەویش گوتاری فیدراڵییە. هەڵبەت دامەزراوەی ئۆتۆنۆمیو فیدراڵی و كۆنفیدراڵیش كە یەكەمیان ئاستی دەسەڵاتی لە فیدراڵی كەمترەو ئەویتریشیان ئاستی دەسەڵاتی لە دامەزراوەی فیدراڵی زیاترە. هەرسێكیان لە چوارچێوەی گوتاری ناتەواودا پێناسە دەكرێن.

هەروەك لە نێوەندی سیاسیو كەلتووری كوردشیدا تاكو ئێستاش بۆچوونی لەو جۆرە هەیە كە وڵاتانی داگیركەری كوردستان بگۆڕێن بۆ سیستێمی دیموكراتیو هەموو كەسێك لە سایەی ئەو سیستێمەدا بە ئازادیو یەكسانی بژیو كەس پێویستی بەوە نەبێت كە بیر لە جیاوازی نەتەوەییو ئیتنیكی بكاتەوەو لە سایەیەی دەوڵەتێكی دیموكراتیدا بژین كە لە بری شووناسی نەتەوەیی، ئەو دەوڵەتە شووناسی نیشتیمانی هەبێت وەكو دەوڵەتی عێراق ، دەوڵەتی ئێران، دەوڵەتی سووریا، دەوڵەتی توركیا. بەڵام بێگومان ئەم جۆرە بۆچوونە شتێكی ئەوتۆ بەرهەم ناهێنێت بێجگە لە وەهمی پێكەوەژیان بە تایبەتی بۆ نەتەوەیەكی وەكو كورد كە وڵاتەكەی لە لایەن دەوڵەتی سێ نەتەوەوە داگیركراوە هەروا بە ئاسانی ناگەنە ئەو قۆناغەی پەرەسەندن كە دان بە بوونی ئەوی تردا بنێن، كە لێرەدا ئەویتر بە گوێرەی ئەوان نەتەوەی كوردە. نموونەی ئەو سیستێمانەی كە لە دوای شۆڕشی ئوكتۆبەرەوە لە سۆڤێتو وڵاتانی فرە نەژادی ئەورووپای ڕۆژهەڵات پێكهاتن سەلماندوویەتی، ئەگەری پێكهاتنی سیستێمی نموونەیی لەو جۆرەی كە هەمووان بە ئازادیو بێ جیاوازی لەسایەیدا بژین

ئەگەرێکی زۆر لاوازە، نەك بۆ ولأتانی فرە نەتەوەییو فرە ئیتنیکی بە تەنیا، بەڵکو بۆ ولأتانێکیش کە تەنیا نەتەوەیەکیان تێدا دەژی مەسەلەی دیموکراسیو عەدالەت و یەکسانی هێشتا نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی مرۆڤ وەکو ئەوەی پێویستە ئەو مافانەی بەدەست هێنا بێت، بەلأم دیارە ئاستی دیموکراسیو شێوازی کارکردنی سیستێمە سیاسیو ئیدارییەکان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جیاوازی هەیەو ئاستی دیموکراسیو ئازادیو عەدالەتو ماف و هاوولأتی بوون لەو ولأتانەدا کە کوردستانیان داگیرکردووە لە خراپترین ئاستدایە. بۆیە مانەوەی کورد لە سایەی ئەو دەوڵەتانەدا بێجگە لە درێژەدان بە بێ مافی زیاتری کوردو درێژەدان بە پرۆسەی سڕینەوەی شووناسی نەتەوەیی کورد هیچی تر نییە. ئەو گوتارەشی کە خوازیاری مانەوەیەکی لەم جۆرەیە لە سایەی دەوڵەتی نیشتیماندا کە بێگومان ئەویش هەمیشە دەوڵەتی نەتەوەی سەردەست دەبێت، دەشێ بە گوتاری هەرە ناتەواوی ناسیونالیزم پێناس بکرێت کە گوتارێکە رووتکراوەیە لە کۆی توخمو رەگەزەکانی ناسیونالیزم بە گوێرەی کورد.

لە وتەکەی ئاپۆدا ناڕاستەخۆ ئاماژەی ئەوە هەیە کە خەباتی کورد پێویستی بە زەمینەیەك هەیە کە زەمینەی خەباتی دیموکراتیە لەو ولأتانەی کە کوردیان بەسەردا دابەش کراوە، یان بە دەربڕینێکی تر کە کوردستانیان داگیر کردووە. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە لە بۆچوونی ئاپۆدا گەلان هاو چارەنووسو هاو خەباتنو ئەوەی کە گەلانی کردۆتە دوژمنی یەکتری سیستێمە سیاسیەکانن، کە لە پێناوی مانەوەو درێژەدان بە فەرمانڕەوایەتی خۆیاندا هەموو هەوڵێك دەدەن کە نەتەوەو ئیتنیکە جیاوازەکان هەمیشە دوژمنی یەکتری بنو دوژمنایەتی نێوان دەسەلأتو گەلانی بندەست پەرە پێبدەن کە ئەو گەلانە لە پێناوی مافەکانی خۆیاندا خەبات دەکەن. هەروەك رجێمە سیاسیەکان هەوڵدەدەن

داواکریی گەلانی بندەست لە پێناوی مافە نەتەوەییەکانیاندا بگۆڕن بۆ دووژمنایەتی نێوان گەلی بندەستەی خاوەن مافی رەوا بۆ خەبات کردن لە پێناوی ئازادی‌و سەربەخۆی‌و، گەلی نەتەوەی سەردەست کە دەشێ ئەویش هیچ بەرژەوەندییەکی لە چەوساندنەوەی گەلی بنەدەستدا نەبێت. لە راستیدا لێرەوە کاریگەری کارکردنی ئاپۆ لە ریزی چەپەکانی تورکیاداو چەپبوونی رابردووی بە دیدو بۆچوونەکانییەوە دیارە، ئەوەش وای لێدەکات کە تا ئەندازەیەکی ئاشکرا بۆچوونی ئەوو گوتاری پارتی کرێکارانیش دوور بێت لە گوتارێکی توندی ناسیونالیزمی ئەوتۆ کە توخم‌و رەگەزەکانی شۆڤێنیستی لێنیشتبێت، وەکو گوتاری ناسیونالیزمی عەرەبی کە گوتارێکی بارگاوی کراوە بە هەموو توخم‌و رەگەزەکانی شۆڤێنیزم، یان گوتاری کەمالیزم کە زیاتر گوتارێکە بارگاوی کراو بە رەگەزەکانی شۆڤێنیزمی تورکی. بێگومان هەرچەندە داگیرکەرانی کوردستان‌و هاوبەرژەوەندییەکانیان، پارتی کرێکاران وەکو رێکخراوێکی شۆڤێنی یان تەنانەت تیرۆریست ناودەبەن، بەلأم لەو بۆچوونەیاندا درۆیەکی گەورەو نادادپەروەرییەکی لە ئەندازەبەدەر دەکەن چونکە گوتاری ئەم پارتە گوتارێکی هێمنی پێشکەوتنخوازانەیەو لە بری رەگەزەکانی شۆڤینیزم یان ناسیونالیزمی ئاسۆتەسك بە بەشێك لە توخم‌و رەگەزەکانی چەپی پێشکەوتنخواز بارگاوی کراوە. بەلأم تا چەندێك ئەوەی لە قسەکانی ئاپۆدا هاتووەو وەکو گەوهەری گوتاری پارتی کرێکارانی لێهاتووە لە بواری پراکتیکداو پارتی کرێکاران وەکو بزووتنەوەیەکی سیاسی کاری پێدەکات‌و جێبەجێی دەکات بە تایبەتی ئەوەی کە پەیوەندی بە تێڕوانین‌و کارکردنەوە لەگەڵ کۆی خەڵکی کوردستان‌و گەلانی ئەو نەتەوانەشەوە هەیە کە دەوڵەتەکانیان کوردستانیان داگیر کردووە ئەوەیان بە تایبەتی لە بواری کاکرکردندا شتێکی ترە.

جارێکی تر ئاپۆ دەڵێت: ئەوەی کوردان دەیخوازن تەنیا ڕێزگرتن لە هەبوونیان‌و ئازادی بۆ کەلتوورەکەیان‌و خستنەگەڕی سیستێمێکی دیموکراتی تەواوە. ناتوانرێت بیر لە چارەسەرێك بکرێتەوە کە لەمە مرۆڤانەترو دڵنزمتر بێ. سیستێمی نوێی بەرگری ڕەوا کە پارتی کرێکارانی کوردستان لە نێویدایە پێویستیەکی ڕۆحی بڵندی بەرپرسیارێتیە. پێویستە دەوڵەت یاخود دەوڵەتەکان هەنگاوەکانی پێویست بەمە نیشان بدەن(12). لێرەداو لەم قسەیەی ئاپۆدا هەست دەکرێت کە ئەو بڕوای وایە کە چارەسەری کێشەی کورد لە ڕێگای بە دیموکراسی کردنی ئەو دەوڵەتانەوە دەکرێت کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە. هەروەك خواستی کورد لەوەدا کۆدەکاتەوە کە ڕێز لە هەبوون‌و کەلتوورەکەیان بگیرێت. لە ڕاستیدا ئەمە ڕستەیەکە دەتوانرێت بە شێوازی جیاواز ڕاڤە بکرێت‌و ئەگەری ئەوەی هەیە وەها لێکبدرێتەوە کە بچێتە چوارچێوەی گوتاری هەرە ناتەواوی ناسیونالیزمەوە چونکە نەك ئاماژەی تێدا نییە بۆ سەربەخۆیی هەموو کوردستان‌و درووستکردنی دەوڵەتی یەکگرتووی کوردی، بەڵکو دەشێ وەهاش لێکبدرێتەوە کە بانگەشە کردن بێت بۆ گۆڕینی شێوازی خەبات‌و تەنانەت داواکانی کوردیش چونکە مەسەلەی بوون‌و هەبوون شتێکی ڕێژەییە، هەرچۆن ئازادی ڕێژەییەو ئەگەر بڕوامان بەوە هێنا کە بوون تەنیا لە ئازادیدا مانای هەیە، ئەوا ئەوساش ڕووبەڕووی کێشەی پێناسە کردنی ئازادی‌و سنوورەکانی ئازادی دەبینەوەو بە بارێکی وەهاشدا دەشێ ئازادی بە پێی کەسەکان بگۆڕێت. بۆ نموونە لە ئێستای کوردستانی لکێندراو بە تورکیاوە کە ڕووبەرێکی فراوانی خەڵکی کوردستان لەو بەشدا لایەنگری پارتی دادو گەشە پێدانن کە پارتێکی پان ئیسلامیزمی تورکیە، دەشێ بەلای کوردانی لایەنگرو ئەندامی ئەو پارتەوە ڕێگای درووست بۆ کورد پێکەوە ژیانی کوردو تورك بێت،

که ژمارەی نوێنەرە کوردەکانی ئەو پارتە لە لیستی پەرلەمانی تورکیادا نزیکەی دوو ئەوەندەی ئەو ئەندامانەی کوردە کە وەکو باسکی سیاسی پارتی کرێکاران دەردەکەون. بێگومان بەلای ئەو کوردانەوە کە سەربە پارتی ئیسلامی دەسەلأتدارن ئەو رژێمەی ئێستای تورکیا باشترین نموونەی رژێمی سیاسیەو بە لای ئەوانیشەوە ئازادییەکی بەربلأو لە تورکیادا هەیە. ئەگەر بەم پێوەرە شتەکان هەڵبسەنگێنین ئەوا دەشێ رووبەڕووی ئەو بۆچوونە ببینەوە کە لە تورکیادا ئازادی هەیە بۆ کوردو بەو پێیەش بوون هەیەو کورد هەبوونی هەیە ئیتر هیچ گرنگ نییە ئەو بوونە بوونێکی ئیسلامی بێت یان نەتەوەیی. هەر بەو پێیەش کەلتووری ئەوی کوردی مسوڵمان پارێزراوە کە بریتیە لە کەلتووری ئیسلامی زیاتر لەوەی کە کەلتووری کوردی بێت وەکو کەلتووری نەتەوە.

لە لایەکی ترەوە جۆرێك لە پاشەکشە لە مەسەلەی سەربەخۆیی‌و دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی یەکگرتووی کوردستاندا لێرەدا بەرچاو دەکەوێت. هەروەك ئەو بۆچوونە خۆی نمایش دەکات کە پێی وایە دەشێ کورد لە سایەی سیستێمێکی دیموکراتیدا ئازای خۆیی هەبێت‌و بتوانێت کەلتووری خۆی بپارێزێت. ئاپۆ لە زیندانی ئیمراڵیەوە دەڵێت: مەرجە هێزەکانی بەرگری رەوا خاوەن چەندایەتی‌و چۆنایەتیەکی وەهابن کە لە نێو هەر چوار دەوڵەتی دراوسێدا بتوانن ئاشتی‌و چارەسەری یەکێتی دیموکراسییانە بەدیبێنن. تەنانەت سادەترین ئاشتیش پێویستی بە تۆکمەترین‌و بەهێزترین هێزی بەرگری رەوا هەیە. کامە دەوڵەت هێرش دەکات با هێرش بکات، پێویستە بەرامبەر هەموویان خاوەن پلانی تۆکمەو ئامادەکاری‌و پێگە گرتنێکی قووڵ‌و بەرفراوان بین. ئەو کاتە شانسی ئاشتی و چارەسەری دیموکراتیانە دەبێت کە سیستەمێکی بەرگری رەوای بەمجۆرەی لە پشت بێت کە بەرگەی هەموو جۆرە هێرشێك بگرێت.

لەسەر ئەم بنەمایە پێویستی بە تێکۆشانێکی بەرفراوانی کۆمەڵی مەدەنیو خەباتێکی سیاسی هەیە کە پشت بە رێکەوتن لەگەڵ هێزەکانی چارەسەری دیموکراتیانە دەبەستێ. بە شێوەیەکی سەرەکی تێکۆشانی کۆمەڵی مەدەنیو هێزەکانی رێکەوتنی دیموکراتییانە ئاشتیو چارەسەری دیموکراتیانە بە دیدێنن(13).

له راستیدا لەم بۆچوونەدا ئاپۆ جیاواز نییە لە سەرکردەکانی باشووری کردستانو رۆژهەلاتیش، کە هەموویان بە بێ ئەوەی لەوە دڵنیابن ئایا نەتەوەی سەردەست یان دەووڵەتی داگیرکەر چی دەڵێن، ئەمان بڕیاریان داوە خەباتی هاوبەشی دیموکراسی بکەن لە پێناوی رزگارکردنی کوردستاندا کە ئەویش بە گۆڕینی سیستێمی سیاسی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان دەبێت بۆ سیستێمێکی دیموکراتی ئازاد. جارێ باسی ئەوە ناکەین کە ئەگەری ئەو سیستێمە دیموکراسیەی کە هەمووان لە سایەیدا ببنە خاوەنی مافەکانیان تا چ ئاستێك بڕوا بوونە بە وەهمێکی خنکێنەر. لە هەمان کاتدا ئەم تێڕوانیینە هەمان تێڕوانینی ساڵی چلەکانی سەدەی رابردووە کە لەو کاتەدا و لەسەروبەندی جەنگی دووەمو پشتگیرکردنی سۆڤێتی ئەوسا بە حیساب لە مافی گەلانی بن دەست، ئەم چەمکە بۆچوونە لە رێگای حیزبە شیوعیەکانەوە هاتە نێو زەمینەی کوردستانو هەموو کوردستانی گرتەوە، کە خەباتی ئەو قۆناغە وەها پێشکەش کراوە کە خەبات بێت لە پێناوی دیموکراتی بۆ دەوڵەتی داگیرکەرو ئۆتۆنۆمی بۆ کورد. بێگومان سەرباری دووری گەوهەری ئەو گوتارە لە گوتاری ناسیونالیزمی کوردییەوە، کەچی پاشی نزیکەی حەفتا ساڵ هێشتا ئەو گوتارە لە کوردستاندا باڵادەستەو لە باشووری کوردستانیش کە بارودۆخی بزووتنەوەی جەماوەری خەڵکی کوردستان لە راپەڕندا زۆر پەرەی سەندبوو روو

**له هه‌ڵکشان بوو به‌ره‌و به ده‌وڵه‌تبوون، که‌چی سه‌رکردایه‌تی سیاسی کوردستان ئه‌و هه‌ڵچوونه‌ی له رێگای گفتوگۆکردنه‌وه گۆڕی‌و پاشانیش گه‌ڕانه‌وه‌ی کورد بۆ به‌غداد ئه‌وه‌نده‌ی تر بارودۆخه‌که‌ی به گوێره‌ی کورد ئاڵۆزتر کرد.**

**مه‌به‌ستم له‌م قسه‌یه‌ی سه‌ره‌وه ئه‌وه‌یه ئایا ئه‌گه‌ر تێڕوانینی ئاپۆ بۆ رزگارکردنی کوردستان له رێگای خه‌باتی دیموکراسی‌و ئومێدبوون به هاوکاری‌و هاوخه‌باتی تورك‌و عه‌ره‌ب‌و فارس بێت له‌گه‌ڵ کورددا، داخۆ ئه‌وه‌ی به ده‌ست دێت، هه‌ر هه‌مان ئه‌وه نابێت که له باشووری کوردستاندا به‌ده‌ست هاتووه. له‌گه‌ڵ ئه‌و جیاوازییه گه‌وره‌یه‌شدا که ئه‌وه‌ی له باشووری کوردستان به ده‌ستهاتووه، به‌رهه‌می ئه‌و دیفاکتۆیه‌یه که سه‌رئه‌نجام رژێمه‌که‌ی سه‌دام حسێنی رووخاندو ئه‌و عه‌ره‌بانه‌ی که رۆڵ‌و کاریگه‌رییه‌کی ئه‌وتۆیان نه‌بوو له به‌رامبه‌ر رژێمی داگیرکه‌ری عێراقیداو به کاریگه‌ری هه‌مان دیفاکتۆ ده‌ستیان گه‌یشته کورسی ده‌سه‌ڵات له عێراقدا، به‌ڵام ئێستا ئه‌گه‌ر توانایان هه‌بێت ئه‌وا کوردی باشوور ده‌گێڕنه‌وه بۆ خراپتر له سه‌رده‌می سه‌دام حسێن‌و ده‌یگێڕنه‌وه بۆ ئاستێك که زۆر خراپتر له بارودۆخی کوردی ژێر سایه‌ی ده‌سه‌ڵاتی داگیرکه‌ری تورك له باکوورو فارس له رۆژهه‌ڵات‌و عه‌ره‌ب له رۆژئاوای کوردستان. که‌واته قسه له‌سه‌ر ئه‌وه‌یه ئایا ئه‌و چه‌مکه تا چه‌ندێ بۆ گه‌لێکی وه‌کو کورد له ژێر سایه‌ی ده‌سه‌ڵاتی داگیرکه‌رانی تورك‌و فارس‌و عه‌ره‌بدا راسته‌و چی به‌رهه‌م ده‌هێنێت؟ ئایا ئه‌م تێڕوانینه له رووبه‌ری گوتاری ناسیونالیزمدا ده‌که‌وێته کوێوه؟ ئایا ده‌شێ ئه‌وه گه‌وهه‌ری گوتاری ناسیونالیزمی کوردی بێت یان ئه‌وه تێڕوانینی ئاپۆیه بۆ گوتاری ناسیونالیزمی کوردی که ئه‌ویش نزیکه له تێڕوانینی حیزب‌و رێکخراوو سه‌رکرده‌کانی تر کوردستان؟**

به گشتی ئەو گوتارەی ئاپۆ لێی دەدوێت لە خوار ئاستی گوتاری ناسیونالیزمەوەیە چونکە گوتاری ناسیونالیزمی کوردی بە بێ بەرنامەو پرۆژەی درووستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان لەسەر جوگرافیای کوردستان گوتارێکی ناتەواوە. ئەوەی لە باشوور سەرکردایەتی سیاسیو حیزبەکانیش بە مافی چارەنووسو بە مافی رەوای نەتەوەی کوردی دادەنێن بریتیە لە گوتاری ناتەواوی ناسیونالیزمی کوردی. ئایا دەتوانرێت لە رووی بەرنامەو شێوازی کارکردنەوە ئێستا بسەلمێنرێت کە گوتاری پارتی کرێکاران گوتارێکی جیاوازە لەو گوتارە ناتەواوەی کە لەبەشەکانی تری کوردستان بووەتە گوتاری باڵادەستو ئامادە کە ئەویش گوتاری مانەوەیە لە چوارچیوەی یەکێتی نێوان داگیرکەرو داگیرکراودا؟

ئاپۆ بۆ ئەوەی زەمینە بۆ تێڕوانینەکانی خۆیو پارتی کرێکاران خۆش بکات سەبارەت بە گەیشتنی کورد بە مافەکانی لە رێگای خەباتی هاوبەشی مەدەنیو دیموکراتیانەوە لەگەڵ گەلانی تری ئەو دەوڵەتانەی کە کوردستانیان داگیر کردووە، هەوڵدەدات لە ئاستێکی قوڵتری مرۆڤایەتیدا باسی کێشەی مرۆیی کورد بکاتو لەو روانگەیەشەوە حیزبو رێکخراوە کوردییەکانی تر بە نوێنەری خێڵو عەشیرەتو پێکهاتەی کۆنەپەرستو خۆپارێزی کوردستان بداتە قەڵەمو باس لەوەش بکات کە هێزە ئیمپریالیستیو کۆنەپەرستو خۆپارێزەکانی ناوچەکەو جیهانیش لایەنگری مانەوەی ئەو هێزە کۆنو تەقلیدیانەن لە کوردستاندا چونکە دڵنیان ئەوانە نە خۆیان دەتوانن پێداگری لەسەر مافەکانی کورد بکەن، نە رێگاش دەدەن کەسی تر درووست ببێتو لەو پێناوەدا خەبات بکات. ئاپۆ لەو بارەیەوە دەڵێت: پارتە دیموکراتەکانی کوردستان بۆ قووتدانی وزەی شۆڕشگێڕ، رۆڵی بروسکەگر دەبینن. ئەمانە هیچ کاتێك جوڵانەوەیەکی شۆڕشگێڕی لە

بەرژەوەندی خۆیاندا نابینن کە لە ناوجەرگەی گەلی کورددا بژێت. ئەم پارتانە وەکو ماڵیترین ئامراز هەم بۆ پەروەردەکردنی کوردانو خستنە ژێر کۆنترۆڵی خۆی، هەم بۆ لە ژێر کۆنترۆڵ هێشتنەوەی وڵاتە دراوسێکان سەبارەت بە کێشەی کوردو لە پێناو سوودوەرگرتن لێیان بەکاریان دێنن(14). بێگومان پێوانەی شۆڕشگێڕی لە کوردستاندا بە پێی میزاج ناپێورێت بەڵکو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕ لە کوردستاندا یان حیزبی شۆڕشگێر ئەوەیە کە هەڵگری پرۆژەی نەتەوەیی بێت، پرۆژەی نەتەوەییش بە گوێرەی کورد بریتیە لە بەرنامەی دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان. ئایا کامانەن ئەو پارتو رێکخراوانەی کە هەڵگری گوتاری ناسیونالیزمی کوردین کە گەوهەری ئەو گوتارەش بێ هیچ چەندوچوونێك بریتیە لە دروستکردنی دەوڵەتی کوردی. بێگومان ئەگەر سەیری ئەم قسەیەی ئاپۆ بکەین کاتێ باس لەوە دەکات کە پارتە دیموکراتەکانی کوردستان هەوڵدەدەن کوردستان بە دەستەمۆیی لەژێر سایەی دەوڵەتانی داگیرکەردا بمێنێتەوە، کەواتە ئەم قسەیە ناڕاستەخۆ ئەوە دەگەیەنێت کە پارتی کرێکاران هەڵگری پرۆژەی دەوڵەتو سەربەخۆیی کوردستانە. بەڵام ئایا لە رووی راستیەوە ئێستا خەباتی پارتی کرێکاران لە پێناوی دروستکردنی دەوڵەتی کوردیدایە؟ بێگومان ئەوە ئاشکرایە کە پێشتر پارتی کرێکارانی کوردستان باسی سەربەخۆیی کوردستانو دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی دەکرد بەڵام لەسەروەختی گرتنی ئاپۆوە باسی ئەو درووشمە نەماوەو باسکردنی پێکەوە ژیانو یەکتر قبوڵکردن جێگای گرتۆتەوە. ئایا چەمکی یەکتر قبوڵکردن کە لە لایەن کوردەوە باس دەکرێت بەلای ئەوی تورکو عەرەبو فارسەوە هیچ مانایەکی هەیە؟ بێگومان کێشەی کورد لەگەڵ ئەوانی تردا کێشەی یەکتر قبوڵکردن نییە بەو ئەندازەی کێشەی دان پێدانەنانی ئەوانی ترە بە بوونی

کورددا وەکو نەتەوەیەکی جیاواز لەوان کە خاوەنی وڵاتو شووناسو تایبەتمەندی خۆیەتیو ئەوان وڵاتەکەیان داگیرکردووە. لە کاتێکدا کە ئەوانی داگیرکەر بە هیچ جۆرێك دان بەبوونی کورددا نانێن، ئایا کورد لە پێگەی هێزەوەیە کە باسی یەکتر قبوڵکردنو پێکەوە ژیان دەکات یان لە راستیدا ئەمە دەستەواژەیەکە کورد فێربووە بیڵێتەوە یان بێتواناییو نائامادەیی ئێمە وەکو نەتەوە لە کۆنەستماندا ئەو چەمکەی بەرهەمهێناوە؟ لە هەموویشی سەیرتر ئەوەیە کە کورد خۆی ناتوانێت جیاوازییەکانی نێوان خۆی قبوڵ بکاتو ناتوانێت خۆی پێکەوە بژی، دەبێ ئەم دەستەواژەیە چی مانایەکی هەبێت لە کاتێکدا ئەوانی داگیرکەر دان بوونی خاوەنی ئەو پێشنیارەدا نانێنو بڕوایشیان بە ئەویتر نییە هەتا لەسەر ئەو بنەمایە بیر لە چەمکی قبوڵکردنی ئەویتر بکەنەوە. ئەنجا ئایا بۆ نەتەوەیەکی وەکو کورد کە کێشەی سەرەکی کێشەی شووناسو خۆسەلماندنو دانپێدانای ئەوانیترە بە بوونیدا چی وای لێکردووە باسی پێکەوە ژیان بکات، واتە لەم پێگە بێهێزەوە ئەو دەستەواژەیە چ مانایەکی هەیە؟ ئایا هیچ جۆرە پەیوەندییەك لە نێوان گوتاری ناسیونالیزمی کوردیو گوتاری کۆڵۆنیالیستی ئەوانی داگیردا دروووست دەبێت؟ لە راستیدا ئەمە بابەتێکە لە شوێنێکی تردا بەسەربەخۆ باسی لێوە دەکەین.

ئاپۆ دەڵێت: ئەگەر لە بواری کەلتووریو کەسێتیدا مردن بەسەر گەلدا بسەپێنرێت، ئەوا نەك تەنیا وەکو پێویستیەك پەنا دەبرێتە بەر تێکۆشانی چەکداری، بەڵکو مافێکی بەرگری رەوا بەکاردەهێنرێت کە لە یاسایی گەردوونیو هەموو دەستوورێکدا دانی پێدانراوە. ئامانجی ئەو شەڕانەی بە شێوازی گەریلاو سەرهەڵدانی چەکدارین، تاوەکو پێویستییەکانی یاسای گەردوونی جێبەجێ دەکرێت، واتا مافی تاكو گەلان جێبەجێ دەکرێت کە بە

مافی سێ نەوە ناودەبرێتو گوزارشتی دەستووری یاسای گەردوونیەو لە نێو یاساکانی نەتەوە یەکگرتووەکان جێگیر کراوەو پێویستە لەلایەن تورکیاو گەلێك وڵاتی دیکەوە گوێڕایەڵی و پراکتیزە بکرێت، ئەوا وەکو شێوەی تێکۆشانێکی ڕەوا بەکارهێنانی مافی بەرخودانی پیرۆزی گەلە کە خاوەنی مافی دیموکراتیو هاووڵاتییەتی ئازادە(15). ئەم وتانەی ئاپۆ لێرەدا ئەوە ئاشکرا دەکات کە ئەوە کورد نییە کە حەزی لە دەستدانە چەكو شەڕ کردن بێت بەڵکو کورد لە پێناوی بەرگری کردن لە مانەوەی خۆیدا دەستی داوەتە چەكو ئەوە داگیرکەرانی کوردستانن کە کوردیان ناچار کردووە پەنا بۆ چەك ببات بۆ بەرگری لە خۆکردن. لە کاتێکدا هەموو نەتەوەو پێکهاتە ئیتنیکییەکان هەمان مافی مرۆیی یەکسانیان هەیەو ئەو مافەش شتێکی گەردوونیەو نەکەس دەتوانێت بیبەخشێت، نەکەس بۆی هەیە بۆ کورتترین ماوە یان بۆ هەتا هەتا لەوانی تری داگیر بکات. هەروەك ئەو مافە لە ڕوانگەی نێودەوڵەتیشەوە دانی پێدانراوە. کەواتە ئەوە داگیرکەرانی کوردستانن کە مافە سروشتیەکانی کوردیان پێشێل کردووەو کوردسان داگیر کردووەو تەنانەت بە هەموو شێوەیەك هەوڵی پاکتاوی ڕەگەزی کوردیان داوە.

ئەوەی کورد لە مێژوودا بۆ بەرگری لە مانەوەو شووناسی خۆی کردوویەتی لە چوارچێوەی گوتاری مانەوەدایە. واتە کورد گوتاری مانەوەی جێبەجێ کردووەو هەموو کۆششو خەباتێکی لە پێناوی مانەوەی خۆیدا بووەو هەرگیز گوتاری کوردی نەبووەتە گوتاری پەڕینەوە بۆ سنووری ئەوانی تر، یان پێنان لە مافی ئەوانی تر چونکە ئەم بە مافەکانی خۆیشی نەگەیشتووە. لێرەوە ڕوانینی ئاپۆو پارتی کرێکاران بۆ گوتاری کوردی ئاشکراتر دەبێتو ئەوە بەرجەستە دەبێت کە گوتاری ئەم پارتە کە وەکو گوتاری نەتەوەیی کورد باسی لێوە دەکات، گوتاری

بەرگری کردنە لە مانەوەی کوردو هەوڵدانە بۆ گۆڕینی بارودۆخی کورد لە باری بەردەم هەڕەشە لێکردنەوە بۆ بارێکی جێگیر کە خۆی تیایدا خاوەنی خۆی بێتو بوونێکی ئازادی هەبێت لەسەر جوگرافیای خۆی. ئەمەش لە راستیدا لە رووی گەوهەری گوتاری ناسیونالیزمی کوردییەوە بایەخێکی زۆری هەیەو ئەوە بەرجەستە دەکات کە گوتاری پارتی کرێکارانی کوردستان سەرباری ئەوەی لە رێگای هێزەوە هەوڵ بۆ جێبەجێکردنی دراوە، بەلاّم لە هەمان کاتدا رووبەرێکی فراوانی بۆ جێبەجێکردنی ئەو گوتارە لە ئاشتیدا هێشتۆتەوەو لەو روانگەیەشەوە باس لە سەقامگیری دەکرێت کە ئەوەش ئاشکرایە هەروەك ئیبن خەلدوونیش دەڵێت تەنیا لە ئاشتیو ئارامیو سەقامگیریدا دەتوانرێت ئاوەدانکردنەوەو شارستانێتی بینابکرێتو بونیاد بنرێت. کوردیش وەکو نەتەوەیەك کە ماوەی دوورو درێژە ولاّتەکەی داگیرکراوو دابەشکراوو وێرانکراو بووە، پێویستە پرۆژەی ناسیونالیزمی کوردی بەو رەگەزانە بارگاوی کراو بێت کە بنەمان بۆ ئاوەدانیو بنیادنانەوەو بەرهەمهێنانی شارستانی، ئەویش ئەگەرچی ئاساییە لەسەرەتاوە لەسەر ئاستی تاکەکەسی ناسیونالیست دەست پێبکات، بەلاّم دەبێت لەوێوە بگوازرێتەوە بۆ سەر ئاستی کۆمەڵگە تا دەگاتە ئەو ئاستەی کە دەبێتە بەرنامەی بزووتنەوەیەکی جەماوەریو هەموو کۆمەڵگە وەکو یەکەیەکی یەکگرتوو ئاراستە دەکات کە لە بارێکی وەهاشدا هەموو سنوورە ناوخۆییەکانی دامەزراوە ناوچەییەکان هەڵدەوەشێتەوەو یەکێتیو یەکبوون لەسەر ئاستی نەتەوە پێکدێت.

ئەگەرچی پارتی کرێکاران وەها ناسراوە کە هەڵگری پرۆژەی رزگارکردنی کوردستانو درووستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆو یەکگرتووی کوردستانە، بەلاّم لە سەرزەمینەی واقیع ئەم بەرنامەو ستراتیژە جۆرێکی تر دەرکەوتووەو جۆرێکیش

له ناروونی یان تەمومژ له بەرنامەو گوتاری پارتی کرێکاراندا لەو رووەوە دەبینرێت، چونکه ئەو سەربەخۆیی‌و دەوڵەتەی که له گوتاری ئەم پارتەدا باسی لێوە دەکرێت رەهەندێکی ئاشکراو روونی نییەو نازانرێت ئایا به راستی پارتی کرێکارانسەربەخۆیی‌و دەوڵەتی تەنیا بۆ باکووری کوردستان دەوێت یان بۆ هەموو کوردستانی گەورە؟ یایا رەهەندەکانی ئەو سەرەبەخۆی‌و دوڵەتەی که باسی کردووە چۆنەو کامیەو چییە؟ ئایا شێوازی خەباتکردن بۆ گەیشتن بەو ئامانجە چۆنە؟ ئایا روانین بۆ ئەو دەوڵەتە له روانگەی خودی پارتی کرێکارانەوە چۆنە؟ دەوڵەتێکی دیموکراتی دەبێت یان دەوڵەتێکی داخراوی بیناکراو له نێو هەردوو کاریگەری دەوڵەتی تاکڕەهەندو یەك ئاراستەی تورك‌و جیهانبینی یەکئاراستەی پارتی کرێکاراندا که زیاتر له روانینینی داخراوی مارکسیانە یان ستالینیانەوە سەرچاوە دەگرێت؟ بەهەرحاڵ لەهەر کام لەو روانگانەوە بێت بۆ ئێستای کورد ئەوەی خاڵی یەکەمینە ئەوەیە که پرۆژەی سەربەخۆیی‌و دەوڵەتی هەبێت، ئیتر ئەوەیان بۆ ساتەوەختی خەبات له پێناوی ئازادیدا زۆر گرنگ نییە. بەهەرحاڵ لەم روانگەیەوە گوتاری پارتی کرێکاران به بەشێك له توخم‌و رەگەزەکانی گوتاری ناسیونالیزمی کوردی بارگاوی کراوە.

خاڵکی بنەڕەتی که له دیو بۆچوونەکانی ئاپۆدا بایەخی هەبووە، مەسەلەی کەسێتی کوردییە که ئەو به درێژی لەو بابەتە دواوەو سەرئەنجامی لێدوانەکانیشی لەوەدا کۆدەبێتەوە که کەسێتی کوردی به هۆی داگیرکردن‌و دابەشکردنەوە تێکشکێندراوە. لێرەوە تێدەگەیەن له واقیعێکدا که کەسێتی نەتەوەیی پێکهاتەیەك تێکشکێندرابێت، بۆ ئەوەی ئەو کەسێتە بتوانێت لەسەر پێی خۆی رابووەستێت‌و بەرنامەی ئایندەی خۆی دابنێت پێویستە له ئاستی یەکەمدا پرۆژەی بیناکردنەوەی ئەو کەسێتە تێکشکاوەی هەبێت. هەڵبەت

ئەوەش ئاشکرایە کە بیناکردنەوەی کەسێتی تێکشکاوی کوردی بە بێ پرۆژەیەکی بەربلاوی رێنیسانسی نەتەوەیی نایەتە ئەنجام. کەواتە لێرەوە خەباتی ناسیونالیستی کوردی لە ئاستی یەکەمدا بریتی دەبێت لە بیناکردنەوەی کەسێتی تێکشکاوی کوردی، لە ئاستی دووەمیشدا لەسەر پێڕاوەستانی ئەو کەسێتیە بۆ ئەوەی بە ئاسۆیەکی روونەوە ئایندەی خۆی ببینێتو لەسەر ئەو بنەمایەش لەوە تێبگات کە پێویستە چی بکات.

ئەوە ئاشکرایە پارتی کرێکارانو بە تایبەتیش ئوچالان هەر لە سەرەتای خەباتی ئەو پارتەوە وەها ناسراوە کە لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستاندا خەبات دەکاتو ئاماجی پان کوردستانی هەیەو دەیەوێت هەموو گەلی کورد کە بەسەر دەوڵەتانی ناوچەکەدا دابەشکراوەو کوردستان بووەتە کۆلۆنییەکی نێودەوڵەتی، رزگار بکاتو لەژێر سایەی دەوڵەتێکی سەربەخۆدا هەموو کورد کۆبکاتەوە. بەلام ئەم دیدو تێڕوانینە لە قۆناغەکانی پەرەسەندنی خەباتی چەکداریو گەریلایی پارتی کرێکاراندا ئەگەر کالیش نەبووبێتەوە ئەوا ئەو گەرمیو گوڕیو باسکردنەی پێشتری نەماوە. هەرچەندە ئوچالان خەباتی خۆی وەکو مارکسیەکی توندڕەو دەستپێکردبوو بە مەبەستی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی بۆ نزیکەی بیست بۆ بیستو پێنج ملیۆن کورد لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا کە نیوەیان لە تورکیا دەژیان، ئەم بیرۆکەیە بۆ چەندین ساڵ گەشەی کرد، کەچی لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردوودا ئوچالان تەنیا داوای مافی سیاسیو کەلتووری دەکرد لە چوارچێوەی سنووره پێشتر دیاریکراوەکانی تورکیادا(16).

ئەوەی مایەی سەرنجە لەلای حیزبو رێکخراوە کوردییەکان ئەوەیە زۆرشتیان لە پەیڕەوو بەرنامەی خۆیاندا داناوە، کەچی زۆرجار نەك بە پێی ئەو پەیڕەوو

بەرنامەیە کارناکەن بەڵکو بە پێچەوانەی ئەوەشەوە دەجولێن‌و کاردەکەن‌و تەنانەت هەندێ جار بەجۆرێکیش قسە دەکەن کە لەگەڵ پەیڕەوو بەرنامەکەیاندا ناکۆك‌و دژ دەبێت. ئێستا ئەگەر سەیری ئەو گوتارە باوە بکەین کە پارتی کرێکارانی کوردستان بانگەشەی بۆ کردووەو لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوەش هەر لەسەر بنەمای ئەو گوتارەیە ناسراوە کە پارتێکی کوردی چەپڕەوی توندڕەو لە پێناوی رزگارکردنی کوردستان‌و درووستکردنی دەوڵەتی کوردیدا خەبات دەکات، بەڵام کاتێ ئەم بۆچوونانە لە کەسی یەکەمی ئەو پارتەوە دەبیستین رووبەرروی گومانێك دەبینەوەو ئەو پرسیارەشمان لەلا درووست دەبێت کە ئایا بەڕاستی کام لەم دووانە گوتاری راستەقینەی پارتی کرێکارانە؟ رزگارکردنی کوردستان‌و درووستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی یان مافی سیاسی‌و کەلتووری‌و مانەوە لە چوارچێوەی ئەو سنوورەدا کە ناوی سنووری تورکیایە؟ ئەم جۆرە ناکۆکی‌و لەگەڵ یەکتر نەگونجانە لە گوتاری پارتی کرێکاراندا دەمانگێڕیتەوە بۆ هەمان تێڕوانین بۆ گوتاری زۆرێکی تر لە حیزب‌و رێکخراوەکانی کوردستان کە بە گشتی بارگاوی کراون بەتوخم‌و رەگەزی ناکۆك‌و دژ بەیەك.

بەهەرحاڵ رەهەندەکانی گوتاری ناسیونالیزم دیارو ئاشکران‌و ناشێت تەسەوری پارتێك یان بزووتنەوەیەکی ناسیونالیستی بکرێت بە بێ بوونی بەرنامەیەك کە شووناسی بەرنامەی بزووتنەوە یان پارتێکی ناسیونالیستی هەبێت کە ئەویش بێ چەندوچوون لە سەربەخۆیی‌و درووستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیدا خۆی دەبینێتەوە. کە ئەمەش لە گەوهەردا شوناسە بۆ گوتاری هەرە تەواوی ناسیونالیزم، کە پێچەوانە کردنەوەی ئەم بۆچوونەش ناتەواویی گوتاری ناسیونالیزم نیشان دەدات، واتە گوتاری ناسیونالیزم لە دەرەوەی درووستکردنی

دەوڵەت پێناسەی نییە. بارودۆخی کوردستانو هەندێ بۆچوونی شاشو بە جۆرێك لە جۆرەکانیش بۆ پەردەپۆش کردنو فریودان بە ئاشکرا لە کوردستاندا بانگەشەی بۆ دەکرێت کە گوایە مافی بڕیاردانی چارەنووس مەرج نییە تەنیا لە دروستکردنی دەوڵەتدا خۆی ببینێتەوە، کە بێگومان ناکرێت قسەگەلێکی لەم جۆرە لە روانگەی گوتاری ناسیونالیزمەوە هیچ حیسابێکی بۆ بکرێت.

پارتی کرێکارانی کوردستان وەکو پارتێکی مارکسی لینینی دامەزراو ئامانجەکانی خۆیی واراگەیاند کە تەنیا رزگارکردنی کوردستان نییە، بەڵکو رزگاربوونیشە لە فیودیالیزمو کۆڵۆنیالیزمو جیاوازی چینایەتیش(17). ئەمە بنەماکانی گوتاری پارتی کرێکارانە لەو کاتەوە کە وەکو پارتێکی کوردی خۆی راگەیاندووەو لە چەپەکانی تورك دوورکەوتووەتەوە. دیارە گەوهەری گوتارەکەشی راستەوخۆ لەو کاتەدا پەیوەستە بە بارودۆخی سیاسیو کۆمەلایەتی کۆمەڵگەی کوردییەوە چونکە ئاشکرایە کە کۆمەڵگەی کوردی سەربای ئەوەی کە کۆمەڵگەیەك بووە ولاتەکەی داگیرکراوو دابەشکراو بووە دیسان بەدەست سیستێمێکی دواکەوتووی تووندو تیژی فیودیالی ناوخۆشەوە نالاندوویەتی. واتە جەماوەر لەیەك کاتدا دووجار چەوساوە بووە. لە لایەك چەوساوەو ژێردەستەی سیستێمێکی سیاسی ئیداری داگیرکەری ئەو دەوڵەتانە بووە کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە کە بە گشتیش ولاتانی دواکەوتوو بوون. هەم دواکەوتوویی خۆیانو هەم پشت گوێخستنی کوردستانیش لەلایەن دەولەتەکانیانەوە رۆڵی ئاشکرای هەبووە لەوەدا کە شێوەی پەرەسەندنی ئەم کۆمەڵگەیە شێواوو نائاسایی بێتو ئەوەش ئەوەندەی تر کاریگەری نێگەتیفی هەبێت لەسەر هێشتنەوەی کوردستان لە خراپترین باری دواکەوتوویی‌و نەزانی‌و نەخوێندەواریدا. ئەمە سەرباری ئەوەی لە رووی پەرەپێدانی ئابوورییەوە دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان هیچ

بایەخێکی ئەوتۆیان بە ئەو بەشانەی کوردستان نەداوە کە لە ژێر رکێفی ئەواندا بووەو ئەوەش وایکردووە کە کورستانو کۆمەڵگەی کوردی لە رووی ئابووریو پەرەسەندنەوە لەبارێکی سەرەتایدا بمێنێتەوە.

لەلایەکی ترەوە ئەو سیستێمە فیودیالییە ناکامڵو دواکەوتووەی کە لە کوردستاندا بۆ ماوەی دوورو درێژ وەکو سیستێمی خێڵو عەشیرەتو لە رووخساریشدا سیستێمی فیودیالی دەسەڵاتی بەسەر ناوخۆی کۆمەڵگەدا هەبووە، رۆڵو کاریگەری زۆر نێگەتیفی هەبووە لەسەر هێشتەنەوەی کۆمەڵگەی کوردی بە دواکەوتوویی بە تایبەتی لە رووی ئابووریو کۆمەڵایەتیەوە  کە ئەوەش کۆمەڵگەی کوردی وەکو پێکهاتەیەکی پەرتو تەنانەت لاواز لە رووی بنەماکای بوون بە کۆمەڵگەوە هێشتۆتەوە. لە هەمان کاتدا لە سەردەمی فیودیالیدا ئابووری کوردستان بە شێوەیەکی ئەوتۆ گەشەی نەکردووە کە سیستێمێکی ئابووری کۆمەڵایەتی ئەوتۆ پێکبهێنێت کە خاسێتەکانی قۆناغی فیودیالی هەبێتو لە هەناوی خۆیدا کۆرپەلەی قۆناغی دوای خۆی کە قۆناغی ئابووری سەرمایەداریو چینی بۆرژوای پیشەسازیو نیشتیمانییە لە دایك بێت، کە ئەرکە دیموکرالتییەکان بە لۆجیکی مارکسیزم ئەرکی ئەو قۆناغەن کە بکەرەکەیان چینی بۆرژوای ناوەندە. دیارە مەسەلەی نەتەوایەتیش کە مەبەست دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەییە لە ریزی ئەرکە دیموکراتیەکاندایە کە جێبەجێکردنیان لە ئەستۆی بۆرژوای نیشتیمانی یان چینی ناوەنددایە کە بە هۆی ئەو بارە ناسروشتیەی لەگەشەو پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردیدا روویداوە، نە چینی ناوەند وەکو ئەوەی پێویستە پێگەیشتووە نە ئەرکە دیموکراتیەکانیش جێبەجێ کراون. هەر بەوپێیەش نەك دەوڵەتی کوردی پێکنەهاتووە بەڵکو گوتاری ناسیونالیزم گە گوتاری بالادەستی قۆناغی

پێگەیشتنی چینی ناوەندە کە ئەویش بەرهەمی پەرەسەندنی پیشەسازی یان بە چەمکی نوێ مۆدیرنێتەیە پێکانەهاتووە.

دوای دابەشکردنی دووەمی کوردستانیش داگیرکەرانی نوێ رۆڵی لەبەرچاویان هەبووە لە هێشتنەوەی بارۆدۆخی کوردستاندا بەو شێوە دواکەوتووە بەو ئومێدەی چینی ناوەند پێکنەیەت‌و هەر بەو پێیەش ناسیونالیزمی کوردی کە لە رووی راستیەوە دەبێ چینی ناوەندو بۆرژوای پیشەسازی‌و نیشتیمانی رابەرایەتی بکات وانەکەوتووەتەوە، بەڵکو مەسەلەی ناسیونالیزمی کوردی لەبری ئەوەی بەرهەمی مۆدێرنێتەو چینی ناوەند بێت بووەتە بەرهەمی نوخبەی رۆشنبیرو رۆشنبیری سیاسی. بێگومان پارتی کرێکارانی کوردستانیش وەکو زۆرینەی پارت‌و رێکخراوەکانی تری کوردستان لەلایەن ئەو نوخبەی رۆشنبیری سیاسیەوە دامەزراوەو رابەریەتی کراوە تا ئەو کاتەی فراوانترین رووبەری لە مێژووی بزووتنەوەی کوردی لە باکوری کوردستاندا گرتۆتەوە. سەرباری ئەوەی کە بزووتنەوەکە بەشێك لە خاسێتەکانی بزووتنەوەیەکی جەماوەری وەرگرتووە بەڵام تاکو ئێستا گوتاری ئەم پارتە ناتوانرێت وەکو گوتاری خاوەن شووناسی ناسیونالیزمی کوردی پێناسە بکرێت لەو رووەوە کە بە رەگەزەکانی پرۆژەی سەربەخۆیی‌و درووستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی بارگاوی نەکراوە ئەگەرچی لە راستیدا گوتاری ئەم پارتە هەلگری بەشێك لە رەگەزەکانی گوتاری ناسیونالیزمی کوردییە.

سەرچاوەکان:

1- نادر ئینتیسار، ئیتنۆنەتەوایەتی کوردی، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: عەتا قەرەداخی، سلێمانی، 2004،ل:177.

2- نادر ئینتیسار، هەمان سەرچاوە، ل: 193.

3-David MacDwall, The Modwen History of the Kurd, London, 2004, p. 418.

4- David Romano, The National Kurdish Movement, Cambridge University Press, 2006, p. 47.

5- Ibd. p. 47.

6- Ibd. p. 50.

7- نادر ئینتیسار، ئیتنۆنەتەوایەتی کوردی، ل ل.202-203.

8- هەڤاڵ جومعە، مێژووی پارتی کرێکارانی کوردستان، ل. 428.

9- هەڤاڵ جومعە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل. 647.

10- عەبدوڵا ئوچالان، لە دەوڵەتی راهیبەوە بۆ...، بەرگی دووەم، ل. 25.

11- عەبدوڵا ئوچالان، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل. 98.

12- عەبدوڵا ئوچالان، هەمان سەرچاوەی پێشووتر، ل. 391.

13- عەبدوڵا ئوچالان، هەمان سەرچاوەی پێشووتر، ل. 392- 393.

14- عەبدوڵا ئوچالان، هەمان سەرچاوەی پێشووتر، ل. 223.

15- عەبدوڵا ئوچالان، هەمان سەرچاوەی پێشووتر، ل. 241-242.

## 12-بەشی دوانزەیەم:

# کۆمەڵگەی کوردیو عیمرانی مرۆیی ناتەواو: گوتاری ناسیونالیزم!

**سەرەتا:**

زاراوەی عیمران بەرامبەر بە زاراوەی construction یان Building دێت کە ئەویش بە مانای بیناکردن یان درووستکردن بەکار دێت. لە راستیشدا مەبەستی سەرەکی لە عیمران لە تیۆری خەلدوونیدا عیمرانی مرۆییە. مەبەست لە عیمرانیش ئاوەدانیو دژی چۆڵێتیەو مەبەستیش بیناکردنو نیشتەجێبوونو سەقامگیربوونە لە شوێندا. رەنگە جێگای خۆی بێت هەر لەم سەرەتایەوە ئەو پرسیارە بەرز بکەینەوە ئایا مەبەست لە عیمران بە گشتی چیەو مەبەست لە عیمرانی مرۆیی بە تایبەتی چییە؟ بەلاّم لێرەدا وەلاّمی ئەم پرسیارانە بەجێ دەهێڵینو هەوڵدەدەین لە درێژەی لێکۆڵینەوەکەماندا وەلاّمی ئەم پرسیارانە بدەینەوە. هەروەك ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە ئەوەیە لە روانگە تیۆری عیمرانی خەلدوونیەوە سەرنجی کۆمەڵگەی کوردی بدەینو بزانین ئایا شتێك هەیە بە ناوی عیمرانی مرۆیی کوردیو ئەگەر هەیە ئایا خاسێتە دیارەکانی عیمرانی مرۆیی لە کۆمەڵگەی کوردیدا کامانەن؟ هەروە لەوەش بڕوانین ئایا ئەوە چۆن لێکدەدرێتەوە کە باسی عیمرانی مرۆیی لە کۆمەڵگەی کوردیدا بکرێت لە کاتێکدا دەوڵەتی کوردی بوونی نییە؟ هەروەك ئەوە ئاشکرایە کە عیمرانی مرۆیی بە بێ بوونی دەوڵەت جۆرێکە لە وەهم. ئیبن خەلدوون خۆی دەڵێت: مادەی عیمران کۆمەلاّیەتی بوونی مرۆییەو وێنەکەشی دەوڵەتە(1). بێگومان ئەوە ئاشکرایە کە شتێك نییە بە ناوی مادە ئەگەر وێنەی بەرجەستەی نەبێت واتە ئەگەر نەگیرێت یان هەستی پێنەکرێت. کەواتە بە هەمان پێودانگ ناتوانین بیر لە بوونی عیمران بکەینەوە بە بێ بوونی دەوڵەت کە بۆ سەردەمی ئیبن خەلدوون ناوی مەلیكو پێگەی مەلیکیش لە پاڵ بوونی دەوڵەتدا بووەو هاوتای دەوڵەت بووە، دیارە بۆ ئەو سەردەمە وێنەی مەلیكو کەسێتی مەلیك لە ترۆپکی دەوڵەتدا بریتی بووە لە بوون یان تەنانەت شووناسی دەوڵەتیش چونکە

لەو مێژووەدا ئەوەندەی دەوری تاکە کەس گرنگو پڕ بایەخ بووە ئەوەندە بایەخ بە بوونی جەماوەر لە رووی هێزو عەقڵی بەڕێوەبردنەوە نەدراوە. هەروەك مەلیك بریتی بووە لە دەسەڵاتو هەژموون(2).

لەو بۆچوونەی سەرەوەدا بۆمان ئاشکرا دەبێت کە عیمرانو دەوڵەت دوو رووی یەك دراونو ناشێت بە بێ بوونی یەکێکیان تەسەوری بوونی ئەویتریان بکرێت. هەروەك ئیبن خەلدوون دەڵێت: بوونی دەوڵەت بە بێ بوونی عیمران شتێکی تەسەور نەکراوە، هەروەك بوونی عومرانیش بە بێ بوونی دەوڵەتو مەلیك دیسان شتێکی چاوەڕوان نەکراوە(3). کەواتە بۆ ئەوەی لە پێوەندی نێوان دەوڵەتو عیمران تێبگەین و بتوانین لە روانگەی ئەو پێوەندییەوە سەیری کۆمەڵگەی کوردی بکەین دەبێ سەرەتا بزانین لە روانینی ئیبن خەلدوونەوە هەریەکە لە عیمرانو دەوڵەت چی دەگەیەننو چۆن بوونیان دەبێتو لە سەر چ پایەیەك راوەستاونو ئایا لە کۆمەڵگەی کوردیدا چ زەمینەیەك هەیە بۆ بوونی ئەو دوو چەمکەو شێوازی کارکردن بۆ بەرهەم هێنانیان؟

ئەوەی ئاشکرایە ئیبن خەلدوون شەش موقەدیمە یان بنەما بۆ عیمرانی مرۆیی دیاری دەکاتو پێی وایە بە بێ بوونو پێکەوە کارکردنو کارلێك کردنی هەموو بنەمایانە ناشێت عیمرانی مرۆیی باسی لێوە بکرێتو بگاتە ئەنجام. یەکەمیان بریتیە لە پێویست بوونی کۆمەڵایەتی بوونو درووستبوونی دەسەڵات، دووەمیان بریتیە لە ئاستی عیمران لەسەر زەوی، سێیەمیان بریتیە لە کاریگەری کەشو هەوا لەسەر رەنگی مرۆڤو زۆرێك لە بارودۆخیان، چوارەم بریتیە لە کاریگەری هەوا لەسەر رەفتاری مرۆڤ، پێنجەم بریتیە جیاوازی باری عیمران لە پیتو برسێتیو ئەوکاریکەرییانەی لێیەوە بەرهەم دێت لە شوێنی مرۆڤو رەفتاریاندا،

شەشەمیش بریتیە لە باسی پۆلێنکردنی کەسانی بە خۆڕسکی یان بە هەوڵو کۆششی رۆحی شارەزا لەغەیبو نادیارو شاراوە لە ناو مرۆڤەکاندا.

ئەگەر سەیری ئەم دەروازانە بکەین کە ئیبن خەلدوون کردوونی بە بنەما بۆ عیمرانی مرۆیی ئەوا بە ئاشکرا دەردەکەوێت کە مرۆڤ بوویەکی پەرتو سەربەخۆ نییە لەو واقیعەو لەو ژینگەیەی کە تیایدا ئەفرێندراوەو تیایدا دەژی. هەرچەندە ئیبن خەلدوون جەختێکی زۆر دەکاتە سەر کەشو هەواو کەمتر باسی زەوی یان خاك دەکات تەنیا لە کاتی باسکردنی کۆمەلأیەتی بووندا نەبێت کە باسی شێوازەکانی نیشتەجێبوونو شوێنی نیشتەجێبوون لە بیابانو دەشتو چیادا دەکات کە هەریەکەیان خاسێتی تایبەتی بەو پێکهاتەیە دەبەخشێت کە تیایدا نیشتەجی دەبێتو ئەوەش لە چوارچێوەی کۆمەلأیەتیبوونو بەرهەمهێنانی جۆرێك لە دەسەلأتدا باس دەکاتو پاشانیش هەر لەو چوارچێوەیەدا باسی دەسەلأتو دەوڵەت دەکات لە رووی پێوەندی بوونیەوە بە عیمرانی مرۆییەوە.

لە راستیدا ئەرکی عیمرانی یان ئەرکی زانستی عیمران بریتیە لە گەڕان بە دوای ئەو نیشانە زاتیانەدا کە پەیوەستن بە کۆمەلأیەتی بوونی مرۆڤەوە، واتە دیاردە کۆمەلأیەتیەکان، هەروەك دکتۆر محەمەد عابد جابریش دەڵێت:ئەم گەڕانو لێکۆڵینەوەیە مەبەستی تۆێژینەوەی ئەو یاسایانە نییە کە ئەم دیاردانە بە پێی ئەو دەجولێن، بەڵکو کاردەکات بۆ ئاشکرا کردنی ئەوەی کە ئەم دیاردانە لە عیمرانی مرۆییدا بە سروشتی روودەدەن(4). کەواتە لێرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە لە چەمکی خەلدوونیدا باری سرووشتی رووداوەکانو دەرکەوتنی دیاردەکان وەکو دەرئەنجامی ئەو رووداوانە بنەمای سەرەکین، هەروەکو چۆن مادەی عیمران کۆمەلأیەتی بوونی مرۆییە. هەر بەوپێیەش ئەو

**یاسایانەی کە دیاردەکان بە پێی ئەوان دەجوڵێن لە ڕێگای خودی دیاردەکانەوە کە وەکو دەرئەنجام سەیر دەکرێن، ئاشکرا کراون‌و دەخرێنەڕوو. هەر ئەم هۆکارەشە وایکردووە بە گشتی دیاردە کۆمەڵایەتیەکان بە خودی کۆمەڵایەتی بوونیشەوە بە شێوەیەکی سرووشتی بێنە پێش چاوو هیچ سیمایەکی نائاساییان پێوە دیار نەبێت‌و هەمان شێوەی کۆی ئەو دیاردەو ڕووداونە ببینرێن گە لە سرووشتدا ڕوودەدەن‌و دەردەکەون. ئەمەش جارێکی ئەوەمان بۆ دەردەخات کە لە ڕوانینی ئیبن خەلدوونەوە دیاردە کۆمەڵایەتیەکانیش بە خودی کۆمەڵایەتیبوونیشەوە شتێك نین ناکۆك یان دژی یاساو دیاردەکانی تری سرووشت بن، بەڵکو بەپێچەوانەوە هەموو دیاردە کۆمەڵایەتییەکان‌و کۆمەڵایەتیبوونیش لە چوارچێوەی یاساو ڕێساکانی سرووشت‌و گەردووندا ڕوودەدەن‌و دەردەکەون.**

**ئیبن خەلدوون دەڵێت: ڕاستی مێژوو بریتیە لە هەواڵی کۆمەڵایەتی بوونی مرۆیی کە ئەوەش عیمرانی جیهانی یان گەردوونیە، لەگەڵ هەواڵی ئەوەی دەخرێتەڕوو لە بارەی سرووشتی ئەم عیمرانەوە لە هەموو بارەکانیدا وەکو دڕندەیی‌و دەستەمۆیی( بە مرۆڤبوون)و دەماری گیرییەکان( هاودەمار)و ئاستەکانی باڵادەستبوونی مرۆڤ هەندێکیان بەسەر هەندێکی تریانداو ئەوەی لەمەوە بەرهەم دێت وەکو مەلیك‌و دەوڵەت‌و ئەوەی مرۆڤ ئەنجامی دەدات بەکارو هەوڵەکانی لە دەستکەوت‌و هۆیەکانی ژیان‌و زانست‌و پیشەسازی‌و هەموو ئەوەی کە لەم عیمرانەدا بەپێی دۆخەکان ڕوودەدات(5). ئەگەر بە وردی سەرنجی ئەم دەربڕینەی ئیبن خەلدوون بدەین ئەوا بە ئاشکرا بۆمان دەردەکەوێت کە بۆچوونی ئەو سەبارەت بە عیمرانی مرۆیی هاوشێوەی زانستە سرووشتیەکانە کە ئەم بۆچوونەش سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ لای ئەرستۆ.**

واتە هەرچۆن لەسەردەمی ئەرستۆدا وەها سەیری زانستی سرووشتی دەکرا کە ئەو زانستەیە لە جیهان یان گەردوون دەڕوانێتو لە ڕێگای وەستانو جوڵەو گۆڕانەوە دۆخەکانی دیاری دەکرێت، بەهەمان شێوە ئیبن خەلدوونیش وەها سەیری زانستی عیمران دەکات کە زانستێك بێت لە عیمرانی مرۆیی بڕوانێتو پەیوەست بێت بە خودی مرۆڤ شێوازی بوونی لە جیهانداو چۆنێتی گەشەکردنو بەرەو پێشەوەچوونی کە بەلای ئەوەوە پرۆسەی کۆمەڵایەتیبوون لە ئاستی یەکەمدا سەرەتای ئەو پرۆسەیەیە کە ئەویش بەرەو عیمرانو بیناکردنی دەوڵەت ڕێگا دەگرێت ئەگەر خودی ئەو پرۆسەیە بە شێوەیەکی سرووشتی بڕواتو مادەکانی ئەو پرسەیەش لە هەموو ڕوویەکەوە سرووشتیو تەواو بن بۆ بینینی ڕۆڵی دیاری خۆیان. هەر لێرەوە دەتوانین بڵێین ئەگەر زانستی سرووشتی لە سرووشتی مادەو خاسێتەکانی بکۆڵێتەوە ئەوا زانستی عیمران لە سرووشتی عیمرانو خاسێتەکانیو تەنانەت لە دەرئەنجامەکانیشی دەکۆڵێتەوە. ئیبن خەلدوون بڕوای وایە هەرچۆن جوڵەو وەستانو گۆڕانی مادە لە سرووشتی مادەکە خۆیدایەو هۆکارەکانی دەرەوە ڕۆڵێکی ئەوتۆ نابینن لەو بوارەدا، بەهەمان شێوە عیمرانی مرۆییش شتێکە لە ناو جەستەی کۆمەڵو لە کۆمەڵایەتیبووندا ڕوودەدات. واتە دیاردەکانی عیمران لە دیاردەی کۆمەڵایەتیبوونەوە دەست پێدەکەن تا دەگەن بە دیاردەی دەوڵەت. یان بە دەربڕینێکی تر ئەگەر وای دابنێین کە عیمران دیاردەیەکە، ئەوا سەرەتای ئەم دیاردەیە بریتیە لە کۆمەڵایەتیبوونی مرۆڤو دەشێ بەرزترین ئاستیشی بریتی بێت لە بەرهەم هێنانی دەوڵەت لە ڕوانگەی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیو کۆمەڵایەتیبوونەوە. دیارە لێرەداو بۆ مێژووی هاوچەرخ هەرگیز درووستبوونی دەوڵەتی نا سرووشتی بەدەر لە شێوازی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیو پێکهاتنی بە

بڕیاری سیاسی به هیچ شێوەیەك ناچێته چوارچێوەی چەمکی خەلدوونیەوەو لەو روانگەیەشەوە درووستبوونی دەوڵەت به بڕیاری دەرەوە وەکو دامەزراوەیەکی سیاسی ئیداری قەرزکراو یان به چەمکی عیمران وەکو دیاردە یان عیمرانی ناتەواو سەیر دەکرێت.

جابری دەڵێت: له سرووشتی مرۆڤدا ئاسایی کۆمەڵایەتیبوونو هاریکاری هەیە، ئەویش به مەبەستی به دەستهێنانی خۆراكو بەرگری کردن له بەرامبەر دوژمنایەتی ئاژەڵەکان بۆ سەری، هەروەك له مرۆڤیشدا سروشتێك یان غەریزەی دوژمنکاری هەیە(6). ئەو غەریزەش بەشێکە له بوونی مرۆڤو ئەگەر به شێوازی گونجاو ئاراسته بکرێت ئەوا دەبێت پاڵنەری درووستکردنو بەهێزکردنی پاڵنەری خاسێته مرۆییەکانو مرۆییبوونی زیاتر له بوونی مرۆڤ خۆیدا، ئەگەر ئەو غەریزەش کۆنترۆڵ نەکرێت وەکو ئەوەی فرۆید ئاماژەی بۆ دەکات ئەوا به ئاشکرا دووچاری لادان دەبێتو سەرئەنجام پاڵنەری، یان غەریزەی ئاژەڵی له مرۆڤدا بەهێزتر دەبێتو باری هاوسەنگی مرۆڤ تێك دەچێت و ئەو کاتەش هەم کۆمەڵایەتیبوون وەکو پێویست ناگاته ئەنجامو هەم هاریکاری درووست نابێت بەو پێیەش ئامانجی سەرەکی که عیمرانی مرۆییه ناگاته ئەنجامو شتێك پێکنایەت به ناوی دەوڵەت. بێگومان له کۆمەڵایەتیبووندا جۆرێك له یاساو رێسا درووست دەبێت که گەوهەری پاراستنی مرۆڤ له خۆیدا کۆدەکاتەوەو له بنەڕەتیشدا کۆمەڵایەتیبوون رێگایەکه بۆ پاراستنی مرۆڤ وەکو مرۆڤ. کەواته لەگەڵ کۆمەڵایەتیبووندا پێویسته پێداویستیەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیو یاساو رێساکانی رێکخستنی ئەو ژیانەو پاراستنی مرۆڤیش بەرهەم بێت. لەم بارەیەوە ئیبن خەلدوون دەڵێت: مرۆڤ به سرووشتی له کۆمەڵایەتیبووندا پێویستی بەوازیعو حاکمێك هەیە هەندێکیان لەوانی تر دوور بخاتەوە(7). یان به

ئاشكراتر بۆ ئەوەی پێوەندی نێوانیان رێكبخاتو هەریەكە جێگەو پێگەی خۆی بزانێتو بەهێزەكانیان بێهێزەكانیان نەخۆن واتە بنەماكانی یاسای دارستان لە كۆمەڵایەتیبووندا دەبێ هەڵبووەشێتەوەو سەرباری شێوازو سرووشتی هەرەمی پێوەندییەكان دەبێ رێكخستنێك هەبێت بۆ ئەوەی ژیان بە شێوەیەكی رێكخراو یان هارمۆنیانە بەردەوام بێت.

رەنگە ئەو پرسیارە سەرهەڵبدات ئایا ئیبن خەلدوون چۆن لە مرۆڤو بوونی مرۆڤ لە گەردووندا دەڕوانێتو شوێنی مرۆڤ لە روانینو بۆچوونی ئەودا پەیوەست بە عیمرانی مرۆیی دەكەوێتە كوێوە؟ جارێكی تر جابری دەڵێت: بۆچوونی عیمرانی مرۆیی لەلای ئیبن خەلدوون لەسەر روانینی ئەو بۆ گەردوونو مرۆڤ وەستاوە كە روانینێكە لە پێش سەردەمی رێنیسانسدا باوبووە، ئەویش ئەوەیە كە مرۆڤ بریتیە لە جەستەو دەروونو لە ناوەندی گەردووندایە، جەستەی بەشێكە لە دنیای مادی و دەشێ بكەوێتە ژێر كاریگەرییەوە، دەروونیشی بەشێكە لە دنیای رۆحیو ئەویش مل كەچە بۆ كاریگەرییەكانی ئەو دنیایە(8). ئەمەش بە ئاشكرا ئەوە دەردەخات كە لە چەمكی خەلدوونیدا یەكتر تەواوكردن هەیە لە نێوان دنیای رۆحیو دنیای مادیدا، ئەمەش جۆرێك لە هاوسەنگیو هارمۆنیا بەرهەم دەهێنێت. ئەوە ئاشكرایە كە پێش كۆمەڵایەتیبوون مرۆڤ وەكو بوویەكی سرووشتی بووە یان لە ناو سرووشتدا ژیاوە. بوونی سرووشتیش ئەو بوونەیە كە لە روانینی مرۆڤەوە خودا بەڕێوەی دەباتو هەموو جوڵەو گۆڕانێك بە پێی یاسایەكی خودایی رێكخراوە، بەڵام كۆمەڵایەتی بوون ئەو قۆناغەیە كە دەكەوێتە قۆناغی دوای سرووشتی بوونەوەو بە قۆناغی عیمران دەناسرێتەوەو لەم قۆناغەشدا مرۆڤ نەك هەر خۆی بەڕێوە دەبات بەڵكو هەوڵدەدات نهێنیەكانی گەردوون ئاشكرا

بكاتو له خزمەتی عیمرانی مرۆیدا بەکاری بهێنێت، ئەوەش دەبێتە قۆناغێك کە مرۆڤ تیایدا دنیا بەڕێوەدەبات. دیارە ئەو قۆناغەی کە مرۆڤ بەرەو ئەوە دەچێت ببێتە خاوەنی راستەقینەی دنیاو دەسەڵاتی بەسەردا بکاتو بەڕێوەی ببات ئەوە بەرزترین قۆناغی عیمرانی مرۆییە چونکە تەنیا لەو قۆناغەدا مرۆڤ دەبێتە بکەری رووداو درووستکەر،کە ئەویش پێش هەموو شتێ رووداو یان دیاردەی درووستکردنی دەوڵەتە. ئەوەش رووداوێکە  کە مرۆڤ درووستی دەکاتو بەهۆیەوە بە بکەربوونی خۆی دەسەلمێنێت ئەویش قۆناغی عیمرانی هەمە لایەن یان ئاسۆیی‌و شاوڵییە، واتا عیمرانی مادی‌و عیمرانی مرۆیی. کە ئەویش دوو ئاستە، یەکەمیان بیناکردنی مرۆڤێکی خاوەن شووناسە کە لەسەر پێی خۆی رادەوەستێتو بوون‌و ئامادەبوونی هەیە. دووەمیان عیمرانی مادیە کە مەبەست لەمیش بیناکردنی شارستانێتیە کە ئەویش بە بێ بوونی مرۆڤی موعەمەر ئەگەری بوون یان بەرهەمهێنانی نییە. بێگومان پەیوەندییەکی راستەخۆش لە نێوان عیمران‌و دەوڵەتدا هەیە یان بە دەربڕینێکی تر شارستانێتو دەوڵەت هاوتای یەکن. هەر لە بارەی روانینی ئیبن خەلدوونەوە سەبارەت بە پەیوەندی نێوان شارستانێتو دەوڵەت عەزیز ئەلعەزمە دەڵێت: وەکو بینیوومانە شارستانێت لە دەوڵەتەوە سەرچاوە دەگرێت(9). دیارە دەوڵەتیش لە روانینی ئیبن خەلدوونەوە بەرهەمی خوێن‌و دەمارە کە ئەوەش دەوڵەتی خێڵە. هەر بەوپێیەش سەرەتای عیمرانی مرۆیی عیمرانی بەدووەو(البدو) دوای ئەویش عیمرانی خێڵایەتی‌و پاشانیش عیمرانی مرۆیی لە ئاستە فراوانەکەیدا دێت کە ئەویش هاوتایە لەگەڵ کۆمەڵگەی شاردا، کەواتە ئەگەر دەوڵەت لای ئیبن خەلدوون بەرهەمی عیمرانی بەدو یان خێڵ بێت ئەوا دەوڵەت بە مانای

کۆمەڵایەتیبوونی مرۆیی لە ئاستە گشتیەکەیدا دەبێتە دەوڵەتی شار یان هاوچەرخ.

هەر لێرەوە دەردەکەوێت بە ئاشکرا لە روانینی ئیبن خەلدوونەوە دوو قۆناغی عیمران دەبینرێت کە یەکەمیان عیمرانی بیابان یان لادێیەو ئەویتریشیان عیمرانی شارە کە جیاوازییەکی ئاشکرا لە نێوانیاندا هەیە... عیمرانی بیابان یان بەدو ( یان کۆچەری چیایی) کە بکەرەکانی راوچیو شوانو جوتیارو وەرزێرن لەسەر بەرهەمە پێویستەکانی ژیان لە خواردنو جلو بەرگو شوێنی نیشتەجێ بوون دەژین، بەڵام لە عیمرانی شاردا ئابووریەکی دەوڵەمەند یان تەواو دەردەکەوێت کە دەگاتە بەرزترین ئاستی لە بەرهەم هێنانی ئامرازەکانی خۆش گوزەرانیو رابواردن(10).

کەواتە ئێستا بەئاشکرا دەبینرێت کە عیمرانی مرۆیی لە روانینی ئیبن خەلدوونەوە لە قۆناغێکی سەرەتاوە دەست پێدەکات کە قۆناغی کۆمەڵایەتیبوونە لە سادەترین شێوەیدا واتە ئەو قۆناغەی کە پێویستییەکان وەها لە مرۆڤ دەکات پێکەوە بژینو کۆببنەوە ئەویش لە ئاستی یەکەمدا بۆ بەدەست هێنانی پێداویستیە مادییەکانی ژیانو لە ئاستی دووەمیشدا بۆ خۆپاراستن کە ئەوەش سەرەتای جۆرێك لە عیمرانە لە ئاستە مرۆییو ئاستە بنیادییەکەیدا کە دەشێ وەکو رەگەزێکی زۆر سەرەتایی بۆ بەرهەمهێنانی شارستانێتی لێی بڕوانرێت. دیارە ئەوەی ئاشکرایە تیۆری خەلدوونی لەسەر سرووشتو بنیادی پێکهێنەرو شێوازی ژیانو پێوەندییەکان لە کۆمەڵگەی عەرەبی پێش خۆیو تا سەردەمی خۆی بەرهەم هاتووە. ئایا لەو روانگەیەوە دەشێ قسە لەسەر کۆمەڵگای کوردی بکرێت کە دەتوانین بڵێین لە رووی بنیادی

پێکهێنەرانەو شێوازی ژیانو کارکردنی خوێنو دەمارەوە نزیکە لە کۆمەڵگەی عەرەبی.

ئێستا بەئاشکرا دیارە ئەوەی ئیبن خەلدوون مەبەستێتی لە عیمرانی مرۆیی ئەوەیە کە مرۆڤ لە پەرتەوازەیی ژیانی نێو بیابانی وشكو چیای سەختەوە، پێداویستییەکانی ژیان جۆرێك لە کۆمەلأیەتیبوونی بەسەردا سەپاندووەو ئەوەش سەرەتای بوونیەتی وەکو مرۆڤ و وەکو بەرهەمهێنی سادەترین بنەمای عیمران، کە مەبەستی سەرەکیشی ئەوەیە لەم سەرەتا سادەیەوە مرۆڤ چۆن دەگاتە ژیانی شار یان شارستانی کە ئەوەش لە درووستبوونی دەوڵەتو پەرەسەندنیدا فەراهەم دەبێت کە بە دەوڵەتی بەرهەمی خوێنو دەمار( دەوڵەتی خێڵ) دەست پێدەکات تا دەگات بە دەوڵەتی شار یان دەوڵەتی کۆمەڵگە کە لەمەی دووەمیاندا هێزی خوێنو دەمار پاسیڤ دەبێتو هێزی ئابووریو کۆمەلأیەتی بوونی ئاسۆیی دەبێتە بنەما. مێژوو لە لای ئیبن خەلدوون شێوە پەرەسەندنێکی بایۆلۆجیانەی هەیە واتە لە خانەی سەرەتاییەوە دەست پێدەکات بۆ بەرهەم هێنانی پێکهاتەیەکی زیندووی گەورە. واتە لە بچووکترین یەکەوە کە رایەڵی خوێنو دەمار درووستکەرێتی بۆ گەورەترین دامەزراوە کە دەوڵەتە.. لای ئیبن خەلدوون مێژوو لە خێڵەوە دەست پێدەکاتو بەرەو دەوڵەت دەڕوات(11). بەلای ئەوەوە خێڵ کە لەسەر دووانەی خوێنو دەمار درووست بووەو ئەو دوو رەگەزەش جۆرێك لە مل نەدانیان لە بوونی دامەزراوەی خێڵدا بەرهەم هێناوە، کە سەرئەنجام دەبنە هۆی ئەوەی کە خێڵ دەوڵەت درووست بکات. دیارە ئەم بۆچوونە بە تەواوی لەگەڵ روانینی هیگڵدا ناکۆکە کە ئەو پێی وایە کۆمەڵگەی مەدەنی دەوڵەت درووست دەکات کاتێك باس لەوە دەکات کە یەکەم خانەی کۆمەڵگە خێزانەو لەدوای ئەو کۆمەڵگەی مەدەنی دێتو پاشانیش دەوڵەت(12).

## سرووشتی کۆمەڵگای کوردیو عومران:

بێگومان ئاخاوتن لەسەر مێژووی کۆنی کۆمەڵگەی کوردی لە ئێستادا رەنگە کارێکی ئاسان نەبێت چونکە شتێکی ئەوتۆ لە بارەی ئەو مێژووەوە نازانرێت، بە تایبەتی مێژووی کۆمەڵایەتیبوونو چۆنێتی پێکهاتنی کۆمەڵایەتی ئەم پێکهاتە ئیتنیکیە لە زۆر رووەوە هەر ئەوەیە کە لە چوارچێوەی مێژووی زارەکیدا دەگێڕدرێتەوە(13) یان ئەوەیە کە بەهاوشێوەکردن لە گەڵ مێژووی کۆمەڵگەکانی تردا باس دەکرێت(14). کە ئەوەش ناتوانێت تایبەتمەندی وردی رابردووی ئەم کۆمەڵگەیە بخاتە روو. بەڵکو زۆرینەی ئەو خاسێتو بۆچوونانەی لەسەر رابردووی ئەم کۆمەڵگەیە تۆمار کراوە جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لەگەڵ ئەوەی لەبارەی کۆمەڵایەتیبوونو بنیادی پێکهێنەرانەی کۆمەڵگەکانی دەورو بەرەوە تۆمارکراوە، لەبارێکی وەهاشدا دەکەوینە گومانەوە لەسەر راستیو درووستی ئەوەی کە لەبارەی رابردووی ئەم کۆمەڵگەیەوە نووسراوە یان باس دەکرێت بە تایبەتی لە روانگەی کۆمەڵناسیەوە کە مەسەلەی عیمرانی مرۆییش لەو رووبەرەدا باس دەکرێت.

کەواتە ئەگەر بمانەوێت باس لە عیمرانی مرۆیی کورد بکەین لەرابردوودا دەبێ لە کوێوەو چۆن دەست پێبکەینو لەسەر بنەمای کام خاسێتو کام بەڵگەو دیاردەی ئێستا لەبەرچاوو ئامادە لەو بارەیەوە بدوێین؟ دیارە زۆربەی ئەوەی لەبارەی مێژووی کوردەوە نووسراوە رووناکیەکی ئەوتۆ ناخاتە سەر مێژووی کۆمەڵایەتیبوونی کورد لە رابردووی دووردا و ئەوەندەی بەسەرهاتی ئازایەتیو سەرکەوتنو سوارچاکی کورد دەگێڕێتەوە ئەوەندە لەبارەی کەسێتی کوردیو

پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کوردەوە نادوێت، ئەگەر لەبەر رووناکی بەشی زۆری ئەو مێژووە نووسراوەدا سەیری کورد بکەین ئەوە وەکو یەکێك لە نەتەوە هەرە زیندووەکانی دنیا دێتە پێش چاو کە بەشداری دیاری لە شارستنێتی جیهانیدا هەبووبێتو لە هەمان کاتداو بەو پێیەش عیمرانی مرۆیی کوردی لە رابردوودا لە ئاستێکی بالأدا بوو بێت کە لەراستیدا جێگای خۆیەتی بە گومانەوە بڕوانینە ئەو رابردووەو باسکردنی کورد تیایدا بەو شێوە ئامادەو لەبەرچاوەی کە زۆرێك لەوەی لەبارەی رابردووی کوردەوە تۆمارکراوە دەیگێڕێتەوە، ئەگەر بڕوامان بەوە هەبێت کە رابردوو دەوری کاریگەر دەبینێت لە نەخش کردنی ئێستاو ئایندەدا. بەهەرحاڵ ئەوەی مایەی سەرنجی ئێمەیە پێوەست بە عیمرانی مرۆییەوە لە رابردووی کورددا، دیارە ئاشکرایشە کە بوونی عیمرانی مرۆیی لە هەر کۆمەڵگەیەکدا لە گەیشتنی ئەو کۆمەڵگەیەدا بە ئاستی درووستکردنی دەوڵەتدا دەردەکەوێت چونکە کۆی قۆناغەکانی عیمران لەوێدا دەگەنە لوتکە کە دامەزراوەی دەوڵەت بەرهەم بێت یان لەو کۆمەڵگەیەدا دەوڵەت درووست ببێت.

مینۆرسکی دەڵێت: کوردەکان دابەش دەبن بۆ خێڵی کۆچەریو شارستانیو پێکەوە لەگەڵ یەکتردا دەژین(15). لێرەدا ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە کوردیش وەکو زۆرینەی پێکهاتە ئیتنیکیەکانی تری رۆژهەلأت لە پێکهاتەی جیاجیا پێکهاتووە کە ئەویش پێکهاتەی خێڵو عەشیرەتە کە بەشێکی زۆر لەم پێکهاتانەش بە کۆچو بارو گەرمیانو کوێستانەوە خەریك بوونو زیاتر بە بەخێوکردنی ئاژەڵەوە سەرقاڵ بوون واتە جۆرێك لە ژیانی شوانکارەییان هەبووەو ئەمەش رووناکی دەخاتە سەر شێوازی عیمران لە رابردووی ئەم پێکهاتەیەدا چونکە ئاشکرایە عیمران لە نیشتەجێبوونو پەیوەستبوون بە شوێنەوەو تا ئەندازەیەکی ئاشکراش لە سەقامگیربووندا بەرهەم دێت، ئەویش

چی عیمرانی بنیادی بێت یان عیمرانی مرۆیی بێت. شامیلۆف دەڵێت: بەشێك لە گەلی کورد لە ژیانی کۆچەریدا دەژین‌و بەشێکی تریشیان نیمچە کۆچەرن(16). ئەم قسەیەش دەری دەخات کە کورد لە رابردوودا بە ئاژەڵدارییەوە خەریك بووەو کەمتر بایەخی بە کشتوکاڵ داوە چونکە کشتوکاڵ تەنیا لە نیشتەجێبووندا دەکرێت. ئەمەش ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە کورد لە مێژووی دیارییەوە تا ناوەڕاستی سەدەی رابردووش بەشێوەیەکی سەرەکی هێشتا لە ژیانی کۆچەریدا بووەو ئەوەش کوردی لەسەر ئاستی ناوخۆ بەسەر دوو زاراوەدا دابەش کردووە کە بە کوردی کۆچەر گوتراوە کوردو بە کوردی نیشتەجێش گوتراوە گۆران، بەڵام بەگشتی ژیانی ئابووری خەڵك زیاتر لەسەر ئاژەڵداری راوەستاوەو ناسەقامگیرییەکی ئاشکرا بە ژیانی ئەم پێکهاتەوە دیار بووەو ئەوەش بەرهەمی کۆچ‌و بارو لە هەمان کاتدا سەختی ناوچەکە بووە بۆ ژیان، کە ئەوەش بەگشتی لەگەڵ چەمکی سەقامگیریدا ناکۆك بووەو بەو پێیەش زەمینەی عیمران لەم کۆمەڵگەیەدا زەمینەیەکی لاواز بووە، لە کاتێکدا ئیبن خەلدوون پێی وایە سەقامگیری بنەمای سەرەکیە بۆ عیمران.

ئەگەر بە وردی سەیری شەرەفنامە بکەین کە شەرەفخانی بەدلیسی لە ساڵی 1005ی کۆچیدا نووسیویێتی‌و کۆنترین کتێبی بەرفراوان‌و پڕ لە زانیارییە کە تا ئەو کاتەو بگرە بۆ دواتریش لە بارەی مێژووی کوردەوە نووسرابێت. ئەم کتێبە هەرچەندە خۆی باسی ئەوە ناکات کە بریتی بێت لە مێژووی خێڵ‌و عەشیرەتەکانی کورد بەڵام ناڕاستەوخۆ بریتیە لە مێژووی خێڵ‌و عەشیرەت‌و بنەماڵەکانی کوردو ئەو دەسەڵاتە ناوچەییانەی کە پێکیان هێناون، ئەو دەسەڵات‌و دامەزراوانەی لە روانگەی چەمکی عیمرانی خەلدوونیەوە دەشێ جۆرێك لێکدانەوە هەڵبگرن‌و سەرئەنجامی ئەو لێکدانەوانەش دەشێ ئاماژە بۆ

جۆرێك له ناسرووشتی بوون له پەرەسەندنی كۆمەڵایەتی كۆمەڵگەی كوردیدا بكەن چونكه ئاستی عیمران له كاتێكدا لای خێڵی عەرەبی بڵندبووەو بەرەو دروستكردنی دەوڵەت چووە لای خێڵ‌و عەشیرەتی كورد له باشترین باریدا میرنشینی بەرهەم هێناوە. شەرەفنامە رایگەیاندووە: كه كورد له بارەی كۆمەڵایەتی‌و زاراوەوە دەبنە چوار بەش: كرمانج‌و لوور‌و كەڵهوڕ‌و گۆران(17). مەبەستمان له هێنانەوەی ئەم رایە بۆ دەرخستنی شێوازی پێكهێنەرانەی كۆمەڵگەی كوردیە له رابردوودا كه كۆمەڵگەیەكی خێڵایەتی بووەو زیاتریش كۆچەری بووە كه ئەوەش نیشانی دەدات ئاستی نیشتەجێبوون لاوازبووە، ئەوەش لەلایەك پەیوەستبوون به خاك یان شوێنێكی تایبەتەوە لاواز دەكات، له لایەكی تریشەوە هەلی بنیادنان‌و ئاوەدانكردنەوە نارەخسێنێت كه سەرئەنجامی ئەوەش كاریگەری لەسەر عیمرانی مرۆیی دەبێت له كوردستاندا، ئەویش لەو روانگەیەوە كه زەمینەی نیشتەجێبوون‌و سەقامگیری ئەو زەمینەیە كه پێویستە بۆ عیمرانی بنیادی‌و بۆ عیمرانی مرۆیش.

پێكهاتە خێڵایەتی‌و عەشیرەتیەكان هەریەكە له ناوچەی قەڵەمڕەوی خۆیدا چی كۆچەری بووبێت یان نیشتەجی، هەوڵیانداوە وەكو دامەزراوەیەكی بچووك‌و لەسنووری دەسەڵات‌و جوگرافیای خۆیاندا پارێزگاری له بوون‌و مانەوەی خۆیان بكەن‌و دەسەڵاتێكی ناوچەی بۆ خۆیان پێكبهێنن كه ئەوەش له دەوروبەرو له پێكهاتە هاوشێوەكانی تری خۆیانی پەرت كردوون‌و كار گەیشتۆتە ئەو ئاستەی كه هەریەكە لەم پێكهاتانە كه بنەمای پێكهاتنیان خوێن‌و دەماربووە، خۆیان له هەموو ئەوانی تر پێ لەپێشتر بێت‌و بۆ ئەو مەبەستەش بەردەوام به دوای سەرچاوەیەكدا گەڕاون كه ئەو هێزە مەعنەوییەیان پێببەخشێت كه بۆ ئەو مەبەستەش پێوەستبوونێكی نائاساییان هەبووە به رەگ‌و ریشەو نەسەبی

خۆیانەوە..ئەم پێکهاتانە پارێزگاریی لە نەسەبی خۆیان دەکەن بۆ سەلماندنی شووناسی خۆیان(18). بێگومان ئەگەر لەم روانگەیەوە سەیری کۆمەلاَیەتیبوون لە کۆمەلگەی کوردیدا بکەین دەبینین بنەماو سرووشتی ئەو کۆمەلاَیەتیبوونە ئەگەر لە رووکەشدا ئاسایی دەربکەوێت ئەوە هیچ گومانی تێدا نییە کە بنەمایەکی لاوازو داخراوی هەیە چونکە لە کاتێکدا یەکەمین هۆکاری کۆمەلاَیەتیبوون پێویستی مرۆڤە بەیەکتری بۆ دابین کردنی پێداویستیە مادیو مەعنەوییەکانیو بۆ خۆپاراستن، لە کۆمەلگە خێلاَیەتیەکاندا رووبەری کۆمەلاَیەتیبوون تەسك کراوەتەوە بۆ چوارچێوەو رووبەرێکی دیاریکراو کە رووبەرو چوارچێوەی جوگرافیاو پێکهاتەی مرۆیی خێلَو عەشیرەتەو. راستە هۆکاری دابین کردنی پێداویستیە مادیو رۆحیەکانیش رەنگە لەو پێکهاتە سنوورتەسکەو لەو کۆمەلاَیەتیبوونەدا بدۆزرێتەوە بەلاَم پالَنەری سەرەکی ئەم کۆمەلاَیەتی بوونە هێزی خوێنو دەمارەو هاونەسەبی سنووری پەیوەندییەکانو دوورو نزیکیش لەیەکترەوە دەکێشێت کە ئەوەش رەهەندی کۆمەلاَیەتیبوونی لەم جۆرە کۆمەلگەیانەدا سنووردار کردووەو مەودای پێویستبوونی بە ئەوانی تر لاواز کردووە کە ئەوەش یەکێکە لە هۆکارەکانی لاوازی تێکەولاَوبوون لە کۆمەلگەی کوردیدا، تەنانەت لەم سەردەمەشدا ئەو رایەلَە بەهێزەی پێوەندی خوێنو دەمار بەسەر کۆمەلاَیەتیبووندا وایکردووە تاکو ئێستاش ئەم دامەزراوانەی کۆمەلگەی کوردی داخراوو بەسەرخۆدا شکاوەبنو زۆربەی چالاکیە کۆمەلاَیەتیەکان لە سنووری داخراوی خۆیاندا ئەنجام بدرێنو ئاستی تێکەلاَوبوون لەگەلْ پێکهاتە هاوشێوەکانیاندا زۆر لاواز بێتو ئەوەش یەکێك بێت لە هۆکارەکانی لاوازی بەرفراوانبوونی پێوەندییەکان لە ناوخۆی کۆمەلگەی کوردیدا رەنگە ئەوەش یەکێك لەو هۆکارانە بێت کەوایکردووە مرۆڤی کورد

بەگشتی مرۆڤێکی داخراو بێتو تەنانەت بە ئاسانی نەتوانێت لەگەڵ دەرەوەی خۆیشیدا رەوتار بکاتو بژیو پەیوەندی درووست بکات.

ئەگەر لەم روانگەیەوە سەیری رابردووی کۆمەڵگەی کوردی بکەین ئەوا لەبری ئەوەی وەکو یەکەیەکی یەکگرتوو دەرکەوتبێتو خاسێتی نەتەوە یان گەلی بە ئاشکرا پێوە دیاربووبێتو رایەڵێکی بەهێز هەبووبێت کە هەموو پێکهاتە بچووکەکانی پێکەوە بەستبێت یان ئاستی کۆمەڵایەتیبوون بە جۆرێك بووبێت کە هەموو ئەو پێکهاتە بچووكو ناوچەییانەی لە نێوخۆیدا تواندبێتەوەو دامەزراوەی نەتەوە یان گەل یان خەڵك یان کۆمەڵگەی لێبەرهەم هێنابێت، دەبینرێت دامەزراوە بچووکە ناوچەییەکانی خێڵو عەشیرەت وەکو خۆیانو لەشێوەی دامەزراوەی بچووکی ناپێوەست بەوانی ترەوە درێژەیان بە بوونو ژیانی خۆیان داوەو لەبەرئەوەی ئەم دامەزراوانەش لە رووی ژمارەو لە رووی بنەمای ئابووریو پێداویستیەکانی ژیانەوە لاواز بوون نەیانتوانیووە ببنە خاوەنی دەسەڵاتێکی ئەوتۆ کە بوونو ئامادەبوونی هەبێت. هەر لێرەوە بە ئاشکرا دەردەکەوێت ئەوەی کە ئیبن خەلدوون لە کۆمەڵایەتیبووندا ئاماژەی بۆ دەکات کە دەبێت هێزێکی کۆمەڵایەتی ئەوتۆ بوونی هەبێت کە دەسەڵات بەرهەم دەهێنێتو ئەو دەسەڵاتەش لە بڵندبووندا بنەمای دەوڵەت دادەنێتو لەوێشەوە رۆحو جەستەی عیمران لە پێکهاتەیەکدا کۆدەبنەوەو بوونو ئامادەبوونیان دەبێتو ئەو کاتە هەم دەوڵەت بوونی دەبێت بۆ درووستکردنی عیمرانو هەم عیمرانیش دەبێت بە بنەماو لە هەمان کاتدا خاسێتی دیاری دەوڵەتیش دەبێت لەسەر هەردووی ئاستی مرۆییو بنیادی. بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە هەر چۆن لە کۆمەڵایەتیبووندا کورد نەیتوانیووە بگاتە ئاستێك کە دەسەڵاتێکی ئەوتۆ بەرهەم بهێنێت کە دەوڵەت درووست بکات، بەهەمان شێوە لاوازی ئاستی

کۆمەلأیەتیبوون لەو رابردووەدا وای لە دامەزراوە بچووكو ناوچەییەکانی خێڵو عەشیرەتیش کردووە کە نەك هەر تێکەلأوی یەکتری نەبن بەڵکو نەتوانن لەسەر ئاستی پێکەوە ژیانو هاوپەیمانی بەستنو پێکەوە هەڵکردنیش کۆببنەوەو جۆرێك لە فیدراسیۆن درووست بکەن کە درووستبوونی ئەو فیدراسیۆنە دەشیا ببوایەتە بەرهەمهێنی ئەو هێزو دەسەلأتێك دەوڵەتی خێڵی لێبەرهەم بهاتبایە کە ئەوەش دەبووە بنەمای عیمرانی مرۆیی لە کۆمەڵگەی کوردیدا. لێرەوە دەتوانین ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە لە رابردووی دووردا کۆمەڵگەی کوردی لە بەر لاوازی ئاستی کۆمەلأیەتیبوونی، نەیتوانیووە ببێتە خاوەنی سیستێمێکی کۆمەلأیەتی خاوەن شووناس تا ئەو ئەندازەی رەنگە زۆر لە جێگای خۆیدا نەبێت کە کوردو پێکهاتە هاوشێوەکانیش بۆ ئەو مێژووە بە کۆمەڵگە ناوببرێن چونکە زۆرێك لە خاسێتەکانی کۆمەڵگە بە چەمکی کۆمەلأیەتیبوونو لە روانگەی تیۆرەکانی کۆمەڵناسیشەوە ونن یان هەر نین. هەرچەندە دەشێ نەبوونی زانیاری وردو نەبوونی تۆمارکردن لەو سەردەمانەداو لاوازی بواری کۆمەڵناسی کوردیش دەوری کاریگەریان هەبوو بێت لەوەیدا کە بە گشتی مێژووی کۆمەلأیەتی کورد وەکو بوارێکی نەزانراوو کار لەسەرنەکراو بمێنێتەوە یان وەکو پێشتر گوتمان لەسەر بنەمای هاوشێوەکردن لەگەڵ مێژووی کۆمەڵگەکانی تردا باسی لێوە بکرێت.

وەکو گوتمان کۆمەلأیەتیبوون لە رابردووی کۆمەلأیەتی کوردیدا بەو ئاستە نەبووە کە بتوانێت بەسەر رایەڵەکانی کۆمەلأیەتیبوونی ناوچەییدا زاڵ ببێتو بپەڕێتەوە کە بنەماکەی خوێنو دەمارگیری بووەو ئەم دوو مۆتیڤەش نەیانتوانیووە کۆمەلأیەتیبوون بگەیەننە ئاستێك کە دەسەلأتێکی بەرفراوانی ئەوتۆ بەرهەم بێت کە بەرەو ئاستی بەرهەمهێنانی دەوڵەت بچێت. بێگومان

وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد پەیوەندییەکی دوو جەمسەری هەیە لە نێوان دەوڵەتو عیمرانداو ناشێت هیچیان بە بێ ئەوی تریان بوونێکی ئەوتۆیان هەبێت کە شایانی باس بێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەدا ئێمە دەزانین لە کۆمەڵگەی کوردیدا، کۆمەڵایەتیبوون لەو ئاستە لاوازەی خۆیدا توانیوێتی لە بری دەسەڵاتێکی بەرفراوان کە ئەنجامەکەی بە دەوڵەت تەواو ببێت، دەسەڵاتێکی سنوورداری بەرهەمهێنێت ئەویش ئاکامەکەی بە درووستنبوونو بەرهەمهێنانی دەسەڵاتی میرنشین کۆتایی هاتووە، واتە درووستبوونی چەندین دامەزراوەی میرنشین لە مێژووی کورددا لە بری درووستبوونی دەوڵەت بەرهەمی کۆمەڵایەتیبوونی سادەو بەرهەمهێنانی دەسەڵاتی سادەو لاواز بووە لە کۆمەڵگەی کوردیدا، کە بێگومان ئەم دامەزراوانەش ئاستێکی سادە لە عیمرانیان بەرهەم هێناوە، چی عیمرانی مرۆیی بێت یان عیمرانی بنیادی. لە رووی عیمرانی مرۆییەوە سەرۆکی پێشتری خێڵو عەشیرەت کە لە لوتکەی هەرەمی ئەو دامەزراوانەدا بووە، لە دامەزراوەی میرنشیندا دەسەڵاتەکەی کەمێك فراوانتر بووە چونکە دامەزراوەی میرنشین رووبەرێکی فراوانتری لە رووبەری جوگرافیاو لە قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی خێڵ یان عەشیرەتی گرتۆتەوەو هەندێجار دامەزراوەی میرنشین چەند خێڵو عەشیرەتێکی خستۆتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە هەرچەندە میر کە سەرۆکی میرنشین بووە نەبووەتە ئەو مەلیکەی کە ئیبن خەلدوون بە هاوشانی دەوڵەتی دەزانێت بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە سنووری قەڵەمڕەوەکەیدا دەسەڵاتی تا ئەندازەیەك گەیشتۆتە ئاستی جۆرێك لە رەهابوون، هەرچەندە سنووری قەڵەمڕەوەکەی تەسك بووەو دەسەڵاتەکەی ئەویش نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە پێی بگوترێت دەسەڵاتی دەوڵەت چونکە دەوڵەت بنەمای جیاوازو کەسێتی جیاوازە لە میرنشین.

**لە هەمان کاتدا لە رووی عیمرانی بنیادیەوە، لەم قۆناغەدا ئاستێکی لاواز لە عیمران بەرهەم هاتووە، دەسەڵاتی میرنشین توانیویێتی قەڵاو کۆشکی سادەو بیناسازی سادەو رێگاوبانی سادەو پەرستگای سادەو پردو ئامرازەکانی کاری کشتوکاڵو ئاودێری درووست بکات. لە دوا دامەزراوەکانی میرنشینی کوردیدا کە میرنشینەکانی بابانو ئەردەڵانن، هەریەکەیان ئەندازەیەك لە عیمرانی بنیادیان بەرهەم هێناوە، بەڵام بێگومان بەو ئەندازە نەبووە کە دەوڵەتی عەباسی یان سەفەویو قاجاریو عوسمانی لە مێژووی هەزار ساڵی رابردوودا بەرهەمیان هێناون. درووستکردنی بیناو کۆشكو قەڵاو گەرماو تەنانەت ئاوەڕۆو مزگەوتو بازاڕو... لە سەردەمی ئەم دوو میرنشینەدا سەلمێنەری بەرهەم هێنانی ئەندازەیەك لە عیمرانە. بەڵام ئەوە ئاشکرایە لەسەردەمی میرنشینەکانیشدا چ عیمرانی مرۆییو چ عیمرانی بنیادی هیچیان نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستەی کە لە کۆمەڵگە ئاساییو پەرەسەندووەکاندا بەرهەم هاتوون کە لەو کۆمەڵگەیانەدا دەوڵەت بەرهە هاتووەو بەو پێیەش دەوڵەتو عیمران لێکتر جیا ناکرێنەوە کە هەردووکیان لە کۆمەڵایەتیبوونی مرۆییەوە سەرچاوە دەگرن. هەروەكو چۆن ئیبن خەلدوون گووتوویەتی:مادەی عیمران کۆمەڵایەتی بوونی مرۆییەو وێنەکەشی دەوڵەتە(19).**

**یەکێکی تر لەو بنەمایانەی کە ئیبن خەلدوون بۆ عیمرانی مرۆیی دیاری کردووە بریتیە لە کاریگەری ئاوو هەوا لەسەر رەنگی مرۆڤو لەسەر رەفتارو هەڵسو کەوتەکانی. بێگومان مرۆڤ زادەی بۆماوەو ئەو ژینگەیەیە کە تیایدا لە دایك دەبێتو پەروەردە دەبێت. هەر بۆیە کاریگەری بۆماوەو ژینگەیشی لەسەر دەبێت. کەشو هەوا رۆڵی کاریگەری دەبێت لەسەر بوونی مرۆڤ لە هەردووی لایەنی فیزیکیو مەعنەوییەوە. بۆ نموونە لە ناوچە گەرمەکان مرۆڤ پێستی**

ڕەش‌و بنیادی جەستەی پتەوو گەورەیەو کونە لوتەکانی گەورەو کراوەن بەجۆرێك کە توانای هەڵکردن‌و ژیانی لەو کەش‌و هەوایەدا هەبێت. بە پێچەوانەوە مرۆڤی ناوچە ساردەکان پێستیان ناسك‌و سوورو سپی‌و باڵابەرزو باریك‌و چاو شین‌و موو زەردن. بەجۆرێك کە بتوانن لەگەڵ کاریگەری کەش‌و هەوای سارددا هەڵبکەن.

کوردستان کە ناوچەیەکی شاخاویەو بەشێکی زۆری کوێستانەو بەشێکیشی لە هاویناندا کەش‌و هەواکەی گەرمەو تا ئەندازەیەك ئاوو هەوای نیمچە وشکی هەیە، لە هاویندا گەرمەو لە زستاندا ساردە. ئەمەش وایکردووە رووخساری مرۆڤی کورد لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تری کوردستان جۆرێك لە جیاوازی هەبێت. بۆ نموونە کوردی گەرمیان رەنگ‌و روویان نزیکە لە رەنگ‌و روخساری دراوسێ غەیرە کوردەکانیانەوە واتە مەیلەو ئەسمەرن‌و جەستەیان پتەوو دەست پێیان گەورەن، لە کاتێکدا کوردی ناوچە کوێستانەکان سپی‌و ناسکن‌و بەشێکیان چاو شین‌و قژ زەردو باریك‌و بالاّ بەرزن. هەروەك کوردی ئەو ناوچانەی کوردستان کە کەش‌و هەوایان مامناوەندە واتە نە زۆر گەرمەو نە کەش‌و هەوای کوێستانیشە، روخساریان گەنم رەنگ‌و جەستەیان مامناوەندەو موویان لە نێوان کاڵ‌و مەیلەو رەشدایەو چاویان هەنگوینی یان قاوەییە. ئەمەش وایکردووە کە لە تاکە سیمایەکی دیاریکراو زیاتر لە کوردستاندا ببینرێت بەپێ فراوانی جوگرافیای کوردستان‌و دابەشبوونیشی بە سەرناوچەی چیایی‌و کوێستانی‌و ناوچەی دەشت‌و بەرزایی نیمچە گەرمدا. ئەمەی تاکو ئێستا باسمان کرد کاریگەری کەش‌و هەوایە لە سەر سیمای مرۆڤی کورد بەلاّم ئایا کاریگەری ئاوو هەوا لەسەر باری دەرونی‌و مەعنەوی‌و میزاج‌و کەسێتی کورد چۆنە؟ ئایا

**کاریگەری تۆپۆگرافیای کوردستان لەسەر بنیادی کەسێتیو باری دەروونیو مەعنەوی کەسێتی کوردی چۆنە؟**

**بێگومان کەشو هەوا وەکو بەشێك لە ژینگە رۆڵی دیاری هەیە لە بینای کەسێتی هەر پێکهاتەیەکدا. دیارە کەشو هەوای زستانی زۆر ساردو هاینی زۆر گەرمو زستانی تەڕو هاوینی وشك دەوری دیاری هەیە لە بەرهەمهێنانی کەسێتییەکی ناجێگیر لە رووی دەروونیو زوو هەڵچوو لەبەرامبەر رووداوەکانداو ئەوەش رۆڵی لەبەرچاوی هەیە لە بەرهەمهێنانی کەسێتیەك لە کوردستاندا کە زیاتر کەسێتیەك بێت بە کاردانەوە بجوڵێتو هەمیشە لە شێوەی کاردانەوە یان پەرچە کرداردا کار بکات کە ئەوەش وای کردووە ئەم کەسێتە کەمتر خاوەنی بەرنامەو پرۆژە بێت، ئەوەش کاریگەری لەسەر مێژووی کورد بە گشتی هەبووە. هەروەك تۆپۆگرافیای ناجۆری کوردستانیش کە لە زنجیرە چیای یەك بەدوای یەكو دەشتی تەسكو دۆڵو شیوو بەرزیو نزمی پێکهاتووە دەوری دیاری هەبووە لە سەر شێوازی کۆمەلأیەتیبوونی کوردو زیاتر وەکو یەکەی بچووك بچووکی بەسەرخۆدا شکاوەی داخراو پەروەردە بووەو ئەوەش بەشێك لە لاوازی کۆمەلأیەتیبوونی کوردی درووست کردووە کە لاوازی کۆمەلأیەتیبوونیش بووەتە هۆی لاوازی عیمرانی مرۆییو بەو پێیەش لاوازی دەسەلأت کە ئەوەش بووەتە بەربەست لەبەردەم گەیشتنی ئەم کۆمەڵگایە بە ئاستی پێکهێنانی دەوڵەت. کەواتە ئێستا بە ئاشکرا دەردەکەوێت کە کەشو هەواو تۆپۆگرافیا یان بەگشتی ژینگە چ دەورێکیان هەبووە لە سەر بینای کەسێتی کوردی کە بەجۆرێك ئەو کەسێتەیان پەروەردە کردووە نەتوانێت بە ئاسانی ببێتە بکەری عیمرانی مرۆییو عیمرانی بنیادیش.**

یەکێکی تر لەو بنەمایانەی کە ئیبن خەلدوون کردوویەتی بە پێوانە بۆ عیمرانی مرۆیی جیاوازی باری عیمرانە لە رووی بەپیتیو بەرهەم هێنان لە لایەکەوەو بەپیتیو نەهاتیو قاتو قڕی لە لایەکی ترەوەو ئەو دەرهاوێشتانەی کە هەریەکە لەم دوو لایەنە لە زەمینەی مرۆیدا دەیبێتو دەوری هەریەکەشیان لەسەر عیمرانی مرۆیی چی دەبێتو چۆن دەبێت. بێگومان بە گوێرەی کۆمەڵگەی کوردی لەم رووەوە دەبێ لە دوو ئاستدا ئاخاوتن بکرێت. یەکەمیان ئاستی ئاژەڵداریو شوانکارەیی کە لێرەشدا قسە لەسەر لەوەڕگاو ئاو دەکرێت، دووەمیان ئاستی نیشتەجێ بوونو زەوی بەپێت بۆ کشتوکاڵو بوونی ئاوی پێویستو رۆڵی پشتبەستن بە ئاوی باران بۆ کشتوکاڵ لە کوردستاندا. لە یەکەمیاندا ئەوە ئاشکرایە کە بەشی زۆری کوردستان ناوچەی چیایی سەختە، بەشەکانی تریش گردو بانو دۆڵو دەشتە. بەشێکی زۆر لە چیاکان سەختو بەردەلانو یاخینو هەندێ شوێنی گژوگیای ئەوتۆی لێ ناڕوێتو بەشێکیشیان ماوەی زۆری ساڵ بەفر دایپۆشیوون کە ئەوەش هەم رێگرە لەبەردەم سەوزبوونی گژوگیاو درەختداو بوونی بە لەوەڕگای باش، هەم سەختیەکەشی وادەکات کە زەمینەیەکی باش نەبێت بۆ ئاژەڵداریو تیادا ژیان. ناوچە بانو گردو شیوەکان لەبارترن بۆ پەروەردەکردنی هەندێ ئاژەڵی وەکو بزنو مەڕو گاومانگا بەلام زۆربەی کات ئەم ناوچانەش تا ئەندازەیەك رووتەنو ئاوی پێویستیان تێدا نییە بۆ ژیانی مرۆڤ خۆیو بۆ ئاژەڵەکانیشی. ناوچە دەشتاییەکان کە زیاتر ناوچەی نەرماینو بۆ پەروەردەکردنی ئاژەڵ لەبارن ئەمانیش زیاتر دەکرێن بە کشتوکاڵو دیسان ئەمانیش ئاوی پێویستیان بۆ پەروەردەکردنی ئاژەڵ کەمە. لەبەر ئەم هۆیانە ئاژەڵداری لە کوردستاندا سەرباری ئەوەی کە خەڵك بە ناچاری پێوەی خەریك بووە بەلام نەبەرهەمێکی زۆری داوەبەدەستەوەو نە ئەم

زەمینەیەش  زەمینەیەکی زۆر لەبار بووە بۆ ئاژەڵداری. بەم پێیە کوردستان لە رووی بەپیتیەوە بۆ ئاژەڵداری بە پیت نییەو ئەوەش دەوری کاریگەری هەبووە لەسەر ئاستی داهات کە ئیبن خەلدوون بە (معاش) ناوی دەباتو بەمجۆرە پێناسەی دەکات." معاش بریتیە لە ویستنی رزق(19)و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی کە ئەویش لەسەر زەوی یان لە زەویدا بەدەست دێتو بە بێ بوونی رزق ژیان بوونی نابێت. کەواتە بە پیتی بنەمایەکی سەرەکیە بۆ بەرهەمهێنانی رزق، رزقی زۆریش بنەمایە بۆ بنیادنانی کەسێتی بەهێزو بۆ عیمرانی بنیادیش واتە بیناکردنو ئاوەدان کردنەوەی زەوی یان بیناکردنی شوێنی نیشتەجێبوونو پەرەپێدانیو لەو میانەشدا پەرەپێدانی مرۆیی دێتە ئاراوە کە مرۆڤ لەو نیشەجێبوونەدا کە رزق دەبێتە هۆکاری سەرەکی هەنگاوی گواستنەوە لە گەرمیانو کوێستانو کۆچو بارەوە هەڵدەنێتو بەرەو درووستکردنی جۆرێکی تر لە ژیان دەچێت کە ئەویش قۆناغی کشتوکاڵو نیشتەجێبوونو هەنگاونانە بە ئاراستەیە کە لەگەڵ پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیو گەشەکردندا تەباو هاوشانە.

ئەگەر لە رووی بوونی زەوی لە بارو بە پێتو ئاوی پێویست بۆ کشتوکاڵ سەیر بکەین کە کشتوکاڵو ئاودێری بەبێ نیشتەجێبوون نابێت ئەوا پێویستە کەمێ بە وردی سەیری ئەو دوو رەگەزە بکەین لە کوردستاندا کە بریتین لە زەویو ئاو. ئەگەر سەیری تۆپۆگرافیای کوردستان بکەین ئەوا وەکو پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد بریتیە لە چیای زۆرو سەختو گردو بانو شیوو دۆڵی قوڵو بەشێکیشی لە دەشت پێکهاتووە. لە رووی ئاویشەوە کوردستان لە ئاستی یەکەمدا پشت بە ئاوی باران دەبەستێت بۆ کشتوکاڵی دێمی واتە جۆرەکانی دانەوێڵە، لە ئاستی دووەمیشدا پشت دەبەستێت بە ئاوی کانیو کارێزو سەرچاوەکانو ئاوی ئەو

چەمو رووبارانەی کە هەن. بەلاَم ئەوەی جێگای سەرنجە لە کوردستاندا ئاوی چەمو رووبارەکان لە ئاستی زۆر نزمتری زەویە کشتوکاڵیەکانداو ئەوەش بۆ سەردەمی کۆن وایکردووە بە زەحمەت بتوانرێت سوودیان لێوەر بگرێت. بۆیە زۆرینەی ئەو کشتوکاڵەی کراوە لەو زەویە بچووکانەدا بووە کە پشتیان بە ئاوی کانیو کارێزو سەرچاوەکان بەستووەو خەڵکێکی کەم لە دەوروپشتی ئەو کانیو کارێژانە نیشتەجێ بوونو بە کاری کشتوکاڵو لە پاڵیشیدا ئاژەڵدارییەوە خەریکبوونو بەشی خۆیانیان بەرهەم هێناوەو لەو کاری خەریکبوون بە کشتوکاڵەوە جۆرێك لە نیشتەجێبوون درووست بووە کە زۆرینەی گوندەکانی کوردستان بەو جۆرە درووستبوون کە بریتی بووە لە کۆبوونەوەی چەند خێزانێك لە دەوری کانی یان سەرچاوەیەکی ئاو کە ئەو چەند خێزانەش زیاتر کەسو کاری یەکتر بوونو رایەڵی خوێنو دەمار کۆیکردوونەتەوە کەواتە لە نیشتەجێبوونیشدا هەمان شێوەی کۆمەلاَیەتیبوون لەم کۆمەڵگایەدا خوێنو دەمار بنەمای سەرەکی بووە واتە پێوەندی خزمایەتی لە کوردستاندا بنەمای کۆمەلاَیەتی بوونو سرووشتی سەرەتای نیشتەجێبوون بووە.

بێگومان لاوازی ئاستی بەرهەمهێنانو زیاتریش پشتبەستنی مرۆڤی کورد لەو قۆناغە سەرەتاییەدا بە ئاوی باران بۆ کشتوکاڵەکەی وای لە مرۆڤی کورد کردووە کە هەمیشە چاوەڕوانی رەحمەتی خوداو ئاسمان بێت بارانی بۆ ببارێنێتو ئەوەش بنەمایەك بووە بۆ ئەوەی مرۆڤی کورد لە رووی کۆنەستەوە وەها پەروەردە ببێت کە ئەم بوویەکی قەدەرییەو هیچ شتێك لە دەستی خۆیدا نییەو لە دەرەوەی خۆی بڕیاری بۆ دەدرێت. ئەمەش لەو ساتەوە بۆ ئێستا دەوری هەبووەو هەیە لەسەر کۆنەستی کۆمەلاَیەتی مرۆڤی کوردیو ئەوەی لەبوونیدا درووست کردووە کە هەمیشە پشت بەسەرەوەو بە دەرەوەی خۆی ببەستێت کە

**ئەوەش دەوری نێگەتیفی هەبووە لە پرۆسەی عیمرانی مرۆیی لە کوردستاندا چونکە ئەو جۆرە هەستکردنو عەقڵە بە پێچەوانەی بە بکەر بوونی مرۆڤەوەیە لە کاتێکدا عیمرانی مرۆیی بەبێ بە بکەربوونی مرۆڤ خۆی شتێکی نەشیاوە.**

**هەروەك شێوازی بەرهەمهێنان لە کوردستاندا هەر لەسەرەتای کۆمەڵایەتیبوونەوە چ بەرهەمی ئاژەڵداری بووبێت یان بەرهەمی کشتوکاڵ بەرهەمێکی ئەوەندە زۆر نەبووەو لە ئاستی بەشی خۆکردن تێپەڕی نەکردووەو ئەوەش وایکردووە کە بە چەمکی خەلدوونی رزق لە ئاستی پێویستدا نەبێت لە رووبەری جوگرافیای ئەم کۆمەڵگەیەدا، هەروەك ئاشکراشە رزق لە بنەماو پێداویستیە سەرەکیەکانی عیمرانی مرۆییو عیمرانی بونیادیشە. هەروەك پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد هەرچۆن تۆپۆگرافیای نالەبارو کەمی ئاو دەوری لەبەرچاویان هەبووە لە خراپی بەرهەمهێنانو نیشتەجێبوون لە کوردستاندا بەهەمان شێوە کەشو هەوای ناجۆری کوردستانیش لەو رووەوە دەوری خراپی خۆیی بینیووە لە ئاستی بەرهەمهێنانی رزقدا کە هەموو ئەمانەش بوونەتە بەرستو کۆسپ لە رێگای پرۆسەی عیمران لەم کۆمەڵگایەدا چ لە ئاستی مرۆییو چ لە ئاستی بونیادیدا. بە تایبەتی ئەگەر بە وردی سەرنجی ئەم خاڵە بدەین هەرچۆن لە تیۆری مارکسیدا ئابوری بزوێنەری مێژووە، لە تیۆری خەلدوونیشدا معاش یان رزق رۆڵی بزوێنەر دەبینێت بۆ عیمران کە عیمرانیش دەرئەنجامی کۆمەڵایەتیبوونەو لەگەڵ دەوڵەتیشدا تەواوکەری یەکترین. کەواتە لێرەوە بە ئاشکرا دەردەکەوێت کە کەشو هەواو خاكو ئاو لە کوردستاندا وەکو پێویست لەبار نەبوون بۆ پرۆسەی کۆمەڵایەتیبوونێکی سرووشتیو بۆ دروستکردنی زەمینەیەکی بە پیت بۆ نیشتەجیبوونو بۆ بەرهەمهێنانی معاش یان رزق بەشێوەیەك کە دەوری دروستو چالاکانەی خۆی ببینێت لە**

**بیناکردنی مرۆڤی کورددا کە ئەوەش بەشێکی سەرەکیو بگرە مۆتیڤو رۆحی عیمرانی مرۆییە. ئەم هۆکارە نالەبارانە دەوری لەبەرچاویان بینیووە لەوەدا کە عیمرانی مرۆییو بەو پێیەش بەرهەمهێنانی دەوڵەت وەکو بەرهەمی کۆمەڵایەتیبوون یان تەنانەت وەکو بەرهەمی دەمارگیریو خوێنیش بەرهەم نەیەت.**

**پێشتر باسی ئەوەمان کرد کە مەبەستی ئیبن خەلدوون لە عیمرانی مرۆیی بریتیە لە ژیانی کۆمەڵایەتیو ئەوەی لێی بەرهەم دێت یان لەگەڵیدا دێت لە دیاردەی کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئابووریو کەلتووریو... عیمران ناتەواو دەبێت ئەگەر بێتو دەوڵەتی تیادا درووست نەکرێت(20) واتە بە بێ بوونی دەوڵەت یان بە بێ بەرهەم هێنانی دەوڵەت عیمرانی مرۆیی ناتەواو دەبێت، بەواتایەکی ترك ئەو کۆمەڵایەتیەبوونە مرۆییەی کە نابێتە هۆی بیناکردنی دەوڵەت لە ناوخۆیدا ئەوە عیمرانێکی ناتەواوە(21). دیسان دەشێ لەم روانگەیەوە سەیری کۆمەڵگەی کوردیو ئەو دامەزراوانە بکەین کە لە مێژوودا تیایدا بەرهەم هاتوون کە ئەوانیش لە بەرزترینو پەرەسەندوترین باریاندا درووستبوونو بەرهەم هێنانی دامەزراوەی میرنشین بووە. وەکو پێشتریش گوتوومانە لە کاتێکدا کە ئەو کۆمەڵگایانەی کە پەرەسەندنێکی سرووشتیان هەبووە لە قۆناغەکانی پەرەسەندنی خۆیاندا دەوڵەتیان بەرهەم هێناوە بەڵام کۆمەڵگای کوردی لە باشترین ئاستی پەرەسەندنیدا میرنشینی بەرهەم هێناوە(22)، دیارە میرنشینیش بەراورد بە دەوڵەت وەکو بەراوردی نێوان مرۆڤی تەواوو مرۆڤی ناتەواو یان بستە بالاْ وایە. بێگومان لێرەوە ئەوە ئاشکرا دەبێت کە عیمرانی مرۆی لە کۆمەڵگەی کوردیدا عیمرانی ناتەواوەو ئەوەش سەبارەت بە شێوازی کۆمەڵایەتیبوونی ئەم پێکهاتەیە دەمانخاتە بەردەم ئەو پرسیارەوە ئایا لە**

**بنەڕەتدا کۆمەڵایەتیبوونی کوردی کۆمەڵایەتیبوونێکی سرووشتی بووە یان ئەمیش هەمان شیوەی عیمرانی کوردی کۆمەڵایەتیبوونێکی ناتەواو بووەو سەرجەمی ناتەواوییەکانی دواتریش وەکو عیمرانی ناتەواوو بەرهەمهێنانی میرنشین لەبری دەوڵەتی فیودیالیو دامەزراوەی ئۆتۆنۆمیو فیدراڵی لەبری دەوڵەتی سەربەخۆو خاوەن شووناسی سەردەمی مۆدێرنێتەو دەوڵەتی مۆدێرن بەرهەمو دەرئەنجامی ئەو کۆمەڵایەتیبوونە ناسرووشتیەن؟**

**سەرچاوەکان:**


1- **الدكتور محمد عابد الجابرى، العصبيه والدوله، دارالشوون التقافه العامه، بغداد، ص**159.

2- **ابن خلدون (عبدالرحمن)، المقدمه، ص**84.

3- **الجابرى، العصبيه والدوله، ص**152.

4- **المقدمه، ص**439.

5- **المقدمه، ص** 409.

6- **الجابرى، العصبيه والدوله، ص** 157.

7- **المقدمه،ص** 439.

8- **الجابرى، العصبيه والدوله، ص** 172.

9-Azez Al-Azama, Ibn Khaldun in modern Scholarship, London, 1981, p.174.

10 – **على اومليل, الخگاب التأريخى، دراسه لمنهجيه ابن خلدون، المركز التقافى العربى،** 2005**، ص**179.

11 – **نفس المصدر، ص** 182.

12- **هيغل، مختارات، ج**2

13 – Paul Thompson, The Voice of The Past, Oral History,Oxford University press,1978, p.105. .1

14- عەتا قەرەداخی، پەرەسەندنی ناسرووشتی کۆمەڵگەی کوردی، سلێمانی، 2001،ل73.

15- مینورسکی، الاکراد، ترجمه ، معروف خزندار، ص69.

16- شامیلوف، حول مسأله الاقگاع بین الکرد، ترجمه الدکتور کمال مڤهر احمد، بغداد، 1984،ص 38.

17- شەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسی، وەرگێڕانی هەژار،لاپەڕەی سەدو بیست و حەوت.

18- علی اوملیل، نفس المصدر السابق، ص 180.

19- 20- المقدمه، ص 41.

21- الجابری، نفس المصدر السابق، ص457-458.

22- نفس المصدر، ص 458.

23- عەتا قەرەداخی، سەرچاوەی پیشوو، ل. 71.

13=بەشی سیانزەیەم:

# چۆن دەوڵەتی کوردی پێکدێت؟

# گوتاری ناسیونالیزم:

**سەرەتا:**

**ئەو کۆمەڵگەیانەی پەرەسەندنێکی سرووشتیان هەبووە لە قۆناغێکی دیاریکراودا گەیشتوونەتە ئاستی بەرهەمهێنانی دەوڵەت. هیگڵ دەڵێت: بۆ گەیشتنی کۆمەڵ بە دەوڵەت کۆمەڵ بە قۆناغی خێزان، کۆمەڵی مەدەنیدا تێدەپەڕێت و دەگات بە دەوڵەت(1). ئەو دەوڵەتەی هیگڵ باسی دەکات دەوڵەتێکی سرووشتیە. هۆبز رای وایە: دەوڵەتی سرووشتی بریتییە لە بەردوامبوونی دەسەڵاتی باوك کە درێژ دەبێتەوە بۆ خێزانو لقەکانی(2). لای هیگڵو هۆبز خێزان بنەمایە بۆ درووستبوونی دەوڵەت. مەبەست لە دەوڵەتی سرووشتیش ئەو دامەزراوەیە کە کۆمەڵگە لە پەرەسەندنی خۆیدا بەرهەمی دەهێنێتو خاسیێتێکی گشتی هەیە، هەرچەندە ئەگەر لە روانگەی سیۆسیۆلۆجیای هاوچەرخەوە سەیر بکەین ئەوا دەوڵەت دامەزراوەی بالاترین دەسەلاتەو لە بارێکی وەهاشدا دەوڵەت دەبێتە دەوڵەتی تاکە کەس یان بنەماڵە یان پێکهاتەو چینێکی کۆمەلایەتی یان ئایینێكو لە بارێکی وەهاشدا پێکهاتەکانی تری کۆمەڵگە کە دەسەلاتیان بەسەردا پیادە دەکرێت، دەوڵەت بۆ ئەوان هیچ ناگەیەنێت بێجگە لە رکێف کردنو سنوور بۆدانانو ئازادی زەوتکردن، دەشێ وەکو نەیار سەیری دەوڵەت بکەن تەنانەت لە باشترین نموونەی دیموکراسیشدا.**

**لە کۆمەڵگە خێلایەتیەکاندا مۆتیڤی خوێنو دەمار پێکەوە کاریان کردووەو بوونەتە بزوێنەری مێژوو بۆ گەیاندنی کۆمەڵگە بە ئاستی بەرهەمهێنانی دەوڵەت(3) ئەم دوو کارکەرە پێکەوە یەکیانگرتووە لە کۆمەڵگە**

خێڵایەتیەکانداو فیدراسیۆنی خێڵیان پێکهێناوە، ئەویش دەوڵەتی خێڵی درووست کردووە. هەمان مۆتیڤی خوێنو دەمار لەگەڵ ئاییندا یەکیان گرتووەو دەوڵەوتی عەرەبی ئیسلامیان پێکهێناوە. دەوڵەتی کۆنی هیند لە یەکگرتنی مۆتیڤی خوێنو دەمارو مۆتیڤی سروشتی جوانی هیند بەرهەم هاتووە. لە روانگەی مارکسیزمیشەوە دەوڵەت بەرهەمی پەرەسەندنی ژێرخانو لە ئەنجامی ئەوەشدا سەرخانی کۆمەڵگەیەو بەو پێیەش بزوێنەری مێژووی ئابوورییە. دیارە کورد لە هیچ کام لەم دەروازانەوە نەهاتۆتە ناو مێژووەو نەیتوانیووە دەوڵەت وەکو دامەزراوەیەکی رێکخستنو بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە درووست بکات. لە مێژووی نوێشدا واتە لە سەردەمی مۆدێرنێتەدا کە دەوڵەتی ناسیونالیست پێکهات. دیسان کورد لەم دەروازەشەوە نەیتوانیووە دەوڵەتی نەتەوەیی پێکبهێنێت. کەواتە ئایا کورد ئەگەری ئەوەی لەبەردەمدا ماوە دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی پێکبهێنێت؟ ئایا ئەو دەوڵەتە وەکو دەوڵەتی بەرهەمی ناسیونالیزم پێکدێت یان وەکو دەوڵەتی سرووشتی؟ ئایا ئەگەر وەکو دەوڵەتی ناسیونالیزم پێکهات، لە ئەنجامی گەشەکردنی ناسیونالیزمی کوردیو بوونی بە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی جەماوەری پێکدێت یان وەکو زۆرێك لەو دەوڵەتانەی کە لە کۆتایی هەردوو جەنگی یەکەمو دووەمدا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە بڕیاری سیاسی پێکهاتن، دەوڵەتی کوردیش پێکدێت؟

لێرەدا دەربارەی پەیوەندی ناسیونالیزمی کوردیو گوتاری ئەو ناسیونالیزمەو دەوڵەت دەدوێینو دەپرسین ئایا ناسیونالیزمی کوردی بووەتە هەڵگری گوتاری دەوڵەت؟ بەهەرحاڵ ئێمە ئێستا تەنانەت لەبەردەم شوناسی نەتەوەدا لەبەردەم دوو بۆچووندایین بۆچوونێکی کلاسیکی کە پێی وایە نەتەوە لەسەر بنەمای زمانو مێژوو دابونەریتو جوگرافیای هاوبەش درووست دەبێت، بەڵام بە

روانینی سەردەمی مۆدێرنێتە دەوڵەت نەتەوە درووست دەکات. لەم روانگەیەوە شووناسی نەتەوەیی کورد دەکەوێتە بەردەم پرسیارەوە چونکە تاکو ئێستا کورد نەبۆتە دەوڵەتو بەو پێیەش بنیادنانی نەتەوە یان پێکهاتنی نەتەوە لەبەردەم پرسیاردایە.

من بڕوام وایە گەیشتنی کۆمەڵگەی کوردی بە قۆناغی درووستکردنی دەوڵەت لە رووی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیەوە شتێکی رەتنەکراوەیە، بەلاّم گەیشتن بەو قۆناغە چۆنو کەی دەبێت ئەوەیان مەسەلەیەکە پەیوەندی بە شێوازی پەرەسەندنی ناوخۆیی ئەم پێکهاتە ئیتنیکیەوە هەیە. ئاشکرایە لە رابردوودا ئەم پێکهاتەیە لە رووی کۆمەلاّیەتیەوە پەرەسەندنێکی سرووشتی نەبووە. کە قۆناغی فیودیالی کوردی، بە تایبەتی لە رووی شێوازی بەرهەم هێنانو پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنانەوە، قۆناغێکی بێ شوناسە، واتە لەبەر نائاسایی بوونی ئەو پەیوەندییانە قۆناغی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانو ئابووری فیودیالی لەم کۆمەڵگەیەدا بەجۆرێك نەبووە لە هەناوی ئەو قۆناغەدا وەکو کۆمەڵگە ئاساییەکانی چینی بۆرژوای پیشەسازیو نیشتیمانی دەربکەوێتو ئەو چینەش هەڵگری پرۆژەی پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی بێت. هەروەك ئایین لەم کۆمەڵگەیەدا وەکو یەکێك لە بنەماو پایەکانی ناسیونالیزم نەبووەتە ئەو فاکتەرەی رۆڵی خۆی لەو بوارەدا ببینێت، بە تایبەتی دەشیا تەسەوف لای کورد ببوایەتە یەکێك لە پایەکانی ناسیونالیزم بەلاّم ئەوەش رووینەداوە. رەگەزەکانی خوێنو دەمارگیری لە کۆمەڵگەی کوردیدا نەیانتوانیووە ببنە بزوێنەری کۆمەڵگە وەکو چۆن لە کۆمەڵگە خێلاّیەتیەکانی تردا بە تایبەتی کۆمەڵگەی عەرەبی ئەو دەورەیان بینیووەو بوونەتە مۆتیقی پێکهێنانی دەوڵەت(4). کورد نەیتوانیووە تەسامی بە سرووشتی جوانی کوردستان بکاتو لەگەڵ هەستی

سادەی نەتەوەییدا یەکیان پێبگرێتەوەو ببنە بزوێنەری مێژوی کۆمەڵگەی کوردی. لە کاتێکدا ئەم گریمانانەی سەرەوە هیچیان روویان نەداوە ئەم دیاردانەش کۆسپی بەردەم درووستبوونی دەوڵەتی کوردی بوون فرە زاریی زمانو پێکهاتەی خێڵایەتیو عەشیرەتایەتیو تۆپۆگۆافیای نالەبارو دەوری لە زیاتر پەرتکردنی یەکەکانی خێڵو عەشیرەتداو فرە ئایینیو فرە مەزهەبیو کۆنەبوونەوەی ئابووری لەبەررۆیشتنی ئابووری هەموویان دەوریان بینیووە لە زیاتر پەرتکردنی کۆمەڵگەی کوردیو تەنانەت لە درووستنەبوونی بازاڕی هاوبەشو بازرگانی ناوخۆ لە کوردستاندا. ئەمانەش لە هۆکارەکانی لاوازی پرۆسێسی کۆمەلایەتیبوونن لەم کۆمەڵگەیەداو ئەوەش رۆڵی بینیووە لە دەرکەوتنو بالادەستبوونی چەمکی بەشی خۆکردندا کە ئەوەش لە بنەڕەتدا لاوازکردنی یەکێتی کۆمەڵکەو یەکبوونە، ئەمەش وایکردووە ناسیونالیزمی کوردی توانای ئەوەی نەبێت ببێتە بزووتنەوەیەکی کۆمەلایەتی جەماوەری خاوەن پرۆژەی دەوڵەتی نەتەوەیی.

کورد لە هیچ کام لەو دەروازنەی لە سەرەوە باسکران نەیتوانیووە بگاتە ئاستی درووستکردنی دەوڵەت. بەلاّم ئەوە ئاشکرایە کە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد زیاتر لە سەدەو نیوێك بەسەر سەرهەڵدانیدا تێدەپەڕێت، ئایا ئەم بزوونەوەیە بۆچی تاکو ئێستا نەیتوانیووە دەوڵەتی کوردی درووست بکات؟ ناسیونالیزمی خاوەن شووناس هەلگری پرۆژەی دەوڵەتی نەتەوەییە، بەلاّم ئایا بزووتنەوەی ناسیونالیزمی کوردی لە سەرهەڵدانیەوە کە بە بزووتنەوەی بەدرخانیەکان دەست پێدەکات خاوەنی پرۆژەی دەوڵەت بووە؟ یان هەلگری گوتاری ناسیونالیزم بووە؟ ئەگەر بە کورتی سەرنجێك لە بزووتنەوەکانی کورد بدەین لە رابردووەوە تاکو ئێستا بۆمان دەردەکەوێت هیچ کامیان هەلگری پرۆژەی دەوڵەت نەبوون."

بەکارهێنانی سیاسیانەی ناسیونالیزم بریتیە لە پرینسیپی بڕیاری خۆدان کە دەگەڕێت بە دوای بیناکردنی ژیانی سیاسی لەسەر بنەمای دەوڵەتی نەتەوەییو بوونێکی خاوەن سەروەری کە لەلایەن تاکە نەتەوەیەکەوە دەسەلاَتی بەسەردا بکرێت(5). بەم پێیە ئەرکی سەرەکی ناسیونالیزم بیناکردنی دەوڵەتی نەتەوەیە کە ئەوەش بە قۆناغی بیناکردنی نەتەوە دادەنرێت. بزووتنەوەکانی کورد هەلگری هەندێ داواکاری ناوچەیی بوون کە زیاتر لە داواکاری خێڵو عەشیرەتەکان دەچێتو لەوەدا کۆدەبێتەوە کە داخوازی دەسەلاَتێکی ناوچەیی سنووردار بووە لە سایەی دەوڵەتی فەرمانڕەوادا. بزووتنەوەی بەدرخانیو شێخ عوبەیدولاَی نەهریو شیخ عەبدولسەلامی بارزانی داواکاری دەسەلاَتێکی ناوچەیی بووە لەسایەی فەرمانڕەوایەتی تورکەکاندا. بزووتنەوەی سمکۆو تەنانەت کۆماری مهابادیش هەمان داواکاری بووە کە ئەوەی کۆماری کوردستان گەیشتۆتە ئاستی بەدەستهاتنیش بەلاَم نەیتوانیووە درێژە بەخۆی بدات. دەسەلاَتدارییەکەی شێخ مەحمود بە مەملەکەت ناوبراوە، بەلاَم نەیتوانیووە لە سنووری دەسەلاَتی پێشتری میرنشینی بابان بپەڕێتەوە. بێگومان بزووتنەوەی ناسیونالیزمی کوردی لە بەدرخانیەکانەوە بۆ کۆماری کوردستان سەدەیەك دەکات، بەلاَم لە ئاستێکی زۆر لاوازدا بووە، چونکە ئاشکرایە ناسیونالیزم بەرهەومی مۆدێرنێتەیەو لەو قۆناغەشدا کوردستان لە بارێکی هێجگار دواکەوتووی ئابووریو کۆمەلاَیەتیدا بووەو نەك سادەرین بنەماکانی مۆدێرنێتە بوونی نەبووە لە کوردستاندا بەڵکو دەتوانین بڵێین بزووتنەوەکانی کورد لە ژێر دوو فاکتەردا درووست بوون کە یەکەمیان کاردانەوە بووە بۆ سیاسەتو دەسەلاَتی توونودتیژی داگیرکەرەکانی کوردستان، دووەمیشیان سەرهەڵدانی هەستێکی لاوازی نەتەوەیی بە کاریگەری بوونی نوخبەیەکی خوێندەواری کورد

له پایته‌ختی عوسمانی‌و شاره‌كانی تری ئه‌وروپا به تایبه‌تی بنه‌ماڵه‌ی به‌درخانیه‌كان‌و شه‌ریف پاشاو چه‌ندانی تریش.

له‌سه‌روبه‌ندی درووستبوونی حیزبدا له كوردستاندا هه‌ر له (خۆییبوون)ه‌وه بۆ حیزبی هیواو پارتی دیموكراتی كوردو پارتی دیموكراتی كوردستان و حیزبه‌كانی دواتریش كه زیاتر له له‌ژێركاریگه‌ری كه‌لتوورو فه‌رهه‌نگی حیزبی شیوعی سۆڤێتیدا درووستبوون، هه‌ڵگری به‌رنامه‌و گوتاری دیموكراتی بۆ ده‌وڵه‌تی سه‌رده‌سته‌و داگیركه‌ری كوردستان‌و ئۆتۆنۆمی بۆ كوردستان بوون. جێگای خۆیه‌تی له‌م قۆناغه‌دا وردتر سه‌یری ناسیونالیزمی كوردی‌و به‌رنامه‌و گوتاره‌كه‌ی بكه‌ین به تایبه‌تی له جه‌نگی دووه‌م به دواوه كه قۆناغێكی په‌ره‌سه‌ندنی ناسیونالیزمی نه‌ته‌وه‌كانی دراوسێ كوردستانه.

له دوای جه‌نگی یه‌كه‌م، ده‌وڵه‌تی ناسیونالیستی تورك دامه‌زرا، ناسیونالیستی عه‌ره‌بیش كه‌وته جوڵه‌و سه‌رباری ئه‌وه‌ی كه ده‌وڵه‌تانی بڕیاربه‌ده‌ست كۆمه‌ڵی مه‌لیك‌و پاشایان له ترۆپكی ئه‌و ده‌وڵه‌تانه‌دا دانابوو كه له نیشتیمانی عه‌ره‌بیدا درووستیان كردبوون، به‌ڵام نوخبه‌یه‌كی رۆشنبیرو كه‌سانی تریش ده‌نگی ناسیونالیستی عه‌ره‌بییان به‌رزده‌كرده‌وه‌و باسی یه‌كێتی عه‌ره‌ب‌و درووستكردنی ده‌وڵه‌تی نه‌ته‌وه‌یی عه‌ربیان ده‌كردو حیزبه ناسیونالبیسته عه‌ره‌بیه‌كان‌و سه‌ركرده ناسیونالیسته‌كانیش ده‌ركه‌وتن‌و له ژێر كاریگه‌ری به‌هێزبوونی ناسیونالیستی عه‌ره‌بیدا له به‌شێكی دیاری ئه‌و ده‌وڵه‌تانه‌دا ناسیونالیسته‌كان له شێوه‌ی كوده‌تای سه‌ربازیدا ده‌سه‌ڵاتی وڵاتیان گرته ده‌ست. له‌م قۆناغه‌دا كورد كه وڵاته‌كه‌ی به‌سه‌ر ده‌وڵه‌تانی ناوچه‌كه‌دا دابه‌شكرابوو، له بری ئه‌وه‌ی حیزبی ناسیونالیستی خاوه‌ن پرۆژه‌ی رزگاركردنی كوردستان‌و یه‌كگرتنه‌وه‌یی‌و درووستكردنی ده‌وڵه‌تی سه‌ره‌به‌خۆی كوردی درووست ببێت، كه‌چی حیزبی

خاوەن بەرنامەو گوتاری دیموكراسی بۆ دەوڵەتی سەردەستەو داگیركەرو ئۆتۆنۆمی بۆ كوردستانی بندەست درووست بوو بە تایبەتی لە باشوورو رۆژهەڵاتی كوردستان. ئەو بەرنامەیەش تاكو ئێستا بەردەوامەو بزووتنەوەكانی كورد لەو چوارچێوەیەدا كاردەكەن. ئەمەش لاوازی ناسیونالیزمی كوردیو نەبوونی بە ناسیونالیزمێكی خاوەن پرۆژە نیشان دەدات. لە رۆژهەڵاتی كوردستان حیزبی دیموكراتو كۆمەڵە نەبوونەتە هەڵگری پرۆژەی دەوڵەت، لە باشووری كوردستان پارتی دیموكراتی كوردستانو یەكێتی نیشتیمانی كوردستان و حیزبەكانی تریش كە تا ئەندازەیەك جەماوەریان هەبووەو هەیە، هەڵگری بەرنامەی ئۆتۆنۆمیو ئۆتۆنۆمی راستەقینە بوون، كە دیارە ئۆتۆنۆمی راستەقینە زاراوەیەكی درووستكراوی بێگەوهەرەو لە فەرهەنگی سیاسیدا بوونی نییە.

لە راپەڕینی ساڵی 1991دا خەڵكی كوردستان بەكردەوە سەربەخۆیی كوردستانیان راگەیاند، كەچی حیزبەكان لەبەرئەوەی خاوەنی بەرنامەی سەربەخۆیی و دەوڵەت نەبوون نەیانتوانی هیچ بڕیارێك بدەنو سەرئەنجام لە رێگای پەرلەمانەوە بەرنامەی خۆیانیان بە ناوی بەرنامەی خەڵكی باشووری كوردستانەوە دیاری كرد كە فیدراڵی بوو لە چوارچێوەی عێراقی یەكگرتوودا. دواتریش كە ئەمەریكا رژێمی بەعسی رووخاند، هەلێكی لەباربوو بۆ ئەوەی سەركردایەتی سیاسی كوردی كەركوكو ناوچە داگیركراوەكانی تری باشووری كوردستانی لەژێر دەسەڵاتی عەرەبی عێراق رزگار بكردایەو بەلایەنی كەمەوە لەم بەشدا دەوڵەتی رابگەیاندایە، كەچی ئەم سەركردایەتیە لەبەر بەهێزبوونی ئینتیمای عێراقچێتیانو لەبەر نەتوانینی بڕیاردانو ترسی گەورە لەهەر جۆرە موجازەفەیەك لە زووترین كاتدا گەیشتنە بەغداو لە بری هەوڵو كۆشش بۆ

پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی شانیان دایە بەر درووستکردنەوەی دەوڵەتی نوێی عێراق، ئەمەش بێجگکە لە لاوازی ناسیونالیزمی کوردیو نەگەیشتنی بە ئاستێك کە هەڵگری پرۆژەی سەربەخۆیو دروستکردنی دەوڵەت بێت هیچ بیانوو پارساوێکی تری نییە. کورد لەم بەشەی کوردستاندا گەورەترین هەلی زێرینی لەدەستدا بۆ راگەیاندنی سەربەخۆیی لە کاتێکدا لە عێراقدا دەوڵەت هەڵوەشابوەوە. لە باکوری کوردستانیش پارتی کرێکارانی کوردستان کە پێشتر باسی سەربەخۆیی هەموو کوردستانو دروستکردنی دەوڵەتی یەکگرتووی کوردی دەکرد، ئەویش پاشەکشەی لەو بەرنامەیەی خۆی کردو ئێستا ئەویش بەرنامەیەکی ئاشکراو روونی نییە بۆ سەربەخۆییو دروستکردنی دەوڵەتی کوردی. ئەم هەڵوێستی نەتوانینی بڕیاردانی سەربەخۆییو دروستکردنی دەوڵەت لەلایەن حیزبو رێکخراوو هێزە کوردییەکانەوە ئەوە نیشان دەدات هێشتا ناسیونالیزمی کوردی نەبووەتە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی جەماوەری خاوەن پرۆژەی سەربەخۆیو دەوڵەت. بێگومان ئەو ناسیونالیزمەی هەڵگری پرۆژەی دەوڵەت نییە، ناسیونالیزمێکی ناتەواو یان ئیفلیجە. ئێمە پێشتر باسی ئەوەمان کردووە کە کۆمەڵگەی کوردی لەپەرەسەندنی خۆیدا لە بری بەرهەمهێنانی دەوڵەت میرنشینی دروستکردووە(6) کە ئاستێکی پەرەسەندووە لە دەسەڵاتی خێڵ(6). ناسیونالیزمی کوردی لەبری هەڵگرتنی پرۆژەی دەوڵەتی نەتەوەیی ، هەڵگری بەرنامەی دیموکراسی بۆ دەوڵەتی سەردەستەو ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان بووەو لەم رەوتەشیدا بەرزترین خاڵ کە پێی گەیشتووە فیدراڵیە لە چوارچێوەی دەوڵەتی یەکگرتووی نەتەوەی سەردەستو کوردی بندەستدا. ئەمەش ئەومان نیشان دەدات کەهەر چۆن پەرەسەندنی ناسرووشتی ئەم کۆمەڵگەیە لە رابردوودا میرنشینی بەرهەم هێناوە لەبری دەوڵەت بەهەمان

شێوە ناسیونالیزمی کوردیش کە بەرهەمی هەمان پەرەسەندنی ناسرووشتی ئەم کۆمەڵگەیەیە لەبری هەڵگرتنی پرۆژەی سەربەخۆییو دروستکردنی دەوڵەتی کوردی، بەرنامەی ئۆتۆنۆمیو فیدراڵی هەڵدەگرێت، کە ئەمیش بەراورد بە دەوڵەت هەمان شێوەی میرنشینە، ئەمەش گەوهەری کۆمەڵگەی کوردیو شێوازی پێکهاتنو پەرەسەندنی دەخاتە بەردەم پرسیارەوە کە ئایا بۆچی لە هیچ قۆناغێکی ژیانی خۆیدا نەیتوانیووە دامەزراوەکانی ئەو قۆناغە بەرهەم بهێنێت؟ دیارە پەرەسەندنی ناسرووشتیو تێکشکاندنی کەسێتی کوردی لە مێژووداو بێتواناییو لاوازی ئەم کەسێتیە تێکشکاوە بۆ خۆدرووستکردنەوەو خۆبنیادنانەوە بەجۆرێك کە بتوانێت لەسەر پێی خۆی راوەستێت و بڵێت ئەمە منم هۆکاری سەرەکی مانەوەی کوردە لە پەراوێزی مێژوودا. بەڵام ئایا دەبێ ئەم کەسێتیە بۆ هەتا هەتایە بەم شێوەیە بمێنێتەوەو بۆ هەتاهەتایە نەگاتە ئاستی خۆنمایشکردنو نەبێت بەخاوەنی پرۆژەی سەربەخۆییو دروستکردنی دەوڵەتو ئەو پرۆژەیەش بخاتە بواری جێبەجێ کردنەوە؟ بێگومان مێژوو ناوەستێتو سەرباری ئەوەی کە بە ئاشکرا مێژوو بە کوێرەی کورد لە جوڵەیەکی زۆر هێواشدایە، بەڵام گومانی تێدانییە کوردیش دەگاتە ئاستی گورزاشت کردنی راستەقینە لەخۆییو هەنگاوی بەرەوهاتنە ناو مێژوو دەنێتو دەبێتە خاوەنی سەربەخۆییو دەوڵەتی خۆی، واتە دەبێ بەو چاوە بڕوانین لە کاتێکدا ئێستا لە ئەوروپا دەوڵەتی نەتەوەیی بەرەو لە دەستدانی زۆرێك لە خاسێتەکانی خۆی دەچێتو بەرەو یەکێتی ئەوروپا هەنگاو دەنێت، کورد دەبێ بگاتە قۆناغی سەربەخۆییو دروستکردنی دەوڵەتی یەکگرتووی خۆیو لەوێشەوە بەشداری دیاری خۆی بکات لە بیناکردنی شارستانیتی مرۆڤایەتیداو لەو گوندە گەردوونیەی کە چاوەڕوانی پێکهاتنی دەکرێت کوردیش ماڵی تایبەتی

خۆیی دەبێت. بەڵام ئایا چۆن‌و بە چ شێوەیەك كورد دەگاتە ئاستی پێكهێنانی دەوڵەت؟

دیارە نە ئەو دەسەڵاتەی ئێستا لە باشووری كوردستاندا هەیەو نە ئەو بزووتنەوەو حیزبانەشی كە ئێستا لە كوردستانی گەورەدا هەن، بەم بەرنامەو تێڕوانین و شێوازی كاركردنەی ئێستایانەوە هیچیان ئەو بكەرە نین كە دەوڵەتی كوردی چ لە بەشێكی كوردستاندا، یان لە كوردستانی گەورەدا درووست بكەن. باشووری كوردستان هەلێكی باشی لەبەردەستدا بوو بۆ پەرەدان بەو دەسەڵاتەی لە ساڵی 1991 دامەزرا، بەڵام خەریكبوونی لایەنەكان بە كێشەكانی نێوان خۆیانەوە لەشەڕی ناوخۆو لە خراپ بەرێوەبردنی كوردستان‌و لە نەتوانینی بیناكردنی ئەو بنەمایانەی كە بۆ دەوڵەت پێویستن لە شێوازی بەڕێوەبردن‌و بیناكردنی پەیوەندییەكان لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوە، لە هەمووشی گرنگتر كاركردن بە جۆرێك كە یەكێتی نەتەوەیی لێپیك بێت  ئەگەری پێكهێنانی دەوڵەتی لەم بەشدا دواخست. دیارە لە نەبوونی پرۆژەی نەتەوەیی‌و لە لاوازی ناسیونالیزمی كوردی لەم بەشداو خەریكبوونی لایەنەكان بە ململانێی ناوخۆو كاركردنیان لە پێناوی بەرژەوەندی تەسكی حیزبایەتیاندا، یەكێتی نەتەوەیی ئەم بەشەی لە هەموو كات زیاتر هەڵوەشاندەوەو خواست‌و ویستی سەربەخۆیی‌و درووستكردنی دەوڵەتی لە بیری جەماوەریش بردەوە. لە ئەزموونی ئەم بیست ساڵەی دەسەڵاتدارێتی كوردیدا هەنگاوی جیدی ئەوتۆ نەنراوە كە شایانی ئەوەبێت ببێتە بنەمای پێكهێنانی دەوڵەتی كوردی‌و، سەركردایەتی سیاسی كوردیش لەم بەشەدا نەیانتوانی ئەو بۆچوونە لەلای دەوڵەتانی بڕیاربەدەست درووست بكەن كە هەر هیچ نەبێت وەكو باشووری سۆدان لێرەش راپرسی

بکرێت. کەواتە ئێستا چۆنو لە چ ڕێگایەکەوە کورد دەتوانێت زەمینە بۆ درووستکردنی دەوڵەتی کوردی بسازێنێت؟

کورد بۆ ئەوەی بگاتە ئاستی پێکهێنانی دەوڵەت، پێویستی بە پرۆژەیەکە کە تێیدا کەسێتی تێکشکاوی خۆی بینابکاتەوەو ببێتە کەسێتیەك لەسەر پێی خۆی رابووەستێت واتە لە حاڵەتی هەست بە کەمی کردنو مانەوە لە سایەی باوکی داگیرکەر رزگاری ببێت. ئەوەش بێگومان لە پرۆژەیەکدا دەبێت کە بریتیە لە پرۆژەی رێنیسانی نەتەوەیی کوردی کە ئەو پرۆژەیەش بە سوودوەرگرتن لە هەموو خاڵە پۆزەتیفەکانی ئەو دەروازانە دەبێت کە باسمان کردن کە تێکڕا بخرێنە کار بە مەبەستی بیناکردنەوەی کەسێتی کوردیو گواستنەوەی ناسیونالیزمی کوردی بۆ ئاستێکی ئەوتۆ کە بتوانێت ببێتە خاوەنی شوناسو هەڵگری پرۆژەی سەربەخۆییو درووستکردنی دەوڵەتی کوردی. بێگومان لە پرۆژەیەکی لەم جۆرەدا واتە کاتێ ناسیونالیزمی کوردی دەبێتە بزووتنەوەیەکی جەماوەری کۆمەڵایەتی، ئەوا هەموو بەربەستە ناوخۆییەکانی کە ڕێگرن لەبەردەم پێکهاتنی یەکێتی نەتەوەیدا هەڵدەوەشێنەوەو نەتەوە دەبێتە یەکەیەکی یەکگرتوو، چیتر جیاوازی خێڵایەتیو عەشیرەتایەتیو زاری قسەکردنو ئایینو مەزهەبو جیاوازی حیزبایەتیو ئایدیۆلۆرجیاو ناوچەو شارو هەرێمو ...ناتوانن رێگربن لەبەردەم هێزی ئەو بزووتنەوە جەماوەرییە کۆمەڵایەتیەدا کە بزوێنەری جوڵاندنیان بڵندبوونی رۆحی گشتی کۆمەڵگایە بە ئاراستەی گەیشتن بە بەرزترین پلەو ئاستێك کە تیایدا بە ئازادی گوزارشت لە خۆی بکات کە ئەویش تەنیا لە دەوڵەتدا دەبێت چونکە مرۆڤ تەنیا لە دەوڵەتدا بوونێکی عاقڵانەی دەبێت، بوونێك کە تیایدا عەقڵ ئازاد بێت. هەروەك رۆح هیچ خاسێتێکی نابێت تەنیا بە هۆی ئازادییەوە نەبێت(7). کەواتە ئازادبوونی

**عەقڵی مرۆڤی کورد لە دەوڵەتی کوردیدا دەبێت . بۆ بە ئەنجام گەیاندنی پرۆژەیەکی لەو جۆرەش دەبێ وەها سەیر بکرێت کە کورد یەك پێکهاتەیەو یەکەیەکی یەکگرتووەو پێویستە هەموو بوونی کورد بە پێکهاتەی مرۆیی‌و نامرۆییەوە بخرێتە کارو، ئەوەش کورد لە مێژووی دوورو درێژی تێکشکاندن‌و بەرکاربوون‌و پاشکۆبوونەوە بگوازرێتەوە بۆ بکەرێکی کاراو خاوەن کەسێتی‌و خاوەن شوناس کە بگاتە ئاستێك لەسەر بنەمای ئامادەبوون‌و خۆسەلماندن نەك هەر خۆی بڵێت ئەمە منم بەڵکو ئەوانی تر بڵێن ئەوە کوردە لە ریزی ئەوانی خاوەن بوون‌و شووناسدایەو ئامادەبوونی هەیە. ئەوەش تەنیا لە رێنیسانسی نەتەوەیی‌و لە درووستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستاندا دەگاتە ئەنجام.**

**سەرچاوەکان:**


1- **هیغل- مختارات، الجزئ التانی،رجمه الیاس مرقص، بیروت،** 1978، ص89.

2- **مصاع صفدی، استراتیجیه التسمیه، بغداد،** 1986، ص149

3- **عەتا قەرەداخی، چەمکی دەوڵەت‌و بزوێنەری مێژوو لە کۆمەڵگەی کوردیدا، هەولێر،** 2004،ل 51.

4- **الدکتور محمد عابد الجابری، العصبیه والدوله، بغداد،** 1984ص

5- Oxford Concise dictionary of Politics, 1996,p. 361

6- **عەتا قەرەداخی، کۆمەڵگەی کوردی‌و پەرەسەندنی ناسروشتی،** 2001،ل 82.

7- **هیغل, العقل فی التاریخ، بیروت ،** 1981، ص81